# خەونە یاخییەکان

کەشکۆڵی دووەم

## کۆمەڵە بابەتێکی وەرگێڕدراو

هەژێن

چاپی یەکەم، جێنیوەری ٢٠١٦

# نێوەڕۆکی پەرتووک

- پارتیی و چینی کرێکار (١)
- پارتیی و چینی کرێکار (٢)
- کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی و ڕەخنە لە بۆلشەڤیزم
- سۆڤیەتەکان و کۆمیتەکانی کارخانە لەنێو شۆڕشی ڕوسیە
- کرۆنشتات، بەسەرهاتی پرۆلیتێریانەی شۆڕشی ڕوسیە
- کرۆنشتات، ڕاپەڕینی کرێکاران و سەربازان لە دژی دیکتاتۆریی بۆلشەڤیکەکان.
- دژەخونیی نێوەکی لە شۆڕش
- ئەنارکیزم ، مەرگ و ژیان
- هاوینی کورتی ئەنارکی
- ڕەخنە لە بەرنامەی پارتیی سۆشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیا
- ئەنارکیزم و هونەر
- هاوسەری و ئەڤین
- مارکسیزم و ئەنارکیزم
- کاتێك کە مارکس یەکەمین پارتیی کۆمونیستی مێژووی هەڵوەشاندەوە
- سۆشیالیزم، ئەنارکیزم و فێمینیزم (١)
- فێمینیزمی ڕادیکاڵ و فێمینیزمی ئەنارکیست (٢)
- بارگەرایی و ئەنارکۆفێمینیزم (٣)
- بنچینەکانی یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە
- سێکس، چین و شاژنی ئینگلاند
- ئێما گۆڵدمان، ژنێك کە ڕووی لە یەزدان و مێرد و کۆیلەتی وەرگێڕا
- نێستۆر ماخۆ گەریلایەکی ئەنارکیست
- ڤۆلین، تێکۆشەری شۆڕشێکی نەناسراو
- بەشێك لە مێژووی ڕۆژی ١ی ئایار
- ڕێپێوانی پشتیوانیکردن لە زانۆن
- زانۆن - ئەرژەنتین
- هاوپشتی نێونەتەوەیی بۆ کرێکارانی کارخانەی زانۆن لە ئەرژەنتین
- خاوەنکاران و ڕامیاران دەربکەن، هەر ئێستا تایبەتیکردنی کەرتەکان ڕابگرن
- دەستبەسەرداگرتنی کارخانەی (bike systems) لە ئاڵمانیا
- نامەیەکی کراوە بۆ ڕێکخستنە ئەنارکییەکان و خەڵکی سەرتاسەری جیهان
- گوشتخواردن هۆکارێك بۆ برسیەتی جیهانی
- لە کام قۆناخی پەسەندکردنی ڕاستیدایت؟
- پەرتووکی "تالیبان - ئیسلام، نەوت و بونیادگەرایی لە ئاسیای ناوین
- تیرۆریستی ڕاستەقینە، داگیرکەرانن

بەرایی

پێشکەش بە هەر کەسێك، کە ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی تاکەکەسیی و یەکسانی و دادپەروەریی هەموانی بۆ ئەو باڵاترین ئامانجن.
پێشکەش بە هەر کەسێك، کە توانیویەتی خۆی لە دەستەمۆیی پارتایەتی و ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیی ئازادبکات.

خوێنەری هێژا، ئەم پەرتووکەی بەردەستت بریتییە لە کەشکۆڵی دووەمی (خەونە پاخییەکان)، کەشکۆڵی یەکەم بریتیبوو لە کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبی و هونەریی وەرگێڕدراو، ئەم کەشکۆڵەش (کەشکۆڵی دووەم) بریتییە لە وەرگێڕانی کۆمەڵە بابەتێکی جۆرا و جۆری هزری و ڕەخنەیی و ڕۆشنبیریی و چالاکی کردەیی بزووتنەوەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا، کە لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابوردوودا، بەهیوای پڕکردنەوەی کەلێنێك لە پەرتووکخانەی کوردیدا، بۆ سەر زمانی کوردی وەرمگێڕاون.

بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە لە شێوەی ئەم پەرتووکەی بەردەستی ئێوەی بەڕێز، تەنیا کۆکراوەی بابەتەکان نییە لە بەرگێکدا، بەڵکو پێداچوونەوەی وەرگێڕان و داڕشتن و ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی وەرگێڕانەکەیە، کە پێش هەموو شت نیشانەدەری پێگەیین و خاراوبوونی توانای وەرگێڕان و داڕشتن و ڕاستکردنەوەی ڕێنووسیی خۆمە.

وێڕای ئەوەی کە هیوادارم وەرگێڕانی ئەم بابەتانە توانیبێتی و بتوانێت بۆشاییەك لە بیرکردنەوە و پەرتووکخانەی کوردیدا پڕبکاتەوە و لە ناساندنی تێڕوانین و بۆچوونی باڵە جیاوازەکانی نێو بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئاسانکاریبکات. هاوکات لە ئێوەی ئازیز خوێنەرانی نوێخواز و گۆڕانخواز خوازیارم و سوپاسگوزاردەبم ئەگەر سەرنج و ڕاستکردنەوە و ڕەخنەی خۆتان لەبارەی وەرگێڕانەکە -کە تەنیا کار و بەرپرسیاریی منە لە بارەی بابەتەکانەوە- بخەنەڕوو، تاوەکو لە وەرگێڕان و نووسینەکانی داهاتوودا ڕێنوێنیکاری من بن.

# پارتیی و چینی کرێکار*

ئانتۆن پانەکۆك

کاراییە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی نوێی کرێکاریی لە دەرکەوتندان. بزوتنەوە کۆنەکە لە پارتییەکاندا ڕێکخراوە. باوەڕداربوون بە پارتیی هۆی سەرەکی ناکامی هەوڵەکانی چینی کرێکارە؛ لەم ڕووەوە ئێمە خۆمان لە پێکهێنانی پارتیی [حزبی] نوێ لادەدەین، نەك لەبەرئەوەی کە بۆ پێکهێنانی پارتییەك ژمارەمان کەمە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە پارتیی ڕێکخستنێکە ڕابەریی و کۆنترۆڵکردنی چینی کرێکار ئامانجییەتی.

لە بەرانبەر ئەوەدا، ئێمە لەو بڕوایەداین، چینی کرێکار تەنیا ئەو کاتەی کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەرەوڕووی گرفتەکانی خۆی ببێتەوە و چارەنووسی خۆی دیاریبکات، دەتوانێت سەرکەوتن بەدەستبێنێت. نابێت کرێکاران بێچەندوچوون بچنە ژێرباری دروشمی کەسانی دیکە، لەوانەش هی گروپەکانی ئێمە، بەڵکو دەبێت بەخۆیان بیربکەنەوە و هەنگاوبهاوێن و بۆخۆیان بڕیاربدەن. ئەم دەرکە لەتەك نەریتی پارتیی وەك گرنگترین ئامرازی پەروەردەیی چینی کرێکار بەئاشکرا ناکۆکە. لەم ڕووەوە، زۆر کەس وێڕای ڕەتکردنەوەی پارتییە سۆشیالیست و کۆمونیستەکان لەتەك ئێمە دژن و بەرهەڵستیدەکەن. ئەوە بەڕادەیەك لە دەرکە نەریتییەکانیانەوە سەرچاوەیگرتووە. پاش ڕوانین بۆ تێکۆشانی چینایەتی وەك تێکۆشانی پارتییەکان، سەرنجدان لە تێکۆشانی چینایەتی وەك تێکۆشانی خۆیی چینی کرێکار دژواردەبێت. بەڵام بەڕادەیەك ئەو دەرکە لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە ڕاوەستاوە؛ وێڕای ئەوەشدا پارتیی ڕۆڵی سەرەکی و گرنگ لە تێکۆشانی پرۆلیتاریادا دەگێڕێت. با ئەم بۆچوونەی دوایی لە نزیکەوە شرۆڤەبکەین.

پارتیی لەبنەڕەتدا دەستەگەرییەکە لەسەر بنەمای تێڕوانین و دەرکەکان؛ چینەکان دەستەبەندیگەلێکین لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئابووری. ئەندامەتی لە چیندا لە ڕێگەی ڕۆڵی تاك لە پرۆسێسی بەرهەمهێناندا دیاریدەکرێت؛ ئەندامەتی پارتیی پەیوەستبوونی ئەو تاکانەیە، کە لە دەرکیاندا بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان لەتەك یەکدیدا هاوڕان. پێشتر ئاوایان دەبینی، کە ئەم ناکۆکییە لەنێو پارتیی چین، "پارتیی کرێکاران"دا لەنێودەچێت. لە ماوەی هەڵکشانی سۆشیال دێمۆکراسیدا، ئاوا بەرچاودەکەوت کە ئەو پارتییە بەرە بەرە تەواوی چینی کرێکار؛ بەشێك وەك ئەندام و بەشێك وەك پشتیوانیکەر دەگرێتە خۆی. ئەوەی کە تیئۆری (مارکس)ی ئاوای دەخستەڕوو، بەرژەوەندی وەك یەك، تێڕوانین و ئامانجی وەك یەك بەرهەمدێنێت. ئاوا چاوەڕواندەکرا، کە ناکۆکی نێوان پارتیی و چین بەرەبەرە لەنێوبچێت.

مێژوو پێچەوانەی ئەوەی سەلماند. سۆشیال-دیمۆکراسی وەك کەمایەتییەك مایەوە. گروپگەلی دیکەی چینی کرێکار دژی ئەو ڕێکخران، بەشگەلێك لە ئەو جیابوونەوە، کاراکتەری خودی پارتییش گۆڕا. چاوی بە بەرنامەی خۆیدا گێڕایەوە یا لێکدانەوەی نوێی لەسەر کرا. گەشەی کۆمەڵ نەك لەسەر هێڵێکی ڕاست، بەڵکو لە ناکۆکی و دژبەیەکبووندا بەردەوامبوو.

هاوکات، لە کاتێکدا کە تێکۆشانی چینی کرێکار لە ئاسۆییدا پەرەدەسێنێت، هێزی دوژمنیش لەباری قووچکەییدا لە زۆربووندایە. بێبڕوایی بەرانبەر ڕێڕەوێك کە دەبێت بگیردرێتەبەر، بەردەوام و چەند جارە تێکۆشەران توشی دوودڵی دەکات. هەر دوودڵییەکیش، جیابوونەوە، ناکۆکی و جەنگی فراکسیۆنەکان لە بزوتنەوەی کرێکارییدا دروستدەکات. خەمخۆریی لەبارەی ناکۆکییەکان و جیابوونەوەکان وەك هۆکاری زیانبەخش لە دابەشبوون و لاوازبوونی چینی کرێکار، بێسوودە. چینی کرێکار لەبەرئەوە لاواز نییە، کە پرشوبڵاوە، پرشوبڵاوە لەبەرئەوەی کە لاوازە. ئەوەی کە دوژمن بەهێزە و شێوازە کۆنەکانی جەنگ کەڵکیان نەماوە، دەبێت چینی کرێکار لەدوای شێوازی تازە بگەڕێت. ئەرکەکانی لە ئەنجامی هوشیارکردنەوە لە سەرەوەڕا ڕۆشننابنەوە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی کاری دژوار، لە ڕێگەی بیرکردنەوە و ناکۆکی بیر و بۆچوونەوە دەرکبکرێن. چینی کرێکار دەبێت بەخۆی ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، بەدیاریکراوی ئەم ڕێگە دۆزینەوە بەڵگەی جیاوازی و ناکۆکییە نێوخۆییەکانە. لەبەرئەوە ناچارە دەست لە بۆچوونە کۆنەکان و خۆشباوەڕییەکان هەڵگرێت و بۆچوونی نوێ هەڵبژێرێت، لەڕاستیشدا دژواریی ئەم کارەیە، کە جیابوونەوەی گەورە دروستدەکات.

بەو جۆرە، ئێمە ناتوانین بە باوەڕهێنان بەوەی کە ئەم خولەی ململانێی پارتیی و جەنگی ئایدیلۆجی تەنیا خولێکی کاتیی دەبێت و ڕێگە بۆ هاوئاهەنگیی تازە ئاوەڵادەکات، خۆمان فریوبدەین. ڕاستە، لە ڕەوتی تێکۆشانی چینایەتیدا سەردەمانێك هەن، کە گشت هێزەکان لە چواردەوری ئامانجێکی بەرزی سەرکەوتوو، لە دەوری یەك کۆدەبنەوە و شۆڕش بە هێزی یەکگرتووی چینی کرێکار دەچێتە پێشەوە. بەڵام پاش ئەوە، بەو جۆرە کە پاش هەر سەرکەوتنێك، جیاوازییەکان لەبارەی پرسیاری "پاشان چی؟ " دەردەکەون، تەنانەت ئەگەر چینی کرێکار سەرکەوتووش بێت، هەردەم لەتەك پڕ گرفترین ئەرك واتە فرەتر ملکەچکردنی دوژمن، تازەکردنەوەی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان و پێکهێنانی نەزمی نوێ ڕووبەڕووە. لە تواناندا نییە تەواوی کرێکاران، تەواوی توێژ و گروپەکان، کە هێشتا بە بەرژەوەندی جۆراوجۆرەوە لەم سەردەمەدا، لە سەر گشت بابەتەکان هاوبۆچوون بن و بۆ هەنگاوی یەکگرتووانە و خێرا

و یەکلاکەرەوە ئامادەبن. ئەوان ڕێگەی دروست تەنیا پاش مشتومڕی توند و ناکۆکییەکان بەدەستدێنن و بەو هۆیەوە بیرڕۆشنی خۆیان بەدەستدێنن.

ئەگەر لە سەردەمێکی ئاوادا، کەسانێك بە دەرکگەلێکی بنەڕەتیی هاوبەشەوە، بۆ لێدوان لەبارەی هەنگاوی کردەیی یەکیانگرتووە و لە ڕێگەی لێکدانەوەوە بەدوای ڕۆشنگەریدا بگەڕێن و ئەنجامەکانی خۆیان ڕابگەیێنن، ئەگەری هەیە ئاوا گروپگەلێك بە پارتیی ناوببرێن، بەڵام ئەوانە پارتییگەلێك دەبن بە تێگەیشنێکی تەواو جیاواز لەوەی ئەم ڕۆژ هەیە. چالاکی و تێکۆشانی کەتواریی، ئەرکی خودی جەماوەری کرێکارە بەتێکڕا و لە گروپبەندییە سروشتییەکانیاندا؛ لەوانە کارخانە و کارگە یا گروپی سروشتیی دیکەی بەرهەمهێنان، لەبەرئەوەی کە مێژوو و ئابووری ئەوانی لە شوێنێکدا داناوە، کە ئەوان تەنیا بەخۆیان دەتوانن تێکۆشانی چینایەتی کرێکاران بە سەرەنجام بگەیێنن. ئەوە شێتییە، ئەگەر لایەنگرانی پارتییەك دەست بە مانگرتن بکەن، لە کاتێکدا لایەنگرانی پارتییەکی دیکە درێژە بە کارکردن بدەن. بەڵام هەردوو ڕەوتەکە لە کۆبوونەوەکانی کارخانەدا پێداگریی لە هەڵوێستی خۆیان لەبارەی مانگرتن یا نا بۆ مانگرتن دەکەن، بەم شێوەیە هەلێك بۆ بەدەستهێنانی بڕیارێك لەسەر بناخەیەکی پتەو لەدەستدەدرێت.

تێکۆشان ئاوا سەختە و دوژمنیش ئاوا بەهێزە، کە جەماوەر تەنیا وەك یەك گشت دەتوانێت سەرکەوتن بەدەستبێنێت. ئەوەش بەخۆی ئەنجامی هێزی مادیی و هۆشیی تێکۆشان و یەکێتی و تامەزرۆیی و هەر ئاوا ئەنجامی هێزی هزری و ڕۆشنی هزرییە. لێرەدایە گرنگی پارتییەکان یا گروپگەلێکی پشتبەستوو بەو باوەڕانەی، کە لەتەك ناکۆکییەکان و لێدوانەکان و پاگەندەی خۆیان ڕۆشنگەری دەهێنن. ئەوانە ئۆرگانی ڕۆشنگەریی چینی کرێکارن. کرێکاران بە ئاوا ئامرازێك ڕێگەی خۆیان بەرەو ئازادی دەددۆزنەوە. بەگوێرەی سروشت ئاوا پارتییگەلێك وەستا و نەگۆڕ نابن. لە هەر بارێکی تازە و لەهەر گرفتێکی تازەدا، مێشکی کراوە و یەکگرتووکەر لە گروپی تازە و بەرنامەگەلی تازەدا بەدەستدێنن. دارای کارەکتەری نوێسازن و بەشێوەیەکی بەردەوام خۆیان لەتەك باری تازەدا دەگونجێنن.

لە پێوانە بە ئاوا گروپگەلێك، پارتییە کرێکارییەکانی ئێستا ئیدی کارەکتەری تەواو جیاوازیان هەیە، چونکە ئامانجی دیکەیان هەیە؛ خواستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بۆ خۆیان .ئەوان لە تێکۆشانیدا بەرەو ڕزگاری یارمەتیدەری چینی کرێکار نابن، بەڵکو ئامانجیان فەرمانداری (حکومەت / دەوڵەت)ی خۆیانە بەسەر کرێکاراندا و ڕاگەیاندنی ئاوا پێکهاتەیەك وەك ڕزگاری پرۆلیتاریا. سۆشیال دیمۆکراسی کە لە دەورەی پارلەمانتاریستیدا هەڵکشا ئاوا فەرمانداریيەك

وەك فەرمانداریی پارلەمانی دەبینت. پارتیی کۆمونیست بیرۆکەی فەرمانداریی پارتیی تا ئەوپەڕی ڕادەیەکی توندڕەوی لە دیکتاتۆریەتی پارتییدا درێژەپێدەدا.

بەپێچەوانەی ئەو گروپانەی لەسەرەوە باسکران، ئەم پارتییانە بەبوونی پێکهاتەیەکی دژوار بەرتەسکبوونەتەوە. ئەو پێکهاتانە بەهۆی ئامرازەکانی دیسپلین و پەیڕەوی نێوخۆ و شێوازەکانی وەرگرتن و دەرکردن پەیوەندییەکانی نێوخۆیان دابیندەکەن. چونکە ئەوانە ئامرازی بەخۆیان دەسەڵاتدارین و لەپێناو دەسەڵاتداریی تێدەکۆشن، ئەندامەکانیان بە زۆر کۆنترۆڵدەکەن و بەردەوام هەوڵدەدەن تاوەکو سنووری دەسەڵاتی خۆیان فراوانتربکەن. ئەرکی سەرشانیان گەشەپێدان بە داهێنانی کرێکاران نییە؛ بەڵکو ئامانجیان پەروەردەی ئەندامە بەوەفا و گوێڕایەڵەکانیانە بەرانبەر بیروباوەڕەکەیان. لە کاتێکدا کە چینی کرێکار لە تێکۆشانیدا بۆ دسەڵات و سەرکەوتن پێویستی بە ئازادی لەڕادەبەدەری هزریی هەیە، پایەی دەسەڵاتی پارتیی، سەرکوتی هەر جۆرە باوەڕێکە، کە پشتگیری هێڵی پارتیی نەکات. لەنێو پارتییە "دێمۆکراتەکان" سەرکوت پەردەپۆشکراوە، بەڵام لە پارتییە دیکتاتۆرییەکاندا، سەرکوت ئاشکراو دڕندانەیە.

زۆرێك لە کرێکاران بە ڕەخنە ئەوەیان دەستنیشانکردووە، کە فەرمانداریی پارتیی سۆشیالیست یا کۆمونیست بێجگە لە شێوەی شاردراوەی فەرمانداریی چینی بۆرجوازی شتێکی دیکە نییە، کە تێیدا سەرکوت و بەهرەکێشی چینی کرێکار هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە. کرێکاران لەجیاتی ئەو پارتییانە لەسەر ئەوە سوورن، کە "پارتییەکی شۆڕشگێڕ" پێکبهێنن، کە بەکەتواریی ئامانجی فەرمانداریی کرێکاران و بەدیهێنانی کۆمونیزم بێت. پارتییەك بە پێناسەیەکی تازە کە لە سەرەوە باسکرا، نەك پارتییەك لە جۆری هەنووکەیی، کە وەك پێشڕەوی چین بۆ دەسەڵاتداریی تێدەکۆشێت، وەك ڕێکخستنی هوشیار، کەمایەتییەکی شۆڕشگێڕ، کە بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە ڕزگاری چینەکە، دەسەڵات بەدەستەوەدەگرێت.

ئێمە پرسە ئاوا دەبینین، کە لە واژەی "پارتیی شۆڕشگێڕ"دا ناکۆکییەکی دەرونیی هەیە. ئاوا پارتییەك ناتوانێت شۆڕشگێڕ بێت. لە داهێنەرانی (ڕایش)*ی سێیەم شۆڕشگێڕتر نابێت. کاتێك کە لەبارەی شۆڕش دەدوێین، خۆبەخۆ لە شۆڕشی پرۆلیتێری دەدوێین، لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەدەستی خودی چینی کرێکار.

"پارتیی شۆڕشگێڕ" بەو بۆچوونە پشتئەستورە، کە چینی کرێکار پێویستی بە گروپێك لە ڕابەران هەیە، تاکو بۆ کرێکاران بەسەر بۆرجوازیدا سەربکەون و فەرمانداریەکی تازە

دروستبکەن. سەرنجبدەن کە هێشتا ئاوا دانانرێت، کە چینی کرێکار ئامادەی سەرەنوێ ڕێکخستنەوە و ڕێکخستنی بەرهەمهێنانە. بەڵام ئایا ئەوە ئەوە نییە، کە دەبێ ببێت؟ ئەوەی کە هێشتا بەرچاوناکەوێت چینی کرێکار توانای شۆڕشی هەبێت، ئایا پێویست نییە پێشڕەوی شۆڕشگێڕ [ پارتیی] شۆڕشی بۆ بکات؟ ئایا تا کاتێك کە جەماوەر بەخواستی خۆی دەچێتە ژێر باری سەرمایەداری، ئایا ئەوە ڕاست نییە؟

لە بەرانبەر ئەوە، دەپرسین : ئاوا پارتییەك بۆ شۆڕشکردن دەتوانێت چ هێزگەلێك بخاتەگەڕ. چۆن دەتوانێت چینی سەرمایەدار تێکبشکێنێت؟ ئەگەر جەماوەر پشتیوانی نەبێت. ئەگەر جەماوەر لە ڕێگەی هێرشی جەماوەریی و تێکۆشانی جەماوەریی و مانگرتنی جەماوەرییەوە ڕانەپەڕێت و ڕژێمی کۆنە لەنێونەبات. لەبەرئەوە بەبێ کارکردی جەماوەر هیچ شۆڕشێك ناتوانێت بوونی هەبێت.

دوو شت دەکرێ بێنە پێش؛ یا جەماوەر درێژە بەکاری خۆی دەدات، و ناڕواتە ماڵەوە و فەرمانداریی بە پارتیی تازە ناسپێرێت و دەسەڵاتی خۆی لە کارخانە و کارگە ڕێکدەخات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکانی دواتر، بۆ تێکشکانی یەکجارەکی سەرمایە ئامادەدەبێت؛ لە ڕێگەی سۆڤیەتە کرێکارییەکانەوە یەکێتییەکی پتەو بۆ بەدەستەوەگرتنی تەواوی بەڕێوەبەرایەتی گشت کۆمەڵ پێکدێنێت، بەواتایەکی دیکە دەیسەلمێنێت، بەو جۆرەش کە دەبیندرێت، جەماوەر بۆ شۆڕشکردن بێتوانا نییە. لەو بارەدا، بەگوێرەی پێداویستی ناکۆکییەکان لەتەك پارتییەك کە دەیەوێت دەسەڵات بەدەستەوەبگرێت و لە هەمان کاتدا کارکردی چینی کرێکار بە نارێکی و بێسەرەوبەرەیی دەبینێت، سەرهەڵدەدەن. ئەگەری ئەوە هەیە کرێکاران بزوتنەوەی خۆیان گەشەپێبدەن و پارتیی ڕامالن، یا پارتیی بە هاریکاری داروودەستەی بۆرجوازی کرێکاران تێکدەشکێنن. لە هەر بارێکدا، پارتیی ڕێگرێکی سەر ڕێگەی شۆڕشە، چونکە دەیەوێت خۆی شتێك واوەتر لە ئامرازی پاگەندە و ڕۆشنگەری بێت؛ لەبەرئەوەی بەخۆی هەستدەکات، وەك پارتیی داوای لێکراوە، کە ڕابەریی و فەرمانداریی بکات.

لە بارێکی دیکەدا، ئەگەری ئەوە هەیە جەماوەر پەیڕەوی لە باوەڕەکانی پارتیی بکەن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەو بسپێرن و ڕەدوی دروشمەکان لەسەرەوە بکەون و بڕوایان بە فەرمانداریی نوێ هەبێت ( وەك ئاڵمانیای ١٩١٨)، کە کۆمونیزم جێبەجێدەکات، بگەڕێنەوە ناو ماڵ و سەر کار. بێشك بۆرجوازی تەواوی دەسەڵاتی چینایەتیی؛ هێزی دارایی، سەرچاوە گەورە هۆشییەکانی، هێزە ئابوورییەکانی لە کارخانەکان و کۆمەڵە گەورەکاندا، کە پایەکانیان تێکنەشکێنراون بەکاردەهێنێت. لە بەرانبەر ئەوەدا، پارتیی فەرمانداریەکی لە ڕادەبەدەر لاوازە.

تەنیا لە ڕێگەی هاوپەیمانی و پێکهاتن و میانەڕەوی و بەرتەریدان و خۆبەدەستەوەدان دەتوانێت خۆی بهێڵێتەوە. لەو بارەدا بیانوو لەدەستدایە، کە لە ئێستادا ناتوانرێت زیاتر لەوە مسۆگەر بکرێت، ئیدی لەبەرئەوە بۆ کرێکاران ئاوەزنەگیرە کە هەوڵبدەن داخوازییە لەتوانابەدەرەکان بسەپێنن. بەگوێرەی ئەوە پارتیی بێبەشبوو لە دەسەڵاتی چینایەتی، دەگۆڕێت بە ئامرازێك بۆ مانەوەی دەسەڵاتی بۆرجوازی.

پێشتر گوتمان، کە واژەی " پارتیی شۆڕشگێڕ" لە تێگەیشتنی پرۆلیتێریدا ناکۆکە. دەتوانین ئەوە بەجۆرێکی دیکە دەربیڕین: لە واژەی "پارتیی شۆڕشگێڕ"دا، "شۆڕشگێڕ" هەمیشە بە تێگەیشتنی شۆڕشێکی بۆرجوازی دێت. هەمیشە، کاتێك کە جەماوەر فەرمانداریيەك لەنێودەبات، پاشان مۆڵەت بە پارتییەکی تازە دەدات، تاکو دەسەڵات بەدەستەوەبگرێت، بەو جۆرە شۆڕشێکی بۆرجوازی لەئارادادەبێت؛ جێگرتنەوەی چینێکی فەرماندار بە چینێکی فەرمانداری نوێ. ساڵی ١٩٣٠ لە پاریس شتێکی ئاوا کرا، کاتێك کە بۆرجوازی دارایی زەمیندارەکانیان لە مەیداندا دەرپەڕاند، سەرلەنوێ ساڵی ١٩٤٨ کاتێك کە بۆرجوازی پێشەسازیی بۆرجوازی دارایی لە مەیداندا دەرپەڕاند، سەرلەنوێ لە ١٨٧١ کاتێك کە پێکهاتەی بۆرجوازی گچکە و بۆرجوازی گەورە دەسەڵاتی گرتەدەست.

سەرلەنوێ لەنێو شۆڕشی ڕوسیە، کاتێك کە بیروکراسی پارتیی وەك چینێکی فەرماندار گەیشتە دەسەڵات. بەڵام لە ئەوروپای خۆراوایی و ئەمەریکا، بۆرجوازی لە مەیدانی دامەزراوە پیشەسازییەکان و بانکەکاندا زۆر بەهێزترە، کە ئاوا بیروکراسییەکی پارتیی بتوانێت لایانبدات. بۆرجوازی لەو وڵاتانەدا تەنیا لە ڕێگەی کاری یەکگرتوو و بەردەوامی جەماوەرەوە دەتوانرێت لەنێوببرێت، لەو ڕێگەیەوە کە کارخانە و کارگەکان بەدەستەوەبگرێت و سۆڤیەتەکانی خۆی پێکبهێنێت.

ئەوانەی کە باس لە "پارتیی شۆڕشگێڕ" دەکەن، ئەنجامگەلی سنووردار و ناتەواو لە مێژوو بەدەستدێنن. کاتێك کە پارتییە سۆشیالیست و کۆمونیستەکان بوونەتە ئۆرگانی فەرمانداریی بۆرجوازی بۆ هەمیشەییکردنی بەهرەکێشی، ئەو خەڵکە نیەت باشە، سەرەنجام دەڵێن: دەبوو باشتر کارەکەیان ئەنجامبدایە. ئەوانە ناتوانن ئەوە دەستنیشانبکەن، کە شکستی ئەو پارتییانە یەکسانە بە ناکۆکی بنەڕەتیی نێوان ڕزگاری خۆیی چینی کرێکار لە ڕێگەی دەسەڵاتی خۆییەوە و ئارامکردنەوەی شۆڕش بەهۆی دەستەیەکی تازە فەرمانداری خۆشەویستەوە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە خۆیان پێشڕەوانی شۆڕشگێڕن، لەبەرئەوە جەماوەر ناکارا و دەستەمۆ دەبینن. بەڵام جەماوەر تەنیا لەبەرئەوە دەستەمۆیە، کە هێشتا ناتوانێت ڕێڕەوی تێکۆشان و

یەکێتی بەرژەوەندی چینایەتی خۆی دەرکبکات، وێرای ئەوەی کە جەماوەر بەشێوەیەکی سروشتی هەست بە فراوانیی دەسەڵاتی دوژمن و گەورەیی ئەرکەکانی خۆی دەکات، کاتێك کە ناکۆکی ئەوی ناچار بە کارکردن کرد، ئیدی دەست بۆ ئەرکی ڕێکخستنی خۆی و گرتنەدەستی هێزی ئابووریی سەرمایە دەبات.

* ئەم گۆتارە بۆ یەکەمین جار بەبێ واژۆ بەناوی (پارتیی و چینی کرێکار)، لە بڵاوکراوەی (پەیوەندییە/ نامە سۆڤیەتییەکان councilscorrespondence) ١٥ی مارچی ١٩٣٦ چاپکراوە. جێنیوەری ١٩٤١و دەقی وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکە لەنێو بڵاوکراوەی ( هاوپشتی) چاپکراوە.

وەرگێڕانێکی دیکەی ئینگلیزی ئەم گۆتارە لە پەرتووکی ( پانەکۆك و سۆڤیەتە کرێکارییەکان ) لە نووسینی بریسیانێر (چاپەمەنی تلوز، سنت لویز ١٩٧٨) لاپەڕە ٢٦١- ٢٦٧ دەستدەکەوێت.

دەقی فارسی ئەم گۆتارە لەسەر وەرگێڕانە ئینگلیزییە بڵاوکراوەکەی نێو بڵاوکراوەی (هاوپشتی)، وەرگێڕدراوە - وێڕای چەند جیاوازییەك لەتەك وەرگێڕانەکەی بریسیانێر، لەم دقەدا لە هەندێك بەشدا نارۆشنی دێتەبەرچاو، لەبەرئەوە سوود لە وەرگێڕانەکەی (بریسیانێر) وەرگیراوە. هەڵبەتە ئەو بەشانە زۆر کەمن.

دەقی فارسی ئەم گۆتارە لە سایتی http://www.kavoshgar.org وەرگیراوە

* (ڕایش)ی سێیەم واتە دەسەڵاتداریی نازییەکان (و.ک)

# پارتیی و چینی کرێکار

نووسینی: پاول ماتیك

ئۆگوست / سێپتەمبەری ١٩٤١

نەریتی ئێمە لەبارەی لابردنی ناو بووەتە هۆی لێکتێکچوون. گۆتاری "پارتیی و چینی کرێکار " کە پاش بڵاوبوونەوەی لە بڵاوکراوەی "پەیوەندییە سۆڤیەتییەکان*" لە **APDF سەرلەنوێ چاپکرایەوە و لەلایەن (فرانك میتلاند) لە بڵاوکراوەی ( هاوپشتی ژمارە ٣٤ - ٣٦) لەبارەیەوە شرۆڤەکرا، کە نووسینی (ئانتۆن پانەکۆك) بوو. ئەوەی دوایی لە بارێکدا نییە، کە وەڵام بە ڕەخنەکەی میتلاند بداتەوە، ئەوەی کە بەشێوەیەك من بەرانبەر بە نێوەڕۆکی ( پەیوەندییە سۆڤیەتییەکان) لێپرسراوم، هەوڵدەدەم وەڵام بە هەندێك لە پرسیارەکانی میتلاند بدەمەوە.

تەنیا بەشێوەیەکی دیار لەبارەی هەل و مەرجە مێژووییە دیاریکراوکانەوە، دەکرێت لەبارەی پرسگەلی پێشنیارکراوەوە بدوێین، نەك بەشێوەیەکی ئەبستراکت و بە دەستەواژەی گشتی. کاتێك کە پانەکۆك گوتی" باوەڕ بە پارتییەکان" هۆی سەرەکی ناکامبوونی هەوڵەکانی چینی کرێکارە، ئەو لەبارەی پارتییگەلێکەوە دوا، کە ئەو کات لە ئارادابوون. ئاشکرایە کە پارتییەکان نە خزمەتیان بە چینی کرێکار کردووە و نە ئامرازێکیش بوون بۆ کۆتایهێنان بە فەرمانداریی چینایەتی. لە ڕوسیە پارتیی بوو بە دەزگەیەکی تازەی فەرمانداریی و بەهرەکێش. لە ئەوروپای خۆراوایی پارتییەکان بە هۆی فاشیزمەوە لەنێوبراون و بەگوێرەی ئەوە بەخۆیان سەلماندویانە کە بۆ ڕزگاری کرێکاران یا هەڵکشانی خۆیان تا دەسەڵات بێتوانان. (ناتوانرێت پارتییە فاشیستەکان بە ئامرازی پێشنیارکراو بۆ کۆتایی بەهرەکێشی دابنرێن) لە ئەمەریکا پارتییەکان نەك لە خزمەت کرێکاران نین، بەڵکو لەخزمەتی سەرمایەداراندان. پارتییەکان هەر جۆرە کارکردێکیان بەکارهێنابێ، بەڵام هیچ کام پەیوەندییان بە پێداویستییە کەتوارییەکانی کرێکارانەوە نەبووە.

میتلاند ئەم کەتوارە شرۆڤەناکات. وەك مەسیحییەکان بەم دەربڕینەی کە مەسیحیەت هیچ کات بەشێوەیەکی پەیگیرانە بەکارنەبراوە، ڕەخنە ڕەتدەکاتەوە. میتلاند باسی ئەوە دەکات، کە "پرسی هەڵبژاردنی پارتیی یا نا بۆ پارتیی نییە، بەڵکو جۆری پارتییە". تەنانەت ئەگەر تاکو ئێستا گشت پارتییەکان شکستیان خواردبێت، ئەو ئاوا بیردەکاتەوە، کە ئەو گشتە ئەوە ناسەلمێنن کە پارتیی نوێ، "دەرکی پارتییانەی ئەو"یش شکستدەخوات. ڕۆشنە کە ناتوانێت "دەرکێکی پارتییانە" تەنیا لەبەر شکستی پارتییە کەتوارییەکان شکستبخوات. بەڵام لەو بارەدا "دەرکەکان" گرنگیان نییە. پارتییەك کە ئەو لەبارەیەوە دەدوێت، بوونی نییە. دەبێت باسەکانی

لە کرداردا بسەلمێنێت؛ بەڵام ئاوا کردارێك لە ئارادانییە. گشت ئەو پارتییانەی کە تا هەنووکە کرداریان هەبووە، بەدەرکی (میتلاند)ی پارتیی دەبێت چی بێت، دەستیانپێکردووە. ئەوە ئەوانی بەدرێژایی مێژوویان لە دواکەوتەیی بەرانبەر بەو دەرکەیان نەپرینگاندووەتەوە.

بۆ نموونە، پارتییەك کە " لێنین هەوڵیدا تا پێکیبهێنێت" و پارتییەك کە ئەو لە کەتواردا دروستیکرد، دوو شتی جیاواز بوون، لەبەرئەوەی کە لێنین و پارتییەکەی تەنیا یەك بەشێك بوون لە مێژوو ؛ نەیاندەتوانی مێژوو بۆ بەرەولای دەرکەکانی خۆیان ڕاکێشبکەن. لە کۆمەڵدا بێجگە لە دەرکەکان هێزی دیکەش هەن، کە ڕووداوەکان پێکدێنن. ئەگەری هەیە میتلاند لە گوتنی ئەوەدا کە " شکستی هەنووکەیی کۆمینتێرن، نیشانەدەری ئەوە نییە، کە دەرکی لێنین بۆ پارتیی هەڵەبێت" ڕاستبکات، بەڵام ئەگەر بە بۆچوونی میتلاند و پێداویستییەکانی چینی کرێکار نێونەتەوەیی هەڵسەنگێنرێت، تێشکان بەشێوەیەکی بێچەندوچوون نیشانیدەدات، کە سەربەخۆ لە دەرکی لێنین، بەڕاستی پارتیی " نادروست" بووە.

میتلاند باوەڕی ئاوایە، کە پارتیی " داهێنراوێکی مێژووییە و ناتوانرێت وەلانرێت ". بەداخەوە کە لە ڕابوردوودا ئەوە دروستبوو. بەڵام مێژوو هەر ئاوا نیشانیداوە، پارتییەکان ئەوەی کە بڕیار بوو ببن نەبوون. ئەوان داهێنراوی مێژووی سەرمایەداریی لیبراڵن، لەم چوارچێوە تایبەتەدا -بۆ ماوەیەك- ، بەڵام تەنیا بەشێوەیەکی لاوەکی خزمەتیان بە نیازەکانی کرێکاران کردووە. بەگشتی خەریکی پێکەوەنانی بەرژەوەندی گرویی و نفوزی کۆمەڵایەتی پارتیی بوون. ئەوان بەوەی کە لە بەهرەکێشی کاردا بەشداریانکرد و بۆ کۆنترۆڵی گونجاوی دەسەڵات تێکۆشانیانکرد، وەك گروپە سەرمایەدارییەکانی دیکە بوون بە دەزگەی سەرمایەداریی. بەهۆی هەل و مەرجی گشتی قەیران و کەڵەکەبوونی سەرمایە و نێوەندیبوونەوەی دەسەڵاتی ڕامیاریی و دەزگەی دەوڵەتی، پارتیی بوو بە گرنگترین نێوەندی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. پارتییەك کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵدەکرد -بەشێوەیەکی یاسایی یا نایاسایی- دەیتوانی خۆی بگۆڕێت بە چینی سەروەری نوێ. ئەوە شتێکە کە پارتییەکان ئەنجامیانداوە یا هەوڵیانداوە، کە ئەنجامیبدەن. لە هەر جێیەك کە پارتیی سەرکەوت، خزمەتی بە کرێکاران نەکرد و ڕێك پێچەوانەی ئەوە ڕوویدا؛ کرێکاران خزمەتیان بە پارتیی کرد. سەرمایەداریش "داهێنراوێکی مێژووییە". ئەگەر " نەتوانرێت پارتیی وەلانرێت لەبەرئەوەی کە" داهێنراوێکی مێژووییە"، ئەی میتلاند چۆن سەرمایەداری لەنێودەبات، کە ئێستا ئیدی لەتەك دەوڵەتی تاك-پارتیی وەك یەکن؟ لە دونیای کەتواریدا دەبێت هەردووکیان "وەلانرێن"؛ ئەم ڕۆژ کۆتاییهێنان بە سەرمایەداری، کۆتاییهێنان بە پارتیی لە خۆگرتووە؛ کۆتاییهێنان بەپارتیی هاوەڵدووانەی کۆتاییهێنان بە سەرمایەدارییە.

بۆ میتلاند "دەبێت پارتیی دەزگەی مادیی پەیوەستکردنی کەمایەتی هوشیار لەتەك جەماوەری ناهوشیار بێت". بەڵام جەماوەر ناهوشیارە، لەبەرئەوەی کە بێدەسەڵاتە. کەمایەتی "هوشیار" ناتوانێت یەکێکیان بەبێ گۆڕانی ئەوی دیکە بگۆڕێت. ناتوانێت "هوشیاری" بەرێتە نێو جەماوەر، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتیشیان بۆ بەرێت. ئەگەر هوشیاری و دەسەڵات پەیوەندییان بە پارتییەوە هەبێت، تێکڕای پرسی تێکۆشانی چینایەتی کارەکتەرێکی ئایینی لە خۆ دەگرێت. ئەگەر کەسانێك کە پارتیی دادەمەزرێنن، کەسانی "باش" بن، هوشیاری و دەسەڵات دەدەنە جەماوەر؛ ئەگەر ئەوان کەسانێکی "خراپ" بن، لە هەردووکی پەشیمان دەبنەوە. لێرەدا بەهیچ شێوەیەك پرسی "پەیوەستدان" لە ئارادا نییە، بەڵکو تەنیا پرسی "مۆڕاڵ" پێشنیارکراوە. بەگوێرەی ئەوە ئێمە نەك تەنیا دەبێت بە چەمکگەلی ئەبستراکتی وەك دەبێت پارتیی چۆن بێت، بەڵکو دەبێت بڕوا بە نیازچاکیی مرۆڤەکان ببەخشین. بەکورتی، دەبێت ئێمە بڕوا بە ڕابەرانی خۆمان بکەیین. پارتییەکان ئەوەی کە دەتوانن بیدەن، هەر ئاواش دەتوانن بیبەنەوە. لەژێر بار و دۆخێکدا کە هەن،" هوشیاری" کەمایەتی یا بێواتایە یا پەیوەندی بە پێگەی دەسەڵات لە کۆمەڵدا هەیە. گەشەپێدانی "هوشیاری"، لەو ڕووەوە، گەشەدانە بە دەسەڵاتی گروپێك کە ڕایدەکێشێت. هیچ "پەیوەندانێك" لەنێوان "ڕابەران" و "ڕابەرایەتی کراوان" ڕوونادات؛ بەڵام لەجیاتی ئەوە، بەردەوام کەلێنی نێوانیان قوڵتر دەبێت. گروپی هوشیار پارێزگاریی لە پێگەی خۆی وەك گروپی هوشیار دەکات، پارێزگاریی لەو پێگەیە دەتوانێت تەنیا لە بەرانبەر جەماوەری "ناهوشیار"دا بیکات" .پێکهاتەی" کەمایەتی هوشیار و جەماوەری ناهوشیار تەنیا پیاهەڵدانی بەهرەکێشی زۆرینەیە لەلایەن کەمینەوە، بە دەنگێکی دڵگیرتر.

ئەم کەتوارەی کە میتلاند بۆ پارتیی وەك "ئامرازێکی مادی" بیرکردنەوە و کارکرد هاوئاهەنگ دەکات، دەنوارێت، ئەوە دەردەخات کە هێشتا بیرکردنەوەی ئەو لە ڕابوردوودایە. لەبەر ئەو هۆیەیە، کە پێداگریی لە پارتیی داهاتوو دەکات. لەم نێوەدا، ئەو سەردەمەی دەزگەی مادی (کۆبوونەوە، بڵاوکراوە، پەرتووك، سینەما و هیدیکە) کە ئەو لەبارەیەوە دەدوێت، لەبەردەستی پارتییەکاندا بێت، بەو جۆرەی کە میتلاند لە هۆشیدایە، کۆتایهاتووە. ئەو سەردەمەی پەرەسەندنی سەرمایەداری، کە پارتییەکان وەك هەر کار و کاسپییەکی دیکە گەشەبکەن، ئامرازەکانی پاگەندەکردن بەخۆیانەوە پەیوەندبدەن و بۆ قازانجی خۆیان بەکاریانبهێنن، کۆتایهاتووە. لە کۆمەڵی ئەم ڕۆژگارەدا، پەرەسەندنی ڕێکخستنە کرێکارییەکان چیدیکە ناتوانێ لە ڕێڕەوە نەریتییەکانەوە بگیرێتەبەر. پارتییەك کە "هوشیاری چینایەتی لەنێو جەماوەردا گەشە پێبدات" چیدیکە ناتوانرێت سەرهەڵبدات. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نێوەندیی بوونەتەوە و لە خزمەتی دەستبەسەرداگرتنی پارتییە فەرماندارەکان یا چینی سەروەردایە.

ناتوانرێت بۆ چەککردنی پارتییە فەرماندارەکان یا چینی سەروەر سوود لە پارتیی وەربگیردرێت. ئەگەر کرێکاران نەتوانن شێوازەکانی تێکۆشان خۆیان لەدەرەوەی کۆنترۆڵی گروپە سەروەرەکان پەرەپێببدەن، هەرگیز ناتوانن خۆیان ڕزگار بکەن. پارتیی چەکێك نییە دژی چینە سەروەرەکان؛ ئەوان تەنانەت لە کۆمەڵە فاشیستییەکانیشدا لە ئارادانین. لە دژی دەسەڵاتی هەنووکەیی پێکهاتوو لە دەوڵەت - پارتیی - سەرمایە، تەنیا "کارکردی هوشیارانەی تێکڕای جەماوەر" کارا و بەرهەمیدەبێت. تا کاتێك کە ئەو جەماوەرە "ناهوشیارە" مابێت، تا کاتێك کە پێویستی بە "مێشکی" پارتیی هەبێت، ئەوا جەماوە بێتوانا دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی کە ئەو "مێشکە" پەرەناسێنێت.

بەڵێ، هۆکارێك بۆ نائومێدبوون لەئارادانییە. دەتوانین پرسیارێکی دیکە بخەینەڕوو: ئەو "هوشیاری"یە چییە، کە بڕیارە پارتییەکان بیبەنە نێو کرێکاران؟ ئەو " هوشیاری"یە چییە، کە لەنێو "مێشکێکی" دەستەبژێر -پارتیی-دا خوازیاری پشتیوانی جەماوەرە؟ ئایا ئەو جۆرە هوشیارییە کە ئێمە لە پارتییەکاندا بەدەستیدێنین بەکەتواریی بۆ گۆڕینی کۆمەڵ پێویستە؟ ئەوەی تا ئێستاکە بۆ جەماوەر و پێداویستییەکانیان بەکەتواریی مەترسیداربووە، بە وردی ئەو" هوشیاری"یەیە، کە لە ڕێکخستنە پارتییەکاندا باڵادەستە. "هوشیارییەك" کە میتلاند لەبارەیەوە دەدوێت، ئەوا بەکردەوە لە ئەزموونداا دەرکەوت، هیچ پەیوەندییەکی بە "هوشیارییەکەوە" نییە، کە پێداویستی شۆڕشکردنە دژی ئەم سیستەمە و ڕێکخستنی کۆمەڵی نوێ. لەدەستدانی ئەو جۆرە هوشیارییەی، کە لە ڕێگەی پارتییەکانەوە پەروەردە دەکرێت، لەبارەی پێداویستییە کردەییەکانی چینی کرێکارەوە هیچ جۆرە لەدەستدانێك نییە.

کاری کرێکاران لە بنەڕەتدا کارێکی سادەیە. ئەو ناسینە دەگرێتەوە، کە تەواوی گروپە فەرماندارەکانی پێشتر و ئێستا، بەرگریان لە پەرەسەندنی کەتواری بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی گرتووە؛ ناسینی پێداویستی ئازادبوونە لە شێوەی بەرهەمهێنان و دابەشکاریی دیاریکراوی پێداویستییەکانی قازانج و دەسەڵاتی گروپە تایبەتەکانی کۆمەڵە، کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکانی دیکەی دەسەڵات کۆنترۆڵدەکەن. بەرهەمهێنان دەبێت ئاوا گۆڕانی بەسەردا بێت کە خزمەت بە پێداویستییەکانی خەڵك بکات، دەبێت بەرهەمهێنانێك بێت بۆ بەکارهێنان. کاتێك کە ئەم شتانە ناسران، دەبێت کرێکاران بیانخەنەگەر ، تاوەکو بارێکی کردەیی بە پێداویستی و خۆزگەکانی خۆیان ببەخشن. کەمێك فیلۆسۆفی و کۆمەڵناسی و ئابووری و زانستی ڕامیاری بۆ ناسینی ئەو شتە سادانە و کردەییکردنی ناسین، پێویستە. لێرەدا تێکۆشانی چینایەتی کەتواریی یەکلاکەرەوە و دیاریکەر

دەبێت. بەڵام لە بواری کاری شۆڕشگێڕانە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەراورد بە زۆرایەتی "ناهوشیار"، کەمایەتی "هوشیار" زانیاری فرەتری نییە، بەڵکو پێچەوانەکەی دروستە. ئەوە لە گشت تێکۆشانە شۆڕشگێڕانە کەتوارییەکاندا سەلمێندراوە. وێڕای ئەوە، هەر ڕێکخستنێکی کارخانەیی باشتر و زیاتر لە هەر پارتییەکی دەرەکی توانای ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی هەیە [١]. لەم جیهاندا بەبێ کۆمەڵ یا خۆتێهەڵقورتاندنی پارتییە شارەزاکانی بواری ئایدیلۆجی، بە ڕادەی پێویست شارەزایی ناپارتیی بۆ هاوئاهەنگکردنی بەرهەمهێنان و دابەشکاری کۆمەڵایەتیی لەئارادا هەیە. پارتیی توخمێکی دەرەکییە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، ڕێك هەر بەو جۆرەی کە چینی سەرمایەدار لە پەیوەند بە دوو شتی پێویست بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی: کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، وەك هۆکاری سێیەم پێویستنییە. ئەم کەتوارە کە پارتییەکان لە تێکۆشانی چینایەتیدا بەشداریدەکەن، نیشاندەری ئەوەیە کە ئەو تێکۆشانە چینایەتییە بەرەو ئامانجی سۆشیالیستی ئاراستە وەرناگرێت. سەرەنجام سۆشیالیزم بێجگە لە وەلانانی هۆکاری سێیەم، کە لەنێوان ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کاردا وەستاوە، هیچ تێگەیشتنێکی دیکە ناگەیێنێت. "هوشیاری"ی پەرەپێدراو لە ڕێگەی پارتییەکانەوە، "هوشیاری" ئەو گروپە بەهرەکێشانەیە، کە بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا هەوڵدەدەن. ئەگەر ئەوان پاگەندەی "هوشیاری سۆشیالیستی" دەکەن، پێش هەموو شتێك دەبێت دەرکی پارتیی و خودی پارتییەکان لەنێوبەرن.

"هوشیاری" بۆ شۆڕشکردن و گۆڕینی کۆمەڵ، بە پاگەندەکردنی کەتواریی و ڕاستەوخۆی ڕوداوەکان پەرەدەسێنێت، نەك بە "پاگەندەی" کەمایەتی هوشیار. هەرجومەرجی ڕوو لە گەشەی کۆمەڵ، ژیانی ئاسایی جەماوەری بەرینی خستۆتە مەترسی و ئایدیۆلۆجییەکانی دەگۆڕێت. تا کاتێك کە کەمایەتییەکان لەنێو جەماوەردا وەك گروپی جیاواکراوە کاربکەن، جەماوەر شۆڕشگێڕ نابێت و هەر ئاوا کەمایەتیش شۆڕشگێڕ نییە. هێشتاش "چەمکە شۆڕشگێڕانەکانی"ی تەنیا خزمەت بە کارکردە سەرمایەدارییەکان دەکات. ئەگەر جەماوەر ببێتە شۆڕشگێڕ، ئەوا جیایی نێوان کەمایەتی هوشیار و زۆرایەتی ناهوشیار، هەروەها کارکردی سەرمایەدارانەی بە ڕواڵەت "هوشیاری شۆڕشگێڕانە"ی کەمایەتیش لەنێودەچێت. جیایی نێوان کەمایەتی هوشیار و زۆرایەتی ناهوشیار بۆخۆی شتێکی مێژووییە، بە هەمان پلەبەندیی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران.

ڕێك بەو جۆرەی کە جیاوازی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران لە ڕەوتی هەل و مەرجی قەیراناوی بێچارەسەر و بە کردەی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتیی بەرەو لەنێوچوون دەچێت، بەو جۆرەش

جیایی نێوان کەمایەتی هوشیار و جەماوەری ناهوشیاریش لەنێودەچێت. ئەگەر لەنێونەچێت، ئەوا کۆمەڵێکی فاشیستی لەئارادادەبێت.

"ئامێتەبوون" دەتوانێت تەنیا بەواتای کۆمەککردن بە لەنێوبردنی هەڵاوێریی نێوان کەمایەتی هوشیار و زۆرینەی ناهوشیار بێت. جیاوازییەکانی نێوان چینەکان و کۆمەڵ لەنێو خەڵکدا دەمێننەوە؛ هەندێك لە هەندێك بە وزەتر دەبن و هەندێك لەوانی دیکە زیرەکتر و ..تد و دابەشکاریی کار دەمێنێتەوە. هۆکاری بەستەڵەکبەستنی ئەو جیاوازییە کەتوارییانە لەنێو جیاوازییەکانی کار و سەرمایە و لەنێو جیاوازییەکانی نێوان پارتیی و جەماوەر، تەنیا بۆ مەرجە مێژووییە تایبەتییەکانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بۆ شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی دەگەڕێتەوە. لەپێناو کۆتایهێنان بە سەرمایەداری، دەبێت هەڵاوێریی نێو چالاکی کۆمەڵایەتیی لەنێوببرێت. ئەگەر کەسێك "ئامێتەبوون" بە پێویست بینێت، دەبێت بە شێوازێکی تەواو جیاواز لە شێوازەکی میتلاند گرفتەکە چارەسەربکات. "ئامێتەبوون" لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە دەبێت، نەك لەسەرەوەڕا بۆ خوارەوە - نەك بەو جۆرەی کە پارتیی هوشیاری دەباتە نێو جەماوەر- بەڵکو دەبێت لە خوارەوەرا بۆ سەرەوە ئەنجامبدرێت، لەوەدا کە چین تەواوی وزەی و تواناکانی بۆ خۆی دەپارێزێت و پەراوێزناکەوێت و بەو جۆرە لە ڕێکخستنە جیاکانی خۆیدا سوود لە تواناییەکانی وەردەگرێت.

بەرهەمهێنان کارێکی کۆمەڵایەتییە. تەواوی خەڵك، بەو جۆرەی کە هەمیشە هەبوون یا هەرچییەك هەمیشە ئەنجامدەدەن، لە کۆمەڵێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییدا، بە یەکسانی گرنگ دەبێت. ئامێتەبوونی کردەیی پێویستە، نەك "ئامێتەبوونی ئایدیلۆجیی" بە پەیوەندی نێوان پارتییە نەریتییەکان و جەماوەر. بەڵام ئەو ئامێتەبوونە کەتوارییە، هاوپشتییەکی مرۆیی کە بۆ کۆتایهێنان بە بەدبەختییەکانی جیهان پێویستە، دەبێت هەر لە ئێستاوە بپەروەرێندرێت. ئەوەش تەنیا لەڕێگەی لەنێوبردنی ئەو هێزانەی کە دژی کاردەکەن، پەرەبسێنێت. هاوپشتی چینایەتی و چالاکی چینایەتی، بەتەنیا لە دژی گروپەکان و بەرژەوەندییە پارتییەکان دەتوانێت سەرهەڵبدات، نەك لەتەکیاندا.

---------------------------------------------

* پەیوەندییە سۆڤیەتەکان council Correspondence سەرنووسەری ئەو بڵاوکراوەیە پاول ماتیك بوو و لە دەهەی ١٩٣٠دا لە ئەمەریکا دەردەچوو.

** فیدراسیۆنی کۆمونیستی دژە پارلەمانتاری Anti- Parliamentary Communist Federation-APCF گروپێك بوو، کە لە ساڵی ١٩٢١دا بە بزووتنەوەی " ئاژیتاتۆرانی کارخانە" لە بریتانیا پێکهات و بڵاوکراوەیەکی بەناوی "کۆمۆن" و پاش ساڵی ١٩٣٨ بڵاوکراوەی " Solidarity"هاوپشتی دەردەکرد.

(١) بڕواننە ئەزموونی کارخانەکانی زانۆن Zanonو بروکمان Brukman سەرەتای هەزارەی دووەم لە ئەرژەنتین و ڕۆڵی چەپەکان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەی سەرەوەیە[و.ک].

ئەم دەقە فارسی گۆتارە لە سایتی www.kavoshgar.org وەرگیراوە.

# کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی و ڕەخنە لە بۆلشەڤیزم

کایۆ برێندل ١٩٩٩

١

" ئەگەر ئاوای دابنێین، کە ڕابەرایەتی نێوەندیی دەتوانێت ئەوەی بەرهەمهێنراوە دادپەروەرانە دابەشیبکات، کەتواری زاڵ هەر ئاوا دەمێنێتەوە، کە بەرهەمهێنەران خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نین. ئەو ئامرازانە هی ئەوان نین، بەڵکو سوود لەو ئامرازانە وەردەگیرێت تا ئەوان بەکرێبگیردرێن. پەیامی بێچەندوچوونی ئەم پرسە ئەوەیە، گروپگەلێك کە لەتەك ڕابەرایەتییەك کە هەیە نەیارییدەکەن و بەڕێگەی زۆرداری سەرکوتدەکرێن. دەسەڵاتی ئابووری نێوەندیی لە دەستی ئەوانەدایە، کە هاوکات دەسەڵاتی ڕامیاریی بەکاردەبەن. هەر نەیارێك کە بە جۆرێکی جیاواز لە بارەی پرسگەلی ڕامیاریی و ئابوورییەوە بیربکاتەوە، بە هەموو ئامرازێکی گونجاو و لەبار سەرکوتدەکرێت. بەگوێرەی ئەوە لەجیاتی ئەوەی لەسەر پێناسەی مارکس، کۆمەڵە ئازاد و یەکسانەکانی بەرهەمهێنەران پێکبهێنرێن، کەچی (یانەکانی تۆبەپێکردن)ێك لەئارادا دەبن، کە تا ئێستا هیچ کەس لە وێنەی ئەوانەی نەدیتووە " .

ئەم گوتە-گێڕانەوە، کە وەرگێڕدراوی ئازادی بەشێك لە دەقێکی حەفتا ساڵ لەمەوبەرە، ڕۆشنیدەکاتەوە کە پەیوەنییەکانی بەرهەمهێنان لە ڕوسیەی پاش ئۆکتۆبری ١٩١٧ بەجۆرێك گەشەیانکرد، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە دەرکی مارکس و ئینگلس لە کۆمۆنیزم نەبوو. سەردەمێك کە نامیلکەیەك کە گوتەی سەرەوەی لێ وەرگیراوە بڵاوبوەوە، ترس و تۆقی دەهەی سی هێشتا ڕوینەدابوو. ئەم نامیلکەیە بەتەواوی لایەنی پێشبینیکەری هەبوو. هیچ ڕوداوێکی ڕامیاریی نەبووبووە هۆی ئاوا ڕەخنەیەك لە کۆمەڵی سۆڤیەتی، بەڵکو ئەو ڕەخنەیە لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئابوورییەوە سەرچاوەیگرت. لەسەر ئەو بنەمایە، ستالینیزمێك کە لە گەشەسەندندابوو، بە نیشانەی ڕامیاریی سیستمێکی ئابووریی ناسێنرا، کە بە بەهرەکێشی سەرمایەداری دەوڵەتییەوە پەیوەستبوو، ئەوەش تەنیا لەسەر ستالینیزم هەژمارناکرێت.

بایەخێکی پتەو کە ئەو دەقەی لە سەرەوە ئاماژەپێدراوە بەدەستیهێنا، بەرئەنجامی کاری گروپێك بوو و نووسەرانی سەر بە ڕەوتێك بوون، کە لە ساڵەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی سەریهەڵدا. ئەو ڕەوتە بە ڕەخنەی توند لە سۆشیال-دێمۆکراسی و بۆلشەڤیزم دەرکەوت. ڕەوتێك بوو کە بە وردی ئەزموونگەلی ڕۆژانەی چینی کرێکاری شیدەکردەوە و هەڵدەسەنگاند، لەو ڕێگەیەشەوە بۆچوونی نوێی بەدەستهێنا. ئەو ڕەوتە، سۆشیال-دێمۆکراسی

و بۆلشەڤیزمی وەك "بزوتنەوەی کرێکاریی کۆنە" دەبینی، کە دژەکەی "بزوتنەوەیەکی نوێی کرێکاران" بوو.

لە یەکەمین نوێنەرانی ئەو ڕەوتە، مارکسیستە ئاڵمانی و هۆڵەندییەکان بوون، کە هەردەم لە باڵی چەپی سۆشیال-دیمۆکراسیی بوون. لە ماوەی ساڵانی دوورودرێژی تێکۆشانی هەمیشەییان دژی ڕیفۆرمیزم، لە هەمووان زیاتر بوونە ڕەخنەگر لە سۆشیال-دیمۆکراسی. بەناوبانگترین ئەندامانی ئەو ڕەوتە دوو کەسی هۆڵەندی بەناوی ئانتۆن پانەکۆك (١٨٧٢ - ١٩٦٠) و هێرمان گۆرتەر (١٨٦٤- ١٩٢٧) و دوو کەسی ئاڵمانی بەناوی کارل شرۆیدەر (١٨٨٤- ١٩٥٠) و ئۆتۆ ڕوهلە ( ١٨٧٤- ١٩٤٣) بوون. دواتر، پاول ماتیك (١٩٠٤ - ١٩٨٠) کە زۆر لاوتر بوو، بە یەکێك لە گرنگترین تیئۆریداڕێژەرانی ئەو ڕەوتە.

کەمێك پاش دەسپێکردنی سەدە [سەدەی بیست - و.ك]، بۆچوونەکانی پانەکۆك بەهۆی هەندێك دووبارە تیشکهاویشتنەوەی مارکسیستیانە بەڕووی فیلۆسۆفیدا کەوتەبەر سەرنجان. ئەو ساڵی ١٩٠٦ تا دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئاڵمانیا کاریدەکرد. سەرەتا ساڵێك فێرکاری فێرگەی پارتیی سۆشیال-دیمۆکراتی ئاڵمانیا (SPD) بوو، پاش هەڕەشەلێکردنی بە دەرکردنی لە ئاڵمانیا ، لە شاری برێمن کاریکرد و گۆتاری بۆ بڵاوکراوە جۆراوجۆرە چەپەکان نووسی. پانەکوك لە کاتی نیشتەجێبوونیدا لە برێمن مانگرتنێکی نایاسایی و زۆر گرنگی کرێکارانی ڕاگواستن (بارکردن و داگرتن) دیت. ئەو ئەزموونە کارایی لەسەر بۆچوونەکانی لەبارەی تێکۆشانی چینایەتی و تێگەیشتنی ئەو لە مارکسیزم دانا. لە ئەنجامدا تیئۆرییە بۆلشەڤیکییەکانی لەبارەی ڕێکخستن، ستراتیج و ڕێڕەو لە هەمان ڕۆژەکانی یەکەمەوە ڕەتکردەوە.

ئۆتۆ ڕۆلە هیچ کاتێك خۆی پابەند بە ڕەوتێك لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریی ئاڵمانیا نەزانی، بەڵام هەرگیزیش بەرژەوەندی گشتیی چینی کرێکاری نادیدەنەگرت. ئەویش وەك پانەکوك لە دەهەی ١٩٢٠دا بۆلشەڤیزمی ڕەتکردەوە و لە یەکەمین کەسانێك بوو، چووە سەر ئەو باسە، کە شۆڕشی پرۆلیتێریی بەتەواوی لە شۆڕشی بۆرجوازی جیاوازە؛ لەو ڕووەوە، شێوە ڕێکخستنی تەواو جیاوازی پێویستە. بەو هۆیەوە، ئەو ئەو نارۆشنییەی کە شۆڕشی پرۆلیتێریی دەبوو پرسی پارتییەك بێت ڕەتکردەوە. "شۆڕش" بەگوێرەی گوتەکانی ئەو "پرسێکی پارتیی نییە، بەڵکو لە ڕووی ڕامیاریی و ئابوورییەوە پرسی گشت چینی کرێکارە" .

ئەو بۆچوونانەی کە بەرینایيەکی زۆرتريان بەخۆوەگرت، دەرخەری تايبەتيی ڕەوتێك بوون، کە بە کۆمۆنيزمی سۆڤيەتی/شورایی ناسرا. کۆمۆنيزمی سۆڤيەتی لە هەمان سەرەتای دەهەی ١٩٢٠ بەو ئەزموونانەی کە لە شۆڕشەکانی ڕوسيە و ئاڵمانيا بەدەستهاتن، پشتئەستوربوو و پشتيوانی لە دێمۆکراسی سۆڤيەتەکان کرد و دەسەڵاتی پارتيی ڕەتکردەوە. ئەو ڕەوتە بەدوای ئەوەوە بوو، کە خۆی لە بۆلشەڤيزم و بۆلشەڤيکەکان و ئەوانەی کە بە کۆمۆنيست ناودەبران جيابکاتەوە. وێڕای ئەوەش لە سەرەتادا، دووريیەکی زۆری لەتەك تێڕوانينە بەئاکام-گەيشتووەکانی دواتری خۆی هەبوو.

٢

کۆمۆنيزمی سۆڤيەتی سەرەتا لەتەك لێنينيزم جياوازيیەکی ئاوای نەبوو. وێڕای ئەوەش ڕوهلە پارتيیەکانی نێونەتەوەيی سێيەمی بە کۆمۆنيست نەدەزانی. چەند ساڵ دواتر، کۆمۆنيستە سۆڤيەتيیەکان ناچاربوون بەشێوەيەکی ڕۆشنتر خۆيان لە بۆلشەڤيزم جياکەنەوە. بەواتای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کۆتايی بە تزاريزم هێنا، پەيوەنديیە دەرەبەگيیەکانی کۆتايی پێهێنا و ڕێگەی بۆ پەيوەنديیە سەرمايەداريیەکان خۆشکرد.

کۆمۆنيستە سۆڤيەتيیەکان لەوە واوەتر چوون. ئەوان پەنجەيان بۆ ئەو کەتوارە ڕاکێشا، ئابووريیەك وەك ئابووری ڕوسيە، کە لەسەر پايەی کاری کرێگرتە - واتە ئابووريیەك کە تێيدا هێزی کار کاڵايە- ڕاوەستاوە، بێجگە لە بەرهەمێنانی زێدەبايی و بەهرەکێشيی کرێکاران، شتێکی ديکەی ناوێت. جياوازيشی نييە، کە ئەو زێدەبايیە بۆ سەرمايەدارانی تايبەتی بێت يا بەر دەوڵەت وەك خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکەوێت. ئەوان پەنجەيان بۆ ئەو کەتوارە ڕاکێشا، لە ڕوسيە بەرهەمهێنان لە هەمان ياساکانی سەرمايەداری تاتبەتی کلاسيك کە لەئارادان پەيڕەويدەکات. بەهرەکێشی (استثمار)، بەگوێرەی گوتەی مارکس، تەنيا کاتێك دەتوانرێت کۆتاييپێبێت، کە کاری کرێگرتە بوونی نەبێت. کۆمۆنيستە سۆڤيەتيیەکان، بە پەنجەڕاکێشانيان بۆ مۆسکۆ ، ڕۆشنيانکردەوە کە کۆمۆنيزم شتێکی ئاوا نەبوو. بەو شێوەيە جياوازی نێوان کۆمۆنيزمی سۆڤيەتيی و بۆلشەڤيزم ڕۆشنتر و تەسەلتر بوو.

٣

نابێت لەوەی کە لە سەرەوە گوترا، ئاوا ئەنجامگيريیەك بکرێت، کە کۆمۆنيزمی سۆڤيەتيی بەشێوەيەکی تايبەت ڕەخنەلێگری ستالينيزمە، بەڵکو لە کەتواردا بەشێوەيەکی گشتی ڕەخنەلێگری بۆلشەڤيزمە. کۆمۆنيستە سۆڤيەتيیەکان ستالينيزم وەك دژەشۆڕشێك نابينن، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری لە بەری خۆی بێبەشکردبێت. بەڵکو بە بەرهەمی ئەو شۆڕشەی

دەزانێت، شۆڕشێك كە لە ڕوسیە دەرگەی بەڕووی سەرمایەداریدا كردەوە. ستالین میراتگری بۆلشەڤیزم و شۆڕشی بۆلشەڤیكی بوو. تەلەسەلتربوونی ئەو تیئۆرییە هەر وەك پێگەیینی كۆمەڵایەتی بە هێواشی ڕویدا. كۆمۆنیستە سۆڤیەتییەكان بەدرێژایی ژیانی خۆیان بۆچوون و كردەی خۆیان گۆڕی. پارتییەكانی كۆمۆنیستی سۆڤیەتیی سەرەتا لە ئاڵمانیا و هۆڵەند پێكهاتن، ئەو پرسە لەتەك بۆچوونی كەسانی وەك ڕوهلە هەروەك باسكرا، كە ئاوایان دەبینی، پارتییەكان پرسی چینی كرێكار نین، ناتەبابوو. ڕوهلە بەهەر بار ئەو ڕێكخراوانەی بەشێوەی پارتییگەلێك "بە كرۆكێكی تەواو نوێی پارتییەوە، كە چیدیكە پارتیی نەبوو" دەدیت.

ڕوهلە چوار ساڵ دواتر ساڵی ١٩٢٤، بەجۆرێكی دیكە ئاخاوت : " پارتییەك بە كرۆكێكی شۆڕشگێڕانەوە بەواتای پرۆلیتێری واژەیەكی بێواتایە. كرۆكی شۆڕشگێڕانەی تەنیا بەواتای بۆرجوازی بوونی هەیە، ئەوەش بەتەواوی كاتێك كە پرسی گۆڕینی دەرەبەگایەتی بۆ سەرمایەداری هاتبێتە پێشەوە." ئەو تەواو ڕاستی دەگوت و ئەو شتە بێواتایانە لە ماوەی دە ساڵدا لەسەر شانۆی گفتوگۆ و لێدوانی پرۆلیتێریدا دیارنەمان. كەمە ناوازەیەك هەبوون و كەمێك پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ئەم دەستەواژەیە چیدیكە بەكارنەهێنرا.

كۆمۆنیستە سۆڤیەتییەكان هەر لەو سەردەمەدا گەشەیانكرد. بۆ ئەوان دەركەوت، كە شۆڕشی ڕوسیە شتێك بێجگە لە شۆڕشی بۆرجوازیی و ئابووری ڕوسیە شتێك زیاتر لە سەرمایەداری دەوڵەتیی بەولاوەتر نەبوو. ئەوان دەركێكی دیاریكراوتریان لەبارەی پرسگەلێكەوە هەبوو، كە ئامادەی لێكۆڵینەوەی نوێ بوون. پرسگەلێك كە پێشتر یەكاڵانەكرابوونەوە، هەنووكە ڕۆشنتربوون.

گرنگترین شیكردنەوە و لێكدانەوە لەو زەمینەدا لەلایەن پانەكۆك ساڵی ١٩٣٨ ئەنجامدرا. ئەو نامیلكەیەكی لەبارەی فیلۆسۆفیی (لێنین)ەوە بڵاوكردەوە و لێكۆڵینەوەیەكی قوڵتری لەبارەی بۆلشەڤیزم خستەڕوو. پانەكۆك پەنجەی بۆ ئەو خاڵە ڕاكێشا، كە ماركسیزمی لێنین لە ئەفسانەیەك بەولاوەتر نەبوو و لەتەك ماركسیزمی كەتواریدا ناكۆكبوو. ئەو هۆكەی بەو جۆرە ڕۆشنكردەوە : " لە ڕوسیە تێكۆشان دژی تزاریزم لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی تێكۆشان دژی دەرەبەگایەتی لە ئەوروپای هەرە كۆندا بوو. لە ڕوسیە كلیسا و ئایین پشتیوانیان لە دەسەڵاتی ئەودەم دەكرد. بەو هۆیەوە تێكۆشان دژی ئایین بە پێداویستییەكی كۆمەڵایەتیی دادەنرا. " لەو ڕووەوە ئەوەی كە لێنین بە ناوی ماتریالیزمی مێژوویی بۆی دەچوو، وەك ماتریالیزمی بۆرجوازی فەرەنسە سەدەی هەژدهەم دیاریدەكرا، واتە ماتریالیزمێك كە لەو كاتەدا وەك چەكێكی هۆشیی لە دژی كلیسا و ئایین بەكاردەبرا. دەبێت بگوترێت كە هەر بەو ڕێگەیە و بە

پەنجەڕاکێشان بۆ هاشێوەبوونی نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوسیەی بەر لە شۆڕش و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فەرەنسەی پێش شۆڕش ، کۆمۆنیستە سۆڤیەتییەکان پەنجەیان بۆ ئەو کەتوارە ڕاکێشا، کە لێنین و ئەندامانی پارتییەکەی ناوی ژاکۆبینەکانیان لە خۆیان ناوە. مەبەستیان ئەوە بوو، کە پارتییەکەیان لە شۆڕشی بۆرجوازی ڕوسیەدا هەمان کارکردی ژاکۆبینەکانی فەرەنسەیان هەبوو.

هەر بەو جۆرەی کە کۆمۆنیستە سۆڤیەتییەکان گوتیان، ئەوە سەرەنجامی لۆجیکی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو، کە بۆلشەڤیزم مارچی ١٩١٨، واتە تەنیا پێنج مانگ پاش ئۆکتۆبەری ١٩١٧، دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان کە لە ئاستێکی کەمدا بوو، بەزۆر لە چنگیان دەرهێنرا. سۆڤیەتەکان لەتەك سیستمێك کە سەرخانی ڕامیاریی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەوڵەتی بوو، بەیەکیان نەدەخوارد.

ئەوەی کە سەرهەڵدانی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتیی لە کۆمۆنیزم دەگات، بەتەواوی لەو سیستەمە جیاوازە. دیکتاتۆریی پارتیی لەتەك ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە بە هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە و کۆتاییهێنان بە بەهرەکێشی کرێکاران پشتئەستورن، ناگونجێت. کۆمەڵێك کە تێیدا بەرهەمهێنەران ئازاد و یەکسانن، ناتوانێت شتێکی جیاواز لە دێموکراسی بەرهەمهێنەران بێت.

* ئەم گۆتارە لە ماڵپەڕی (http://www.kavoshgar.org/) وەرگیراوە

# سۆڤیەتەکان و کۆمیتەکانی کارخانە لەنێو شۆڕشی ڕوسیە

*پیتەر ڕاچلێف Peter Rachleff

توانای پەرەسەندنی شۆڕشی ڕوسیە لە ١٩١٧ – ١٩٢١ بەهۆی تێگەیشتنی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئامانج و فراوانی گروپە کۆمەڵایەتییە چالاکەکانەوە دیاریکرا. لە کاتێکدا کە تەواوی خەڵك لە دەمی شۆڕشکردندا لە یەك ئامانجی ڕامیارییدا واتە هەڵوەشاندنەوەی سەرکوتگەریی تزاری بەشداربوون، بەڵام چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و گروپەکانی نێو ئەم چینانە، داخوازی جیاواز و لێکجیایان هەبوون. بۆرجوازی فرە لاواز و بچووك بەگوێرەی سروشتی خوازیاری هەل و مەرجێك بوو، کە توانای گەشەکردن بە سەرمایەداری ڕووسی بدات. جوتیاران، زۆرینەی هەرەزۆری خەڵك، کە ناچاربوون لە کێڵگەی زەویدارە گەورەکاندا کاربکەن و لە بۆ پارچە زەوییە بچووکەکانیان سوودێکی لەڕادەبەدەر بدەن، خوازیاری دەستبەسەرداگرتنی زەوییە گەورەکان و پێکهێنانی سیستەمی کێڵگەی تایبەتیی بچووك بوون. لە لایەکی دیکەوە، کرێکاران لە ڕووی چەندایەتییەوە کەم و کۆوەبوو لە ناوچە شارییەکانی ڕوسیەی ئەوروپایی، کە لەتەك کرێی کەم و نامسۆگەریی ئابووریی و هەل و مەرجی ترسناکی کاردا ڕووبەڕووبوون؛ پرسگەلێك کە جۆرێك لە سۆشیالیزەکردنی پێشەسازی و "کۆنترۆڵی کرێکاریی" نارۆشنی پێویست دەکرد.

ئەو ئامانجانە لەتەك یەکدیدا نەگونجاو بوون. بێجگە لە ململانێی ئاشکرای نێوان کرێکاران و بۆرجوازی، تەنانەت لە ئەگەری دەستڕاگەیشتن بەو ئامانجانەدا، کەرتی کشتوکاڵیی کە سەرمایەدارانە ڕێککخرابوو، نەیدەتوانی لەتەك کەرتی بچووکتری پێشەسازی، کە سۆشیالیزە کرابوو بگونجێت. هۆی ئاستنزمی بەروبوومی کشتوکاڵ، نەك تەنیا (کشتوکاڵی بچووکی بازاری) پێگەی نەگونجاویی بۆ پەرەسەندنی پیشەسازی ئامادەدەکرد، بەڵکو ناجێگیرییەکی زاڵ ساڵ بە ساڵ دەبووە ڕێگری بەرنامەرێژیی ئابووری.

ئامانجە ڕامیارییە هاوبەشەکانی چینە گەورە کۆمەڵایەتییەکان دەیانتوانی بێنەدی. بەڵام نەك تەنیا ئامانجی ئابوورییان لەتەك یەکدی نەدەهاتنەوە، بەڵکو هیچ کام لەو ئامانجانە نەیاندەتوانی وەك بنچینەی ڕێکخراوەیی بۆ تەواوی کۆمەڵ دەستبەکاربن. کۆمەڵێك کە لەسەر ئارەزوو و پێداویستییەکانی کرێکاران ڕێکخرابێت، بەگوێرەی پێگەی کەمایەتیبوونی کرێکاران لە دووردەستدا بوو. ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە لەتەك لاوازی بۆرجوازی و وابەستەیی بە دەوڵەت و بێسەرەوبەرەیی و هەژاریی و نەخوێندەواریی جوتیاران و بەکورتی دەسەڵاتی ڕامیاریی

بەدەستهێنراو لەلایەن پارتیی بۆلشەڤیکەوە پاش ساڵی ١٩١٧، ئابووری بازاری سەرمایەدارییش لە تواناداد دەرچووبوو.

"ڕامیاری" و "ئابووری" دوو دیاردەی لێکدابڕاو نین، بەڵکو لایەنی جۆراوجۆری پەیوەندییەکانی دەسەڵاتن لە کۆمەڵدا. پرسی شێوازی ڕامیاریی بەرجەستەبووی کردەی شۆڕشگێڕی بوو، کە لەلایەن یەکێك لە گروپە تێکۆشەرەکانی نێو مەیدانەوە، بە بەدەستهێنانی هێزی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی یەکلادەکرایەوە . لەتەك ڕەوتی ڕووداوەکان ئەو کارە نە لەلایەن بۆرجوازی و نە جوتیاران و نە پرۆلیتاریاوە، بەڵکو لەلایەن بەشێك لە ڕۆشنبیرانەوە کە ئەندامی پارتیی کۆمونیست بوون ئەنجامدرا. کاری مەزنی بۆلشەڤیکەکان ئەوە بوو، توانییان بە ملکەچپێکردنی ئابووریی بۆ مەیدانی ڕامیاری، کە لەلایەن خۆیانەوە کۆنترۆڵدەکرا، سەرخانێکی تازەی کۆمەڵایەتی دیاریبکەن. ئەوە لە ڕێگەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەوانەوە وەك چینێکی فەرماندار بەسەر سەرمایەداران و جوتیاران و کرێکاراندا بەدیهات. بەرلەوەی کە ئەوان بە ڕێکخراوەی پارتیی و سواربوونی شەپۆلەکانی شۆڕشی جەماوەریی بۆ ئەو مەبەستە سەرکەون، کرێکارانی ڕوسیە توانییان چەندین شێوازی تێکۆشان و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتیی بپەرەوەرێنن، گرنگیان واوەتر لە سنووری شوێن و کاتێك بوو، کە ئەو شێوازانەیان تێدا سەرهەڵدرا. ئەو گۆتارەی خوارەوە بەشێوەیەکی کورت مێژووی دوو جۆر ئامراز (سۆڤیەتەکان) و (کۆمیتەکانی کارخانە) شرۆڤەدەکات؛ ئامرازگەلێك کە بۆ شۆڕشگێڕەکانی ئەم ڕۆژگارە گەورەترین گرنگیان هەیە.

پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ڕوسیە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، شێوەیەك لەوەی کە ئەم ڕۆژگارە لە زۆربەی وڵاتانی پەرەسێندا بوونی هەیە، لەخۆگرتبوو. نزیکەی تەواوی پیشەسازی لەژێر کۆنترۆڵی سەرمایەی دەرەکیدا بوو و لە چەند ناوچەیەکی شارییدا چڕ بووبووەوە. وێڕای ئەوەی کە چینی کرێکار لە بەراورد بە تەواوی دانیشتووان لەڕادەبەر کەم بوو [خەمڵاندنی بە ١٠% لەلایەن (ترۆتسکی)یەوە بەرزترین سەرژمێرییە]، پیشەسازی - بەگوێرەی چینی کرێکار- زۆر چەقبەستووتربوو. زۆربەی کارخانە گەورەکان، لە هێڵە هاوچەرخەکانی بەرهەمهێنانی ئەو کاتدا چەقیانبەستبوو. چینی کرێکار لە سێ دەهەی پێش جەنگدا بەخێرایی گەشەیکردبوو؛ لە سەروبەندی سەرەتای سەدەی نوێ بەدواوە هەستێکی چینایەتی بەخێرایی پەرەیدەسەند.

لە ماوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کرێکارانی پێشەسازی ڕوسی بەزۆری تەنیا بەشێك لە ساڵیان لە ناوچە شارییەکاندا بەسەردەبرد و خەرجی ژیانیان بەکارکردن لە کارخانەکاندا

دابیندەکرد، بەشەکەی دیکەی ساڵیان بە کارکردن لە کێڵگەکاندا، لە گوندەکانی پێشتریان دەگوزەراند و پەیوەندییە سەرەکییەکانیان لەتەك چالاکییە کشتوکاڵی و ژیانی گوندنشینیدا بوون. وێڕای پەرەسەندنی خێرای پیشەسازی بۆ هەژمارێکی هەرچی زۆرتری کرێکاران، کارکردنی ساڵانەی دەستەبەردەکرد. کرێکاران لەتەك خێزانەکانیان بەدابڕان لە پەیوەندییە دێهاتییەکانی پێشتری خۆیان بەرەو ناوچە شارییەکان کۆچیاندەکرد. لەنێوان ساڵەکانی ١٨٨٥ و ١٨٩٧ دانیشتووانی شارنشین ٣٣.٨% و دانیشتووانی مۆسکۆ بۆ نموونە ١٢٣% گەشەیکرد.[١] ئەو کەسانە وەك سەرەتایەك دەستیانکرد بە بیرکردنەوە لەوەی کە وەك کرێکار لە خۆیان بنوارن، نەك وەك جوتیار کە بەشێك لە ساڵیان لە کارخانەکاندا کاریاندەکرد. چیدیکە گرفتەکانیان لە شێوەی قەرزاری خاوەنزەوییەکان و وابەستەبوون بە کشتوکاڵەوە نەبوو، بەڵکو گۆڕابوون بە کرێکار بۆ کرێ و دابینکردنی هەل و مەرجی کار و نرخی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان. لەوێوە کە دابەشکاری لەنێوان کرێکاراندا دیاریکراوبوو و زۆربەیان لەتەك پرسگەلی وەك یەك ڕووبەڕووبوون، لەدەستدانی نەریتی پێشەوەری یارمەتی ئەم هەستە گەشەسێنە تازەیەی دەدا؛ پەیوەستبوون بە چینی کرێکارەوە. کرێکارانی تێکەڵوپێکەڵ کراو لەتەك یەك لە کارخانە گەورەکاندا و بە ژیانیان لەتەك یەك لە ناوچە خێرا پەرەسێنە شارییەکاندا ئەوەیان دەرککرد، کە لە پرسگەلێکی فرە تایبەتدا هاوبەشن، کە لەتەك پرسگەلەکانی ژیانی پێشووتری گووندنشینیاندا تەواوی جیاوازن. لەو ڕێگەوە هاوشانی پێشەسازی ڕوسیە، هەستی چینایەتی تازەش گەشەیکرد.

ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٠٥یش بەهۆی ئەو هەستە چینایەتییەوە سەریانهەڵدا و هەم پاڵپێوەنەریان بوون. زیاتر لە سەد هەزار (١٠٠.٠٠٠) کرێکاری کارخانە لە سانت پیتەرسبۆرگ (Sant Petersburg) لە مانگی جێنیوەری ئەو ساڵەدا مانیانکرد. چەند ڕۆژ دواتر کرێکاران و خێزانەکانیان بە نارەزایەتی بەرانبەر بار و دۆخی کارخانە و نەبوونی نوێنەرایەتییان، داواکارییەکیان خستەبەردەم تزار (قەیسەری ڕوسیە) و داوایان لە ئەو کرد، تاوەکو گرفتەکانیان کەمبکاتەوە و ئەنجومەنێکی دامەزرێنەرانیان پێببەخشێت. لەلایەن سەربازانی (تزار)ەوە لە بەرانبەر کۆشکەکەیدا، تەقە لە خۆنیشاندەران کرا. مانگرتنی جەماوەری لە تەواوی شارە پێشەسازییەکانی وڵاتدا پەرەیسەند و زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لە خەڵك لە ماوەی دوو مانگدا تێیدا دەرگیربوون، کە لایەنی کەم سەد و بیست و دوو (١٢٢) شار و ناوچەی گرتەوە. [٢] وێڕای سەرکوتێکی توند، مانگرتنەکان و خۆنیشاندانەکان و کۆبوونەوەکان بەشێوەیەکی ناوبەناو لە مانگەکانی بەهار و هاویندا درێژەیان هەبوو. کرێکاران بۆ ڕێکخستنی مانگرتنەکان کۆمیتەگەلێکیان لە ناوچە شارییەکاندا هەڵبژاردن.[٣]

لە نێوەڕاستی مانگی سێپتەمبەردا، کرێکارانی تایپگەر (typesetters) و چاپگەرەکان لە مۆسکۆ دەستیاندایە مانگرتنێکی سەرتاسەری پیشەسازیی. زیاتر لە پەنجا کارگە لەکارکەوتن. کرێکارانی بەشە پیشەسازییەکانی دیکەی ئەم شارە لە هاوپشتی لەتەك کرێکارانی تایپگەر دەستیان لەکارکێشانەوە. لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا کرێکارانی تایپگەر لە سانت پیتەرسبورگ بۆ نیشاندانی هاوپشتی لەتەك هاوڕێ کرێکارە مۆسکۆیەکانیان دەستیاندایە مانگرتنیکی سێ ڕۆژە. لە کۆتایی هەفتەی یەکەمی مانگی ئۆکتۆبەردا کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر لە سەراپای ڕوسیەی ئەوروپایی بڕیارياندا مانبگرن و بە بانگەواز بۆ مانگرتنی گشتی و سەرتاسەری، خوازیاری هەشت سات ماوەی کاری ڕۆژانە و ئازادییە گشتییەکان و لێبوردنی گشتی و ئەنجومەنی دامەزرێنەران بوون. مانگرتن لە تەواوی ناوچە شارییەکان تەشینەیکرد و لە ڕۆژی دوازدەهەمدا بووە هۆی ڕاگرتنی تەواوی چالاکییەکانی بەرهەمهێنان، بە هێشتنەوەی تەنیا ئەوانەی کە بۆ سەرکەوتنی مانگرتنەکە پێویست بوون، لەوانە چاپخانەکان و ئەو شەمەندەفەرانەی کە نوێنەرانی کرێکارانیان هەڵگرتبوو و هیدیکە. فەرمانداریی بە سازش و سەرکوت وەڵامی ئەم مانگرنەی دایەوە.

لە ڕۆژی دەهەمی مانگی ئۆکتۆبەرەوە کارخانەکانی سانت پیتەرسبۆرگ، نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەو کۆبوونەوانە ناردن، کە بڕیاربوو ببنە سۆڤیەت (شورا). لە سەرەتادا سی (٣٠) تا چل (٤٠) نوێنەر لەو کۆبوونەوانەدا بەشدارییانکرد. لە ڕۆژی سیازدەی ئۆکتۆبەردا بانگەوازییان بۆ مانگرتنی گشتی ڕامیاریی کرد، واتە بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەران و ماف و ئازادییە ڕامیارییەکان؛ داوایانکرد کە تەواوی کارخانەکان نوێنەرانی خۆیان بنێرن. کرێکاران کە بنچینەی نوێنەرایەتییەکەیان لەسەر بنەمای شوێنی کار بوو، دەرککرد. لە ناردنی نوێنەرانی کارخانەکان بۆ لێژنە (کۆمیسیۆن)ی شیدلۆڤسکی Shidlovski ( کە لە بار و دۆخی کارخانەکانی دەکۆڵییەوە) و هەر ئاوا کۆمیتەکانی مانگرتن کە نۆ (٩) مانگ پێش ئەوە پێکهاتبوون، دەکرا ئەزموونگەلێك بەدەستبێن. ئانڤایلەر Anwiler لەو بارەوە دەنووسێت :

" کاتێك کە شەپۆلی مانگرتن مۆسکۆ تا سانت پیتەرسبۆرگی گرتەوە و کاتێك کە لە ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبەردا لە یەکەمین کۆمەڵە کارخانەدا کار ڕاگیردرا، کرێکاران هەستیانکرد کە پێویستیان بە کۆبوونەوە هەیە، تاوەکو پێکەوە و هاوبەش بڕیاربدەن، بزانن کامە ڕێچکە بگرنەبەر. هەر بۆ ئەو مەبەستە بوو، کە لە کارخانەگەلێکدا نوێنەران هەڵبژێردران، لەوانە پوتیلۆڤ Putilov و ئۆبوخۆڤ Obukhov و کارخانەکانی دیکە، ئەو نوێنەرانە زیاتر لە کەسێکیان ئەندامی کۆمیتەی مانگرتن یا نوێنەرانی پێشتری نێو لێژنەی شیدلۆڤسکی بوون. [٤]

زۆر کارخانەی دیکە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد. لە ماوەی سێ ڕۆژدا، دوو سەد و بیست و شەش (٢٢٦) نوێنەر نوێنەرایەتی نەوەد و شەش (٩٦) کارخانە و کارگەیان دەکرد [نوێنەرەکان لەسەر بنەمای یەك نوێنەر بۆ سەد (١٠٠) کرێکارێك لە کارخانەیەکدا] هەڵبژێردران. بڕیاردرا کە مۆڵەتی بەشداریکردن بە نوێنەرانی پارتییە ڕامیارییەکان (بۆلشەڤیکەکان Bolsheviks، مەنشەڤیکەکان Mensheviks، سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان (Social-Revolutionaries بدرێت. لە ١٧ی ئۆکتۆبەردا، ئەو دەستەیە ناوی (سۆڤیەتی نوێنەرانی کرێکاران Soviet of Workers' Deputies)ی لەسەر خۆی دانا و کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەریی کاتیی لە بیست و دوو (٢٢) ئەندام هەڵبژارد [ هەر دوو کەس بۆ حەوت گەڕەکی شار، هەر دوو کەس بۆ هەر کام لە چوار یەکێتییە زۆر گرنگەکان]، هەر ئاوا بڕیاریدا کە ڕۆژنامەی خۆی بە ناوی (هەواڵی سۆڤیەتیەتە کرێکارییەکان News from the Soviet of Workers) بڵاوبکاتەوە. سۆڤیەت کە سەرەتا هیچ ئەرکێکی دیکەی بێجگە لە ڕێکخستن و ڕابەرییکردنی مانگرتنەکان لە ئەستۆنەگرتبوو، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا خۆی گۆڕی بە ئۆرگانی نوێنەرایەتی گشتی و ڕامیاریی کرێکاران لە نێوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار لە پایتەخت، بەخێرایی گۆڕا بە "پارلەمانی کرێکاران"، کە تێدەکۆشا تاوەکو تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی مانگرتنەکان لە کۆتایی ئۆکتۆبەردا هەر ئاوا بمێنێتەوە. بەگوێرەی گوتەی ئانڤائیلەر "ئەو ئاڵوگۆڕە نە بەمەبەستەوە و نە لە هوشیارییەوە سەریهەڵنەدا. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە پاش ئەوەی کە لە لووتکەی خۆیدا سۆڤیەتی هێنایەدەرەوە، بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەرەوە خرۆشا و ئۆرگانێك کە ئافەراندبووی، لە ڕەوتی خۆیدا هاوڕاییکرد".[٥] سۆڤیەت لەسەر بنەمای پێداویستی پێکهاتبوو [پێداویستی ڕێکخستن و پاراستنی مانگرتنی گشتی]. هیچ کەس پێویستی بە ئەوە نەبوو، کە کرێکاران بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاوا ڕێکخراوێك چارەنووسسازە.

ڕێکخراوەی لەو جۆرە لە دەمی مانگرتنەکاندا لە تەواوی ناوچە شارییەکانی ڕوسیەی ئەورووپایی و (لە هەندێك لە گوندەکاندا) سەریانهەڵدا. لە مانگی ئۆکتۆبەردا چل تا پەنجا (٤٠ - ٥٠) نموونە لەم ڕێکخراوانە دروستبوون. وێڕای ئەوەی کە زۆربەیان تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت کارکردیان هەبوو، بەڵام نابێت گرنگیان لەبەرچاونەگرین. ئەوە یەکەمین ئەزموونی دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ بۆ زۆربەی ئەوانە بوو، کە سەرقاڵیان بوون. سۆڤیەتەکان لە خوارەوەڕا، لەلایەن کرێکاران و جوتیاران و سەربازانەوە پێکهاتن و داخوازییەکانی ئەوانی [ ئەو داخوازییانەی کە لە بڕیارە ناسکتاریستییەکاندا بەرزکرانەوە. هیچ پارتییەکی ڕامیاری بەسەر سۆڤیەتەکاندا زاڵنەبوو و هەژمارێکی فرە لە کرێکاران دژی ئەوە بوون، کە مافی نوێنەرایەتی بە پارتییە ڕامیارییەکان بدرێت. بەو جۆرە زۆربەی سۆڤیەتەکان لەلایەن کرێکارانەوە بۆ

چارەسەری گرفتە دەستبەجێکانیان پێکهێنرابوون، وەك سەرکەوتن لە مانگرتنەکاندا بۆ هەشت سات ماوەی ڕۆژانەکار و مافە ڕامیارییەکان] بەرجەستەکرد و خۆیان تێکەڵ بە پرسە ڕۆژانەییەکان کرد، کە یەخەی کرێکارانیان دەگرت.

تزار، ڕەزامەندی ( بەخشینی پارلەمان، دوما Duma)ی بە سەرکوتی هەڵبژێردراو بەستەوە و مانگرتنەکەی تێشکاند و پاشان پاشماوەی سۆڤیەتەکانی لەنێوبرد. بەڵام وێڕای شکستی ڕواڵەتیی، شۆڕشی ١٩٠٥ ڕێگەی بۆ ڕووداوەکانی ١٩١٧ خۆشکرد. سۆڤیەتەکان لەسەر بنەمای کارخانەکان پێکهاتبوون و کاری پارلەمانە کرێکارییەکان و یەکێتییەکان و کۆمیتەکانی مانگرتنیان جێبەجێدەکرد؛ هەروەها لە نێوەند و دەروونی کرێکاراندا هەستی خۆبەڕێوەبەرایەتی هەڵخراند. دواتر بەرانبەر گرفتە دژوارەکانی سەرەتای ساڵی ١٩١٧، کاتێك کە کرێکاران خۆیان لە بار و دۆخی قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتیدا دیتەوە، بڕیاربوو پشت بەو ئەزموونانە ببەستن.

سەرەتای ساڵی ١٩١٧ گرفتەکان لە بەرانبەر خەڵکی ڕوسیەدا بەڕاستی دژواربوون. کارایی بەشداری ڕوسیە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەرەبەرە تواناییەکانی خەڵکی دەپروکاند. وابەستەیی بە ئەوروپای ڕۆژاوایی بۆ کەرەستەی خاو، ڕوسیەی لە جووڵە خست. هەڵئاوسان و بەرتیلخۆری و کەمی پاشەکەوتی خواردەمەنی گەیشتە لووتکە قەیران. بەرهەمهێنان تێکشکا. ڕاکێشانی بە کۆمەڵی خەڵکی بۆ سەربازی بووە هۆی کەمی کرێکاری شارەزا لە پیشەسازیدا و کەمی کرێکارانی کشتوزار. بەدەستهێنانی سوتەمەنی چ بۆ بەکارهێنانی تایبەتی ( گەرمی نێوماڵ) و چ بۆ بەرهەمهێنانی پیشەسازی، تەنانەت لە پێشتر خراپتر بوو. بۆ چین و توێژەکانی خەڵکی ڕوسیە، بە تایبەت چینی کرێکارانی پێشەسازی، هیچ جۆرە هیوایەکی ڕۆشنی نەبوو. ڤۆلین (Voline) لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی خۆی دەنووسێت:
"جێنیوەری ١٩١٧بار و دۆخ لەتوانابەدەر بوو. بێسەرەوبەرەیی ئابووری، هەژاری کرێکاران و لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵایەتیی ڕوسیە ئاوا توند بوو، کە هاوشاریانی چەندین شاری گەورە - بە شێوەیەکی بەرچاو لە پێترۆگراد Petrograd - نەك تەنیا لەتەك کەمی سووتەمەنی و پۆشاك و خواردەمەنی و کەرێ و شەکر لەباری ڕووبەڕووبوونەوەدا بوون، بەڵکو تەنانەت لەتەك کەمی نانیشدا ڕووبەڕووبوون. مانگی فێبریوەری خراپترین هەل و مەرجی بەخۆوە بینی، نەك تەنیا دانیشتووانی شارنشین تووشی قاتوقڕی بوون، بەڵکو پێویستی سوپاش بەتەواوی کەمیکردبوو. لەو بارەدا کارەساتێکی تەواوی سەربازی ڕوویدا ". [٦]

بەدرێژەکێشانی جەنگ، لە سوپا و هێزی دەریاییدا ناکۆکی سەریهەڵدا. لە دژی سەرکوتگەریی ئەفسەران، جوتیاران لە سوپادا دەستیاندایە شۆڕش و لە بەرانبەر بار و دۆخی فرە

شڵەژاوتری سوپادا، پەیوەندی هاوڕێیانە لەنێوان بەسەربازگیراواندا پەرەیسەند. باسەکانی کرێکاران و جوتیاران لەنێو سەراپای سوپادا فراوان و بەربڵاوبوونەوە. سەرەتای ساڵی ١٩١٧ خرۆشانی شۆڕشی هێزە سەربازییەکانی بەخۆوەگرت. لە ٢٣ی فێبریوەریدا، مانگرتنی ژنانی کرێکاری ڕستن و چنین لە پێترۆگراد (سانت پێتەرسبورگی پێشوو) دەستیپێکرد. خۆنیشاندانەکان، کە بەکردەوە خرۆشان بوون بۆ نان، لە تەواوی شارەکاندا پەرەیانسەند. سەربازان کە ساڵی ١٩٠٥ خۆنیشاندانگەلێکی ئاوایان سەرکوتکردبوو، لە سەرکوتی ڕاپەڕین سەرپێچیانکرد و زۆرێکیان بە خۆنیشاندەرانەوە پەیوەستبوون. لە کۆتایی مانگدا، پاش سێ ڕۆژ لە خۆنیشاناندانی خۆبەخۆ و مانگرتنێکی گشتی، پێترۆگراد لە دەستی چینی کرێکاری ئەو شارەدا بوو. ڤیکتۆر سێرگێ (Victor Serge) یەکێك لە بەشداربووانی ئەو ڕووداوانە دەنووسێت :

"شۆڕش لە شەقامەکاندا هەڵچوو، لە کارخانەکاندا هەزاران کرێکاری مانگرتوو تێکرژابوون و هاواریاندەکرد "نان! نان!". لێپرسراوان بەداماوییەوە بینەری هاتنەپێشی بزووتنەوەکە بوون؛ لەتوانایاندا نەبوو بەسەر قەیرانەکەدا زاڵبن. هەستی برایانەی سەربازان لەتەك خۆنیشاندانی کرێکاران لەنێو شەقامەکانی پێترۆگراد، ڕوخانی ئاریستۆکراسی گەیاندە لووتکە. کتوپڕی ڕووداوەکان، ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی تووشی سەرسوڕمان کرد... [٧]

تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی کە ترۆتسکی ناچار درکاندی، کە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان لە فێبریوەریدا وەك ڕێگرێك لەبەردەم چینی کرێکاردا دەجووڵانەوە:

" لەو ڕووەوە، کەتوار ئەوەیە، کە شۆڕشی فێبریوەری لە خوارەوەڕا دەستیپێکرد، بەسەر بەرەنگاری ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکانی خۆیدا سەردەکەوێت، دەستپێشخەریی لە ڕێکەوتنی خودی سەرکوتکراوترین و ستەمدیدەترین بەشی پڕۆلیتاریا - ژنانی کرێکاری ڕستن و چنین و بەبێ گومان لە نێوانیاندا زۆرێك لە هاوسەرە سەربازەکانیان - سەرچاوەی دەگرێت. [٨]

شۆڕش لە سەرتاسەری ڕوسیەدا پەرەیسەند. جوتیاران زەوییەکان لە زەمیندارەکان سەندنەوە؛ لەنێو سوپادا دیسپلین نەما؛ دەریاوانان لە لەنگەرگەی کرۆنشتات لە کەناری باڵتیك کەشتییەکان کۆنترۆڵکردن و شاریان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە؛ شێوەی سۆڤیەتی ڕێکخراوەکان، سەرەتا لە ناوچە پیشەسازییەکان، پاشان لەنێو سەربازان و دەریاوانان (هێزی دەریایی) و جوتیاراندا سەرلەنوێ دەرکەوتنەوە.

کاتێك کە تزار لە فەرمانداریی خۆی کێشایەوە، فەرمانداریەکی کاتی هاتە دەسەڵات. ئەو فەرمانداریە لە ئەندامانی بۆرجوازی و خانزادان (aristocracy) پێکهاتبوو، ئەم کۆمەڵەیە

که سەرەتا بەتەمای پێکهێنانی پاشاییەتی مەرجدار یا پاشایەتی پارلەمانی ( a constitutional monarchy) بوو، هەر زوو دەستبەرداری ئەو بێرۆکەیە بوو، بەڵام بە چاوپۆشیکردن لە بەیاننامەکان و یاساکان و لێدوانەکانیان و بەلێنەکان و هیدیکە، نەیانتوانی ڕێگەچارە بۆ پرسەکان بخەنەڕوو، کە لەلایەن هەژمارێکی دانیشتووان، هەم کرێکاران و هەم جوتیاران ڕووبەڕوویاندەکرانەوە. سۆڤیەتەکان کە لە سەرتاسەری وڵاتدا پێکهێنرابوون، لەلایەن کرێکاران و جوتیاران و سەربازانێك کە لەبارەی پرسەکانیانەوە دەچوونە لایان، وەك فەرمانداریییەکی ڕەوا چاو لێدەکران.

وێڕای ئەوە، بە سەرنجدانیکی وردتر لە پێکهاتن و پێکهاتەی سۆڤیەت، ئەوەمان بۆ ڕۆشندەبێتەوە، ئەوانە ئۆرگانگەلێکی جەماوەریی نەبوون، کە ئامرازەکانی بەکاربردنی هێز لە چالاکییە ڕۆژانەییەکانیاندا بخەنە بەردەم کرێکاران و جوتیاران. بەناوبانگترینی سۆڤیەتەکان - نموونەیەکی چاك لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و کارکردیان- سۆڤیەتی پترۆگراد بوو. ئەو ڕێکخراوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لەلایەن کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانی لیبراڵ و ڕادیکاڵ پێکهات، کە لە ٢٧ی فێبریوەری کۆبوونەوە و خۆیان وەك «کۆمیتەی بەڕێوەبەری سۆڤیەتی پترۆگراد» دیاریکرد. [٩] پاشان بۆ هەڵبژاردنی خودی سۆڤیەتەکە بانگەوازایاندەرکرد. ٢٨ی فێبریوەری لە وەڵام بە ڕاگەیێندراوی ئەو " کۆمیتەی بەڕێوەبەری"یە هەڵبژاردن لە کارخانەکاندا بەرێخرا. تا سات ١ی پاشنیوەڕۆ زیاتر لە سەد و بیست (١٢٠) نوێنەر بۆ کۆبوونەوەی گشتی کۆبوونەوە. هەرچەندە ئەو کۆبوونەوە -زۆربەی کۆبوونەوەکانی دواتریش- بێسەروبەربوون: بڕیارنامەی کۆتایی نەدەتوانرا پشتڕاستبکرێنەوە و شتگەلێکی کەم بەدەستەوە دەدران. تەواوی بڕیارە پێویستەکان لە "دڵسۆزی تەواوی" کۆمیتەی بەڕێوەبەرییەوە جیبەجێدەکران. [١٠] هەندێك لەو بڕیارانە، وەك بڕیاری ڕۆژی دووەمی مانگی مارچ، کە "سۆڤیەت هاریکاری لەتەك فەرمانداریی کاتی ناکات"، بۆ بڕیار لەسەردان خرایە بەردەم سۆڤیەت وەك گشتێك، بەڵام بە زۆریی پێشنیارەکان نەچوونە پای بڕیاردان.

سوخانۆڤ (Sukhanov)، ڕۆژنامەنووس و ئەندامی ئەو کۆمیتەی بەڕێوەبردنە، کارکردی ئەو سۆڤیەتە ئاوا باسدەکات:

" تا ئەم ڕۆژ من ئەندامی (کۆمیتەی بەڕێوەبەری سۆڤیەت)م، بەتەواوی لەوەی کە سۆڤیەت لە مامەڵەکردنی لەتەك پرسەکانی ڕۆژ، چۆن دەجوڵایەوە، ئاگادار نیم. هیچ کاتێك بۆم گرنگ نەبوو، نە ئەوکات و نە پاش ئەوەش، چونکە بۆ خۆی ڕشنبوو، کە تەواوی کارە سەرەکییەکان کەوتبوونە سەر شانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری. بەڵام لەبارەی سۆڤیەتەوە لەم ساتەدا، لەو بار و

دۆخە بەرچاوەدا و بەو پێکهاتە چەندیی و چۆنایەتییەی، بە ڕۆشنی توانای بەرەوپێشبردنی هیچ کارێکی تەنانەت وەك پارلەمانی نەبوو و تەنیا بە ئەرکە مۆراڵییەکانی هەستاوە.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەبوو بۆ خۆی بەتەنیا بە کاروبارەکاندا ڕابگەیشتایە و هەر ئاوا پایەکانی فەرمانداریی دابڕشتایە. بە پلەی یەکەم، بڕیاردان لەسەر بەرنامەیەکی ئاوا لەلایەن سۆڤیەتەوە بەتەواوی ڕواڵەتیی بوو؛ دووەم، ئەو ڕواڵەتییبوونە دژوارنەبوو و هیچ کەسیش گرنگی بەوە نەدەدا...
"ئەوەی ئەی لە سۆڤیەتدا چی ڕوویدەدا؟" لەیادمە کە ئەم پرسیارە لە کەسێك کرا، کە لەپشتپەردەوە هاتە سەرشانۆ و دەستەکانی بەشێوەیەکی هیوابڕاوانە جووڵاندنەوە و گوتی "کۆبوونەوەی جەماوەریی! هەر کەس بیەوێت هەڵدەستێتەوە و هەرچی کە ئارەزوودەکات، دەیڵێت! " [١١]

سەرنجڕاکێشترین لایەنی ئەو سۆڤیەتە، پەیوەندی کەسیی نێوان نوێنەرانی کرێکاران و سەربازان لەیەك ئۆرگاندا بوو. ئامادەبوونی ئەو هەمووە نوێنەرانەی سەربازان، فرەتر لە فەرمانداریی کاتی هێزی کەتواری بە کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەبەخشی، لەبەرئەوەی سۆڤیەت لە پارێزگاریی سەربازانی خۆجێیی بەهرەمەندبوو.

کۆتایی مانگی مارچ، زیاتر لە سێ هەزار (٣٠٠٠) کەس نوێنەری سۆڤیەتەکان بوون، کە دوو لەسەر سێیان سەرباز بوون. ئەوانە لەسەر بنچینەی هەر نوێنەرێك بۆ هەزار (١٠٠٠) کرێکار، یەك نوێنەر بۆ هەر کارخانەیەك کە کەمتر لە هەزار (١٠٠٠) کرێکاری تێدا بێت و یەك نوێنەر بۆ هەر یەکەیەکی سەربازیی هەڵدەبژێردرا. نێوەڕاستی مانگی ئەپریل، لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی، لەبەرئەوەی سۆڤیەت قەبارەکەی زۆر گەورە بووبوو، دەنگ بە چاکسازیی و ڕێکخستنەوەی لە شێوەی ئۆرگانێکی نوێ درا، نزیکەی شەش سەد (٦٠٠) ئەندامی هەبوو، کە نیوەیان سەرباز و نیوەکەی دیکە کرێکار بوون. ئەم سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیە لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەتەوە، کە لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەرییەوە هەڵبژێردرابوو، پێکهێنرا و بەلابردنی "نوێنەرانی کاتیی" و هەر ئاوا لابردنی نوێنەرانێك کە لەلایەن دەستەگەلێکەوە هاتبوون، ژمارەیان کەمی کردبوو، ژمارەی ئەندامانی سۆڤیەت هاتەخوارەوە. وێڕای ئەوەش دەسەڵات لەدەست کۆمیتەی بەڕێوەبەرییدا مایەوە. ئەو بار و دۆخە لە سەرەتاوە ئاوا بوو و بەدرێژایی ماوەی بەهار و هاوینی ١٩١٧ بارەکە هەر بەو جۆرە مایەوە. [١٢]

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ڕۆڵی خۆی فراوانکردەوە و کۆمیتەی جۆراو جۆری بۆ کارکردن لەسەر پرسە جیاوازەکان پێکهێنان؛ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، چاودێری بەسەر خزمەتگوزاریی جۆراوجۆردا و هیدیکە. هەرچەند ژمارەی ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە زیادکردیاندەکرد، پایەکانی [ڕیزەکانی خوارەوەی] سۆڤیەت فرەتر دەسەڵاتیان لەدەستدەدا. ژمارەی کۆبوونەوەکان کەمکرانەوە و بە دوای ئەوەدا خودی سۆڤیەت بێجگە لە شوێنی کۆبوونەوە شتێکی دیکە نەبوو، واتە شوێنێك کە کرێکاران و سەربازن دەیانتوانی تێیدا کۆببنەوە، بۆچوونەکانیان ڕابگەیێنن و کەسانی دیکەی وەك خۆیان بەسەربکەنەوە و بنکەکانی هەڵبژاردنیان لەوەی کە ڕویدەدا و لەڕوودانداا بوو، ئاگاداربکەنەوە. ئەو ئۆرگانە بۆ خەڵکانێك کە هیچ کاتێك بواری دەربڕینی بۆچوونەکانیان بۆ نەڕەخسابوو، ئەو توانایەی پێدەبەخشین. بەڵام نوێنەرایەتی هێزی چینی کرێکار نەبوو؛ هەرچی هەبوو، نموونەیەك بوو لە بێدەسەڵاتی.

ئاوا دەردەکەوت کە ئەم سۆڤیەتە لە سەرتاسەی ڕوسیە [هەم لە ناوچە شارییەکاندا و هەم لە ناوچە گوندنشینەکاندا] باڵانمای تەواوی سۆڤیەتەکانە. زۆربەی کات، کرێکاران و جوتیاران لەتەك سۆڤیەتەکانی خۆیاندا دەکەوتنە ناکۆکییەوە. نە ئەو ئۆرگانە و نە فەرمانداریی کاتیی نەدەتوانرا وەك ئامرازی هێزی چینی کرێکار لەبەرچاو بگیردرێن. لەپاڵ ئەوەدا، کرێکاران توانیان ئامرازێکی وەك کۆمیتەکانی کارخانە داهێنن.

لە کاتێکدا کە سۆڤیەتەکان بە زۆری سەرقاڵی پرسی ڕامیاریی - پێکهێنانی فەرمانداریی و درێژەی جەنگ- بوون، کۆمیتەکانی کارخانە تەنیا بە پرسە پەیوەستەکانی بەردەوامیی بەرهەمهێنان لە کارخانەکاندا خەریکبوون. زۆرێك لەو کۆمیتانە لە بەرەنگاریکردنی داخستنی کارخانەکان یا خراپەکاری کارخانەدارەکاندا، بەشێوەیەکی کتوپڕ سەریانهەڵدا. لە ڕێگەی ئەو کۆمیتانەوە بوو، کرێکاران هیوایان کەوتەوەبەر تا گرفتە سەرەتاییەکانیان -چۆن بەرهەمهێنان سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە و چۆن گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیان لەنێو گێژاوی ئابووریدا دابینبکەن- چارەسەربکەن. زۆرێك لە کرێکاران لەتەك ئەو دووڕیانەدا ڕووبەڕووبوون؛ یا بەخۆیان بەڕێوەبەریی بەرهەمهێنان بەدەستەوەبگرن یا ئەوەی برسیەتی بکێشن. کرێکارانی دیکە کە لەڕووی دامەزراوییەوە بەڕادەیەك مسۆگەرتر بوون، هەم کەوتبوونە ژێر کاریی سەرهەڵدانی چالاکییەکان، کە تایبەتمەندیی شۆڕش بوو و هەم کەوتبوونە ژێر کاریی خراپتربوونی باری ئابووری. بۆ ئەوەی مسۆگەربمێننەوە، دەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی کارخانەکاندا فرەتر قسەیان بڕۆشتایە. بەو جۆرە کرێکاران بۆ ئەوە پەیانبرد، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و باشترکردنی بار و دۆخیان پێویستیان بە ڕێکخراوگەلێك لە ئاستی کارخانە هەیە.

یەکێتییەکان لەبارەی ئەو پرسانەوە نەیاندەتوانی پاڵپشتێك بن. تاکو پێش کۆتایی سەدەی نۆزدە، یەکێتییە کرێکارییەکان نایاسایی بوون. یەکێتییە نەریتییەکان، کە دەستپێشخەرییەکی ناکارا بوون لەلایەن یەکێکتییە کرێکارییەکانی ئەوروپای خۆراواییەوە، لە ڕوسیە لەئارادا نەبوون، لەبەرئەوەی کە لە ڕوسیە هێشتا پیشەسازی بچووك و سەرەتایی بوو، تەنیا لە ڕامیارییترین کرێکاران دەکرا چاوەڕوانیی ئەوە بکرێت، کە لە هەل و مەرجی ئاوا سەرکوتگەرانەدا هۆگری یەکێتیگەرایی بن و ئاوا کرێکارانێك فرەتر بەلای پەیوەستبوون بە ڕێکخراوە ڕامیارییە ڕادیکاڵەکانی ئەو کاتەدا دەشکانەوە. ساڵی ١٩٠٥ یەکێتییە کرێکارییەکان ڕۆڵێکی لاوەکی و لاوازیان لە ڕاپەڕیندا گێڕا. زۆربەیان لە سەرکوتی چەند ساڵی دواتردا تێکشکێنران. بەڵام ژمارەیەکی دیاریکراوی هەڵبژاردەیان مۆڵەتییان وەرگرت، تاوەکو لەژێر چاوەدێریی پۆلیسدا درێژە بەکارکردن بدەن. لە سەردەمی ڕاپەڕینی فێبریوەری ١٩١٧ چەندین یەکێتی کرێکاریی وەك ڕێکخراوی سەرتاسەری (میللی) لەئارادا بوون، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان جەماوەریان لە کارخانەکاندا هەبوو. زۆربەی ڕابەرانی یەکێتییە کرێکارییەکان سەر بە مەنشەڤیکەکان بوون، ئەو بۆچوونەیان ڕەتدەکردەوە، کە دەبێت کرێکاران لە کاروباری نێو کارخانەکاندا بەشدارییبکەن. لە ماوەی چەند مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٧دا، ژمارەی ئەندامانی یەکێتییەکان لە چەند هەزارەوە بوو بە یەك ملیۆن و نیو (١.٥) ئەندام. زۆربەی ئەو زیادکردنە، تەواو ڕواڵەتیی بوو، واتە بۆ کرێکارانی ڕادیکاڵ ئەوە بووبووە بنچینەیەك، کە دەبێت لە یەکێتییەکاندا هەبن. چالاکی کەتواریی لە فرەبوونی سەرسوڕهێنەرانی کۆمیتەکانی کارخانەدا بەرجەستەبووبوو، هەر ئۆرگانێك لە کارخانەیەکدا هەبووبێت، لە کرێکاران پێکهاتووە و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبرا. لە ڕێگەی ئەو کۆمیتانەوە بوو، کە زۆربەی کرێکاران هەوڵیاندەدا تا گرفتەکانیان چارەسەربکەن.

ئەو کۆمیتانە گرنگیان بە پێکهێنانی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی کرێکاران دەدا، کە لە ڕێگەی ئەوەوە کرێکاران دەیانتوانی لەتەك ڕووبەڕووبوونەوەی هەر گرفت هیوایان بەچارەسەری هەبێت؛ واتە پرسی بەڕێوەبەریی بەرهەمهێنان لە کارخانەکاندا. تەنیا لە ڕێگەی ئۆرگانگەلێکی وەك کۆمیتەکانی کارخانە، ڕاستەوخۆ لەلایەن کرێکارانەوە پێکهێنرابوون و ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی کرێکارانی هەمان کارخانەوە بەڕێوەدەبران، کە کرێکاران دەیانتوانی گەشە بە ڕێکخراوەکانیان و بە هاوپشتی چینایەتییان بدەن و لە بەدەستهێنانی زانیاری پێویستدا بۆ بەڕێوەبەریی بەرهەمهێنان، بەشداربن. هەر ئاوا کە سۆڤیەتەکان بەزۆری سەرقاڵی پرسی "ڕامیاریی" بوون و لەبەرئەوە کۆبوونەوەکانیان ئاسایی بێسەروبەرە بوون. بۆ چارەسەری گرفتی دەستبەجێی کرێکاران کەمتر یارمەتیدەر بوون. لە هەموو نێوەندێکی پیشەسازیی سەراسەری

ڕوسیەی خۆراواییدا ئاوا کۆمیتەگەلێك سەریانهەڵدا. ئەندامەتی لە کۆمیتەیەکدا هەمیشە تایبەت بە کرێکارانیك بوو، کە هێشتا لەو کارخانەدا کاریاندەکرد. گرنگترین بڕیاردان لە کۆبوونەوەی گشتی تەواوی کرێکاران لە کارخانەدا دەدرا. کرێکاران هەوڵیاندەدا بۆ چارەسەری گرفتە دەستبەجێکانیان، هێزیان لەنێو کارخانەدا بپارێزن. هیچ کەسێکی دیکە نەیدەتوانی ئەو کارەیان بۆ ئەنجامبدات. لە یەکەمین مانگەکانی شۆڕشدا بۆ خستنەڕووی کۆمەڵێك داخوازی و لە هەندێك بارەوە بۆ دەستبەکاربوون بەرەو بەدیهێنانی ئەو خواستانە، ئەو کۆمیتانە لەلایەن کرێکارانەوە بەکارهێنران. پاول ئاڤریچ (Paul Avrich) ئاوا لەبارەی کارکردی هەندێك لە کۆمیتەکانی کارخانەکانەوە لە یەکەم مانگەکانی ڕاپەڕیندا دەدوێت:

"کۆمیتەکانی کارخانە سەرەتا داخوازییەکانیان بە زیادکردنی کرێ و کەمکردنەوەی ماوەی ڕۆژانەکار بەرتەسك نەکردەوە، وێڕای ئەوەی کە ئەو داخوازییانە لەسەرەووی هەموو لیستێکی داخوازییەکانەوە بوون، ئەوەی ئەوان بێجگە لە بەرژەوەندی مادییان خوازیاری بوون، مافی ڕۆڵگێڕانیان بوو لە بەڕێوەبەرایەتیدا. بۆ نموونە، ئەوەی کە کرێکارانی کارگەی کەوشی سکۆرۆخۆد Skorokhod لە پترۆگراد ڕۆژی ٤ی مانگی مارچ پێهەستان، ئەوەی ئەوان وێڕای دیاریکردنی هەشت سات کاری ڕۆژانە و زیادکردنی کرێ، لە خاوەنکار خوازیاری پێدانی دوو بەرابەری کرێ بۆ زیادەکاری بوون؛ هەر ئاوا خوازیاری بە فەرمیناسینی کۆمیتەکانی کارخانەکانیان و مافی ڕادەربڕینی کۆمیتە لە دەرکردن و خستنەسەرکاری کرێکاران بوون. لە کارخانەی ڕادیۆتێلەگرافی پترۆگراد، کۆمیتەیەکی کرێکاران پێکهات تاوەکو بەو جۆروی کە ڕایدەگەیاند " پێشنیاری بنچینە و بڕیارنامەکانی ژیانی نێو کارخانە گەڵالەبکات"، لە کاتێکدا کۆمیتەکانی کارخانەکانی دیکە بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکی بەڕێوەبەران و ئەندازیاران و سەرکرێکارەکان هەلبژێردرابوون. لە نێوەندە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی پترۆگراد و بەتایبەت نێوەندی کانزاکاری دەوڵەتی، کە بە ڕادەیەکی زۆر تەنیا تایبەت بە پێداویستیی جەنگی بوو و لەوانەیە چارەکە ملیۆنێك کرێکاری لە پایتەختدا هەبووبێت، شێوەی سەرەتایی "کۆنترۆڵی کرێکاریی" بەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردندا یەك شەوە سەریهەڵدا. [١٣]

لەبەرئەوەی کە بەدوای شۆڕشی فێبریوەریدا باری ئابووری لەوە خراپتر بوو ( هەڵئاوسان بەردەوامبوو، بەرهەمهێنان کەوتبووە زیادبوون، بەڵام ئەوەش بەشێوەیەکی پچڕوچڕ)، کرێکاران لە خستنەڕووی داخوازییەکان لەبارەی کرێیکار و هەل و مەرجی کار و سەرەتاکانی "چاودێری کرێکاریی"، بەکردەوە ڕوویان لە بەدەستەوەگرتنی کاروبارەکان و خستنەوەکاری ژمارەیەکی هەرچی زۆرتری کارخانەکان. بۆ ئەوەی کرێکاران ڕێگەیەك بۆ دەرچوون لە قووڵتربوونەوەی قەیرانەکان بدۆزنەوە، ئەوا دەبوو دەستبەکاربن. پرسێکی دەستبەجێ کە

سەرەڕێی لێ گرتبوون و لە ئاستی کارخانەدا ڕووبەڕووی بوون، چۆنیەتی سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانی کارخانەکانیان لەژێر بەڕێوەبەرایەتی خۆیان بوو. کاتێك کە ڕووبەڕووی ئەو پرسە سەرەتاییە بوونەوە و کرێکاران لە ڕێگەی کۆمیتەکانی کارخانەکانەوە دەستیاندایە چارەسەرکردنی. لە زۆر بارەوە بەکردەوە بەرهەمهێنانیان لەژێر بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا خستەوەگەر، پرسێکی تازە و تەنانەت دژوارتریش پەیدا بوو.

هیچ کارخانەیەك نەیدەتوانی بەتەنیا خۆبەسێی (خودکفا) بێت. بەرهەمهێنان پابەندی کەرەستەی خاو و بەردەوامی بەرهەمهێنان و چۆنیەتی دابەشکردن بوو. زۆر کۆمیتە بۆ بەدەستهینانی کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمهێنانیان، لەتەك کۆمیتەی کارخانەکانی دیکە کەوتنە کێبرکێ. دەرکەوت کە ئاوا ڕێگەچارەیەك (کێبرکێ) وەڵام بەو گرفتە دژوارانە ناداتەوە. هەموو کارخانەکان نەیاندەتوانی کەرەستەی خاوی پێویست بەدەستبینن. کێبڕکێ نرخی کەرەستەی خاوی بەرزکردەوە. زۆربەی ئەو کارخانانەی کە تازەکی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانیان دەستپێکردبووەوە، لەبەر بێتواناییان بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی خاو و ئامێری نوێ، خۆیان لەبەردەم مەترسی ناچاربوون بە لەکارخستنەوە دیتەوە. پێداویستی فێدراسیۆنیك بوو بە دیاردەیەکی نکۆڵیهەڵنەگر. ئەوەی کرێکاران - زۆر خیراتر لە کەسانی دیکە - ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە دەبێت ئامرازێك بۆ هاریکاری و هاوئاهەنگی لەتەك کرێکارانی دیکە لە کارخانە و ناوچەکانی دیکەدا دابهێنن، تا لەتەك ئەوانەی کە کەرەستەی خاویان بۆ دەستەبەردەکردن، ئەوانەی کە هەمان بەرهەمیان بەرهەمدەهێنا و ئەوانەی کە پێویستیان بە بەرهەمەکانیان بوو هاریکاریی و هاوئاهەنگیی پێکبهێنن. "دارایی" یەك کارخانەیی سەپێنراو لەلایەن کرێکارانی کارخانەیەکەوە نەیدەتوانی گرفتە دژوارە ئابوورییەکان چارەسەربکات. تەنیا کۆششێکی هاوئاهەنگی بەرفراوان لەلایەن کرێکارانی کارخانە جۆراوجۆرەکانەوە ئەو کارەی مەیسەردەکرد. کرێکاران دەبوو لە گۆشەگیریی نێو کارخانەکانی خۆیان واوەتر بڕۆن و لەو ڕووەوە بۆ داهێنانی شێوازی هاوئاهەنگی سەرتاسەری پیشەسازی و ناوچەیی ڕوویان لە کۆمیتەکانی کارخانەکانیان نا.

لە هەمان کاتدا فەرمانداری کاتیی هەوڵیدەدا، تاکو بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی بەڕێوەبەرایەتیی بەرهەمهێنانەوە بسەپێنێت. لە کۆششی ئەوەدا بوو، بە بەرتەسکردنەوەی چالاکی کۆمیتەکانی کارخانە بە چاودێری بەسەر تەندروستی و ئاساییش لە کارخانەکاندا لاوازیانبکات. دەبوو تەواوی هاوئاهەنگییەکان لەژێر چاودێری فەرمانداریی کاتیی و کاربەدەستانی ئەودا بوونایە. ئەوە بۆ کۆمیتەکانی کارخانە هۆکارێکی ئافراند، تاوەکو بەیەکەوە

پەیوەستبن. کە بەتەنیایی دەتوانرا لەلایەن فەرمانداریی و کاربەدەستانییەوە تواناییان لێ بستێنرێتەوە. بەڵام لە یەکگرتندا لەتەك یەك دەیانتوانی هێزێك پێکبهێنن، کە لەنێوبردنی لە توانادانەبێت، مەگەر ئەوەی فەرمانداریی ئامادەبێت تەواوی بەرهەمهێنان ڕابگرێت، واتە کارێکی ئەستەم. یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵە کۆمیتەیەکی کارخانە لە نێوەڕاستی مانگی ئەپریل لە پترۆگراد ڕوودەدات. بڕیاری سەرەکی ئەو کۆنفرانسە پێداگرتنەوەی لێبڕاوانە بوو لەسەر مافی کرێکاران لە بەدەستەوەگرتنی ژیان و کاروباری نێوخۆیی کارخانە؛ بابەتەکانی وەك " درێژیی ماوەی ڕۆژانەکار، کرێی کار، وەرگرتن و دەرکردنی کرێکاران و فەرمانبەران، مۆڵەت و هیدیکە".[١٤] بەڵام، تا ئەوێندەرێ کە پەیوەندیگرتنەکانی نێوان کۆمیتەکانی کارخانە بەمەبەستی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان لە ئاستی شارێکدا دەخرانەڕوو، لەو ڕووەوە هیچ پێشڕەوییەك ڕوویندا.

فەرمانداریی کاتییش مانگی ئەپریل جارێکی دیکە کەوتەوەخۆ. ڕۆژی ٢٣ی هەمان مانگ لەسەر کۆمەڵە یاسایەك بڕیاردرا، کە مافی کۆمیتەکانی کارخانەیان بۆ نوێنەرایەتی کرێکاران لە ڕاوێژ لەتەك بەڕێوەبەرایەتیی و چاودێریی بەسەر هەل و مەرجی تەندروستی لەنێو کارخانە بە فەرمی دەناسی. ئامانجی سەرەکی ئەو بڕیارانە " لێدان بوو لە گرنگیی ڕۆڵی کۆمیتەکانی کارخانە و سنووردارکردنی دەسەڵاتیان"[١٥]. بەڵام فەرمانداریی کاتیی توانای سەپاندنی ئەو بڕیارانەی نەبوو. کرێکاران لە سەرتاسەری ڕوسیەدا بەخێرایی بۆیان دەرکەوت، کە فەرمانداریی کاتیی لە هەوڵی چ کارێکدایە و بەوپەڕی توانای خۆیان وەڵامیان دایەوە. بەگوێرەی گوتەی پانکراتۆڤا (Pankratova) - کە مێژوناسێکی بۆلشەڤیکی بزووتنەوەی کۆمیتەی کارخانەکانە بوو- " بۆ وەڵامدانەوە بەو بڕیارانە، هەر کارخانەیەکی گەورە و هەر ناوچەیەکی فراوانی شاریی، شانۆی چالاکی خۆبەخۆ بوو. کرێکاران ڕێنوێنییە نوێیەکانی فەرمانداریی ڕەتکردنەوە و چەند هەنگاوێکیان بەرەو بەهێزکردنی هێزی خۆیان لە کارخانەکاندا هاویشت. هەوڵی نوێ بۆ دروستکردنی پەیوەندی و هاوئاهەنگی نێوان کارخانەکاندا هاتنەئاراوە. تەواوی ئەوانە تەنیا وەڵام بە کارکردی فەرمانداری نەبوون، بەڵکو بەهۆی خراپتربوونی هەل و مەرجی ئابووریشەوە بوون". [١٦]

٢٩ی مانگی مەی (ئایار) ، کۆنگرەی کۆمیتەکانی کارخانە لە خارکۆڤ (Kharkov) بەسترا، کە بووە هۆی پێداگرتنیکی بەهێز لەسەر خۆبەڕێوەبەرایەتیی کرێکاران، بەڵام نەیتوانی پرسە چارەنووسسازەکانی وەك هاوئاهەنگیی ئامادەکردن و بەرهەمهێنان و دابەشکردن چارەسەربکات. ڕۆژی دواتر کۆنگرێسی گشتی کۆمیتەکانی کارخانە لە پترۆگراد و ناوچەکانی

دەوروبەری لە پایتەخت بەسترا. نزیکەی چوار سەد (٤٠٠) نوێنەری کۆمیتەکان بەشدارییان تێداکرد. لە ماوەی کۆنگرێسەکەدا بەیاننامەیەك گەڵاڵەکرا، کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی تا ئەو دەمی ڕۆشندەکردەوە . ئەوەی خستەڕوو، کە ئەو ئاڵوگۆڕانە تا چ ڕادەیەك لەلایەن کرێکارانێکەوە کە تێیدا بەشداربوون، دەرك کراوە.

لە سەرەتای شۆڕشدا، فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیی کارخانەکان دەستیان لە کارەکانیان کێشایەوە. کرێکارەکان بەکردەوە بووبوونە خاوەنکار. بۆ بەردەوامی کاری کارخانە، کۆمیتەکانی کارخانە دەبوو بەڕێوەبەریی بگرنەدەستی خۆیان. لە یەکەمین ڕۆژەکانی شۆڕشدا واتە مانگی فێبریوەری و مارچ، کرێکاران کارخانەکانیان بەجێهێشتن و ڕژانە سەرشەقامەکان. کارخانەکان لە کارکەوتن. نزیکەی دوو هەفتە دواتر، جەماوەری کرێکاران گەڕانەوە سەرکارەکانیان. زۆرێك لە کارخانەکان بەجێهێڵران. بەڕێوەبەران و ئەندازیاران و سەرۆکەکان و میکانیکەکان و سەرکرێکارەکان ئاوایان دەبینی و دڵنیابوون لەوەی، کە کرێکاران تۆڵەیان لێ دەکەنەوە، لەبەرئەوە خۆیان شاردەوە. کرێکاران دەبوو بەبێ ئەوەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێنوێنیانبکەن، کارەکانیان دەستپێبکەنەوە. دەبوو کۆمیتەگەلێك هەڵبژێرن، کە بەرەبەرە سیستەمێکی جێکەوتەی کار، سەرلەنوێ چێکەنەوە. کۆمیتەکان دەبوو کەرەستەی خاوی پێویست پەیدابکەن و هەمووان پێکەوە لێپرسراویی گشت ئەرکە چاوەڕواننەکراوەکان و ناجێکەوتەکان لە ئەستۆ بگرن.[١٧]

بڕیارنامەی کۆتایی کۆنگرێسەکە، کۆمیتەکانی کارخانەی وەك "ڕێکخراوەی تێکۆشەرانە کە لەسەر بنەمای فراوانترین دیمۆکراسی و ڕابەریی بەکۆمەڵ هەڵبژێردراون" و ئامانجیان " بەدیهێنانی هەل و مەرجی نوێیە بۆ کارکردن ... ڕێکخراوەی کۆنترۆڵکردنی کەتواریی کرێکاران بەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردن" ناساند. وێڕای ئەوە، ئەو بڕیارنامەیە لەبارەی پرسگەلی "ڕامیاری" تێڕوانینی خۆی خستەڕوو و خوازیاری ئەوە بوو، کە " دەبێت لە تەواوی دەزگەگەلێکدا کە توانای بەڕێوەبردنیان هەیە، زۆرینەی پرۆلیتێری" ئامادەبێت. [١٨]

کۆنگرێس لە هەوڵی ئەوەدا بوو، تاکو لە پێداگرییەکی ئەبستراکت لەسەر بنچینەکانی خۆبەڕێوەبەرایەتیی واوەتر بڕوات و تێبکۆشێت بۆ ئەوەی نەخشەی ئەزموونگەریی بۆ هاوئاهەنگی بەرهەمهێنانێکی بەرفراوانتر فۆرمۆلەبکات. نوێنەران لە کۆنگرێسەکەدا لەبارەی یاریدەدانی یەکێتییە کرێکارییەکانەوە قسەیانکرد. بەو جۆرەی کە پێشتر لەم گۆتارەدا دیتمان، یەکێتییە کرێکارییەکان وێڕای ئەوەی کە لە سەردەمێکدا کەمتر جێگەی لێدوان و گرنگی بوون، لە سەرتاسەری ڕوسیەدا بوونیان هەبوو، پێکهاتەیەك کە پشتبەستوو بە

پەیوەندییەکانی نێوان پێشەسازی و ناوچەکان بوو. لەو کۆنگرێسەدا بەهیوابوون، کە ئەو پێکهاتەیە بۆ هاوئاهەنگی چالاکییە تاڕادەیەك دەرکەوتووەکانی هاوکاتی کۆمیتەکان، سوودی لێ وەربگیردرێت. وێڕای ئەوەی لەبارەی ڕوونان لە ڕێکخراوەکانی دیکە بۆ یارمەتی بەمەستی هاوئاهەنگی، دوودڵیی سەرهەڵدا ( چ پارتییە ڕامیارییەکان و چ یەکێتییە کرێکارییەکان و چ هەر کەسێکی دیکە بێجگە لە خودی کۆمیتەکانی کارخانە)، توندی قەیرانی ئابووری پێداویستیی دەستوبرد چالاکیی بەسەر نوێنەراندا دەخستەڕوو و ئاوا بەرچاودەکەوت، کە سوودوەرگرتن لە پێکهاتەی جێکەوتە لە پێکهێنانی پێکهاتەی نوێ ئاسانتر بێت.

سەرەتای دەستپێکردنی ئەو قۆناخە (واتە سەرەتای مانگی جون)، کارایی پارتیی بۆلشەڤیك لەنێو کۆمیتەکانی کارخانەدا کەوتە گەشەکردن. بۆلشەڤیکەکان دەستەیەکی تاڕادەیەك بچووك لە شۆڕشگێڕانی پیشەیی بوون، بە ڕابەریی لێنین ئاوای دەبینی، کە لە ڕوسیەدا "شۆڕشی سۆشیالیستی" لە ئەگەری ڕووداندایە. تاکو پێش گەڕانەوەی لێنین لە دوورخراوگە واتە مانگی ئەپریل، ئەوان لە بەرانبەر ڕووداوەکان گۆشەگیر بوون. بەڵام لێنین بە خێرایی ئاراستەی پارتیی گۆڕی. لە یەکەمین مانگەکانی شۆڕشدا، بۆلشەڤیکەکان لەبارەی پرسی کۆنترۆڵی کرێکاران بەسەر بەرهەمهێناندا، دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا، پشتیوانی لە فەرمانداریی کاتیی و بەردەوامی جەنگ ڕارا بوون، پرسگەلێك کە بۆ کرێکاران و جوتیاران چارەنووسساز بوون. لێنین بە ماندووبوونێکی زۆرەوە، پارتیی کێشایە سەر ڕێگەیەك، کە پێگەی لەبارەی تەواوی ئەو پرسانە ڕۆشنبکاتەوە و لە ئەنجامی ئەو کارەدا بەرنامەی پارتیی بە داخوازیگەلێك ڕاستکردەوە، کە پێشتر بەڕۆشنی لەلایەن کرێکاران ( بۆ نموونە، کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان لەلایەن کۆمیتەکانی کارخانەوە، بەدەسەتەوەگرتنی دەسەڵاتی ڕامیاریی لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە، کشانەوە لە جەنگی جیهانی) و جوتیارانەوە ( بۆ نمموونە، کۆتاییهێنان بەجەنگ و دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەوانەی کە لەسەری کاردەکەن) دەربڕدرابوون و بەرزکرابوونەوە. هیچ پارتییەکی ڕامیاریی دیکە بەئاشکرا خۆی نەکێشایە ژێر پشتیوانی لە کارکرد و خواستەکانی جەماوەری ڕوسیە. لەو ڕووەوە، زۆرێك لە کرێکاران لە بەرانبەر هەوڵەکانی فەرمانداریی کاتیی بەمەبەستی لاوازکردنی دەستکەوتەکانیان و هەوڵەکانیان بۆ فراوانکردنەوەی هێزیان، وەك هاوپەیمانێکی خوازراو لە پارتیی بۆلشەڤیکیان دەڕوانی. بەگوێرەی زۆرینەی لەبەرچاوگرتنەکان، بۆلشەڤیکەکان بە هۆی پشتگیریکردنیان لە یەکگرتنی کۆمیتەکان ( بۆ جێگیرکردنی دەسەڵات لە بەرانبەر سۆڤیەتەکانی ژێر کارایی مەنشەڤیکەکان) کاراییەکی بەهێزیان لەو کۆنگرێسەدا هەبوو.

لە ماوەی چەند هەفتەدا، دەرکەوت کە کۆمیتەکانی کارخانە ناتوانن بۆ هاوئاهەنگی پشت بە یەکێتییە کارگەییەکان ببەستن. کۆتایی مانگی جون، کۆنگرێسی یەکێتییە کرێکارییەکان لە پترۆگراد بەرپاکرا. لەوێدا ڕۆشنبووەوە، کە یەکێتییەکان خوازیاری گوێڕایەڵکردنی کۆمیتەکانی کارخانەن لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان. تێگەیشتنیان لە "هاوئاهەنگی" ئەوە بوو، کە دەبێت تەواوی بڕیارە بنچینەییەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و دابەشکردن، لەلایەن ئۆرگانە نێوەندییەکانەوە بدرێن و (بەو شێوەیە لەنێو یەکێتییەکاندا وەك پێکهاتە لاوەکی دەبوون) دەبوو کۆمیتەکانی کارخانە ئەو بڕیارانە جێبەجێبکەن. بەواتایەکی دیکە، "هاوئاهەنگی" لە ڕێگەی یەکێتییەکانەوە بەواتای کۆنترۆڵکردنی کۆمیتەکان لەلایەن یەکێتییەکانەوە بوو.

کۆتایی مانگی جون لە ڕوسیە جەمسەربەندیبوونەوە دەستپێکرد. هێڵەکانی جیایی نە بەڕۆشنی کێشرابوون و نە بەگوێرەی پێویست ئەو هێڵانە لەلایەن بەشداربووانەوە لە ڕووداوەکاندا دەرکدەکران. گرنگترین هێڵی جیایی ئەو هێڵە بوو، کە کۆمیتەکانی کارخانەی لە تەواوی دامەزراوەکانی دیکە - سۆڤیەتەکان و یەکێتییەکان و پارتییە ڕامیارییەکان و فەرمانداریی کاتیی - جیادەکردەوە. هەمووان لە هەوڵی ئەوەدا بوون، تاوەکو کۆمیتەکان کۆنترۆڵبکەن. لەنێوان ئەو گروپانەی کە هەوڵی خۆزاڵبوون بەسەر ئەوانی دیکەیان دەدا، جیاوازی ئاشکراش هەبوو، ( لەنێو لایەنەکانی دیکەدا، تەنیا بۆلشەڤیکەکان پشتیوانیان لە کۆمیتەکان دەکرد). کرێکارانی چالاك لە کۆمیتەکانی کارخانەدا سۆڤیەتەکانیان وەك دوژمن نەدەدیت، بەڵکو لە ڕاڕایی سۆڤیەتەکان لەبارەی پەرەپێدانی کۆنترۆڵ بەسەر بەرهەمهێناندا لەلایەن کۆمیتەکانەوە و خۆدزینەوەی سۆڤیەتەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا لەتەك فەرمانداریی کاتیی لەسەر پرسی دەسەڵاتی ڕامیاریی، هیوابڕاو بووبوون.

سەرەتای مانگی جولای، نارەزایەتی جەماوەریی بەرانبەر فەرمانداریی کاتیی و ڕامیارییەکانی (بەردەوامی جەنگ و هەوڵەکانی بۆ لاوازکردنی کۆمیتەکانی کارخانە) و هەر ئاوا ئەوەی کە سۆڤیەتەکان ئەنجامیاندەدا ( یا ڕۆشنتر، ئەوەی کە ئەنجامیاننەدەدا)، لە شێوەی خۆنیشاندانی توندوتیژ و دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان لەلایەن جوتیارانەوە سەریهەڵدا. ڕۆژی ٣ی جولای کۆمەڵێك لە سەربازان و کرێکارانی چەکدار هێرشیانکردە سەر سۆڤیەتی پترۆگراد ( لە کاتێکدا کە کۆمەڵێکی گەورەتر لە دەرەوە خۆنیشاندانیاندەکرد) و لەبەر سازشکارییان لەتەك بۆرجوازی و دوودڵییان لەبارەی وەرگرتنی دەسەڵات لە فەرمانداریی کاتیی پەلاماری نوێنەرانی سۆڤیەتیان دا. خوازیاری گشت دەسەڵات بۆ سۆڤیەتەکان بوون، بەوەی تەواوی زەوییەکان خۆماڵییبکرێن، شالیارانی جۆراوجۆری بۆرجوازی وەلابنرێن و

بەشداری لە جەنگدا کۆتاییپێهێنرێت. [١٩] سەراپای مانگی جولای لە سەرتاسەری ناوچە شارییەکانی وڵات خۆنیشانانی جەماوەریی و مانگرتن ڕوویدا. فەرمانداریی کاتیی هەوڵیدا تا بۆلشەڤیکەکان بەو هەڵچوونانە تاوانبارکات. بەڵام لە ڕاستیدا بۆلشەڤیکەکان هەوڵیاندابوو تاوەکو هەندێك لەو خۆنیشاندانانە ڕابگرن، لە بڵاوکراوەکانیاندا دژی ئەو خۆنیشاناندانانە دەپەیڤین و خوایاری ئەوە بوون، کە ئەندامانی پارتیی بەشدارییان تێدا نەکەن. سەرەنجام، ئەوانە بە کۆمەڵێکی گومانلێکراوی کرێکاران ناسێنران و هەندێك لە کرێکاران کە ئەندامی پارتیی بوون، کارتی ئەندامەتی خۆیان بە نەفرەتەوە پارچەپارچەکرد.

سەرەتای مانگی ئۆگۆست، لە مۆسکۆ مانگرتنێکی گشتی ڕوویدا، کە بەزۆری خواستی "ڕامیاریی" هەبوو - کۆتایی جەنگ و ئەوەی کە دەبێت سۆڤیەتەکان جێگەی فەرمانداریی کاتیی بگرنەوە. سۆڤیەتی مۆسکۆ دژ بە مانگرتن بوو و ڕابەرانی هێشتا بەتەمانەبوون، کە خۆیان وەك ئەڵتەرناتیڤی فەرمانداریی کاتیی ڕابگەیێنن. بێجگە لەوە، لە بەرانبەر قەیرانی دژواری ئابووری، سۆڤیەت هەرچی زیاتر سەرقاڵی پرسی بەردەوامی بەرهەمهێنان دەبوو. ئەو مانگرتنە گشتییە لەلایەن کۆمیتەکانی کارخانەوە ڕێکخرابوو، کە بەخێرایی خۆیان گۆڕی بە کۆمیتەکانی مانگرتن. هەروەها بە "ئاگادارکردنەوە و ڕاهێنانی کرێکاران و کۆکردنەوەی پارە و پێشکەشکردنی یارمەتی " و بە هێنانە پێشەوەی خواستەکانی کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان لەلایەن خودی بەرهەمهێنەرانەوە سەرقاڵ بوون؛ داواکارییەك کە لە ڕێگەی کۆمیتەکانی کارخانەوە جێبەجێکرا. [٢٠] جەمسەربەندیی نێوان کرێکاران و سۆڤیەتەکانی تووندتر بوو.

لە ڕۆژانی ٧ تا ١٢ی مانگی ئۆگوست، دووەمین کۆنگرێسی کۆمیتەکانی کارخانەکانی پترۆگراد و ناوچەکانی دەوروبەری بەسترا. ئەو کۆنگرێس لە ڕێگەی پەسەندکردنی ئەوەی چواریەکی لە سەدا یەکی (٠.١%) موچەی کرێکارانێك کە لەلایەن کۆمیتەکانی کارخانەوە نوێنەرایەتیدەکران، بۆ پشتیوانی لە سۆڤیەتی نێوەندیی کۆمیتەکانی کارخانە وەلابخرێت، هەوڵی پەیگیرانە درا، تاوەکو نێوەندێکی کرێکاریی کارای یەکگرتوو لە کۆمیتەکانی کارخانە پێکبهێنرێت. ئەو کارە بەو مەبەستە بوو، کە ئامرازێکی پارێزگەریکەرانەی سەربەخۆ لە دەوڵەت و یەکێتییە کرێکارییەکان بدرێتە دەست سۆڤیەتی نێوەندی.[٢١]

لەبارەی ئەوەی کە یەکێتییەکان نەیاندەتوانی کەڵك لەلایەنی ڕێکخستن و هاوئاهەنگی بەرهەمهێنان وەربگرن، هاوڕاییەك لە ئارادابوو. بۆلشەڤیکەکان کە زۆرینەی نوێنەرانی ئەو کۆنگرێسیان لەخۆگرتبوو، بەئاشکرا سۆڤیەتی نێوەندییان وەك ئۆرگانێك بە کارکردی فرە جیاواز لە هاوئاهەنگی ئەبستراکت دەبینی. بەبۆچوونی ئەوان دەبوو ئەو سۆڤیەتە نێوەندییە

تواناپەکی بەرچاوی هەبێت، تاوەکو بتوانێت لەبارەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن بڕیاربدات، بڕیارگەلێك کە بە کۆمیتەکانی کارخانەوە دەبەسترانەوە.[٢٢] زۆرێك لە نوێنەرانی دیکە ئاوایان دەبینی، کە ئاوا ئۆرگانێك دەتوانێت کۆنترۆڵکردنی پرۆسێسی بەرهەمهێنان لە خودی بەرهەمهێنەران دەسێنێتەوە و ئەوەی کە هەبوو ( لەباری کشاندا بوو)، لاوازیدەکا و مافی بڕیاردانە گرنگەکان لەدەستی بەرهەمهێنەران دەردەکێشێت. لەو ڕووەوە دوودڵییەکی فرە لەبارەی پێکهێنانی ئەو سۆڤیەتە نێوەندییە لە ئارادابوو، سۆڤیەتێك کە تەنیا بە لاوازکردنی توانای خودی بەرهەمهێنەران و کۆمیتەکانی کارخانە، پرسی هاوئاهەنگی چارەسەردەکرد. بڕیارنامەی کۆتایی کە تێیدا هاتبوو "فەرمانەکانی کۆمیتەکانی کارخانە دواجار پابەندی ڕازیبوونی سۆڤیەتی نێوەندین و ئەوە سۆڤیەتە کە دەتوانێت هەر فەرمانێك لەلایەن کۆمیتەی کارخانەوە هەڵوەشێنێتەوە".[٢٣] بەرجەستەکردنی شکستێکی کەتواری بوو و بۆ ئەوانەی کە سەرپێچییان لە کۆنترۆڵکردنی کۆمیتەکان بەهۆی هەر ئۆرگانێکەوە دەکرد، کە بە ڕاسەریانەوە قوتکرابێتەوە. هەر لەو دەمەدا - سەرەتای مانگی ئۆگوست- کۆنگرێسی سەرتاسەری کۆمیتەکانی کارخانەکانی شاری مۆسکۆ بەسترا. لەوێشدا هەوڵ بۆ داهێنانی پێکهاتەیەکی هاوئاهەنگی درا، بەڵام ئەو جارە لە شێوەی " نێوەندییکردنەوە" لەژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتی ناوچەیی.

لە کاتێکدا ئەو هەوڵانە بۆ هاوئاهەنگی ئەنجامدەدران، کۆمیتەکانی کارخانە درێژەیان بە هەوڵدان بۆ چارەسەری پرسە سەرەکییەکانیان دەدا؛ دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەگەڕخستنیان لەلایەن خودی بەرهەمهێنەرانەوە. لەو ساتەدا پێداویستی ئەنجامدانی ئاوا کارێك تەنانەت فرەتر بووبوو، چونکە نرخی پێداویستییە سەرەکییەکان (وەك خواردن و پۆشاك و کەوش) دوو تا سێ بەرابەر خێراتر لە کرێیەکان زیادیکردبوو و ژمارەیەکی زۆرتر لە خاوەنکارخانەکان هەوڵی ڕاگرتنی بەرهەمهێنان دا. [٢٤] فەرمانداریی کاتیی لەدەست چالاکییەکانی کۆمیتەکانی کارخانە تووشی دڵەڕاوکێ بووبوو و هێرشێکی گەورەی یاسایی کردە سەریان. بەو ڕادەیەی کە فەرمانداریی هەستی بە پێداویستی لەنێوبردنی ئەو کۆمیتانە کردووە، پێگە و کارکردی ئەو کۆمیتانەمان بۆ دەردەکەوێت. ڕۆژی ٢٢ی ئۆگوست، سکۆبێلێڤ Skobelev شالیاری کار نامەیەکی فەرمی بڵاوکردەوە، کە ئەوەی تێدا هاتبوو:

"مافی وەرگرتن و دەرکردنی تەواوی کرێکاران بۆ خاوەنی کارخانەکان دەگەڕێتەوە ... هەنگاوی توندوتیژ لەلایەن کرێکارانەوە بەمەبەستی دەرکردن یا وەرگرتنی کەسانێکی دیاریکراو وەك هەنگاوی خەتاکارانە بەر لێپرسینەوە دەکەوێت. [٢٥]

نامەیەکی دیکەی فەرمی بە ڕێکەوتی ٢٨ی ئۆگوست، بەرپاکردنی دانیشتنەکانی کۆمیتەکانی کارخانەی لە ماوەی کارکردندا قەدەخەکرد. بەڵام لەوێوە کە فەرمانداریی دەسەڵاتی سەپاندنی ئەو یاسایانەی نەبوو، بەگشتی ئەو یاسایانە لەلایەن کرێکارانەوە پشتگوێدەخران. کۆمیتەکانی کارخانە لە بەرژەوەندی خودی کرێکاران باشترین ئامرازی بۆ پاراستنی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵکردنی دەخستە بەردەستیان. بەو جۆرە، کرێکاران نەیاندەویست مل بە فەرمانی بێدەسەڵاتانەی فەرمانداریی کاتیی بدەن. هەتا ڕوخانی فەرمانداریی کاتیی لە پاییزی ١٩١٧ تێکۆشان هەر بەردەوامبوو. تێکۆشانێك کە دەیتوانی بە لەنێوبردنی ئەم یا ئەو ڕەقیبی سەرەکی کۆتاییبێت. پانکراتۆڤا Pankratova لەبارەی لۆجیکی ئەو تێکۆشانەوە ئاوا دەنووسێت:

"تێپەڕبوون لە سستییەوە بۆ کۆنترۆڵی چالاکانە بەهۆی لۆجیکی پاراستنەوە دیکتەکرابوو. بەشداری کۆمیتەکانی کرێکاران لە وەرگرتن و دەرکردندا، یەکەمین هەنگاو بوو لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی کرێکاران لە شێوازی بەرهەمهێناندا ... پاشان، تێپەڕین بەرەو شێوەی باڵاتری کۆنترۆڵی تەکنیکیی و دارایی بوو بە شتێکی بێگەڕانەوە. ئەو پرسە، پرۆلیتاریای لەتەك گرفتێکی تازەدا ڕووبەڕووکردەوە؛ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و هێنانەدی پەیوەندی نوێی بەرهەمهێنان. [٢٦]

وێرای ئەوەش، کرێکاران و کۆمیتەکانی کارخانە نەیانتوانی گرنگیی تێکۆشانی خۆیان بۆ هێزی کۆمەڵایەتی دەرکبکەن. هەوڵەکانیان لە بواری "ئابووری"یدا گیرسانەوە. "دەسەڵاتی ڕامیاریی" کێشەی سۆڤیەتەکان بوو. کرێکاران هیواداربوون، کە سۆڤیەتەکان بەزوویی "دەسەڵاتی ڕامیاری" بەزۆر لە فەرمانداریی کاتیی وەربگرن و ئەو توانابیە بە کۆمیتەکانی کارخانە و ڕێکخراوە پەرەسێنە ناوچەییەکانیان بدەن، تاوەکو بەرهەمهێنانی پیشەسازیی بەڕێوەبەرن. مانگی ئۆکتۆبەر ئاوا سۆڤیەتگەلێکی کۆمیتەکانی کارخانە لە ناوچە جیاجیاکانی ڕوسیەدا پەیدابوون: لە ناوچەی باکووری خۆراوا : پێترۆگراد Petrograd، پسکۆڤ Pskov، نێڤێل Nevel؛ لە ناوچەی پیشەسازیی نێوەندیی: مۆسکۆ، ئیڤانۆڤۆ- ڤۆسێنسێنسك Ivanovo-Vosnesensk؛ لە پارێزگەکانی ڤۆلگا Volga: ساراتۆب Saratob، کازان Kazan، تزاریتسین Tsaritsyn؛ لە ئۆکرانیا لە ناوچە کانزاکانی باشوور: کارخڤ Karkhov، کییڤ Kiev، ئۆدیسا Odessa، ئیۆزۆڤکا Iuzovka؛ لە ناوچەی باشووری ڕۆژاوایی و قەفقاز Caucasus : ڕۆستۆڤ Rostov، نەخجەڤان Nakhichevan، ڕۆخی ڕوباری دان Dan، ئەکاترینۆدار Ekaterinodar؛ لە ناوچەی ئوراڵ Ural و سیبریا Siberia: ئیرکوتسك Irkutsk. [٢٧]

کۆنگرێسە خۆجێییەکانی کۆمیتەی کارخانەکان لە پێترۆگراد و مۆسکۆ لە کۆتایی مانگی

سێپتەمبەر و سەرەتای ئۆکتۆبەر، لەسەر درێژەدان بە ڕۆلیان لە بەرهەمهێنان - بەڕێوەبەرایەتی سەراپای پرۆسێسی بەرهەمهێنان - و هەروەها پێداویستیی پەرەپێدانی شێوازی باشتری هاوئاهەنگی، داکۆکییانکردووە.

پاش ماوەیەکی کورت، یەکەمین " کۆنگرێسی کۆمیتەکانی کارخانەکانی سەرتاسەری ڕوسیە" بانگەوازی بۆ کرا ( "سەرتاسەری ڕوسیە" کەمێك زیادەڕەوییە، چونکە ئەو کۆمیتانە تەنیا لە ناوچە پیشەسازییە شارییەکاندا هەبوون ). ئەندامانی پارتیی بۆلشەڤیك لە سەدا شەست و دوو ٦٢%ی گشت نوێنەرانیان پێکدەهێنا و هێزێکی زاڵبوون. ئیدی پارتیی کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر سۆڤیەتی نێوەندی کۆمیتەکانی کارخانەدا کە تازەکی پێکهاتبوو، هەبوو و بۆ ئامانجەکانی خۆی سوودی لەو کۆنترۆڵە وەرگرت. بە گێڕانەوەی ...
"دەرکەوت کە کاری ئەو سۆڤیەتە تەواو دیاریکراوە. بۆلشەڤیکەکان کە بە هەژمارێکی بەرچاوەوە هاتنە نێو سۆڤیەتی نێوەندییەوە و لە ڕاستیدا کۆنترۆڵیاندەکرد، بە ئاشکرا و بە ئەنقەست ڕێگرییان لە کاری سۆڤیەتی نێوەندیی دەکرد، وەك نێوەندێك بۆ تێکۆشانی ئابووری لەلایەن کرێکارانەوە. بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئامانجی ڕامیاریی خۆیان بۆ فراوانکردنی مەیدان و بۆ ڕاکێشانی یەکێتییەکان، سوودیان لە سۆڤیەتی نێوەندیی وەردەگرت. [٢٨]

بۆلشەڤیکەکان لەو کۆنگرێسەدا لە پەسەندانذنی بڕیارنامەیەکدا بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی سەرتاسەری بۆ کۆمیتەکان، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. بەڵام ئەم پێکهاتەیە بەڕاشکاوی چالاکی کۆمیتەکانی کارخانەی تەنیا لە چوارچێوەی بەرهەمهێناندا دیاریدەکرد و شێوازێکی بۆ تێکۆشان پێشنیاردەکرد، کە دابەشکاریی چالاکیی ناکارای دەگرتەوە - کۆمیتەکانی کارخانە لەژێر چاوەدێری ڕێکخراوەکەیان، لە بوارەکانی بەرهەمهێناندا درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا- ؛ سۆڤیەتەکان (ئیدی لەژێر دەسەڵاتی بۆلشەڤیکەکاندان. زۆرێك لە ئەندامانی سۆڤیەت، ئاوایان دەبینی کە بۆلشەڤیکەکان پشتیوانی لە داخوازییەکانی کرێکاران و جوتیاران و زۆرێك لە ئەندامانی دیکە دەکەن، بەتایبەت سەربازان، کە زیاتر پشتیوانیان لە پارتییە لیبراڵترەکان کرد، شارەکانیان بەجێهێشتوو و گەڕانەوە گوندەکانیان؛ بەو جۆرە بوو کە بۆلشەڤیکەکان زۆربەیان بەدەستهێنا) ململانێی وەرگرتنی دەسەڵاتی ڕامیاریی لە فەرمانداریی کاتی دەکەن؛ بۆلشەڤیکەکان چالاکی ئەو ئۆرگانانە و تێکۆشانی پرشوبڵاوی چینی کرێکار و جوتیاران پێکەوە گرێدەدەن. نوێنەرانی نابۆلشەڤیك - و کرێکارانێك کە نوێنەرایەتییان دەکردن - ئەو پێشنیارە تازەیان ڕەتنەکردەوە. ئەوانەی کە پێداویستیی یەکێتی لایەنە "ئابووریی" و "ڕامیاریی"یەکانی تێکۆشانی چینایەتیان دەرکدەکرد، کەسانێکی کەم بوون.

بۆلشەڤیکەکان کە ئیدی لەبەردەم بەدەستەوەگرتنی "دەسەڵاتی فەرمی"دا بوون، دەستیان بە داڕشتنی چۆنیەتی پتەوکردنی کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر چینی کرێکاردا. ئەوان چیدیکە کۆمیتەکانی کارخانەیان بۆ پەرەپێدانی چالاکی هاننەدەدا. زۆربەی کرێکاران و کۆمیتەکانیان ملیان بەو پاشەکشێیە دا، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەی کە ئەو ستراتیجییە نوێیە تەنیا شتێکی کاتییە و کاتێك کە بۆلشەڤیکەکان دەسەڵاتی "ڕامیاری"یان بەدەستهێنا، دەسەڵاتی ئازادانە لە بواری ئابووریدا بە ئەوان دەسپێرن.

پاش ماوەیەکی کورت، بۆلشەڤیکەکان بە جێگرتنەوەی فەرمانداریی کاتیی بە سۆڤیەتە تەواو کۆنترۆلکراوەکان لەلایەن خۆیانەوە، لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ڕامیارییدا سەرکەوتن. کارایی ئەو کارە لەسەر کرێکاران فراوان بوو. ئاوایان دەبینی کە ئەو شۆڕشە تازەیە چرای سەوزیان بۆ هەڵدەکا تاوەکو چالاکییەکانیان پەرەپێبدەن و لەدەست پاشماوەی سەرمایەداران خۆیان ڕزگاربکەن و پێکهاتەیەکی بەهێزی هاوئاهەنگیی پێکبهێنن. ئی. ئێچ. کار (E. H. Carr) ئەوەی کە یەکسەرە پاش دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات ڕوویدا، ئاوا باسدەکات:

"ئارەزووی خۆبەخۆی کرێکاران بۆ ڕێکخستنی کۆمیتەکانی کارخانە و دەستێوەردان لە بەڕێوەبردنی کارخانە، لەلایەن شۆڕشێکەوە پاڵی پێوەنرا، کە کرێکارانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی دەزگەکانی بەرهەمهێنانی وڵات هی ئەوانن و دەتوانن بیانخنە ژێر ڕکێفی خۆیان و لە بەرژەوەندی خۆیان و لەلایەن خۆیانەوە بەکاربهێندرێن. ئەوەی کە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەستی بە ڕوودان کردبوو، ئێستا ئیدی بەخێراییەکی زیاتر و ئاشکراتر ڕوویدەدا؛ بۆ ساتێکیش، هیچ شتێك نەیدەتوانی بەر بە کشانی شۆڕش بگرێت. [٢٩]

یەکەمین هەوڵی کۆمیتەکانی کارخانە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سەرتاسەری لە خۆیان، سەربەخۆ لە گشت پارتیی و دەزگەکان، لە سەرهەڵدانی ئەو چالاکییانەوە سەریهەڵدا. پێکهێنانی ئاوا ڕێکخراوێك هەڕەشەیەکی توند بوو بۆ بار و دۆخی نوێی بۆلشەڤیکەکان، وێڕای ئەوەی کە ئەوانەی کە لەو کارەدا بەشداربوون، هێشتاش ئاوایان دەبینی کە ڕێکخراوەکەیان تەنیا بە پرسی "ئابووری"یەوە پەیوەستە. بۆلشەڤیکەکان کە لە هەوڵی پتەوکردنی پێگەی خۆیان بوون، ئەوەیان دەرککرد، کە دەبێت کۆمیتەکانی کارخانە لەنێوبەرن. ئێستا ئیدی ئامرازی هەستان بەو کارەیان لەبەردەستدا بوو، شتێك کە فەرمانداریی کاتی نەیبوو. بۆلشەڤیکەکان بە کۆنترۆڵکردنی سۆڤیەتەکان، هێزە سەربازییەکانیان کۆنترۆڵکردن. زاڵبوونیان بەسەر سۆڤیەتە ناوچەیی و سەرتاسەرییەکانی کۆمیتەکانی کارخانە، ئەو توانایەی بە ئەوان بەخشی، کە بۆ نموونە لە ڕێگەی نەدانی کەرەستەی خاوەوە، هەر کۆمیتەیەکی

کارخانەیی هەڵبوەشێنێتەوە و لەنێوببەرێت. یەکێتییە کرێکارییەکان کە ئیدی بووبوونە پاشکۆی دەوڵەتی بۆلشەڤیکی و بۆ سەرکوتی کۆمیتەکانی کارخانە سوودیان لێ وەرگیرا. ئیساك دۆیچەر (Isaac Deutscher) ڕۆشنیدەکاتەوە، کە چۆن بۆلشەڤیکەکان سوودیان لە یەکێتییە کرێکارییەکان وەرگرت، تاوەکو لە ماوەی چەند مانگی پاش شۆڕش کۆمیتەکان ناکارابکەن:

بۆلشەڤیکەکان لەو کاتەدا یەکێتییە کرێکارییەکان بۆ خزمەتی تایبەت بە فەرمانداریی سۆڤیەتیی ساوا و دەستبەستنی کۆمیتەکانی کارخانە بەکاردەبرد. یەکێتییەکان لەدژی هەوڵی کۆمیتەکانی کارخانە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سەرتاسەری سەربەخۆی خۆیان، وەستانەوە. ڕێگرییان لە کۆنگرێسی کۆمیتەکانی کارخانەکانی سەرتاسەری ڕوسیە، کە پێشتر لەلایەن کۆمیتەکانەوە بەرنامەڕێژیکرابوو کرد و خوازیاری پاشڕەویی تەواوی کۆمیتەکان بۆ خۆیان بوون. بەڵام کۆمیتەکان لەوە بەهێزتربوون کە هەر ئاوا پێکرا خۆیان بەدەستەوەبدەن. کۆتایی ساڵی ١٩١٧ سازشێك ڕوویدا کە تێیدا کۆمیتەکان بە پێگەی یاسایی تازەیان ڕازیبوون: دەبوو ئەوان ڕێکخراوەی بناخەیی پێکبهێنن، کە یەکێتییەکان خۆیان لەسەر ئەوان جێگیربکەن؛ بەڵام بە هەمان پەیامی خۆسپێنەرانەوە، هەر ئاوا بە یەکێتییەکانەوە لکێندران. بەرەبەرە کۆمیتەکان وازیان لە بەرزەفڕی کاری سەربەخۆ لە یەکێتییەکان یا دژی یەکێتییەکان، چ لە ئاستی نێوچەیی چ لە ئاستی سەرتاسەریی هێنا. ئیدی یەکێتییەکان بووبوونە کەناڵی بنچینەیی، کە فەرمانداریی لە ڕێگەی ئەوانەوە کۆنترۆڵی پێشەسازی دەکرد. [٣٠]

کۆمەڵە کرێکارییەکان لە کارخانەکان و ناوچە جیاوازەکاندا بەرهەڵستیانکرد ( ڕاپەڕینی کرۆنشتات Kronstadt بەناوبانگترینی ئەو بەرهەڵستیانە بوو)، بەڵام مۆری "دژەشۆڕش"یان پێوەنرا و لەلایەن هێزە سەربازییەکانەوە کە لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە کۆنترۆڵکرابوون، سەرکوتکران. بە زووی لەتەك بزووتنی بۆلشەڤیکەکان بۆ لەنێوبردنی ئەگەری هەر جۆرە بەرهەڵستکارییەك لە دژی دەسەڵاتی خۆان، تەنانەت یەکێتییە کرێکارییەکانیش دەبوو لەنێوببرێن. لێرەدا کەمی بوار ڕێگرە لەوەی لە وردەکاریدا ڕۆشنیکەینەوە، کە چۆن بۆلشەڤیکەکان پێگەی خۆیان تەختکرد، بەڵام گێڕانەوەی فرە هەن و تارادەیەکیش بەئاسانی بەدەستدەکەون. [٣١]

بە ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابوردوو و ڕەوتی ڕووداوەکان، لایەنی جۆراوجۆری پرسەکە بەرجەستەدەبن. شۆڕش - تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی نیگەتیفیش بێت - لەلایەن کۆمەڵێکی فراوانی جوتیارییەوە هاتەدی. کۆمیتەکانی کارخانە نوێنەرایەتی تەنیا بەشێکی بچووك لە کۆمەڵیان دەکرد و هیچ کاتێك نەیاندەتوانی لە ئەوەدا سەرکەوتووبن، کە تەواوی

بەرهەمهێنانی ڕوسیە بەڕێوەبەرن. بێتوانایی کرێکاران لە لابردنی چاوبەستەکانیان، بووە هۆی ئەوەی کە تەنیا لە تێگەیشتنە سنووردارە "ئابووری"یەکاندا ڕۆڵبگێڕن، ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوبوو. بەڵام ئەوە چالاکییەکانیانی ئەوانی بەرتەسککردەوە و زەمینەی ئەوەی ڕەخساند، کە لەلایەن خاوەنانی دەسەڵاتی "ڕامیاریی"یەوە دەستکەوتەکانیان لەنێوبرێن. لەلایەکی دیکەوە ڕووداوەکانی ڕوسیە بە ڕۆشنی نیشانیاندا، کە لەژێر هەل و مەرجێکی تایبەتدا جەماوەری کرێکار، توانای ئافەراندنی ڕێکخراوەکانی خۆیان بۆ تێکۆشان هەیە. ڕێکخراوگەلێك کە دەتوانرێت وەك ئامرازێك بەکاربرێن و بە هۆیانەوە بەرهەمهێنەران بتوانن ڕاستەوخۆ پرۆسێسی بەرهەمهێنان لە کارخانەکانی خۆیاندا کۆنترۆڵبکەن. بەڵام "کۆنترۆڵی کرێکاران" بەسەر پرۆسێسی بەرهەمهێناندا لە تاکە کەرگەکاندا بەس نییە. قۆناخی دواتر هاوئاهەنگکردنی ئەو ڕێکخراوانەیە، واتە هەوڵی چینی کرێکار بۆ بەڕێوەبردنی سەراپای بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی زۆر دژوارترە. گروپە جۆراوجۆرەکانی دیکە بەشێوەیەکی پەیگیرانە بەرەوپێش هەنگاودەنێن، تاوەکو ئەو کارە بۆ چینی کرێکار ئەنجامبدەن. ئەگەر مل بە هەوڵی ئەوانە بدرێت، هەوڵدەدەن تا چالاکی کرێکاران کۆنترۆڵبکەن. ئاوا ڕێکخراوگەلێك بە کردەوە چینی سەروەری تازەن و لە هەمان کاتدا دەبێت بەریانپێبگیرێت. بەو جۆرەی کە مارکس لە پێشەکی یەکەمین بڕیارەکانی کۆمەڵەی ئینتەرناسیونالێ یەکەمی کرێکاران نووسی: " ڕزگاری چینی کرێکاران ، تەنیا بەدەستی خودی کرێکاران دێتەدی ".

پەراوێز و سەرچاوەکان:

--------------------------

* پیتەر ڕاچلیف Peter Rachleff یەکێکە لە لێکۆڵەرە بەناوبانگەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لە شاری سانت پاوڵ لە هەرێمی مینەسوتا لە کۆلێجی (Macalester) فێرکاری مێژووە ، کە پەرتووك و نووسینی جۆراوجۆری لەبارەی بزووتنەوە و مانگرتنە کرێکارییەکان هەیە. لە ئێستادا سەرقاڵی گوتنەوەی مێژووی کرێکاریی و کۆچکردن و ئەفرۆ-ئەمەریکاییە. ئەم نووسینەی بەردەست بۆ جاری یەکەم لە ژمارە ٦ی خولی٨ بڵاوکراوەی ڕادیکاڵ ئەمەریکا Radical America ، نۆڤەمبەر- دێسەمبەری ١٩٧٤ بڵاوکرایەوە. و. فارسی.

[١] Trotsky, ١٩٠٥, pp. ١٤-٣٨.

[٢] Ibid., p. ٨١.

[٣] Oskar Anweiler, Les Soviets en Russie, ١٩٠٥-١٩٢١, pp. ٤٣-٤٧. ، ئەو دەنووسیت: پێکهاتنی سۆڤیەتەکان لە ماوەی شۆڕشی ١٩٠٥دا بەشێوەیەکی نکۆڵیهەڵنەگر نیشاندەدات، کە ئەو ئۆرگانانە لە بنەڕەتیاندا ئامانجیان پێداگریی لە بەرژەوەندی کرێکاران لەسەر بنەمای کارخانەکان بوو. ئەوە بەهۆی ئەووەوەیە، کە کرێکاران تێکۆشان تاوەکو تێکۆشانی پرشوبڵاویان یەکبخەن و ئاراستەیبکەن، نەك لەبەرئەوەی، کە دەسەڵاتبەدەستەوەگرتنیان لە ڕێگەی کاردانەوە ڕامیارییەکانەوە دەدیت، لەبەرئەوە یەکەمین سۆڤیەتەکان سەریانهەڵدا." (ل. ٤٧)

[٤] هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی ٥٤- ٥٥. ئەو دەستنیشانیدەکات، کە لە یەکەمین چل نوێنەران، تەنیا پازدە کەسیان نوێنەری کۆمیسیۆنی شیدلۆڤسکی و ئەندامی کۆمیتەکانی مانگرتن نەبوون.

[٥] Ibid., P. ٥٧

[٦] Nineteen-Seventeen, p. ٣٩.

[٧] L'An Un de la Revolution Russe, pp. ٥٥-٥٦.

[٨] The Russian Revolution, p. ٩٨.

[٩] ئانوایلەر سەرجاوەی سەرەوە. ل ١٢٨، ئەو رایدەگەیێنێت، کە هیچ کام لەمانە نوێنەری کارخانە نەبوون.

[١٠] Ibid., p. ١٢٩.

[١١] Sukhanov, The Russian Revolution ١٩١٧, pp. ١٨٦-١٨٧, also quoted in Roger Rethybridge (ed.), Witnesses to the Russian Revolution, pp. ١٢٣-١٢٤. Sukhanov's recollections are corroborated by Anweiler, op. cit., and "The Political Ideology of the Petrograd Soviet in the Spring of ١٩١٧," in Richard Pipes (ed.), Revolutionary Russia; Chamberlin, The Russian Revolution, p. ١٠٩; Browder and Kerensky (eds.), The Russian Provisional Government, Volume I, p. ٧١; and Trotsky, History of the Russian Revolution, Volume I, pp. ٢١٦-٢١٧.

[١٢] Anweiler, Les Soviets en Russie, pp. ١٣١-١٣٧, cf. also Chamberlin, op. cit., p. ٨٤; Irakli Tseretelli (a member of the Executive Committee), "Reminiscences of the February Revolution," The Russian Review, Vol. ١٤, Nos. ٢, ٣, and ٤; George Katkov, Russia ١٩١٧: The February Revolution, p. ٣٦٠.

[١٣] Paul Avrich, The Russian Anarchists, p. ١٤٠-١٤١.

[١٤] Resolution quoted in Robert V. Daniels, The Conscience of the Revolution, p. ٨٢, cf. also, Anna Pankratova, "Les Comites d' Usines en Russie a l'Epoque de la Revolution," originally written in Russian in ١٩٢٣ and reprinted in French in Autogestion, #٤, December ١٩٦٧, pp. ٨-l٠.

[١٥] Pankratova, ibid., p. ١٢, cf. also Frederick Kaplan, Bolshevik Ideology and the Ethics of Soviet Labour, p. ٤٨.

[١٦] کێبڕکێی نێوان کۆمیتەکانی کارخانە و کرێکارانێك کە ئەوەی دەیانتوانی هەڵیبگرن دەیاندزی، لە زۆر ناوچەدا کۆمەکی بە بێسەرەوبەرەی ئابووریی کرد.

[١٧] بڕیارنامەی پەسەندکراو لە پێنجەمین کۆنگرێسی کۆمیتەکانی کارخانەکانی پترۆگراد ٣٠ی مانگی مەی، دەرهاوێشتراو لە: S.O. Zagorsky, State Control of Russian Industry During the War, p. ١٧٤

[۱۸] چەند بەشێك لە بڕیارنامەی Maurice Brinton, The Bolsheviks and Workers' Control p. ٥ وەرگیراوە.

[۱۹] Trotsky, History of the Russian Revolution, Vol. II, p. ١٩.

[۲۰] Pankratova, op. cit., p. ٣٠.

[۲۱] Kaplan op. cit., p. ٦٦.

[۲۲] بەگوێرەی گوتەی کاپلان Kaplan بۆلشەڤیکەکان لەبەر هۆی دیکە جیا لە هاوئاهەنگیی باشتری کەوتەڕێی بەرهەمهێنان پەرۆشی پێکهێنانی سۆڤیەتی نێوەندیی بوون "ئاوا کە دەردەکەوت بۆلشەڤیکەکان خوازیاری سۆڤیەتێکی نێوەندی پتەو بوون، بۆ ئەوەی بتوانن ڕێکخراوەی کرێکاریی کۆنترۆڵبکەن و لە بەرانبەر یەکێتییە کرێکاریی و ڕێکخراوە ناکرێکارییەکانی دیکە پێگەیەکیان هەبێت" هەمان سەرچاوە ل٦٧.

[۲۳] Ibid., p. ٧٥.

[۲٤] زۆرێك لە کرێکاران ئەڵتەرناتیڤ و ئەرکەکانی بەردەمی خۆیان دەرکدەکردن. پانکراتۆڤا لە دەق بڕیارنامەیەکەوە، کە لە کۆنفرانسی کۆمیتەکانی کارخانەکانی پیشەسازی ڕستن و چنین کۆتایی هاوینی هەمان ساڵ پەسەندکرا، بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە " لەوێدا نوێنەران دیتیان کە هەڵبژێرەکانی بەردەمیان ئەوە بوون " یا ملدان بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان، یا خۆخستنە بەردەم مەترسی ئەوەی بەبەشدارییکردنی چالاکانە لە بەرهەمهێنان و بەدەستەوەگرتنی بەڕێوەبەریی و ئاساییکردنەوەی کار لە کۆمپانیاکاندا دەربکرێن." ئەوان ئەوەیان پەسەندکرد: "نە بەهۆی شێوازی بۆرۆکراتییانەوە، واتە بەهۆی پێکهێنانی دەزگەیەکەی تەواو سەرمایەداریی و نە بەهۆی پشتیوانی لە سەرمایەداران و دەسەڵاتیان بەسەر بەرهەمهێناندا، ئێمە ناتوانین خۆمان لە کارەسات ڕزگاربکەین. ڕێگەی دەربازبوون تەنیا جێگیرکردنی کۆنترۆڵی کەتواریی کرێکارانە." سەرچاوەی سەرەوە، ل ٤٠

[۲٥] Quoted in Browder and Kerensky, op. cit., Vol. ١١, p. ٧٢٢.

[۲٦] Pankratova, op. cit., p. ٤٨.

[۲٧] Kaplan, op. cit,, p, ٨١.

[۲٨] Browder and Kerensky, op. cit., p, ٧٢٦

[۲۹] E.H. Carr, The Bolshevik Revolution, Vol. II p. ٦٩. Cf. also Paul Avrich, "The Bolshevik Revolution and Workers' Control in Russian Industry," in Slavic Review, March, ١٩٦٣.

[۳۰] Deutscher, Soviet Trade Unions, p. ١٧.

[۳۱] The best are: Brinton, op. cit.; Avrich, article op. cit.: Daniels, op. cit.; Leonard Schapiro, The Origin of the Communist Autocracy; James Bunyan, The Origin of Forced Labour in the Soviet Union, ١٩١٧-٢١; Alexandra Kollentai, The Workers Opposition; Marya Gordon, Workers Before and After Lenin; and many others.

سەرچاوەی وەرگێڕدراوە فارسییەکەی : http:www.kavoshger.org

بۆ ئەم وەرگێڕانە سوود لە دەقە ئینگلیزییەکەی وەرگیراوە، چونکە زۆربەی ناوەکان لە زمانی فارسیدا وەك دەربڕینە ڕوسیەکەی یا ئینگلیزییەکەی نانووسرێنەوە. خوێنەران دەتوانن لەم لینەکەدا دەقە ئینگلیزییەکەی بەدەست بێنن : www.libcom.org/library/soviets-factory-committees-russian-revolution-peter-rachleff

# کرۆنشتات، بەسەرهاتی پرۆلیتێریانەی شۆڕشی ڕوسیە

کایۆ برێندل ١٩٧١

١

لێکدانەوەی ڕوداوێکی مێژوویی وەك (ڕاپەڕینی ١٩٢١ی کرۆنشتات )، کە زیاتر لە پەنجا ساڵ پێش ئێستا چووە ناو تۆماری مێژووەوە [بەڵام بەخێرایی لێی دەرکرایەوە]، بەشێوەیەکی دانەبڕاو پابەندی پێگەی کۆمەڵایەتی لێکۆڵەرەکەیەتی؛ یا بەواتایەکی دیکە هەر لێکدانەوەیەك بەرانبەر تێکۆشانێکی چینایەتیی کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدات، پابەندی پێگەی نووسەرەکەیەتی و مۆری تێڕوانینی خۆی لێ دەدات.

ئەوانەی کە شۆڕشی ڕوسیە لە ساڵی ١٩١٧دا وەك ڕاپەڕینێکی سۆشیالیستیی لێکدەدەنەوە، کەسانێك کە فەرمانداریی پێکهاتووی بۆلشەڤیکی لە ماوەی جەنگی نێوخۆیدا وەك دەسەڵاتی پرۆلیتێری لەبەرچاودەگرن، بەگوێرەی پێداویستی دەبێت بەرانبەر ئەوەی کە لەو دوورگەیەی کەنداوی فینلاندەدا [کرۆنشتات] ڕویدا، وەك هەوڵێکی دژەشۆڕشانە بۆ لەنێوبردنی "دەوڵەتی کرێکاریی" ساوای لەبەرچاوبگرن. بەپێچەوانەشەوە، ئەوانەی کە وەك کردارێکی شۆڕشگێڕانە لە ڕاپەڕینی کرۆنشتات دەڕوانن، درەنگ یا زوو بە لێکدانەوەی جەمسەری ناکۆك لەبارەی ئاڵوگۆڕەکانی ڕوسیە و هەل و مەرجی کەتواریئ نێو ڕوسیە دەگەن.

ئەوانە گشت ئاسایی بەرچاودەکەون. بەڵام شتگەلێکی فرەتر لەوانەدا هەیە. بۆلشەڤیزم بەسادەیی شێوەیەك لە ئابووری یا دەوڵەت نەبوو، کە بوونی لەو سەردەمەدا - نەك تەنیا لە کرۆنشتات، بەڵکو هەر ئاوا لە پترۆگراد و ئۆکرانیا و بەشێکی فراوانی خوارووی ڕوسیە - لەسەر لێواری دەمەچەقۆ وەستابێت. بۆلشەڤیزم هەر بەو جۆرە کە شێوەیەك لە ڕێکخراوبوون بوو، لە تێکۆشانی شۆڕشگێرانەی ڕوسیەدا پێگەیی و بۆ بار و دۆخی ڕوسیە داڕێژرابوو. پاش سەرکەوتنی بۆلشەڤیکەکان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، ئەم شێوە ڕێکخراوە لە ڕێگەی نوێنەرانەوە بە بابەتگەلی ڕامیاریی زۆر جۆراوجۆرەوە بەسەر کرێکارانی گشت وڵاتاندا سەپیندرا و هێشتا دەسەپێندرێت. کاتێك کە دانیشتووانی کرۆنشتات دژی بۆلشەڤیکەکان ڕاپەڕی، هۆ ئەوەی تەنیا ڕەتکردنەوەی پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە نەبوو، بەڵکو هەر ئاواش خستنەژێر پرسیاری دەرکی نەریتی بۆلشەڤیکان لەبارەی پارتایەتی و پارتیی بەشێوەیەکی گشتی بوو. ئەوە هۆیەکەیەتی، کە بۆچی جیاوازییە هزرییەکان لەبارەی پرسگەلی ڕێکخراوەیی چینی کرێکار بەزۆری باسێك لەبارەی کرۆنشتات دەوروژێنن و هەر لەبەرئەوەیە کە هەر باسێك لەبارەی کرۆنشتات بەناچار جیاوازییەکان لەبارەی بابەتگەلی

تاکتیکی و ڕێکخراوەیی تێکۆشانی چینایەتیی پرۆلیتێری ئاشکرادەکات. کەواتە لەبەرئەوە ڕاپەڕینی کرۆنشتات، پاش زیاتر لە نێو سەدە هێشتا وەك بابەتێکی گەرم و جێی مشتومڕ ماوەتەوە. گەورەیی و گرنگی مێژووی کرۆنشتات چەندی بخوازێت، لەژێر تیشکی گرنگی کردەییدا بۆ نەوەکانی ئێستای کرێکاران کاراتر دەبێت. بۆ هەمووان، ئەوانەی لە تێکۆشانی پرۆلیتێرییدا بەشداریدەکەن. لیئۆن ترۆتسکی یەکێك بوو لەوانەی کە لەو گرنگییەی تێنەگەیشت. ئەو لە گۆتارەکەیدا ساڵی ١٩٣٨ بەناوی " گارەگاری زۆر لەسەر کرۆنشتات" گلەیی دەکرد کە " مرۆڤ ئاوای بۆ دەچێت، کە یاخیبوونی کرۆنشتات نەك لە هەڤدە ساڵی ڕابوردوودا، بەڵکو دوێنێ ڕویداوە"[1] ترۆتسکی ئەوانەی هەر لەو کاتەدا نووسی، کە ڕۆژانە کاریدەکرد تا پەردە لەڕوی هەڵگێڕانەوەی ستالینیستانەی مێژوو و ئەفسانەی ستالینی هەڵماڵێت. ئەوەی کە ئەو هیچ کاتێك لە ڕەخنەیدا لە ستالین تا ئەودیو سنوورەکانی ئەفسانەی شۆڕشی لێنینستی نەڕۆیشت، کەتوارێکە کە لێرەدا دەتوانین بەسەریدا تێپەڕین.

٢

ڕاپەڕینی کرۆنشتات ئەفسانەیەکی کۆمەڵایەتیی لەنێوبرد؛ ئەو ئەفسانەی کە گوایە لە دەوڵەتی بۆلشەڤیکیدا کرێکاران دەسەڵاتدارن. چونکە ئەو ئەفسانە بەشێوەیەکی توندوتۆڵ لەتەك ئایدیۆلۆجی بۆلشەڤیکیدا گرێیخواردبوو [هەتا ئێستاش لێکهەڵپێکراوە]. لەبەرئەوەی کە لە کرۆنشتات دیمۆکراسییەکی کەتواریی سادەی کرێکاریی چارەنووسساز دەستپێکردبوو، لەبەرئەوە ڕاپەڕینی کرۆنشتات بووبووە مەترسییەکی مەرگهێنەر بۆ بۆلشەڤیکە دەسەڵاتپاوانکارەکان، هەڕەشەیەك تەنانەت بەهێزتر لە هەر هەڕەشەیەکی دیکە بوو، کە لەلایەن لەشکرە داگیرکەرەکانی دێنیکین و کۆلچاك و یودنیتچ یا ڤرانگای دەکرا.

لەبەر ئەو هۆیە، ڕابەرانی بۆلشەڤیك لە تێڕوانینی خۆیانەوە - یان ڕاستر بڵێم لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتییان، کە ئاسایی کارایی لەسەر تێڕوانینیانی دادەنا- ناچاربوون بەبێ هیچ دوودڵییەك ڕاپەڕینی کرۆنشتات دامرکێننەوە.[2] هاوکاتی ڕاپەڕینەکە ڕابەرانی بۆلشەڤیك لە چاپەمەنییەکانیاندا ڕاپەڕینی کرۆنشتاتیان بە دژەشۆڕشی نیشاندا و بەو جۆرەی کە ترۆتسکی هەڕەشەی لێکردن "وەك پەلەوەر کوژران". لەو ڕۆژەوە ئەو فریوکارییە بەشێوەیەکی دەمارگیرانە ڕەوایەتی پێدەدرێت و سەرسەختانە لەلایەن ترۆتسکیست و ستالینیستەکانەوە برەوی پێدەدرێت و بەتوندیی پێیدادەگریی لەسەر دەکرێت.

ئەوەی کە هەم هەندێك کۆڕ و کۆمەڵی مەنشەڤیکی و هەم کۆڕ و کۆمەڵی گاردە سپییەکان بەئاشکرا لەتەك کرۆنشتات هاودەربیاندەبڕی، فریوکاریی ترۆتسکیست و ستالینیستییەکانی

بەهێزتر کرد[٣]. هێنانەوەی بروبیانووی لاواز بۆ ئەفسانەیەکی فەرمیی کەم جار بەتوانادەبێت. مەگەر خودی ترۆتسکی لە مێژووی شۆڕشی ڕوسیەدا بۆچوونەکانی تەواو دروست لەبارەی زانیاری ڕامیاریی و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی پرۆفیسۆر میلیوکۆڤ و دڵسۆزی کۆنەپەرستانەی بۆ ڕاپەڕینی کرۆنشتات، ڕۆشنەکردبووەوە؟ هەر لەبەرئەوەی تەنیا میلیوکۆڤ و گشت چاپەمەنییەکانی گاردی سپی هاودەردییان لەتەك کرۆنشتات دربڕی، ئیدی دەبێت ڕاپەڕینی کرۆنشتات دژە شۆڕش بێت؟ بەگوێرەی ئەو باوەڕە، ئەی دەبێت ڕامیاری ئابووریی نوێ (نیپ) کە ماوەیەکی کورت پاش کرۆنشتات جێبەجێکرا، بە چ شێوەیەك هەڵبسەنگێنرێت؟ (ئوستریالۆڤ)ی بۆرجوا بە ئاشکرا ڕەزامەندیی خۆی لەبارەی ئەو ڕامیارییە نوێیەوە ڕاگەیاند! بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی، کە بۆلشەڤیکەکان ڕامیاریی (نیپ) وەك کارێکی دژەشۆڕش ڕسوابکەن. ئەو کەتوارە نیشاندەری هەموو شێوە فریودەرەکانی ئەفسانە هەڵبەستراوەکانە. خۆمان لەو بابەتەی دوایی لادەدەین. لەڕاستیدا بابەتێکی سەرنجڕاکێشە، کە تەنیا لەسەر بناخەی ڕەوتی کەتواریی ڕوداوەکان و لەسەر بنەمای ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی ڕوسیە دەتواندرێت لە هۆی کارکردی کۆمەڵایەتیی ئەفسانە هەڵبەستراوەکان تێبگەین.

## ٣

ڕاپەڕینی کرۆنشتات ساڵی ١٩٢١ بەرزترین خاڵی دیمۆکراتیی شۆڕشێك بەرجەستەدەکات، کە دەبێ نێوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی بەشێوەیەکی کورت بۆرجوازیی بناسرێت. ڕاپەڕینەکە بەرهەمی لایەنی پرۆلیتێری ئەو شۆڕشە بۆرجوازییە بوو، ڕێك بەو جۆرەی کە لەهەل و مەرجی تاڕادەیەك یەکسانی ڕوداوەکانی مانگی ئایاری ١٩٣٧ لە کاتالۆنیا بەرجەستەبوونی بەرهەمی لایەنی پرۆلیتێری شۆڕشی ئیسپانیا بوون، یا دەسپێشخەییەکانی بابۆوف ساڵی ١٧٩٦ کە ئاراستەی پرۆلیتێریی نێو شۆڕشی گەورەی فەرەنسە بوون[٤]. ئەوەی کە هەر سێکیان لەتەك تێکشکان ڕووبەڕووبوون، یەك هۆکاری هاوبەشیان هەبوو، کە لە هەر یەك لەو بارانەدا هەل و مەرج و پێداویستییەکانی سەرکەوتنی پرۆلیتاریا لەئارادانەبوون. ڕوسیەی تزاری وەك وڵاتێکی دواکەوتوو لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشداریکرد. بە مەبەستی ڕامیاریی و سەربازیی دەستی بە پیشەسازبوون کرد و بەو کارەی یەکەمین هەنگاوەکانی بە ئاراستەی سەرمایەداری هەڵگرتن؛ بەڵام پرۆلیتاریا کە لەو هەناوەوە پێگەیشت لە ڕووی چەندایەتییەوە لە بەرانبەر ژمارەی بەرفراوانی دێهاتیی ڕوسیە کەمتر بوو. بێگومان کەشی ڕامیاری فەرمانداریی سەرکوتگەری تزاری بووە هۆی ڕوو لە زیادبوونی گیانی تێکۆشەرانەی کرێکارانی ڕوسی. ئەو پرسە توانای پێبەخشین تا مۆری دیاریکراو لە شۆڕشێك بدەن، کە لەباری

بەروپێشەوەچوقندا بوو، بەڵام نە بەو ڕادەیەی کە ئاراستەکەی دیاریبکەن. وێرای بوونی پیشەسازی پۆتلیف و پاڵافتگەی نەوتیی لە قەوقاز و کانە خەڵوزی بەرد لە ناوچەی دۆنێتز ریڤیر و کارخانەکانی چنین لە مۆسکۆ، پایەی بنەڕەتیی ئابووری کۆمەڵی ڕوسی کشتوکاڵیی بوو. ئەگەرچی ساڵی ١٨٦١ جۆرێك لە ئازادی جوتیاران ڕوویدا، بەڵام وێرای ئەوەش هێشتا پاشماوەی سیستمی ڕەنجبەریی بەتەواوی لەنێونەچوبوو. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەرەبەگیی و وەڵامدەرەوەی سەرخانە ڕامیارییەکە بوون، خانزادەکان و پیاوانی ئایینی چینی سەروەر بوون، کە بە هاریکاری سوپا و پۆلیس و بیرۆکراسیی لە ئیمپراتۆری گەورەی خاوەن زەوییە گەورەکاندا دەسەڵاتدارییاندەکرد.

لە ئەنجامدا شۆڕشی ڕوسیەی سەدەی بیستەم بە ئەرکێکی ئابووریی ڕووبەڕووی لەنێوبردنی دەرەبەگایەتی و گشت بەشەکانی دیکە - لەوانە پەیوەندییە ڕەنجبەرییەکان - بووەوە. پێویست بوو کشتوکاڵ پیشەسازییبکاتەوە و بیخاتە ژێر ڕکێفی هەل و مەرجی بەرهەمهێنانی کاڵایی مۆدێرنەوە، هەموو کۆتوبەندەکانی دەرەبەگایەتیی (فیوداڵی) لەسەر پیشەسازیی تێکشکاند.

ئەو شۆڕشە لەڕووی ڕامیارییەوە ئەرکی لەنێوبردنی فەرمانداریی سەرکوتگەر و هەڵوەشاندنەوەی بەرتەریی خانزادە و دەرەبەگەکان و داهێنانی جۆرێك لە فەرمانداریی و دەزگەی دەوڵەتیی لەئەستۆبوو، تاکو لە ڕووی ڕامیارییەوە بتوانێت وەڵامی ئامانجە ئابوورییەکانی شۆڕش مسۆگەربکات. ئەوە ئاشکرایە کە ئەو ئەرکە ئابووریی و ڕامیارییانە لەتەك ئەو ئەرکانە گونجاوبوون، کە لە خۆراوادا شۆڕشەکانی سەدەکانی هەڤدەهەم و هەژدەهەم و نۆزدەهەم هێنانیانەدی[٥]. بەڵام شۆڕشی ڕوسیە - وەك شۆڕشی دواتری چین- تایبەتمەندیی تایبەتی هەبوو. لە ئەوروپای خۆراوایی بەر لە هەمووان لە فەرەنسە بۆرجوازی هەڵگری پێشڕەویی کۆمەڵایەتی بوو، واتە لایەنگری یەکەمین ڕاپەڕین بوون. لە خۆرهەڵاتدا لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باسکران، بۆرجوازی لاواز بوو. لەبەرئەوەش بەرژەوەندییەکانی بەشێوەیەکی زۆر تەنگاوتەنگ لەتەك بەرژەوەندی تزاریزم پێکەوەبەسترابوون. واتە شۆڕشی بۆرجوازیی لە ڕوسیە دەبوو بەبێ بۆرجوازی و تەنانەت دژی بۆرجوازی بەئەنجامبگات.

٤

لێنین ئەو تایبەتمەندییەی شۆڕشی ڕوسیەی زۆر بە وردی دەستنیشانکرد. ئەو نووسی "مارکسیستەکان بەتەواوی باوەڕیان بە بۆرجوازیبوونی کارەکتەری شۆڕشی ڕوسیە هەیە. ئەوە واتای چییە؟ ئەوە بەو واتایە دێت، هەر ئاڵوگۆڕێکی دیمۆکراتییانەی سیستەمی ڕامیاریی و هەر ئاڵوگۆڕەیێکی کۆمەڵایەتی- ئابووریی کە بۆ ڕوسیە بووەتە پێداویستی، نەك هەر نابێتە هۆی

بەگۆڕسپاردنی سەرمایەداری، نەك هەر نابێتە هۆی بەگۆڕسپاردنی سەروەریی بۆرجوازی، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ یەکەمین جار زەمینە بۆ گەشەسەندنێکی فراوان و خێرای سەمایەداریی سازدەکەن ... "[٦]. لە شوێنێکی دیکەدا نووسی " سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرجوازی وەك سەرکەوتنی بۆرجوازی لای ئێمە ئەستەمە. ئەوە ئاوەزنەگیر بەرچاودەکەوێت، بەڵام ئاوایە. کۆمەڵی دەستبەسەری گەورەی جوتیاران و ستەمێك کە لەلایەن زەمیندارە گەورە نیوە-دەرەبەگەکانەوە لە ئەوان دەکرێت، هێز و هوشیاریی پڕۆلیتاریای ڕێکخراو لە پارتیی سۆشیالیستدا- گشت ئەو هەل و مەرجە، کارەکتەیکی تایبەت بە شۆڕشە بۆرجوازییەکەمان دەبەخشن. بەڵام ئەو تایبەتمەندییە، کارەکتەری بۆرجوازی شۆڕش لەنێو نابات."[٧]

لەبەرئەوە لێرەدا ڕۆشنکردنەوەیەکی دەخەینەسەر؛ پارتییەك کە لێنین لێرەدا لەبارەیەوە دەدوێت، نە سۆشیالیست بوو و نە ئەوەی کەس دەتوانێت پاگەندەی ئەوە بکات، کە پڕۆلیتاریا تێیدا ڕێکخراو بووە. هەڵبەتە ڕاستە، کە لە هەندێك شتی لاوەکیدا ئەو پارتییە خۆی لە پارتییە سۆشیال-دێمۆکراتەکانی خۆراوا، ئەوانەی کە لە هۆڵەکانی پارلەمانی بۆرجوازیدا ڕۆڵێکی بەرهەڵستکارانەی بەوەفایان گێڕا و بەگشت ئامرازە گونجاوەکان هەوڵیاندا، تا ڕێگریی لە هەڵگێڕانەوەی کۆمەڵی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیستی بکەن، جیاکردەوە. بەڵام لەڕووی کرۆك و چییەتی سۆشیالیستییەوە نا.

پارتییەکەی لێنین لە ڕوسیە پاش ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە زەمینەکانی لەنێوبرد، بەڵام بەو جۆرەی کە لێنین بەخۆی دانیپیادەنا، پرسەکە لەسەر شۆڕشێك بوو، کە ماوەیەکی زۆر بوو لە خۆراوا لە شێوەگەلێکی دیکەدا بەئەنجامگەیشتبوو. بەگشتی ئەو کەتوارە بۆ سۆشیال-دێمۆکراسیی ڕوسی و بەتایبەت پارتیی بۆلشەڤیك ناکارا نەبوو.

لێنین و بۆلشەڤیکەکان ئاوایان دەدیت، کە هێزی بار و دۆخی چینایەتی لە ڕوسیە، ڕۆڵی ژاکۆبینەکان* دەداتە پارتییەکەیان. بەبێ هۆ نەبوو، کە لێنین سۆشیال-دێمۆکراتەکانی وەك "ژاکۆبینەکان لە هاوپەیمانی لەتەك جەماوەردا" پێناسەدەکرد؛ بەبێ هۆ نەبوو، پارتییەکەی وەك کۆمیتەی شۆڕشگێڕە پیشەییەکان پێکەوەنا ؛ بەبێ هۆ نەبوو، کە ئەو لە نووسینەکەیدا "چ دەبێت بکرێت" ڕایگەیاند، کە ئەرکی بنەڕەتییان تێکۆشانکردنە لە دژی خۆبەخۆی.

کاتێك کە ڕۆزا لوکزەمبورگ لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا ڕەخنەی لەو دەرکە گرت، ڕاستیدەکرد، لە هەمان کاتیشدا هەڵەبوو، ئەو لەبارەی ئەوەی ڕێکخراوەی پیلانگێڕی لێنینی هیچ پەیوەندییەکی بە شێوە سروشتییەکانی ڕێکخراوەی کرێکارانی تێکۆشەرەوە نییە، واتە

شێوەگەلێك کە لەنێو پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و لە ململانێ و تێکۆشانی چینایەتییەوە گەشەیانکردووە و سەریانهەڵداوە، ڕاستیدەکرد. بەڵام ئەوەی کە ئەو نەیدیتبوو و دەبوو بیبینێت، ئەوە بوو کە لە ڕوسیە ئاوا تێکۆشانێکی پڕۆلیتێریی بە کڕۆکێکی مۆدێرنەوە لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو یا هەر لە ئارادانەبوو.

لە ڕوسیە، شوێنێك کە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی سەرمایەدارانەی بەرهەمهێنان و کاری کرێگرتە لە بەرنامەی کاردا نەبوو، پرسەکە لەسەر تێکۆشانێکی دیکە بوو. بۆ ئەو تێکۆشانە پارتیی بۆلشەڤیك تەواو گونجاوبوو. پێداویستییەکانی شۆڕشی بەتەواوی بەکردەوە دابیندەکرد. ئەوەی کە شێوەی ڕێکخراوەیی ئەو پارتییە - واتە نێوەندێتی دێمۆکراتیك - بە دیکتاتۆریی کۆمیتەی نێوەندی بەسەر جەماوەری ئەندامانەدا کۆتاییدەهات ( هەر بەو جۆرەی کە ڕۆزالوکزامبۆرگ پێشبینیدەکرد)، سەلمێنرا کە تەواو ڕاستە؛ بەتەواوی ئەو شتە بوو، کە پێداویستی ئەو " شۆڕشە بۆرجوازییە کارەکتەرە جیاوازە" بوو.

٥

پارتیی بۆلشەڤیك چەکە هزرییەکانی لە مارکسیزمەوە دەدەرکێشا، لەو کاتەدا تەنیا تیئۆرییەکی ڕادیکاڵ بوو، کە دەیتوانی دەستی بۆ بەرێت و بۆ ئەو چارەنووسسازبێت. بەڵام مارکسیزم دەهاویشتەی تیئۆریانەی تێکۆشانێکی چینایەتی زۆر پێشکەوتوو بوو، کە لە ڕوسیەدا نامۆبوو و هەر ئاوا دەرککردنی دروستی لە ڕوسیە لەئارادانەبوو. ئاوا شکایەوە کە پێشکەوتنی "مارکسیزم" لە ڕوسیە تەنیا لە ناوەکەیدا لەتەك مارکسیزم لێکدەچوو، لە ڕاستیدا فرەتر لە ڕادیکالیزمی ژاکۆبینستی ئۆگوست بلانکییەوە نزیکتر بوو تا لە دەرکی مارکس و ئینگلس.

لێنین و پلیخانۆف لەتەك بلانکی و تێڕوانینی ماتریالیزمی زانستی سروشگەرا [Natural-Science Materialism] هاوبۆچوون بوون، کە لە ماتریالیزمی دیالەکتیکەوە زۆر دووربوو، تێڕوانینێك کە لە سەردەمی شۆڕشی گەورەی چینایەتی فەرەنسەدا، چەکی سەرەکی تێکۆشان دژی خانزادەیی و ئایین بوو. لە (ڕوسیە)ش بار و دۆخ لێکچووی هەمان بار و دۆخی پێش فەرەنسەی بۆرجوازی بوو.

مارکسیزم بەو جۆرەی کە لێنین لێی تێدەگەیشت -بەو جۆرەش کە دەبوو لێی تێبگات - توانای تێڕوانینێکی قوڵی لە پرسگەلی بنەڕەتیی شۆڕشی ڕوسیە بۆ دەسەبەردەکرد. هەمان مارکسیزم بۆ پارتیی بۆلشەڤیك دەزگەی تێڕوانینی بۆ دەستەبەرکرد، کە بە دەرکەوتووترین شێوە دژی

ئەرك و کارکردەکانیشی وەستایەوە . واتە هەر بەو جۆرەی کە پریۆبراژنسکی ساڵی ١٩٢٥ لە کۆنفرانسێکی ناوچەیی مۆسکۆ بەئاشکرا دانیپیادانا، مارکسیزم لە ڕوسیە بەتەواوەتی بووبووە ئایدیلۆجی. بەدڵنیایی کاری شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاری ڕوسیە - تا ئەو جێیەی کە ئاوا کارێك بونی هەبوو - لەتەك کارکردی پارتیی بۆلشەڤیك هاوئاهەنگنەبوو، کە بەگشتی بەرژەوەندی شۆڕشی بۆرجوازیی ڕوسیەی نوێنەرایەتیدەکرد. کاتێك کە ساڵی ١٩١٧ کرێکارانی ڕوسی خرۆشان، بەگوێرەی سروشتی چینایەتیی خۆیان، زۆر واوەتر لە سنوورەکانی شۆڕشی بۆرجوازی چوون. هەوڵیاندا تا چارەنووسی خۆیان بگرنەدەست، بە هاریکاری سۆڤیەتەکانی خۆیان خواستەکانی خۆیان وەك بەرهەمهێنەر بهێننەدی و سۆڤیەتەکانیان بسەپێنن.

پارتییەك کە "هەمیشە ڕاستی دەکرد" و پێویست بوو ڕێگە بە چینی کرێکار نیشانبدات - هەر بۆخۆی بەو جۆرەی ڕابەرانی پێدادەگریان لەسەر دەکرد، پرۆلیتاریا بەبێ ئەو نەیدەتوانی ڕێگەی دروستی خۆی بدۆزێتەوە -، لە دواوە شەلەشەلی بوو. ناچارکرابوو مل بە کەتواری سۆڤیەتە کرێکارییەکان بدات، بەو جۆرەی کە پێشهات، دان بە بوونی زۆرینەی جوتیاران بنێت. نە سۆڤیەتە کرێکارییەکان و نە زۆربەی جوتیاران لەتەك ڕێڕەوی پارتیی تەبانەبوون - ڕێڕەوێك کە دووبارەکردنەوەی گشت ئەزموونەکانی پێشوتری شۆڕشگەلێك بوو، کە لە هەل و مەرجی گەشەنەکردوودا ئەنجامدرابوون. لە ڕوسیە کاری شۆڕشگێڕانە چ لەلایەن کرێکاران و چ لەلایەن جوتیارانەوە نەیدەتوانی ماوەیەکی زۆر بەردەوامبێت. هەل و مەرجی مادیی و بنەمای کۆمەڵایەتیی ئاوا کارێکی شۆڕشگێڕانەی بەردەوام لەئارادانەبوو.

٦

ئەوەی ڕوویدا بەو جۆرە بوو: سەرمایەداری (کەم گەشەکردوو) لەنێونەبرا؛ کاری کرێگرتە مایەوە؛ مارکس گوتەنی بەو جۆرەی کە کاری کرێگرتە بەیانکەری سەرمایەیە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە، سەرمایە بەیانکەری کاری کرێگرتەیە. کرێکارانی ڕوسی کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان بەدەستنەهێنا؛ بەڵکو ئەو کۆنترۆڵکردنە کەوتە دەستی پارتیی (یا دەوڵەت). لەئەنجامدا، کرێکارانی ڕوسی وەك بەرهەمهێنەرانی زێدەبایی مانەوە. نە ئەو کەتوارەی کە زێدەبایی نەك لەلایەن چینێك لە سەرمایەدارانی تایبەتییەوە ، بەڵکو لەلایەن دەوڵەتەوە، یا لەلایەن کەسانێکی سەربە پارتیی کە کۆنترۆڵکەری دەوڵەوت بوون دەسبەسەر دەکرا، نە ئەو کەتوارەش کە گەشەی ئابووری لە ڕوسیە - بە هۆی لەئارادانەبوونی چینی بۆرجوا - بە ڕێڕەوێکی جیا لەوەی خۆراوادا چووەپێش، هیچ شتێکی لە پێگەی چینی کرێکار وەك چینێکی بەهرەکێشکراو یا کۆیلەی کرێگرتە نەگۆڕی. کەس ناتوانێت لە بەکاربردنی دەسەڵات لەلایەن

چینی کرێکارەوە بدوێت. لەڕاستیدا دەوڵەتی تزاری وردوخاشکرابوو، بەڵام دەسەڵاتی سۆڤیەتیی جێی ئەوی نەگرتەوە. سۆڤیەتەکان کە بەشێوەیەکی خۆبەخۆ لەلایەن کرێکارانی ڕوسیەوە پێکهاتبوون، سەرەتای هاوینی ١٩١٨ لەلایەن فەرمانداریی بۆلشەڤیکییەوە دەسەڵاتیان لێ سەندرایەوە و بەتەواوی کەوڵ و گۆشەگیرکران. ئیدی پایەی ئابووریی وڵات، لەجێی پەیوەندییە ڕەنجبەرییەکانی پێشتر یا پەیوەندییەکانی بێگاری و شێوە دەرەبەگییەکان، شێوەیەك لە ئابووریی کۆیلەوارانەی بەخۆوەگرت، لەو جۆرەی کە ساڵی ١٩١٧ترۆتسکی لەبارەیەوە نووسی " لەتەك دەسەڵاتی ڕامیاریی پرۆلیتاریادا نایێتەوە". ئەو تێزە دروستبوو، بەڵام بۆلشەڤیکەکان - پاش ئەوەی بەهەڵە ڕایانگەیاند، کە دەسەڵاتەکەیان دەسەڵاتدارێتی چینی کرێکارە - بەڕواڵەت بۆ کۆتایهێنان بە ستەمی سەر پرۆلیتاریای ڕوسیە، ئەوان ئەوەیان لە خزمەت دەسەڵاتی ڕامیاریی خۆیان بەکاردێنا. بەڵام بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی کەتواریی کرێکاریی، سەروەری ڕامیاریی نەك وەك ئامرازێك بۆ ئازادبوون، بەڵکو وەك ئامرازێکی سەرکوتگەرایانە گەشەیکرد. لە ڕوسیەی بۆلشەڤیکی هەل و مەرج لە نێوان ڕوودانی شۆڕشی فێبریوەری و سەرکوتی بەهێزی کرۆنشتات و ناساندنی ڕامیاری ئابووریی نوێی، لێکچووی شۆڕشی فێبریوەری ١٨٤٨ی فەرەنسە بوو. مارکس لەبارەی ئەو شۆڕشەوە ئاوا بۆچوونی خۆی دەرخست " لە فەرەنسە وردەبۆرجوازی ئەو کارە ئەنجامدەدات، کە لەباری ئاسایدا دەبێت لەلایەن بۆرجوازیی پیشەسازییەوە ئەنجامبدرێت، کرێکار کارێك ئەنجامدەدات کە لەباری ئاسایدا ئەرکی وردەبۆرجوازییە. ئەی چ کەسێك ئەرکی کرێکار ئەنجامدەدات؟ ئەو ئەرکە ئەنجامنەدراوە لە فەرەنسە، بەپوختی ڕاگەیێندراوە ". لە ڕوسیە ئەو ئەرکە ڕاگەیێندراوە، ئەنجامنەدراومایەوە. لەتەك ئەوەش‌دا بە ڕاپەڕینی کرۆنشتات، هەڵگەڕانەوەی شۆڕشێك - کە تێیدا ئۆکتۆبەر تەنیا وێستگەیەك بوو - کۆتاییهات. کرۆنشتات ساتێکی شۆڕشگێڕانە بوو، کە ڕەوڕەوە ناجێگیرەکانی شۆڕشی گەیاندە بەرزترین لوتکە.

لە چوارساڵی یەکەمی چارەنووسسازدا، دووبەرەکییەکی قوڵ دیاربوو: لەلایەك پارتیی بۆلشەڤیك و فەرمانداریی بۆلشەڤیکی، لەلایەکی دیکەوە چینی کرێکار ڕوسی. ئەو دووبەرەییە بە دەرکەوتنی ناکۆکی نێوان فەرمانداریی و جوتیاران، فرەتر دەرکەوت. وێڕای، هەبوونی ناکۆکی نێوان کرێکاران و جوتیاران، کە ئیسمیتشکا - واتە هاوپەیمانی چینایەتی ئەو دوانە - پەردەپۆشیکردبوو. لە تێڕوانینی ئێمەدا دەکرێ ناکۆکی نێوان جوتیاران و فەرمانداریی بۆلشەڤیکی وەلابنرێت. تەنیا بەسەرپێیی پەنجەی بۆ ڕادەکێشین، چونکە چەند لایەنەیی ناکۆکی نێوان کرێکاران و فەرمانداریی بۆلشەڤیکی و جوتیاران، پێداویستیی دیکتاتۆری پارتیی ڕۆشندەکاتەوە.

لەماوەی نێوان ڕودانی شۆڕش و ڕوداوەکانی ساڵی ١٩٢١، چینی کرێکاری ڕوسیە سەرقاڵی تێکۆشانێکی بەردەوام بوو. ساڵی ١٩١٧ ئەو تێکۆشانە زۆر واوەتر لەوەی کە بۆلشەڤیکەکان لەبەرچاویانگرتبوو، چووبووە پێش. ساڵی ١٩١٧ لەنێوان مانگی مارچ و کۆتایی سێپتەمبەر، ٣٦٥ مانگرتن، ٣٨ جار دەستبەسەراگرتنی کارخانە، ١١١ جار دەرکردنی بەڕێوەبەرانی کارخانە ڕویدا [٨]. دروشمی بۆلشەڤیکی " کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان لەلایەن کرێکارانەوە" لە ئاوا بار و دۆخێکدا بەدرۆخرایەوە. کرێکاران ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان بە دەستپێشخەری خۆیان گرتەدەست، واتە تا ١٤ نۆڤەمبەری ١٩١٧، کە بڕیاری کۆنترۆڵی کرێکاریی دەرچوو و ڕێگری بۆ ئەو چالاکییانە هێنایەپێش، واتە تەنیا هەفتەیەك پاش دەسەڵاتبەدەستەوەگرتنی بۆلشەڤیکەکان! پاش مانگی ئایاری ١٩١٨ " میللیکردنەکان" تەنیا لەلایەن سۆڤیەتی نێوەندیی ئابوورییەوە دەتوانرا ئەنجامبدرێن. ماوەیەکی کورت پاش ئەو ڕێکەوتە، مانگی ئەپریلی ١٩١٨، لێپرسراویی تاکەکەسی بەڕێوەبەرانی کارخانە سەرلەنوێ هاتەوە، ئەوانە چیدیکە نەدەبوو بۆ بڕیارەکانیان بڕوبیانوو بۆ کرێکارەکان"یان" بێننەوە. جێنیوەری ١٩١٨ سۆڤیەتەکانی کارخانە پاکتاو و سڕکرابوون. لەوە بەدواوە، لەتەك سەرکەوتنی کۆمونیزمی جەنگیی، یاسا ئابوورییەکانی کۆمەڵێکی بەرهەمهێنانی کاڵایی خۆیان پەردەیان لەسەر خۆیان ڕاماڵی. لێنین ئەفسووسی دەخوارد کە " جڵەوی ڕێنوێنیکردن خەریکە لەدەستدەرچێت ... فارگۆنەکە بە باشی ئاوا بەرەوپێش ناچێت، زۆرجار بەتەواوی و هەندێك جاریش وەك وێناکردنی ئەو کەسە نا کە لە پشت سکانەوە دانیشتووە". ڕۆژنامەی یەکێتییەکی کرێکاریی ڕوسی ڕایگەیاند، کە ساڵی ١٩٢١، ٤٤٧ مانگرتن بە بەشداری سەد و هەشتا و چوار هەزار (١٨٤٠٠٠) کەس ڕویانداوە. هەندێك ژمارەی دیکە بەو جۆرەن پێنج سەد و پێنج (٥٠٥) مانگرتن بە بەشداری سەد و پەنجا و چوار (١٥٤٠٠٠) کەس، ساڵی ١٩٢٢: ٢٦٧ مانگرتن، ساڵی ١٩٢٤: ١٥١ مانگرتن لە کارخانەی دەوڵەتیدا ئەنجامدران؛ ساڵی ١٩٢٥: ١٩٩ مانگرتن ، کە ٩٩ مانگرتتن لە کارخانەی دەوڵەتیدا بوون [٩].

ژمارەکان کەمبوونەی بەرەبەری نارەزایەتییە کرێکارییەکان نیشاندەدەن. ساڵی ١٩٢١ بە ڕاپەڕینی کرۆنشتات ئەو بزوتنەوەیە بە لوتکە گەیيشت. ٢٤ی فێبریوەری ١٩٢١ کرێکارانی پترۆگراد مانیانگرت. داخوازییەکانیان ئەوانە بوون: ئازادی بۆ گشت کرێکاران، هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە تایبەتەکان، هەڵبژاردنی ئازادانەی سۆڤیەتەکان. ئەوانە هەمان ئەو داخوازییانە بوون، کە چەند ڕۆژ دواتر لە کرۆنشتات بەرزکرانەوە. نارەزایەتیی گشتی سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە. لە کاتی سەری ساڵی ١٩٢٠-١٩٢١ ڕوسیەی بۆلشەڤیکی شانۆی

ناکۆکییەکی قوڵ بوو. دەستبەجێ ئەو بار و دۆخە " ئۆپۆزسیۆنی" کرێکاریی هێنایەدەرەوە، کە لەلایەن دووکەس لە کرێکارانی پێشووتری پۆڵاوە ڕابەرییدەکرا. ئەو ئۆپۆزسیۆنە خوازیاری دەستکۆتاکردنی پارتیی و هەڵوەساندنەوەی دیکتاتۆریی پارتیی و جێگرتنەوەی لەلایەن فەرمانداریی خۆیی جەماوەری بەرهەمهێنەرەوە بوو. بەکورتی: خوازیاری دێمۆکراسیی سۆڤیەتیی و کۆمونیزم بوو!

ماوەیەکی کورت پاش ئەوە، بار و دۆخی گشتی ڕوسیە وەك لە بەڵگەنامەکانی کرۆنشتات باسکراون، کە بەو جۆرە کورت و پوخت بە دروستی ڕۆشنیکردەوە : " لە ڕێگەی پاگەندەی فریودەرانەوە، ڕۆڵەکانی خەڵکی کرێکار بەرەو پارتیی ڕاکێشران و خرانە ژێر کۆتوبەندی دیسپلینێکی توندەوە. کاتێك کۆمونیستەکان هەستیانکرد، کە بەڕادەی پێویست بەهێزن، سۆشیالیستە سەر بە هێڵە جیاوازەکانی دیکەیان هەنگاو بە هەنگاو دەستکۆتاکرد و دواجار خودی کرێکاران و جوتیارانیان لەسەر کورسیگەلی کەشتی دەوڵەت وەدەرنا، بەڵام هاوکات بۆلشەڤیکەکان خۆیان بەناوی ئەوانەوە فەرمانداریی وڵاتیان دەکرد"[١٠].

فێبریوەری ١٩٢١ لە پترۆگراد ناڕەزایەتی گەلی ڕویاندا. خۆنیشاندەرانی پرۆلیتێری لە شوێنی دوور لە نێوەندی شارەوە ڕێپێوانیانکرد. فەرمان بە سوپای سوور درا، تاکو ئەو خۆنیشاندانانە پەرشوبڵاوبکات. سەربازان سەرپێچیان لەوە کرد، کە تەقە لە کرێکاران بکەن. دروشمی سەرەکی ئەوە بوو "مانگرتنی گشتی لە ٢٧ی فێبریوەرییدا کەتوارییە! ". ٢٨ی فێبریوەری لە پترۆگراد سەربازانی لێبڕوا و وەفادار بە فەرمانداریی ئامادەبوون. ڕابەرانی مانگرتن دەستگیرکران، کرێکاران ڕەوانەی کارخانەکان کرانەوە. هەستانەوەی بەرەی شۆڕش تێکشکا. بەڵام وێڕای ئەوەش هەمان ڕۆژ، دەریاوانانی کەشتیی جەنگی پێترۆپاڤلۆڤسك کە لە کرۆنشتات لەنگەریخستبوو، خوازیاری هەڵبژاردنی ئازادانەی سۆڤیەتەکان و ئازادی چاپەمەنی و کۆبوونەوە بۆ کرێکاران بوو! دەریاوانانی کەشتی جەنگیی سێڤاستۆپۆل بەو داخوازییانەوە پەیوەستبوو. ڕۆژی دواتر شازدە (١٦٠٠٠) هەزار کەس لە لەنگەرگەی کرۆنشتات کۆبوونەوە تاکو هاوپشتیی خۆیان بۆ مانگرتوانی پێترۆگراد ڕابگەیێنن.

٨

دژواره بتوانرێت گرنگیی یاخیبوونی کرۆنشتات بەڕادەی پێویست هەڵسەنگێنرێت. کرۆنشتات وەك فانۆس ڕێنمایی دەریا تیشکدەهاوێت. ڕاپەڕیوان لە ڕۆژنامەکەیاندا نووسییان " ئێمە لەپێناو چی تێدەکۆشین؟ چینی کرێکار هیواداربوو لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا سەرکەوتن بەدەستبێنێت. بەڵام ئەنجامەکەی تەنانەت سەرکوتی زیاتر بوو. فەرمانداریی بۆلشەڤیکی بۆ

پاراستنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ کۆمیسار و بیروکراتەکان، سیمبولی بەناوبانگی کرێکاری - چەکوش و داس-ی گۆڕی بە سیاچاڵ و سەرەنێزە" . گشت ئەوانە بەو واتایە بوون، کە لە کرۆنشتات ساتی کەتواریی بۆ فەرمانداریی بۆلشەڤیکی هاتبووە پێشەوە، دروست بەو جۆرەی کە لە ڕۆژانی جونی ١٨٤٨ یاخیبوونی پرۆلیتاریای فەرەنسا، ساتی کاتواریی بوو بۆ کۆماری ڕادیکاڵی فەرەنسە. لێرەش وەك ئەوێ، مەیدانی سەرکوتی پرۆلیتاریا بووە زادگەی لەدایبوونی سەرمایەداری. پرۆلیتاریا لە فەرەنسە کۆماری بۆرجوازی ناچارکرد، تاوەکو سروشتی ڕاستەقینەی خۆی وەك دەوڵەت، کە ئامانجی بڕیاردراوی هەمیشەییکردنی دەسەڵاتی سەرمایە بوو، دەربخات. بە هەمان شێوە لە کرۆنشتات کرێکاران و دەریاوانان پارتیی بۆلشەڤیکییان - کە تەنیا ئامانجی جێگیرکردنی سەرمایەداری دەوڵەتی بوو - ناچارکرد، تاوەکو سروشتی ڕاستەقینەی خۆی وەك دامەزراوەیەکی ئاشکرای دژایەتیکردنی کرێکاران دەربخات، کە لەتەك تێکشکانی ڕاپەڕیندا ڕێگەی بۆ ئاوەڵا بوو.

لە شەقامەکانی پاریس جەنراڵ کاڤایناك Cavaignac هیواکانی کرێکارانی لەنێو خوێندا گەوزاند. شۆڕشی کرۆنشتات لەلایەن لیئۆن ترۆتسکی سەرکوتکرا. ترۆتسکی لە مانگی مارچی ١٩٢١ بوو بە کاڤایناك، گوستاڤ نۆسکە**ی شۆڕشی ڕوسیە. ئەو کە بەناوبانگترین و دەرکەوتووترین نوێنەری تیئۆری شۆڕشی بەردەوام - گاڵتەجاریی مێژوو- بە سەرکوتکردنی کرۆنشتات بەری بە لێبڕاوترین هەوڵی بەرەو بەردەوامی شۆڕش پاش ئۆکتۆبەری ١٩١٧ گرت.

بەڵام خۆلادان لەو بەسەرهاتە لەتوانادانەبوو. پێشمەرجەکانی سەرکەوتنی پرۆلیتاریا لە کرۆنشتات لەئارادانەبوون. تەنیا شتێك کە دەیتوانی یارمەتییانبدات بەتەواوی هەر هەمان بەردەوامی شۆڕش بوو، کە ئاماژەمپێدا. کرێکارانی کرۆنشتات بەخۆیان ئەوەیان دەزانی و لێی تێگەیشتن. هەر لەبەرئەوە بەردەوام تێلەگرامیان بۆ هاوڕێکانیان لەسەر زەمینی سەرەکی ڕوسیا دەنارد و خوازیاری پاڵپشتی چالاکانەبوون.

کرێکارانی کرۆنشتات چاوی هیوایان بڕیبووە " شۆڕشی سێیەم"، هەر بەو جۆرەی کە هەزاران پرۆلیتار لە ڕوسیە بەو شۆڕشە سێیەمەی کرۆنشتات هیواداربوون. بەڵام ئەوەی لە ڕوسیەی دێهاتی ئەو سەردەمە لەتەك چینە کرێکارە تاڕادەیەك گچکەکەی و ئابوورییە گەشەنەکردووەکەی بە "شۆڕشی سێیەم" ناودەبرا، شتێك لە خۆشخەیاڵی بەولاوەتر بوو. کاتێك کە ئەفسانەی کرۆنشتات تازە دەستپێکردبوو، لێنین گوتی کە " لە کرۆنشتات، ئەوانە دەسەڵاتی گاردە سپییەکانیان ناوێت، ئەوانە دەسەڵاتی ئێمەشیان ناوێت. بەڵام دەسەڵاتێکی دیکە بوونی نییە."[١١]

لێنین تا ئەو جێیەی کە لەو ساتە دیاریکراوەدا ئەو جۆرە دەسەڵاتە - لایەنی کەم لە ڕوسیە - نەبوو، ڕاستی دەگوت. بەڵام کرێکارانی کرۆنشتات وەك کرێکارانی ئاڵمانیا لەتوانادابوونی شێوەیەکی دیکە لە دەسەڵاتیان دەرخستبوو. کرێکاران نەك بۆلشەڤیکەکان بە کۆمۆنەکانیان و بە سۆڤیەتە ئازادانە هەڵبژێردراوەکانیان، نموونەیەك لە شۆڕشی پرۆلیتێریی و دەسەڵاتی کرێکارییان نیشاندابوو.

نابێت دروشمی "سۆڤیەتەکان بەبێ کۆمونیستەکان" تووشی سەرسوڕمانمانبکات. بێبەزەییەکان بەناوی "کۆمونیستەکان" خۆیان دەناساند، ئەوانەی کە لەم ڕۆژگارەشدا - بەهەڵە - خۆیان ئاوا دەناسێنن: بۆلشەڤیکە لایەنگرەکانی سەرمایەداریی دەوڵەتین، ئەوانەی کە ئەو کات مانگرتنی کرێکارانی پێترۆگرادیان سەرکوتکرد. ساڵی ١٩٢١ ئاوەڵناوی "کۆمونیست" بۆ کرێکارانی کرۆنشتات هەروەك ساڵی ١٩٥٣ بۆ کرێکارانی ئاڵمانیای خۆرهەڵاتیی و ساڵی ١٩٥٦ بۆ کرێکارانی هەنگاریا نەفرەتاوی بوو. بەڵام وێڕای ئەوەش کرێکارانی کرۆنشتات وەك کرێکارانی دیکە بەرژەوەندیی چینایەتییان بۆیان گرنگبوو. بەو جۆرە تاکو ئەم ڕۆژەگارەش شێوازەکانی تێکۆشانی پرۆلیتێریانەیان هێشتا گرنگییەکی فراوانیان بۆ گشت هاوڕێ چینایەتییەکانیان هەیە، ئەوانەی - کە لە هەر کوێیەکی ئەو جیهانە بن - تێکۆشانی خۆیان بەرەوپێش دەبەن و لە ئەزموونەکانیانەوە ئەوە فێربوون، کە ئازادبوونیان تەنیا لە گرەوی تێکۆشانی خۆیاندایە.

**پەراوێزەکان:**

[ کایۆ برێندل Cajo Brendel یەکێك لە کۆنترین کۆمۆنیستە سۆڤیەتییەکانی هۆڵەندایە، کە سەرەتای دەهەی ١٩٣٠ بەدابڕانی ئێجگاریی لە ترۆتسکیزم، بە گروپی کۆمۆنیستە ئینتەرناسیونالیستەکانی هۆڵەند GIK پەیوەستبووە.- و] یەکەم جار ئەم نووسینە ساڵی ١٩٧١ لە شێوەی کۆڕ لە پەنجاهەمین ساڵرۆژی ڕاپەڕینی کرۆنشتات دالە زانستگەی تەکنیکی بێرلین پێشکەشکرا. دەتوانرێت لەم سەرجاوەی خوارەوە دەقە بنەڕەتییەکەی ئەو گۆتاردانە بە ئاڵمانی پەیداکرێت:

http://www.members.partisan.net/brandel/crnstat.html

in: Agnoli, Johannes;Brandel,Cajo;mett,Ida:Die revolutionären Aktionen der russischen Arbeiter und Bauern : Die Kommune von Kronstat, Berlin: Karin Kramer Verlag, Berlin ١٩٧٤ ٩٤ pages.

نووسینەکەی ترۆتسکی بە ئینگلیزی بەناوی " گارەگار لەسەر کرۆنشتات، بەرەیەکی خەڵکانی تاوانبار" لە New International, April ١٩٣٨,p. ١٠٤ بڵاوکرایەوە. ئەو ناونیشانەم لە بڵاوکراوەیەکی ترۆتسکیستی هۆڵەندی کە تێیدا ئەو گۆتارە پاش ماوەیەکی کورت دوای بڵاوبوونەوەی بە ئینگلیزی، جارێکی دیکە وەرمگێڕا.

ترۆتسکی لە بیۆگرافییەکەیدا لەبارەی ستالین لە پێداویستبوونی ئەو سەرکوتکردنە دەدوێت. لەوێدا دەڵێت " ئەوەی کە فەرمانداریی سۆڤیەتی بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆت لە کرۆنشتات ئەنجامیدا، پێداویستییەکی تراژیدی بوو" وێڕای ئەوەش لە ڕستەی دواتردا ڕەخنە و هاوئاهەنگی لەتەك ئەفسانەدا، سەرلەنوێ باس لە " مشتێك لادێی کۆنەپەرست و سەربازی یاخی" دەکات. بڕواننە :
English edition: Stalin:An Appraisal of the Man and His Influence, edition and annotated from the Russian by Charles Malamuth, London, ١٩٤٧, P. ٣٣٧

لە کۆڕ و کۆمەڵێکی دیاریکراوی مەنشەڤیکەکان و گاردە سپییەکان، واتە هەموویان نا. گوتبوویان "ئەوانە بەزۆری ئەوانە بوون، کە لەو سەردەمەدا لە دەرەی ڕوسیە پەیدادەبوون". لە بەڵگەنامەیەکی ئەو سەردەمەدا ئاماژە بە ئەوە دراوە، چۆن پاشماوەی تێکشکاوەکانی گاردی سپی، کە هەنووکە لە ڕوسیە پەیدان، بە هەستێکی ئاوا وردەوە هەڕەشەی پێشڕەوی پرۆلیتێرییان لە کرۆنشتات دیاریکرد و بەشێوەیەکی بێبەندومەرج بۆ سەرکوتکردنی یاخیبووان خوازیاری خزمەتکردن بە کاروانی ڕابەرانی بۆلشەڤیکی بوون. بڕواننە :
`Die Warheit über Kronstadt` , ١٩٢١. Comlete reprinting of this work in German translation in Dokumente der Weltrevolution, vol. ٢, Arbeiterdemokratie oder Parteidiktatur, Olten, ١٩٦٧, p. ٢٩٧ff

دەتوانرێت بێکۆتایی ئەو نموونانە درێژەبکرێنەوە، دەتوانرێت ئەوانە لەتەك بزوتنەوەی یەکسانیخوازان Levellers لە شۆڕشی بریتانیای سەدەی هەڤدەهەم بەراوردبکرێن. بەراوردی کاراکتەری کۆمەڵایەتیی شۆڕشی ڕوسیە لە ١٩١٧دا دەتوانرێت لەم سەرچاوەی خوارەوەدا ببینی : in `Thesen über den Bolschewismus` , first –published in Rätekorrespondenz, no ٣, August ١٩٣٤; reprint in Kollektiv Verlag, Berlin, n.d.

٦- I. Lenin , `Zwei Taktike der Sozialdemokratie in der demokratischen Revolution `, in Ausgewählte Werke, vol. ١, Berlin, Dietz Verlag, ١٩٦٤, p.٥٥٨

ئەو گوتە گێڕانەوە ناڕاستەوخۆیە لە لێنین لە گۆتارێکی (N. Insarov)وەیە، کە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٢٦ لە بڵاوکراوەی Proletari بڵاوکرایەوە. ئینسارۆڤ لە نوسخەی ڕوسی گشتی بەرهەمەکانی لێنین، کە لەلایەن Russian State Publishing House بڵاوکراوەتەوە، سوودی وەرگرتووە. ئەو دەربڕینە لە بەرگی ١١ی بەشی یەك لاپەڕە ٢٨ دەسدەکەوێت.

* لە شۆڕشی فەرەنسەدا "ژاکۆبینەکان" نازناوی ئەندامانی (یانەی ژاکۆبین) بوو. ژاکۆبینەکان ڕادیکاڵترین بەشی بۆرجوازی فەرەنسە بوون, کە بە ڕابەری ڕۆبسپیر لە ساڵی ١٧٩٣ بە کودەتا (فەرمانداریی ژیروندن)ەکانیان

ڕوخاند و فەرماندارێی تیرۆرکاریان دامەزراند. ساڵێك دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی ناپلیۆن ڕوبسپیر لە سێدارە درا.
–و.ف

٨ - TheThese figures were taken from F. Pollock (Die planwirtschaftlichen Versuche in der ١٩٢٩, p. ٢٥) and from the work of Y. G. Kotelnikov and V. L. Sowjetunion ١٩١٧-١٩٢٧, Leipzig, contains facts concerning strikes and workers' Melier, Die Bauernbewegung ١٩١٧ (which also political actions).

٩ - ئامار لەبارەی مانگرتن و مانگرتووانەوە لەلایەن ڕۆژنامەی یەکێتی ڕوسی ٨ Voprosy Truda, ١٩٢٤, no ٧/ ئامادەکراوە. تۆمارگەران پەنجە بۆ ناتەواوی ئەو ژمارانە ڕادەکێشن. ئێمە جارێکی دیکە لە پۆلاك ( گوتەی سەرەوە، تێبینی ژمارە ٩) دەگێڕینەوە.
Labour Disputes in Soviet Russia, ١٩٥٧-١٩٦٥ (Oxford, ١٩٦٩, لەبەشی یەکەمی (مێژوویی) پەرتووکی Mary McAuley p.١٥) پشدا زانیاریگەلێك لەبارەی ژمارەی مانگرتنەکان لە ڕوسیە لە ساڵە یەکەمەکانی پاش شۆڕش دەخاتەڕوو. ئەو بۆ زانیارییەکانی پشت بە Revzin inVestnik Truda, ١٩٢٤, no ٥-٦, pp. ١٥٤-١٦٠ دەبەستێت. ئەو ژمارانەی سەرەوە لەتەك ژانرەکانی پۆلاك دەگونجێن.

١٠- 'Die Wahrheit über Kronstadt ١٩٢١', Dokumente der Weltrevolution, op. cit., vol. ٢, p. ٢٨٨.

** Gustav Noske ڕامیارکاری سۆشیال-دیمۆکرات، نوێنەری سۆشیال-دیمۆکراتەکان لە ڕایشتاك، فەرماندەی سوپا پاش شۆڕشی نۆڤەمبەری ١٩١٨ی ئاڵمانیا، شالیاری پارێزگاریی لەنێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠. ئەو لێپرسراو و فەرماندەی سەرکوت و کوشتاری درندانەی ڕاپەڕین لە ئاڵمانیا بوو. – و.ف

١١- Dokumente der Weltrevolution, op. cit., vol. ٢, p. ٢٨٨.

بۆ خوێنەرانێك کە لەو بارەوە خوازیاری زانیاری زیاترن ، دەتوانن بڕواننە سەرچاوانە (و.ك.) :
١- Der Aufstand von Kronstadt , Volin, ISBN ٣-٨٩٧٧١ -٩٠٠ -٢
٢- Die Geschichte der Machno Bewegung, Peter A. Arschinoff, ISBN ٣-٩٢٨٣٠٠-٦٨-٧
٣- Emma Goldman : Niedergang der russischen Revolution, Kramer Verlag.

لە ماڵپەری کاوشگر :www.kaveshger.org وەرگیراوە، هەر ئاوا دەتوانن دەقە ئاڵمانییەکەی لەم ئادرەسەی خوارەوە بەدەست بێنن : http://www.members.partisan.net/brandel/crnstat.html

( لەبەر هەندێك جیاوازی لەنێوان دەقە ئاڵمانی و وەرگێڕانە فارسییەکەدا، جارێکی دیکە لەبەر دەقە ئاڵمانییەکەوە پێیداچوونەوەی بۆ کراوە )

## کرۆنشتات، ڕاپەڕینی کرێکاران و سەربازان لە دژی دیکتاتۆریی بۆلشەڤیکەکان.

نادری ئەحمەدی

سەردەم مانگی ئۆکتۆبەرە و لایەنگرانی بۆلشەڤیکەکان جەژنی مەرگی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەکەیان دەگێڕن و لەپاڵ پیاهەڵدانی زەبەندەی بۆلشەڤیکەکاندا هیچ کاتێك ناچنە سەر کارکردی تێکدەرانەیان لە مەیدانی نێوخۆیی و دەرەکیدا و تەنیا هەوڵی ئەوە دەدەن، کە ڕوخسارێکی پۆزەتیڤیان بۆ بکێشن، بەڵام کەتوار شتێکی دیکەیە.

ساڵی ١٩٢١ کەمی خۆراك بووە هۆی زنجیرەیەك نارەزایەتی فراوان لەنێو کرێکارانی مۆسکۆ و لەو بارەوە مانگی جێنیوەری کۆبوونەوەگەلێکی زۆر لە کارخانەکاندا ڕێکخران و کرێکاران خوازیاری کۆتایهێنان بە سەرکوتی کرێکاران و سەربازیکردنی پێگەی کرێکاریی بوون. بەڵام بۆلشەڤیکەکان لەجیاتی ئەوەی کاروبارەکانی خەڵکی بدەنە دەستی خودی خەڵك و سوود لە ڕێگەچارەکانی ئەوان وەربگرن، نارازییانیان بە ورگپەروەر تاوانبارکرد و زۆر و فشارەکانی خۆیان بۆسەر کرێکاران زیاتر کرد و ڕێکخراوی پۆلیسی نهێنی (چکا)یان بەردایە گیانیان! لە ڕاستیدا کردەی دژە-خەڵکی و سەرکوتگەرانەی (چێکا)، یەکێك بوو لە هۆکارەکانی نارەزایەتیی کرێکاران و لەنێوان دێسەمبەری ١٩١٨ تا نۆڤەمبەری ١٩٢٠ ڕێکخراوە سەرکوتگەرە بۆلشەڤیکییەکان ٥٧٨ کەسیان لە خەڵك کوشت و چل هەزار ٤٠٠٠٠ کەس واتە ٦% دانیشتووانی شاری (مۆسکۆ)یان دەستگیرکرد! مانگی جێنیوەری تا مانگی مەی ١٩٢٠ زیاتر لە سێسەد و چل و پێنج ٣٤٥ کەسیان کوشت و پێش ئەوە دوو ٢٠٠٠ تا سێ ٣٠٠٠ هەزار زیندانیان لە سێدارەدابوون! بەشی زۆرینەی دەستگیرکراوان لاوانێك بوون، کە بەهۆی برسیەتییەوە نانیان دزیبوو! سەرنجڕاکێش ئەوە بوو، لە کاتێکدا بۆلشەڤیکەکان کرێکارانیان بە ورگپەروەر تاوانبارکردبوو، بەخۆیان لە بەرتەریی تایبەت سوودمەندبوون و کرێکارانی مانگرتوو بە ڕابەریی کرێکارانی کانزاکار، کە لە ڕاگەیاندنێکدا خوازیاری ڕاگرتنی بەرتەریی تایبەت و پشکبەندی دە ١٠٠٠٠ هەزار کەس لە پلەدارانی باڵای پارتیی بۆلشەڤیك بوون. سەربازانێکی خۆجێی کە بۆ سەرکوتی خۆنیشاندانی سەرشەقامیی کرێکاران هێنرابوون، تاکو تەقە لە کرێکاران بکەن، سەرپێچییان لە فەرمانی تەقەکردن کرد، بەڵام هێزە تایبەتەکانی بۆلشەڤیك ژمارەیەکی زۆریان کوشت و بریندارکرد. کۆبوونەوەیەکی گەورە لە هێڵی شەمەندەفەری مۆسکۆ ڕێکخرا و هەزار پێنج سەد ١٥٠٠ کەس خۆنیشاندانکرد و سەربازانێك کە خوازیاربوون بە خۆنیشاندەرانەوە پەیوەستبن، چەکیان فڕێدا.

٢٣ی فێبریوەری دە ١٠٠٠٠ هەزار کەس لە کرێکاران دەستیان بە ڕێپێوانێکی نارەزایەتی کرد. لەو ڕۆژەدا لە شاری مۆسکۆ بڕیاری قەدەخەکردنی هاتوچۆ ڕاگەیێندرا. شاری کرۆنشتات بنکەی دەریایی بوو و کەوتووەتە دوورگەیەك لە کەنداوی فینلاند. دەریاوانانی کرۆنشتات پێشرەوانی شۆڕشەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ ڕوسیە بوون و ترۆتسکی وەك شانازی شۆڕشی ڕوسیە ناوی بردوون. دانیشتووانی کرۆنشتات لە یەکەمین پێشرەوان و داهێنەران و پێکهێنەرانی سۆڤیەتەکان بوون و ساڵی ١٩١٧ کۆمونەیەکی ئازاد و سەربەخۆ لە دەوڵەتیان پێکهێنابوو. بە گوتەی ئیسرائیل گێتزلەر Israel Getzler شارەزای پرسی کرۆنشتات: "..... لەنێو خودی کۆمون بەڕێوەبەرایەتی کرۆنشتات هەبوو، کە بە "کرۆنشتاتی سوور" ناسرا و سیستەمی سۆشیالیستی؛ دیمۆکراسی و یەکسانی لەنێوان سەربازان و کرێکاران برەوی پەیداکرد و ئارەزوومەندیی بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چالاکی ڕامیاریی و پەروەردە و ڕاهێنانی سۆشیالیستی و هاریکاری هاوبەش سەریهەڵدا ".

نۆڤەمبەری ١٩٢٠ جەنگی نێوخۆیی ڕوسیە بە شکستی جەنەراڵ ڕانگل لە ناوچەی کریمە Crimea کۆتایهات. لە هەمان کاتدا یاخیبوونە جوتیارییەکان لە گوندەکانی ڕوسیە لە دژی ڕامیارییە سەپێنراوەکانی پارتیی بۆلشەڤیك بەسەر جوتیاراندا تەواوی ڕوسیەی گرتبووەوە و مانگرتنێکی گشتی شاری پترۆگرادی گرتبووەوە.

٢٦ فێبریوەری دەریاوانانی کەشتییە جەنگییەکانی پێترۆپاڤلۆڤسك- Petropavlovsk و سێڤاستۆپۆل - Sevastopol لە کرۆنشتات کۆبوونەوەیەکی بەپەلەیان ڕێکخست و لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەیان بۆ شاری پرتۆگراد نارد، تاوەکو لەڕێی لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی مانگرتنی کرێکاران لە شاری پترۆگراد تێبگەن و ئەنجامەکەی بە دەریاوانانی کەشتییەکان ڕابگەیێنن. پاش تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ دەستەی لێکۆڵەر ڕایگەیاند، کە سەرکوتی دەوڵەتیی هۆکاری سەرهەڵدانی مانگرتنەکانە لە پترۆگراد و بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی یازدە خاڵیی داوایان لە سەرانی دەوڵەت کرد، تاوەکو داخوازییەکانی خوارەوە جێبەجێبکەن:
بەڕێخستنی هەڵبژاردنی ئازادانەی سۆڤیەتەکان، بەدیهێنانی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە و پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و داننان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە جوتیارییەکان و چەپە سۆشیالیستییەکان و ئەنارکیستییەکان ...

سەربازان و کرێکارانی (کرۆنشتات)یش وەکو کرێکاران و خەڵکی شاری پترۆگراد خوازیاری یەکسانبوونی کرێ (موچە) و لابردنی ڕێبەندییە شەقامییەکان بوون، تاوەکو بە ئازادبوونی هاتوچۆ، کرێکاران بتوانن خواردن بۆ خەڵکی شار بەرن، کە لەلایەن پۆلیسەوە ئابلۆقەدرابوو.

یەکەم ڕۆژی مانگی مارچ لە مەیدانی ئانچور، لە کۆبوونەوەیەکی شازدە هەزار ١٦٠٠٠ کەسییدا، پاش گوێڕادێران بۆ ڕاپۆرتێکی لێکۆڵەرانە، کە پێشتر لەلایەن نوێنەرانی دەریاوانانی کەشتییە جەنگییەکانی پێترۆپاڤلۆڤسك و سێڤاستۆپۆل ئامادەکرابوو، بڕیارنامەیەکیان بەناوی بڕیارنامەی پێترۆپاڤلۆڤسك دەرکرد، کە تەنیا دوو کەس لە نوێنەرانی پارتیی بۆلشەڤیك دژی ئەو بڕیارنامەیە دەنگیاندا و لە بەرانبەردا زۆرینە بڕیاریاندا، لێژنەیەکی نوێنەرایەتیی تازە بنێرنە شاری پترۆگراد، تاوەکو داواکارییە دەنگپێدراوەکانی کرۆنشتات بە کرێکاران و خەڵکانی مانگرتوو ڕابگەیێنن و داوایان لێ بکرێت، تاوەکو نوێنەرانێکی بێلایەن بۆ کرۆنشتات بنێرن، بۆ ئەوەی دانیشتووانی کرۆنشتات لەوەی کە لە پترۆگراد دەگوزەرێت ئاگاداربکەنەوە. بەڵام لە نیوەی ڕێگادا گشت ئەندامانی ئەو لیژنەیە پێش گەیشتنیان لەلایەن دەوڵەتی بۆلشەڤیکییەوە دەستگیر کران! پاش ئەو ڕووداوە، دووەم ڕۆژی مانگی مارچ کۆبوونەوەیەکی گشتیی پێکهاتوو لە نوێنەرانی: دەریاوانانی کەشتییەکانی پێترۆپاڤلۆڤسك و سێڤاستۆپۆل، ئەندامانی سوپا، کرێکارانی لەنگەرگە و نوێنەرانی سۆڤیەتی یەکێتییە کرێکارییەکان ڕێکخرا، کە ٣٠٣ کەس لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە بەهۆی پشتگیرییکردن لە بڕیارنامەی پێترۆپاڤلۆڤسك، کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕانەی کاتیی پێنج کەسییان هەڵبژارد. دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە بۆلشەڤیکەکان بۆ تێکدانی ئەو کۆبوونەوەیە هێزیان بەڕێخستووە. لەو هەل و مەرجەدا (کرۆنشتات)ی شۆڕشگێڕ دروشمەکانی ساڵی ١٩١٧ واتە دروشمی "تەواوی دەسەڵات بۆ سۆڤیەتەکان"ی کردبووە سەردێڕی دروشمەکانی خۆی. دەوڵەتی بۆلشەڤیکی ڕێکخەرانی مانگرتنەکەی ئاگادارکردەوە و مانگرتنەکەی بە پیلانگێڕیی ڕێکخراوی سیخوڕیی فەرەنسە و جەنەراڵی پێشووی سوپای تزاری کزلۆڤسکی ناوبرد.
لەو بارەدا کرۆنشتات دەستی بۆ سەرلەنوێ خۆسازدانەوە برد و کۆمیتە و سۆڤیەتە کرێکارییەکان سەرلەنوێ هەڵبژێردرانەوە و حەوت سەد و هەشتا ٧٨٠ کەس وازیان لە پارتیی بۆلشەڤیك هێنا و لێرەدا سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە سێیەکی کەسانی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتەی کرۆنشتات لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووەمی مانگی مارچ، بەر لەو ڕووداوە بۆلشەڤیك بوون. وێڕای ڕەفتاری توندوتیژانەی دەوڵەتی بۆلشەڤیکی، بەڵام یاخیبوونی کرۆنشتات ئاشتیخوازانە و دوور لە توندوتیژی بوو.

ڕۆژی پێنجی مانگی مارچ واتە دوو ڕۆژ پێش هێرشی سوپای بۆلشەڤیکەکان بۆ سەر کرۆنشتات و بۆمبارانکردنی، دوو کەس لە ئەنارکیستەکان بەناوی ئێما گۆڵدمان Emma Goldman و ئەلێکساندەر بێرکمان Alexander Berkman وەك میانجیگەر پێشنیاری میانجی نێوان دەوڵەت و شۆڕشگێڕانیان کرد، بەڵام لەلایەن دەوڵەتەوە پێشنیارەکەیان ڕەتکرایەوە. کرێکاران

و شۆڕشگێڕان وێڕای پشتیوانی لێکردنیان لەلایەن خەڵکی کرۆنشتات، بەڵام تەنیا مانەوە و لە پشتیوانی شوێنەکانی دیکەی ڕوسیە بێبەشبوون. حەوتەمین ڕۆژی مانگی مارچ هێرشی سەربازیی دەوڵەتی بۆلشەڤیکی بۆ سەر کرۆنشتات دەستیپێکرد و لە شاری پترۆگراد بڕیاری فەرمانداریی نائاسایی (فەرمانداریی سەربازیی) سەپێنرا. هێرشی یەکەمی سوپا بۆ سەر کرۆنشتات تێکشکا و ژمارەیەك لە سەربازانی دەوڵەت بە یاخیبووانەوە پەیوەستبوون و ژمارەیەکیش لە فەرمانی هێرشکردن سەرپێچییانکرد، بەڵام سەرەنجام پاش دە (١٠) ڕۆژ جەنگی بەردەوام، یاخیبوونی کرۆنشتات سەرکوتکرا و بۆلشەڤیکەکان بە سەرکوتی کرێکاران و سەربازانی یاخی، فەرمانداریی تیرۆر و تۆقاندنی خۆیان سەپاند.

ڕوزا لوکسێمبورگ Rosa Luxemburg لە پەرتووکی شۆڕشی ڕوس، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بۆلشەڤیکەکاندا لە ڕوسیە بڵاوکردنەوەی قەدەخەبوو، ئاوا دەنووسێت " ... فێرکارییە بنچینەییەکانی تیۆری لێنین و ترۆتسکی بریتین لەوەی کە ئەوانیش وەك کاوتسکی دیکتاتۆری لەبەرانبەر دێمۆکراسی دادەنێن "دیکتاتۆری یا دێمۆکراسی"! کاوتسکی و بۆلشەڤیکەکان پرسەکە ئاوا دەخەنەڕوو، هەڵبەتە کاوتسکی پشتیوانی لە دێمۆکراسیی بۆرجوازی دەکات. بەپێچەوانەوە لێنین و ترۆتسکی لایەنگری لە دیکتاتۆری و ئەویش دیکتاتۆریی کۆمەڵە کەسێك، واتە دیکتاتۆری لە شێوەی دیکتاتۆرییەکانی بۆرجوازی! ئەوانە دوو جەمسەرن کە لە ڕامیارییە سۆشیالیستییەکانەوە زۆر دوورن .... ڕۆشن و ئاشکرایە، کە پرۆلیتاریا دەبێت دیکتاتۆری بکات، بەڵام دیکتاتۆریی چین نەك دیکتاتۆریی پارتیی یا دیکتاتۆریی دەستەیەك لە چین ! دیکتاتۆریی چین بەو تێگەیشتنەی کە لە دێمۆکراسییەکی بێسنووردا، فراوانترین بیروباوەڕی خەڵکی لە ڕێگەی بەشدارییکردنی بێڕێگریی و ڕۆژانەی جەماوەرەوە بێتەدی...).

سەرچاوەی لێ وەرگیراو: http://www.mano-paltalk.net/pdf٣/nk.htm

# دژەخونیی نێوەکی لە شۆڕش

ژۆن ژاك گاندینی

نێستۆر ماخنۆ یەکێکە لە کەسایەتییە نموونەییەکانی مێژووی شۆڕشگێڕی، کە بۆ باسکردنی ڕەوتی ژیانی دەبێت لە تەکنیکی نواندنی داستان سوود وەرگیرێت. کەواتە با لەبەر تۆمارکردنی ئەو لاپەڕەیە لە مێژوو سوپاسی فرانسوا هوبورژە[(١)] بکەین، کە لەبارەی بزوتنەوەی یاخیانەی ئەنارکیستی ئۆکرانیا نێوان ساڵی ١٩١٨ و ١٩٢١ بابەتێکی باشی نووسیووە، بزوتنەوەیەك کە نەناسراو بوو و تا ماوەیەکی زۆر وێناکردنێکی ئاوەژوو لەبارەیەوە دەخرایەڕوو. گوندنشینانی ئۆکرانیا بەتایبەت لە باشووری وڵات، بە سەرپێچییکردن لە بەند و مەرجەکانی ڕێکەوتننامەی (برێست-لیتۆڤسك)ی مارچی ١٩١٨ی پاریس، کە لەو ڕێکەوتننامەدا بۆلشەڤیکە تازە بەدەسەڵاتگەیشتووەکان (ئۆکرانیا)یان بە ئیمپراتۆری نەمسا و ئاڵمانیا بەخشی، لە چوارچێوەی سوپایەکی پارتیبیزاندا کۆبوونەوە و لەنێو خۆیاندا کەسێکیان بە فەرماندەی سوپا هەڵبژارد .

نێستۆر ماخنۆ نەك تەنیا نیشانیدا، کە ستراتیجی داڕێژەرێکی بێهاوتایە، بەڵکو لە هێزێك کە لە باوەڕە ئەنارکیستییەکانی خۆی وەریدەگرت، توانی سیستەمی زەوی دابەشکردن و یاسای بنەڕەتی یسۆڤیەتەکان پیادەکات. لەو یاسایەدا سۆڤیەتەکان لە پێگەی کۆمەڵە ئازادە فیدراڵییەکان بەهرەمەندبوون. لەبەرئەوە پاش ڕێکەوتنامەی ئاشتی ١١ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ ئەو لە دژی هێزە میللیگەراکانی سیمۆن پێتلیۆورا Simon Petlioura و پاشان لە دژی ڕوسە سپیەکان بە فەرماندەیی ئانتۆن دێنیکینAnton Denikine، کە لەژێر پشتیوانی هێزە هاوپەیمانەکانی فەرانسە و بریتانیا بوون، جەنگی و ڕووبەڕووبوونەوە؛ هێزە هاوپەیمانەکان لەهەوڵی ئەوەدا بوون، بە هەر نرخێك بووە بەر بە گەشەی بزوقتنەوەی شۆڕشگێڕانە بەرەو ئەورووپای خۆرهەلاتیی بگرن .

سوپای پارتیبیزانی ماخنۆ لەپاڵ پاراستنی پایە و ئامانجەکانی خۆی، ڕێکەوتننامەیەکی لەتەك سوپای سوور لە دژی دوژمنی هاوبەشیان واژۆکرد، بەڵام دواتر لەلایەن سوپای سوورەوە دژەخونیی لەو سوپا پارتیبیزانە کرا و بزوتنەوەکە لەنێوبرا. بەگوێری تێڕوانینی ترۆتسکی، ئەو سوپایە تەنیا "یاخیبونێك بوو لەژێر ئەو ناوە داپۆشەرەودا، کە هەوڵیدەدا فەرمانداریی بۆرجوازیی لە بەرژەوەندی کۆلاکەکان بگەیێنێتە دەسەڵات" [کۆلاك بە جوتیارە دەوڵەمەندەکانی پێش شۆڕشی ڕوسیە دهگوترا]. بەڵام لە ڕاستیدا لایەنگرانی فەرمانداریی تاك پارتیی بەرگەی هێنانەدی بەکردەوەی دروشمەکانی سەربەخۆیی و دیمۆکراسی

ڕاستەوخۆیان نەدەگرت. ماخنۆ کە لە دوای دەگەڕان، ناچاربوو ئۆگوستی ١٩٢١ مەیدانی تێکۆشان بەجێهێڵێت و لە وڵاتی ڕۆمانیا ببێتە پەنابەر؛ دواتر ساڵی ١٩٢٥ چووە پاریس، ماوەیەك لە کارخانەی ڕینۆ خەریکی کارکردن کردوو و سەرەنجام لە بارێکدا کە بەڕادەیەك لەلایەن هەمووانەوە لەبیرکرابوو، جولای ١٩٣٤ لەژێر کارایی نەخۆشی سیل مرد.

ئەگەر ئەو دوو ساڵی دیکە ماخنۆ زیندوو بمایە، دەیتوانی ڕۆژەکانی شۆڕشگێڕی جولای ١٩٣٦ ببینێت، ڕۆژانێك کە خەڵکی ئیسپانیا لە بارێکدا کە لەلایەن تێکۆشەرانی ئەنارکیست و سۆشیالیست و مارکسیستەکانەوە پشتیوانیان لێ دەکرا، دەستە دەستە دەرژانە سەر شەقامەکان و کودەتای دژی دەوڵەتی کۆماریان تێکشکاند، کودەتایەك کە بە ڕاگەیاندنێك Pronuncimento لەلایەن جەنەراڵ فرانکۆ ئەنجامدرا، ئەو بزووتنەی خەڵك بەخێرایی بووە هۆی ڕوخانی سیستەمی زاڵ.

هانس ئێریش کامینسکی Hans Erich Kaminsky[٢] دەکەوێتە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەوەی کە لە شارە گچکەکان و دێهاتەکانی کاتالۆنیا شۆڕش چ شێوەیەکی لەخۆگرتووە: پاڵپشتیکردنی کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان بەزۆری لەلایەن ئەنارکیستە سەندیکالیستەکانەوە بوو. فێلیکس کاراسکوێر Felix Carras quer[٣]یش بەسەرهاتی ڕاستەوخۆ لەبارەی ڕێکخستنی کۆمەڵە هەرەوەزییە کشتکارییەکان لەلایەن جوتیارانی ئاراگۆن دەگێڕێتەوە، جوتیارانێك کە پێشڕەوانی کۆمەڵی بەبێ چێن بوون. سێدریك دوپۆن Cédric Dupon[٤]یش بە نۆرەی خۆی بەبیرماندێنێتەوە، کە ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییە تەنیا لە سنووری پێشەسازی و کشتوکاڵدا نەگیرسایەوە، بەڵکو مەیدانەکانی گواستنەوە و بارکردن و خزمەتگوزاری و نەخۆشخانەکان و پەروەردە و فێرکردن و سینەما و هیدیکەیشی گرتەوە و بەربڵاویان تەنیا لە ناوچەی کاتالۆنیا و ئاراگۆن سنووردار نەبوو.

بەڵام مانگەکانی ئایار و جونی ١٩٣٧ شۆڕشی ئیسپانیا بەدەستی ستالینیستەکان لەپشتەوە خەنجەری لێ درا. پارتی کۆمونیستی ئیسپانیا، کە جولای ١٩٣٦ کەمایەتییەکی زۆر بچووکی پێکدەهێنا، بە پشتبەستن بە چینی وردەبۆرجوازی لەنێوخۆ و دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بەرەبەرە دەسەڵات و گرنگیی خۆی زیادکرد. ئەوە لە کاتێکدایە کە وێڕای یارمەتییە فراوانەکانی نازییەکانی ئاڵمانیا و فاشیشتەکانی ئیتالیا بۆ لایەنگرانی فرانکۆ، هێزەکانی فەرەنسە و بریتانیا لە هەر جۆرە خۆتێوەردانێك لادا.

خۆزێ فێرگۆ José Fergo لە دواین ژمارەی بڵاوکراوەی شکست Contretemps (٥) بە بۆنەی وەرگێڕانی پەرتووکی Spain betyard بە زمانی ئیسپانی [٦]، ئامانجی دوو لایەنەی ستالین بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش لێکدەداتەوە ئامانجی یەکەم ئەوە بوو، کە بە هەر ئامرازێکی گونجاو بەر بە گەشەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بگرێت و جۆرێك لە دیمۆکراسیی گەلی دارێژێت، کە بەتەواوی وابەستە بە ئەو [ستالین] بێت و ئەنجامی ئاوا ئامانجگەلێك دەزانین ... شایانی گوتنە کە پەرتووکی Spain betyard لەلایەن ماری هابێرت Mary Habert و ڕۆڵاند ڕادسن Roland Radson و گرێگۆری سێڤاستیانۆڤ Gregory Sevastianov نووسراوە و بە دواین ئەرشیڤەکان پشتیەستورە، کە تایبەتن بە جەنگی نێوخۆی ئیسپانیا و ئێستا ئیدی لە مۆسکۆ دستی هەمووانیان پێڕادەگا .

سەرچاوەکان :

Jean-Jacques GANDINI

١. Makhno: ukraine libertaire ١٩١٨ - ١٩٢١, Editions Libertaire et du Monde , p. ٧٠, Libertaire Paris,٢٠٠٢

٢. Ceux de Barcelon, Allia,Paris ٢٠٠٣, p. ١٩٠

٣. Les Collectivités,d'Aragon:Espagne ٣٦-٣٩ Ed.CNT-RR,paris,٢٠٠٣, P. ٢٩٢

٤. Ils ont osé! Edition du Monde Libertaire Paris ٢٠٠٢. p. ١٥

٥. A Contretemp,n ١١. Mars ٢٠٠٣, c/oF.٥٥ Gomez ٥٥. rue des Prairies٧٥٠٢٠ . Paris

٦. España Traicionada : Stalin y la guerra Civil, Planta, ٢٠٠٢, p. ٦٢٨ Spain Betrayed, Yale University Press, . ٢٠٠١

*ئەو گۆتارە لە مانگنامەی ڕامیاریی-کۆمەڵایەتیی- فەرهەنگیی (لۆموند دیپلوماتیك)ی فارسی وەرگیراوە

# ئەنارکیزم ، مەرگ و ژیان

*"ڕێم بدە خەیاڵبکەم کە لەنێو ئەو ئەستێرانەدا ئەستێرەیەك*
*هەیە و لە بومولێڵی تاموی ژیاندا چاوساخیی من دەکا"*
*ڕابیندرات تاگور*

ئەنارکیستەکان لەنێو بزووتنەوەی کرۆنشتات ڕۆڵێکی فرەیان نەبوو. وێڕای ئەوەش ناکرێت لەبەرچاوینەگرین، کە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کرۆنشتات داوای لە دوو کەس لە ئەوان کرد، تاوەکو بە بزوتنەوەکەوە پەیوەستبن. کەسی یەکەم یارچۆوك Yartchouk دامەزرێنەری سۆڤیەتی کرۆنشتات ساڵی ١٩١٧ و ئەوی دیکە ڤۆلین بوو. بەڵام ئەو بانگەوازە بێسەرەنجام مایەوە، لەبەرئەوەی کە هەردووکیان لەو کاتەدا لە چنگ بۆلشەڤیکەکاندا دەستبەسەربوون. بە گوتەی ئیدا مێت Ida Mett مێژونووس و نووسەری پەرتووکی ڕاپەڕینی کرۆنشتات La Revotle De Cronstad " کارایی ئەنارکیستەکان لەسەر کرۆنشتات تەنیا لەو تێڕوانینەوە دەکرێت ناوبهێنرێت، کە ئەنارکیزمیش ڕاگەیێنەری تێڕوانینی دێمۆکراسیی کرێکاری بوو". بەهەر بارێکدا هەرچەندە ئەنارکیستەکان دەستبەکاربوونێکی ڕاستەوخۆیان لە ڕاپەڕینەکەدا نەبوو، بەڵام ڕاپەڕینەکەیان بە هی خۆیانیان زانی.

ڤۆلین دواتر نووسی: " .... کرۆنشتات یەکەمین هەوڵی تەواو سەربەخۆی جەماوەری بوو بۆ ڕزگاربوون لە کۆتی هەر جۆرە دەسەڵاتێك و هەڵگیرساندنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی . ئەو هەوڵە بەدەستی خودی جەماوەری زەحمەتکێش، ڕاستەوخۆ بەبێ هانابردن بۆ شوانە ڕامیارییەکان و ڕابەران و سەرپەرشتیگەران ئەنجامدرا ". هەر ئاوا ئەلێکساندەر بێرکمان گوتی " کرۆنشتات ئەفسانەی دەوڵەتی پرۆلیتێریی کردە نەخشەی سەرئاو و سەلماندی کە لەنێوان دیکتاتۆریی پارتیی کۆمونیست و شۆڕشدا بواری هیچ جۆرە سازشێك نییە!" ...

وێڕای نەبوونی خۆتێهەڵقورتانی ڕاستەوخۆی ئەنارکیستەکان لە ڕاپەڕینی کرۆنشتات، سەرکوتی ئەو ڕاپەڕینە بیانوویەکی گونجاوی بە دامودەزگەی فەرمانداریی دا، تاوەکو کێشەی لەتەك ئەنارکیزم کە هێشتا ترسێکی گەورە بوو بۆ ئەو، یەکلاییبکاتەوە! چەندە هەفتە پێش سەرهەڵدانی یاخیبوونەکە، واتە ڕۆژی هەشتەمی فێبریوەری ١٩٢١، کرۆپۆتکین (Kropotkin)ی بەساڵاچوو، لە ڕوسیە مرد. بەخاکسپاردنی ئەو بەڕێکردنێکی فرە پڕشکۆی بەخۆوەگرت. بەشداربووانێك کە تەرمی ئەویان بەخاکدەسپارد، ژمارەیان لایەنی کەم سەد هەزار کەس دەبوو. ئاڵای ڕەش و سووری گروپە ئەنارکیستەکان ئامێتەبوون. لەسەر ڕەشی

ئاڵاکان بە خەتێکی سوور ئەو دەستەواژە بەرچاو دەکەوت " لە هەر کوێ دەسەڵاتداریی هەبێت، لەوێ ئازادی بوونی نییە " .

نووسەرانێك، کە لەبارەی کۆپۆتکین نووسیویانە، ئەو خۆنیشاندانە وەك "دواهەمین خۆنواندنی گەورە لە دژی سەرکوتی بۆلشەڤیکەکان" ناودەبەن. بەشداربووان تێیدا "نەك تەنیا بۆ ڕێزلێنان لە کۆپۆتکین، بەڵکو هەر ئاواش بۆ داخوازی جێگیرکردنی ئازادی بەشدارییان تێداکرد". پاش سەرکوتی کرۆنشتات سەدان ئەنارکیست زیندانیکران. چەند مانگ پاش ئەوە، ئازادیخوازێك بەناوی فانی بارون Fanny Baron و هەشت کەسی دیکە لە هاوەڵەکانی لە سیاچاڵەکانی زیندانی ( چکا ) لە مۆسکۆ گولەباران کران.

گوللەی ڕزگاربوون بە مێشکی ئەنارکیستی تێکۆشەرەوە نرا. لەو بارەدا لە دەرەوەی ڕوسیە، ئەو ئەنارکیستانەی کە ئەزموونی (ڕوسیە)یان تێپەڕاندبوو، بە فراوانی کەوتنە ڕەخنە و پێداچوونەوەی بیروبۆچوونەکانی خۆیان، تاوەکو بیری ئازادیخوازانە هەرچی فرەتر بەرجەستە بکەن. سەرەتای سێپتەمبەری ١٩٢٠ کۆنگرێسی یەکێتی ئەنارکیستەکانی ئۆکرانیا نابات Nabat بەڕاشکاوی "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" کە ناچار ئەرکەکەی لە دیکتاتۆری بەشێك لە پرۆلیتاریا [بەشێك، کە لە پارتییدا ڕێکخراوە] فەرمانبەران و مشتێك لە ڕابەران کۆتاییدێت، ڕەتکردببووەوە. (کۆپۆتکین)یش کەمێك پێش مردنی، نیگەرانی خۆی لە پەرەسەندنی "سەروەریی تەواو" لە وڵاتدا دەربڕیبوو "بە بۆچوونی من، هەوڵدان بۆ ڕۆنانی کۆماری کۆمونیستیی لەسەر پایەکانی دەوڵەت و توندوتیژی نێوەندییانە و لەژێر زۆری یاسا ئاسنینەکانی دیکتاتۆریی تاکپارتیی، بە شکستێکی گەورە کۆتاییدێت. ڕوسیە نیشانیداین، بۆچی نەدەبوو مل بە کۆمونیزم بدرێت " .

ڕۆژنامەی فەرەنسیی ئازادیخواز Le Libbertaire لە ژمارە ١٤ی ٧ی جێنیوەری ١٩٢١ خۆیدا، بانگەوازێکی پڕ ورەی ئەنارکۆسەندیکالیستەکانی ڕوسیای بۆ پرۆلیتاریای جیهان بڵاوکردەوە "هاوڕێیان، وەك ئێمە کۆتایی بە فەرمانداریی بۆرجوازی لە وڵاتەکانتاندا بهێنن! بەڵام وریابن، هەڵەکانی ئێمە دووبارە نەکەنەوە! نەهێڵن کۆمونیزمی دەوڵەتیی ببێتە فەرمانداری وڵاتەکانتان".

ئەنارکیستی ئاڵمانی-زمان (ڕودۆلف ڕۆکەر Rudolf Rocker)یش ساڵی ١٩٢٠ پەرتووکێکی بەناوی "شکستخواردنی کۆمونیزمی دەوڵەتیی" نووسی و ساڵی ١٩٢١ بڵاویکردەوە! ئەوە یەکەمین ئەزموون و لێکدانەوەی ڕامیاریی بوو لەبارەی شێواندنی شۆڕشی ڕوسی. بەگوێرەی

تێڕوانینی ڕۆکەر "دیکتاتۆری پرۆلیتێریی نەك دەربڕی خواستی چینێکی کۆمەڵایەتیی، بەڵکو دیکتاتۆری پارتیی بوو، کە پاگەندەی نوێنەرایەتی چینی کرێکاری دەکرد، وێڕای ئەوەی کە تاکە پشتوپەنای دەسەڵاتی سەرەنێزەکانی بوون، لەپشت دێوجامەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا چینێکی تازە سەریهەڵداوە و پەرەیسەندووە، چینی کۆمیسارەکان یا سەرورەریی کۆمیسارەکان. ئەم ڕۆژیش جەماوەری بەرینی خەڵك بە هەمان ئەندازە هەست بە سەرکوتگەریی چینی سەروەر دەکەن، کە دوێنێ لە سایەی سەرکوتگەریی ڕژێمی پێشوو [تزار] هەستیان پێدەکرد".

کاتێك کە گشت لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی بە تەواوی بکێشرێنە ژێر دەسەڵاتی فەرمانداریی سەرتاپاگیر، ئەنجامەکەی "شتێك واوەتر لە زنجیرەیەك پلەوپایەی فەرمانبەریی نابێت و ئەوە چارەنووسی بێگەڕانەوەی شۆڕشی ڕوسیا بووە". "بۆلشەڤیکەکان هەر تەنیا دەزگەی دەوڵەتی سەروەریان لە کۆمەڵی پێشووتر بە پوختی وەرنەگرت، بەڵکو ئاوا دەسەڵاتێکیشیان پێبەخشی، کە هیچ فەرماندارییەکی دیکە لەو وڵاتەدا ئەوەی لەتوانادا نەبوو"!

مانگی جون ١٩٩٢ گروپێك لە ئەنارکیستە پەنابەرەکان لە ئاڵمانیا، پەرتووکێکی گچکە و پەردەهەڵماڵەرانەیان بەناوی "سەرکوتی ئەنارکیزمی ڕوسیەی سۆڤیەتیی" بڵاوکردەوە، کە بە خامەی ئا. گۆریێلیك A . Gorielik و ئا. کۆمۆف A.Komoff و گ.پ. ماکسیمۆف G.P. Maximoff ڤۆلین Volin نووسرابوو! ڤۆلین بەخۆی ساڵی ١٩٢٣ ئەو پەرتووکەی وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی. ئەو پەرتووکە لیستی ناوی گیانبەختکردووانی ئەنارکیستی بەگوێرەی ئەلف و بێ تێدابوو. ئەلێکساندەر بێرکمان ساڵی ١٩٢٠ و ١٩٢٢، ئێما گۆڵدمان ساڵی ١٩٢٢ و ١٩٢٣ کۆمەڵێك نامیلکەیان لەبارەی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە لە ڕوسیە دیتبوویانن، بڵاوکردەوە!

ئەو (ماخنۆڤیست)انەش کە گیانیان دەربازکردبوو و پەنایان بۆ ڕۆژاوا هێنابوو، لەوانە پیر ئارشینۆڤ و خودی نێستۆر ماخنۆ، هەر کەسە و ئەوەی دیتبووی بڵاویکردەوە. پاش ماوەیەکی زۆر، سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی، دوو بەرهەمی گەورە و سەرەکی ئازادیبران لەبارەی " شۆڕشی ڕوسیە" لەلایەن گ. پ. ماکسیمۆڤ G.P. Maximoff و ڤۆلین Volin نووسران و چاپکران. ئەو دوو بەرهەمە بەخۆیان گەواهییەك بوون لەسەر تێپەڕینی ساڵانێکی درێژخایەن و بەئەزموونی هزرەکان لای ئەنارکیستەکان.

ماکسیمۆڤ گەواهی خۆی بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە؛ ئەو بڕوای ئاوا بوو، کە وانەکانی ڕابوردوو، مسۆگەرکەری داهاتوویەکی باشترن. "چینی فەرمانداری تازە لە سۆڤیەت ناتوانێت

و نابێت بۆ هەمیشە درێژە بەژیانی خۆی بدات و سەرەنجام سۆشیالیزمی ئازادیخوازانە بەسەریدا سەردەکەوێت! هەل و مەرجی خۆیی ئاوا ئاڵوگۆڕێك دەکەنە شتێکی بێگەڕانەوە ". ئایا شیاوی ملپێدانە (...) کە کرێکاران خوازیاری گەڕانەوەی سەرمایەداران بۆ کارخانەکان بن؟ هەرگیز! لەبەرئەوەی کە بە ڕۆشنی یاخیبوونی ئەوان لە دژی بەهرەکێشیی دەوڵەت و سەروەرییە. "ئەوەی کرێکاران دەیخوازن، ئەوەیە لەجێی سیستەمی بەڕێوەبردنی زۆرەملێیانانەی بەرهەمهێنان، ڕێکخراوی سۆڤیەتی کارخانەکانی خۆیان، کە لە فێدراسیۆنی بەربڵاودا یەکدەگرن، دابنێن. ئەوەی کرێکاران دەیانەوێت، خۆبەڕێوەبەری کرێکارییە. بەو جۆرە جوتیارانیش تەواو هوشیارن، کە ئەم ڕۆژ پرسی گەڕانەوە بۆ ئابووری تاکەکەسیی لە بنەڕەتدا پێشنیار نییە و تەنیا ڕێگەچارە کشتوکاڵی هەرەوەزیی و گشتکاریی گوندنشینانی لەتەك سۆڤیەتەکانی کارخانە و سەندیکاکان و بەکورتی پەرەدانە بە بەرنامەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ئازادیدا".

بەگوێرەی تێڕوانینی ڤۆلین، هەر هەوڵێك کە بە سروشوەرگرتن لە نموونەی [ئۆلگوی] ڕوسیەوە سەربگرێت، بەرهەمەکەی بێجگە لە "سەرمایەداری دەوڵەتی لەسەر بنەمای بەهرەکێشیی جەماوەر"، شتێکیدیکە نابێت. هەر ئاوا ئەوە گەندەڵترین جۆری سەرمایەدارییە و هیچ پەیوەندییەکی لەتەك "بزووتنەوەی مرۆڤایەتی بەرەو کۆمەڵی سۆشیالیستیی" نییە. ئاوا نموونەگیرییەك ناتوانێت بێجگە لە "دیکتاتۆری تاکپارتیی، کە ئەنجامی سەپاندنەکەی لەنێوچوونی هەر جۆرە ئازادییەکی ڕادەربڕین و چاپەمەنی و ڕێکخراوبوون و تەنانەت پشتیوانی جوڵانەوە شۆڕشگێڕەکان و پاراستنی بەرتەرییە بەتەنیا بۆ پارتیی فەرماندار" و بێجگە لە "کۆنترۆڵکردنی بیر و بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکان و بەربەستکردنی هەڵچوونی شۆڕش" ناتوانێت ئەنجامێکی دیکەی هەبێت.

ڤۆلین بڕوای ئاوایە، کە ستالین " لە ئاسمانەوە نەباری بوو"، ستالین و ستالینیزم بەرەنجامی لۆجیکیانەی سیستەمێکی سەرکەوتگەرانەن، کە ساڵانی ١٩١٨- ١٩٢١ پایەڕێژیی و جێگیرکرا. "ئەوەیە وانەی جیهانیی ئەزموونێکی گەورە و دیاریکەری بۆلشەڤیزم. وانەیەك کە لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی داهاتوودا، بەزوویی بۆ گشت ئەوانەی کە لە ئازاردا دەتلێنەوە و دەچەوسێنەوە؛ ئەوانەی کە بیردەکەنەوە و تێدەکۆشن، دەردەکەوێت.

سەرچاوەی لێ وەرگیراو : http://anarchi.persianblog.com

# هاوینی کورتی ئەنارکی*

هانس ماگنوس ئینزێنسبەرگەر

ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ١٨٦٧ پیاوێکی ئیتالی هاتە (مەدرید) پایتەختی ئیسپانیا. پیشەی ئەندازیاریی و تەمەنی نزیکەی چل ساڵێك بوو. ڕدێنێکی پڕ، چاوی گەش، پەیکەر ئەستوور و بەتوانا دیاربوو. بەدوای ناونیشانێکدا دەگەڕا، کە لە پەڕاوەکەیدا نووسیبووی. دواجار لە قاوەخانەیەکدا لەتەك ژمارەیەك لە کرێکارانی چاپخانە ئاشنابوو.

" ئاوازی دەنگ و شێوازی دەربڕینی دەبوونە هۆی لێوەرگرتنی گوتەکانی. کاتێك کە لە بارەی سەرکوت و بەهرەکێشییەوە دەدوا، دەنگی دەگیرا، بەجۆرێك کە بەتووندی پەرێشاندەبوو و ئازار و خەم دەموچاویان دادەگرت! شتێکی سەرنجڕاکێشبوو، ئەو زمانی ئیسپانی نەدەزانی، هەندێك جار بە زمانی فەرەنسی دەدوا، کە ژمارەیەکی کەم لە گوێگرانی تێدەگەیشتن یا بە ئیتالی کە بە ڕادەیەك دەتوانرا بزانرێت مەبەستی چییە! بەڵام لە کۆتایی قسەکانیدا خرۆش و ورەیەکی لەڕادەبەدەر بەسەر هەمووواندا باڵی کێشا. پاش تێپەڕبوونی ٣٢ ساڵ هێشتا ئانسێلمۆ لۆرێنزۆ (Anselmo Lorenzo)ی ژورنالیست دەیتوانی یەکەمین بەرخوردی خۆی لەتەك جیوسێپە فانلی Giuseppe Fanelli، واتە یەکەمین کەسێك کە بیرۆکەکانی ئەنارکیزمی هێنابووە ئەو وڵاتە، بیری خۆی بێنێتەوە، کە لەکاتی گەڕانەوەدا هاواری کرد " چەند ناخۆشە، چەندە ترسناکە !Cosa orribile! Spaventosa"

ئانسێلمۆ دەڵێت : "سێ - چوار شەو بەسەریەکەوە، فانلی سەرقاڵی پاگەندەکردن بوو بۆ ئێمە. ئەو لە پیاسەکردندن و لە قاوەخانەدا لەتەك ئێمە دەدوا. هەروەها مانیفێستی نێونەتەوەیی و بەرنامەی یەکێتی سۆشیالیستدیمۆکراتەکان و چەند ژمارە لە بڵاوکراوەی زەنگ Glocke، کە گۆتار و قسەکردنەکانی (میخائیل باکۆنین)ی تێدا چاپکرابوون؛ بۆ ئێمە بەجێهێشت! پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە ئێمە بکات، وێنەیەکی بە کۆمەڵمان گرت، کە ئەو لەنێو ئێمەیە".

پێش فانلی هیچ کەس ئاگای لە ڕێکخراوێك بەناوی (کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران) نەبوو. ئەو یەکێك لەلایەنگرانی باکۆنین و ئەندامی باڵی دژە-سەروەریی نێو نێونەتەوەیی یەکەم بوو و دیاریەکەشی بۆ ئیسپانیا؛ ئەنارکیزم بوو!

سەرکەوتوویی ئەو پەروەردەکردنە شۆڕشگێڕانەیە بێوێنە بوو. زۆر بەخێرایی لە ناوچە پیشەسازیی و کشتوکاڵییەکان پەرەیسەند. بەتایبەت لە ناوچە خۆراوایی و باشووریەکانی ئیسپانیا، بیرکردنەوەی ئەنارکیستی بە پەرتاو بڵاوبووەوە! بە جۆرێك کە لە یەکەمین

کۆنگرێسی ساڵی ١٨٧٠ی بزووتنەوەی کرێکاریی ئیسپانیا بەرەو باکۆنین و دژی کارل مارکس هەڵوێستی گرت! دوو ساڵ دواتر لە کۆبوونەوەی کۆردۆبا *Córdoba* فێدراسیۆنی ئەنارکیستەکان چل و پێنج هەزار ( ٤٥٠٠٠) ئەندامی چالاکی وەرگرت. یاخیبوونە جوتیارییەکان لە ئەندەلوسیا ساڵی ١٨٧٣ هەمووان لەژێر کارایی ئەنارکیستەکاندا بوون. ئیسپانیا تەنیا وڵاتێکە لە جیهاندا، کە تێیدا وانە شۆڕشگێڕییەکانی باکۆنین شێوەیەکی کردەییان بەخۆوەگرت و تاوەکو ساڵی ١٩٣٦ بزووتنەوەی کرێکاریی ئیسپانیا بەکردەوە لەژێر کارایی ئەنارکیستەکاندا بوو. ئەوان نەك تەنیا زۆرینە بوون، بەڵکو بەهێزترین و تێکۆشەرترینی فراکسیۆنەکانیان پێکدەهێنا !

لە ڕووی مێژووییەوە پێشکەوتنی ئەنارکیزم لە ئیسپانیا دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئابووری ئەو وڵاتە بزانرێت. بە چاوپۆشیی لە هەندێك هەرێم و بەشی ئیسپانیا تاکو پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی، ئەو وڵاتە پشتبەستوو بە ئابووری کشتوکاڵی بەڕێوەدەبرا. ناکۆکی چینایەتی لە کۆمەڵدا ئاوا زاڵبوو، کە دەتوانرێت باس لە دوو دەستە لەو وڵاتە بکرێت. چینی ڕامیار کە دەزگەی دەوڵەتی و سوپای لەژێر ڕکێفدا بوو، فرەتر لە زەویدارە گەورەکان پێکهاتبوو، کە لەتەك کلیساش پەیوەندییەکی فرە پتەویان هەبوو! لە کاتێکدا کە بۆرجوازی لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپای خۆراوایی پێشکەوتوو بوو، ئەو چینە لە ئیسپانیا گەندەڵ و بەرتیلخۆر و لە جێبەجێکردنی ڕیفۆرم و بەرهەمهێناندا، ناتوانا بوو. ژیانی مشەخۆرانەی ئەوان، مۆڵەتی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی لە ڕێگەی کەڵەکەکردنی سەرمایەوە نەدەدا! لەو بارەوە وردەبۆرجوازی لەو وڵاتەدا زۆر گچکە و ناتوانا بوو - بە چاوپۆشییکردن لە پیشەوەرانی هەژار و بازرگانە بچووکەکان - مارکس گوتەنی، ئەوانە "پیاوانی بۆگەنی دەوڵەتی" بوون، کە تەنیا لە خزمەتی دەزگەی بەڕێوەبەریدا بوون!

زۆرینەی هەرە زۆری زەحمەتکێشانی ئیسپانیا لە گوندەکان و کێڵگەکاندا کاریاندەکرد. چەندین سەدە بوو، کە ناکۆکیی چینایەتی لەو وڵاتەدا بەرجەستە بووبوو! لە بەشە باکوورییەکان هێشتا شێوە دارایی سەدەکانی نێوەڕاست لەئارادابوو. تەواوی جەنگەڵ و مێرگە سەوز و پڕ بەرهەمەکان، لە شێوەی دارایی کۆن، بەتەواوی لە ئابووری بازرگانیی شارەکان بەجێمابوون. لە ناوچەکانی دیکەی ئەندەلوسیا و کەنارەکانی لێڤانتە ساڵی ١٨٣٦ تازەکی بۆرجوازی زەمیندار و سەرمایەداری تازەپێگەییوو، سەریانهەڵدا! سیستەمی پارلەمانیی ساڵی ١٨٤٣ لە ڕاستیدا نیشانەی ڕامیاریی چینێکی تازە بوو، کە لە شارە گەورەکان دەژیان و گوندەکانی خۆیان وەك وڵاتانی داگیرکراو ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کوێخا (بەکرێگیراو) بەڕێوەدەبردا!

لەو بار و دۆخەدا هەژمارێکی گەورەی پرۆلیتاریای جوتیار پەیدابوو، کە سێ لەسەر چواری ٣/٤ دانیشتووانی ئەندەلوس تاکو دەستپێکردنی جەنگی نێوخۆیی لە بەرشەلۆنە، بەشێوەی کرێی رۆژانە و بە باری سەختی گوزەرانەوە رۆژیان دەکردە شەو و هێزی کاری خۆیان بۆ رزگاربوون لە برسیەتی هەراجدەکردا دوازدە (١٢) سات کاری رۆژانە، ئەوەش لە کاتی چنینەوەی بەروبووم، کە لە ساڵدا لە شەش مانگ زیاتر نەبوو، بیکاری نێوەکەی دیکەی ساڵی بەدوادا دەهات! بەشێوەیەك بێکاری بووبووە خوویەکی کۆمەڵایەتی، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی هەژاریی گشتی و بەدخۆراکی و هەڵهاتن لە گوندەکان!

توونودتیژی دەوڵەتیی لە گوندەکان، رۆڵی هێزی داگیرکەری دەگێڕا. ساڵێك پاش بەدەسەڵاتگەیشتنی چینی تازە، بەبیانووی بەرگرتن بە چەتە و رێگران لە گوندەکان، سوپایەکی تازە بەناوی "پاسەوانی نەتەوەیی - گاردی ملی" دروستبوو، کە لەڕاستیدا ئەرکی تەنگهەڵچنین بە جوتیارانی لەئەستۆبوو. چەکدارانی گاردی میللی لە ناوچە دوورەکانەوە هەڵدەبژێردران و مۆڵەتی هاوسەرییان لەتەك کەسانی خۆجێیی نەبوو. ئەو کەسانە (حەسحەسەکان) بەبێ چەك مۆڵەتی چوونەدەرەوەیان لەو شوێنانە نەبوو و لەبەرئەوە هەمیشە دوو دوو پێکەوە بوون، تاکو ئەم رۆژیش لە گوندەکاندا بە جووتەکان ناویاندەبەن!

نەفرەتی گشتی لە ئەندەلوسیا، هەمیشە لە شێوەی جەنگە بچووکە میللیەکان بەرجەستە دەبوو. جەنگی پارتیبیزانی هەمیشە خۆبەخۆ سەریانهەڵدەدا و بە یاخیبوونی گشتی جوتیاران کۆتاییدەهات! ئەو هەڵچوونە جەماوەرییانە بە کوشتاری فراوان لە هەر دوو لا؛ کۆتاییدەهات! بەزۆری ئەو بزووتنەوانە شێوازێکی وەك یەکیان هەبوو. کرێکارانی کشتکاریی، چەکدارانی (گاردی میللی)یان لەنێودەبرد، قەشە و کارمەندانیان دەستگیردەکردن، ئاگریان لە کلیسا بەردەدا، بەڵگەنامە و پەڕاوی دارایی خاوەنکارەکانیان لەنێودەبرد، سیستەمی دراوییان بێبەهادەکرد، لە دەوڵەتی خۆجێی جیادەبوونەوە، سەربەخۆییان ڕادەگەیاند و بەناوی کۆمۆنی سەربەخۆوە دەستیان بە کشتکاریی دەکردا زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەو جوتیارە نەخوێندەوارانە هەڵبەتە ناهوشیارانە هەر هەمان فێرکارییەکانی (باکۆنین)یان جێبەجێدەکردن! هەڵبەتە لەبەرئەوەی ئەو ڕاپەڕینانە خۆجێیی بوون و باری گشتیان بەخۆوە نەدەگرت، ماوەیەك درێژەیاندەکێشا، تاوەکو لەلایەن سوپاوە کوشتوبڕدەکران و لەنێودەبران! لە گوندەکانی ئەندەلوسیا بۆ یەکەمین جار ڕەگی ئەنارکیزم لە ئیسپانیا داکوترا! بزووتنەوە خۆبەخۆکانی کرێکارانی گوندیی بە بەهرەمەندبوون لە فێرکارییە ئەنارکیستییەکان، زەمینەیان بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی خۆشکردا

لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوودا لە سەراپای گوندەکانی باشووری ئیسپانیا پاگەندەکەرانی (ئاژیتاتۆرانی) بیروباوەڕی ئەنارکیستی هەبوون، کە بە سواری وڵاخ و پیادەڕۆ یا بەسەر لۆرییەوە لە هاتوچۆدابوون. بەبێ ئەوەی پارەیان لە گیرفاندا هەبێت، کرێکاران پێشوازییان لە ئەوان دەکرد و خواردن و شوێنی خەوتنیان بۆ دابیندەکردن ( لە سەرەتاوە تا ئەم ڕۆژ، بزووتنەوەی ئەنارکیستی ئیسپانیا، هەرگیز لە دەرەوە یارمەتی دراویی پێنەکرا). بەو جۆرە بزووتنەوەیەکی ڕاهێنان و پەروەردەی جەماوەریی بەڕێخرا. لەنێوان نەخوێندەواراندا هەژمارێکی زۆر هەبوون کە گۆتاری بڵاوکراوە و گۆڤارەکانیان دەرخکردبووا! لە هەر گوندێکدا (ڕۆشنگەر)ێك یا کرێکارێکی هوشیار هەبوو، کە هەر شتێك فێربووبوو، بەکەسانی دیکەی دەگەیاند! ئەو کەسانە بەوەدا دەناسرانەوە، کە جگەرەیان نەدەکێشا، قوماریان نەدەکرد، مەی و شەرابیان نەدەخواردەوە، باوەڕیان بە خودا نەبوو، بۆ هاوسەرانیان وەفاداربوون و منداڵەکانیان بە ئاوی چلچلە نەدەشت [ ئەوەی کریستانەکان لەجیاتی نەریتی ناونانی لای موسوڵمانان، لە کلیسادا دەیانشۆن] و.ك

لەڕووی ئابوورییەوە، لەبەرانبەر باشوور و خۆراوای ئیسپانیا، کە بەزۆری وشکەساڵی بوو، هەرێمی کاتالۆنیا فرە دەوڵەمەند و لەڕووی پێشەسازییەوە پێشکەوتووترین هەرێمی ئیسپانیا دادەنرا! بەرشەلۆنە نێوەندی کەشتیرانیی ناردنەدەرەوە و بانك و پێشەسازی ڕستن و چنین بوو! بڕی دەرامەتی ساڵانە لە باج و خەراج لەو ناوچەدا بەڕادەی دووبەرابەری تەواوی ئیسپانیا بوو. بێجگە لە باسك، کاتالۆنیا تەنیا هەرێمی ئەو وڵاتە بوو، کە بۆرجوازی بەڕادەیەکی بەهێز سەریهەڵدابوو! بانکدارەکان و خاوەن کارخانەکانی کاتالۆنیا بەپێچەوانەی زەویدارە گەورەکانی بەشەکانی دیکەی وڵات، بەدوای کەڵەکەکردنی سەرمایە و لەخۆرا خەرجکردنەوە نەبوون. لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠ تا ١٩٣٦ لە بەرشەلۆنە و چواردەوری لەژێر کارایی بوونی پێشەسازیی گەورەدا، پرۆلیتاریای پیشەسازی پەیدا بووا!

---

* ئەم وەرگێڕانە بەشێکە لە پێشەکی ڕۆمانی (هاوینی کوردی ئەنارکی)
نووسینی Hans Magnus Enzensberger
دەقە فارسییەکەی لە وێبلاگی «آنارشیسم» وەرگێڕاوە.

# ڕەخنە لە بەرنامەی پارتیی سۆشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیا

میخائیل باکونین

(١٨٧٠)

با لە بار و دۆخی وڵاتانی دەرەوەی فەرەنسە دەستپێبکەین، کە تیایاندا بزاڤی سۆشیالیستی بووەتە هێزێکی کەتواریی نکۆڵیهەڵنەگر. پارتیی کرێکارانی سۆشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیا S.D.W.P و یەکێتی گشتی کرێکارانی ئاڵمانیا G.A.G.W، کە فێردیناند لاساڵ دایمەزراندوون، هەر دووك سۆشیالیستن، بەو واتایەی کە دەیانەوێت پەیوەندی نێوان کرێکار و سەرمایەدار بەشێوازی سۆشیالیستیی بگۆڕن[هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری]. هەم لاساڵییەکان و هەم پارتیی ئایزناخ [نێوەکەی لە کۆنگرێسی ٧-٩ی ئۆگوستی ١٨٦٩ وەرگیراوە، کە لە ئایزناخ Eisenach بەرپاکرا] بە تەواوی لەتەك یەکدی هاوبۆچوونن، کە بۆ ئەنجامدانی ئاوا گۆڕانێك بێچەندوچوون پێویستە سەرەتا دەوڵەت ڕیفۆمبکرێت و ئەگەر ئەو کارە لە ڕێگەی پاگەندەی بەرفراوان و بزاڤێکی کرێکاری یاسایی ئاشتیخوازەوە نەتوانرا ئەنجامبدرێت، لەو بارەدا دەبێت دەوڵەت بە زۆر ڕیفۆرمبکرێت، واتە لە ڕێگەی شۆڕشێکی ڕامیارییەوە.

گشت سۆشیالیستەکانی ئاڵمانیا لەسەر ئەو باوەڕەن، کە دەبێت شۆڕشی ڕامیاریی پێش شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بکەوێت. ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە. هەر شۆڕشێك کە پێش شۆڕشی کۆمەڵایەتیی ڕووبدات، بەناچاری شۆڕشێکی بۆرجوازیی نوێ و بەتواناتر دەبێت - کە تەنیا دەتوانێت بە سۆشیالیزمی بۆرجوازی کۆتاییبێت- واتە شێوازێکی فرە زیرەکانەتری پەردەپۆشکردنی بەهرەکێشیی پرۆلیتاریا لەلایەن بۆرجوازییەوە. [بەهۆی "سۆشیالیزمی بۆرجوازییەوە"، بەو جۆرە باکۆنین و هەروا مارکس دەریدەبڕن، واتە هاریکاریی نێوان سەرمایەدار و کرێکار، "جەماوەر" و دەوڵەت. لە ئاڵمانیا لە سەردەستی بیسمارك، لە سەردەمی ئێمەشدا لەلایەن باڵی ڕاستی سۆشیال دیمۆکراتەکان "سەرمایەدارە ڕۆشنبیرەکان" و لیبراڵەکان بەگشتی بانگەوازی بۆ دەکرێت].

ئەو بنچینە درۆزنانەیە، ئەو بۆچوونەی کە شۆڕشی ڕامیاریی دەبێت پێش شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بکەوێت، لە ڕاستیدا بانگەوازێکی کراوەیە بۆ گشت ڕامیارانی بۆرجوا لیبراڵی ئاڵمانیا بۆ چوونە ناو پارتیی سۆشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیا S.D.W.P. ئەو پارتییە لە زۆر بۆنەدا لەلایەن ڕابەرانییەوە - نەك لەلایەن ئەندامانی ئاسایی خاوەن بیری ڕادیکاڵییەوە- خرایە ژێر فشار، تاوەکو لەتەك بۆرجوا دیمۆکراتەکانی پارتیی گەل Volkspartei بچێتە نێو یەك بەرەوە، پارتییەکی هەلپەرست، کە تەنیا سەرقاڵی ڕامیارییە و بەتوندی دژی بنچینەکانی سۆشیالیزمە.

ئەو دژایەتییە بەرۆشنی لە ڕێگەی هێرشی دڕندانەی قسەگەرانی نیشتمانپەروەریی و چاپەمەنییە فەرمییەکانەوە دژی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکانی ڤییەنا بە فراوانی بەرپاکرا.

ئەو پەلامارە دژی سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕانە، تورەیی و نەیاریی زۆرینەی ئاڵمانییەکانی بەرزکردەوە و لیبکنێخت Liebknecht و ڕابەرانی دیکەی سۆشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیای بەشێوەیەکی پەیگیرانە شەرمەزارکرد. ئەوان دەیانویست کرێکاران ئارامبکەنەوە، بۆ ئەوەی کۆنترۆلی خۆیان لەسەر بزاڤی کرێکاریی ئاڵمانیا بپارێزن و لە هەمان کاتدا لەتەك ڕابەرانی بۆرجوا-دیمۆکراتی پارتیی گەل دۆستایەتییان هەبێت؛ ڕابەرانی پارتیی سۆشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیا زوو لە ئەوە تێگەیشتن، کە هەڵەیەکی تاکتیکی گەورەیان کردووە. چونکە بەبێ پشتیوانی ئەو بۆ وەستانەوە بەرانبەر بزاڤی کرێکاریی ئاڵمانیا، نەیاندەتوانی بە دەسەڵاتی ڕامیاریی بگەن.

لەو بارەوە پارتیی گەل، نەریتی بۆرجوازیانەی گرتەبەر، کە هیچ کات خۆیان نەکەنە شۆڕشگێڕ. هەرچەندە تاکتیکەکانیان بەشێوەیەکی لێزانانە جێبەجێدەکەن، هەمیشە بەو بنەمایە پشتئەستوورن: ڕاکێشانی پشتیوانی کارای خەڵك بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی ڕامیاریی، بەڵام چنینەوەی بەرهەمەکەی بۆ خۆیان [پارتییە ڕامیارەکان،و.ك]. تێڕوانینێکی لەو جۆرە بوو، کە پارتیی گەلی ناچارکرد، تاکو پاشەکشە لە پێگەی دژە-سۆشیالیستیی خۆی بکات و ڕایبگەیێنێت، کە ئێستا ئیدی ئەویش پارتییەکی سۆشیالیستە .... پاش ساڵێك لە کۆبوونەوە و گفتوگۆ، ڕابەرانی پایەبەرزی پارتییە کرێکاریی و بۆرجوازییەکان بەرنامەی (ئایزناخ)یان پەسەندکرد و بە هێشتنەوەی ناوی پارتیی سۆشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیا S.D.W.P، تاکە پارتییەکیان پێکهێنا. لە ڕاستیدا ئەو بەرنامەیە تێکەڵەیەکی سەیربوو لە بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران (نێونەتەوەیی یەکەم و.ك) و بەرنامەی هەلپەرستانەی ناوسراوی دیمۆکراسی بۆرجوازیی ....

لە ڕاستیدا بەشی یەکەمی بەرنامەکە لەتەك ڕامیاریی بنچینەیی و گیانی نێونەتەوەیی ناکۆکە. پارتیی سۆشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیا دەیەوێت دەوڵەتێکی ئازادی گەلیی دابمەزرێنێت. بەڵام بە واژەی دەوڵەت، واژەکانی ئازاد و گەل پوچەڵدەکاتەوە؛ ناوی نێونەتەوەیی ڕەتکردنەوەی دەوڵەت دەگەیێنێت. ئایا ڕێکخەرانی بەرنامەکە لەبارەی دەوڵەتی نێونەتەوەیی یا گەردوونیی قسەدەکەن، یا دەیانەوێت دەوڵەتێك دابمەزرێنن، کە تەنیا هەموو وڵاتانی ئەوروپای خۆراوایی بگرێتەوە؛ ئینگلاند و فەرەنسە و ئاڵمانیا و وڵاتانی ئەسکەندیناڤی و هۆڵەندە و سویسرا و ئیسپانیا و پۆرتوگال و وڵاتانی سلاڤی ژێرچەپۆکی نەمسا؟ بێگومان نا. چونکە

گەدەی ڕامیارییان ناتوانێت هاوکات ئەو هەمگە وڵاتانە هەرسبکات. سۆشیال دێمۆکراتەکان بەشەیداییەکەوە کە تەنانەت هەوڵی شاردنەوەی نادەن، ڕایدەگەیێنن کە دەیانەوێت وڵاتی [باوك] ئاڵمانیای گەورە دامەزرێنن. هەروەها ئەوە ئەو هۆکارەیە، کە تاکە ئامانجی پارتیی سۆشیال دێمۆکراتی ئاڵمانیا دروستکردنی دەوڵەتی گشت ئاڵمانیا، لە یەکەمین بەشی بەرنامەکەیاندا دێت. ئەوان پێشی گشت نیشتمانپەروەرانی ئاڵمانیایان داوەتەوە.

کرێکارانی ئاڵمانیا لەجیاتی ئەوەی خۆیان بخەنە پێناو دروستکردنی دەوڵەتی گشت ئاڵمانیا، پێویستە بە هاوچینە چەوساوەکانیانەوە لە سەرتاسەری جیهاندا پەیوەستبن، تاوەکو پشتیوانی لە بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بکەن. هەروەها پێویستە بزاڤی کرێکاری هەر وڵاتێك تەنیا پشت بە بنەماکانی هاوپشتیی نێونەتەوەیی ببەستێت. ... ئەگەر لە ناکۆکی نێوان دوو دەوڵەتدا، کرێکاران بەگوێرەی بەشی یەکەمی بەرنامەی سۆشیالی دێمۆکرات کاربکەن، ئەوان بەپێچەوانەی حەز و بەرژەوەندیی چینایەتییانەوە، لە دژی هاوڕێ کرێکارەکانیان لە وڵاتانی دیکە، بە "بۆرجوازی خۆییەوە" پەیوەستدەبن. بەو جۆرە هاوپشتیی نێونەتەوەیی دەکەنە قوربانی نیشتمانپەروەریی نەتەوەیی دەوڵەت. ئەوە ڕێك هەر ئەو کارەیە، کە هەنووکە کرێکارانی ئاڵمانیا لە جەنگی فەرەنسە-پروس Franco-Prussian دەیکەن. تا کاتێك کرێکارانی ئاڵمانیا لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەییەدا بن - تەنانەت ئازادترین دەوڵەتی گەلی- ئەوا بەناچاریی و بەتەواوەتی ئازادی خەڵك دەکەنە قوربانی شکۆداریی دەوڵەت، سۆشیالیزم دەکەنە قوربانی ڕامیاریی، دادپەروەریی و هاوڕێیەتی نێونەتەوەیی دەکەنە قوربانی نیشتمانپەرستی. ئەستەمە لە یەك کاتدا بە دوو ئاراستەی جیاواز بجزوێی. سۆشیالیزم و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بەرەو وردوخاشکردنی دەوڵەت ملدەنێن: سەرەنجام ئەوانەی کە دەوڵەت دەخوازن، دەبێت قوربانی بەرزگاری ئابووریی جەماوەر لەپێناو چەپاوڵی ڕامیاریانەی پارتیی بەرتەریدار بدەن.*

پارتیی سۆشیال دێمۆکراتی ئاڵمانیا، قوربانی بە ڕزگاری ئابووریی و لەتەکیشیدا ڕزگاری ڕامیاریی پرۆلیتاریا دەدات- یا ڕاستر بوترێت دەربازبوون لە ڕامیارییەکان و دەوڵەت - لەپێناو سەرکەوتنی دێمۆکراتیی بۆرجوازی. ئەوە بە ڕۆشنی لەبەشی دووەم و سێیەمی بەرنامەی سۆشیال دێمۆکراسیدا دێت. سێ بەندی یەکەم لە بەشی دووەم لە هەموو ڕوویەکەوە لەتەك بنەماکانی نێونەتەوەیی (ئینتەرناسیوناڵ) گونجاون: لەنێوبردنی سەرمایەداری؛ یەکسانی تەواوی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی؛ هەر کرێکارێك دەبێت تەواوی بەرهەمی کارەکەی وەربگرێت. بەڵام بەندی چوارەم ڕایدەگەیێنێت، کە ڕزگاری ڕامیاریی پێشمەرجی ڕزگاری

ئابووریی چینی کرێکارە، بەوەی کە چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتییەکان، تەنیا لە سایەی دەوڵەتێکی دیمۆکراتیکدا چارەسەردەبن، بەو جۆرە ئەو بنەمایانە پوچەڵدەکاتەوە و کردەییکردنەوەیان ئەستەمدەکات. خاڵی چوارەم بەگشتی ئەوە دەڵێت :
" کرێکاران، ئەنگۆ کۆیلە و قوربانی کۆمەڵی سەرمایەدارییین. ئایا دەتانەوێت خۆتان لەو کۆتوبەندە ئابوورییانە ڕزگاربکەن؟ هەڵبەتە کە دەتانەوێت و بێگومان مافی خۆتانە. بەڵام بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانتان، سەرەتا دەبێت ئەنگۆ یارمەتی ئێمە بدەن، تاکو شۆڕشی ڕامیاریی بکەین. پاشان ئێمەش یارمەتی ئێوە دەدەین، شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بکەن. بوار بە ئێمە بدەن سەرەتا بە هێزی ئێوە دەوڵەتی دیمۆکراتیی دابمەزرێنین، دەوڵەتێکی دیمۆکراتیی باش وەك ئەوەی لە سویسرا: ئەو کات ئێمەش بەڵێن بە ئێوە دەدەین، هەمان ئەو دەستکەوتانە بە ئەنگۆ بدەین، کە هەنووکە کرێکارانی سویسرا لێیان بەهرەمەندن ...." (سەرنجی مانگرتنەکان لە باسل و جنێڤ بدەن، کە زۆر دڕندانە لەلایەن بۆرجوازییەوە سەرکوتدەکرێن.)

بۆ خۆیەکلاییکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو فریوە باوەڕنەکەردەنییە، کە بەتەواویی ڕەنگدانەوەی ئاراستە و کڕۆکی سۆشیال دیمۆکراسیی ئاڵمانیایە، ناچار دەبێت لە بەشی سێیەمی بەرنامەکە بکۆڵدرێتەوە، کە تەواوی ئامانجە دەستبەجێیەکانی ڕیزدەکات، تاوەکو ببێتە پێشەکی پاگەندەی یاسایی و ئاشتیخوازیی و کەمپەینە هەڵبژاردنییەکانی پارتیی. ئەو داخوازییانە ڕێك کۆپیکردنی بەرنامەی ناسراوی دیمۆکراسی بۆرجوازییە: مافی دەنگدانی گشتی لەتەك یاسادانانی ڕاستەخۆ لەلایەن گەلەوە ؛ هەڵوەشاندنەوەی گشت بەرتەرییە ڕامیارییەکان؛ جێگرتنەوەی سوپای هەمیشەیی بە میلیشیای خۆبەخش و هاووڵاتیی؛ جیاکردنەوەی کلیسا لە دەوڵەت و فێرگەگان لە کلیسا، خوێندنی سەرەتایی بە خۆرایی و هەمووانی، ئازادی چاپەمەنی و کۆبوونەوە و پێکهێنانی کۆمەڵەکان، جێگرتنەوەی گشت باج و خەراجە ناڕاستەوخۆکان بە یەك سیستەمی باج و خەراجی ڕاستەخۆ لەسەر داهات و بەرزبوونەوەی بەگوێرەی بەرزبوونەوەی قازانجەکان.

ئایا ئەو بەرنامەیە ئەوە ناسەلمێنیت، کە سۆشیال دیمۆکراتەکان - بەتەواوی گرنگی بە ڕیفۆرمی ڕامیاریی لەجیاتی دەزگەکان و یاساکانی دوڵەت دەدەن و سۆشیالیزم بۆ ئەوان خەونێکی پوچە، کە لە باشترین باردا لە داهاتوویەکی زۆر دووردا دێتەدی؟

ئەگەر ئەو ڕاستییە نەبووایە، کە حەز و هەستە ڕاستەقینە و ڕادیکاڵەکانی ئەندامان/ کرێکارانی ئاڵمانیا ، زۆر واوەتر لەو بەرنامە دەڕۆن، ئایا دەماندەتوانی ئەوە پاساوبدەین و بڵێین پارتیی سۆشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیا تەنیا بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە جەماوەری کرێکاران

وەك ئامرازی ناهوشیارانە بۆ پتەوكردنی پێگەخوازیی ڕامیاریی بۆرجوا دیمۆكراتەكانی ئاڵمانیا پەیدا بووە؟

لەو بەرنامەدا تەنیا دوو بەش هەن، كە ناسەرمایەگوزارییین و سەرمایەداران حەز لەوان ناكەن. یەكەمیان لە نیوەی كۆتایی خاڵی هەشتەمی (٨)ی بەندی سێ (٣)ی بەرنامەكەدایە، كە خوازیاری دیاریكردنی ڕۆژانەكارێكی ئاسایی (سنووردارکردنی ساتەكانی ماوەی كاركردن)، هەڵوەشاندنەوەی كاری منداڵان و سنووردارکردنی كاری ژنانە؛ ئەو پێوەرانەی كە كۆمپانییە تایبەتییەكان دەخەنە هەشەكۆ. سەرمایەداران شەیدای هەموو ئازادییەكن، كە بتوانن بە ئاراستەی بەرژەوەندی خۆیان سوودی لێ وەربگرن، ئەوان خوازیاری هەبوونی مافی بەهرەكێشی بێسنوورن لە هێزی پرۆلیتاریا و بەتوندی لە دەستێوەردانی دەوڵەت هەراسانن. سەرەرای ئەوەش سەرمایەدارانی بێچارە كەوتوونەتە ڕۆژگارێكەوە، كە ناچاربوون تا دەستێوەردانی دەوڵەت تەنانەت لە ئینگلاند، كە بەهیچ شێوەیەك سۆشیالیستی نییە، پەسەندبكەن.

دووەمیان بەندی دەهەم (١٠)ی بەشی هەشتەم (٨)ە، تەنانەت لەوە گرنگتر و سۆشیالیستر، خوازیاری كۆمەك و پشتیوانی و پارێزگاریی و بایەخدانە بە هەرەوەزییە كرێكارییەكان، بەتایبەت هەرەوەزییەكانی بەرهەمهێنەران ( بەگشت دابینكارییە پێویستەكانەوە، بۆ نموونە ئازادی پەرەسەندن) لەلایەن دەوڵەت. سەرمایەگوزارانی ئازاد (تایبەت) ترسیان لە كێبڕكێ لەتەك هەرەوەزییە كرێكارییەكاندا نییە، چونكە سەرمایەداران دەزانن، كە كرێكاران بە داهاتی كەمی خۆیانەوە، هیچ كات بەخۆیان ناتوانن، بە ڕادەی پێویست سەرمایە كۆبكەنەوە، تاوەكو بتوانن ببنە ڕكەبەری سەرچاوە گەورەكانی چینی خاوەنكار ... بەڵام ئەگەر هەرەوەزییە كرێكارییەكان لەلایەن دەسەڵاتەوە بایەخیان پێبدرێت و لە پشتیوانی بەرفراوانی دەوڵەت بەهرەمەندبن، دەست بە تێكۆشان دەكەن و بەرە بەرە سەرمایەی تایبەتی و كۆمپانییە (پیشەسازیی و بازرگانییەكان) دەگرنەدەست، بەو جۆرە بار و دۆخەكە پێچەوانەدەبێتەوە .... لەبەرئەوە سەرمایەداران بە كردەوە لەتەك دەوڵەتدا دەكەونە ڕكەبەری و بێگومان دەوڵەت لە هەموو سەرمایەداران بەهێزترە. [ لە پەرەگرافی داهاتوودا دەردەكەوێت، كە باكونین یارمەتی دەوڵەت بۆ هەرەوەزییە كرێكارییەكان وەك بەشێك لە گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆشیالیزمی دەوڵەتی دەبینێ.]

خستنەكاری كرێكار لەلایەن دەوڵەتەوە؛ ئەم بنەمایە، بنەمای كۆمونیزمی دەسەڵاتخوازە، بنەمای سۆشیالیزمی دەوڵەتیی، كاتێك كە دەوڵەتێك دەبێتە تاكە دارا- لە كۆتایی سەردەمی

ڕاگوزاریی پێویست بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و بەبێ ئاڵوگۆڕێکی ئاوا لە ڕێکخستنی هەنووکەیی بۆرجوازی لە دەسەڵاتدا بەرەو ڕێکخستنی ئایندەی یەکسانی فەرمی بۆ هەمووان - دەگۆڕێت بە تاکە بانکدار، تاکە سەرمایەدار، تاکە بەرنامەدارێژەر و تاکە بەڕێوەبەری گشت کاروبارە نیشتمانییەکان و بەخۆی تاکە دابەشکەری تەواوی بەرهەمەکان دەبێت. ئەوەی نموونەی باڵای بنەمای سەرەکیی کۆمونیزمی هاوچەرخە.

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی : سایتی  کاوشگر :
http://www.kavoshgar.org/Translations/Bakunin_SD.htm
ئەم وەرگێڕانە لەتەك دەقە ئینگلیزییەکەی بەراوردکراوە،  * دوو دوا دێری کۆتایی ئەم پەرەگرافە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا ناهاتوون.

# ئەنارکیزم و هونەر

مهدی سقایی

**"ئەگەر ئامانجی تۆ دابینکردنی ئازادییە، دەبێت فێربیت دوور لە فەرماندان و ناچارکردن ڕەفتاربکەیت"**
ئەلێکساندەر بێرگمان Alexander Bergman

کاتێك کە لەبارەی ئەنارکیزم قسەدەکرێت، وێنای پیاوێکی توکن بەرچاودەکەوێت، کە کڵاوێکی پانوپۆڕی لەسەرە و مۆلۆتۆڤێکی* لە گیرفاندایە! بەڵام پاش خوێندنەوەی نووسینەکانی هێربێرت ڕید (Herbert Edward Read ١٨٩٣-١٩٦٨) هۆنەر و فیلۆسۆفی هونەر، بێگومان ئەو وێناندنە لە هۆشماندا دەڕەوێتەوە؛ وێنایەك کە بە گوتەی ڕید دەستکردی چاپەمەنییەکانی بۆرجوازییە!

واژەی ئەنارکی بە زۆری لە هۆشی ئێمەدا بێسەرەوبەرەیی، توندوتیژی و بەرەڵایی دەگەیێنێت، بەڵام هێربێرت ڕید لە پەرتووکەکەی خۆیدا "ئەنارکیزم ڕامیاری هۆنەرانە"، ئاوا دەبینێت، کە مرۆڤ سالانێکە لەتەك ئەو تێگەیشتنانەدا دەژی. هەڵبەتە نەك بەهۆی ژیانەوە لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا،کە هەرگیز لە ئارادانەبووە ، بەڵکو هەر لە سەردەمی زاڵیی دەوڵەتە نەتەوەییە هاوچەرخەکانی سەردەمی ئێمەدا.

بە بۆچوونی ئەو، شارستانیی ئێمە ئەوپەڕی ڕسواییە! لە هیچ سەردەمێکی مێژووی مرۆڤدا، ئاوا ئاشوبێکی کۆمەڵایەتیی پێشینەی نەبووە؛ ئاشوبێك کە لە شێوەی هەمباری چەکە کیمیایی و ئەتۆمییەکان، جەنگەکان و مشتومڕە توندوتیژەکان، هەژاری و برسیەتی، نەخۆشخانە دەروونییەکان و ... تد خۆی دەردەخات و ئەو هەمووە بەرهەمی ڕامیاری کردەیی سەردەمی ئێمەیە. فیلۆسۆفی ئەنارکیست دەبێت کاری خۆی بە خستنەڕووی پوچی و بێواتایی ئەو ڕامیارییە کردەییەی، کە بەزۆری بە ئەنارکیزم دەچوێنرێت، دەستپێبکات و لە ڕاستایدا خوازیاری کۆتاییهێنان بەو بار و هەل و مەرجە و داهێنانی نەزمێکی نوێ بێت بۆ جیهان. ئەو شتە تەنیا کاتێك دەلوێت، کە شارستانیی ئێمە سەرلەنوێ نۆژەنبکرێتەوە، چونکە بێجگە لەوە، هەموو چالاکییە هزرییەکانمان بێسوووددەبن.

هێربێرت رید ئاوای دەبینێت، کە تەنیا ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ئەو نەزمە نوێیە، ڕاپەڕین و شۆڕشە، بەڵام لەسەر ئەوە پێداگریدەکات، کە کاراترین شێوەی یاخیبوون و شۆڕش لە دونیای پڕ توندوتیژیدا کە ئێمە تێیدا دەژین، ناتوندوتیژییە! کرۆکی گشتی ڕاپەڕین و یاخیبوون، نیشانە لە گشتێتی شارستانیی پوچ و کەمتەرخەم دەگرێت و ئەوەش لەتوانادانییە، مەگەر ئەوەی شۆڕش لە

شێوە باوەکانی بیرکردنەوە و شێوە باوەکانی مۆڕاڵی مرۆڤەکاندا ڕوودەدات. بە بۆچوونی ئەو، شۆڕش لە واتا کەتوارییەکەیدا بە توندوتیژی و لێدان و زۆر بەدەستنایێت، بەڵکو "شۆڕش دەبێت لە بیر و کرداری مرۆڤەکاندا ڕووبدات". شۆڕش لە تێگەیشتنی گشتیدا هیچ ناگۆڕێت، بەڵکو تەنیا دەستەیەك لە سەروەران و داراکان لە شوێنی دەستەیەکی دیکەدا دادەنێت. بەڵام شۆڕشی ڕاستەقینە بەواتای جێگیرکردنی بەهای مرۆیی نوێ و پەیوەندی کۆمەڵایەتیی نوێ و هەڵگەڕانەوەی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دێت. ئەو شۆڕشە دەستەجێ و بەبێ گرێدانەوە و هەر ئێستا لەهەر شوێنێك کە هەین، دەبێت ڕووبدات و ئەوەش واتە گۆڕینی پەیوەندەی دەسەڵاتدارانەی نێوان ژنان و پیاوان، دایك-باوکان و منداڵان و فێرکاران و فێریاران و تد .... .

ناتوانرێت ئەو هەنگاوە شۆڕشگێڕانەیە تێکبشکێنرێت، چونکە لە ژیانی ڕۆژانەدا سەرهەڵدەدات؛ لەو کەلێنە ورداندا کە دەستە زۆردارەکان، دەستانی زل و داپلۆسێنەرەکانی دەوڵەت ناتوانن بە ئاسانی بیانگەنێ، چونکە سروشتی مرۆیی دەگۆڕێت و ئەوە زەمینەی گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆییە.

خاڵێکی دیکە کە لە تێڕوانینەکانی (ڕید)دا دەستبەجێ لەتەك وێناندنی ئێمە بۆ ئەنارکیزم لە ناکۆکیدایە، دەربڕینی ئەوە لەبارەی هونەرمەند و تاکایەتی مرۆیی. ئەو دەنووسیت "بەهای شارستانییەك تەنیا بە چۆنایەتی و پێگەیشتنەکانی نوێنەرانی، واتە فیلۆسۆفان و هۆنەران و هونەرمەندانی هەڵدەسەنگێندرێت و پێشکەوتن بەواتای بەرەبەرە جێکەوتنی بەرجەستەیی چۆنایەتییەکان لەنێوان کەسەکان، دێت. بەو ڕادەی کە کۆمەڵ فرەتر پێشبکەوێت، تاك بەرۆشنی و دەرکەوتەیی زیاترەوە لە بەرانبەر گروپدا جێدەگرێت، بەگوێرەی ئەوە یەکە و توخمی بنەڕەتیی داهاتوو، تاکە؛ دونیایەك خۆی لە خۆیدا خۆپەسەندەر و خۆئافەرێنەر، کە ئازادانە دەبەخشێت و وەردەگرێت و بەگوێرەی پێداویستی گیانێکی ئازادە! مرۆڤی ڕاستەقینە کەسێکە، کە خۆی دوور و سەربەخۆ لە گروپ ڕابگرێت. هونەرمەند تاکێکی دەرکەوتەیە. ئەو بە پێداویستیی خۆی کەسێکی ئەنارکیستە و لەتەك هەموو واتاکانی دەوڵەتی ڕێکخراو نەیارە؛ چ ئەوەی کە لە ڕابوردووەوە بۆمان ماوەتەوە و چ ئەوەی کە بەناوی داهاتووەوە بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنرێت؛ ئەو ئاوارەی بێباوەڕی سەرزەمینی بێخاوەنی خەیاڵی خۆیەتی و ناتوانێت بەبێ دەستکێشانەوە لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی، لە سەردخانە بێگیانەکانی پارتییەکی ڕامیاریدا ئارامبگرێت." بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا هونەر بەهەر شێوەیەك بووە، نەزۆکدەکرێت، ئەوە چارەنووسی جیهانی هۆنەرانەیە!

شارستانییە دۆگم-ئەندێشەکانی ڕۆژگاری ئێمە، بەگوێرەی چییەتی و پێکهاتەی بنچینەکانی خۆیان بەهاگەلێك لەنێودەبەن، کە هونەرمەند لەتەکیان و لەپێناویان دەژی. نەزانی و نادەربەستی و

نادادپەروەریی سەرمایەداری، کە هونەر تا ئاستی پیشەگەریی دادەگرێت، دیوی دیکەی دراوێکە کە خوازیاری سوودوەرگرتنە لە هونەرمەند بۆ مەبەستە ڕامیارییەکانی خۆی و بەڕۆشنی ئەوە لە دەوڵەتە سەراپاگیرەکاندا دەردەکەوێت.

ڕید دەڵێت "دەوڵەتە پاوانکەرەکان، جەنگەکان و شۆڕشەکان، بەرێکیان بۆ ڕۆشنبیری و هونەر نەبووە، لەبەرئەوەی کە هیچ بەرێکیان بۆ ئازادی دەرنەداوە! ئازادی پرسێکی دەروونناسانە و کەسییە و بار و دۆخێکە، کە گیانی مرۆڤ تێیدا بە خۆبەخۆیی و داهێنان دەگات و تا کاتێك کە دەوڵەت بوونی هەبێت، ئازادی بوونی نابێت". پێشنیاری ئەو بۆ لەنێوبردنی دوڵەت لە ژیانی مرۆڤدا، ڕوونانە لە ڕامیاری خۆجێی و بەفەرمیناسینی مافی خۆبەڕێوەبەری ناوچەیی خەڵك. بەو جۆرە، نوێنەرانی ڕامیاریی جێگەی ڕامیارکارانی پیشەوەر دەگرنەوە؛ ڕامیارکارانی ئەتوار سەیر، کە بێجگە لە گەیشتن بە پلەوپایە، هیچ شەیداییەکی دیکەیان لە هۆشدا نییە و هەمیشە هاندەریان پلەوپایەخوازیی کەسی و شێتیی خۆزڵبینینە! هەر ئەو شتانە بەسن، بۆ ئەوەی هەر کەسێك دووچاری گەندەڵیی دەسەڵات بکەن.

بۆچوونی هێربێرت ڕید لەبارەی دادپەروەری و ئازادی و ئایین و ... هیدیکە لەتەك پێشینەی بیریی ئێمە دەربارەی واژەی ئەنارکیزم، جیاوازی و ناکۆکیی فرەی هەیە، لەوانەیە ئەگەر ئەو ناوێکی دیکەی لە باوەڕەکانی خۆی بنایە، دەمانتوانی ئاسانتر و دوور لە پێشداوەری، لەتەك نووسینەکانی ئەودا یەکانگیرببین. ئەو بەخۆشی دان بەوەدا دەنێت، بەڵام ئاوا دیارە ناوێکی باشتری لە ئەنارکیزم بۆ تێڕوانینەکانی خۆی نەدۆزیبێتەوە. هەر چۆن بێت، ئەوەی کە ڕید باوەڕی بە ئەو هەیە، هەرچەند ئەگەری هەیە لە تێڕوانینی ئێمەدا ئامانجگەلێکی خەیاڵیی و دوور لە کەتوار و تەواو نەکەردەنی بەرچاوبکەون، بەڵام لەوانەیە بتوانین لەو باوەڕەدا لەتەك ئەودا هاوڕابین، کە "تەنیا ئامانجە سادە و ناژیریی و پشتبەستوو بە شەیدایی و هەستەکان دەتوانن مرۆڤ بە درێژەدان بە ژیان هیواداربکەن و هێزی گۆڕین و بزووتن و ژیانی پێ ببەخشن!"

سەرچاوە: http://anarchygeography.blogfa.com/post-١٤٢.aspx

* بۆمبایەکی دەستکرد بە بوتڵە بەنزین و فتیلە، کە زۆرتر لە خۆنیشاندانەکاندا بەرچاودەکەوێت.

دەتوانن لەم لینکەی خوارەوەدا زانیاری زیاتر لەبارەی ژیان و کارەکانی هێربێرت ئێدوارد ڕید Herbert Edward Read بەدەست بهێنن http://kirjasto.sci.fi/hread.htm و.ك

# هاوسەری و ئەوین

ئێما گۆڵدمان

ئایا لە نێوان ئەوین و هاوسەری هیچ پەیوەندییەك یا هاوئاهەنگییەك هەیە؟

تێڕوانینی زۆربەی خەڵك لەبارەی هاوسەری و ئەوین بەو جۆرەیە، كە تەواوكەر و هاوواتای یەكدین و لە هەمان هۆكارەوە سەرچاوەدەگرن و وەڵامی هەمان خواستە مرۆڤییەكان دەدەنەوە. وەك گشت بۆچوونە گەلییەكانی دیكە ئەو بۆچوونەش بە خۆشباوەڕیی و ناڕۆشنیی پشتئەستورە نەك بە كەتوار و ڕاستی.

ئەوین و هاوسەری هیچ شتێكی هاوبەشیان نییە، دووری ئەو دوو چەمكە لەیەكەوە وەك ماوەی نێوان جەمسەری باكوور و باشوورە، لەڕاستیدا ئەو دووانە دژی یەكدی و لەنێوبەری یەكدین. هەڵبەتە بەبێ شك هەندێك لە هاوسەرییەكان سەرەنجامی ئەوین بوون، هەڵبەتە نەك لەبەرئەوەی كە بوونی ئەوین تەنیا لە هاوسەرییدا دەتوانرێت بسەلمێنێت، بەڵكو فرەتر لەبەرئەوەی كە كەسانێكی كەم دەتوانن واز لە داب و نەریت بهێنن. لەم ڕۆژگارە ژمارەیەكی زۆر لە ژنان و پیاوان هەن، كە هاوسەری بۆ ئەوان بێكەڵك و گاڵتەجارییە، بەڵام لەبەر بیروڕای گشتی و كۆمەڵایەتیی دەچنە ژێرباری. بە هەر بارێكدا وێڕای ئەوەی كە هەندێك لە هاوسەرییەكان لەسەر پایەی ئەوین پێكهاتوون و وێڕای ئەوەی كە هەندێك جار سەرەنجامی ئەوین هاوسەری دەبێت، من دەڵێم ئەو شتە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هاوسەریی سەردەگرێت نەك بەهۆی ئەوەوە.

لەلایەكی دیكەوە ئەو بیركردنەوە بەتەواوی هەڵەیە، كە ئاوای دەبینێت ئەوین سەرەنجامی هاوسەرییە. لە هەندێك باری ناوازەدا دەبیستین، كە لە نموونەیەكی پەڕجووئاسای هاوسەرییەكردنێكدا، هاوسەرەكان پاش هاوسەرییكردن دەبنە ئەویندارى یەك، بەڵام بە دیتنی لە نزیكەوە، دەردەكەوێت كە ئەو شتە پەڕوپینەكردنێكی ئاشكرایە لەبارەی پرسگەلێكی ناچاریی و زۆرەكی. بەدڵنیاییەوە ڕەوتی گەشەی سوود لێ وەرگیراو لە بەرانبەر یەكدیدا فرە لە خۆڕسكیی و چڕی و جوانی ئەوینەوە دوورە و بەبێ ئەوانە گەرموگوڕیی هاوسەری دەبێت پەستبوون بۆ هەردوو ژن و مێردەكە بسەلمێنێت.

هاوسەریی لە باری سەرەتاییدا ڕێكەوتننامەیەكی ئابوورییە، ڕێكەوتننامەیەكی بیمەیی. ئەو ڕێكەوتننامە لەتەك ڕێكەوتنی بیمەی ژیانی ڕۆژانەدا تەنیا جیاوازی لە ئەوەدایە، كە پابەندكەرتر و ئابڵۆقەدەرتر و وردتر و تەواوترە. تا ڕادەیەكی زۆر تایبەتمەندییەكانی لەتەك

سەرمایەگوزارییە بچوکەکان شیاوی بەراوردکردنن. لە ڕێکخستن و بەستنی ڕێکەوتننامەی بیمەییدا، کەسەکە نرخەکە بە دۆلار و سەنت دەدات و هەمیشە هەڵبژێرەر و ئازادە کە درێژە بە پارەدانەکە نەدات. لە بەرانبەردا ئەگەرچی قازانج و پاداشتی ژن هاوسەرێکە، بەڵام ئەو بە بەناوناوبانگ و ژیانی تایبەتیی و ڕێزی کەسایەتیی و ژیانی خۆی "تا سەرەمەرگ" بەتەواوی هەزێنەکەی دەدات. وێڕای ئەوە بیمەی هاوسەریی ژن ناچار بە وابەستەییەکی هەمیشەیی و ژیانێکی مشەخۆرانە و بێسوودیی تەواو و وابەستە بە کۆمەڵی دەکات. پیاویش ئەگەرچی باج و زیانەکانی دەدات، بەڵام ئەوەی کە سنووری ئەو کراوەترە، هاوسەریی و ژیانی ئەو بە ئەندازەی ژنێك بەرتەسکناکاتەوە. پیاو کۆت و بەرتەسکییەکانی فرەتر لە چوارجێوەیەکی ئابووریدا هەستپێدەکات.

بەو جۆرە دروشمەکەی "دانتە لەنێو دۆزەخ" بەتەواوی لەتەك هاوسەریدا دەگونجێت " ئەنگۆ کە دێنە ئێرە دەست لە هەموو شتێك بشۆنەوە."

ئەوەی کە هاوسەری شکستێکە، بێجگە لە کەسانی فرە گەمژە هیچ کەس  نکۆڵی لە ئەوە ناکات. چاوگێرانێکی گشتی بە ئاماری جیابوونەوەدا بەسە تاوەکو دەرکەوێ، کە تاڵی هاوسەرییەکی سەرنەکەوتوو بە چ ڕادەیەکە. هیچ کام لە دەربڕینە کلێشەییەکان وەك لاوازی یاسای هاوسەریی و پەرەسەندنی بێبەندوباریی و هەرزەکاریی لە خودی ژناندا ئەو ڕاستییە دەرنابڕێت، کە یەکەم: لە هەر دوازدە هاوسەرییەك یەك دانە بە لەیەکدی جیابوونەوە کۆتاییدێت؛ دووەم: لە ساڵی ١٨٧٠ بەدواوە لەیەکدی جیابوونەوەکان لە ٢٨ بۆ ٧٣ بۆ هەر سەد هەزار کەس لە دانیشتووان زیادیکردووە؛ سێیەم: تێکەڵاویی سێکسی لە دەرەوەی خێزان لە ساڵی ١٨٦٧ لەبەر جیابوونەوە لە ٢٧٠.٨% زیادیکردووە، چوارەم: ئاماری هەڵاتن لە خێزان ٣٦٩.٨% زیادیکردوە.

وێڕای ئەو ئامارە بەرچاوە، زۆرێك لە کەسایەتییە هەڵکەوتە و ئەدەبیەکان، فرەتر ئەو بابەتەیان ڕۆشنکردۆتەوە. [ ڕۆبێرت هێریك هۆنەری بریتانی ١٦٧٤- ١٥٧١ Robert Herrick ] لە بەرهەمێکیدا بەناوی " لەتەك یەکدی" ، [ پینێرۆ ١٨٥٥ - ١٩٣٤ Arthur Wing Pinero [شانۆنووس و ئەکتەری بەناوبانگی کۆتایی سەردەمی ڤیکتۆریایی لە بریتانیا لە " گوزەرگەی نێوەڕاست" ، [ یوگنە والتێر Ugene Walter] لە " تەواو دراو" و ژمارەیەکی زۆری دیکە لە نووسەران، قسەیان لە بارەی نەزۆکیی و ماندووکەریی و ئازاراوییبوون و کورتهێنانی هاوسەری وەك هۆکارێکی هاوئاهەنگی و تێگەیشتن دەدەنە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لێکۆڵەری کۆمەڵایەتیی بیریار، هەرگیز لەبەرانبەر پاساوە ڕوکەشە ناسراوە گەلییەکاندا بڕوا بەخۆی ناهێنێت. ئەو

دەبێت بەشێوەیەکی قوڵتر سەرنجی چۆنیەتی ژیانی خۆیی ڕەگەزەکان بدات، تاوەکو بۆی دەربکەوێت، کە بۆچی هاوسەری فرە بەهامەتباریی خۆی نیشاندەدات.

[ئێدوارد کارپێنتەر ١٨٤٤- ١٩٢٩ نووسەری سۆشیالیستی بریتانی، لە دەستپێکەرانی بزوتنەوەی ئەنارکۆسەندیکالیزم و پشتیوانی لە هاوڕەگەزبازان ] ئاوای دەبینێت، کە لە پشت هەر هاوسەرییەکەوە ژینگەیەکی هەتایی دوو ڕەگەز هەیە. ژینگەیەکی فرەجیاواز لەیەك، کە ژن و پیاو دەبێت بەشێوەیەکی نامۆ بەیەك تیایدا بمێننەوە، لێکدابڕاو بەهۆی خۆشباوەڕییەوە و خوو و نەریتەوە. هاوسەری هێز و توانای گەشەی زانیاری و ڕێزی بەرانبەر بۆ هەر دووك لا، کە بەبێ ئەوانە هەر دەزگەیەك چارەنووسی شکستە، نییە.

[ هێنریك ئیبسن ١٨٢٨ - ١٩٠٦ شانۆنووسی بەناوبانگی نەرویجی، نووسەری " یانەی وێوڵە" ]، کە دژی گشت درۆ کۆمەڵایەتییەکانە ، ئەگەری هەیە یەکەم کەس بووبێت، کە دەرکی بە ئەو ڕاستییە کردبێت. نورا [یەکێ لە کەسایەتییەکانی شانۆیی یانەی وێوڵە] هاوسەرەکەی بەجێدێڵێت، بەڵام نەك لەبەرئەوەی کە لەدەست ئەرکەکانی هیلاك بووبوو یا لەبەرئەوەی کە هەستی بە پێداویستبوونی مافی ژنان دەکرد ( بەو جۆرەی کە ئەگەری هەیە ڕەخنەگرێکی هاکەزایی گومانبکات)، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئەو بۆی دەرکەوتبوو، کە بۆ ماوەی ٨ ساڵ لەتەك کەسێکی نامۆدا ژیابوو و چووبووە ژێرباری منداڵەکانی. ئایا بەگوێرەی ئەوە هیچ شتێك لە تەمەنێکی هاوبەشی نێوان دوو نامۆ پێکەنیناوی و پەستتر هەیە ؟ گوایە هیچ پێداویستیەك لەلایەن ژنەوە بۆ ناسینی پیاو لە ئارادانییە، تەنیا شتێك کە لە تێڕوانینی ئەوەوە گرنگی هەیە، پاشەکەوتکردنی داهاتەکانی پیاوە. بەگوێرەی ئەوە تا ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر پیاو چ شتێك بۆ ناسین هەیە ئەوەی لێ دەربکەیت، کە ژن ڕواڵەتێکی جوانکیلە و ڕوو لەدەری هەبێت؟ وێڕای ئەوە هێشتا ئەو باوەڕە ئایینیەمان نەخستوەتەڕوو، کە ئاوای دەبینێت ژن خاوەنی گیان نییە[!] ، ئەوەی کە ئەو تەنیا ئافەرێندراێکی ڕووتە بۆ پیاو، کە لە پەراسوی پیاو دروستکراوە و تەنیا بۆ ئاسوودەیی و ئارامی ئەو پیاوە گەورە و بەهێزە، کە لە سێبەری خۆشی دەترسێت، هاتۆتە بوون.

لەوانەیە چۆنایەتی کەمی کەرەستەی ئەو جێیەی، کە ژنی لێ بەرهەمهێنراوە لێپرسراوی پەستیی ئەو و خوارێی ئەو بێت! لە هەر بارێکدا، ئەگەر ژن خاوەنی گیان نییە، ئیدی چ شتێك لەبارەی ئەو بۆ زانین هەیە؟ بێجگە لەوەی هەرچی ژنێك گیان و دەرونی بچوکتری هەبێت، داراییەکانی ئەو وەك هاوسەرێك زیاتردەبن و ئاسانتر و خێراتر دەتوانێت خۆی لە هاوسەرەکەیدا بتوێنێتەوە. ئەوە ملدانی کۆیلانەیە بە بانتربوونی پیاو، کە پێکهاتەی هاوسەری

لەو ماوە دوورودرێژەدا ساخ هێشتۆتەوە. هەنووکە لەوێوە کە ژن دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، پەیکەرەی پیرۆز و پارێزراوی هاوسەری بەرەبەرە لاواز دەبێت و هیچ جۆرە دڵدانەوە و ئاخهەڵکێسانێکی سۆزاویی ناتوانێت بەری بگرێت.

هەر لە منداڵییەوە بە کچ دەگوترێت، کە هاوسەری دوا ئامانجی ئەو دەبێت، بەو جۆرە پەروەردە و ڕاهێنانی ئەو، دەبێت بەرەو ئەو ئامانجە ئاراستەبکرێت. ئەو وەك بەرخی پاییز بۆ سەربڕین، بۆ ئاوا کارێك ئامادەیە. لەو بارەدا بەدەسەپاچەیی تەواوەوە، ئەو کەمتر لە پیشەوەرێك لەبارەی کارەکەی، مافی زانینی لەبارەی ڕۆڵی خۆی وەك هاوسەر و دایك هەیە. ئەو شتە بۆ کچێکی بەڕێز بێشەرمانە و ناشیرینە، کە شتێك لەبارەی پەیوەندی ژن و میردییەوە بزانێت! بەڵێ، لەبەر ناکۆکبوونی لەتەك ئابڕومەندیی، پێویستە کە بەڵێن و پەیمانی هاوسەری شتێکی قێزەون بگۆڕێت بە پاکترین و پیرۆزترین پێکهاتە، بەجۆرێك کە بە هیچ جۆرێك بوێریی پرسیار و ڕەخنەی تێدا نەبێت. لەو بارەدا ئەوە مامەڵە و تێڕوانینی پارێزەرانی هاوسەرییە. هەر ئاوا بەو جۆرە ئەو پێدەنێتە پەیوەندییەکی هەتایی لەتەك پیاوێك و خۆی گێج وسەرگەردان و لەخۆبێزار و لەڕادەبەدەر لەبارەی سروشتیترین و تەندروسترین (سروشت) واتە سێکس لە دەرەوەی هەر پێوەرێك خۆی دەبینێتەوە. بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕێژەیەکی زۆری دڵتەنگی و نائومێدی و بەرتەنگی و سکاڵا سروشتییەکان لە هاوسەرییەوە، بەهۆی ناهوشیاری لەبارەی پرسگەلی پەیوەست بە سێکسەوە سەرچاوەدەگرن ( کە ئەو شتە وەك بەڕێزیی و ئابڕومەندییەکی گەورە ستایشدەکرێت!) ئەوە بە هیچ شێوەیەك زیادەڕەویی نییە، ئەگەر بڵێین کە شتێك فرەتر لە دانیشتووانی وڵاتێك لەبەر ئەو ڕاستییە ئەفوساوییە لەیەکدی هەڵوەشاونەتەوە.

بەگوێرەی ئەوە، ئەگەر ژن بەڕادەی پێویست پێگەییو و ئازاد بێت تاوەکو نهێنی و هێماکانی پەیوەندی سێکسی بەبێ دانپیانان و مۆڵەتی دەوڵەت و کلیسا فێربێت، ئەوا ئەو وەك هاوسەرێکی نەگونجاو بۆ پیاوێکی بەڕێز[!] سزاوار دەمێنێتەوە ( ڕێزێك کە کەلەپوتێك و گیرفانێك پارە دەگرێتەوە). ئایا هیچ شتێك سوکایەتیکەرتر لەو تێڕوانینە هەیە، کە ژنێکی پێگەیو و تەندروست و پڕ وزە و ژیان و ئارەزوومەندی، خواستە سروشتییەکانی ڕەتبکاتەوە، ئارەزومەندییە فراوانەکانی دەستەمۆبکات و لەنێوبەرێت، زیان بە تەندروستی خۆی بگەیێنێت و بیرکردنەوەی خۆی بەرتەسکبکاتەوە، خۆی لە قوڵی ئەزموونی سێکسیی دووربگرێت بۆ ئەوەی کە پیاوێکی باش پەیدابێت و ئەو وەك هاوسەرێك پەسەندبکات؟ ئەوە بە ڕێکی و تەواوەتی واتای هاوسەری دەگەیێنێت. بەو جۆرە، دواجار بێجگە لە شکسخواردن ئایا

ئەنجامێکی کەی دەبێت؟ ئەوە شتێکە، ئەگەر چی گرنگی کەم نییە، هۆکارێکە کە هاوسەری لە ئەویندارى جیادەکاتەوە.

سەردەم سەردەمی کەتوارەکانە. ئەو سەردەمەی کە ڕۆمیۆ و جولێت بەگیانبەخشین لە بەرانبەر نەفرەت و تورەیی باوکانیان وەستانەوە یا ئەو سەردەمە بەسەرچووە، کە گرچن لەپێناو ئەوینی خۆی خستە بەر تانە و تەشەری هاوسێکانی. ئەگەر لە هەندێك هەل و مەرجی کەم وێنەدا، لاوان ڕێگە بەخۆیان بدەن، تاوەکو چێژ لە ڕۆمانسیی ئەوینێك وەربگرن، کە لە پیرەکانەوە سەرنجیانی ڕاکێشاوە، سەرکوت و ئامۆژگاری دەکرێن تاوەکو کەسی پەسەند و بە ئاوەز بن.

وانەیەکی مۆڕاڵیی کە بە کچ دراوە، ئەوە نییە کە ئایا پیاو کارایی لەسەر ئەوینی ئەو داناوە و بە چ ڕادەیەك لە خۆیدا هەست بەو شتە دەکات؟ بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە، کە " تا چەندە"؟ تەنیا مەشخەڵە لەنێو ژیانی کەتواریی ئەمەریکیەکان ئەوەیە: ئایا پیاو دەتوانێت ژیانێك پێکەوەبنێت؟ دەتوانێت هاوسەرەکەی بپارێزێت؟ ئەوە تەنیا پاساودەری هاوسەرییە. بەرەبەرە ئەو ئەندێشەیە سەراپای هۆشی کچ پڕدەکات. خەونەکانی ئەو مانگەشەو و ماچی ئەویندارانە و فرمێسك و خەندە نین. ئەو خەون بە گەڕان بۆ کڕین و چەنەدان لەتەك فرۆشیاردا دەبینێت. هەژاریی دەروون و ئاستنزمی هۆکارێکن کە لە دیاردەی هاوسەریدا کراونەتە بنچینە. دەوڵەت و کلیسا هیچ بۆچوونێکی دیکە پەسەندناکەن، تەنیا لەبەرئەوەی ئەوانە هۆکارێکن، کە دەوڵەت پابەند بە چاوەدێریی ژن و پیاو دەکەن.

بێگومان کەسانێك هەن، کە ئەوین وەك تێگەیشتنێکی فراوانتر لە دۆلار و نەریتەکان لەبەرچاودەگرن. بەتایبەت ئەو شتە بۆ ئەو چینە ڕاستە، کە پابەندییە ئابوورییەکان ئەوانی ناچارکردووە بەخۆیان پشتببەستن. گۆڕانێکی گەورە لە پێگەی ژندا، کە بەهۆی هۆکارێکی بەهێزەوە پێکهاتووە، هەڵبەتە گەورە و نائاساییە، کاتێك ئێمە سەرنجبدەین، کە ئەو شتە لە ماوەیەکی کورتدا لە ژنانێکدا کە پێدەنێنە مەیدانی پیشەسازییەوە ڕویداوە. شەش ملیۆن ژنی موچەوەرگر، شەش ملیۆن ژن کە موچەی یەکسانیان لەتەك پیاوان هەیە، تاوەکو بەهرەکێشیبکرێن و دزی لە ئەوان بکرێت، لە نارەزایەتی و مانگرتنەکاندا بەشداریبکەن، بەڵێ تەنانەت برسیەتیش بکێشن. شتێکی دیکە نییە سەروەری من ؟ بەڵێ شەش ملیۆن هێزی کار لە پیشەی جۆراوجۆردا لە بەرزترین کارە هۆشییەکانەوە تا دژوارترین کاری جەستەیی لە کان و هێڵەکانی شەمەندەفەر و تەنانەت هەواڵدەرەکان و پۆلیسەکان. بە دڵنیاییەوە ئەوان لە کۆت و بەندی دەستبەسەری تەواو ڕزگاربوون.

لەتەك ئەوەشدا ژمارەیەکی فرە کەم لە لەشکری ژنانی موچەوەرگر وەك شتێکی هەمیشەیی پرسی کارکردن لەبەرچاودەگرن. پیاوان بەبێ گوێدانە ئەوەی کە چەندە پەککەوتە بووبن، ئاوا ڕاهاتوون کە سەربەخۆ و بەخۆیان پشتبەستووبن. بەڵێ منیش دەزانم کە هیچ کەس لە ئابووری پشتشکێنی ئێمەدا بەکەتواریی سەربەخۆ نییە. بەڵام هێشتا داماوترین جۆری پیاو نەفرەتی لەوە هەیە، کە مشەخۆر بێت، لە هەر بارێکدا لە ئەوەی کە ئاوا وێنابکرێت.

ژن پێگەی خۆی وەك هێزی کاری کاتیی دادەنێت، کە لە یەکەمین هەلدا وەلادەخرێت. لەبەر ئەو هۆیەیە، کە ڕێکخراوکردنی ژنان لە یەکێتیە کرێکارییەکاندا زۆر دژوارە. " بۆچ دەبێت من بە یەکێتیەکەوە پەیوەستبم ؟ من بەتەمام شووبکەم ، کە ببمە خاوەن کارخانە" ئایا هەر لە منداڵییەوە فێرنەکراوە، کە ئەو پرسە وەك دوا بانگەواز لەبەرچاوبگرێت؟ ئەو خێرا فێردەبێت، کە هەرچەندە ماڵەکەی وەك کارخانە و زیندان زۆر گەورە نییە، بەڵام خاوەن و پارێزەی فرە وەفاداری هەیە، کە هیچ شتێك ناتوانێت ئەو ڕزگاربکات. ئەگەرچی لە هەمووی ئازاراویتر ئەوەیە ، کە ماڵ لە چنگ کاری کرێگرتە ئازادی ناکات، بەڵکو تەنیا ئەرکەکانی زیاتر دەکات.

بەگوێرەی دواترین ئاماری دەرکراو لەلایەن کۆمیسیۆنی "کار و موچە و زیادبوونی دانیشتووان" لە نیویۆرك ١٠%ی کرێکارانی موچەوەرگر هاوسەرییانکردووە و هێشتا دەبێت وەك کرێکارانێك بەکەمترین بڕی کرێ لە جیهاندا، درێژە بە کارەکەیان بدەن. سەرباری ئەو لایەنە ترسێنەرە، کاری سەختی ماڵەوەش زیاددەبێت و بەو جۆرە چ شتێك لە پارێزگاری و ڕاگرتنی ماڵ دەمێنێتەوە. لە ڕاستیدا تەنانەت کچێك لە چینی نێوەنجیش ناتوانێت باس لە ماڵی خۆی بکات، لەوێوە کە ئەوە پیاوە کە سنووری چالاکی ئەو دیاریدەکات. گرنگیش نییە کە مێرد دڵبەردێکی ئاژەڵ-ڕەفتار یا دڵدارێکی خۆشویستراو بێت. ئەوەی کە دەمەوێت نیشانیبدەم ئەوەیە، کە بەڵێ، لە هاوسەرییدا بە نیازچاکی پیاو، ژن دەبێتە خاوەن ماڵ ( بەڵام چ ماڵێك ؟ ماڵە مێردێك کە تێیدا ساڵیانی سال ژیاندەکات)، تاوەکو بەرە بەرە سەراپای جیهانبینی لەبارەی ژیان و کاروباری مرۆیی بە ئاستێکی نزم و پەست و بێ نرخ و هیچی شوێنێك (ماڵێك)، کە تێیدا دەژی دادەبەزێت! سەیرنییە ئەو ژیانە لە ئەو بوونەوەرێکی کورتەبین و گارەگارکەر و وەرسکەر بسازێت و هەر ئاواش هەرگیز سەیر نییە ئەگەر بوونی ئاوا ژنێك، پیاو لەماڵ وەدەربنێت! ژن لەو ماڵە/ زیندانی بێگارکێشییەدا ناچێتە هیچ جێییەك، ئەگەر بیەوێت، جێیەك بۆ ڕۆیشتن شکنابات! لە لایەکی دیکەوە، هەرچەندە بەسەربردنی سەردەمێکی کورتی ژن و مێردایەتی بەسە، تاوەکو هێزی ژن بۆ ژیانی دەرەوەی خێزان لەنێوبەرێت. بەرەبەرە لە ڕوخسار و خۆدەرخستندا بێسەرنج دەبێت، قەڵەو و ماندوو دەبێت، بە شێوەیەك کە پیاو

ڕووی لە ئەو وەدەگێڕێت و تەنانەت فرەتر ڕقی لە ئەو دەبێتەوە. چە بارێکی دڵتەنگکەرانەی جەنگاوییە، نا؟

بەڵام ئەی لەبارەی منداڵەوە چی؟ ئەگەر هاوسەریی نەبووایە، چۆن منداڵان دەپارێزران؟ ئایا لەبنەڕەتدا ئەوە گرنگترین پرسی هاوسەریی نییە؟ یان نەخێر؟ فێڵ و تەڵەکەبازییە! بە هەبوونی پارێزگاری هاوسەریی لە منداڵان، هێشتا هەزاران زارۆك هەژار و لانەوازن. وێرای بوونی هاوسەرییش، ڕۆژبەڕۆژ یانەکانی بێسەرپەرشتان و زیندانی منداڵان فرەتردەبن. (دامەزراوەی بەرگرتن لە لێدانی منداڵان) ڕۆژانە لەتەك سەدان پەروەندە لەبارەی خراپ جوڵانەوەی دایکان و باوکانی "میهرەبان" [!] ڕووبەڕوودەبێتەوە، بەو هیوایەی کە بۆ منداڵانی بێچارە، سەرپەنایەکی ئاسایشتر و میهرەبانتر دابینبکات؛ کارێك کە ئەم ڕۆژ شانازییەکەی دەدرێتە پاڵ ( Gerry Elbridge ١٧٤٤ - ١٨١٤) جێگری سەرۆککۆماری ئەمەریکا.

لەوانەیە هاوسەری ئەو توانایەی هەبێت، کە ئەسپێك بەرێتە سەرکانی، بەڵام ئایا تێرئاوی دەکات؟ لەوانەیە یاسا، باوکێك کە خەرجی ماڵ و منداڵی نەکێشێت دەستگیربکات و بەرگی تاوانباریی بکاتەبەر، بەڵام ئایا بەو کارە برسیەتی منداڵان لەنێودەچێت؟ ئەگەر باوك کارێکی بۆ بەدەستهێنانی موچە نییە، ئەگەر بە کردنە سەرجادەی منداڵەکەی شوناسی دەشارێتەوە، ئەی ڕۆڵی هاوسەری چییە؟ یاسا بەکاردەبرێت تاوەکو پیاو بکێشنە بەردەم دادگەی "دادوەری" و دواتر دادپەروەرانە لە پشت دەرگە داخراوەکانەوە بیشارنەوە؛ بەڵام دواجار، جێی خاڵی هێزی کاری باوك بە منداڵی بێسەرپەرشت دەدرێت، نا ئەوە مافی هەرێمی دادگەرە. منداڵان لەتەك بیرەوەریی نائومێدکەرانەی باوکانێك کە بەرگی خەت-خەتیان پۆشیوە، ژیان بەسەردەبەن.

هاوسەری کە بە پارێزەری ژیانی ژن دەژمێردرێت، بێجگە لە کارەساتی نەفرەتاوی و شومە. ئەو پارێزەرە قێزوەنە و وەرسکەرە، بە خراپە و سوکایەتی شاراوە، پلە و کەسایەتی مرۆیی تێکدەشکێنێ، ئەوە پارێزگارییەکە کە لەم نەریت میکرۆباوییە چاوەڕوان دەکرێت.

هاوسەری هاوشێوەی سەرمایەدارییە (سیستەمێك کە ئەویش وەك هاوسەری باوکسالارە). مافی ڕەوای مرۆڤ پێشێلدەکات، بەر بە گەشە و پێگەییی دەگرێت، جەستەی دەشێوێنێت، لە نەزانی و لاوازیی و وابەستەییدا ڕایدەگرێت. پاشان دامەزراوەیەکی خێرخوازیی دادەمەزرێنێت، تاوەکو دوا سەرچاوەی کەسایەتی بەرێزی مرۆڤ بگەشێنێتەوە.

هاوسەریی ژن دەکاتە مشەخۆر و بارگرانی و نانەخۆر. لە ژیاندا توانایی ڕوبەڕووبوونەوەی لە ئەو دەستێنێتەوە، هوشیاریی کۆمەڵایەتیی لەنێودەبات، تێڕوانین و خەیاڵی لە پەلوپۆدەخات و پاش تەواوبوونی ئەوانە، پارێزگاریکردنی سۆزاوی و لاواندنەوەی لاوازیی ئەوە دەسەپێنێت. داوێکی هەڵخەڵەتێنەرانە و ئاوەژووکردنێکی ئاشکرا. گاڵتەجارییەك کە( بە ملهوری بێپەردە) یاری بە کەسایەتی مرۆڤ دەکات.

ئەگەر دایکبوون باڵایی سروشتیی ژن بێت، ئەی بۆچی باس لە ئەوین و ئازادی دەکەن؟ بەڵام هاوسەریی ئاوات و ئارەزووی ژن دەسوتێنێت و دوکەڵەکەی بەبادەدا. ئایا بە ژن ناڵێن "ببە بەدایك تاوەکو گەشەبکەیت"؟ ئایا ئەوە ڕێگریی نییە لە گەشەی ژن؟ ئایا سەربادان لە خۆفرۆشتن لەپێناو بەدەستهێنانی دایکایەتی بەمایەی شەرم و نەنگی نازانن؟ ئایا ئەوە تەنیا هاوسەری نییە، کە دان بە ئاوا دایکایەتییەکی زۆرەملێ و قێزەوندا دەنێت؟ ئەگەر مەبەستیان لە دایکایەتی بەرهەمی هەڵبژاردنێکی ئازادانەی ئەوینێك، کە بەرهەمی خۆشی و سۆز بووایە، بەهیچ جۆرێك ئامادەنەدەبوون کارێکی ئاوا بکەن، کڵاوی تاوانباریی بخرێتە سەر ئافەریدەکەی و بە مۆری ترسناکی زۆڵیی بانگیبکەن. هاوسەریی بۆ بێناوەرۆککردنی ئەو شتانە بووە، کە پاگەندی بۆ دەکات، هاوسەریی بە تاوانگەلێك دژ بە دایکایەتی بۆ هەمیشە لە خۆشەویستی بێبەشکراوە.

ئەوین بەهێزترین و قوڵترین توخمی ژیانە، مژدەدەری هیوا و خۆشی و شادی؛ ئەوین لە گشت یاساکان و ڕێکەوتنەکان یاخییە؛ ئەوین ئازادانەترین و پڕمایەترین دەستمایەی چارەنووسە؛ چۆن دەتوانرێت ئاوا هێزێکی کارا لەتەك نەریتی پەستی دەوڵەتیی- کلیسایی منداڵخستنەوە بەیەك بچوێنرێت؟

ئەوینی ئازاد؟ مەگەر ئەوین بێجگە لە ئازادی دەتوانێت شتێکی دیکە بێت؟ لەوانەیە بتوانرێت مێشك بکڕدرێت، بەڵام ئەوین هەرگیز. لەوانەیە بتوانرێت بەسەر جەستەدا زاڵببیت، بەڵام بەکاربردنی گشت هێزەکانی سەرزەمین ناتوانن بەسەر هێزی ئەویندا سەربکەون. دەتوانرێت دەست بەسەر زۆر وڵاتدا بگیردرێت، بەڵام بەسەر ئەویندا هەرگیز. دەتوانرێت گیان کۆتوزنجیر بکرێت، بەڵام لەبەردەم ئەویدا بێجگە لە گرفتاربوونی ناتوانرێت هیچ کارێك بکرێت. دەتوانرێت وەك پادشایەك لەسەر تەخت دابنیشیت و بە دەزگەی پانوپۆڕی ملهورانەوە فەرمانبدەیت، بەڵام بەبێ ئەوین گشت ئەوانە بێبایەخن. هەژارانەترین کەلاوە بە تیشکی ئەوین پڕژیان و گەرم و ڕازاوە دەبێت. بە ئەوین لاوازترین هەژار دەبێتە دەوڵەمەندترین پادشا. ئەرێ، ئەوین ئازادە؛ بێجگە لە ئازادی لە هیچ شوێنێك نیشتەجێ نابێت. ئەوین لە ئازادیدا لە

خۆی پڕدەبێت. ئەگەر ئەوین لە شوێنێك ڕەگدابکوتێت، هیچ یاسا و نەریتێك، هیچ دادگەیەك ناتوانێت ڕیشەکێشیبکات. باشە ئەگەر زەوی وشکەڵان بێت، هاوسەریی چۆن دەیەوێ بێتە بەر؟ ئەو شتە ڕێك وەك دواپەلەقاژێی نائومێدانەی ژیانە بەرانبەر مەرگ.

ئەوین پێویستی بە پارێزگار نییە؛ چونکە پاسەوانی خۆیەتی. تا سەردەمێك کە وەچە و نەوەی مرۆڤ ڕەگیان لە ئەویندا هەبێت، هیچ منداڵێك بێسەرپەنا و برسی نابێت و چیدیکە هەست بەنەبوونی سۆز ناکات. من باوەڕم بەوە هەیە. من ژنانێك دەناسم، کە بە ئەویندارییی بەرانبەر پیاوانێك کە لە ڕاستیدا خۆشیانویستن، لەخۆیان دایکانێکی ئازادیان چێکردووە. منداڵانی هاوسەریی لەتاو نەبوونی سەرپەرشتی و گرنگیپێدان و لەخۆبردوویی ئازاردەکێشن؛ لەکاتێکدا کە دایکی ئازاد [مەبەست لە دایکایەتییە بەبێ هاوسەری] توانای بەخشینی گشت ئەو شتانەی هەیە.

پارێزەرانی ڕابەریی و سەروەری، ترس و گومانیان لە سەرهەڵدانی "دایکایەتی ئازاد" هەیە، نەکا ئەو بەرتەرییانەی لە جێکەوتەیی هاوسەرییدا بەدەستیانهێناون، لەدەستیانبدەن. بەبێ هاوسەریی کێ دەچێتە جەنگ؟ کێ پارە بەدەستدێنێت؟ ئەگەر ژنان لە منداڵدروستکردنی بەبێ بەند و مەرج خۆیان لادەن، ئیدی کێ دەبێتە پۆلیس و زیندانەوان؟ پادشا و سەرۆککۆمار و سەرمایەدار و کەشیشەکان، هەمووان هات و هاواریانە "خەڵکینە، خەڵکینە"؛ خەڵکانێك دەبێت خۆڕاگرییان بە نرخی گۆڕینی ژن بە ئامێرێکی تەواو دابینبکرێت. لە تێڕوانینی ئەوانەوە هاوسەریی دەریچەی دڵنیاییە بۆ پێشگرتن لە کەتواری ترسناك و زیانبەخشی داچڵەکانی سێکسی ژن. بەڵام تەواوی ئەو هەوڵە سرکەرانە ناکام دەمێننەوە. گشت فەرمانە کلیساییەکان و زاڵیی نەریتەکان و سەپاندنە یاساییەکان بێکەڵکدەبن. ژنان نایانەوێت چیدی لە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نەخۆش و لاواز و بێکەڵك، کە بار و توانای هاتنەدەرەوەی لە چنگ نەبوونی و کۆیلەتیدا نییە، بەشداربن. لە بەرانبەردا منداڵانی باشتر و کەمتر دەخوازن، کە گشتیان بەرهەمی هەڵبژاردنی ئازادانە و هەمووان لەژێر ساباتی ئەویندا پەروەردەبووبن؛ نەك ئەوەی کە لە ئەنجامی زۆرەملێیی هاوسەرییدا لەدایکبووبن. فیلۆسۆفە مۆڕاڵیستەکانمان، هێشتا فرەشت ماوە لەبارەی هەست بە لێپرسراوییکردن بەرانبەر منداڵان فێربن، ئەرك و پەیامێك کە بە ئەوینی ئازاد لە سینەی دایکدا بۆ هەمیشە بێدار دەمێنێتەوە. ژن، جوانیی بەدایکبوونی بەرێزانە ناگۆڕێتەوە بە لەدایکبوونی بوونەوەرێك، کە بڕیارە لە کەشێکی بۆگەن و مەرگباردا لەدایکببێت. ئەگەر بڕیاربێت ژن ببێتە دایك، ئەوا پێیخۆشە باشترین و بەنرخترینی ئەو شتانەی کە هەنی، بە ئافەریدەکەی ببەخشێت. ژیان لەتەك منداڵ

ئامانجی ئەوە؛ ئەو دەزانێت کە تەنیا بەو ئامانجە دەتوانێت لە ئافەراندنی ژنان و پیاوانی شیاودا بەشداربێت.

ئێبسن، لە وێناکردنی (ئالڤینگ)دا دەبێت دەرکێکی ڕۆشنی لە دایکێکی ئازادە هەبووبێت. ئالْڤینگ دایکێکی نموونەیی بوو، چونکە لە هاوسەری بوارد (پشتی کردە هاوسەری)، تاوەکو فرێنی گیانی ببینێت، تاوەکو بگەڕێتەوە سەر کەسایەتی خۆی، تاوەکو گیانی بێتەوەبەر و بەتوانابێت. ئەفسووس کە نەیتوانی ئازیزی ژیانی ئۆزڤالْد ڕزگاربکات، بەڵام تێگەیشت کە ئەوینی ئازاد تاکە ڕوخساری جوانیی ژیانە. کەسانێك کە وەك ئالْڤینك، بۆ ڕاچەنینی گیانیان خوێن و ئەشکیان بۆ هوشیاربوونەوەیان ڕشت، هاوسەری بەبێواتایی و گاڵتەجاڕیی و پوچیی دەزانن و دەستبەرداریدەبن. ئەوان دەزانن کە ئەوین کەم تەمەن بێت یا هەمیشە زیندوو، تەنیا ڕێگەی ڕۆشنە بۆ ئافەراندنی نەوەیەکی چالاك و ڕۆنانی دونیایەکی نوێ.

لە باری پەستیی هەنووکەیدا، بۆ زۆرینە ئەوین شتێکی نامۆیە. دووركەوتنەوە لە ئەو خراپتێگەیشتن لێی بووەتە باو (مۆد). تاڵە ئاوریشمی و ناسکەکانی ئەوین، بەرگەی فشار و پێکداچوونەکانی ڕۆژانە ناگرن. گیانی ئەوین دژوار و زەنگینە و تەواو لەتەك هەراو هوریای قێزەونانەی کۆمەڵ ناگونجێت. ئەوین لەتەك کەسانێکدا کە خوازیاری ئەون، دەگریێت و ئازاردەچێژێت و ئاخ هەڵدەکێشێت؛ چونکە ناچارە ناکامیی هەر ڕۆژەی ئەوان لەهەوڵداندا بۆ گرتنی قەڵای ئەوین، چاودێریی بکات.

ڕۆژێگارێك پیاوان و ژنانێك ڕادەبن، کە دەتوانن بگەنە لوتکەی ئەو کێوە. ئەوان خۆیان دەگەیێننە ئەوێندەرێ، تاوەکو لە گەرما و ڕۆشنایی تیشکی زێڕینی ئەویندا پاکژببنەوە. چ خەیاڵێك و چ وێناکردنێك، کامە لێهاتوویی هۆنەرانە دەتوانێت تواناداریی ئاوا ژنان و پیاوانێك وێنابکات. ئەگەر جیهان لە هاوڕێیەتی و یەکێتیدا لەدایکببێتەوە؛ نەك هاوسەرییدا، ئەوا ئەوین دەبێتە دایک و باوکی.

سەرچاوەی لێوەرگیراو: * www.khushe.ir بەداخەوە لەم ساتەدا ماڵپەڕی (خوشە) گرفت لە دۆمەینەکەیدا هەیە. خوێنەران ناکرێتەوە، دەتوانن بۆ بەدەستهێنانی دەقەکە ئینگلیزییەکەی سەردانی ئەو لینکە بکەن:

http://dwardmac.pitzer.edu/Anarchist_Archives/goldman/aando/marriageandlove.html

ئەرشیڤی نووسەر:

http://dwardmac.pitzer.edu/Anarchist_Archives/goldman/GoldmanCW.html

# مارکسیزم و ئەنارکیزم

دانییڵ گرین

۱

لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتەی سەرەوە، گرفتێکی فرە لەبەردەماندا قوتدەکاتەوە، کە لە یەکەمینیانەوە دەستپێدەکەم. چی لە واژەی «مارکسیزم» تێدەگەین؟

مەبەستمان کامە «مارکسیزمە» ؟

وەڵامی دەستبەجێ بۆ ئەو پرسە پێویستە، لێرەدا مەبەستی ئێمە لە مارکسیزم کۆمەڵە بەرهەمی مارکس (Marx)** و ئەنگلس (Engels) دەبێت نەك پاشڕەوانی ئەوان، کە بەبێ وەفاییەکی کەم تا زۆر بەرانبەر ئەوان، مارکەی «مارکسیستی» بۆ خۆیان داگیرکردووە. نموونەی ئاشکرا لەو بارەوە مارکسیزمی شێوێنراو و تەنانەت دژەخونیلێکراوی سۆشیال-دێمۆکراتەکانی ئاڵمانیایە. لە سەردەمی ژیانی مارکس و ساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنی پارتیی سۆشیال-دیمۆکراتی ئاڵمانیا، سۆشیال-دێمۆکراتەکان دروشمی جۆرێك «دەوڵەتی خەڵکیی» پاگەندەییان پێشنیاردەکرد. ئەگەری ئەوە هەیە مارکس و ئەنگلس لە خۆشی ئەوەی کە سەرەنجام پارتییەك بە لایەنگری زۆرەوە لە ئاڵمانیا بە لایەنگری ئەوان خۆی ڕادەگەیاند، زۆر سەیر لەو بارەوە نارۆشنییان نیشانداوە و تەنیا پەردەهەڵماڵینە تووند و یەك لە دوای یەکەکانی باکۆنین Bakunin لەبارەی «دەوڵەتی خەڵکی» و پەیوەندی سۆشیال-دێمۆکراتەکان لەتەك پارتییە بۆرجوازی ڕادیکاڵ بوو، کە مارکس و (ئەنگلس)ی ناچار بە پشتکردن لە ئاوا دروشم و کارکردێك کرد.

پاش ماوەیەك دواتر، ساڵی ۱۸۹۵ پیرە ئەنگلس لە پێشەکییە بەناوبانگەکەی کە بۆ پەرتووکی «تێکۆشانی چینایەتی لە فەرەنسە- کارڵ مارکس»ی نووسی - هەر لەم پێشەکییەدا بوو کە ئەو- بە پێداچوونەوەیەکی تەواو لە مارکسیزم، ڕێگەی ڕیفۆرمیزمی گرتەبەر. بەواتایەی کە لەسەر سوودوەرگرتن لە کارتی ڕاپرسی وەك ئامرازێکی باڵا (نموونەیی) و تەنانەت تاکە ئامرازی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، پێداگرییکرد. لێرەدا چیدی ئەنگلس بەو چەمکەی من مەبەستمە، مارکسیست نییە. دواتر کارل کاوتسکی Karl Kautsky بەشێوەیەکی دوو لایەنە، دەبێتە جێگرەوەی مارکس و ئەنگلس. ئەو لە تیۆریدا ئاوای نێشاندەدا، کە هێشتا لە بواری تێکۆشانی چینایەتیدا شۆڕشگێڕ ماوەتەوە، بەڵام بە کردەوە بێجگە لە پەردەپۆشکردنی کردە تەواو هەڵپەرستانە و ڕیفۆرمیستییەکانی پارتییەکەی، شتێکی دیکەی نەدەکرد.

لەو بارەدا ئێدوارد برنشتاین Eduard Bernstaein، کە ئەویش پاگەندەی «مارکسیست» بوونی دەکرد، لە ڕاستیدا هەنگاوێك لە کاوتسکی واوەتر نەڕۆیشت و بەئاشکرا تێکۆشانی چینایەتی ڕەتکردەوە و لە بەرانبەر هەڵبژاردنگەری و پارلەمانگەری و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیدا بە بەجێماوی دەزانێت.

لە لایەکی دیکەوە کاوتسکی ڕایدەگەیاند، گوتنی ئەوەی کە هوشیاری سۆشیالیستی سەرەنجامی پێویست و ڕاستەوخۆی تێکۆشانی چینایەتی پرۆلیتاریایە، "تەواو هەڵەیە". بە باوەڕی ئەو "دەبێت ئەوە بزانین کە سۆشیالیزم و تێکۆشانی چینایەتی لەیەکەوە سەرچاوە ناگرن، بەڵکو بەرئەنجامی پێشمەرجی دیکەن. بەواتایەکی دیکە هوشیاری سۆشیالیستی بەرهەمی زانست بووە. بەرهەم و هەڵگری زانستی پرۆلیتاریا نییە، بەڵکو هی ڕۆشنبیرانی بۆرجوازییە - و بەهۆی ئەوانەوەیە - کە سۆشیالیزم بۆ پرۆلیتاریا دەگوێزرێتەوە". سەرەنجام ئەوەیە کە "هوشیاری سۆشیالیستی توخمێکە کە لە دەرەوە دێتە نێو تێکۆشانی چینایەتی پرۆلیتاریا، نەك شتێك کە بەخۆی سەرهەڵبدات".

تەنیا تیۆریسیۆنێك کە لەنێو سۆشیال-دیمۆکراسی ئاڵمانیا بە مارکسیزمی (ڕەسەن) وەفادار مایەوە، ڕۆزا لوکسێمبورگ (Rosa Luxemburg) بوو. بەڵام ئەویش سازشکەلێکی لەتەك ڕابەریی پارتییەکەی ئەنجامدا. ڕۆزا هیچ کاتێك بێپەردە بێبل (Bebel) و کاوتسکی وە بەر ڕەخنە نەدەدا. ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرای ئەو لەتەك کاوتسکی تەنیا ئەو کاتە دەستیپێکرد، کە ساڵی ١٩١٠ فێرکاری پێشووی خۆی بیرۆکەی مانگرتنی جەماوەریی ڕامیاری ڕەتکردەوە. ڕۆزا بەتایبەت هەوڵیدەدا نزیکیی خۆی لەتەك ئەنارکیستەکان بشارێتەوە، کە بەرهەمی تیۆریی خۆی بوو لەبارەی خۆبەخۆیی شۆڕشی جەماوەرییەوە. ئاوا هەوڵێك ئەوی ناچار بە پەنابردن بۆ جنێودان بە ئەنارکیستەکان کرد. بەو شێوە ئەو ئاوای دەبینی، پارتییەکەی  خۆی کە چ لە ڕووی بیروباور و چ لە ڕووی داراییەوە (لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین، چونکە لەم ڕۆژگارەدا لەوە ئاگادارین) خۆی بەوەوە وابەستەبوو؛ دەخاتە مەترسی.

بەڵام وێرای جیاوازیی ناو، ناکۆکی کرۆکی و کەتواریی لەنێوان ئەوەی ئەنارکیستەکان بە مانگرتنی گشتی ناویدەبەن و ئەوەی کە ڕۆزا لوکسێمبورگ بە پارێزەوە هەوڵیدەدا بە «مانگرتنی جەماوەری»ی ناوبنێت، بوونی نییە. لە لایەکی دیکەیشەوە، مشتومڕە توندووتیژەکانی ئەو کە یەکەمیان ساڵی ١٩٠٤ بەرانبەر لێنین Lenin و دووەمیان کە ساڵی ١٩١٨ بەرانبەر فەرمانداریی بۆلشەڤیکی ڕوویدا، فرە لە بیرکردنەوەی ئەنارکیستییەوە دوورنەبوون. هەروەها تێڕوانینەکانی ئەو لەنێو بزووتنەوەی سپارتاکیستەکان ساڵی ١٩١٨

لەبارەی سۆشیالیزمی پێشڕەوگەر لەخوارەوەڕا بۆ سەرەوە و لە ڕێگەی سۆڤیەتە کاگەرییەکانەوە، لەسەر ئەو پۆلە هەژماردەکرین. ڕۆزا لوکسێمبورگ بە یەکێك لە بازنەکانی یەکێتی نێوان ئەنارکیزم و مارکسیزمی نەشێوێنراو دەژمێردرێت. بەڵام مارکسیزمی ڕەسەن تەنیا بە هۆی سۆشیال-دیمۆکراتەکانی ئاڵمانیا نەشێوێندرا. بەڵکو ئەوە لێنین بوو، کە لە ئاستێکی فراواندا ئاوەژوویکرد. ئەو بەشێوەیەکی ئاشکرا بەستەرە هاوبەشەکانی نێوان ژاکۆبین Jakobin و دەسەڵاتخوازیی کە هەندێك کات لەنێو نووسینەکانی مارکس و ئەنگلس دەرکەوتبوون، قوڵترکردەوە. ئەو باڵادەستی نێوەندگەرایی و دەرکی بیرتەسکانە و دەستەگەرایانەی پارتیی (ئەوەش تەنیا یەك پارتیی) و بەتایبەت کاری شۆڕشگێڕانی پیشەیی وەك ڕابەرانی جەماوەر هێنایە نێو مارکسیزم. ئاو چەمکانە لەنێو نووسینەکانی مارکس زۆر دەستناکەون و ئەگەر هەشبن لە شێوەی کۆرپەیی و سەرەتایین. وێڕای ئەوەش لێنین بە توندی سۆشیال-دیمۆکراتەکان لەوەی کە ئەنارکیستەکان بە کەم لەبەرچاودەگرن، وەبەر ڕەخنە دەدات و بەشێکی تەواو لە پەرتووکۆکەی «دەوڵەت و شۆڕش» بۆ ستایشی ئەنارکیستەکان لەبەر وەفادارییان بۆ شۆڕش، تەرخاندەکات.

## ٢

گرفتێکی دیکەیش لە ئارادایە. وێڕای ئەوەی کە ئەندێشەی مارکس و ئەنگلس لە ڕووی پێگەیینەوە بۆ ڕەنگدانەوەی قوڵی کەتواری سەردەمەکەی لە ماوەی نیو سەدەدا دەگەڕێتەوە، شێوەیەکی شیاوی دەرککردنە. بەڵام هەوڵی لێکدەرەوانێکی تازە - لەنێویاندا نوێنەرێکی کلیساش - بۆ سەلماندنی شتێك بەناوی دۆگماتیزمی مارکسیستی، بێسوودە. با نموونەیەك بهێنینەوە:

(مارکس)ی لاو و مرۆڤدۆست، شاگردی فۆیەرباخ Feuerbachی فیلۆسۆف، بەگشتی لە (مارکس)ی ساڵانی پێگەیینی کە دواتر خۆی گیرۆدەی دیاریگەریی زانستی توند و دژوار کردووە، جیاوازە.

(مارکس)ی ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ Neue Raihnische Zeitung، بڵاوکراوەیەك کە تەنیا پاگەندەی دیمۆکراتبوون و لە هەوڵی یەکێتی لەتەك بۆرجوازی ئاڵمانیا بوو، هیچ وێکچوونێکی لەتەك (مارکس)ی ساڵی ١٨٥٠ واتە مارکسی کۆمونیست و تەنانەت بلانکیست Blanquist، کە ئاوازی شۆڕشی بەردەوام، کاری ڕامیاریی سەربەخۆی کۆمونیستیی و دروشمی "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا"ی دەدا، نییە.

هەندێك جیاوازی لەنێوان بەشەکانی مانیفێستی ١٨٤٨ و هەندێك داواکاریشدا هەن، ئەوەی کە دەوڵەت بە زۆردارەکی دەست بەسەر سەراپای ئابووریدا بگرێت و ڕۆشنکردنەوەکانی دواتر، کە تیایاندا دەوڵەت بەهۆی "پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە" جێگەی دەگیرێتەوە.[١] (مارکس)ی ساڵانی دواتر، کە شۆڕشی نێونەتەوەیی بە داهاتوویەکی دوور دەسپارد و خۆی لە پەرتووکخانەی مۆزەی بریتانیا بەندکردبوو، تاوەکو خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی فراوان و دژوار بێت، بەتەواوەتی لەتەك (مارکس)ی ڕاپەڕێنخوازی ساڵی ١٨٥٠ جیاوازە، کە باوەڕی بە ڕاپەڕینی گشتی و دەستبەجێ هەبوو.

مارکس کە ساڵانی ١٨٦٤ - ١٨٦٩ سەرەتا لە پشتپەردەوە ڕۆڵی ڕاوێژکاری تایبەت و ڕێخەری دوورەپەرێز لە دەسەڵاتی لەنێو کرێکارانی کۆوەبوو لە نێونەتەوەی یەکەمدا دەگێڕا، لەناکاودا ساڵی ١٨٧٠ دەگۆڕێت بە کەسێکی فرە دەسەڵاتخواز، کە لە لەندەن فەرمان بۆ ئەنجومەنی گشتی ئینتەرناسیوناڵ دەردەکات. مارکس کە سەرەتای ساڵی ١٨٧١ بەتووندی دژی ڕاپەڕینی پاریس بوو، مارکسێك نییە کە کەمێك دواتر لە نامیلکە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەناوی (جەنگی نێوخۆیی لە فەرەنسە)، دەکەوێتە نرخاندنی کۆمۆنەی پاریس و زۆرێك لەلایەنەکانی تا ئەوپەڕی ڕادەی خوازراو دەستنیشاندەکات.

دواجار (مارکس)ێك کە لە هەمان نامیلکەدا لەسەر ئەو خاڵە پێدادەگرێت، (مارکس)ێك نییە کە لە نامەیەکدا لەبارەی بەرنامەی گۆتا Gothaer Programm بێچەندوچوون دەیەوێت بیسەلمێنێت، کە دەبێت دەوڵەت بۆ ماوەیەکی تا ڕادەیەك درێژخایەن پاش شۆڕشی پرۆلیتێری درێژە بەژیانی خۆی بدات.

دەتوانین لە ماوەی ساڵانێکدا شوێنپێی تەواوی ئەو پاشگەزبوونەوە و هەڵبەز و دابەزە زیکزاکییانە هەڵبگرین. بەو جۆرە نابێت مارکسیزمی ڕەسەن واتە نووسینەکانی مارکس و ئەنگلس وەك کۆمەڵێکی لێکچوو و تەبا لەبەرچاوبگیرێن. بەڵکو پێویستە لە مەیدانی تاقیکاریی ڕەخنەیی ورد دابنرێت و تەنیا ئەو خاڵانە لە ئەوەوە وەربگیرێن، کە پەیوەندیی نزیکیان لەتەك کۆمونیزمی ئازادیخوازانە Libertarian communism هەیە.[٢]

**٣**

ئێستا ئیدی لەبەردەم گرفتی سێیەم وەستاوین: (ئەنارکیزم) کەمتر لە مارکسیزم لە چوارچێوەی باوەڕی لەیەکچوو بەهرەمەندە. بەو جۆرەی کە لەنێو پەرتووکی ئەنارکیزم لەبارەیەوە دواوم، ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتداریی و پێداگرتن لەسەر لەپێشبوونی داوەری

تاکەکەسیی، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەنارکیستەکان بە گوتەی پرۆدۆن Proudhon لە نامەیەکدا بۆ مارکس "دژە دۆگماتیزم بوون بکەنە پیشەی خۆیان" لەبەرئەوەیە کە تێڕوانینی ئازادیخوازەکان جۆراوجۆرتر و بەخوڕتر و لە ڕووی تێگەیشتنەوە دژوارترە لە تێڕوانینی سۆشیالیستە دەسەڵاتخوازەکان authoritarian socialists.

لەنێو ئەنارکیزم ڕەوتی جیاواز هەن: بێجگە لە کۆمونیستانی ئازادیخواز Libertarian Communist ، کە من سەر بەو ڕەوتەم، دەتوانرێت ئەنارکیستانی تاکگەرا Individualist anarchist ، ئەنارکیستانی کۆمەڵگەرا Social anarchist ، ئەنارکیستانی سەندیکالیست Anarcho-syndicalist و دەستەیەکی دیکەیان لەوانە ئەنارکیستانی ناتوندوتیژ non-violent Anarchist ، ئەنارکیستانی ئاشتیخواز Anarcho-pacifist ، ئەنارکیزمی گۆشتنەخۆر vegan anarchist و هیدیکەیش ناوبێنین.

ئێستا ئیدی ئەو پرسیارە قوتدەبێتەوە : دەمانەوێت چ جۆرێك لە ئەنارکیزم لەتەك مارکسیزم بەراوردبکەین، تاوەکو بزانین کە لە چ بارێکەوە، ئەو دوو فێرگە ڕامیارییە لە هزری شۆڕشگێڕییدا لەتەك یەکدیدا یەکدەگرنەوە یا لە یەکدی دووردەکەونەوە. بۆ من ڕۆشنە کە ئەنارکیزمی بنیاتنەر constructive anarchism، کۆمەڵگەرا و ئەنارکیزمی کۆگەرا یا ئەنارکیزمی کۆمونیستی لەتەك مارکسیزم کەمترین دوورییان لەنێواندایە و هەر لەبەر ئەوەشە، کە من لەنێو پەرتووکی (ئەنارکیزم) تەنیا لە هەوڵی شیکردنەوەی ئەو جۆرە لە ئەنارکیزم بووم.

٤

ئەگەر بە قوڵی سەرنجبدەین، ئەوە بۆ ئێمە دەردەکەوێت، کە مارکسیزم و ئەنارکیزم لە ڕابوردوودا کارابیان لەسەر یەکدی داناوە. مالاتستا Malatesta ئەنارکیستی ناسراوی ئیتالیایی لە شوێنێکدا نووسیویەتی "نزیکەی تەواوی ئەدەبیاتی ئەنارکیستی سەدەی نۆزدە کارایی مارکسیزمی لەسەر بووە". ئەوە دەزانین کە باکۆنین ڕێزی لە بەرانبەر لێهاتوویی زانستی مارکس هەبوو، بەڕادەیەك کە دەست بە وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (سەرمایە) بۆ سەر زمانی ڕوسی دەکات. لە پاڵ ئەودا ئەنارکیستی ئیتالیایی کارلۆ کافیرۆ Carlo Cafiero کورتەیەك لەو بەرهەمە بڵاودەکاتەوە. لە بەرانبەریشدا، یەکەم پەرتووکی پرۆدۆن (دارایی چییە،١٨٤٠) و بەتایبەت پەرتووکە بەناوبانگەکەی (سیستەمی ناکۆکییە ئابوورییەکان یا فیلۆسۆفیی هەژاری، ١٨٤٦) بە قووڵی (مارکس)ی لاو دەخەنە ژێر کارابیەوە. ئەگەر چی کەمێك دواتر ئابووریناسی بێئەمەك بە نووسینی پەرتووکی (هەژاریی فیلۆسۆفی) دەکەوێتە سەرزەنشکردنێکی ژاراویی لە دژی فێرکارەکەی خۆی.

وێڕای لێدوانی زۆر، مارکس بە ڕادەیەکی زۆر قەرزاربارى تێڕوانینەکانی (باکۆنین)ە. لێرەدا بۆ خۆلادان لە دووبارەکردنەوە تەنیا دوو نموونە دەهێنینەوە: ڕاگەیاندن لەبارەی کۆمۆنەی پاریس کە لەلایەن مارکس نووسراوە، بەتوندی کەوتووەتە ژێر کاریی بۆچوونەکانی باکۆنین . بەو جۆرەی کە ئارتور لێنینگ Arthur Lehning بڵاوکەرەوەی (ئەرشیڤەکانی باکۆنین) پەنجەی بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشاوە و بەو جۆرەی کە پێشتر گوتمان دەستپێشخەری باکۆنین بوو، کە مارکس ناچاربوو دروشمی "دەوڵەتی خەڵکی" و هاوکارە سۆشیال-دیمۆکراتەکانی ڕەتبکاتەوە.

٥

مارکسیزم و ئەنارکیزم بەتەواوی لە کاریی بەرانبەریەك لە ڕەگوڕیشەیەك بەهرەمەندن و ڕەگوڕیشەیان بۆ سەر خێزانیك دەگەڕێتەوە. ئێمە وەك ماتریالیست، بۆ ئێمە ئاوا نییە کە بۆچوونەکان بۆ خۆیان لە مێشکی مرۆڤەوە پەیدابن، بەڵکو ئاوای دەبینین، تەنیا ڕەنگدانەوەی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی جەماوەرین، کە لە ڕەوتی تێکۆشانی چینایەتیدا پێپەستاون. یەکەمین نووسەرانی سۆشیالیست، چ ئەنارکیست و چ مارکسیست بەتەواوی لەژێر کاریی شۆڕشی گەورەی فەرەنسە لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە و لەژێر کاریی تێکۆشانی کرێکارانی فەرەنسە بوون، کە ساڵی ١٨٤٠ بەدواوە بۆ خۆڕێکخراوکردن و تێکۆشان دژی بەهرەکێشی سەرمایەداری دەستیانپێکرد.

کەمن ئەو کەسانەی بزانن، کە ساڵی ١٨٤٠ لە پاریس مانگرتنێکی گشتیی ڕوویداوە. ساڵانێك پاش ئەوە ڕۆژنامە کرێکارییەکانی وەك (کارگە - L'Atelier) دەرکەوتن. لەو ساڵەدا (١٨٤٠) پەرەگرتنێکی بەرچاو ڕوودەدات، پرۆدۆن (تێبینی دژی دارایی) بڵاودەکاتەوە. چوارساڵ دواتر ساڵی ١٨٤٤، (مارکس)ی لاو لەنێو (تێبینییەکانی)، ڕاپۆرتی سەردانییەکەی بۆ لای کرێکارانی پاریس دەخاتەڕوو و ئاماژە بە کارابیەکی قوڵ، کە کرێکارانی ماسولکەکار لەسەر ئەو دایانناوە، دەدات. ساڵێك بەر لەوە ( ١٨٤٣) ژنێکی دەرکەوتە بەناوی فلۆرا تریستان Flora Tristan کرێکارانی بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی کرێکاریی بانگەوازکرد و بۆ پەیوەندیگرتن لەتەك ئەوان، بەرەو شارەکانی فەرەنسە کەوتەڕێ.

بەو جۆرە مارکسیزم و ئەنارکیزم لە هەمان سەرەتاوە لە سەرچاوەی پرۆلیتێریی وەك یەکەوە، سەریانهەڵداوە و لەژێر کاریی چینی تازەی کرێکار، لە دووی ئامانجی یەکسانی، کە هەڵگێڕانەوەی دەوڵەتی سەرمایەداری و گێڕانەوەی سامانی کۆمەڵایەتی و گرتنەدەستی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە لەلایەن خودی کرێکاران. هەر ئەو شتە بوو، کە بووە بناخەی پێکهاتنێکی کۆیی لەنێوان لایەنگرانی مارکس و باکۆنین لە کۆنگرێسی ساڵی ١٨٦٩ی

نێونەتەوەیی یەکەم، کە کەمێك پێش جەنگی نێوان ئاڵمانیا و فەرەنسە ساڵی ١٨٧٠ ڕوویدا. ئەو خاڵەش لەبیرنەکەین، کە ئەو پێکهاتنە لە دژی دوایین شاگردەکانی پرۆدۆن بوو (خۆی ساڵی ١٨٦٥ مرد)، کە بە ئاراستەی پێچەوانە گەڕابوونەوە دواوە. یەکێك لەو شاگردانە تۆلا Tolain بوو، کە لە تێڕوانینی دارایی تایبەتی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نزیك بووبووەوە.

٦

تاکو ئێرە نیشانماندا، کە یەکەمین ئاخێوەرانی بزووتنەوەی کرێکاری فەرەنسە بەڕادەیەکی زۆر لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسە سروشیان وەرگرتبوو. با کەمێك ئەو خاڵە شرۆڤەدەکەین.

لە کەتواردا لەنێو هەناوی شۆڕشی فەرەنسە، دوو شێوازی جیاواز لە شۆڕش سەریانهەڵدا، یا باشترە بڵێین دوو هێزی جیاواز و دژ بەیەك. یەکێکیان لە باڵی چەپی بۆرجوازی پێکدەهات، ئەوی دیکە لە پێشینانی پرۆلیتاریا : لە پیشەوەرانی گچکە و موچەخۆران پێکدەهات. یەکەم دەسەڵاتخواز و دیکتاتۆریی و نێوەندگەرا و سەرکوتگەر دژ بە بەرانبەرەکێ. دەستەی دووەم دێمۆکراتیك و فیدرالیست و پێکهاتوو لە کۆڕ و کۆمەڵێك، کە لەم ڕۆژگارەدا بە سۆڤیەتی کرێکاریی ناویاندەبەن. ئەوانە لەنێو چل و هەشت گەڕەکی شاری پاریس هەبوون، کە لەنێو کۆمۆنی پاریس کۆبووبوونەوە و کۆڕ و کۆمەڵی شارۆچکەکان دەخرانە سەر ئەوان. بەبێ سڵەمینەوە دەتوانرێت بوترێت، کە ئەو هێزە دووەمە مایەیەکی ئازادیخوازانەی هەبوو و بە پێشەنگی کۆمۆنەی پاریس ساڵی ١٨٧١ و سۆڤیەتەکانی ڕوسیە ساڵی ١٩١٧ هەژماردەکرێت، بە پێچەوانەوە سەدەی نۆزدە هێزی یەکەم خۆی لەنێو ئاراستەی ژاکۆبینی دیتەوە. لە ڕاستیدا واژەی "ژاکۆبینی" ناوێکی ناتەواو و دروستکراوە؛ لە ناوی یانەیەکی خەڵکی پاریس "کۆمەڵەی ژاکۆبینەکان" وەرگیرابوو، کە خودی ناوی ئەو یانەیە لە ناوی پەرەستگەیەکی ئایینییەوە وەرگیرابوو و یانەکە لەنێو باڵاخانەکەیدا بوو. هێڵی جیاکەرەوەی تێکۆشانی چینایەتی نێوان بۆرجوا شۆڕشگێڕەکان لەلایەك و هەژاران لە لایەکی دیکەوە بەنێو کۆمەڵەی ژاکۆبینەکان تێدەپەڕی. بەشێوەیەکی وردتر ئەوەی کە لایەنگریی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە لەم یا لەو ئاراستە لە شۆڕش بۆ بەرخوردی نێوان خۆیان. لە ئەدەبیاتی ڕامیاریی ساڵانی دواتردا، وشەی "ژاکۆبینەکان" چ لەلایەن ئەنارکیستەکان چ لەلایەن مارکسیستەکان بە زۆریی بۆ چواندن بە نەریتی شۆڕشگێڕانەی بۆرجوازی بەکاردەبرا، کە لە سەرەوە و بە ئامرازەکانی دەسەڵاتخوازانە پشتیوانی لە شۆڕش دەکرد. بۆ نموونە شارل دێلێسکلوزە Charles Delescluze، ڕابەری زۆرینەی باڵی ڕاستی سۆڤیەتی کۆمۆنەی پاریس، خۆی ژاکۆبینیست و پرۆ ڕوبسپیر دەناساند.

پرۆدۆن و باكۆنین لەنێو نووسینەكانیان لە دژی ڕامیاریی شۆڕشگێڕە بۆرجوازییەكان وەك "بیركردنەوەی ژاكۆبینی" بەرەنگاردەبوونەوە. لە بەرانبەردا ماركس و ئەنگلس بە دژوارییەوە توانییان خۆیان لەو ئەفسانە ژاكۆبینیە، كە لەلایەن پاڵەوانانی شۆڕشی بۆرجوازی شكۆیان پێدەبەخشرا، ڕابپسێنن. لەوانە دانتۆن Danton - (لە ڕاستیدا ڕامیارییمەداری گەندەڵ و دژەخوونی دووسەرە) و ئەوی دیكەیان ڕۆبسپیر Robespierre بوو - كە سەرەنجام بوو بە دیكتاتۆر. بەڵام سەرسەختیی تێڕوانینی دژە دەسەڵاتخوازی لەنێو ئەناركیستەكان دەیگێڕانەوە لەوەی، كە ژاكۆبینگەرایی ئەوان فریووبدات. ئەناركیستەكان بەباشی لەوە گەیشتبوون، كە شۆڕشی فەرەنسە نەك تەنیا جەنگێكی نێوخۆییە لەنێوان پاشایەتی بێچەندوچوون و شۆڕشگێڕانی بۆرجوا، بەڵكو یەكسەرە جەنگێكە لەنێوان ژاكۆبینگەرایی و شتێك كە من بۆ ئاسانی وتن بە كۆمۆنەگەرایی Communallism ناویدەبەم. سەرەنجامیش جەنگی كۆتاییە كە بە شكستی كۆمۆنەی پاریس و ملپەراندنی هەردوو پلەدارانی شار شۆمێت Chaumette و هێبێرت Hèbert ساڵی ١٧٩٤ تەواودەبێت. واتای ئەو شكستە لەنێوچوونی دەسەڵاتی ژێردەستان بوو. بەو جۆرەی كە شۆڕشی ئۆكتۆبەری ڕوسیە بەرەو سڕینەوەی ئاسەواری سۆڤیەتەكانی كارخانە برا.

ماركس و ئەنگلس هەمیشە لە ئەمبەر و ئەوبەری نێوان ژاكۆبینگەرایی و كۆمۆنەگەرایی بوون. ئەوان سەرەتا ستاییشی "نێوەندگەرایی توندوتیژ، كە ئۆلگوی خۆی لە فەرەنسەی ١٧٩٣ وەرگرتبوو" دەكەن. چەند ساڵ دواتر ساڵی ١٨٨٥ ئەنگلس بۆی دەردەكەوێت، كە لەوێدا هەڵەیكردووە و نێوەندگەرایی تەنیا ڕێگەی بۆ دیكتاتۆری ناپلیۆن Napoleonی یەكەم خۆشكردووە. ئۆڕاژێ Enragès لایەنگرانی كەشیشی پێشین ژاك ڕۆ Jaques Roux، كە قسەكەری گەڕەكێكی كرێكاریی كەناری پاریس بوو، هەندێك جار كارل ماركس بە "نوێنەری سەرەكی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە" ناوبردووە. هاوكات جارێكی دیكە ساڵی ١٧٩٣ ئەنگلس ئاوای دەبینی، كە " لایەنی زۆر دەیتوانی بە كۆمەكێك لە سەرەوەڕا " بۆ پرۆلیتاریا هەژماربكرێت. دواتر لینین لە (ژاكۆبینگەریی)دا هەنگاوێكی فرە واوەتری لە فێركارانی خۆی ماركس و ئەنگلس نا. بە تێڕوانینی ئەو ژاكۆبینگەرایی "یەكێكە لەو خاڵە لوتكەییانەی، كە چینی ژێردەست لە تێكۆشانیدا بۆ ئازادی خۆی دەستی بە ئەوان ڕادەگات". ئەو پێیخۆش بوو خۆی بە ژاكۆبینیستێك ناوبهێنێت، هەڵبەتە هەندێك جاریش ئەو نازناوەی بەشێوەی "ژاكۆبینێكی سەر بە چینی كرێكار" تەواودەكرد. ئەنجامگیریی ئێمە ئەوەیە كە : تەنیا خۆداماڵینی ماركسیستەكان لە هەر جۆرە میراتێكی ژاكۆبینی، دەتوانیت پێكهاتنی ئەناركیستەكان لەتەك ئەوان لەباربكات. با بە كورتی بچینە سەر خاڵە سەرەكییەكانی ناكۆكی

نێوان مارکسیزم و ئەنارکیزم. سەرەتا ئەوەی کە وێڕای باوەڕی مارکسیستەکان بە پێداویستی لەنێوچوونی دواجارەکی دەوڵەت، بە باوەڕی ئەوان پاش شۆڕشی سەرکەوتووانەی کرێکاریی، دەوڵەتێکی نوێ کە بە "دەوڵەتی کرێکاریی" ناودەبرێت بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو پێکدەهێنرێت. پاش ئاوا سەردەمیکە، مارکسیستەکان بەڵینی لەنێوچوونی بەرەبەرەی ئەو دەوڵەتە دەدەن، کە هەندێك جاریش بە "نیوەدوڵەت" ناویدەبەن. بەپێچەوانەوە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان ئاوای دەبینن، کە ئاوا دەوڵەتێکی نوێ لەبەر دارایی دەوڵەتیی بەسەر تەواوی ئابووری و بیروکراتیزەبوونی ڕۆژانەی، تەنانەت لە دەوڵەتی بۆرجوازیش بە تواناتر و سەرکوتگەرتر دەبێت و بەرانبەر بە هەڵوەشانەوەی بەرهەڵستییدەکات. ئەگەر لەوە بگوزەرێین کە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان بەگومانەوە لەو ئەرکانە دەڕوانن، کە مارکسیستەکان لە بەرانبەر دانیشتووان بە کەمینەی کۆمونیستی دەبەخشن. گەڕانەوە بۆ نووسینە پیرۆزەکانی مارکس و ئەنگلس، تەنیا هۆیەکە بۆ ئاوا گومانێك. هەڵبەتە لەنێو مانیفێستی کۆمونیست دەتوانرێت ئەوە بخوێنرێتەوە کە "کۆمونیستەکان بەرژەوەندییەکی جیاواز لە بەرژەوەندی تەواوی پڕۆلیتاریایان نییە" و یا ئەوەی "ئەوان هەردەم نوێنەری بەرژەوەندی تەواوی بزووتنەوەکەن" یا "تێڕوانینی تیئۆریی ئەوان هەرگیز نە لەسەر بنەمای بۆچوون و بنچینەی داهێنراو یا دۆزراوەی ئەو یا ئەو چاکەکاری دونیا نییە، بەڵکو تەنیا دەربڕی گشتیی هەل و مەرج و کەتواری تێکۆشانی چینایەتی و بزووتنەوەی مێژوویە، کە بە بەرچاوی ئێمەوە لە بزووتندان". تا ئێرۆکانە بێگومان ئێمە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان لەتەك ئەوان هاوبۆچوونین!

بەڵام ڕستەی نارۆشن و تەکاندەرانە بۆ ئێمە ئەوەیە: " لە تیئۆریدا کۆمونیستەکان جیا لە بەشەکانی دیکەی پرۆلیتاریا لەو بەرتەرییە بەهرەمەندن، کە بە ڕۆشنی توانای دەرککردنی هەل و مەرج و بزووتن و ئامانجی کۆتایی و گشتیی بزووتنەوەی پڕۆلیتاریایان هەیە " .

بەبێ پێچ و پەنا ئەو درکاندنە دەتوانێت بەو واتایە بێت، کە کۆمونیستەکان لەبەر ئەو "بەرتەرییە" مافی مێژوویی بەدەستەوەگرتنی ڕابەریی پرۆلیتاریایان هەیە. ئەگەر مەبەست ئەو واتایەش بێت، ئەوا چیدی کۆمونیستە ئازادیخوازەکان لەتەك ئەوان هاوبۆچوون نین، لەبەرئەوەی کە ئێمە ئاوای دەبینین: هیچ دەستپێشخەرییەك لە دەرەوەی خودی پرۆلیتاریا ناتوانرێت بوونی هەبێت. ئەوان ئاوای دەبینن، کە کەسانی نا-پرۆلیتێر تەنیا دەتوانن لە پاڵ یا لەنێو خودی پرۆلیتاریا ڕۆڵی ڕاوێژکارانی دڵسۆز یا ڕۆشنگەریان هەبێت، ئامانجی ئەوان هاریکاریی کرێکاران بێت لە تێکۆشاندا بۆ بەدەستهێنانی پلەیەکی باڵاتر لە هوشیاری.

ئەوە بەرەو پرسی خۆبەخۆیی شۆڕسی جەماوەریی یا تێگەیشتنی وردتری ئازادیخوازانەمان دەبات، بەرەو دەربڕینێکی ئەنارکیستانە. چەندین جار واژەکانی "خۆبەخۆ spontaneous" و "خۆبەخۆیی- Spontaneity" لە نووسینەکانی پرۆدۆن و باکۆنین بەرچاودەکەون. بەڵام ئەوەی سەیر بەرچاودەکەوێت، ئەوەیە لە کاتێکدا کە لەنێو نووسینەکانی مارکس و ئەنگلس لایەنی کەم لە بڵاوکراوەی ڕەسەنیاندا بە زمانی ئاڵمانی ئاوا واژەگەلێك بەرچاوناکەون. لە وەرگێرانی بەرهەمەکانیاندا هەندێك جار لەتەك ئاوا واژەگەلێك دەردەکەون. هەڵبەتە ئەوەی دوایی بەرهەمی وەرگێران و بەراوردێکی نارێکە. لە ڕاستیدا مارکس و ئەنگلس باس لە چالاکی خۆکردی جەماوەر دەکەن، کە تێگەیشتنێکی بەرتەسکترە لە خۆبەخۆیی. چونکە پارتییەکی شۆڕشگێڕ دەتوانێت ڕێگە بە برێك لە "چالاکی خۆکردی" جەماوەریی لە پاڵ چالاکییە بەرتەریخوازانەکانی خۆی بدات. بەڵام خۆبەخۆیی جەماوەریی مەترسی ئەوەی هەیە، کە پاگەندەی ڕۆڵی ڕابەریی ئەو پارتییانە بخاتە ژێر پرسیارەوە. ڕوزا لوکسێمبورگ یەکەمین مارکسیست بوو، کە لە نووسینەکانیدا بە زمانی ئاڵمانی واژەی خۆبەخۆی Spontan بەکارهێناوە، کە لە ئەنارکیستەکانی وەرگرتووە. ئەو پشت بە ڕۆڵی سەرەکیی و خۆبەخۆیی لەنێو بزووتنەوەی جەماوەریی دەبەست. پێویستە لەوە تێبگەین، کە مارکسیستەکانیش لەبەرانبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوێستی دیاریکراویان هەیە، لەبەرئەوەی کە شوێندەست بۆ خۆتێهەڵقورتاندنی ڕابەرانی پاگەندەیی ناهێڵنەوە. کەواتە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان فرە بەو خاڵە دڵخۆشنین ، کە هەندێك جار مارکسیستەکان خۆیان لە سوودوەرگرتن لە فێڵ و فریوکاری دێمۆکراسی بۆرجوازیی لانەدەدا، مارکسیستەکان نەك بە تەنیا بە دڵخۆشییەوە کارتەکانی دەنگدانیان بەکاردەهێنا و بە یەکێك لە باشترین ئامرازەکانی بەدەستهێنانی دەسەڵاتیان دادەنا، بەڵکو تەنانەت هەندێك جاریش بە دڵخۆشییەوە دەکەوتنە پێکهێنانی بەرەی هەڵبرادن لەتەك پارتییە لیبرال یا ڕادیکاڵە بۆرجوازییەکان و لەو ساتەدا باوەڕی ئەوان ئەوەیە، کە بەبێ ئاوا هاوپەیمانی و یەکێتییەك دەستڕاگەیشتن بە کورسییەکانی پارلەمان لەتوانادا نییە. لەبیرمان نەچێت کە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان بەپێچەوانەی ئەوەی کە بەزۆری وێنادەکرێت، لە سندوقەکانی دەنگدان سڵناکەنەوە. پرۆدۆن ساڵی ١٨٤٨جارێك بە نوێنەری ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێت و جارێکی دیکە پشتیوانی لە هەڵبژاردنی ڕاسپێل Raspail دەکات. وێڕای ئەوەش دواتر لەبەرەئەوەی کە ئەو هەر جۆرە ملکەچییەك بۆ ڕژێمی پاشایەتی سەرکۆنەدەکات، کرێکاران بۆ خۆهەڵبژاردن بانگەوازدەکات. بۆ ئەو تەنیا پرسی پێگە و هەل و مەرج لەبەرچاو بوو. لە هەل و مەرجێکی دیکەدا فێبریوەری ساڵی ١٩٣٦ ئەنارکیستەکانی ئیسپانیا لە هەڵوێستوەرگرتنی ئاشکرا دژی

بەشداری لە هەڵبژاردنی بەرەی خەڵکی خۆیان لادا. بەڵام وێڕای ئەو شتە کەم و ناوازانە، ئەنارکیستەکان ڕێگەی فرە جیاواز بۆ سەرکەوتن بەسەر سەرمایەداری دوژمندا پەسەندتر دەزانن، لەوانە تێکۆشانی ڕاستەوخۆ Direct action، تێکۆشانی سەندیکایی action unions، خۆموختاری کرێکاران Worker-autonomy و مانگرتنی گشتی General-strike.

ئێستا ئیدی پرسیارێکی دیکەی بنەڕەتی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە: دەوڵەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان یا خۆبەڕێوەبەریی self-management؟ لێرەشدا مارکس و ئەنگلس بادەدەنەوە. لەنێو مانیفێستی کۆمونیست کە بە سروشوەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە سۆشیالیستی دەوڵەتگەرا، لویس بلانك Louis Blancی فەرەنسی، نووسراوە. ئەوان ئاوای دەبینین کە "دەبێت گشت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی دەوڵەتدا نێوەندیی بکرێنەوە". بەڵام ئەوان لە واژەی دەوڵەتی "پرۆلیتاریای ڕێکخراو وەك چینی فەرماندار" تێدەگەن. باشە بۆچی ڕێکخراوێکی پرۆلیتێریی ئاوا ناودەنێن "دەوڵەت"؟ لەمە بگوزەرێین: بۆچی چەند ساڵ دواتر ئەوان پەشیماندەبنەوە و جونی ١٨٧٢ لەنێو پێشەکی چاپی سەرلەنوێی مانیفێست لە دەوڵەتگەرایی کورتبینانەی خۆیان سەرلەنوێ پێداچوونەوە دەکەن و ئاماژە بە ڕاگەیێندراوی ١٨٧١ لەبارەی کۆمۆنەی پاریس دەدەن، کە پێویستە بەرهەمهێنان بەهۆی "کۆمەڵەی بەرهەمهێنەران associated to producers" بەڕێوەببرێت؟

بێگۆمان ئەوان هەستیان بە پێداویستی پێکهاتن لەتەك لایەنگرانی باکۆنین لەنێو نێونەتەوەیی یەکەم کردبوو. بەڵام ئەوەش بڵێین، کە مارکس هیچ کاتێك لە وردەکاریدا ڕێگەگەلێك، کە دەتوانن خۆبەڕێوەبەریی بەرێبخەن، نەچووەتە بەلایاندا و لە کاتێکدا کە پرۆدۆن لاپەڕەی فرەی لە بەرهەمەکانیدا بۆ ئەو پرسە تەرخانکردبوو. پرۆدۆن کە ژیانی وەك کرێکارێك دەستپێکردبوو، دەیزانی کە باس لە چی دەکات. ئەو بە وردبینیەوە "کۆمەڵە کرێکارییەکان Worker-associations" کە لە دەروونی شۆڕشی ١٨٤٨ سەریانهەڵدابوو، سەرنجدابوو. بەڵام هۆی ئەو هەڵوێستەی مارکس، لەوانەیە لەبەر بە "خەیاڵییدانانی utopian" پرسی خۆبەڕێوەبەریی لە لای ئەو بێت. لەم ڕۆژگارەدا ئێمە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان بەشێکین لەوانە کە لایەنی کەم لە ئەورووپای خۆراوا خۆبەڕێوەبەریيان کردووە بە بابەتی ڕۆژ، پرسیارێکی کۆنکرێت و خستویانەتە بەرنامەی کاری ڕۆژەوە. پرسیارێك کە ئیدی جێکەوتەبووە و لەم ڕۆژگارەدا لەلایەن نزیکەی هەرەزۆری ڕەوتە ڕامیارییەکانەوە دەستی بۆ دەبرێت، گۆڕانی بەسەردا هێنراوە و کورتکراوەتەوە.[٣]

مارکسیستەکان و ئەنارکیستەکان هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی ڕامیارییانەوە ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە. یەکەمین هێرش لەلایەن مارکس و ئەنگلس لە دژی شتێنەر Stiner لەنێو پەرتووکی پڕ دژایەتی "ئایدیلۆجی ئاڵمانیای" دەستپێکرد. لێرەدا پرسەکە لەسەر خراپ لەیەك گەیشتنێکی دوولایەنە بوو. شتینەر ڕۆشنینەکردبووەوە، کە لەپاڵ ستایش بۆ "من" و "کەس" ئەو، لە ڕاستیدا لایەنگری یەکگرتنی خۆخواستانەی ئەو "کەس"ەیە لەتەك یەکێکی دیکە. لە ڕاستیشدا ئەو کۆمەڵی هەنووکەیی پێشنیاردەکات، کە لەسەر بنەمای فیدراڵی و مافی جیابوونەوە دامەزرابێت. هەر ئەو بۆچوونە دواتر باکۆنین و دواجار لێنین لەبارەی پرسی نەتەوەییدا، بەکاریانبردووە. مارکس و ئەنگلس بە هەڵە ڕەخنە توندەکانی شتینەر بەرانبەر کۆمونیزم بە کۆنەپەرستی ئەو دادەنێن، لە کاتێکدا کە هێرشەکانی شتینەر لە بنەڕەتدا ئاراستەی جۆرێکی تایبەت لە کۆمونیزم بوون، دژی "ناپوختەکان Clumsy" کۆمونیزمی دوڵەتی، کە کۆمونیستە خەیاڵییەکانی utopian communism سەردەمی خۆی، لەوانە ڤایتلینگ Weitling لە ئاڵمانیا و کابە Cabet لە فەرەنسە، هۆی ئەو ڕەخنانەی شتینەر مەترسییەك بوون و ئامانجی ئەو ئازادی تاکەکەسیی بوو.

هەر بەو جۆرەی کە پێشتر گوتمان، هێرشی توندی مارکس بۆ سەر پرۆدۆن تاڕادەیەك لەبەر کۆمەڵێك شتی ئاوا بوو، پرۆدۆن دارایی تایبەتی گچکە لە بارێکدا کە نیشانەی سەربەخۆیی تاکەکەسی بێت، پەسەنددەکات. بەڵام شتێك کە مارکس لێی تێناگات ئەوەیە، کە پرۆدۆن لە پێشەسازی گەورە و گرنگی بەشی سەرمایەداریدا، بەتەواوی خۆی بەپشتیوانیکەری دارایی گشتی دەناساند. لەبیرماننەچێت کە پرۆدۆن لە "پەڕاوی تێبییەکانیدا" ئاوا دەنووسێت "پێشەسازی گچکە بەهەمان ڕادەی فەرهەنگی گچکە، گەمژانەیە". لە پێشەسازی گەورەشدا ئەو بێچەندوچوون گشتگەرایە. بە تێڕوانینی پرۆدۆن ڕێکخراوگەلێك لەژێر ناوی "هەرەوەزیی کرێکاریی Worker-companies" ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، واتە بەڕێوەبردنی پیشەسازی گەورە لەوانە هێڵی شەمەندەفەر و کارخانە گەورەکان و کانەکان و چێکردنی پۆڵا و دەریاوانی، ... هیدیکەیان، لە ئەستۆ دەبێت.

وێڕای ئەوەی کە پرۆدۆن لە کۆتایی ژیانیدا، لە پەرتووکی "لێهاتوویی ڕامیاریی چینی کرێکار" خۆی بە لایەنگری جیابوونەوەی تەواوی چینی کرێکار لە کۆمەڵی بۆرجوازی یا بەواتایەکی دیکە لایەنگری تێکۆشانی چینایەتی ڕادەگەیێنێت، بەڵام هێشتا وێڕای ئەوەش مارکس لە بەرانبەر پرۆدۆنیزم، کە بە سۆشیالیزمی وردەبۆرجوازی دایدەنێت، دەستهەڵناگرێت.

با سەرنجی مشتومڕی بەردەوام و ناپاکی نێوان مارکس و باکۆنین لە نێونەتەوەیی یەکەم بدەین؛ لێرەشدا لەتەك جۆرێك لە خراپ لەیەکدی تێگەیشتن ڕووبەڕووین. باکۆنین تاڕادەی زیادەڕەویکەرانە مارکس بە دێوێکی دەسەڵاتخواز و تینووی فەرمانداریی بەسەر بزووتنەوەی کرێکارییدا دەناساند. لەو نێوەدا ئەوەی کە سەرسوڕهێنەرە، ئەوەیە کە باسەکانی باکۆنین نێوەڕۆکێکی پێخەمبەرانەیان هەیە، ئەو بەباشی داهاتووە دوورەکان دەبینێت. لەهەمان کاتدا کە هاتنە سەر شانۆی "بیرۆکراسی سوور" پێشبینیدەکات، دیکتاتۆرییەتێك کە سەرنجام ڕابەرانی نێونەتەوەیی سێیەم کۆمینتێرن Komintern بەسەر بزووتنەوەی کرێکارییدا ڕەوایدەبینن، هەستپێدەکات. مارکس بە تۆمەت دانەپاڵ باکۆنین بە نزمترین شێواز و بە ڕاوەرگرتن بۆ دەرکردنی باکۆنین لە نێونەتەوویی یەکەمدا، لە کۆنگرێسی لاهای[٤] سێپتەمبەری ١٨٧٢ دەست بە هێرشی بەرانبەر دەکات. پاش ئەو ڕووداوە، پردەکانی نێوان ئەنارکیزم و مارکسیزم دەڕوخێن و دەبێتە کارەساتێکی گەورە بۆ چینی کرێکار، هەرچەندە کە هەر یەك لەو دوو بزووتنەوە پێویستیان بە هاریکاری تیۆریی و کردەیی یەکدی هەبوو. دەهەی هەشتای سەدەی نۆزدە تێکۆشان بۆ پێکهێنانی نێونەتەوەیەکی ئەنارکیستی لەتەك شکستدا ڕووبەڕوودەبێت. ئاوا نێونەتەوەییەك وێڕای نیازەکانی، بەگشتی لە بزووتنەوەی کرێکاریی دادەبڕێت. لە کاتێکدا کە لەو سەردەمەدا مارکسیزم بەخێرایی لە ئاڵمانیا بە گەشەی سۆشیال-دیمۆکراسی و لە فەرەنسە بە دامەزراندنی پارتیی کرێکاریی لەلایەن Jules Guesdes گەشەدەکات.

دواتر پارتیی جۆراوجۆری سۆشیال-دیمۆکرات لە دەوری یەکدی کۆبوونەوە و نێونەتەوەیی دووەمیان پێکهێنا. لە کۆنگرێسەکانی دواتریاندا زۆر جار مشتومڕ لەتەك ئازادیخوازانێك ڕویدەدا، کە هەلیان بۆ دەڕەخسا، تا لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریبکەن. ساڵی ١٨٩٣ سۆشیالیستی ئازادیخواز دۆمێلا نیوێنهویس Domela Nieuwenhuisی هۆڵەندی لە گۆتارێکی توند و پاراودا، سۆشیالدیوکراسی ئاڵمانیای تاوانبارکرد و لەتەك هەراوهوی ئامادەبووان ڕووبەڕووبوو. ساڵی ١٨٩٦ لە لەندەن کچی مارکس، ئاڤێلینگ Aveling و ڕابەری سۆشیالیستی فەرەنسە ژان ژۆرس Jean Jaurès بە جنێودان بە ئەنارکیستەکان، کە وەك نوێنەری سەندیکا کارگەییەکان توانیبوویان بچنە هۆڵی کۆنگرێس، دەرکرد. هەڵبەتە تیرۆریزمی ئەنارکیستی، کە لە ماوەی ساڵەکانی ١٨٩٠ تا ١٨٩٥ لە فەرەنسە ئاژاوەی بەرپادەکرد، کۆمەکێکی بەرچاوی بە ڕەتکردنەوەی هیستریانەی ئەنارکیستەکان کرد، کە ئیدی بە "چەتە" هەژماردەکران. ئەو ڕیفۆرمیستە شەرمنۆك و یاساگەرانە لە توانایاندا نەبوو، لە پاڵنەری

شۆڕشگێڕییان تێبگەن و هۆی پەنابردنی ئەوان بۆ توندوتیژی[٥] وەك نارەزایەتییەكی پڕ دەنگدانەوە لە دژی كۆمەڵی نەفرەتاوی دەركبكەن.

لەنێوان ساڵانی ١٨٦٠- ١٩١٤ سۆشیال-دیمۆكراسی ئاڵمانیا و زیاتر لەو دەزگەی پانوپۆڕی سەندیكا كرێكارییەكانی ئاڵمانیا بەردەوام خەریكی كەنارخستنی ئەنارکیزم بوون. تەنانەت كاتێك كاوتسكی ڕایگەیاند، كە لایەنگری مانگرتنی جەماوەرییە، بیرۆكراتی كرێكاریی وەك "ئەناركیستێك" لە ئەویش گومانیانكرد. بەڵام لە فەرەنسە پرسەكە بەپێچەوانەوە بوو. پارلەمانگەرایی و ڕیفۆرمیزمی هەڵبژێرگەرایی ژوریس Jaurès، نەفرەتیان لە كرێكارانێك، كە بەخۆیان لێهاتووی دامەزراندنی ڕێكخراوەی شۆڕشگێڕانەی سەندیكایی و تێكۆشانكارانەی سەربەخۆی سێ.ژێ.تێ (CGT)یان پێكهێنابوو، كە پێشڕەوانی فێرناند پلوتیە Fernand Pelloutier و ئێمیل پوژە Emile Pouget و پییەر مۆنات Pierre Monate بوون و لە بزووتنەوەی ئەناركیستییەوە سەریاهەڵدابوو.

شۆڕشێ ڕوسیە و دواتر شۆڕش ئیسپانیا كەلێنی نێوان ئەنارکیزم و ماركسیزمیان فراوانتر كرد. كەلێنێك كە چیدی نەك تەنیا بەرهەمی ناكۆكی ئایدیلۆجیكی، بەڵكو بە كردەوەش خوێناوی بوو. بۆ كۆتایهێنان بە سەرنجەكانی سەرەوە لەسەر ڕابوردووی ماركسیزم و ئەنارکیزم، دەبێت دوو تێبینی دیكەیشیان بۆ زیادبكەم:

١- هەندێك لە (ماركس)ناسانی وەك ماكسیمیلیان ڕۆبل Maxumilan Robel لە فەرەنسە، بەدڵنیاییەوە بەهەڵەداچوون -ئەگەر هەموو بۆچوونەكانیشی هەڵە نەبن-، ئەگەر لە (ماركس)دا ئاراستەی "ئازادیخوازانە" بەدیبكەن.

٢- هەندێك لە ئەناركیستە دەستەگەرا و بیرتەسكەكانی وەك گاستون لێڤال Gaston Leval لە فەرەنسە، بەدڵنیاییەوە بەهەڵەداچوون، كە بە هەستێكی كوێرانەوە وەك ئەهریمەنێك لە ماركس دەڕوانن. هەرچەندە هەردووكیان هاوەڵی منن، دەمەوێت لە شوێنێكدا لەنێوان ئەو ئەو دوو پیاوە توندڕەوە جێگیرببم.

## ٨

ئەی هەنووكە چی؟ بەبێ گومان، ئێستاكە لەبەردەم بوژانەوەی سۆشیالیزمی ئازادیخوازانە وەستاوین. من لێرەدا ناچارم ئاماژە بە چۆنیەتی بوژانەوەی دووبارەی ئایاری ١٩٦٨ لە فەرەنسە بدەم. خۆبەخۆترین و چاوەڕواننەكراوترین و نائامادەكراوترینی ڕاپەڕینەكان بوو. بایەكی بەهێزی ئازادی سەراپای وڵاتی گرتەوە، ئاوا وێرانكەر و لەهەمان كاتدا ئافرێنەر بوو،

کە ئیدی هیچ شتێکی وەك پێشووی خۆی نەهێشتەوە. ژیان گۆڕا یا دەتوانین بڵێین، کە ئێمە ژیانمان گۆڕی. بەڵام ئاوا لەدایکبوونەوەیەکی دووبارە، لە چوارچێوەی بوژانەوەیەکی سەرلەنوێ لە سەراپای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا و بەتایبەت لەنێوان لاوانی خوێندکاردا پێکدەهات. بەو هۆیەوە چیدی دابڕە بەهێزەکانی نێوان بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و ئەوانەی کە پاگەندەی لایەنگری "مارکسیزم-لێنینیزم" دەکەن، بوونیان نییە. تەنانەت دەتوانرێت بگوترێت جۆرێك لە ئاوەڵایی نادەستەگەرایانەش لەنێوان ئەو بزووتنەوە جۆراوجۆرانەدا سەریهەڵدا. هاوڕێانی لاو لە فەرەنسە، لە گروپە مارکسیستە دەسەڵاتخوازەکانەوە دەچوونە ناو گروپە ئەنارکیستەکان Anarcho-groups و هەروەها پێچەوانەی ئەوەش ڕوویداوە. گروپگەلی "ماویستی Maoists" هەبوون، کە سەراپا لەژێر کارایی ئازادیخوازییدا هەڵوەشاونەتەوە یا کارایی بۆچوونی ئەنارکیستەکان دڕی کردۆتە ناویان. تەنانەت گروپی (ترۆتیسکیست)یش زۆرێك لە خاڵی تێڕوانینیان خۆیان لەژێر کارایی نووسین و تیئۆری ئەنارکیستەکان دەگۆڕی. ئیدی کەسانی وەك ژان پۆل سارتر Jean Paul Sartre و هاوەڵەکانی لە گۆڤارە مانگانەکەیاندا تێڕوانینی ئەنارکیستی دەردەبڕن. بەشێوەیەك کە یەکێك لە گۆتارەکانی ئەو دواییانەیان بەناوی "ماڵئاوا لێنین Lenin Ade" بوو.

بەبێ گومان هێشتا گروپی مارکسیستی دەسەڵاتخواز هەن، کە بەدیاریکراویی دژی ئازادیخوازین، هەر بەو جۆرەی کە گروپی ئەنارکیستی لەئارادا هەن، کە تا هەنووکەش دژە-مارکسیست ماونەتەوە.

هەر دوو ڕێکخراوی کۆمونیستی ئازادیخواز[٦]، کە لە فەرەنسە هەن، بەتەمان بەم نزیکانە یەکبگرن، خۆیان لەنێوان ئەنارکیزم و مارکسیزم دەبیننەوە. ئەو ڕێکخراوانە لەتەك ئەنارکیستە کلاسیکەکان، ئەو خاڵە هاوبەشەی تێڕوانینیان هەیە، هەر دوو دەگەڕێنەوە سەر جووڵانەوەی دژە دەسەڵاتخوازیی، کە گەیشتە نێونەتەوەیی یەکەم. لە هەمان کاتدا لەتەك مارکسیستەکانیش ئەو خاڵە هاوبەشەی تێڕوانینیان هەیە، کە هەر دوو بە لێبڕاویی لە بواری تێکۆشانی چینایەتیی پرۆلیتاریا و تێکۆشان بۆ لەنێوبردنی دەسەڵاتی سەرمایەداری تێدەکۆشن.

کۆمونیستە ئازادیخوازەکان لەلایەکەوە هەوڵدەدەن، تەواوی ئەو شتانەی کە لە ڕابوردووی ئەنارکیزم بەجێماون، زیندووکەنەوە. بۆ نموونە، ئامانجی من لە بڵاوکردنەوەی پەرتووکی "ئەنارکیزم" و "نە یەزدان و نە سەروەر"، هەر ئەوە بووە و لەلایەکی دیکەوە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان، ئەو بەرهەمانەی مارکس و ئەنگلس، بەتایبەت ئەو بەشانەیان، کە هێشتا بە

کەڵك و کاران و وەڵام بە پێدوایستییەکانی سەردەمی ئێمە دەدەنەوە، ڕەتناکەنەوە. لەوانە چەمکی لەخۆنامۆبوون، کە لەنێو "دەستنووسەکانی ١٨٤٤"ی (مارکس)ی لاودا دەبینرێت. ئەو تێگەیشتنە بە باشی لەتەك پێداگریی ئەنارکیستەکان لەسەر ئازادی تاکەکەسی دەگونجێت. ئەوەی کە ئازادی پرۆلیتاریا دەبێت بەدەستی خۆی ڕووبدات نەك بەهۆی جێگرێکی ئەوەوە، واتە بۆچوونێك کە نەك تەنیا لە مانیفێستی کۆمونیست و ئاڵوگۆڕەکانی دواتریدا، بەڵکو لە ڕاگەیاندنەکانی نێونەتەوەیی یەکەمیشدا دەبینرێت، بەشێکە لەو میراتە. سەرەنجام مێتۆدۆلۆجی Methodology ماتریالیزمی دیالەکتیکی و مێژوویی، کە هێشتاش وەك یەکێك لە هێڵە ڕێنوێنیکەرەکانی دەرککردنی ڕووداوەکانی ڕابوردوو و ئێستا ماونەتەوە، بەشێکن لەو میراتە. لەبارەی ئەوەی دواییەوە لەبیرماننەچێت، کە مەرجی وەرگرتنی ماتریالیزمی دیالەکتیکی و مێژوویی لەوەدایە، کە بەشێوەیەکی وشك و میکانیکی بەکارنەبرێت و نەکرێتە بیانوو بۆ خۆدزینەوە لە تێکۆشان، بەوەی کە هێشتا بنەما مادییەکانی شۆڕش لەئارادانین، هەر وەك چۆن ستالینیستەکان سێ جار لە فەڕەنسە لە ساڵانی ١٩٣٦، ١٩٤٥، ١٩٦٨ پەنایان بۆ برد. لەپاڵ ئەوەشدا نابێت ماتریالیزمی مێژوویی دابەزێنرێتە ئاستی زۆرەملێگەرایی/دیاریکەرگەرایی (جبرية) سادە و دەبێت هەردەم دەرگەکان بەڕووی توانای تاکەکەسی و خۆبەخۆیی شۆڕشگێڕانەی جەماوەردا کراوەبن.

بەو جۆرەی کە مێژوونووسی ئازادیخواز کامینسکی Kaminsky لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی خۆیدا لەبارەی باکۆنین دەڵێت، پێکهاتەی/سەنتێزی Synthesis نێوان مارکسیزم و ئەنارکیزم، نەك تەنیا پێویستە، بەڵکو وەلانانیشی لەتوانادانییە. ئەو درێژەی دەداتێ و دەڵێت "مێژوو بەخۆی گونجاندنەکانی خۆی بەرێدەخات".

دەمەوێت وەك ئەنجامگیرییەکی کەسیی خۆم ئەوە بڵێم، کۆمونیزمی ئازادیخواز کە بەرهەمی ئاوا پێکهاتەیەکە بەبێ گومان ئارەزووی فراوانی کرێکارانی هوشیار و پێشکەوتوو دەردەبڕێت، تەنانەت ئەگەر هەندێك جاریش هێشتا بەتەواوی هوشیارنەبن، واتە بەشێك کە ئەم ڕۆژ "چەپی کرێکاریی"یان پێدەڵێین، فرە باشترە لە مارکسیزمی دەسەڵاتخواز و شوناش گۆڕدراو و ئەنارکیزمی کۆنە و بەسەرچوو و پواو.

پەراوێز:-

لە گۆتاردانێکدا لە نیویۆرك ڕێکەوتی ٦ی ینۆڤەمبەری ١٩٧٣ پێشکەشکراوە

Daniel Guérin *

* دەتوانن دەقە ئاڵمانییەکەی لەم ڕێگەوە بەدەست بێنن (http://www.anarchismus.at/txt٤/guerin.htm) ,هەر ئاوا بە كليك كردنە سەر ناوی نووسەر یا ئەو لینكەی خوارەوە، دەتوانن دەق ئنگلیزی یەکێك لە پەتووکە بەناو بانگەکانی بەناوی (Anarchism: From theory to Practice) بخوێننەوە. بۆ خوێندنەوەی دەقە وەرگێڕدراوە فارسییەکەی، کلیکی ئەو بەستەرە (http://persianblog.com/?date=١٣٨٣١٢٢٧&blog=anarchi) بکەن. (و.ك)

** بۆ دڵنیابوون لە وەرگێرانە فارسیەکە، دواجار لەتەك دەقە ئاڵمانیەکەی بەراوردم کردووە و هەر ئاوا بۆ ئاشنایەتی خوێنەرانی هێژا بە کەسایەتییەکان و بەرهەمەکانیان و ئەو واژە ڕامیاری و فەلسەفیانەی لەم نووسینەدا هاتوون، هەوڵمداوە وەریانگێڕمە سەر ئینگلیزی. (و.ك)

[١] ئەم ڕۆژانە لێرەو لەوێ، کەسانێکی سەربەدەسەڵات دەیانەوێ تیرۆریزمی ئامانج دیاریکراوی کۆتایی سەدەی نۆزدەی ئەنارکیستەکان لەتەك تیرۆریزمی کوێرانەی ئیسلامییەکانی ئەورۆکە بەراوردبکەن، هەرچەندە لە هەردوو باردا، تیرۆریزم هەر لەبەرژەوەندی دەسەڵاتداران و کەنارکەوتەیی بزووتنەوە جەماوەرییەکان تەواو-دەبێت، بەڵام جیاوازییەکی تەواو لەنێوانیاندا هەیە، ئەویش بەوەی کە تیرۆریزمی ئەنارکیستەکان ئاراستەکەی کوشتنی سەرۆکشالیار و سەرمایەدارەکان بوو، لە بەرانبەردا تیرۆریزمی ئیسلامییەکان ئاراستەی شەلوپەتکردنی جەستەی ڕێبوارانە لە شوێنە گشتییەکاندا. (و.ك)

[٢] ئەو بەشە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا پەڕێنراوە، کە لە وەرگێڕانە ئاڵمانیەکەی دا ئاوا هاتووە Welch ein Unterschied auch zwischen den Abschnitten im Kommunistischen Manifest ١٨٤٨, welche forderten, daß der Staat die Gewalt über die gesamte Ökonomie erlange und den späteren Erklärungen, in denen der Staat durch die assoziierten Produzenten ersetzt wird (و.ك)

[٣] لە دەقە ئاڵمانییەکەدا ئەو واژەیە liberären kommunismus زۆرجار بەکارهاتووە کە لە وەرگێڕانەکە فارسیەکەدا هەر واژەی ئەنارکیزم بەکارهاتووە، هەرچەندە لە وەرگێرانە ئاڵمانییەکەدا هەر دوو واژەکە واتە (liberären kommunismus و Anarchismus) لە شوێنی تایبەتیدا بەکاربراون. لە کوردیدا بە واتای کۆمونیزمی ئازادیخوازانە، کە لە فارسیەکەیدا بە (کمونیسم آزادمنش) و لە عەرەبیدا بە (الشيوعية التحررية) و بە ئینگلیزیش Libertarian communism دێت. (و.ك)

[٤] لە دەقە ئاڵمانیەکەدا کۆنگرێسی هاگەر (Haager)ی ١٨٧٢ نووسراوە، بەڵام لە فارسیەکەدا کۆنگرێسی (لاهە) نووسراوە. (و.ك)

[٥] ئەوەی لەوێدا بەشێن نووسیومە، بەشی زۆری لە وەرگێرانە فارسییەکەدا نەهاتووە. (و.ك)

[٦] لە دەقە فارسیەکەدا تەنیا ئاماژە بۆ یەك ڕێکخراو کراوە بەناوی (او . ث . ال) کە دەکرێ بە لاتینییەکەی ئاوایێ (U.T.L). بەڵام لە دەقە ئاڵمانییەکەدا ئاماژە بە دوو ڕێکخراوی هاوئاراستە دەکات و ناوی هیچ کامیانی نەهێناوە. (و.ك)

## کاتێک کە مارکس یەکەمین پارتیی کۆمونیستی مێژووی هەڵوەشاندەوە ڕێنە بێرتیە

گوتنی ئەوەی کە مانیفێست "یەکەمین گرکانی پرۆلیتێری وەك هێزێکی ڕامیاریی سەربەخۆ"یە زیادەرۆییەکی ئایدیالیستییە. بڵاوکردنەوەی مانیفێست لە بارێکدا کە هێشتا نێوەرۆکەکەی وشکنەبووبوو، لە ئاڵمانیا شۆڕشی ١٨٤٨ دەستیپێکرد، لەتەك پشتگوێخراویی گشتی ڕووبەڕووبوو، نووسەرەکانی ناچارکرد هەرچی دەتوانن ئەنجامیبدەن، تاوەکو ئەو نووسینە بڵاوبێتەوە. ئەو پرسە مارکس بەرەو هەڵوەشاندنەوەی یەکەمین پارتی کۆمونیستی مێژوو و دواتر دەرکرانی خۆی برد.

**ساڵی ١٨٤٨ : قوربانیکردنی پارتیی**

شۆڕشی ١٨٤٨ ئاڵمانیا بە مارکس مۆڵەتیدا، تاوەکو ئاستی تێگەیشتنی خۆی تاقیبکاتەوە. بەڵام لە هەمان سەرەتای شۆڕش، مارکس و ئینگلس هەوڵیاندا، تاکو بە بچووك نیشاندانی گرنگیی ئەو، بەر بەپێکهاتنی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاریی بگرن. ڕووداوەکان نیشاندەدەن، کە هەموو شۆڕشەکان بە سروشوەرگرتن لە شۆڕشی فەرەنسە بە ڕێگەیەکدا بڕۆن، کە هەوڵی خۆیان لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی ڕزگاربوو لە دیکتاتۆریی چرپکەنەوە. بۆرجوازی دەبوو سەرەتا بۆ ئاوا مەبەستێك دەسەڵات بگرێتەدەست. ئاساییە کە ئەگەر ئەوە بۆرجوازی بێت کە دەبێت دەسەڵات بگرێت، تاوەکو مەرجەکان بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی کۆتایین ئامادەبن، دەبێت پرۆلیتاریا داخوازییەکان و بەرنامەی خۆی بخاتە لاوە و لە پاڵ بۆرجوازی لیبراڵ بۆ یاسایەکی بنەڕەتی و ئازادییە دێمۆکراتییەکان تێبکۆشێت.

سەرەتای شۆڕشی ١٨٤٨ ڕێڕەوی مارکس و ئەنگلس لەسەر بنەمای بەرگرتن لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاریی سەربەخۆ جێگیربوو، کە بە تێڕوانینی ئەوان دەیتوانی بە داخوازییە ڕادیکاڵەکانی بۆرجوازی لیبراڵ بترسێنێت، لەبەرئەوە مارکس و ئەنگلس یەکێتی پرۆلیتاریایان لەتەك بۆرجوازی پێشنیارکرد. ئەنگلس زۆر نیگەران بوو، کە پلاتفۆرمی حەڤدە خاڵیی یەکێتی کۆمونیستەکان بڵاوبێتەوە. ئەو پلاتفۆڕمە کە ناوی "داخوازییەکانی پارتیی کۆمونیست لە ئاڵمانیا" بوو، ڕاستەوخۆ لە مانیفێستی کۆمونیست وەرگیرابوو، مانیفێستێك کە یەکێتی کۆمونیستەکان وەك بەرنامە خوازیاری جێگیرکردنی بوو. بەڵام ئەو بەرنامەیە پاش ئامادەکردنی زۆر ڕادیکاڵانە هەڵسەنگێندرا، لەبەرئەوە ئەنگلس خەریکی کۆکردنەوەی کۆمەکی دراویی بۆرجوا لیبراڵەکان بوو بۆ ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ.

ئەنگلس لە نامەیەکدا بۆ مارکس نووسی [١] "ئەگەر یەك کۆپی لە بەرنامەی حەڤدە خاڵی ئێمە لێرە بڵاوبێتەوە، ئێمە هەموو شت لەدەستدەدەین." لەو سەردەمەدا بوو کە ئەنگلس لەبارەی ترسی خۆی لە پەرەسەندنی بزووتنەکانی کرێکارانی ڕستن نووسی، کە دەتوانێت هەموو شتێك تێکبدات. ئەو نووسی "کرێکاران کەمێك کەوتوونەتە بزووتن، هەرچەندە بزووتنەکانی ئەوان سەرەتایین، بەڵام هەژماریان زۆرە. کرێکاران دەستبەجێ کەوتوونەتە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکان. بەڕێکەوت ئەوە پرسێکە کە هەنگاوەکانی ئێمە ناکارادەکات..." [٢] دروست خوێندوومانەتەوە : کرێکاران "کەوتوونەتە بزووتن"؛ هەژماری بزووتنەکان "زۆر"ە؛ ئەوان " کۆمەڵە هاوپەیمانییەکیان" پێکهێناون' "ئەوە بەڕێکەوت پرسێکە کە هەنگاوەکانی ئێمە ناکارادەکات..." لە هەر بارێکدا هێشتا مەرەکەبی مانیفێست وشکنەبووبووەوە، کە نووسەرانی بەهۆی ڕێڕەوێك بڕیاریاندا لە بەرنامەی خۆیان چاوپۆشیبکەن. ماوەیەکی زۆری نەبرد، کە نووسەرانی مانیفێست بەخۆیان دژەخوونییان لە نێوەڕۆکەکەی کرد و لەوانە لەو بەشەی "کۆمونیستەکان بڕوا و بەرنامەیان ناشارنەوە. ئەوان بە ئاشکرا ڕایدەگەیێنن، کە بەبێ ڕوخانی توندوتیژانەی سیستەمی پێشوو، ناتوانن بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. چینە سەروەرەکان دەبێت لە ترسی شۆڕشی کۆمونیستی بلەرزن! پرۆلیتێرەکان لەم شۆڕشەدا بێجگە لە زنجیرەکانیان، شتێکیان نییە لەدەستیبدەن. ئەوان جیهانێك بەدەستدێنن." مارکس و ئەنگلس ئەو تێگەیشتنانەیان لە "دۆزراوەیەکی" تازە بەدەستهاتوو دەرهێنا، کە لە ئایدیۆلۆجیای ئاڵمانی ١٨٤٦ و "ڕەخنەی مۆڕاڵیی و مۆڕاڵی ڕەخنە" [٣] شوێنپێی هەیە. ئەو "دۆزراوە" دواتر بە "ماتریالیزمی مێژوویی" ناودەنرێت، بەڵام بە زۆری لەبیردەکرێت بگوترێت، کە مارکس هەرگیز ئەو واژەیەی بۆ "شێوازی" خۆی بەکارنەبرد.[٤] ئەم دوو هاوەڵە نووسەرە بە سروشوەرگرتن لە مێژوونووسانی بەشێك لە مێژووی فەرەنسەی نێوان ٦ی ئەپریلی ١٨١٤ تا ٢٩ی جولای ١٨٣٠ [٥] بەو سەرەنجامە گەیشتن، کە دەبێت پرۆلیتاریا پێش شۆڕشی خۆی، بە بۆرجوازی بواربدات تا شۆڕشبکات. لێرەوە تا گوتنی ئەوەی کە دەبێت پرۆلیتاریا یارمەتی بۆرجوازی بدات، تاکو شۆڕشەکەی بەرەو سەرکەوتن ڕابەرییبکات یەك هەنگاو مابوو.[٦]

گشت ئەوانە بە ڕۆشنی لەنێو "ڕەخنەی مۆڕاڵی و مۆڕاڵی ڕەخنە" نووسراون. مارکس باوەڕی ئاوا بوو، کە بۆرجوازی لە ئاڵمانیا دواکەوتووە، لەبەرئەوەی کە "هەوڵدەدات دژی پاشایەتی بێچەندوچوون تێبکۆشێت و لە سەردەمێکدا دەسەڵاتداریی خۆی بهێنێتەدی، کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆرجوازی جەنگی توندوتیژی خۆی دژی چینی کرێکار دەستپێکردووە." مارکس درێژەی دەداتێ "لەم وڵاتەدا دوژمنایەتی تازە لەنێوان بۆرجوازی و چینی کرێکار بوونی هەیە" لێرەوەیە کە "بار و دۆخی ناکۆك" بوونی هەیە، لەبەرئەوەی کە ڕژێمی ڕامیاریی زاڵ

پاشایەتییەکی بێچەندوچوونە. ئەڵتەرناتیڤێك کە خۆی پێشنیاردەکات زۆر سادەیە، یا پاڕاستنی پاشایەتیی بێچەندوچوون یا دەسەڵاتداریی بۆرجوازی. مارکس دەپرسێت "بۆچی زەحمەتکێشان ئەشکەنجەی توندی پاشایەتیی بێچەندوچوونی پاشکۆی نیوە فیئۆداڵی باشتر لە دەسەڵاتداریی ڕاستەوخۆی بۆرجوازی دەبینێت؟" ئەگەر بۆرجوازی بیتوانێت سەربکەوێت، ناچار دەبێت بەرتەریی ڕامیاریی فراوانتر پەسەندبکات. ئەنجامی ئەوەی کە دەبێت پشتیوانی لە بۆرجوازی بکرێت. لەبەرئەوەی بە تێڕوانینی مارکس "بۆرجوازی لەپێناو بازرگانی و پیشەسازی خۆی بە پێچەوانەوەی ئارەزووی خۆی، هەل و مەرجی گونجاو بۆ یەکێتی چینی زەحمەتکێش بەدیدەهێنێت و ئەو یەکێتییە یەکەمین مەرجی سەرکەوتنی زەحمەتکێشانە."

مارکس و ئەنگلس ئەندامی یەکێتی کۆمونیستەکان بوون. یەکێتی کۆمونیستەکان ڕێکخراوێکی گچکە بوو، کە دەتوانرێت بە توخمی پارتیی کۆمونیست بزانرێت. بەرنامەی یەکێتی کۆمونیستەکان ناوی "داخوازییەکانی پارتیی کۆمونیست" بوو، پێکهێنانی کۆماری، چەکدارکردنی خەڵك، سەندنەوەی دارایی زمینە کشتوکاڵییەکان بەشێك بوون لە ئەو.

مانگی ئایاری ١٨٤٨ لە کۆڵن/ئاڵمانیا کۆبوونەوەیەك کرا. چوار ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی یەکێتی کۆمونیستەکان، لەوانە مارکس و ئەنگلس و پێنج ئەندامی ڕێکخستنی شاری کۆڵن لەنێو ئەو کۆبوونەوە بەشداربوون. مارکس لەنێو یەکێتی کۆمونیستەکان لە کەمایەتیدا بوو. ئەو بە خراپ بەکاربردنی ئەو دەسەڵاتانەی بە ئەو دراوبوون، یەکێتی کۆمونیستەکانی هەڵوەشاندەوە. ئەو تەنانەت لە فێبریوەری ١٨٤٩ ڕێگریی لە یەکێتی کۆمونیستەکان کرد. پاشان ئەو بە ئەنجومەنی دیمۆکراتی کۆڵن پەیوەستبوو، کە ڕێکخراوێك بوو ئەندامەکانی بۆرجوا لیبراڵەکان بوون. لەوێدا بوو کە مارکس بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ بەدەستەوەگرت، کە بڵاوکراوەی لیبراڵەکان بوو. مارکس کە بەرنامە و ڕێکخراوی پرۆلیتێریی یەکێتی کۆمونیستەکانی لەنێوبردبوو، لەو ئەنجومەنەدا هەوڵیدا هوشیاریی چینایەتی بۆرجوازی هەڵخرێنێت، تاکو سەرەنجام ئەو چینە بتوانێت شۆڕشێکی وەك شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ فەرەنسە لە ئاڵمانیا بگەیێنێتە جێی خۆی. [٧]

مارکس بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی بیرۆکراتیك و لە سەروبەندی شۆڕشدا یەکەمین پارتیی کۆمونیستی مێژووی هەڵوەشاندەوە، لەبەرئەوەی بە تێڕوانینی هەندێك لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، مارکس "بڕوای ئاوا بوو، کە چیدیکە یەکێتی کۆمونیستەکان پێویست نییە هەبێت، چونکە بووە بە شتێکی پاگەندەیی و بە کەڵکی بار و دۆخی هەنووکەیی نایێت. مارکس ئاوای دەبینی هەل و مەرجی تازەی ئازادی چاپەمەنی و پاگەندە بواری دەدا، کە بەبێ ئەوەی

پێویست به ڕێکخراوێکی نهێنی هەبێت، نووسین و پاگەندەکان دەتوانن ئازادانه بڵاوببنەوە " [٨]

مارکس و ئەنگلس لەبارەی پێداویستی ڕێکخراوێك یا ڕێکخراوێکی نهێنی یا ڕێکخراوێکی پاگەندەیی، بڕوایان ئاوا بوو، لەو سەردەمەدا بیر له پارتییەك وەك ڕێکخەری بزووتنەوەی کرێکاری ناکەنەوە. به واتایەکی دیکه له تێروانینی ئەواندا له کۆمەڵێکدا که ئازادی چاپەمەنی و پاگەندە بوونی هەیه، ئیدی پێویست به پارتیی کۆمونیست نییه! ئەوە تێڕوانینێك بوو که مارکس ساڵی ١٨٤٨ لەبارەی پارتیی چینی کرێکار هەیبوو! هەنووکه ئێمه باشتر ئەوە دەبینین، که بۆچی لەو سەردەمەدا ڕێکخراوێکی هەرچەنده گچکەش بێت به هەبوونی ئەندامانی چالاك [ئەوەی که دواتر باکونین ئەنجامیدا] بۆ مارکس کەڵکی نەبوو و به "ڕێکخراوی نهێنی" هەڵیدسەنگاند، که پێویست نییه هەبێت.

وێڕای ئەوە کاتێك که نووسینەکەی ئەنگلس بەناوی "چەند واژەیەك لەبارەی کورته مێژووی یەکێتی کۆمونیستەکان" دەخوێنینەوە، کارێك که ئەنگلس چەند ساڵ دواتر ساڵی ١٨٩٠ نووسی، دەبینین که نووسیویەتی "یەکێتی کۆمونیستەکان بەڕادەیەکی زۆر خێرا گەشەیکرد." ئەو به درێژیی چالاکییەکانی یەکێتی کۆمونیستەکان دەخاتەڕوو. لەبارەی شێوازی ئەندامگیریی و ڕێگەکانی جێکەوتەبوونی یەکێتی کۆمونیستەکان له گشت وڵاتانی ئەورووپای باکووریی دەنووسێتەوە. پاشان ئەنگلس ئەم خاڵه ڕۆشندەکاتەوە، کاتێك که ڕێکخراوه کرێکارییەکان قەدەخەکران، یەکێتی کۆمونیستەکان چۆن به سوودوەرگرتن له یانەکانی وەرزش و گۆرانیگوتن، پەیوەندییەکانی خۆی له "کۆمونه" جۆراوجۆرەکانی ئەندامانی ڕێکخراودا پاراست. کورتەی ئەوەی که ئەنگلس دەینووسێت "یەکێتی کۆمونیستەکان زۆر فراوان بووەوە"! کاتێك که "هەژمارێك زۆر له یەکینەکانی" یەکێتی کۆمونیستەکان له ئاڵمانیا بەهۆی هەل و مەرجی دژوار هەڵدەوەشێندرانەوە، له جێگەیەکی دیکه یەکینەی دیکەی فره ئەندامتر دروستدەکرانەوە.

شایانی سەرسوڕمانێکی زۆرە، که مارکس ئاوا ڕێکخراوێکی پڕ بزووتن هەڵدەوەشێنێتەوە، له کاتێکدا که ئەنگلس به "فێرگەی باڵای هەنگاوی شۆڕشگێرانه" ناویدەبات!

تێڕوانینێك که مارکس و ئەنگلس، بۆ ئەوەی که وەك باڵی چەپی پارتیی دیمۆکرات چالاکیبکەن، بەگەڕانەوە بۆ ڕابوردوو سەرسوڕهێنەردەبێت. فێرناندۆ کلۆدن دەنووسێت "هیچ بەڵگەیەکی بڕواپێکراو بوونی نییه، که تێیدا مارکس و ئەنگلس هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیه ڕۆشنبکەنەوە."[٩]

لەو بارەوە شێوازی کاری مارکس و ئەنگلس زیاتر و زیاتر نارۆشنتر دەبێت، کاتێك سەرنجی ئەو بابەتە بدرێت، کە پاساوێك بۆ بڕواکردن بە بۆرجوازی ئاڵمانیا بوونی نەبوو، نیشانیبدات دەتوانێت وەك هاوچینەکەی لە شۆڕشی ١٧٨٩ فەرەنسە سەرکەوتووبێت. مارکس و ئەنگلس دەنووسن "بۆرجوازە ڕادیکاڵەکانی کۆڵن ئێمە بە دوژمنی بنەڕەتیی خۆیان دەزانن و ناخوازن ئەو چەکانە بە ئێمە بدەن، کە ، دەتوانین بەخێرایی دژی خۆیان بەکاریانبەرین"![١٠]

باکونین ئەوە پەسەنددەکات، کە لە ئاڵمانیا "پرسی کۆمەڵایەتیی لە ڕێگەی نارۆشنەوە زۆر دژوار لەسەر ویژدانی پرۆلیتاریا هەژموون دادەنێت. " لە درێژەیدا دەڵێت، پرسی کۆمەڵایەتیی "ناتوانێت پرۆلیتاریای ئاڵمانیا لە دیمۆکراتەکان جیابکاتەوە." هەر ئاوا باکونین بەردوامدەبێت و دەڵێت "کرێکاران بەبێ دوودڵیی دەتوانن لە دیمۆکراتەکان پێشبکەون، بە مەرجێك کە ئەوان بهێڵن کە کرێکاران درێژە بە تێکۆشانیان بدەن."[١١] باکونین دیدان بە نائامادەیی پرۆلیتاریای ئاڵمانیا دەنێت. پاشان ئاوا بەرچاودەکەوێت، کە ناکۆکی مارکس و ئەنگلس لەتەك باکونین زیاتر ناکۆکییەکی بەرنامەیی بێت تاکو جیاوازیی لێکدانەوە.

باکونین بە ئەزموونگیریی لە شۆڕشی ١٨٤٨ و کاتێك کە ئیدی بووبووە ئەنارکیست، ئەم ئەنجامگیرییەی کرد : یەکەم، هەموو کات یەکێتی پرۆلیتاریا و بۆرجوازی ڕادیکاڵ دەبێتە هۆی پەسەندکردنی بەرنامەی بۆرجوازی لەلایەن زەحمەتکێشان؛ دووەم، ئەزموونی کردەیی تێکۆشان باشترین خێراکەری هوشیاریی کرێکارییە.

مارکس و ئەنگلس باوەڕیان ئاوا بوو، جێگیرکردنی ئازادییە دیمۆکراتییەکان و بەتایبەت مافی دەنگدانی گشتی سەرەتا و مەرجی سەرهەڵدانی هەژموونی چینی کرێکارە. سەراپای پەیڕەوی مارکس و ئەنگلس لەسەر ئەو بنەمایە بوو، کاتێك مافی دەنگدانی گشتی بێتەدی، لەوێوە کە چینی کرێکار زۆرینەیە، کەواتە دەتوانرێت دەسەڵات بەدەستبهێنێت، بەو جۆرەی کە لەنێو مانیفێست ئاماژەی پێدراوە، چینی کرێکار لەو سەردەمەدا دەتوانێت لەپێناو "هەڵخراندنی خۆیی" لەسەر بەرتەرییە بۆرجوازییەکان کاربکات. لە ئێستادا بەئاسانی بۆ ئێمە دەردەکەوێت، کە خۆشباوەڕییە سۆشیالیستییەکانی ئەو سەردەمە تا چ ڕادەیەك فراوان بوون.

ئەنگلس پاش ماوەیەك نووسی، کە ساڵی ١٨٤٨یەکێتی کۆمونیستەکان "پێکهاتەیەکی زۆر لاواز" بوو. لە درێژەدا دەڵێت "لە ساتێکدا کە هۆکاری نهێنیبوونی یەکێتییەك لەئارادانەبوو، ئەم ڕێکخراوە چیتر نەیدەتوانی وەك ڕێکخراوێکی نهێنی بەردەوامی بەکارەکانی بدات."[١٢] ئەنگلس باوەڕی ئاوا بوو، کە "پرۆلیتاریا ئامادەیی بۆ خۆڕێکخستنی خۆی" نییە، بەهۆی

ئەوەی کە بۆ دەرکردنی "ناکۆکی قوڵی نێوان بەرژەوەندی خۆی لەتەك بەرژەوەندی بۆرجوازی" سەرگەردانە. ئەنگلس دەیگوت، پرۆلیتاریا هەست بە ڕۆڵی مێژوویی خۆی ناکات، کەواتە "بە کردەوە زۆرینەی کرێکاران ناچارن ببنە/ بۆ باڵی چەپی بۆرجوازی" بگۆڕدرێن.[١٣]

ئەو تێڕوانینەی ئەنگلس کە ساڵی ١٨٩٣ لەبارەی شۆڕشی ١٨٤٨ نووسی "ئەم شۆڕشە لە هەموو شوێنێك سەرەنجامی هەوڵەکانی چینی کرێکار" بوو.[١٤] بەواتایەکی دیکە ئەنگلس ساڵی ١٨٩٣ لەبارەی شۆڕشی ١٨٤٨ نووسینێکی ناکۆك بە نووسینەکەی ساڵی ١٨٨٥خۆی بڵاوکردەوە.

قوربانیکردنی بەرنامە و پارتیی چینی کرێکار لەپێناو یەکێتییەك لەتەك بۆرجوا لیبراڵەکان، بەو تێڕوانینە مارکسیستییە پشتئەستوورە، کە هەڵکشانی مێژوویی و بەرەوپێشچوونی مێژوو قۆناخبەندیی تێدان و دەبێت تێپەڕێندرێن. باکونین بەتەواوەتی لەتەك بۆچوونی مارکس ئاشنابوو. بەبێ گومان لەبەر ئەو هۆیە بوو، کە باکونین دواتر بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی کاردانەوەی مارکس بەرانبەر شۆڕشی ١٨٤٨، ناکۆکی خۆی لەتەك تیئۆری قۆناخبەندیی پێگەیینی شێوەکانی بەرهەمهێنان ڕاگەیاند. ناکۆکیی باکونین لەبەرئەوە نەبوو، کە ئەو تیئۆرییە هەڵەیە، بەڵکو لەبەرئەوە بوو، کە ئەو تیئۆرییە سەرنجڕاکێشییەکی ڕێژەیی هەبوو و بەکردەوە سەری لە هاوپەیمانییە ڕامیارییە ناپەسەندەکان دەردەچوو. شایانی ئاماژەیە، بۆلشەڤیکەکان لە کاتێکدا کەوتنە شۆڕش، کە لەتەك قۆناخبەندیی شێوازەکانی بەرهەمهێنان ناکۆك بوون. سۆشیالیستەکانی دیکەی ڕوسی بڕوایان بە ئەوە بوو، کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پرۆلیتاریا تەنیا لە سەدا سێ ٣%ی دانیشتووانی پێکدەهێنا، دەبێت ڕوسیە بە قۆناخی دیمۆکراسی بۆرجوازی و جێگیربوونی ئابووری سەرمایەداریی تێپەڕێت، تاوەکو دواتر بە شۆڕشی پرۆلیتێریی بگات.

باکونین ساڵی ١٨٥٠ لەسەر ئەو پرسە پێداگرییکرد، کە لە ئاڵمانیا چارەنووسی هەژمارێکی زۆری کارگەکان و کرێکارانی پیشەسازی بەستراوە بە "بە وەرگۆڕانیان بە لەشکری پاگەندەی دیمۆکراسی". باکونین ساڵی ١٨٧٤ دەیگوت، کە پرۆلیتاریای شارەکان بەشێکن لە تازەترین شۆڕشگێڕان. ئەو سەلماندی کە " ساڵی ١٨٤٨لە بەرلین و ڤییەنا و فرانکفۆرت و ساڵی ١٨٤٩ لە درێسدن و هانۆڤەر و بادن، پرۆلیتاریا دەیتوانی سەربەخۆ ڕاپەڕێت و توانایی پەسەندکردنی ڕابەریی هۆشمەندی بزووتنەوەکەی هەبوو."[١٥] باکونین لە ئەزموونەوە قسەدەکات. ئەو شۆڕشگێڕە ڕوسە لە کاتێکدا کە مارکس خەریکی داچڵەکاندنی هوشیاریی چینایەتی بۆرجوازی لیبراڵ بوو، ئەو یەکێك بوو لە ڕەسەنترین ڕابەرانی ڕاپەڕینی درێسدن و دەیتوانی بە

کردەوە قسە هەڵسەنگێنێت. ئەنگلس ڕێز بۆ باکونین دادەنێت و لەو بارەو دەنووسێت "ڕووبەڕووبوونەوە شەقامییەکان لە درێسدن چوار ڕۆژ بەردەوام بوون. وردەبۆرجوازییەکانی درێسدن -"گاردی میلی"- نەك هەر لەو ڕووبەڕووبوونەوانەدا بەشدارنەبوون، بەڵکو دژی ڕاپەڕیوان کۆمەکی بەرەوپێشچوونی هێزە سەرکەوتگەرەکانیان کرد. ڕاپەڕیوان بەگشتی کرێکارانی ناوچە پیشەسازییەکانی دەوروبەر بوون. ئەوان توانیان ڕاپەڕینی خۆیان بە ڕابەریی هێمنانەی پەنابەرێکی ڕوس بەناوی میخائیل باکونین ئەنجامبدەن، کە دواتر دەستگیر و زیندانیکرا .... " [باکونین و ئەوانی دیکە - نووسینی ئارتۆر لینگ- چاپەمەنی ١٨/١٠- لاپەڕەی ١٧٠]

باکونین لەوەی کە ویستی "بێگەردیی شۆڕشگێرانە یا گۆڕانی کۆمەڵایەتی" نەیتوانی بەس بێت و کرێکاران کەوتنە ژێر کارایی ڕاستەوخۆی بۆرجوا ڕادیکاڵەکان، داخداریی خۆی دەربڕی. ئەو ئەو بابەتەی ناونا "دێمۆکراسی زیادەڕەوانە"، واتە دێمۆکراسییەك کە مارکس دەیخواست بە داچڵەکاندنی هوشیاریی چینایەتی بۆرجوا لیبڕالەکان بەدیبهێنێت. ئەوە ڕەخنەگرتنی ئاشکرایە لە ڕێڕەوی مارکس لەو سەردەمەدا. ئەزموون نیشانیدا، کە تێڕوانینی باکونین لەبارەی پرۆلیتاریای ئاڵمانیا وەك هێزی کارای شۆڕشگێڕ، دروست بوو. بزووتنێکی شۆڕشگێڕانەی گرنگ لە ئاڵمانیا بوونی هەبوو و هەر ئەو بزووتنە بوو، کە بووە هۆی نیگەرانی ئەنگلس لەبارەی هەژماری زۆری کرێکارانی ڕستن و هەنگاوی سەربەخۆیانەی ئەوان.

ڤیلیش August n Willich و پزیشکێك بەناوی گۆشاڵك Andreas Gottschalk کە ئەندامی یەکێتی کۆمونیستەکان بوون لە شاری کۆڵن ڕێکخراوێکیان بەناوی ئەنجومەنی کرێکاری [١٦] پێکهێنا، کە لە سەدا دەی ١٠% دانیشتووانی ئەو شارەی ڕێکخراوکرد. بە پێچەوانەوەی ئەوەی کە ئەنگلس لەبارەی جێماویی بزووتنەوەی کرێکاریی ئاڵمانیا دەیگوت، ئەو بزووتنەوە خۆی بە شێوەی چینایەتی لە ئەنجومەنێکی کرێکارییدا ڕیکخست، نەك لە پارتییەکدا. گوتشاڵك بە پێچەوانەی شێوازەکانی ئەو ساتەی مارکس، بنەمایەك کە لەنێو مانیفێست هەبوو، بەکاریبرد، واتە لە "هیچ کاتێکدا" نابێت بەرانبەر "سەرهەڵدانی هوشیاری کرێکاران بە شێوازێکی ڕۆشن و لواو دژی ناکۆکی پرۆلیتاریا و بۆرجوازی" کەمتەرخەمی بکرێت و نابێت "تێڕوانین و بەرنامەکان بشاردرێنەوە."

سێ سەد کرێکار و پیشەوەر لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کرێکاریی، کە ڕۆژی ١٣ی ئەپریلی ١٨٤٨ بەرپاکرا، بەشداریانکرد. ڕۆژی ٢٤ی هەمان مانگ هەژماری بەشداربووان گەیشتە سێ (٣) هەزار کەس و کۆتایی مانگی جونی هەمان ساڵ هەژماری بەشداربووان گەیشتە هەشت هەزار کەس.[١٧] پاشان چەندین و چەند ئەنجومەنی دیکەی کرێکاریی وەك

ئەوە بە هەبوونی سەدان هەزار ئەندام پێکهاتن. ئەو ئەنجومەنانە دواتر هەوڵیاندا بۆ یەکگرتنەوەی خۆیان لە ئاستی سەرتاسەری. سەلمێندراوە کە جێگەی خاڵی دەزگەیەك بۆ یەکپارچەکردنی داهێنانەکانی ئەنجومەنە کرێکارییەکان بە توندی هەستدەکرا.

کلۆدن دەنووسێت، مانگی ئەپریل تا مای "نامەکانی ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندیی یەکێتی کۆمونیستەکان لەبارەی گەشەی بەرچاوی بزووتنەوەی لاوی کرێکاران و لەبارەی لاوازیی و نائامادەیی یەکێتی کۆمونیستەکان، دەگێڕنەوە."
بە پێچەوانەی ئەوە کە ئەنگلس دەیگوت، ئەوە پڕۆلیتاریا نەبوو، کە لەبارەی "ئەنجامدانی ئەرکە مێژووییەکانی خۆی" هوشیارنەبوو، بەڵکو ئەوە ڕابەریی یەکێتی کۆمونیستەکان بەتایبەت مارکس و ئەنگلس بوون، کە لە پڕۆلیتاریا دوور بوون.[١٨] ستێفان بۆرن Stephan Born بۆ مارکس دەنووسێت، ئەو خۆی لە سەرووی "جۆرێك لە کۆبوونەوەی کرێکاریی" دەبینێت، کە "نوێنەرانی چەندین کارخانە و کار و پیشەن"، شتێك کە سەرسوڕهێنەرانە وەك سۆڤیەتە کرێکارییەکانن. پاشان ئەو لەبارەی بێسەرەوبەرەیی یەکێتی کۆمونیستەکان لە مارکس گلەییدەکات و دەنووسێت، کە لاوازی یەکێتی کۆمونیستەکان لە بارێکدایە، کە ئاوا بەرچاوناکەوێت چالاکانی بنکەیی/خوارەوەی پرشوبڵاوبن. مارکس ئەو پرسەی بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی کۆمونیستەکان چارەسەرکرد. بە هەر بارێکدا لەو سەردەمەدا دەکرا لە بزووتنەوەی ڕوو لە گەشەی پڕۆلیتاریا بۆ بەهێزکردنی پێگەکانی و تەنانەت "دەسەڵاتگرتن" کەڵکوەربگیردرێت [هەرچەندە ئەو بزووتنەوەیە بیری لەوە نەدەکردەوە] یا بەلایەنی کەمەوە دەکرا بە پشتبەستن بە بزووتنەوەی پڕۆلیتێری ئەزموونێکی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی سەربەخۆ ئەنجامبدرێت.

سەرانی یەکێتی کۆمونیستەکان هەر وەك ڤیلیش و ماکسیمیلیان یۆزێف مۆڵ Maximilien Joseph Moll و کارڵ شاپەر Karl Schapper بەڕاستی باوەڕیان ئەوە بوو، شۆڕشێکی پڕۆلیتێریی لە بەرنامەدا هەیە، بەڵام مارکس و ئەنگلس بەپێچەوانەی ئەوانەوە بیریاندەکردەوە. ئەگەر لێکدانەوەی باری ئەو کات بەو تێڕوانینانە بەرتەسکبکەینەوە، دەردەکەوێت کە دەستەی یەکەم هەڵە بوون و بۆچوونی دەستەی دووەم دروست بووە. مارکس بڕوای ئاوا بوو، کە شۆڕشی ١٨٤٨ ئاڵمانیا کۆپی شۆڕشی ١٧٨٩ فەرەنسەیە و بەدیهاتنی یەکێتی نەتەوەیی/نیشتمانی ئاڵمانیا بۆ ڕزگاربوون لە فەرمانداریی بێچەندوچوون لە بەرنامەدایە. کاتێك کە دێسەمبەری ١٨٤٨ پارلەمانەکانی بەرلین و فرانکفۆرت لەنێوچوون و شۆڕش بەرەو نیشتنەوە چوو، تێڕوانینی مارکس بۆ پێگەی چینی کرێکار چوو و گوتی کە "بۆ

خزمەتکردن" سەرۆکایەتی ئەنجومەنە کرێکارییەکان دەگرێتە ئەستۆ. مارکس چەند هەفتە پێش هەڵهاتن بەرەو فەرەنسە، دووبارە بە یەکێتی کۆمونیستەکان پەیوەستبووەوە، ڕێکخراوێك کە ئەو هەرچی لە توانایدا هەبوو، کردی تا لە سەردەمی شۆڕشدا کارایی نەبێت.

**دەرکردنی مارکس لە یەکەمین پارتیی کۆمونیستیی مێژوو**

کۆمونیستەکانی ئاڵمانیا لە مارکس و ئەنگس داخوازبوون، کە شتەکان بگێڕنەوە. دەقێکی سەرسوڕهێنەر بە تایتڵی نامەی کۆمیتەی نێوەندیی بۆ یەکێتی کۆمونیستەکان کە ساڵی ١٨٥٠ بڵاوبووەوە، ئەو داخوازییەی سەرەوەی تێدا هاتووە. شێوازی پاساوهێنانەوەی مارکس و ناڕاستگۆیی هەندێك لە لێکدەرەوانی مارکسیست بووە هۆی ئەوەی کە دەق ناوبراو خراپ شرۆڤەبکرێت.

کاتێك کە بەخێرایی دەقەکە بخوێندرێتەوە، ئاوا دەبیندرێت کە مارکس ڕامیاریی دێمۆکراتە بۆرجواکانی لە شۆڕشدا بە بۆچوونێکی تا ڕایەك "چەپڕەوانە" بە توندی ڕەخنەدەگرێت. ئەو لەم دەقەدا لە ماوەی شۆڕشدا هێرشدەکاتە سەر "ئەو وردەبۆرجوازانەی کە ڕابەریی ئەنجومەنە دێمۆکراتییەکانیان دەکرد" و "سەرنووسەرانی ڕۆژنامە دێمۆکراتییەکان" و زەحمەتکێشان بانگەوازدەکات تاکو لە بوون بە "بەکرێگیراوانی بۆرجوا دێمۆکراتەکان" دووربکەونەوە. پاش ئەوە ئەو لەسەر پێداویستیی "ڕێکخستنی سەربەخۆی پارتیی پرۆلیتاریا" پێداگرییدەکات.

بەڵام مارکس لە کەتواردا بەبێ ئەوەی بچێتە شان بخاتە ژێر هەڵە کەسەییەکانی خۆی، ڕەخنە لە خۆی و هەنگاوەکانی لە ماوەی شۆڕش دەگرێت. ئەو خۆی و ئەنگلس لەو دەقەدا لە پشت ڕاناوی سێیەم کەس دەشارێتەوە. ئەو ناڵێت "من یا "ئێمە" بەڵام دەڵێت "وردەبۆرجوازەکان" و "بۆرجوا دێمۆکراتەکان" و هیدیکە .

چ کەسێک بوو، کە بوو بە ئەندامی "ئەنجومەنی دێمۆکراتی"، کە ڕێکخراوی بۆرجوا لیبراڵەکان بوو؟ چ کەسێك ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ بە ئاراستەی لیبراڵ ڕێبەریدەکرد؟ چ کەسێك کرێکارانی بۆ پشتیوانی لە بۆرجوا لیبراڵەکان بانگەوازکرد؟ وەڵام ئەوەیە : کارڵ مارکس.

ناتوانرێت کارایی ئەو دەقە دەرکبکرێت، ئەگەر کلیلێك بەدەستەوە نەبێت. هەر بەو جۆرەی کە چالاکانی کۆمونیست خوێندیانەوە و تێنەگەییشتن کە بەڕاستی پرسەکە چییە.
لە هەمان دەقدا ڕەخنەیەك لەوانەش دەگیردرێت، کە "ئاوای بۆ دەچوون سەردەمی ڕێکخستنی نهێنی بەسەرچووە و تەنیا چالاکی ئاشکرا دەتوانێت بەسبێت." بەواتایەکی دیکە

لەم بەشەی دەقەکەدا ڕەخنە لە هەڵویستی مارکس دەگیردرێت، کە لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی کۆمونیستەکان پشتیوانیکردبوو.

لەسەر ئەو بنەمایەیە کاتێك کە دەقەکە لە نۆژەندکردنەوەی "سەربەخۆیی کرێکاران" داکۆکیدەکات، هەڵوێستی پێشووتری ئەنگلس خەنێنەر بەرچاودەکەوێت، کاتێك کە ئەو خوازیاری بڵاوەکردنەوەی بەرنامەی یەکێتی کۆمونیستەکان بووبوو، واتە مانیفێست، لەبەرئەوەی زۆر ڕادیکاڵی دەزانی، کە بە کەڵکی هەل و مەرجەکە نەدەهات.

ئاوایە، کە لە خۆ ڕەخنەگرتن لە دەقی ناوبراودا بە لەبەرچاوگرتنی شێوازێك کە بۆ نووسینی بەکاربراوە، لە نارۆشنیدا دەمێنێتەوە. ئەو شێوازە تەواو نادروستە، لەبەرئەوەی ئاوا لە خوێنەی کەمتر هوشیار دەگەیێنێت، کە مارکس شۆڕشگێڕیکی بێوێنە بووە و لە بەرتەرییە دراوەکان بە بۆرجواکان ڕەخنەدەگرێت، بەبێ ئەوەی کە لەبارەی ڕۆلی خۆی لەوەدا قسەبکات.

ئەو بەشە لە ژیانی مارکس بۆ توێژینەوەی ئایدیۆلۆجیانەی لەلایەن کۆمونیستە دۆگماتیستەکان لە داهاتوودا زۆر سەرنجراکێش دەبێت. چونکە ناتوانن ئەوە پەسەندبکەن، کە مارکس لە سەروبەری شۆڕشدا یەکەمین پارتی کۆمونیستی مێژوو هەڵدەوەشێنێتەوە. بە هەر بارێکدا هەرگیز پرسەکان ئاوا پووچ نەخراونەتەڕوو،کە مێژوونووسانی یەکێتی سۆڤیەتی کۆمارە سۆشیالیستییەکان پاگەندەیانکرد، مارکس تەنیا کۆمیتەی نێوەندیی هەڵوەشاندووە، نەك یەکێتی کۆمونیستەکان. کاندڵ یەکێك لەو مێژوونووسانەیە، کە فریودەرانە دەنووسێت "یەکێتی کۆمونیستەکان لە شێوەی ئەنجومەنە کرێکارییەکان ئاشکرا چالاکییەکانی خۆی درێژەپێدا. ئەو یەکێتییە بە ئاراستەی ئایدیۆلۆجی-ڕامیاریی خۆی زیندووهێشتەوە."[١٩] بالیبار فریوکارییەکە فراوانتردەکات و دەنووسێت مارکس باوکی ئەنجومەنی کرێکاریی کۆڵن بوو!

کاتێك کە شۆڕش تێکشکا، لە ئاڵمانیا سەرکوت دەستیپێکرد. یەکێتی کۆمونیستەکان لە لەندەن بە دەستپێشکەریی کەسانی وەک مارکس و ئەنگلس دروستکرایەوە، بەڵام ناکۆکییەکانی نێوی بوونە هۆی پرشوبڵاویی نێو ڕیزەکانی. ئاراستەیەك بە سەرۆکایەتی مارکس بە شرۆڤەکردنی هەل و مەرجە ئابوورییەکان بڕوای ئاوا بوو، کە دەستبەجێ شۆڕشێکی دیکە بەدیناکرێت. ئاراستەی دژ ئەو شرۆڤەیەی پەسەندنەبوو و بە ڕەتکردنەوەی شۆڕشی دەزانی. مێژوونووسانی فەرمیی مارکسیزم ئەو خاڵە ناڵێن، ئەندامانی سەرەکیی یەکێتی کۆمونیستەکان لە لەندەن، کە مارکس و ئەنگلس بەخۆشیان ئەندامی ئەو بوون، ئەوانیان دەرکردن.

کاتێك مارکسیستەکان ئەوە پەسەنددەکەن، لە بارەی دەرکردنی مارکس و ئەنگلس لەنێو یەکێتی کۆمونیستەکان بدوێن، بە بڕیاری ئاراستەیەکی "چەپڕەوانە" ناویدەبەن، کە ئاوای دەبینی دەتوانرێت لە هەر ساتێکدا شۆڕش بەرپێخرێت. هەرچەندە ئەو لێکدانەوەیە نادروست نییە، بەڵام هۆکارەکانی دەرکردنی مارکس و ئەنگلس واوەتر لەوە بوون، کە زۆر سەرنجراکێشن. ئەو بەڵگانەی کە بۆ دەرکردنی مارکس و ئەنگلس خرانەڕوو، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە هەڵوێستی ئەوان لە سەردەمی شۆڕش هەیە:

یەکەم - "یەکێتی کۆمونیستەکان دەبێت ڕێکخراوێکی بەهێز بێت، کە خۆی بە نەیاری نێو چوارچێوەی بڵاوکراوەکان" ڕازینەکات. لێرەدا بە چالاکی مارکس و ئەنگلس لە ڕۆژنامەی لیبراڵی ڕاینی نوێ ئاماژەدەدرێت.

دووەم - "مارکس و ئەنگلس دەستەیەکیان لە نیوە ئەدیبان هەڵبژاردووە، کە بوونەتە لایەنگری ئەوان، تاکو شەیداییان بۆ دەسەڵاتی ڕامیاریی داهاتوویان دابڕێژن."

سێیەم - "ئەم شازادە ئەدیبانە ناتوانن بۆ یەکێتی کۆمونیستەکان بەکەڵکبن و ڕێکخراوبوونی ئەو ئەستەمدەکەن"، مارکس و ئەنگلس لە یەکێتی کۆمونیستەکان بۆ ئامانجە کەسییەکانی خۆیان کەڵکوەردەگرن و کاتێك کە پێویستبکات پشتگوێیدەخەن. لێرەدا بە بڕیاری یەکلایەنەی مارکس و ئەنگلس ئاماژەدەدرێت، کە بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتیان لەنێو کۆمیتەی نێوەندی، یەکێتی کۆمونیستەکانیان هەڵوەشاندەوە، تاکو پێگەی ئەندامەتییان بە بەشداریکردن لە دەستەی سەرنووسەریی ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ تەختبکەن.[٢٠]

کێشمەکێشەکانی یەکێتی کۆمونیستەکان جارێکی دیکە بیست ساڵ دواتر لەنێو ئەنجومەنی نێونەتەوەیی زەحمەتکێشان دووبارەبووەوە [کە مارکیسیستەکان بە نێونەتەوەیی یەکەم ناویدەبەن- ڕۆشنکردنەوەی وەرگێڕ]. بەڵام لەنێو ئەنجومەنی نێونەتەوەیی زەحمەتکێشان ئەوە مارکس نەبوو، کە دەرکرا، بەڵکو ئەو بوو کە تەواوی بزووتنەوەی کرێکاریی جیهانی دەرکرد.

مارکس ڕایگەیاند، کە پرۆلیتاریا لەنێو شۆڕشی ئاڵمانیا نەیدەتوانی دەسەڵات وەربگرێت و ئەگەر ئاوای بکردایە، ناچاردەبوو بەرنامەیەك پیادەبکات، کە بەرنامەی خۆی نەبوو. دەبوو بۆلشەڤیکەکان سەرنجی ئەو گوتەیەی مارکس بدەن، بەڵام بەو جۆرە نەکرا. تێڕوانینی مارکس تەواو دروست بوو و بە تێڕوانینی بێچەندوچوون دەگات، کە چینی کرێکار لە بارێکدا نەبوو، کە ساڵی ١٨٤٨ دەسەڵات وەربگرێت. بەڵام لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە. پرسیار لە ئەوەیە، بزووتنەوەی کرێکاریی ئاڵمانیا، کە بە گوتەی ئەنگلس "جەماوەری" بزوا و "کۆمەڵێك

هاوپەیمانی پێکهێنان"، بۆچی نەیتوانی دەست بە ئەزموونکردنی هەنگاوی سەربەخۆ بکات، تاکو بتوانێت داخوازییە دیاریکراوەکانی خۆی بخاتەڕوو و ئەو پێکهاتە ڕێکخراوەییانەی کە هەیبوون، بەهێزبکات؟ دواتر ڕۆزا لوکزەمبورگ دەڵێت، باشترە چینی کرێکار بەخۆی لە هەڵەکانی خۆی ئەزموون وەربگرێت.

هیچ چارەیەکی دیکە نییە، بێجگە لە پەسەندکردنی ئەوەی، کە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ لەلایەن ڕابەرانییەوە لە سەرەتای شۆڕشدا، لێدانێك بوو لە بزووتنەوەی سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەری کرێکاریی ...

----------------------


سەرچاوەکان:

١. نامە و وەڵام، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٥٤٣

٢. نامە و وەڵام، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٥٤٠ و ٥٤٣

٣. ڕۆژنامەی Deutsche – Brüsseler – Zeitung ژمارە ٢٨ و ٣١ی ئۆکتۆبەر و ژمارە ١١، ١٨ ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٨٤٧

٤. بەپێچەوانەوەی میخائیل باکونین، کە بەڕۆشنی "ماتریالیزمی زانستی" دەکاتە سەرچاوە.

٥. مێژوونووسانی ئەو سەردەمە لەوانە Guizot، Augustin Thierry، Mignet و هیدیکە.

٦. سەرنجی "١٨٤٨ یا شۆڕشی ١٧٨٩ تێکشکاوی وردەبۆرجوازی ئاڵمانی" نووسینی (ڕێنە بێرتیە) بدە، لە پەرتووکی ئەنارکیستەکان و شۆڕشی فەرەنسە، چاپکراوی le monde libertaire، ساڵی ١٩٩٠

٧. هەمان سەرچاوە

٨. مارکس، ئەنگلس و شۆڕشی ١٨٤٨، نووسینی فێرناندۆ کلۆدن Fernando Claudín، چاپی ماسپرۆ، لاپەڕەی ١٣٣

٩. هەمان سەرچاوە

١٠. هەمان سەرچاوە

١١. باکونین ، دەوڵەت و ئەنارکی، بەرگی چوارەم، لاپەڕەی ٣٢٢

١٢. ئەنگلس، چەند وشەیەك لەبارەی کورتە مێژووی یەکێتی کۆمونیستەکان، ساڵی ١٨٨٥، کۆمەڵەی نووسینەکان، بەرگی سێیەم، لاپەڕەکانی ١٩١ و ١٩٢

١٣. ئەنگلس ، مارکس و ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ Neue Rheinische Zeitung، کۆمەڵەی نووسینەکان، بەرگی سێیەم، لاپەڕەکانی ١٧١ و ١٧٢

١٤. ئەنگلس، پێشەکی بۆ چاپی ئیتالی مانیفێست، بڵاوکراوە لە کارڵ مارکس، نووسینەکان، چاپی Pléiade، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ١٤٩١

١٥. دەوڵەتگەرایی و ئەنارکی، بەرگی چوارەم، لاپەڕە ٣٢٠

١٦. لەتەك ئەنجومەنی دیمۆکراسی، کە مارکس لەتەکیدا پەیوەست بوو، بە هەڵە وەرنەگیردرێت.

١٧. سەرنجی هەمان سەرچاوەی پێشووتری فێرناندۆ کلۆدن، لاپەڕەی ١٣٢ بدە

١٨. ترۆتسکی لەبارەی ڕابەرانی کۆمونیست لەنێو شۆڕشی ڕوسیە بەڕادەیەك هەمان شتی گوت.

١٩. سەرنجی سەرچاوەکەی کلۆدن بدە

٢٠. سەرنجی لاپەڕە ٣١٣ سەرچاوەکەی کلۆدن بدە


ئەم نووسینە بەشێکە لە پەرتووکێك بەناوی "باکونین'ی ڕامیار: شۆڕش و دژەشۆڕش لە ئەورووپای نێوەندیی"، کە ساڵی ١٩٩١ ڕێنە بێرتیە René Berthier بڵاویکردووەتەوە.

تێبینی : لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا کورتەیەك لەبارەی ژیانی نووسەر (ڕێنە بێرتیە) و نووسینەکانی ئەو نووسراوە، من بۆ ئەم وەرگێڕانە کوردییە بە پێویستم نەزانی.

# سۆشیالیزم، ئەنارکیزم و فێمینیزم

کارۆڵ ئێرلیك Carol Ehrlich

(١)

*گریمان تۆ ژنێکی لە کۆمەڵێکی سەرمایەداریدا، لە گشت لایێکەوە سەرقاڵیت: کار و لیستی کڕین و دانەوەی قەرز، هاوسەر (یا هاوسەری پێشین)، وانە و خوێندگەی منداڵان، کاری نێوماڵ، جوانبوون، ناشیرینی، سەرنجراکێشبوون، پشتگوێخراو (جۆرێك لە پشتگوێخستن) و ... ئەگەر لەجیاتی گشت ئەوانە و ئەوەی چۆن لەتەك یەك پێکهاتوون و گونجاون و ئەوەی دەبێت چ شتێك بگۆڕدرێت، بیرتکردووەتەوە و بۆ دەربڕینی بابەتە سەرەکییەکە بەدوای واژەگەلێکدا دەگەڕێی، ئەگەری ئەوە هەیە "فێمینیزمی سۆشیالیستی" بخەیتەڕوو.*[١]

هەموو نیشانەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە "ڕابوون"ی زۆرێك لە ژنان لە بەرانبەر گرفتی هەڵاواردنی ڕەگەزیی، فێمینیزمی سۆشیالیستی وەك ڕێگەچارەیەك لەبەرچاودەگرن. ئێستا ئیدی "سۆشیالیزم" (لە نموونە سەرنجراکێشە جۆراوجۆرەکانیدا) بۆ زۆرێك لە خەڵك ناسراوە، چونکە قسەی فرەی بۆ کردن هەیە: ئاوڕدانەوە لە کرێکاران، خەروارێك لە تیئۆرییە شۆڕشگێڕەکان، کە خەڵکی دەتوانن بە ئەوان پشتببەستن (چ خوێندبنیانەوە یا نەیانخوێندبنەوە) و ئاوا نموونەگەلێکی بەردەست لە وڵاتانی پیشەسازییکراو زۆرن، کە بەشێوەیەکی جیاواز لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بنیاتنراون.

سۆشیالیزم لەو ڕووەوە کە بەڵێنی کۆتایهێنان بە نایەکسانی ئابووریی بە ژنانی کرێکار دەدات، بۆ زۆرێك لە فێمینیستەکان سەرنجراکێشە. لەتەك ئەوەشدا سۆشیالیزم لە هەمانکاتدا لە بەرانبەر کاڵبوونەوەی تێڕوانینە ڕادیکاڵەکانی خۆی هەڵوێستوەردەگرێت، بەو بەشە لە ژنان کە ئاوای دەبینن لێکدانەوەیەکی تەواو فێمینستی ناتوانێت گشت نایەکسانییەکان بگرێتەوە، بەڵێنی تێڕوانینێکی کراوەتەر دەدات.

بەگوێرەی ئەو بەڵگانە، ژنان بیر لەوە دەکەنەوە، کە ئایا "فێمینیزمی سۆشیالیستی" وەك تێڕوانینێکی ڕامیاریی بەکەڵك دێت یا نا. لەوە دەچێت فێمینیستە سۆشیالیستەکان هەم ئاوەزگیر و هەم ڕادیکاڵبن؛ لایەنی کەم ئەوەندەی بزانرێت زۆربەیان لە بەرانبەر داوی سازان و خۆپەرستیی، کە ژمارەیەکی بەرچاوی ژنان تێیدەکەون، هەستێکی نەرێیی بەهێزیان هەیە.

بۆ زۆرێك لە ئێمە کە کەمتر خەیاڵیین، وێناکردنی خێڵەکانی ئامازۆن، بە سوپایەك لە ژنانی بەهێزی خێڵ، کە بەرەو ئاوابوونی خۆر بجەنگن، لەوانەیە ناکەتواریی و بێکەڵبێت. بابەتێکی

پەیگیرانەتر، گریمانەی هۆشیی زاڵ بەرانبەر بە یەزدانە گەورەکان و نیشانەکانی دیکەی هاوجۆرپەرستی و جادوو و بانگکردنی گیانە. من وەك فێمینیستێك کە خەمی گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵم هەیە، ئەم بابەتە بەبێ زیان نابینم.

بابەتی یەکەم: ئاپریلی ١٩٧٦ زیاتر لە چوار سەد (٤٠٠) ژن چوونە بۆستن، تاکو لە کۆنفرانسی گیانیی ژنان women's spirituality conference کە بەشێکی زۆری بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی باسکران تەرخانکرابوو، بەشداریانکرد. ئایا نەدەکرا وزەی سرودەکان، کە جێگەی دوایین ئاوازەکانی سەرکەوتنیان دەگرتەوە و خولەکانی فێربوونی سەمای زگ و بەرپاکردنی بۆنەی ئایینی مانگانە، لە کارێکی باشتر و ژنانەتردا خەرجبکرایە؟
بابەتی دووەم: لایەنی کەم بەگوێرەی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەیەکی فێمینیستی، دەستەیەك لە ژنانی سێکسفرۆش هەوڵیاندا، کە سوزان ساکس Susan Saxe لە زیندان دەرکەن. ئەگەر ئەوان ڕاستگۆیانە ئاوایان دەبینی، کە ئاوا کارێك ئەو ئازاددەکات، کەواتە بەگشتی لە کەتواردا لە فشارەکانی کۆمەڵی پیاوسالارەوە دووربوون. هەروەها ئەگەر بڕیاربوبێت، کە ئەوە گاڵتەیەکی دڵخۆشکەر بێت، ئەی بۆچی هیچ کەس بەوە پێناکەنێت؟

مەترسییەك کە لەلایەن ڕیفۆرمیزمەوە هەڕەشە لە هۆگریی ژنان دەکات، لە یارییەکانی بانگکردنی گیان فرە گەورەترە. من دەزانم کە "ڕیفۆرمیست" دەربڕینێکە دەتوانرێت لە زۆر ڕێگەوە بەکارببرێت، کە هیچ کامیان نە بەڕێزن و نە ئەوەندەش بەکەڵك. بەگشتی بۆ دەربڕینی نیازپاکیی تاك، یا بۆ دەربڕینی ئەوەی هەر جۆرە چالاکییەکی ڕامیاریی وەك یەك و بێنرخە، لەبەرئەوەی کە کاری ڕامیاریی لە خۆیدا شیاوی ئاڵوگۆڕە. لە وەڵامدا هەندێك لە فێمینیستەکان بەشێوەیەکی باوەڕپێهێنەرانە دەریانخستووە، کە جۆرە دروستەکانی ڕیفۆرم دەتوانن بزاڤێکی ڕادیکاڵ بنیات بنێن.[٢]

بەو جۆرە هەندێك لە هەڵوێستگیرییەکانی ڕیفۆرمیستەکان وزەی ژنان بەفیڕۆدەدەن، چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی گەورە دروستدەکەن و لەوێوە کە ناتوانن، فریودەرانە و تێکدەرانەیە. باشترین (یا خراپترین) نموونە، هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانە. هەندێك لە سۆشیالیستەکان لەژێر کارایی نیشانەکانی "پێشکەوتنی هەنگاو بە هەنگاو" دەکەونە ئەو داوەوە. تۆ ناتوانیت بە ئامرازی نائازادیخوازانە خۆت ئازادبکەیت. هەڵبژاردنی گروپێك لە ڕامیارکاران (چەندی خوشکانەش بێت) بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە کۆنە بێکەڵکەکان، کە دواجار ئێوە بەڕێوەدەبەن، هیچ شتێك بەرەوپێش نابات. کاتێك کە ڕێکخراوی سەرتاسەریی/ نیشتمانیی کۆبوونەوەی زۆرینەی ژنان National Organization of Women's Majority Caucus باڵی گەورەی ئەو

ڕێکخراوە بە هەمان ئەو ئامرازانەی ڕامیارییەکانی هەڵبژاردن دەیگرنەبەر، داوا لە ژنان دەکات، کە پەیڕەوی لە ئەوان (لە دەرچوون لە ڕەوتی بنەڕەتی شۆڕش) بکەن، هەمووان لە قوڵاییدا، چ ئەوەی کە پێشتر هەبووە و چ ئەوەیش کە هەنووکە هەیە، ڕۆدەچن.

شێوەکانی هەڵبژرادن کۆمەڵە داوێکی ئاشکرای ڕۆژانەن. تەنانەت هەندێك لە ناڕادیکاڵەکان فێربوون دوورەپەرێزیی لە ئەوان بکەن. شتێکی زیرەکانەی دیکە، دەرکەوتنی سەرمایەدارییە لە لێژنەکانی تواناى ئابووریی ژناندا. بۆ نموونە تۆڕی ئابووریی فێمینیستی Feminist Economic Network لەبەرچاو بگرن. ئەو ناوە بەئاسانی دەتوانێت ئێوە فریوبدات. لە ڕواڵەتدا تۆڕێك بوو لە چالاکییە بازرگانییە جێگرەوەکان بەمەبەستی لابردنی سەرمایەداریی بەهۆی پێکەوەنانی ئابووری خۆبەسیی بۆ ژنان. ئەوە باوەڕێکی فریودەرانەیە، لەتەك ئەوەشدا ئەپریلی ١٩٧٦ یەکەمین پرۆژەی گەورە FEN لە دیترۆیت کرایەوە، ساڵانە بەدانی سەد دۆلار وەك ئابوونەی ئەندامەتی، ژنانی ئەندام دەیانتوانی لە مەلەوانگەی تایبەتی مەلەبکەن و لە باری تایبەتیدا خواردنەوە بخۆنەوە و لە لە کۆمەڵێك لە کۆگاکاندا بە داشکاندنی نرخەوە شمەك بکڕن. FEN بۆ فەرمانبەرانی خۆی بۆ هەر کاژێرێك کار دوو دۆلار و نیو دەدا. لاورا براون بەڕێوەبەری FEN ئەم هەنگاوەی بە "سەرەتای شۆڕشی ئابووریی ژنانە" ناوبرد.[٣]

لەو کاتەوە کە لەزگەی "شۆڕش" بەو تەڵەکە کۆنە (جۆرەکانی هەڵبژاردن و سەرمایەداری)یەوە لکێندراوە، واژەی شۆڕش ئاوەژوو بووەتەوە. شیاوی سەرسوڕمان نییە، بۆ زۆرێك لە ژنان کە نایانەوێت سێکسفرۆش و جەنگاوەرانی سەرەتایی و سیناتۆر یا گچکە سەرمایەدار بن، بەڵام دەیانەوێت لە ڕۆنانی کۆمەڵێکی ئاڵوگۆڕکردوودا، کۆتایی بە هەڵاواردنە ڕەگەزییەکان بهێنن، باڵی ئەنارکیستیی فێمینیزم بکەنە سەرچاوەی زوڵاڵی شۆڕش. "فێمینیزمی ئەنارکیستی" دەیتوانی چوارچێوەیەکی تیئۆریی بەفەڕ بخاتەڕوو، بەڵام زۆرێك لە فێمینیستەکان تەنانەت ناویشیان نەبیستووە یا ئەگەریش ناویان بیستبێت بەهەڵە وەك ڕێکخراوی هاوپشتیی پیاوانی نارنجۆکهاوێژ لەبەرچاویانگرتووە.

فێمینیزمی سۆشیالیستی بووەتە خۆراکی کۆمەڵێك لە ڕێکخستنە ڕامیارییەکان، لەلایەکەوە لە گروپە چەپە سونەتییەکانی وەك پارتیی کۆمونیستی شۆڕشگێڕ Revolutionary Communist Party یا هەمان یەکێتی شۆڕشگێڕی پێشوو Revolutionary Union و کۆمەڵەی ئۆکتۆبەر October League و پارتیی نێونەتەوەیی کرێکاران International Party Workers نزیکە و هەندێك جار لەتەك ئەوان ئامێتەبووە، کە ژنانێکی فرە کەمیان تێدایە. لەلایەکی دیکەوە، ژنانێکی زۆر بەرەو ڕێکخستنە هەڵبژاردنییە چەوتوچەوێڵەکان، کە لەلایەن

گروپە چەپە نوێیە تازەسەرهەڵداوەکانی وەك بزووتنەوەی نوێی ئەمەریکایی New American Movement یا لە ڕێگەی یەکێتییە سەربەخۆکانی ژنانەوە ڕاکێشدەکرێن.

فێمینیستە سۆشیالیستە نوێیەکان خەریکی بڵاوکردنەوەی بانگەوازێکی پەیگیر و شیاون بۆ پەیوەستبوونی ژنانی بێلایەن بە ڕیزەکانی خۆیانەوە. لە بەرانبەردا گروپە چەپە کۆنە پەڕگیرەکان بیرۆکەی پێکەوەکارکردنی ژنانی هاوڕەگەزباز و جیاخوازەکان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دیکە و فێمینستە ناوازەکان لەتەك میراتبەرە ڕەسەنەکانی مارکس و ترۆتسکی (هەرچەندە ترۆتسکیستەکان شیاوی لەبەرچاوگرتن نین)، بەشێوەیەکی گشتی ستالین و مائۆ ڕەتدەکەنەوە. زۆربەیان بیرۆکەی پەرژانە سەر گشت پرسەکانی ژنان لەلایەن بزاڤی ژنانی سەربەخۆوە، ڕەتدەکەنەوە. بەتێڕوانینی ئەوان ئەو بزاڤە تایبەتە بە ژنانی بۆرجواز (دزێوترین واژەی مارکیستەکان)، کە سەرگەرمی "کاری خۆیان"ن و ئەوە "چینی کرێکار دابەشدەکات". چونکە بەگوێرەی بنەمای تێڕوانینی باوی ئەوان، لەنێو چینی کرێکاردا ئاوەز لاوازترین کەسان هەن. هەندێکیان هەستێکی هێستریانەیان بەرانبەر ژنانی هاوڕەگەزباز (Lesbian) هەیە: دیارترینیان (کۆمەڵەی ئۆکتۆبەر) و (پارتیی کۆمونیستی شۆڕشگێڕ)ن، کە هەڵبەت تەنیا ئەوانە نەبوون. لەو ڕامیارییەشدا وەك زۆرێکی دیکە، هێڵی دژە ژنانی هاڕەگەزبازیی وڵاتانی کۆمونیستی دەگێردرێتەبەر. بۆ نموونە پارتیی کۆمونیستی شۆڕشگێڕ (R.C.P) لە ساڵەکانی سەرەتای دەهەی ١٩٧٠ لە بەیاننامەیەکدا (کە بۆ ڕۆژانی پێش پێکهاتنی پارتیی دەگەڕێتەوە ،کاتێك کە هێشتا یەکێتی شۆڕشگێڕی جاران بوو) بۆچوونەکانی خۆی بڵاوکردەوە و لەوێدا ڕایگەیاند، کە هاوڕەگەزبازان "لە قوڵایی زەلکاوی بۆگەن و نزمیی بۆرجوازیدا ڕۆچوون" و ئازادی هاوڕەگەزبازان "دژی چینی کرێکار و دژی شۆڕشە". هیچ کام لە گروپە چەپە کۆنەکان لەتەك ئەو پرسەدا، کە ژنان لە دەرەوەی چوارچێوەی پرۆلیتاریاش لەژێر فشاردان، بەئاسانی بۆیان قوتنادرێت. هەڵبەتە ئەوەی "چینی کرێکار پێشڕەوە" بۆخۆی چەمکێکی سەرنجڕاکێشە: لە کێشمەکێشە هەنووکەییەکانی نێوان چەپەکاندا ئەو چەمکە لە کرێکارانی بەرهەمهێنەرەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە هەر کەسێك کە هێزی کاری لە بەرانبەر کرێیەکدا دەفرۆشێت یا هەر کەسێك کە گوزەرانی بە کەسانی دیکەوە بەسترابێتەوە. ئەوە نزیکەی هەموومان دەگرێتەوە. (دەی باشە، ئەگەر لە سەدا نەوەدی دانیشتووانی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشڕەون، بۆچی تائێستاکە شۆڕش ڕووینەداوە؟)

فێمینیستە سۆشیالیستەکان نوێیەکان هەوڵدەدەن، تاکو لە هەموو ڕێگەیەکی داهێنەرانەوە هەستەیەکی نێوەندیی لە بیرکردنەوەی مارکسیست- لێنینیست پێکبهێنن و لەم ڕۆژگارەدا

بپارێزن و بە فێمینیزمی ڕادیکاڵی خۆیانەوە موتوربەی بکەن. هەندێك جار سەرەنجامی نائاسایی لەتەك خۆیدا دەهێنێت. جولای ١٩٧٥ ژنانی بزووتنەوەی نوێی ئەمەریکایی و ژمارەیەك لە گروپە سەربەخۆکان، لەجیاتی فێمینیزمی سۆشیالیستی یەکەمین کۆنفرانسی نیشتمانی/سەرتاسەرییان خۆیان بەرپاکرد. بەتایبەت ئەوەی کە بەشێوەیەکی فراوان لەبارەیەوە پاگەندە نەکرابوو، بەڵام هەمووان لە دیتنی زۆری کۆمەڵی ژنان (زیاتر لە شەس سەد کەس و ژمارەیەکی فرەتریش گەرابوونەوە) کە دەیانەویست پشووی کۆتایی هەفتەی ٤ی جولای لە (ئۆهایۆ- یەلۆ سپرینگ) بەسەربەرن، تووشی سەرسوڕمان بووبوون.

بەخوێندنەوەی دەقی گۆتارەکانی کۆنفرانس و هەروەها بۆچوونە جۆراوجۆرەکان کە لەلایەن ژنانی ئامادە و نووسرابوون[٤]، ڕۆشننییە کە وێناکردنی ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە لە خستنەرووی ناونیشانەکە "فێمینیزمی سۆشیالیستی" چی بووە. بنچینەکانی یەکپارچەیی کە پێش کۆنفرانسەکە ئامادە و ڕێکخرابوون، دوو شتیان لەخۆدەگرت، کە هەردەم لەتەك فێمینیزمی ڕادیکاڵ دەهاتنەوە و لە ڕاستیدا نیشاندەری بیروبۆچوونی تەواو ناکۆك بە تێڕوانینی سۆشیالیستیین. بنچینەی یەکەم دەڵێت : "ئێمە پێداویستی بوونی بزووتنەوە سەربەخۆکان دەرکدەکەین و لەنێو بزاڤی شۆڕشگێڕانەدا پشتیوانی لە ئەوان دەکەین". بنچینەی دووەم دەڵێت "ئێمە دان بە ئەوەدا دەنێین، کە جۆرەکانی فشار و ستەم چ نەژادیی و چینایەتیی و ڕەگەزیی یا هاوڕەگەزبازی [ژنانی هۆمۆ/ و.ك] لەتەك یەك سەروکاریان هەیە و دەبێت تێکۆشان بۆ ئازادبوون لە ئەو ستەمانە پێکەوە و بە هاریکاری ئەنجامبدرێت". بنچینەی سێیەم، تەنیا پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت "فمینیزمی سۆشیالیستی ستراتیجێکە بۆ شۆڕش" و چوارەمین بنچینە بانگەوازکردنە بۆ دیالۆگکردن "بە نێوەڕۆکی تێکۆشان و یەکێتییەوە".

هەرچەندە ئەوە تێکەڵەیەکی باوەڕنەکەردەنییە لە کۆمەڵێك بنەمای سەرنجڕاکێش- لیستێکە کە بە کردەوە بانگەوازی هەمووان دەکات. بەڵام کاتێك فێمینیستە سۆشیالیستەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەپێناو بزاڤی ژنانی سەربەخۆدا دەبن و کاتێك کە دەڵێن ستەمی چینایەتی یەکێکە لە سەرکوتگەرییەکانی دیکە، نەك گرنگتر لە ئەوانی دیکە، ئیدی (بەو جۆرە کە ڕەخنەگرانی مارکسیست دەڵێن) چیدیکە ئەوە بە سۆشیالیزم دانانرێت.

سەرەڕای ئەوەش، فێمینیستە سۆشیالیستەکان تا کۆتایی ڕێ هاوڕای بەرنامەکانی فێمینیزمی ڕادیکاڵ نین. ئەگەر هاوڕا بووایێن، دەبوو ئەو بنەمایەی دیکەیش پەسەندبکەن کە : پێکهاتە نا-قوچکەییەکان بۆ کردەی (پراکتیکی) فێمینیستی پێویستن. هەڵبەتە گرتنەبەری ئەوە بۆ

هەندێك لە سۆشیالیستەکان زۆر سەختە. بەڵام ئەوە ئەوە دەگەیێنێت، کە فێمینیزمی ڕادیکاڵ لەتەك یەکێك لە جۆرەکانی ئەنارکیزم زۆر نزیکترە تا لەتەك سۆشیالیزم. ئەو جۆرەش، ئەنارکیزمی کۆمەڵگەرا (هەروەها بە ئەنارکیزمی کۆمونگەراش ناسراوە) نەك لەتەك جۆرەکانی دیکەی وەك تاکگەرا یا ئەنارکۆ - کاپیتالیست.

بێجگە لە هەژمارێکی کەم لە فێمینیستەکان، ئەوە بۆ ئەو فێمینیستانەی کە لەتەك بنەما ئەنارکیستییەکان ئاشنان، بابەتێکی تازە نییە. ئەوە شیاوی تێگەیشتنە، کە ئەنارکیزم لەنێوان ڕۆژنامەگەریی بەد و گشتگیردا شێوێنراوە. ئەگەر فێمینیستەکان لەتەك ئەنارکیزم ئاشنا بووایێن، ئاوا پەیگیرانە وەك ئامرازێك بۆ تێکۆشان دژی ستەمی جێندەری نەیاندەڕوانییە سۆشیالیزم. فێمینیستەکان ناچارن بەرانبەر هەر تیئۆرییەکی کۆمەڵایەتی کە بە کۆمەڵێك ڕابەر و پەیڕەوگەرەوە لکێندراوە، خراپ گومانبکەن، ئەوە گرنگ نییە کە ئەو پێکهاتە نێوەندگەراییە تا چ ئەندازەیەك هەوڵدەدات دێمۆکراتانە ڕەفتاربکات. ژنانی هەموو چینەکان، هەموو نەژادەکان و هەموو بارەکانی ژیان، دەمێکە بە خواستی کۆتاییهێنان بە زاڵبوون گەییشتوون، کە چیدیکە ئامادەنین جێگەی ڕابەرانی هەنووکەیی بە دەستەیەکی دیکە بگرنەوە. ئێمە دەزانین کە دەسەڵات لە دەستی کێدایە، کەمۆکەیەکی ناوازە نەبێت، کە لە ئێمە نییە.

زۆرێك لە فێمینیستانی ئەنارکیستی هاوچەرخ ڕۆشناییان خستووەتە سەر پەیوەنییەکانی نێوان ئەنارکیزمی کۆمەڵگەرا و فێمینیزمی ڕادیکاڵ. لەو بارەوە لاین فارۆو Lynne Farrow گوتوویەتی "فێمینیزم ئەوە کردەیی دەکاتەوە، کە ئەنارکیزم بانگەوازی بۆ دەکات". پێگی کۆرنگەر Peggy Kornegger ئاوای دەبینێت، کە " ساڵانێکە فێمینیستەکان چ لە تیئۆری و چ لە کرداردا بەشێوەیەکی نائاگانە ئەنارکیستن". هەروەها ماریا لەیتن Marian Leighton ڕادەگەیێنێت "ئامانجی خۆپاڵاوتن لە فێمینیستی ڕادیکاڵەوە بۆ فێمینیزمی ئەنارکیستی، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی گەورەیە لە بەرەوپێشبردنی هوشیارانەی تیئۆریدا".[٥]

ئێمە خۆسەریی ڕۆدەنێین
ڕەوتی بەرەوپێشی هەردەم دژەباو
بۆ هەموو بوونەوەرێك.
ئێمە بڵاودەکەینەوە
خۆبەخۆیی و داهێنان
ئێمە چێژی یەکسانی فێردەبین

چێژی پەیوەندییەکان
لەنێو خوشکان
بەبێ زاڵبوون
ئێمە گشت شێوەکانی زاڵبوون
هەڵدەوەشێننیەوە.

ئەو سرووده لە ڕۆژنامەی فێمینیستی ڕادیکاڵ "ئەوە من نیم خۆشەویستم"[٦] بڵاوکراوەیەوە، کە سەردێڕی هەموو لاپەڕەکانی "کۆتایی بە پلەوپایە بهێنن" دەخاتەڕوو. هەرچەندە نیشانی ڕۆژنامەیەکی ئەنارکیست (یا ئەنارکۆ-فێمینیست)ی لێ نەدرابوو، بەڵام پەیوەندییەکان دیارن. ئەو ڕۆژنامە بەڵگەیەك بوو لەسەر بزاڤی ئازادیبەخشی ژنان لە ساڵانی سەرەتای بوژانەوەیدا، هەر ئاوا ئەوە هەمان کڕۆکی بەهادارە، کە ئەگەر تێکەڵەی فێمینیستە سۆشیالیستەکان ڕیشە دابکوتێت؛ ئەگەر پەرستنی یەزدان یا نەتەوەی ژنانی هاوڕەگەزباز، ژنان ببەنە سەر ئەو بڕوایەی کە پێشوازی لە شێوە تازەکانی زاڵبوون و ملکەچیی بکەن یا تەنانەت بەخۆیان بەرپای بکەن، لە دەستدەچێت.

# فێمینیزمی ڕادیکاڵ و فێمینیزمی ئەنارکیست (٢)

گشت فێمینیستە ڕادیکاڵەکان و فێمینیستە کۆمەڵگەرا ئەنارکیستەکان سەرقاڵی کۆمەڵێك کاروباری هاوبەشن: لەدەستخۆدابوونی جەستەی خود [سەربەستی هەر تاکێك بەسەر جەستەی خۆیدا]؛ جێگرەوە [ئەڵتەرباتیڤ] بۆ نێوکە-خێزان و پەیوەندی سێکسی ناهاوجۆر [heterosexuality]؛ شێوازە نوێیەکانی پەروەردەکردنی زارۆك، کە بەخێوکەران و خودی زارۆکانیش ڕزگاردەکات؛ خۆچارەنووسیی ئابووری [self-determination]؛ کۆتاییهێنان بە چوارچێوە ڕەگەزییەکان لە بواری پەروەدەکردن و لە ڕاگەیاندن و لە شوێنی کاردا؛ هەڵوەشاندنەوەی یاسا سەرکوتگەرەکان و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتداریی پیاو و دارایی و چاودێری بەسەر ژناندا؛ ڕەخساندنی هەل و ئامرازگەلێك بۆ ژنان بە مەبەستی پەرەدان بە شارەزایی و بەها پۆزەتیڤەکانیان؛ کۆتاییهێنان بە پەیوەندی سۆزیی سەرکوتگەرانە؛ ئەوەش کە بارگەراکان/سیتواتسیۆنییستەکان بە "تازەکاری لە ژیانی ڕۆژانەدا" ناودەبەن.

بەگوێرەی ئەوە، شتگەلێکی فرە هەن، کە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان و فێمینیستە ئەنارکیستەکان لەسەریان کۆکن. بەڵام فێمینیستە ئەنارکیستەکان سەرقاڵی شتێکی زیاتر لەوەن. لەبەرئەوەی کە ئەنارکیستن، ئامانجیان کۆتاییهێنانە بە هەموو پەیوەندییە دەسەڵاتییەکان، بە هەموو پرسێك کە تێیدا کەسەکان دەتوانن ستەم لە یەکدی بکەن. بەپێچەوانەوەی هەندێك لە فێمینیستە ڕادیکاڵەکانەوە کە ئەنارکیست نین، ئەنارکیستەکان باوەڕیان بەوە نییە، کە ئەگەر دەسەڵات لە دەستی ژناندا بێت، بتوانرێت کۆمەڵ بەرەو کۆمەڵێکی ناسەرکوتگەرانە بەرەوپێش ببرێت. هەر ئاوا بەپێچەوانەی زۆرێك لە فێمینیستە سۆشیالیستەکانەوە، باوەڕیان بەوە نییە، کە لە بزاڤە جەماوەرییەکانی ژێر ڕابەریی دەستەبژێردا، شتەکان بەرەو باشە بڕۆن. بەکورتی نە لە "دەوڵەتی کرێکاریی" و نە لە "دایکسالاری"دا کۆتایی بە ستەمکاریی بەسەر هەمووانداا نایێت. کەواتە ئامانج بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە، بەو جۆرەی سۆشیالیستەکان پێداگریی لەسەری دەکەن، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتە.

بەپێچەوانەی باوەڕی باوەوە، گشت ئەنارکیستە کۆمەڵگەراکان، سۆشیالیستن. بەو واتایەی، کە ئەوان دەیانەوێت سامان لە دەستی کەمایەتیدا دەربهێنرێت و لەنێو گشت تاکەکانی کۆمەڵ دابەشبکرێتەوە. هەروەها ئاوای دەبینن، کە کەسەکان لەجیاتی ژیان وەك تاکی لەیەك دابڕاو، پێویستیان بە هاریکاری یەکدی هەیە وەك کۆمەڵ. سەرەڕای ئەوە بۆ ئەنارکیستەکان هەردەم

پرسە سەرەکییەکان بریتین لە دەسەڵات و پلەبەندیی/ پێکهاتەی قووچکەیی کۆمەڵایەتی social hierarchy. هەرگیز دەوڵەت - تەنانەت دەوڵەتی نوێنەرانی کرێکارانیش- بەردەوام شێوەکانی زاڵبوون بەرهەمدەهێنێتەوە، هەندێك لە سایەیدا ئازادنابن. زیندوومانەوە و تیۆرتەسەلیی ئابووریی واتای ئازادی کەسەکان ناگەیێنێت. ئەوان تەنیا کاتێك ئازاددەبن، کە دەسەڵاتیان بەسەر ژیانی خۆیاندا هەبێت. ژنان تەنانەت زۆرتر لە زۆرینەی پیاوان، کەمترین دەسەڵاتیان بەسەر ژیانیانی خۆیاندا هەیە. بەدەستهێنانی ئاوا سەربەخۆییەکی لەو جۆرە و دڵنیایی لەوەی کە هەموو کەسێك لەو سەربەخۆییە بەهرەمەندە، ئامانجی بنەڕەتی فێمینیستە ئەنارکیستەکانە.

دەسەڵات بۆ هیچ کەس نا و بۆ هەمووان: بۆ هەر کەسێك دەسەڵات تەنیا بەسەر ژیانی خۆیدا [چ ژن/ چ پیاو]، نەك زاڵبوون بەسەر کەسانی دیکە.[٧]

کردەییکردنەوەی

ئەوە تیئۆرییە. ئەی لە کردەییکردنەوەیدا چۆنە؟ دیسانەوە، لە ئەوەشدا فێمینیزمی ڕادیکاڵ و فێمینیزمی ئەنارکیست خاڵی هاوبەشی فرەتریان لەتەك یەکدا هەیە، تاوەکو ئەوەی کە لەتەك فێمینیزمی سۆشیالیستدا هەیانە.[٨] هەر دووکیان بۆ چێکردنی ڕێکخراوە جێگرەوەکان [ئەڵتەرناتیڤەکان] هەوڵدەدەن و هەر دووك ڕامیارییە تاکەکەسییەکان فرەتر پەیگیرانە دەگرنەبەر. فێمینیستە سۆشیالیستەکان بە زۆری بە ئەوە دڵخۆشنین، کە ئەو هەوڵانە وەك یەکێك لە پێداویستییەکانی شۆڕش لەبەرچاوبگرن.

پەرەپێدانی جۆرە جێگرەوەکانی ڕێکخراوەکان بەواتای پێکهێنانی نەخۆشخانە (کلینکە) خۆ- کۆمەکییەکان لەجیاتی مشتومڕ لە سەر هەبوونی تەنیا یەك نەخۆشخانەی بنەڕەتیی و ململانێ لەسەر لێژنە بەڕێوەبەرایەتییەکەی. واتە گروپە هەواڵیی و ڤیدیۆیی و ڕۆژنامەییەکانی ژنان لەجیاتی کەناڵی تێلەفزیۆن و ڕۆژنامە بازرگانییەکان؛ ژیانی بە کۆمەڵ لەجیاتی خێزانی دابڕاوی نێوەکی، نێوەندەکانی فریاگوزاریی و وەستانەوە دژ بە لاقەکردن و هەرەوەزیی پێداویستییە خۆراکییەکان و نێوەندەکانی چاودێریی ڕۆژانەی بەرچاوی دایکان و باوکان و فێرگە ئازادەکان و چاپەمەنییە هەرەوەزییەکان و گروپە ڕادیۆییە جێگرەوەکان و هیدیکەش...

بەڵێ، پێکهێنانی ڕێکخراوە جێگرەوەکان بە پێکهاتەگەلێك کە لاسایی لە سەرمایەداری و نموونە قوچکەییەکان دەکەنەوە، بۆ ئێمە ناسراون و ئەوەندە بەکەڵك نین. زۆرێك لە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان پێشتر ئەو بابەتەیان دیاریکردووە: هەر لەبەرئەوەی کە ئەوان بۆ

بەدیهێنانی گۆڕان لە تێڕوانینی ژناندا بەرانبەر جیهان و خۆیان ( بەهۆی دەستەی هوشیارکەرەوە) کاردەکەن و هەروەها لەبەرئەوەی کە ئەوان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی پەیوەندییەکانی کار و پەیوەندی بەرانبەرانە و هاریکاری نێوان کەسەکان ( لە ڕێگەی دەستە گچکە بێسەرکردەکانەوە، کە تیایاندا هاوشان ئەرکەکان بەڕێوەدەبرێن و شارەزایی و زانین هاوبەشییدەکرێتەوە) چالاکیدەکەن. ئەوان هەوڵیاندەدا، ئاوا کارێك لە کۆمەڵە قوچکەییەکاندا، کە بێجگە لە نایەکسانی بواری هیچ شێوازێکی دیکە نادەن، جێگیربکەن. بەدڵنیاییەوە زانینی تیئۆری ئەنارکیستی و شێوازەکانی ڕێکخراوبوونی یارمەتیدەردەبن. چەکداربوون بەو زانینانە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان لە هەندێك هەڵە کە ئەنجامیانداون، دووردەخاتەوە و لەوانەیە باشتر بتوانن لە دەست ئەو دژوارییانەی کە لە هەوڵەکانیاندا بۆ گۆڕانی خۆیان و کۆمەڵ ڕووبەڕوویان دەبنەوە، ڕزگاریانببێت.

بۆ نموونە، مشتومری هەنووکەیی لە سەر "ژنانی بەهێز–strong women" و بابەتگەلی زۆر نزیك و پەیوەست بە ڕابەریی لەبەرچاوبگرن. دەتوانرێت هەڵوێستی فێمینیستانی ڕادیکاڵ بەو جۆرە کورتبکرێتەوە:

١- ژنان ژێرچەپۆك ماونەتەوە، لەبەرئەوەی لەیەکدی دابڕاون و لە پەیوەندییەکی دەسەڵاتخوازیی و ملکەچانەدا لەتەك پیاواندا یەکانگیربوون.

٢- پیاوان ژنان ئازادناکەن. ژنان بەخۆیان دەبێت خۆیان ئازادبکەن. ئەو کارە مەیسەر نابێت، ئەگەر هەر ژنێك بیەوێت بە تەنیا بۆ ئازادبوونی تێبکۆشێت. لەبەرئەوە پێویستە ژنان بەیەکەوە لەسەر شێوازی یارمەرتی هەرەوەزییانە کاربکەن.

٣- "خوشکایەتی هێزبەخشە"، بەڵام ژنان ناتوانن خوشکی یەکدی بن، ئەگەر شێوازە پیاوانییەکانی زاڵبوون و ملکەچیی کۆپی و دووبارەبکەنەوە.

٤- شێوەکانی ڕێکخراوبوونی نوێ پێویستە پێشکەوتوو بن. سەرەتاییترین شێوەیان دەستەی گچکەی بێسەرکردەن؛ بنەما سەرەکییەکانیان یەکسانیخوازیی (egalitarianism) و هاریکاری و پشتیوانی هەرەوزییانە و هاوبەشکردنی شارەزایی و زانین.

ئەگەرچی زۆرێك لە ژنان ئەو بابەتانەیان پەسەندکردوون، بەڵام هاوکات ژنانێکی زۆرتر هەبوون، کە پەسەندیاننەکردوون. هەندێك لە هەنگاوی سەرەتاوە دژ بوون؛ ئەوانی دیکە دەستبەجێ ئاوایان دەبینی جێگیرکردنیان دژوارە و بەداخەوە بەو سەرەنجامە گەیشتن، کە ئاوا ئامانجگەلێکی جوان هیچ کات کردەییناکرێنەوە.

پشتیوانەی ئایدیۆلۆجی بۆ ئەوانەی ئەو بنەما سەرەتاییانەی کە "ئەنارکیستە ناهوشیارەکان" پێشنیاریانکردبوون، ڕەتکردەوە، لە دووتوێی دوو بەڵگەنامەدا پێشکەشکرا، کە بەخێرایی لە ڕێی ڕۆژنامەکانی ڕزگاریی ژنان women's liberation و ڕێکخراوەکاندا گشتیی و بڵاوکرایەوە. یەکەم بەڵگەنامە قسەکانی ئانسێلما دێڵ ئۆلیۆ Anselma dell`Olio بوون لە دووەم کۆنگرێسی ژنانی یەکگرتوو United Women، کە مانگی ئایاری ١٩٧٠ لە نیویۆرك-سیتی بەرپاکرا. قسەکانی بەنێونیشانی "جیابوونەوە و خۆوێرانکردن لە بزاڤی ژناندا: وازنامەکە بەڵگەکانی دێڵ ئۆلیۆی بۆ خۆکێشانەوەی لەنێو بزاڤی ژنان خستنەڕوو. دووەمین بەڵگەنامە "سەرکوتگەریی نادیار"ی جۆرین Joreen بوو، کە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ لە بڵاوکراوەی شەپۆڵی دووەم The Second Wave بڵاوکرایەوە. هەر دووکیان کارایيان لەسەر بابەتە کردەییە ڕێکخراوەیی و کەسییەکان، کە هێشتاکەش بۆ بزاڤی ژنان زۆر گرنگن دانا.

"من هاتووم، کە دوا قسەکانی خۆم لەتەك بزاڤی ژنان بکەم [هاتووم گۆرانی قازی قوڵنگ بۆ بزاڤی ژنان بچڕم]... من وێران بووم... لە سێ ساڵ و نیوی ڕابوردوودا بۆ من دەرکەوت، کە ژنان هەردەم لە دژی یەکدی دابەشێنراون، خۆوێرانکەرن و لێوانلێون لە توڕەیی ناکارا. من هیچ کات بیرم لەوە نەکردووەتەوە، ڕۆژگارێکی ئاوا ببینم، ئەو توڕەییە ئەوەی کە خۆی لە شێوەی یەکسانگەرایی ڕادیکالیزمی درۆینە لەژێر ئاڵای "لایەنگری ژنان" وەرگێڕێتە سەر دەنگی ترسناکی فاشیستیی دژەڕۆشنگەریی چەپ و لەنێو بزاڤەکەدا بۆ بۆ تێکشکاندنی خوشکانێك کە کشاونەتە دواوە، سوود لە هەموو وردەکاریی و دادوەرییەکانی دادگەی کانگرۆو ی کو کلاکس کلان Ku Klux Klan [دادگەی نهێنی و.ك] وەربگرێت. بەدڵنیاییەوە پەنجە بۆ سەر هێرشگەلێکی کەسیی چ ئاشکرا و چ نەفرەتێنەر ڕادەکێشم، کە لە نێو بزاڤەکەدا دەکرێنە سەر ژنانێك، ئەوانەی بە ڕەنج و ماندووبوون هەر پلەیەکی بەئامانجگەیشتنیان بەدەستیانهێناوە ... ئەگەر تۆ ... کەسێکی سەرکەوتوویت، دەستبەجێ ناتۆرەی هەڵپەرستی فریودەرت لە دوا دەخەن، کرێگرتەیەکی بێویژدان، بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و سامان، بەسەر جەستەی بێگیانی خوشکانی لەخۆبوردوودا، کە توانایيیەکانی خۆیان خستووەتە لاوە و ئارەزووەکانی خۆیان کردووەتە قوربانی وەدیهاتنی سەرفرازی فێمینیزم ... باز دەدەیت. ئەگەر تۆ هەلەت بۆ نەڕەخسێت، کە نەترسانە و بێپەردە بوونی خۆت دەربڕیت، ئەوا بە شەیدای دەسەڵاتداری و دەستەبژێریی و نەژادپەرستی و سەرەنجام دزێوترین جنێو بەرانبەر گشت تۆمەتبارکراوان: پیاوانیبوونت دەدەنە پاڵ." [٩]

کاتێك کە ئانسێلما دێڵ ئۆلیۆ ئەو ماڵئاواییە توڕەییەی لە بزاڤەکە کرد، دوو شت ڕوویاندا:

بۆ هەندێك لە ژنان ئەو پرسیارەی وروژاند، ژنان چۆن دەتوانن کۆتایی بە پەیوەندی نایەکسانانەی دەسەڵات لەنێوان خۆیان بهێن، بەبێ ئەوەی یەکدی تێکبشکێنن. ئەوانی دیکە ڕێك بەپێچەوانەی ئەوەوە ڕەفتاریانکرد: بیانوویەکی ئاسان بۆ ئەو دەستە لە ژنان، کە ژنانی دیکەیان بەشێوەیەکی زۆر ناخوشکانە خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. هەر کەسێك کە لەو کاتەدا لەنێو بزاڤی ئازادیخوازانەی ژناندا بەشداربوو، دەیزانی کە دەربڕینەکانی دێڵ ئۆلیۆ لەلایەن هەندێك لە ژنانەوە بەو مۆدەوە وەرگێڕدران: خۆت بە پەیگیر، یا بەهێز، یا بەهرەدار ناوبهێنە و ئەو کات دەتوانی ناپەسەندی و بێهەستیی و ڕەفتاری ستەمکارانە بە باش ناوبهێنی. ژنانێك کە خۆیان وەك پاڵەوانانی تراجیدییەکان ناساند، گوایە بە دەستی خوشکانی چاوتێبڕ و ناحەزکار ( هەڵبەتە کەم بەهرەتر)ی خۆیان تێکشکێنراون، دەیانتوانی چاویان لە دەربڕینی هاودەردی هەندێك لە ژنانی دیکە هەبێت.

بە هەمان شێوە، ژنانێك کە لەو کاتەدا لە بزاڤەکەدا بەشداربوون، دەزانن کە زۆرێك لەو جۆرە شتانەی کە دێڵ ئۆلیۆ وەك ڕوودراو لەبارەیانەوە قسەی کرد، نەدەبوو ڕوو بدەن. هەڵبەتە تەنیا هەبوونی دانشی تیئۆرییە ئەنارکیستییەکان، بۆ بەرگرتن لە هێرشە کوێرانەکان بۆ سەر ژنان، بەس نیین. بەڵام لە تێکۆشانی فێربوونی ڕێگە نوێیەکانی پەیوەندی و لەتەك یەکدی ڕەفتارکردن، ئاوا دانشێك لەوانەیە (تەنیا لەوانەیە) بتوانێت بەر بە هەندێك لە هەڵە وێرانگەرەکان بگرێت.

بەتوانجەوە، لەبەدبەختیدا هاندەری ئەو هەڵانە، بێزاری فێمینیستە ڕادیکاڵەکان بوو لە شێوە باوەکانی دەسەڵات و پەیوەندی نامرۆڤانەی،کەسی، کە دەبنە هۆی زاڵبوونی دەستەیەك کەس لەسەر دەستەیەکی دیکە. کاتێك کە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان و ئەنارکیستەکان قسە لە لەنێوبردنی دەسەڵات دەکەن، مەبەستیان لە لەنێوبردنی هەموو ڕێکخراوەکان و هەموو شێوازە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو ئەو شێوازانەی کە بە هۆیانەوە کەسەکان ناچاردەکرێن، دژی یەکدی بن و ناچاردەکرین مل بەو ناچارییە بدەن.

لەنێو بزاڤی ژناندا گرفتێکی گەورە لەبارەی پێناسەکردنی سروشتی کینەدۆزی سەریهەڵدا. دوژمنایەتی بەرانبەر ژنی "بەهێز" پەرەیسەند، چونکە ئەو کەسێك بوو، لایەنی کەم دەیتوانی ژنانی دیکە کە بەراورد بەخۆی کەمتر توانای دەربڕینیان هەبوو و کەمتر هوشیاربوون و کەمتر پشتبەخۆبەستوو بوون، ناچاربکات. ناچارکردن زۆر لە هێزی جەستەیی یا ئابلۆقەی ئابووریی وردتر و زیرەکانترە. کەسێك دەتوانێت کەسێکی دیکە بەبێ ئەوەی کارەکە لە ئەو بسێنێت یا ئازاربیدات یا بیخاتە زیندانەوە، ناچاربکات.

پرسی ژنانی بەهێز لەتەك بەرتەرییەکی سەرنجڕاکێش دەستپێکرد. بە زۆری فرەتریان دەزانی، بێگومان دەمێك بوو کە توانیبوویان بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تێکشێنەر [گەوجکەر]دا زاڵبن؛ ئەوەی کە دەستەمۆیی و نادەربەستبوون و کەم ڕوویی و گوێڕایەڵی دەکردە ڕەوشتی نموونەیی، ڕەوشتێك کە ژنانی فێردەکرد، ئەگەر شتێك سەرقاڵینەکردوون، ئەوا پێبکەنن، کاتێك کە هاوار لە گەرویاندایە، چپەچپبکەن و کاتێك کە کەسێك بێشەرمانە مۆڕە لە ئەوان دەکات، چاوانی خۆیان خواربکەن. ژنانی بەهێز ترسیان لە قسەکردن لەنێو خەڵکدا نەبوو، هیچ ترسیان لە ئەنجامدانی کاری پیاوانە یا تاقیکردنەوەی شتی تازە نەبوو، یا بەو جۆرە دەردەکەوتن.

ئەگەر لە دەستەیەکی بچووکدا ژنێکی "بەهێز" لەتەك ژنێکی "بێهێز/ لاواز" دابنێیت، "ژنە بەهێزەکە" لەتەك گرفتدا ڕووبەڕوودەبێت: چۆن دەبێت ئەو خۆی نەسەپێنێت؟ چۆن شارەزاییەکانی کە بەدژوارییی بەدەستهێناون و پشتبەخۆبەستنەکەی لەتەك خوشکەکەی بەشبکات؟ لە لایەکی دیکەوە ژنێکی "لاواز" چۆن فێردەبێت، کە بەنوێنەریی خۆیەوە ڕەفتاربکات؟ کەسێك چۆن دەتوانێت تەنانەت وێنای کۆمەکی "ئالوێرانە" لە پێگەیێکی یەکلایەنەوە بکات؟ کاتێك کە لەو "خوشکایەتی"یەدا، ئەندامی "لاواز" هەست بە یەکسانبوون لەتەك ئەندامی "بەهێز" ناکات؟

وێرای نەبوونی وەڵامی ئاسان بۆ ئەو شتانە، ئەوانە پرسگەلێکی ئاڵۆزن،. لەوانەیە نزیکترین وەڵامێك کە دەکرێت بەدەستبێت، ئەو دروشمە ئەنارکیستییە بێت "کەسانی بەهێز، پێویستیان بە ڕابەر نییە". هەندێك لە ئێمە، ئەوانەی کە فێربوون مانەوەی خۆیان لە زاڵبوون بەسەر کەسانی دیکەدا دەبیننەوە، هەر وەك هەندێکی دیکەمان، ئەوانەی کە مانەوەی خۆیان لە ملدان بە دەسەڵاتی ئەوانی دیکەدا دەبیننەوە، پێویستمان بە سەرلەنوێ کۆمەڵایەتیبوونەوەی خۆمان هەیە، بەوەی خۆمان بەهێزبکەین، بەبێ ئەوەی یاری زاڵبوون و ملکەچبوون بکەین، بەوەی بەبێ کۆنترۆڵکردنی کەسانی دیکە، داهاتوومان بگرینەدەست. ناتوانرێت کارێکی ئاوا بە هەڵبژاردنی کەسانی شیاو بۆ کارگێڕیی یا بە پەیڕەویکردن لە هێڵ و ڕێڕەوی پارتییەك ئەنجامبدرێت: هەروەها بەدانیشتن و بیرکردنەوە لە تاوانەکان ئەنجامبدرێت. ئێمە بەخۆمان خۆمان و دونیاکەمان سەرلەنوێ بەهۆی چالاکییەکانمانەوە، بەهۆی سەرکەوتنە بچووکەکانمان و هەڵە و سەرکەوتنە هەرە گچکەکانمانەوە چێدەکەینەوە. هەموو ئەوانە لە کاتێکدا ڕوودەدەن، کە ئێمە بەهێزتر و بەخۆمان پشتئەستووترین.

ئەگەر ئانسێلما دێڵ ئۆلیۆ، ڕەخنەی لە ئەزموونی کەسیی فێمینیستە ڕادیکالەکان گرت، جورین چەند پرسیارێکی سەختی لەبارەی پەیکەرەی ڕێکخراوەیی ورووژاند. سەرکوتی نادیار[١٠] نیشاندەدات، کە هیچ گروپێکی بێپەیکەرە ناتوانێت بوونی هەبێت و کەسانێك کە ئەو پاگەندەیە دەکەن، خۆیان فریودەدەن. هەموو گروپەکان پەیکەرەیان هەیە؛ جیاوازی لە ئاشکرابوون و ئاشکرانەبوونیدایە. ئەگەر شاراوەبێت، دەستەبژی شاراوە بوونیان هەیە و گروپەکە پاواندەکەن. هەروەها هەر یەك لە ڕابەران و ڕابەرییکراوان، نکۆڵی لە بوونی ئەو کۆنترۆڵە دەکەن یا بەدرۆیدەخەنەوە. بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو گرفتەدا، پێویستە گروپەکان کراوە پێکبهێندرێن و پەیکەرەیان بۆ دەستپێڕاگەییشتنی ئەندامەتی ئاشکرابێت.

بەبۆچوونی من، هەر فێمینیستێکی ئەنارکیست شیکردنەوە و لێکدانەوەکەی ئەوی تا ئەو خاڵە لە لا پەسەنددەبێت، لەوە بەولاوەتر نا. چونکە بەو جۆرەی جورین گوتی "گروپە بێپەیکەرە بێڕابەرەکان" لە کرداردا ناتوانن واوەتر لە قۆناخی قسەکردن، بەرەو کردەوە بڕۆن. نەك تەنیا کراوەنەبوونی پەیکەرەی گروپەکان، بەڵکو بچووکنەبوونیان و پێدانەگرتنیان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری ناکارایدەکردن.

جورین نەیگوت، کە گروپەکانی ژنان دەبێت پەیکەربەندییان بەشێوەی قوچکەیی بێت. لە ڕاستیدا ئەو بانگەوازی بۆ ڕابەریی دەکرد، ئەوەی کە "نانێوەندییانە و ناجێگر و کراوە و کاتیی" بێت؛ بۆ ئەو ڕێکخراوانە بوو، کە وەك وەڵامدانەوەی ڕێکخستن و دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان زۆرێنەی کەسەکان، نۆرەییوونی ئەرکەکان و هاوبەشییکردنی شارەزاییەکان و بڵاکردنەوەی زانیاری و سەرچاوەکان ڕۆبنرێن. گشت بنچینە ڕێکخراوەییە باشەکانی ئەنارکیستە کۆمەڵگەراکان! بەڵام نکۆڵیکردنی ئەو لەبارەی ڕۆشنگەریی و حەزی ئەو بۆ ڕێکخراوە هەرێمی و سەرتاسەرییە گەورەکان لە بنەڕەتەوە زۆر جەرڕدراوانە بەشێك بوون لە شێوازە کۆنەکانی ئەنجامدانی شتەکان و بەشێوەیەکی نائاشکرا بەردوامی پەیکەرەی قوچکەیی لە لا پەسەندبوو.

گروپە گەورەکان بەشێوەیەك ڕێکدەخرێن، کە دەسەڵات و بڕیاردان بە کەمایەتییەك دەسپێردرێن. هەڵبەتە مەگەر ئەوەی کەسێك قسە لە تۆڕێکی ئاسۆیی هاوئاهەنگ لە هەرەوەزییە بچووکەکان بکات، ئەوەی کە ئەو ناوینەهێناوە. گروپێکی وەك NOW بەشەست هەزار ئەندامەوە ساڵی ١٩٧٥، چۆن دەتوانێت بەو جۆرە ئەرکەکان بە نۆرەیی هەڵسوڕێنێت و شارەزاییەکان هاوبەشییبکات و ئەوە مسۆگەربکات کە هەموو زانیارییەکان و سەرچاوەکان

لەبەردەستی هەمووواندا بن؟ بەدڵنیاییەوە کە ناتوانێت. ئەو گروپانە پێویستیان بە سەرۆك و لێژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەیەکی سەرتاسەریی و ئەندامەتیی هەیە، هەندێك لە ئەندامەکان لە گروپە خۆجێیەکاندان و هەندێکی دیکەیان ئەندامی دابراو. هەژمارێکی کەم لە گروپی ئاوا دێمۆکراتی ڕاستەخۆی زۆریان تێدایە و زۆر کەمیان ئەندامەکانیان فێری شێوازی نوێی کار و پەیوەندیگیری لەتەك یەکدی دەکەن.

کارایی داخاوییانەی سەرکوتی نادیار / بێپەیکەرە ئەوە بوو، کە ڕێکخراوە گەورەکان و پەیکەرەی فەرمی و چالاکی ڕاستەوخۆی سەرکەوتووانەی پێکەوە گرێدا، بەجۆرێك کە ئەو پەیوەندانەی لە هۆشی زۆرێکدا جێگیرکرد. زۆرێك لە ژنان ئاوایان دەبینی، کە بۆ تێکۆشان دژی ستەمی کۆمەڵایەتی، بوونی ڕێکخراوێکی گەورە پێویستە و هەرچی گەورەتربێت باشتر دەبێت. وێناکردنەکە ئەوەیە هێز لە بەرانبەر هێزدا بەرەنگاریدەکات: بە چەکی دژە ئاسمانی فیل ناکوژی و فەرماندارییەکی باوکسالاریش بە گروپێکی بچووك ناڕوخێت. بۆ ژنانێك کە بەڵگەهێنانەوەی "هەرچی گەورەتر کاراتر" پەسەنددەکەن، هەڵبژێری ڕێکخراوەییان بە گەورەیی گروپە لیبراڵەکانی وەك NOW یا ڕێکخراوە سۆشیالیستییەکان کە ڕێکخراوەی جەماوەردارن، سنووردارکراوە.

وەك لە زۆر شتدا ئاوا بەرچاودەکەوێت، کە لۆجیك هەڵەیە. "ستەمی کۆمەڵایەتی" ئامرازێکە، توندڕەوییەکی ترسناك و گەوجکەرە، دەزگەیەکی ڕۆنراوە، بەشێوەیەکی فراوان لە واتادا هەمان ستەمە، کە بەسەر زۆرێکماندا ڕوودەدات. بەڵام ئەوە گرنگ نییە، ستەمەکان تا چ ڕادەیەك گشتگیرن، یا تا چ ڕادەیەك شیاوی پێشبینییکردن، بە زۆریی هەمیشە لەلایەن کەسێکەوە بەرانبەرمان ئەنجامدەدرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە وەك نوێنەری دەوڵەت، یا وەك ئەندامی نەژادی سەروەر و ڕەگەز یا چینێك دەستبەکاربێت، وەك هێرشە گەورەکانی پۆلیس بۆ سەر کۆبوونەوەی هێزە کەمەکانی ئێمە، تەنانەت ئەفسەری پۆلیس یا سەرۆك یا هاوسەر کە بە ڕەگەزە پێشتر زاڵکراوەکەیەوە یا ڕۆڵە دەسەڵاتگەرایانەکەیەوە لە ساتە دیاریکراوەکانی ژیانی ڕۆژانەدا لەتەك ئێمە سەروکاری هەیە. سەرکوتی ڕێکخراو (دەزگەییکراو) لە پێوانەیەکی فراوانتردا بوونی هەیە، بەڵام بە دەگمەن پێویستی بە هێرش بۆ بردن لەلایەن گروپێکی گەورەوە هەیە (لە ڕاستیدا بە دەگمەن دەتوانرێت هێرشی بۆ ببرێت). تاکتیکەکانی جەنگی گەریلایی لەلایەن گروپە بچووکەکانەوە - هەندێك جار تەنانەت لەلایەن تاکە کەسێکەوە - لەو بارەوە زۆر بە جوانی تۆڵەدەکەنەوە.

کارایییەکی نەخواستراوی دیکەی ئاوەزی سەرکوتکاریی نادیار/ بێپەیکەرە، دانەدان بوو بە ئەنارکیستە کلێشەییەکان (خەڵکی تا برسی نەبێت، هیچ قوتنادات). ( بێگومان لە باری ئاساییدا خەڵکی تا برسی نەبێت، هیچ قوتنادات.)، لە ڕاستیدا سۆشیال ئەنارکیستەکان دژی پەیکەرە/ ڕێکخستن نین: تەنانەت دژی ڕابەریش نین، بەمەرجێك هیچ بەرتەریی و پاداشتێك لە ئارادانەبێت و کاتیی بێت و سنووردار بێت و بۆ ئەرکێکی دیاریکراو بێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەنارکیستەکان کەسانێکن، کە دەیانەوێت پێکهاتەی قوچکەیی هەڵبوەشیننەوە، بە زۆری هەمیشە کلێشەیی بوون، کە هیچ پەیکەرەیەکیان ناوێت. بەداخەوە ژنانی ئەنارکیست بە بێسەرەوەبەرەیی دەستەیەك، کە بەبێ ئاراستەی دیاریکراو دەڕۆن، وێناکراون. بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٦ کوێست Quest چەند پەرەگرافێکی لە دیمانەیەکی شارلۆت بەنچ Charlott Bunch و بێڤێرلی فیشەر Beverly Fisher کە ساڵی ١٩٧٢ تۆڕی ڕادیۆیی فێمینیست ئەنجامیدابوو، دووبارە بڵاویکردەوە. بەشێوەیەك کە سەرنجراکیشترین بەشی دیمانەکە ئەوە بوو، کە دەرهێنەرانی (کوێست) هەستیانکرد، هێشتا پرسەکانی ساڵی ١٩٧٦ بابەتی ڕۆژن. [١١] ("ئێمە هەمان تێکشکانی ڕابەریی و پیاهەڵدانی بێپەیکەرەیی پێنج ساڵ لەووبەر دەبینین" ل. ١٣). بەڵام ئەوەی کە بەنچ لەو بارەوە لەو سەردەمەدا گوتی، زۆر سەرنجڕاکێشیش بوو: بەگوێرەی قسەکانی ئەو، پێداگرتن لەسەر چارەسەری گرفتی پەیکەرە و ڕابەریی "ئارەزوویەکی بەهێزی ئەنارکیستی، ئارەزوویەکی باش بوو، بەڵام ناکەتواریی بوو" (ل. ٤). ئەنارکیستانێك کە خەریکە بە "ناکەتوارییبوون" ناوبرێن، تێدەگەن ناکەتوارییبوونەکە سەراپا لەو گرفتانەدایە، کە بزاڤی ژنان لە خۆڕێکخستنی خۆیدا لەتەکیان ڕووبەڕووبووە: گرفتەکانی ڕابەرایی شاراوە، گرفتەکانی هەبوونی "ڕابەرەکان" کە لەلایەن ڕاگەیاندەکانەوە دەسەپێندرێن، دژواریی پەیوەندیگرتن لەتەك ژنانێکی هۆگر، بەڵام ناپابەند، لە زۆری نوێنەریی ژنانی چینی نێوەنجیدا، کە کاتی زۆریان بەدەستەوە هەبوو، گرفتی بێ-فۆرمی بزاڤەکە، گرفتی کەمبوونی گروپەکانی کار، کە ژنان دەیانتوانی پێوەیان پەیوەستبن، گرفتی دژایەتی لەتەك ژنانێك کە حەزیاندەکرد خۆیان وەك ڕابەر یا پێشڕەو نیشانبدەن. تۆمەتنامەیەکی قورس! تاکو هەنووکە ئەو گرفتە زۆر کەتوارییانە، نە ئەنارکیزم بووتە هۆی سەرهەڵدانیان، نە لەلایەن پێشڕەوگەرییەوە و نە لەلایەن ڕیفۆرمیزمەوە چارەسەرنەکراون. بە لێدانی لەزگەی "ئەنارکیزم" لە گرفتە ڕێکخراوەییەکان، فێمینیستەکان چاوپۆشییان لە نەریتە زۆر و فراوانەکانی ئەنارکیزم کردووە، ئەوە لە کاتێکدا هەر ئەو چارەسەرانە پێشنیاردەکەن، کە ئەنارکیستین، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت کە نازانن. بەنچ و فیشەر شێوەیەك لە ڕابەراییان هێناوەتە پێشەوە، کە تێیدا هەموو کەسێك لە بڕیارداندا بەشدارە و ڕابەریی بۆ بارێکی دیاریکراو

دەستنیشانکراوە و لە ڕووی کاتەوە سنووردارە. فیشەر لەسەر "ڕابەرایی قوچکەیی کە لە بەرانبەر ئەندامگیری فراواندا وەڵامدەرەوە نییە" ڕەخنە لە NOW دەگرێت (p. ٩)، هەروەها بەنچ ئەوە ڕۆشندەکاتەوە: "ڕیەرایەتی واتە کەسەکان دەستپێشخەریدەکەن، کاروبارەکان لەئەستۆدەگرن، بۆ دەستپێکردنی شتێك بۆچوون و وێناکردنیان هەیە، هەروەها لە بواری جۆراوجۆردا شارەزاییان نیشاندەدەنا" (ل.٨). پێشنیاردەکەن چۆن ئێمە لە بێدەنگی ژنان لە چوارچێوەی تێگەیشتنە هەڵەکان لە یەکسانیخوازی بەربگرین؟ "تەنیا ڕێگەیەك کە ژنان دەتوانن هێنانەخوارەوەی ژنانێك کە بەهێزن، ڕابگرن، ئەوەیە کە خۆیان بەهێزبکەن" (ل.١٢). یا بەو جۆرەی کە پێشتر گوتمان کەسانی بەهێز، پێویستیان بە ڕابەر نییە.“ بۆ پێشەوە!

# بارگەرایی* و ئەنارکۆفێمینیزم (۳)

گۆڕینی جیهان و ئاڵوگۆڕی پێکهاتەی ژیان یەکن و هەمان شتن.[١٢]
کەسایەتی بۆخۆی ڕامیارییە.[١٣]

ئەنارکیستەکان ڕاهاتوون لەتەك گوێڕاگرتن لەوەی گوایە تێڕوانینێکیان نییە، کە بتوانێت لە ڕۆنانی کۆمەڵی نوێدا یارمەتیدەربێت. لە باشترین باردا، ڕەخنەگرانیان بەڕێزەوە دەڵێن ئەنارکیزم بە ئێمە دەڵێت، کە چی نەکەین. بواری بیروکراسی یا فەرماندارێی قوچکەیی نەدەن، مۆڵەت بە پارتییە پێشڕەوەکان نەدەن، بۆ ئەوەی لەجیاتی ئێوە بڕیاربدەن، من پێشێلمەکە، هیچ کەس پێشێلمەکە. لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینیە، ئەنارکیزم بە هیچ شێوەیەك تیئۆری نییە. بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵە پراکتیکێکی وریاگەرانە، دەنگی ویژدانی ئازادیخواز - هەردەم ئایدیالیست، هەندێك کات کەمێك بێبەزەیی و جار جار فرەتر نابەجێ، بەڵام بیرخەرەوەیەکی پێویست.

لەو وردەگیرییەدا کرۆکی زۆر ڕاستیی هەیە. بە هەمان شێوە لە هزری ئەنارکیستیدا جۆری زۆر بوونیان هەیە، کە دەتوانن چوارچێوەی تیئۆریی بۆ لێکدانەوەی جیهان و دەستبەکاربوون بۆ گۆڕینی دەستەبەردەکەن. لەوانەیە بۆ فێمینیستە ڕادیکاڵەکان، ئەوانەی کە دەیانەوێت "هەنگاو بۆ پەرەپێدانی تیئۆری خۆهوشیاریی" [١٤] بنێن، لە بارگەراییدا وزەیەکی بەهێز بەدەستدێنن.

گرنگی بارگەرایی/ (سیتواتسیۆنیزم) بۆ لێکدانەوەیەکی ئەنارکۆفێمینیستی ئەوەیە، کە هوشیاریی سۆسیالیستی لەجیاتی سەرکەوتکاریی سەرمایەداری و پێداگری ئەنارکیستی لەسەر گۆڕانی سەراپای کۆمەڵ و ژیانی تایبەتی و جڤاکی، پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئەو خاڵە لەبارەی سەرکوتکاریی سەرمایەدارییەوە گرنگی هەیە: زۆر جار ئاوا نیشاندراوە، کە ئەنارکیستەکان ئاگایان لە ئەوە نییە، کە سیستەمی ئابووریی زۆرینەی خەڵك بەهەرەکێشییدەکات. بەڵام زۆرینەی سۆشیالیستەکان (بەتایبەت مارکسیستەکان) لە ئاستی ئەو ڕاستییەدا نابینان، کە خەڵکی لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا دەچەوسێندرێنەوە؛ کاتی کارکردن و کاتی پشوودان و کولتوور و پەیوەندییە کەسییەکان و هیدیکە و هیدیش. ئەوە تەنیا ئەنارکیستەکانن لەسەر ئەوە پێداگرییدەکەن، کە خەڵکی دەبێت بەخۆی هەل و مەرجی ژیانی خۆی بگۆڕێت، کەس ناتوانێت ئەوەی بۆ ئەنجامبدات. نە پارتیی و نە سەندیکا و نە "ڕێکخەرەکان" و نە لەلایەن هیچ کەسێکی دیکەوە، ناتوانرێت ئەوە ئەنجامبدرێت.

دوو چەمکی بنەڕەتی بارگەرایی بریتین لە کاڵا و خستنەڕوو. سەرمایەداری گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕیون بە پەیوەندی کاڵایی. بازار بەسەر هەموویاندا زاڵە. بەواتا ئابوورییە بەرتەسکەکەی کەسەکان تەنیا بەرهەمهێنەر و بەکاربەر نین، بەڵکو زۆرێك لە پێکهاتەی ژیانی ڕۆژانەیان لەسەر بنچینەی پەیوەندی کاڵایی دامەزراون. کۆمەڵ بەکاربەرە وەك گشتێك، کۆمەڵێك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەکانیان، بەرهەمی سەرەکیی ئابووری کاڵایین.[١٥] بە ناچاریی ئەوە خەڵکی نەك تەنیا لە کارەکەی، بەڵکو لەتەك سەراپای ژیانی نامۆکردووە؛ بەهۆی بەکاربەریی (بەکاڵاکردنی) پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تاك بووەتە بینەرێکی ناکارای ژیانی خۆی. بەو جۆرە خستنەڕوو کولتوورە، کە لە ئابووری کاڵاییەوە هەڵدەقوڵێت؛ سەکۆی شانۆکە ئامادەکراوە، ڕۆڵەکان دەگێڕدرێن، چەپڵە لێدەدەین، کاتێك دەم دادەڕین، کە ئاوای ببینین دڵخۆشین، دڵتەنگ دەبین کاتێك ئاوای ببینین کە وەڕسین، بەڵام ناتوانین لە هۆڵی شانۆکە دەربچین، چونکە لە دەرەوەی شانۆکە، جیهانێکی دیکە نییە، تا بۆی بچین.

لەو دواییانەدا سەرەرای ئەوەش، خەریکە شانۆی کۆمەڵایەتیی خەریکە دەڕوخێت و بەو جۆرە ئەگەری توانای ڕۆنانی جیهانێکی دیکە لە دەرەوەی شانۆکە بوونی هەیە؛ ئەو جارە دونیایەکی کەتواریی، دونیایەك کە تێیدا هەر یەك لە ئێمە ڕاستەوخۆ دەتوانێت وەك بکەرێك بەشداری تێدا بکات، نەك وەك بەرکارێك. دەربڕینی بارگەرایی بۆ ئەو ئەگەرە "نۆژەکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەیە".

چۆن ژیانی ڕۆژانە نۆژەندەکرێتەوە؟ بە ئافراندنی ئەو بار و دۆخانەی، کە ئەوەی وەك سیستەمی سروشتی شتەکان دەردەکەوێت، تێکدەدات؛ ئەو بار و دۆخانەی کە مرۆڤەکان لەنێو شێوازە خووپێوەگرتووەکانی بیرکردنەوە و ڕەفتاکردن دەردەهاوێژێت. کەسەکان تەنیا لەو بارەدا توانای ئەنجامدانی ئەو کارەیان هەیە، تێکدانی شانۆ ساختەکە و ئابووری کاڵایی؛ واتە لەنێوبردنی سەرمایەداری بە هەموو شێوەکانییەوە. تەنیا لەو بارەدا دەتوانن، ژیانی ئازاد و دوور لە نامۆیی بۆ خۆیان چێبکەن.

یەکانگیریی تیئۆری ئەنارکیزمی کۆمەڵگەرا لەتەك فێمینیزمی ڕادیکاڵ، لەسەر بنمای ئەو چالاکییە سەرنجڕاکێشە. چەمکی کاڵا و خستنەڕوو بە دیاریکراوی لە ژیانی ژناندا دەگونجێت. لە ڕاستیدا زۆرێك لە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان بە تەسەلیی و وردەکارییەوە ئەو شتەیان ڕۆشنکردووتەوە، بەبێ ئەوەی بیخەنە چوارچێوەی بارگەراییەوە[١٦]. بۆ شیکردنەوەی قوڵ و نیشاندانی ستەمکاریی لە ژنان وەك بەشێکی ئۆرگانیك لە کۆمەڵ وەك گشتێك، مەرج نییە

ژنان سەر بە چین و توێژی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بن. ستەم لەسەر ژنان وەك بەشێك لە ستەم بەگشتی لە سەر هەموو خەڵك بەهۆی ئابووری سەرمایەدارییەوەیە، بەڵام کەمتر لە ستەم لە ئەوانی دیکە نییە. بەپێچەوانەی تێڕوانینی بارگەراکانەوە بۆ ئەوەی چەوساوە بیت، پێویست نییە بەشێکی دیاریکراوی ژنان بیت؛ بۆ ئەوەی ستەمدیدە ناوببرێیت، پێویست نییە بەشێك بیت لە پرۆلیتاریا، بە شێوەی پیشەیی و وەك کرێکاری پیشەسازیی، یا وەك کەسێك ناسەربەخۆی ئابووریی بێت. ئەنگۆ پێویستان بەوە نییە، کە بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی مانیفێستی سۆشیالیستەکان بمێننەوە، تاکو دیکتە بە ئێوە بکەن کە لێهاتوون؛ وەك کابانی ماڵ (بارهێنانەوەی نەوەیەکی دیکە لە کرێکاران)، وەك کرێکارێکی نووسینگە، وەك خوێندکارێك یا فەرمانبەرێکی مامنێوەندیی دەوڵەت ( بۆ ئەوەی بەشێك بیت لە "چینی کرێکاری نوێ"). ئەنگۆ پێویستان بەوە نییە، بەشێك بن لە جیهانی سێیەم، یا هاوڕەگەزباز یا ژنێکی بەساڵاچوو یا وەرگری کۆمەکی کۆمەڵایەتیی بن. هەموو ئەو ژنانە لە ئابووری کاڵاییدا بەرکارن؛ هەموویان بینەرانی ناکارای شانۆییەکەن. ئەوە ئاشکرایە، کە ژنان لە هەندێك باردا بەراورد بە ژنانی دیکە لە پێگەی زۆر خراپتردان، بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ کامیان لە هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا ئازادنین.

پەراوێزەکان:

١. Barbara Ehrenreich, "What is Socialist Feminism?", Win Magazine, June ٣, ١٩٧٦, p.٤.

٢. The best of these arguments I've encountered are "Socialist Feminism; A Strategy for the Women's Movement", by the Hyde Park Chapter, Chicago Women's Liberation Union, ١٩٧٢; and Charlotte Bunch, "The Reform Tool Kit", Quest, ١:١, Summer ١٩٧٤, pp.٣٧-٥١.

٣. Reports by Polly Anna, Kana Trueblood, C. Corday and S. Tufts, The Fifth Estate, May, ١٩٧٦, pp. ١٣, ١٦. The " revolution" failed: FEN and its club shut down.

٤. People who are interested in reading reports of the conference will find them in almost every feminist or socialist newspaper that appeared in the month or so after July ٤th. Speeches by Barbara Ehrenreich, Michelle Russell, and the Berkeley-Oakland Women's Union are reprinted in Socialist Revolution, No. ٢٦, October-December ١٩٧٥; and the speech by Charlotte Bunch, "Not for Lesbians Only", appears in Quest, ٢:٢, Fall ١٩٧٥. A thirty-minute audiotape documentary is available from the Great Atlantic Radio Conspiracy, ٢٧٤٣ Maryland Avenue, Baltimore, Maryland ٢١٢١٨.

٥. Farrow, "Feminism as Anarchism", Aurora, ٤, ١٩٧٤, p.٩; Kornegger, "Anarchism: The Feminist Connection", Second Wave, ٤: ١, Spring ١٩٧٥, p.٣١; Leighton, "Anarcho-Feminism and Louise Michel", Black Rose, ١, April ١٩٧٤, p. ١٤.

٦. December, ١, ١٩٧٠, p.١١.

٧. Lilith's Manifesto, from the Women's Majority Union of Seattle, ١٩٦٩. Reprinted in Robin Morgan (ed.), Sisterhood is Powerful. N.Y.: Random House, ١٩٧٠, p.٥٢٩.

٨. The best and most detailed description of the parallels between radical feminism and anarchist feminism is found in Kornegger, op cit.

٩. The speech is currently available from KNOW, Inc.

١٠. The Second Wave, ٢:١, ١٩٧٢.

١١. "What Future for Leadership?", Quest, ٢:٤, Spring ١٩٧٦, pp.٢-١٣.

١٢. Strasbourg Situationists, Once the Universities Were Respected, ١٩٦٨, p.٣٨.

١٣. Carol Hanisch, "The Personal is Political", Notes from the Second Year. N.Y.: Radical Feminism, ١٩٧٠, pp. ٧٦-٧٨.

١٤. Leighton, op cit.

١٥. Point-Blank!, "The Changing of the Guard", in Point-Blank, October ١٩٧٢, p.١٦.

١٦. For one of the most illuminating of these early analyses, see Meredith Tax, "Woman and Her Mind: The Story of Everyday Life", Boston: Bread and Roses Publication, ١٩٧٠.

١٧. Carole Oles, "The Gift", in ١٣th Moon, II: ١, ١٩٧٤, p. ٣٩.

١٨. Tax, op cit., p. ١٣.

١٩. Marge Piercy, excerpt from "Contribution to Our Museum", in Living in the Open. N.Y.: Knopf, ١٩٧٦, pp.٧٤-٧٥.

A Note On The Text

Carol Ehrlich's Socialism, Anarchism, and Feminism was first published as Research Group One Report ٢٦ by Research Group One, ٢٧٤٣ Maryland Avenue, Baltimore, Md ٢١٢١٨, USA, in January '٧٧, and ran to a second printing. It will appear in the anthology Reinventing Anarchy: What anarchists are thinking these days to be published by Routledge, Kegan & Paul, London, in Spring '٧٩. An abridged version of Socialism, Anarchism and Feminism appeared in the American feminist magazine Second Wave Vol. ٥, No. ١.

ئەم بابەتە لە سایتی (خوشە) وەرگیراوە و بەداخەوە چەند ساڵە لە ئارادا نەماوە. لە وەرگێرانیدا بۆ سەر زمانی کوردی، لەتەك دەقە ئینگلیزییەکەی بەراوردکراوە، بۆ خوێندنەوەی دەقە ئینگلیزییەکەی لەسەر ئەو لینکەی خوارەوە کلیکبکەن http://www.anarcha.org/sallydarity/CarolEhrlich.htm

* Situationism ، بەداخەوە لەبەر جێکەوتەنەبوونی ئەم واژەیە لە زمانی کوردیدا و نەبوونی هاوواتای کوردیی چەمکە، ناچاربووم ئەم واژەیە پێشنیاربکەم بارگەرا، چونکە خودی واژەی (Situation) بە واتای : پێگە، بابەت، بار، هەڵکەوتەی بار (موقع، موضوع، حالة، وضع) دێت و لەم بارەدا لە زمانی فارسیدا بە (موقعیتباوری) وەرگێردراوە. کە لە کوردییەکەیدا دەکاتە (باوەڕداریی بە دەستبەکاربوون لە کات و شوێنی خۆیدا =بارگەرایی).

# بنچینەکانی یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە (IWA)*

١- یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە لە ڕەوتی تێکۆشانی چینایەتیدا سەرهەڵدەدات، کە ئامانجی یەکگرتنی گشت کرێکارانە لە ڕێکخراوە ئابوورییە تێکۆشەرەکاندا، بۆ ئەوەی لەپێناو ڕزگاربوونی خۆیان لە سەرکوتی دوولایەنەی سەرمایەداران و دەوڵەت، تێبکۆشن. ئامانجی سەرلەنوێ سازدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە لەسەر بنەماکانی کۆمونیزمی ئازادیخوازانە بەهۆی چالاکی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە تەنیا ڕێکخراوە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا توانای بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەیان هەیە. یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە ئەوە بە کرێکاران نیشاندەدات، کە وەك بەرهەمهێنەر و داهێنەری گشت سامانە کۆمەڵایەتییەکان، چۆن پێگەی خۆیان دەناسن و چۆن یەو پێگەیە لە دژایەتیکردنی پارتییە کرێکارییە هاوچەرخەکان پەرەپێبدەن، لەبەرئەوەی کە لە سەرلەنوێ سازدانەوەی ئابووری کۆمەڵدا ناکارایی بەرنامەکانی ئەو پارتییانە دەرکەوتووە.

٢- یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە دوژمنی سەرسەختی هەموو تاڵانگەری و چەپاوڵکردنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتییە و ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئەو چەپاوڵگەرییانەیە، ئەوەش بەهۆی پێکهێنانی کۆمەڵە ئابوورییەکان و دەزگە بەڕێوەبەرییەکان، کە لەلایەن کرێکاران لە کێڵگە و کارخانەکاندا بەڕێوەدەبرێن و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە سۆڤیەتە ئازادەکان پێکدەهێنن، کە بە هیچ شێوەك و لە هیچ بارێکدا ناچنە ژێر بڕیار و هەژموونی هیچ دەسەڵاتێك یا ملکەچی هیچ پارتییەکی ڕامیاریی نابن. یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئابووریی کۆمەڵ بۆ بەرهەمهێنان وەك ئەڵتەرناتیڤی ڕامیارییەکانی دەوڵەت و پارتییەکان دەخاتەڕوو و بەڕێوەبردنی شتەکان و شوێنی فەرمانداریی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا دەگرێتەوە. دواجار ئامانجی یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕامیاری نییە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەرکەکانی دەوڵەتە لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیی. یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە ئاوای دەبینێت کە بە نەهێشتنی چەپاوڵی دارایی تایبەت، دەبێت لەنێوبردنی پاوانکردنی دەسەڵات بێتەدی، ئازادی مرۆڤ لە ڕێگەی هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی دەوڵەتەوە نایێتەدی، ئیدی ئەگەر دەوڵەت لەژێر هەر ناوێکدا بێت، بەپێچەوانەوە دەوڵەت هەر ئاوا دەمێنێتەوە وەك ئەوەی کە هەبووە و بۆ چەپاوڵکردنی نوێ و بەرتەرییپێدانی نوێ داهێنراوە.

٣- یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە دوو ئەرکی لە ئەستۆیە: پلاندانان لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی هەر ڕۆژەدا لەپێناو گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزریی چینی کرێکار لە چوارچێوەی

کۆمەڵی هەنووکەیی و پەروەردەکردنی جەماوەر، کە چۆن بتوانێت لە داهاتوودا بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسێسی بەرهەمهێنان و دابەشکردن لە ئەستۆبگرێت، لە کاتێکدا کە دەستبەسەرداگرتنی گشت توخمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دێتەپێش. یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە بە هیچ سیستەمێکی فەرمانداریی جێگرەوە ڕازی نییە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی کە ئامانجیەتی بەگوێرەی بڕیارەکانی چینی بەرهەمهێنەر و بەهۆی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانییەوە پێکدێت و دەتوانن بەهۆی کاری گشتیی هەموو کرێکارانی جەستەکار و بیرکار و لە گشت بەشە بەڕێوەبراوەکانی پیشەسازی لەلایەن خودی کرێکارانەوە جێگەی گشت دەزگە فەرمانداریەکان بگرنەوە، هەر ئاوا گشت کۆمەڵێك یا کارگەیەك یا بەشێکی پیشەسازیی ئەندامێکی سەربەخۆ دەبێت لە یەکێتییەکی ئابووریی گەورەتردا و ئەوەی کە بە شێوەکی ڕێکخراو بەرهەمهێنان و کارگەکان کە بە ئەوەوە پەیوەستن بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ و لەسەر بنەمای ئەو ئامانجانەی کە لەسەری پێکهاتوون و لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی خزمەتگوزاریی و بەرژەوەندییەکان بەڕێوەدەبات.

٤- یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە دژی هەموو ئەو ڕێکخراوانەیە کە باوەڕیان بە نێوەندگەرایی دەوڵەت و کلیسا هەیە. چونکە ئاوای دەبینێت، کە ئەوانە تەنیا دەتوانن بۆ درێژەدان بە مانەوەی دەوڵەت و دەسەڵات و کپکردنی سیستیماتیکیانەی گیانی دەستبەکاربوون و بیرکردنەوە، کەڵکیان هەبێت. نێوەندگەرایی ڕێکخستنێکی ساختەیە، چینەکانی ژێرەوە ملکەچی کەسانێك دەکات، کە پاگەندەی باڵابوون دەکەن و نێوەندگەرایی کاروبارەکانی کۆمەڵ دەداتە دەست کەمینەیەك و بۆ گۆڕینی تاك بە ڕۆبۆتێك کە بە فەرمانی سەرووەریی و ئاراستەکردنەکانی ئەو کەمایەتییە نێوەندگەرایە بجوڵێتەوە. لە ڕێکخستنی نێوەندگەرادا خێروبێری کۆمەڵ ملکچی بەرژەوەندی کەمایەتی دەبێت، نموونەگەرایی شوێنی جۆراوجۆربوون، داسەپاندن شوێنی لێپرسراویی خودی دەگرێتەوە. یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لەسەر بنەمای ڕێکخستنێکی فیدراڵیی بەرفراوان ڕۆدەنێت. بەمەرجێك کە لە خوارەوەرا ڕێکبخرێن و لەپێناو یەکخستنی گشت هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پاراستنی بیر و بۆچوون و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ بن.

٥- یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە گشت چالاکییە پارلەمانی و هەر جۆرە هاریکارییەك لەتەك دەزگە بڕیاردەرەکان ڕەتدەکاتەوە؛ لەبەرئەوەی ئاوای دەبینێت کە تەنانەت لە زۆربەی ڕێکخراوەکانی ڕاپرسینی ئازاددا، ناتوانرێت ناکۆکییە بەرچاوەکانی هەناوی کۆمەڵی هەنووکەیی

بشاردرێنەوە، هەر ئاوا لەبەرئەوەی سیستەمی پارلەمانی تاکە ئامانجێکی هەیە، کە ئەویش ڕەواکردنی ستەمی کۆمەڵایەتییە.

٦- یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە گشت سنووره ڕامیاریی و نەتەوەییە جۆراوجۆرە داسەپێنراوەکان ڕەتدەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێت ئەوەی کە پێدەڵێن "نەتەوەگەرایی" بێجگە لە ئاینی دەوڵەتی نوێ و پەردەپۆشکردنی بەرژەوەندی مادیی چینە داراکان، هیچ شتێکی دیکە نییە. یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە تەنیا دان بە جیاوازییە ئابوورییەکاندا دەنێت، ئیدی چ ناوچەیی بن یا نەتەوەیی، ئەوانەن دەبنە هۆی سەرهەڵدانی زنجیرەی پلەوپایە و نادادپەروەریی و هەر جۆرە ستەمێك ( لەبەر ڕەچەڵەك، ڕەگەز و هەر جیاوازییەکی ڕاست یا هەڵەی دیکەی نێوان مرۆڤەکان)، هەر ئاوا یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە بەناوی گیانی هاوپشتییەوە بانگەوازی مافی خۆبەڕێوەبەری بۆ گشت کۆمەڵە ئابوورییەکان دەکات.

٧- لەبەر ئەو جۆرە هۆیانە یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە لە دژی جەنگ و لەشکرگەریی تێدەکۆشێت. یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە پشتیوانی لە بانگەوازەکانی دژی جەنگ و خوازیاری گۆڕینی گشت سوپا و لەشکرەکانە، کە بێجگە لە ئامرازی دژە شۆڕش بۆ خزمەتکردنی سەرمایەداران هیچی دیکە نین، لە ڕێگەی ئەو دەستە چەکدارانەوە کە لە دەمی شۆڕشدا لەلایەن کرێکاران و یەکێتییەکانیانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت هەروەها خوازیاری بایکۆتکردنی بەرهەمهێنانی گشت کەرەستە سەرەتایی و بەرهەمە پێوستەکانی جەنگە، بێجگە لەو وڵاتانەی کە کرێکاران تیایاندا خەریکی شۆڕشی کۆمەڵایەتین بۆ ئەوەی یارمەتیی ئەوان بدەن و بۆ پشتیوانی لە شۆڕش. سەرەنجام یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە وەك ئامرازێکی کارا بۆ دژایەتی جەنگ و لەشکرگەری بانگەواز بۆ پشتیوانیکردن لە مانگرتنی گشتیی خۆپارێزانە و شۆڕشگێڕانە دەکات.

٨- یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە پێداویستی بەرهەمێك کە زیان بە ژینگە ناگەیێنێت لەبەرچاودەگرێت و هەوڵدەدات بەکارهێنانی ئەو توخمانەی کە جارێکی دیکە بەکارنابرێنەوە بە ئاستێکی کەم بگەیێنێت و هەرچی زیاتر بەکاربردنی ئەو توخمانە برەوپێبدات، کە لە توانادا هەیە دووبارە بەکاربرێنەوە. یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە ڕێگە بەخۆی نادات هۆی سەرەکی قەیرانی هەنووکەیی ژینگە پشتگوێبخات، کە هۆکارەکەی بۆ چاوچنۆکیی و قازانجپەرستی دەگەڕێتەوە و ئامانجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هەمیشە کەمکردنەوەی خەرجی بەرهەمێنانە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر و درێژەدان بە مانەوەی خۆی. هەر ئاوا هۆکاری ئەوەی کە سەرمایەداری توانای پاراستنی ژینگەی نییە، ئەوەیە کە زۆربەی قەیرانی قەرزە

جیهانییەکان بەهۆی ئاراستەی گشتی بەرهەمە بازرگانییەکانەوەیە، کە زیانیان بە بەرهەمهێنانی بەرهەمە سەرەکییەکان گەیاندووە و ئەو ڕاستییە بووە بەهۆی لەنێوبردنی دارستانە ستوونی و ئاسۆییەکانی گۆی و برسیەتی و نەخۆشی. کەواتە پێویستە تێکۆشان بۆ پاراستنی گۆی زەوی و تێکۆشان بۆ ڕوخاندنی سەرمایەداری پێکەوە گرێبدرێن، یا ئەوەتا چارەنووسی هەر یەکەیان بە تەنیا هەر تێکشکان دەبێت.

٩- یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە ڕایدەگەیێنێت کە پێ لەسەر کاری ڕاستەوخۆ دادەگرێت و یارمەتی و هانی تێکۆشانگەلێك کە دژ بە ئامانجەکەی نین، دەدات. شێوازەکانی تێکۆشانی بریتین لە مانگرتنەکان، بایکۆتکردنەکان و تێکدان و .. هیدیکە. کاری ڕاستەوخۆ لە مانگرتنە گشتییەکاندا ئەزموونگەلێکی فراوان بەدەست دێنێت، کە لە روانگەی یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانەوە نیشانەی دەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەبن.

١٠- لە بارێکدا کە یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە دژی گشت توندوتیژییەکی ڕێکخراوە لەلایەن هەر جۆرە فەرمانداریییەکەوە، لەبەرئەوەی کاتی دەبێت، چونکە ململانێیەکی توندوتیژ بەهۆی ململانێ چارەنووسییەکان لەنێوان سەرمایەداری هەنووکەی و کۆمۆنیزمی داهاتوودا. هەر ئاوا داننانی بە توندوتیژیدا لە جێی خۆیدا دەبێت، کاتێك کە ناچارە وەك ئامرازی خۆپارێزیی دژی شێوازە توندوتیژە بەکاربراوەکان لەلایەن چینە فەرمانڕەواکانەوە لە تێکۆشانگەلێکدا کە جەماوەری شۆڕشگێڕ بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەکاری بەرێت، لە کاتێکدا ئەو دەستبەسەرداگرتنە تەنیا لە ڕێگەی خۆتێهەڵقرتاندنی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوە ئابوورییە شۆڕشگێڕەکانی کرێکارانەوە، دەتوانێت بەردەوام بێت و سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بێنێت، بەگوێرەی ئەوە پێویستە پاڵپشتی شۆڕش ئەرکی ئەو ڕێکخراوە ئابوورییانە بێت نەك دەزگە سەربازی و شێوە سەربازییە پێشکەوتووەکان، سەربەخۆ و دابڕاو لە ئەوان.

١١- تەنیا لە ڕێکخراوە ئابووریی و شۆڕشگێڕییەکانی چینی کرێکاردا هێزێك کە توانای ڕزگارکردنی ئەو وزەی داهێنەرانەی پێویستی بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵەی لەسەر بنەمای کۆمۆنیزمی ئازادیخوازانە هەیە، بەدیدەکرێت.

**ناوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی**

کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بۆ تێکۆشان و هاوپشتی و ئەوەی کە گشت ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییە یەکێتیگەراکانی جیهان یەکدەخات بە ناوی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران (IWA) ناسراوە.

**ئامانجەکانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران:**

A) ڕێکخستن و گەشەپێدانی تێکۆشانە شۆڕشگێڕییەکان لە گشت وڵاتان بە ئامانجی لەنێوبردنی یەکجارەکی تەواوی ڕێکخراوە ڕامیاریی و ئابوورییە جێکەوتەکان و جێگیرکردنی کۆمۆنیزمی ئازادیخوازانە.

B) پێگەبەخشین بە ڕێکخراوە یەکێتیگەراییە شۆڕشگێڕە ئابوورییەکان لە سەر ئاستی نەتەوەیی و پیشەسازیی، بنچینەی بەهێزکردنی ئەو جۆرە ڕێکخراوە یەکگرتووانەیە بۆ تێکۆشانی ڕاستەوخۆ و ئامادەیی بۆ لەنێوبردنی سەرمایەداری و دەوڵەت.

C) بەرگرتن بە کنەکردنی هەر پارتییەکی ڕامیاریی بۆ نێو ڕێکخراوە یەکێتیگەرا ئابوورییەکان و بڕیاردانی تێکۆشان دژی هەر هەوڵێك بۆ کۆنترۆڵکردنی یەکێتییەکان لەلایەن پارتییە ڕامیارییەکان.

D) بەستنی هاوپەیمانی مەرجدار لەتەك ڕێکخستنە شۆڕشگێڕییەکان و یەکێتییە پرۆلیتارییەکانی دیکە بە ئامانجی پلاندانان و دارێژانی کاری نێونەتەوەیی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار کاتێك کە بار و دۆخەکە دەیخوازێت و لەتەك خاڵەکانی (C , B) ناکۆکنەبێت و لە ڕێگەی کاری هاوبەشەوە بێت لە توانادا هەیە، بەڵام هەر هاوپەیمانییەك لەتەك پارتییە ڕامیارییەکان و ئەو ڕێکخراوانەی کە دەوڵەت وەك دامەزراوەیەك بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی وەردەگرن لە توانادا نییە. یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە ئاوا هاریکارییەکی چینایەتی ڕەتدەکاتەوە، کە تایبەت بێت بە بەشداریکردن لە لێژنە ڕێکخراو و دارێژراوەکانی دەوڵەت ( بۆ نموونە هەڵبژاردنە سەندیکاییەکان بۆ لێژنەی پرۆژەکان) و وەرگرتنی پشتیوانی فەرمانداریی تەرخانکراو بۆ سەندیکالیستە فەرمییەکان و هیدیکە و هەر کارکردێکی دیکە کە لەتەك نێوەڕۆکی سەندیکالیزمی دژە-دەسەڵات ناکۆکبێت.

E) ڕسواکردن و دژایەتیکردنی توندوتیژی هەرەمەکی گشت فەرمانداریەکان کە بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی دژی شۆڕشگێڕان تەرخانکراوە.

F) تویژینەوەی ئەو گرفتانەی کە بۆ جهانبینی پرۆلیتاریا لەپێناو بەهێزکردن و گەشەپێدانی بزووتنەوەکانی گرنگن، چ لە یەك وڵات یا لە چەند وڵاتدا بێت و کۆمەك بۆ پشتیوانی لە مافەکانی چینی کرێکار لە شۆڕش و خۆڕزگارکردنیدا.

G) دەستبردن بۆ چالاکی پارمەتیدانی یەکدی لە ململانێ ئابوورییە گرنگە هەنووکەییەکاندا، یا دەستبردن بۆ ململانێ ڕەخنەییەکان دژی دوژمنە ئاشکرا یا شاراوەکانی چینی کرێکار.

H) دابینکردنی کۆمەکی مادیی و پشتیوانی ورەیی بۆ گشت بزووتنەوەکانی چینی کرێکار لە هەر وڵاتێکدا کە ڕابەریی تێکۆشان لە دەستی ڕێکخراوە سەرتاسەرییە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریدایە. کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران تەنیا کاتێك خۆی لە کاروباری یەکێتییەکان لە وڵاتان تێهەڵدەقورتێنێت، کە ڕێکخراوەی پەیوەست لەو وڵاتەدا خوازیاری ئەوە بێت یا کاتێك ئەو بەشە بنەما گشتییەکانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکارانی پێشێلکردبێت.

* The International Workers' Association (IWA)

http://cnt-ait.info

contact@cnt-ait.info

# سێکس، چین* و شاژنی ئینگلاند

ئایلین ئۆکێڕۆڵ**

لاڤینیا کیرویك Lavinia Kerwick، ئازایەتییەکی فراوانی نیشاندا، کاتێك ئەوەی درکاند کە ئەتککراوە، فێبریوەری ڕابوردوو هەزاران کەس بۆ پاڵپشتی "..." ڕژانە سەر شەقامەکان. هێشتاکە توندوتیژی و هەڵاواردن دژی ژنان ڕاستییەکی بەرچاون. بەڵام لە هەشتاکانەوە تا ئێستا ئەوە یەکەمین جارە هەژمارێکی ئاوا زۆر لە ژنان بگەڕێنەوە کۆڕی تێکۆشان.

ئایا ژنانی گشت چینەکان دەتوانن ئامانجێکی هاوبەشیان هەبێت؟ ئایا پێویستە ژنان بە دابڕاویی ڕێکخراوبن؟ ئایا لەنێوان جەنگ دژی هەڵاواردنی ڕەگەزیی/ جێندەری و جەنگ دژی سەرمایەداری پەیوەندی هەیە؟

هیچ کات وەك ئێستا نەبووە، لە شۆڕشی فەرەنسی ١٧٩٨ بەرەبەرە بەوە ڕازیبوون، کە هەموو پیاوان یەکسانن. تاکو ئەو کاتە یەکسانی چەمکێکی ڕەتکراوەی نائاییینی و دژی یاسای سروشتی بوو. زۆر مۆڕاڵ و بنچینە و ماف، ئەوانەی کە کۆمەڵ پەسەندیاندەکات، هێشتاکە جێکەوتە نەبووبوون. تەنیا لەو چەند دوا دەهەیەی ڕابوردوودا بیرۆکەی یەکسانی ژنانیشی گرتووەتەوە.

هەرچەندە ژنان هێشتاکە پێگەی دەستە دوویان هەیە، بیرۆکەی هاووڵاتی پلەدووی ژنان خەریکە بنەمای نامێنێت. هەڵوێستە گۆڕدراوەکان لە خودی خۆیاندا نەبوونەتە هۆی ئازادکردنی ژنان ( لە ڕاستیدا هەموو پیاوان لە کۆمەڵی هەنووکەییدا یەکسان نین، لەتەك ئەوەشدا ئۆپۆزسیۆنێکی ئایدۆلۆجی بەهێز بەرانبەر یەکسانی ژنان لە ئارادا نییە). سەرەڕای ئەوەش ئازادی ژنان لە کۆتوبەندی ڕەگەزپەرستی بۆ تێکۆشان لەپێناو ئازادی ژنان هانماندەدات.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی کە گوتران، بۆچی ژنان لە ڕامیاریی و لە کۆمەڵە کۆمیونیتییەکان و لە کەمپەینەکاندا چالاکنین؟ ئەو شتە چییە، کە ئەوان لە هەستان بە چالاکی دەگێڕێتەوە؟ ئەنارکیستەکان ئاوای دەبینن، گرفتی سەرەکی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، کۆمەڵی چینایەتییە. هەر ئەو کرۆکە چینایەتییەشە کە بۆچوونە ڕەگەزییەکان دەستەبەردەکات. ئەو بیرکردنەوەیە برەو و پاساو بۆ ئاستنزمی ژنان دەهێنێتەوە. ئەوە چۆن ڕێکدەخرێت؟ چۆن ڕێکخراوە، تاکو بەو کارە هەستێت؟

کەمکردنەوەی کارلێکی ئەو گونجاندنانە، لەم ڕۆژگارەدا ئاسانە؛ ئەو گونجاندنەی کە بە ئێمە

دەڵێت، لە نێوەندی یەکەمدا بۆخۆی، ئێمە لەسەر بنەمای یەکسانی مافی هیچ بەرابەرکێیەکمان نییە. بەڵگەی ڕودانی ئەوە لەبەردەستدایە، بۆ نموونە ئەنجامی ئامارگیرییەکان لەنێوان منداڵانی فێرگە نێوەندییەکاندا ئەوە نیشاندەدەن، کە کچان وێنایەکی خۆیی لاوازتریان بەراورد بە کوڕانی هاوتەمەنی خۆیان هەیە. توێژینەوەکانی ئەم دواییە لە پۆلەکانی خوێندنی ئەمەریکادا ئەوەیان نیشانداوە، کاتێك کە پرسیار لە کچان دەکرێت، لەوانەیە ناپەیوەست و نارێك وەڵامبدەنەوە، کەچی کۆڕان ئەگەری ئەوەیە هەیە بۆ زیرەکی و دەستپێشخەری بەشانوباڵیاندا هەڵبگوترێت. ئەوەی ئەوە نیشانیدەدات، چاوەڕوان-نەکراو نییە، کە لە ڕیزی کچانی باڵاتردا ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پرسیار لەئەوان نەکرێت، زۆرکەم قسەدەکەن، لە کاتێدا کوڕان زۆربەی کات قسەدەکەن و لەتەك فێرکارکاندا لێدوان دەکەن.

**لاقەکردن و تاوان**

لێکۆڵەرەوان لە بواری لاقەکردن و هەراسانکردندا ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کە کەسەکان لە دەستنیشانکردنی هەلسوکەوتێکدا کە دەگاتە ڕادەی ڕفتاری هەراسانکەر، گرفتیان هەیە. ژنان خۆبەخۆ لەبارەی ئەوەی کە مافەکانیان کامانەن، گومانیان هەیە و دڵنیانین لەوەی کە کۆمەڵ چەند هەنگاو ڕێگە بە ئەوان دەدات. لە گفتوگۆیەکدا چاودێرێکی نێوەندی گرفتی لاقەکردن لە دەبلین پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە بەگوێرەی ئەزموونەکانی ئەو زۆربەی ژنان بە شێوەیەك لە شێوەکان هەست بە سوچباریی دەکەن، کە کارگەیشتووەتە ئەوەی پیرەژنێکی خانەنشین لە ماڵەکەی خۆیدا لاقە بکرێت. لە ڕاستیدا ئەوە داچڵەکانێکی گەورە بوو، کە جۆرە ڕێپۆرتاژێك لەوەی دادگەیی هەوڵی لاقەکەریی کەنەدی لە ئەم ساڵدا خستییەڕوو.

لە هەر سێ تاوانێك بەرانبەر بە ژنان یەکێکیان لە توندوتیژی نێوماڵەوە سەرچاوەدەگرێت. لە ئێستادا ئەو گرفتانە گرنگییەکی کەمتریان پێدراوە. نێوەندەکانی دژی لاقەکردن Rape Crisis Centres لەبەر گرفتی دارایی و کەمی پشتیوانی لەبەردەم هەرەشەی داخستندان. چوار مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠، گاردای Gardai ١٥٦٨ تەلەفۆنی بۆ کراوە، کە بە هۆی توندوتیژی نێو ماڵەوە داوای فریاگوزاریان کردووە ( هەموو شارەزایان ئاوای دەبینن، کە ژمارەیەکی کەم لەو دەستدرێژییانە تۆماردەکرێن). ئامرازەکانی خۆپارێزیی ژنان لە سەدا شازدەی بەهۆی خۆبەخشییەوە پێداویستییەکانیان دابینکردووە. کرێکارانی یانەکانی پارێزگاریی دەبلین ڕایدەگەیێنن، کە چوار تا حەوت خێزان بە ڕادەی مامنێوەندیی بە هۆی فشارەوە دەگەڕێنەوە، هاوکات نزیکەی شەست ژنی دیکە هەفتانە تەلەفۆن دەکەن و داوای ڕێنوێنی دەکەن.

بەپێچەوانەوە پێگەی نزممان لە کۆمەڵدا تەنیا بەهۆی ڕادەی توندوتیژییەوە نییە دژمان، بەڵکو بەشێوەیەکی دیکە لەبەر پشتگوێخستن و کەمبایەخی فەرماندارێی و کۆمەڵە بۆ گرفتەکانمان.

**چ سڵەمینەوەیەک بەسەر ژناندا زاڵە**

زۆربەی لاقەکردنەکان بەرانبەر ژنان لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجامەدرێن، کە ناسروان ( لە سەدا نەوەدی قوربانییە ئێرلەندییەکانی لاقەکردن، لاقەکەرەکەیان دەناسن)، پاگەندەی پۆلیس هێشتاکە لە هەوڵی ترساندنی ژناندایە بۆ خۆلادان و نەهاتنە دەرەوەی شەوانە. سەرەرای ئەوەش ئامارەکان ئەگەری زیاتری مەترسییەکان لە ماڵەوە نیشاندەدەن! ئێمە بە بەرتەسکردنەوەی چوونەدەر ناچارکراوین. ئێمە ئازادی گەڕانمان تەناتەت لەنێو کۆمیونیتەکەماندا نییە. بەرەبەرە ئاوامان لێ دێت، کە بەسەر جەستەی خۆشماندا کۆنترۆڵمان نەمێنێت. لە هەمووی خراپتر بە ئێمە دەوترێت، کە چۆن بنوارین و چۆن بجوڵێینەوە.

ژنان بە شێوەیەکی جێگیر ملەکچی نموونەگەلێکن. ئەو گونجانە نیشانەی پێگەی ژنانە لە کۆمەڵدا، هۆکار نییە، بەڵکو نیشانەیەکە کە بۆ کارایی دیکە لەسەری دەگەڕێتەوە. ئێمە فێردەبین نۆرمەکان کامانەن، کە لە جیهانی دەوربەرماندا پەسەنکراون. میدیاکان لەوانە کاناڵی تەلەفزیۆن و کۆمپانیاکانی فیلم بەرهەمهێنان یا پاپ موزیك کە پێگەیەکی گرنگ داگیردەکەن. جاری داهاتوو سەیری ئێم‌تی‌ڤی (MTV) بکە یا برۆ بۆ سینەما و بژمێرە بزانە چەند جار ژن دەبینی.

هێشتاکە زۆربەی گۆڤارەکانی ژنان گرنگی بە جوانکاری و ڕێکخستنی نێوماڵ و ڕازاندنەوە دەدەن و لەو بارەوە لەجیاتی ژنانی کرێکار بە دەوری ناوداران و بەڕێوەبەراندا هەڵدەشاخێن. ڕاستییەك ناخەنە ڕوو، کە زۆربەی ژنان لەتەکیدا دەرگیرن. جونی ١٩٩١ گۆڤاری کۆمپانی دەپرسێت "ئایا تۆ لە سەرکەوتن دەسڵەمێیتەوە؟ سەرکەوتن لە پیشەدا ئەگەری هەیە جوانی کاراییەکی زۆری هەبێت، لەتەك ئەوەی کە ئەگەری هەیە هاوکات لەتەك ترسی گەورەدا بەرەوڕووی ببیت. بابەتەکە پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە ئەگەر بەردەوامبین و نەگەڕێینەوە دواوە، ئەگەری هەیە بیکەینە سەرکەوتنێکی بێوێنە لە جیهاندا. ڕاستییەکەی بۆ زۆربەمان ئەوەیە، کە منداڵ-بەخێوکردن و کەمیی هەلی کار پێگەی ئێمە وەك کرێکاری هەرزان دیاریدەکەن، نەك باوەڕ بەخۆنەبوونمان.

بۆ بەدبختی زۆرینەی بزاڤی ژنان هەر بەو شێوەیە کاردەکەن. لەو دوایانەدا دەبلین فۆرومی ١٩٩٢ی ژنانی زیادکرد. هەر کەسە و (١٨٠) پاوەند بدات بۆ فۆرومێك، کورسییەکانی فۆورمەکە بە (١٨٠) پاوەند بۆ ڕابەرەکان تەرخانکرابوون. ئەوانەی کە بەشداربوون "ڕامیاران و هونەرمەندان و پیشەنگانی زانستی یا نوێنەرایەتیکەرانی پێشڕاوانی نێونەتەوەی بزووتنەوەی ژنان" بوون. بەڵگەنامەیەك کە کۆنگرەکە ڕایگەیاند، ئەوە بوو کە "سەرۆکی نیکاراگوا ژنە".

ئاوا بوو! شاژنی ئینگلاند و مارگرێت تاچەر و ئەوان. من هیچ شتێك نابینم کە بۆ خوشکانمان لە سەرووی دەریا یا لە نیکاراگوا باشتر بوبێت. هەڵبژاردنی مێری ڕۆبنسن Mary Robinson هیچ جیاوازییەکی ئاوای بۆ خوشکانمان لە ماڵەوە بەدینەهێنا.

لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا پەیامێك کە ئەوان بۆ ژمارەیەکی کەم لە کرێکارانی نیوەکار و بێکاران ناردیان، ئەوە بوو کە چی پێویستە؛ نوێنەریی لە سەدا چلی ژنان لەسەر گشت ئاستەکان. بەشێوەیەکی گشتی نامەکە بۆ ئێمە بۆ ئەوە بوو، کە سواری بایسکیلەکانمان بین و هەلەکان بقۆزینەوە و هەروەها تاقە شتێك کە ئێمەی ڕاگرتووبوو، ئێمە خۆمان بووین.

هەروەها زاقکردنەوەی ئەوەی کەلێنێك لەنێوان ئەوەی ژنان مەبەستیانە بن و ئەوەی ژنان چین و لەنێوان ئەوەی پێویستبوو ئاراستەمان چی بێت و ئەوەی پێویستبووە بکرێتە ئاراسەمان و گێڕانەوەی شکستەکە بۆ خۆمان لەجیاتی گێڕانەوەی بۆ جۆری کۆمەڵێك کە ئێمەی تێدا دەژین و گێڕانەوەی بۆ پابەندبوونمان بەچەند ئایدیالێکەوە وەك کەموکوڕی لە خۆماندا، بە بەڵگەکردنی ئەوەی، کە زۆر جار ژنان سەختی دەبینن لەنێو خەڵکدا خۆیان دەربڕن و لە پێداگیرییدا لەسەر دژایەتیکردنی ئەو گونجاندنەی کە بە ئێمە دەڵێت پێویستە دانیشین، زۆربەی کات ئێمە کەمتر متمانەمان بەخۆمان هەیە.

**ڕێکخراوبوون بە جیا**

بەگشتی ژنان ئاوای دەبینن، کە مافی ئەوەیان نییە بۆچوونی خۆیان دەربڕن و چالاکی ڕامیار بن. زۆر جار هەنگاوی یەکەم دژی ئەو دەستەمۆیبە ڕێکخراوبوونی جیا لە پیاوانە. بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاوا هەستدەکرێت، کە پیاوان فرەتر باوەڕیان بە خۆیان هەیە و لە زاڵبوون بەسەر لێدوانەکاندا فرەتر بەخۆیان پشتبەستوون، یا زۆر بە ئاسانی هەندێك لە ژنان ئاوا هەستدەکەن، کاتێك کە پیاوان لەئارادابن فرەتر حەزدەکەن بێدەنگی هەڵبژێرن و مشتومڕەکە بۆ پیاوان بەجێبهێڵن.

لەو هەل و مەرجەدا ژنان، ئەوانەی پێکەوە خۆیان ڕێدەخەن، ڕاهێنانێکە بۆ دەسەڵاتداریی. ئەوە وەڵامدانەوەیەکی پۆزەتیڤە بە دەستەمۆکارییەکانی کۆمەڵ. ئەوە ئەو ڕۆڵەیە کە دەبوو لە کۆمەڵدا ژنان لەتەك پیاوان یەکسانبکات. دەبوو هەنگاوێکی کاتیی بەڵام ناچاری بووایە، نەك کۆتاییەك لە خۆمانەوە.

لە هەر بارێکدا کاتێك درێژە بە ئەوە بدرێت، گرفتەکان دەردەکەون یا کاتێك کە ژنان دابڕاوانە دەستبەکاردەبن. ئەوە پیاوان بە سەرچاوەی گرفتەکە دادەنێت، لە کاتێکدا کە ئاوا نییە. هەروەها پیاوان لە تێکۆشانەکە دادەبڕێت، لە کاتێکدا ئەوە ڕۆشنە کە بۆ گۆڕینی کۆمەڵ، دەبێت ئێمە لە تەنیشت ئەوانەوە کاربکەین.

لەنێو زۆربەی یەکێتییەکان و پارتیی کرێکارانی بریتانیا، ژنان تەنیا لە کۆنگرەکاندا دەبیندرێن. گرفتەکە لە ئەوەدایە کە پرسەکانی ژنان بۆ ئەو کۆنگرانە دەهێڵرێنەوە و زۆربەی کات وەك ڕێگەیەك بۆ بەرگرتن بە پرسەکان و لەبیرکردنیان. ئەتککردن پرسی ژنانە، ڕەوانەی کۆنگرەی ژنان دەکرێت، بەرگرتن بە منداڵبوون پرسی ژنانە، ڕەوانەی کۆنگرەی ژنان دەکرێت، تد.

لە ڕاستیدا پیاوان زۆر دەگمەن خۆیان بەو ئەرکانەوە خەریکدەکەن، دەبێت سەرقاڵبن پێوەیان و قسەیان لەسەر بکەن. لەبەرئەوە کاتێك کە پشتیوانی لە مافی ژنان بۆ کۆبوونەوە لە ڕێکخراوی جیادا دەکەین، چالاکی و کارکردنی لە هەر ڕێکخراوێکی دیکەدا، لە هەر هەڵمەتێکی دیکەدا بیردەخەینەوە، تاکو ژنان بە هەموو بوونیانەوە وەك گشتێك بەشداربن. ئەوە تاکە تاکتیکی جەنگینە بۆ ڕزگاربوونی ژنان و بۆ ئازادی و بۆ گرەوبردنەوە.

ئەو شتانەی بۆ ئەم ڕۆژگارە بەکەڵکن. لابردنی ستەمی ڕێکخراو -جێکەوتە- لەوانە هاوسەری، مارەیی و یاساکانی دارایی و جێگرتنەوەیان بە کرێ (موچە)ی یەکسان و بەشی یەکسان لە زۆر بواردا. سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە ئەو شتانە لەسەر کاخەز گۆڕابن، ئێمە هێشتاکە لەتەك کۆمەڵی چینبەندیکراودا ڕووبەڕووین. تاکو ئەو شتە ئاوا بمێنێتەوە زۆرێك لە ئێمە لە کرێ و هەلی یەکسان بەهرەمەند نابین. تاکو ئێمە لە ڕووی ئابوورییەوە نایەکسان بین، کۆمەڵ لە مۆڕاڵیکردنی ئەو شتانەدا بەردەوامدەبێت و یاسایی سروشتی بۆ پاساوی ئەوانە دەدۆزێتەوە و بەرانبەر ئێمە بەکاریادەبات. بە چارەسەرکردنی ڕەگەزپەرستی (سێکسیزم) لە کۆمەڵدا، ئێمە لە چارەسەری ڕیشەیی پرسەکەدا پێگەی باشترمان دەبێت؛ بە چارەسەرکردنی [لێدانی] سەرمایەداری باشتر دەتوانین بۆ ڕزگاری ژنان بجەنگین.

* مەبەست لە چین، چینی کۆمەڵە نەك وڵاتی چین/چاینا. و.ك

** ناوی نووسەر Aileen O'Carroll

# ئێما گۆڵدمان، ژنێک کە ڕووی لە یەزدان و مێرد و کۆیلەتی وەرگێڕا !*

ناهید نوری- شهرزاد نیوز

"من ئازادیم دەوێت ، ئازادی ڕادەربڕین ، مافی بەهرەمەندبوون
لە شتە جوان و شادیبەخشەکان بۆ هەمووان."

ئێما گۆڵدمان وتەبێژ و نووسەرێکی بەتوانا بوو و بە ورەبەرزییەوە لەسەر ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی پەیوەندی سێکسی و ئازادی بەرگرتن لە سکپڕی و یەکسانی و سەربەخۆیی ژنان و پەروەدەی ڕادیکاڵ و مافی پێکهێنانی سەندیکا و مافەکانی کرێکاران پێداگرییدەکرد .

هەر لەو بارەوە، ڕکوکینەی دەسەڵاتدارانی دەوروژاند. ئەو بە " زۆر مەتریسدار" دەناسرا و وەك یەکێك لە دوو ئەنارکیستە مەترسیدارەکانی ئەمەریکا، چەندین جار کەوتە بەر ئازار و ئەشکەنجە و دەستگیرکرا.

سەردەمی منداڵیی ئێما گۆڵدمان؛ ٢٧ی جونی ١٨٦٩ لە (کوڤنۆ)ی لیتوانیا لە خێزانێکی یەهوودیدا لەدایکبووە. ئەزمونی منداڵیی ئەو پڕبوو لە توندوتیژی بەرانبەر ژنان، توندوتیژی زەویداران بەرانبەر جوتیاران، ستەمگەریی و گەندەڵیی دەوڵەت و دژایەتی یەهودییان.

چوار ساڵ لە فێرگەی سەرەتایی یەهوودییان لە شوێنی لەدایکبوونی داپیرەی (گونیگزبێرگ) خوێندی. لە سێزدە ساڵیدا خێزانەکەیان بەرەو سانت پیتەرزبۆرگ کۆچیکرد و شەش مانگ دواتر لەتەك خوێندکارانی ڕادیکاڵ و بۆچوونە شۆڕشگێڕییەکان ئاشنابوو.

لەوێندەرێ کەوتە خوێندنەوەی نووسینی پۆپۆلیستەکان و نیهیلیستەکانی ڕووس. بەڵام باوکی دەیخواست هۆگریی ئەو بۆ ئازادی تێکبشکێنێت. بە بۆچوونی باوکی " ئەو شتانەی کە کچانی یەهوودی دەبوو فێریبن، ئەوەبوو کە چۆن ماسی بکەنە خۆراك و برِشتە بە ڕێکوپێکی ببڕن و منداڵی زۆر بۆ مێردەکانیان بێننە ژیانەوە". لەبەرئەوە ڕێگریی لە بەردەوامیی خوێندنی ئێما کرد. لەجیاتی ئەوە ئێمای نارد بۆ کارکردن لە کارخانە و هەوڵیدا لە پانزدە ساڵیدا ناچار بە شووکردنی بکات.

هوشیاربوونی ڕامیاریی ئێما گۆڵدمان و خوشکەکەی بە خەونی دونیای پڕ لە یەکسانی و دادپەروەری و ئازادی، ئەوانی لە ڕوسیە بەرەو ئەمەریکا هەڵخراند. ئێما گۆڵدمان لەتەك گەیشتنی بە " وڵاتی ئازادی، پەناگەی تەواوی سەرکوتکراوانی وڵاتان" دڵخۆشبوو و بیری دەکردەوە "ئێمەش لەنێو دڵی گەورەی ئەمەریکا شوێنێك پەیدادەکەین". بەڵام کەتواری ویژدانتەزێنی ژیانی کرێکاران لە ئەمەریکا بەخێرایی هیواکانی ئەویان گۆڕی بە نائومێدی. ئەو لە

کارخانەیەکدا وەرگیرا. ئەگەر چی هەل و مەرجی کارکردن بەراورد بە ڕوسیە باشتربوو، بەڵام شێوازی کار خێراتر و پەیڕەوی کارکردن دژواتر بوو و ئێما گۆڵدمان بۆ دە (١٠) سات و نیو تەنیا دوو دۆلار و پەنجا سێنتی وەردەگرت. ژیانی خێزانیی نشینگە یەهوودییەکان، بە هەمان ئەندازەی ڕوسیە تەنگ و دژاور بوو.

ڕوداوێك بەخێرایی هوشیاری ڕامیاریی (ئێما گۆڵدمان)ی وروژاند. ڕۆژی ٤ی مانگی مای ١٨٨٦، چالاکانی کرێکار و ڕادیکاڵ لە شیکاگۆ خۆنیشاندانێکیان بەرێخست، تاکو نارەزایەتی بەرانبەر سەرکوتکردنی ئاشکرای مانگرتن لەلایەن پۆلیسەوە دەرببڕن. کاتێك کە پۆلیس هەوڵیدا ڕێگریی لە خۆنیشاندانەکە بکات، بۆمبێك تەقییەوە، ژمارەیەکی زۆر بریندار بوون و پۆلیسێك کوژرا. لە تێکهەڵچژانەکانی دواتردا ژمارەیەك لە خۆنیشاندەران بە زۆری بەهۆی تەقەکردنی پۆلیس کوژران و شەش (٦) پۆلیسیش بە سەختی بریندارکران.

پۆلیس و بڵاوکراوەکان چەندین ئەنارکیستی ناسراوی (شیکاگۆ) بە تەقاندنەوەی بۆمبەکە تاوانبارکرد. وێڕای نەبوونی بەڵگەی پێویست، هەشت کەس سزادران، کە سزای حەوت کەسیان لەسێدارەدان بوو. ١١ی نۆڤەمبەری ١٨٨٧ چوار کەسیان لەسێدارەدران. سزای دوو کەسی دیکەیان بە زیندانی هەمیشەیی کەمکرایەوە و کەسێکیان خۆی کوشت. ئێما گۆڵدمان بەدڵنیابوونی لە بێتاوابوونیان، کەوتە خوێندنەوە و بەخێرایی ئەو گۆڕا بە ئەنارکیستێکی باوەڕ پتەو. بەپێچەوانەی وێناکردنی گشتییەوە شێوەی بنەڕەتیی چالاکی ڕامیاریی ئێما گۆڵدمان، پەروەردە بوو نەك توندوتیژی. ئەو بۆ وەستانەوە بە ڕووی سیستەمی ڕامیاریی ئەو کاتە و ئامادەکردنی خەڵك بۆ شۆڕش، سوودوەرگرتن لە قسەکردنی پەسەندتر دەبینی.

گۆتاردان و نووسینەکانی ئێما گۆڵدمان دەهەی دواتری بۆ ڕاگەیاندنی کۆمەڵێك کە ئامانجی بوو، خۆی تەرخانکرد. لە ساڵێکدا چەندین جار بەسەرتاسەری ئەمەریکادا گەشتیدەکرد و بە زمانی ئاڵمانی و عیبری و ئینگلیزی گۆتاری دەدا، گۆتارەکانی لەبارەی بابەتگەلی وەك ئەنارکیزم، ڕامیاری، ئازادی بەرگرتن لە سکپڕی، ئازادی ئابووریی ژنان، پەروەردەی ڕادیکاڵ و دژایەتی جەنگ بوون. هەروەها نامە و گۆتاری جۆراوجۆری دەنووسی. ساڵی ١٩١٠ یەکەمین بەرگی پەرتووکەکەی بەناوی "ئەنارکیزم و گۆتارگەلی دیکە" بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩١٤تێڕوانینەکانی لەجیاتی شانۆی هاوچەرخ لەژێر ناونیشانی "گرنگی کۆمەڵایەتیی درامای هاوچەرخ" چاپکرد.

ساڵی ١٩٠٦ بە سروشوەرگرتن لەو تێڕوانینەی " کە کوشندەترین هۆکار لە کۆمەڵدا، نەزانینە" بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕامیاریی و ئەدەبی خۆی بەناوی " دایکە زەوی" دەستپێکرد و تا ساڵی ١٩١٧ بەردەوامبوو.

**ڕێڕەو (مەزهەب)**
ئێما لە ساڵانی پێگەیندا بۆی دەرکەوتبوو، کە ئامانجەکانی ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی دێرینەی یەهودی، کە لەسەر دادپەروەری جیهانی پێدادەگرێت. بەڵام یەهودیبوونی وەك ڕێڕەوێك ڕەتدەکردەوە و باوەڕی ئاوا بوو، کە ڕێڕەو بەخۆی سەرکوتگەرە. ئەو دونیایەکی وێنادەکرد، کە شوناسی مرۆیی شوێنی باوەڕە مۆڕاڵیی و نەژادیی و ڕێڕەوییەکان دەگرێتەوە. ئێما گۆڵدمان سەرەڕای ڕەخنەی توندوتیژی لە سەهیۆنیزم، دەهەی ١٩٣٠ بەهۆی هەڵوێستی لەسەر "پێداویستی نائومێدانەی ملیۆنان مرۆڤ کە بەرەبەرە لەنێودەچوون" لەتەك هەوڵی یەهوودییەکان بۆ نیشتەجێبوون لە فەلەستین هاودەردیی خۆی نیشاندا، بەڵام بەمەرجێك کە ڕێز لە نیشتەجێیانی ئەو سەرزەمینە بگرن.

**مافی ژنان**
ساڵی ١٨٩٧ ئێما گۆڵدمان نووسی "من خوازیاری سەربەخۆیی ژنانم. مافی ئەوان بۆ لە خۆ پارێزگاریکردن و بۆ بۆخۆژیان و بۆ ئەویندارایی لەتەك هەرکەس کە دەخوازن، هەر چەند جارێك کە دەیانەوێت." بەپێچەوانەی زۆرێك لە ئەنارکیستەکانی ئەودەم کە ئاوا دەهزران، ستەم لە ژنان تەنیا بە دامەزراندنی کۆمەڵی نوێ لەنێودەچێت، ئێما گۆڵدمان ئاوای دەبینی کە ژنان بەدەست ستەمێکی تایبەتەوە ئازاردەچێژن، کە هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە. ئەو لە تەواوی سەردەمەکانی چالاکی خۆیدا، پێداویستیی ژنان بە ڕزگاری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕەگەزیی پێشنیاردەکرد. بەگوێرەی تێڕوانینی ئەو، خێزانی پیاوسالارانە و ستەمی ڕەگەزیی و گیروگرفتی دارایی لە پێگەی ژێردەستی ژناندا ڕۆڵیان هەیە و ڕێگریی بوژانەوەی تاکایەتی ئەوان دەبن، هەروەها ئێما لە تێکۆشاندا بۆ بەدەستهێنانی ئامرازەکانی بەرگرتن لە سکپڕیی، بووبووە ڕوخسایکی دەرکەوتوو و ناسراو.

ئێما گۆڵدمان لەسەر پێشنیارکردنی تێڕوانینەکانی لەو بوارانەدا چەندین جار زیندانیکرا. هەروەها لەتەك بزووتنەوەکانی ژنان کە ئەوانی بە کۆنەپارێز دەزانی، نەیارییدەکرد. ئەو دژی تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ژنان و کردنەوەی دەرگەی کارە پیشەییەکان بەڕووی ژناندا بوو و ئاوای دەبینی کە پەرە بە خۆشباوەڕبوون بە چاکسازیی ئەم سیستەمە گەندەڵە دەدەن. بە تێڕوانینی ئەو، ئەوانە دەبنە هۆی بەلاڕێدابردنی ژنان لە تێکۆشانە گرنگ و سەرەکییەکەدا؛ پێشکەوتن و ڕزگاری و سەربەخۆی ژن دەبێت لە دەروونی ژن خۆیەوە سەرهەڵبدات. سەرەتا بە خستنەڕووی خۆی وەك کەسایەتییەك نەك وەك کاڵا و بەرکار. دووەم، ملنەدانی ژن بە مافدارایی کەسانی دیکە بەسەر جەستەی خۆیدا؛ "... بە سەرپێچی لە

کۆیلەتی بۆ یەزدان و دەوڵەت و کۆمەڵ و مێرد و خێزان و هیدیکە ... بە ڕزگاربوون لە کۆتی قسەی خەڵکی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان".

**ئەوین و پەیوەندی سێکسی**

بەپێچەوانەی هەندێك لە هاوڕێکانییەوە، کە لە ڕامیاریدا ڕادیکاڵ بوون و لە ژیانی تایبەتیدا کۆنەپارێز، ئەو ئاوای دەبینی کە مرۆڤ دەبێت بەبێ هیچ جۆرە سنووربەندییەك بچێتە پای پەیوەندییە سێکسییەکان و چێژ لە ئەوان وەربگرێت، کە ئەوە پەیوەندی بە تێڕوانینەکانی لەجیاتی ئازادی بێسنوور و ئەزموونی هاوسەریی سەرنەکەوتووانەی ئەوە هەبوو. ئەو ساڵی ١٨٨٩ گوتی " ئەگەر ڕۆژگارێك ئەویندارى پیاوێك ببم، بەبێ هاوسەریی باو و دانپێدانراو لەتەك ئەودا تێکەڵدەبم، کاتێك کە ئەم ئەوینە مرد، ئیدی بەبێ مۆڵەت ئەو بەجێیدەهێڵم."

بەهۆی پشتیوانیکردنی لە هاوسێکسبازان ڕووبەڕووی هەندێك نەیاریی تەنانەت لەنێو ئەنارکیستەکاندا بووەوە، کە ئاوایان دەبینی ئەو تێڕوانینانە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دژایەتی بەرانبەر بزووتنەوەی ئەنارکیستی. ئەوی بڕوادار بە پێداویستیی ئەوین و پەیوەندی سێکسی بۆ بەدەستهێنانی کەسایەتی و بەرەوپێشچوونی کارەکەی، لە سەراپای تەمەنیدا بەسەرهاتی ئەویندارییی گەرموگوڕی هەبوو. درێژترین و گەرمترین پەیوەندی لەتەك بەڕێوەبەرەکەی (بۆن ڕیتمان) بوو، هەستی سێکسیی ئاوای لە ئەودا چێکرد، کە هەندێك کات سێبەری بەسەر لایەنی هۆشمەندیی و شیکەرەوانەیدا دەکرد. ئێما بۆ ئەوی نووسی "تۆ دەرگەکانی زیندانی ژنبوونی منت کردونەتەوە. گشت ئەو هەستانەی کە ئەو گشتە ساڵە لە مندا تێر نەبووبوون، هەروەك شەپۆلی تۆفانیی دەریایەکی هەڵچوو سەریاندەردێنا".

**تێکۆشان دژی جەنگ و وەدەرنان (وڵاتبەدەرکردن)**

بە بەشداریکردنی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە جەنگی یەکەمی جیهانی، ساڵی ١٩١٦ ئێما گۆڵدمان تەواوی وزەی خۆی خستە پێناو دژایەتیکردنی ئامادەکاری لەشکری دەوڵەت. ئەگەرچی ئەو پاسیڤیست (ئاشتیخواز) نەبوو، بەڵام ئاوای دەبینی کە دەوڵەت مافی ئەوەی نییە جەنگ هەڵبگیرسێێت. سەرەڕای تێڕوانینی ئەو، جەنگ یەکەمی جیهانی دیمەنی خراپترین لایەنەکانی جەنگی هاوچەرخ بوو؛ لە تێڕوانینی ئەودا ئەوە جەنگێك بوو، کە سەرمایەداران بە هەزێنەی کرێکاران و چەوساوان هەڵیانگیرساندووە. دەوڵەت ساڵی ١٩١٧ لەبەر چالاکی دژی جەنگ گۆڤاری ( دایکە زەوی) قەدەخەکرد.

١٥ی جونی ١٩١٧ کاتێك کە ئێما گۆڵدمان و ئەلێکساندەر بێرکمان بە تۆمەتی ئاژاوەنانەوە دەستگیرکران و بە دوو ساڵ زیندانی و وڵاتبەدەرکردنیان پاش ئازادبوونیان لە زیندان، سزا

دران. سێپتەمبەری ١٩١٩ دەستبەجێ پاش ئازادبوونیان لە زیندان، دووبارە دەستگیرکرانەوە و ٢١ سێپتەمبەری ١٩١٩ لەتەك ئەلێکساندەر بێرکمان و ٢٤٧ ڕادیکاڵی بیانی دیکە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت دەرکران. بەڵام وڵاتێك کە سەرەتا هیوای زیادی بە ئەو بوو، چاوەڕوانییەکانی ئەوی نەهێنایەدی و پاش بیست و سێ مانگ، ئەو دوو ئەنارکیستە سۆڤیەتییان جێهێشت.

**دوورخستنەوە**

ئێما گۆڵدمان ساڵی ١٩٣٤بێجگە لە گەشتێکی نەوەد ڕۆژە بۆ ئەمەریکا، باقی تەمەنی خۆی لە سوید و ئاڵمانیا و فەرەنسە و بریتانیا و ئیسپانیا و کەنەدا لە گەڕان بەدوای (یانە)ی ڕامیاریی تازەدا بردەسەر. ساڵی ١٩٢٥ئەو بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتنامەی نیشتەجێبوونی بریتانیا لەتەك کرێکارێکی کانەکان خەڵکی وێلس هاوسەرییکرد. دەهەی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ کە گیروگرفتە ئابوورییە زۆرەکان و دوورخرانەوەی بەردەوامی چالاکییە ڕامیارییەکانی ئەویان کەمکردبووەوە، فرەتر ڕووی لە نووسین نا. ساڵی ١٩٣١ پەرتووکێکی هەزار پەڕەیی بەناوی (ژیانی ژینی* من Living My Life) بڵاوکردەوە. سەرەتای دەهەی ١٩٣٠ مەترسییە لەڕادەبەدەرەکانی فاشیزم و نازیزمی دەرککردبوو. ساڵانی دواتر فرەتر خەریکی خستنەڕووی مەترسی هیتلەر و فاشیستەکان بوو.

جونی ١٩٣٦ کە جەنگی نێوخۆی ئیسپانیا هەڵگیرسا، ئێما گۆڵدمان بە گەرمی و ورەیەکی بەرزەوە، کە وەبیرهێنەرەوەی ساڵانی یەکەمی چالاکبوونی ئەو بوو لە ئەمەریکا، لەتەك ڕووداوەکانی ئیسپانیا تێکەڵبوو. ئەنارکیستەکان لە هەندێك بەشی ئیسپانیا خۆشەویستییەکی فراوانیان بەدەستهێنابوو و کاتێك کە گۆڵدمان سەردانی شار و کێڵگە سۆشیالیستییەکان (هەرەوەزییەکان)ی (ئاراگۆن) و (لوانتە)ی کرد، بەدیتنی شتێك کە بە تێڕوانینی ئەو سەرەتای شۆڕشێکی ڕاستەقینەی ئەنارکیستی بوو، خۆشی و گەشکە دایگرتبوو. ئەپریلی ١٩٣٩ پاش سەرکەوتنی فرانکۆ چووە کەنەدا و لەوێ کەوتە سەرپەرشتیکردنی پەنابەرانی ئیسپانیایی.

ساڵی ١٩٤٠ بەهۆی وەستانی دڵییەوە چیدی ئێما نەیتوانی قسەبکات. ١٤ی مای ١٩٤٠ پاش مردنی، ئیدی مۆڵەت بە تەرمەکەی درا، بچێتەوە خاکی ئەمەریکا. گۆڕی ئێما گۆڵدمان لە شیکاگۆ لە نزیکی گۆڕی ئەنارکیستەکانی خۆنیشاندانەکەی (هایمارکت)ە، کە سروشبەخشی ئەو بوون. هاری وینبێرگەر پارێزەر و هاوەڵی ئێما لە کاتی بەگۆڕسپاردنەکەیدا گوتی " تۆ بۆ هەمیشە لە دڵی هاوەڵەکانتدا زیندوویت و تا کاتێك کە بەسەرهاتی ژنان و پیاوانی ئازا و ئامانجداری بگێڕدرێتەوە، بەسەرهاتی ژیانی تۆ زیندوو دەمێنێتەوە".

* مەبەست لە وەرگێڕانی ژیاننامەی ئێما گۆڵدمان، ناساندنی ئەم کەسایەتییە شۆڕشگێڕە و ئاشناکردنی خوێنەرانی کوردە بە بەرهەم و نووسینەکانی، نەك پیرۆزکردن و بە بتکردنی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ، چونکە هاودەمی ئەو. هەزاران شۆڕشگێڕی گومناو بە خوێن و تێکۆشانی خۆیان ئەو زەمینەیان لەبارکردووە، کە ئێما گۆڵدمان و دەیانی وەك ئەو بتوانن خامەکانیان ئازادانە هزر و بۆچوونی خۆیان دەربڕن؛ بە واتایەکی دیکە ئەگەر خوێن و تێکۆشانی ئەو هاوڕێ گومناوانە نەبووایە، بەرهەمەکانی ئێما گۆڵدمان و کەسانی دیکەش لەدایکنەدەبوون. و.ك

بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئێما گۆڵدمان، کلیکی ئەم بەستەرەی خوارەوە بکەن:
پەرتووك، گۆڤار، گۆتار، نامەکانی ئێما گۆڵدمان
http://dwardmac.pitzer.edu/Anarchist_Archives/goldman/GoldmanCW.html

# نێستۆر ماخۆ گەریلایەکی ئەنارکیست*

گەریلایەکی ئەنارکیست، کەسێك کە ناوی بووەتە هاوپێچی ناوی کۆمونە کارگەری و جوتیارییەکانی ئۆکرانیا *

نێستۆر ماخۆ Nestor Makhno کەسێك کە سەرپەرشتی سەربازیی لەشکری بزاڤی ئەنارکیستی ناسراو بە بزاڤی ماخنۆڤیستی Makhnovshchina - Makhnovist movement کرد.

ئەو بزاڤە ڕەنگدانەوەی شۆڕشی (ڕوسیە)ی ١٩١٧ بوو لە ئۆکرانیا، لەوێندەرێ شۆڕش شێوەیەکی ئازادیخوازانەی لەخۆگرت و کرێکاران و جوتیاران دژی لەشکرەکانی تزاری و دژەشۆڕش و بۆلشەڤیکە سەرکوتگەرەکان جەنگین.

نێستۆر ئیڤانۆڤیچ ماخنۆ Nestor Ivanovich Makhno ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٩ لە ئۆکرانیا لەدایکبووە، ٢٥ی جولای ١٩٣٤ لە فەرەنسە مرد.

بزاڤی ماخنۆڤیست بەناوی (ماخنۆ) ئەنارکیستی ئۆکرانیایی ناونراوە، ئەوێك کە هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵێکی سەرەکی لە بزاڤەکەدا گێڕا. لە ڕاستیدا ماخنۆڤیستا Makhnovshchina پیت بە پیت دەکاتە بزاڤی ماخنۆ و بۆ هەمیشە ناوی ئەو لەتەك شۆڕشی هەرێمی باشووری خۆرهەڵاتی ئۆکرانیا گرێیخواردووە. ئەی ماخنۆ کێ بوو؟

نێستۆر ئیڤانۆڤیچ ماخنۆ Nestor Ivanovich Makhno ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٩ لە هولیای پۆلە Hulyai Pole شارۆچکەیەکی سی هەزار ٣٠.٠٠٠ کەسیی لە باشووری خۆرهەڵاتی ئۆکرانیا لەدایکبووە، کە کۆمەڵێك فێرگە و کارگەی تیدابوو.

ماخنۆ کوڕی خێزانێکی هەژاری جوتیاریی بوو. کاتێك کە ئەو تەمەنی دە هەیڤ بوو، باوکی مرد، ژیانی ئەو و چوار براکەی دیکەی کەوتۆتە سەرشانی دایکیان. لەبەر هەژاری و نەداری لە ڕادەبەدەری خێزانەکەی، ناچار لە حەوتساڵیدا ماخنۆ خەریکی شوانکارەیی بووە. لە هەشت ساڵیدا لە فێرگەی سەرەتایی هولیای پۆلە کەوتووتە خوێندن و بە زستاندا خوێندویەتی و بە هاویندا لای دارا نێوخۆییەکان کاری کردووە. کاتێك کە تەمەنی گەیشتووەتە دوازدە ساڵان وازی لە خوێندن هێناوە و ملی بە کاری تەواو کات وەك کرێکاری کشتوکاڵی لەسەر زەویوزاری خانزادە و کێڵگە داگیرکراوەکانی ژێرچەپۆکی کۆلاکەکان (جوتیارە دەوڵەمەندەکان)ی ئاڵمانیا کاری کردووە. لەتەمەنی هەڤدە ساڵیدا لە هولیای پۆلە سەرەتا وەك شاگردی وێنەکار و

پاشان وەك کرێکارێکی بێپیشە لە کارخانەیەکی ئاسنگەریدا کەوتووەتە کارکردن و دواجار وەك ئاسن-دارێژەر لە هەمان ڕشتەدا دەستبەکار بوو.

هەر لەو کاتەدا بوو کە لە ئاسندارێژیدا کاریدەکرد، بەشداری ڕامیاریی شۆڕشگێڕانەی کرد. ساڵانی ناجێگیری پاش شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕوسیە، ماخنۆ تێکەڵ بە ڕامیاریی شۆڕشگێڕانە بوو. ئەو بڕیارەی ئەو بۆ ئەزموونەکانی خۆی لەبارەی ستەم لە شوێنی کار و دیتنەکانی لە تیرۆرگەری ڕژێمی ڕوسی کاتی ڕووداوەکانی ١٩٠٥ دەگەڕایەوە ( لەو کاتەدا لە 'هولیای پۆلە' بارگرژییەکی ئاوا لەئارادانەبوو، سەرەرای ئەوە ڕژێم هەژمارێکی زۆری لە هێزی پۆلیسی-دابڕی بۆ سەرکوتی کۆبوونەوە و کۆڕ و کۆمەڵەکان بۆ چاوترسێنکردنی ڕێبواران و لێدانی زیندانیان بە قۆنداخە تفەنگ لەسەر شەقامەکانی شارۆچکەکە نارد). ساڵی ١٩٠٦ ماخنۆ بڕیاریدا بە گروپێکی ئەنارکیست لە هولیای پۆلە پەیوەستبێت، گروپێك کە ساڵێك لەوەوپێش بە زۆری لە کوڕانی جوتیارە هەژارەکان پێکهاتبوو.

کۆتایی ساڵی ١٩٠٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٠٧ ماخنۆ بەتۆمەتی کوشتنی ڕامیارانە دەستبەسەرکرا، بەڵام لەبەر لەدەستدانەبوونی بەڵگە بۆ ئەو تۆمەتە، لە زیندان هاتەدەر. ساڵی ١٩٠٨ بەتۆمەتی هەڵبەستراو لەلایەن پۆلیسێکی سیخور لەنێو گروپەکە دەستبەسەرکرا و خرایە زیندان. مارچی ١٩١٠ ماخنۆ و سیازدە کەسی دیکە لە دادگەیەکی سەربازییدا سزای لە سێدارەدانیان بۆ بڕایەوە. ماخنۆ بەهۆی کەمی تەمەن و هەوڵ و تێکۆشانی دایکییەوە، سزای لە سێدارەدانەکەی گۆڕدرا بە زیندانیی هەمیشەیی لەتەك کاری سەخت. لە ماوەی زیندانیبوونەکەی لە زیندانی بوتیرکی Butyrki لە مۆسکۆ، بە هەموو شێوازێکی لەبەردەست و گونجاو بەرهەڵستی دەسەڵاتدارانی زیندانەکەی دەکرد، هەر بەهۆی ئەو بەرهەڵستیی-کردنەیەوە زۆربەی ماوەی زیندانییبوونەکەی بە زنجیرکراوی یا لە سیاچاڵە سارد و شێدارەکاندا بەسەربرد. ئەو ئەزموونە ڕکوکینەی لە ڕادەبەدەری ماخنۆی لە زیندانەکان زیاتر کرد ( دواتر لە سەردەمی شۆڕشدا، یەکەمین ئەرکی لەتەك گەیشتنی بە هەر شار و شارۆچکەیەك، ئازادکردنی زیندانییەکان و وێرانکردنی زیندانەکان بوو).

ماخنۆ لە کاتی زیندانییبوونەکەیدا لە زیندانی بوتیرکی لەتەك پیتەر ئارشینۆڤ Peter Arshinov هاوزیندانییەکی ئەنارکیست، کە دواتر بووە چالاك و مێژوونووسی بزاڤی ماخنۆڤیستی، بوونە هاوەڵ. پیتەر ئارشینۆڤ ساڵی ١٨٨٧ لە شارۆچکەی پیشەسازیداری کاتێرینۆسلاڤ Katerinoslavی ئۆکرانیا لەدایکبوو بوو. باوکی کرێکاری کارخانە و کانەکان بوو. پیتەر ئارشینۆڤ لە بنەڕەتدا بۆڵشەڤیك بوو و ساڵی ١٩٠٦ بووبوو بە ئەنارکیست، لە

ڕێکخستنی کرێکاران و کاری کارخانەدا دژی ڕژێم ڕۆڵێکی ڕابەرانەی دەگێڕا. ساڵی ١٩٠٧ دەستبەسەر کراو بە مردن سزادرا و بەرەو ئۆروپای خۆراوایی هەڵهات. ساڵی ١٩٠٩ گەڕایەوە ڕوسیە و دووبارە گیرایەوە و دیسانەوە هەڵهاتەوە. ساڵی ١٩١٠ گیرا و خرایە زیندانی بوتیرکی و لەوێندەرێ بوو، کە لەتەك ماخنۆ ئاشنابوو. هەر دوو ئەنارکیست هاوەڵێتییەکی کەسیی و ڕامیاریی توندوتۆڵیان پێکهێنا و ئارشینۆڤ لە پەرەدان و قوڵکردنەوەی بۆچوونە ئەنارکیستییەکاندا کۆمەکی ماخنۆی کرد.

ڕۆژی ٢ی مارچی ١٩١٧ پاش هەش ساڵ و هەشت مانگ مانەوە لە زیندان ماخنۆ لەتەك زیندانییە ڕامیارەکانی دیکەدا وەك سەرەنجامی شۆڕشی فێبریوەری ئازادبوو. پاش بەسەربردنی سێ هەفتە لە مۆسکۆ لەتەك ئەنارکیستەکانی ئەوێندەرێ، ماخنۆ گەرایەوە بۆ هولیای پۆلە. وەك تاقە زیندانییەك کە بەهۆی شۆڕشەوە بۆ ناو خێزانەکەی گەڕایەوە، بە شێوەیەکی تایبەت لە شارۆچکەکەیدا ڕێز لە ماخنۆ دەگیرا. پاش ساڵانێك لە زیندانییبوون و ئەشکەنجە، ماخنۆ وەك هەرزەکارێکی چالاکی بێپێشینە نەگەڕایەوە، بەڵکو وەك ئەنارکیستێکی پەروەردە و جەنگاوەر هاوڕای بیرۆکەی بەهێز لەبارەی ململانێی کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی شۆڕشگێڕانە گەڕایەوە، ئەو بیرۆکانەی کە دەستبەجێ بۆ پیادەکردن دەگونجان. ماخنۆ کاتێك کە لە هولیای پۆلە نیشتەجێبوو، بەزوویی خۆی بۆ کاری شۆڕشگێڕانە تەرخانکرد. ئەندامەکانی دیکەی گروپە ئەنارکیستییەکە و ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاران چوونە سەردانی ئەو. پاش گۆڕینەوەی بۆچوون و تێروانین لەتەك ئەوان، پێشنیاری دەستبەجێ دەستکردن بە کاری ڕێکخراوەیی بۆ گرێدانەوەی جوتیارانی هولیای پۆلە و دەوروبەری لەتەك گروپە ئەنارکیستەکان. ڕۆژی ٢٨-٢٩ی مارچ بە سەرپەرشتکاری ماخنۆ یەکێتی جوتیاران پێکهات. پاشان یەکێتی لەو چەشنەی لە گوند و شارۆچکەکانی دیکەی ناوچەکەدا ڕێکخست. ماخنۆ ڕۆڵێکی سەرکەوتوو و بەرچاوی لە مانگرتنی کرێکارانی دارتاشی و کانەکان لە کارخانەیەکدا کە هی پیرە خاوەنکارە پێشوویەکەی خۆی بوو (ئەو تێکشکانە ئاوای لە خاوەنکارەکانی دیکە کرد، مل بە داخوازی کرێکارەکانیان بدەن). لە هەمانکاتدا جوتیارەکان ئامادەنەبوون کرێ بە خاوەن زەمینەکان بدەن[١].

ئەنجوومەنە ناوچەییەکانی جوتیاران لە ناوچەی هولیای پۆلە و ناوچەکانی دیکە ڕاگەیێندران، هەروەها ڕۆژی ٥-٧ی ئۆگوست کۆنگرێسی هەرێمی لە کاتێرینۆسلاڤ Katerinoslav بڕیاریدا سەرلەنوێ یەکێتییە جوتیارییەکان لەنێو سۆڤییەت "کۆمون"ەکانی جوتیاران و نوێنەرانی کرێکاراندا ڕێکبخاتەوە.

بەو شێوەیە ماخنۆ و هاوکارەکانی "بەهیوای خێراکردنی دەستبەسەرداگرتنی داراییە گەورەکان"، پرسە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکانیان ئامێتەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کرد.[٢] لە هولیای پۆلە، شۆڕش لەچاو شوێنەکانی دیکە خێراتر دەبزووت (بۆ نموونە، لەکاتێکدا کە سۆڤیەتی ئەلێکساندرۆڤسك Aleksandrovsk لە پیترۆگراد ڕۆژانی جولای پشتیوانیان لە کارەکانی فەرمانداری کاتیی دەکرد، بەڵام لە هولیای پۆلە بۆ هاودەنگیی و پشتیوانیکردنی سەربازانی یاخی و کرێکاران کۆبوونەوەیەك دەکرێت). جوتیاران لە گشت لایەکەوە بەرەو هولیای پۆلە بۆ بەدەسهێنانی ڕێنوێنی و کۆمەك لەلای نێوەندە بەڕێوەبەرایەتییە نزیکەکانیان (بەڕێوەبەرایەتییە سەربەخۆکان/ Volosts) دەکشان. چینی جوتیاران دەیویست دەستبەسەر زەمینی زەویدارە گەورەکان و کۆلاکەکاندا بگرێت. ماخنۆ ئەو داخوازییەی لە یەکەمین دانیشتنەکانی سۆڤیەتە هەرێمییەکاندا پێشکەشکرد، ئەوەی کە لە هولیای بەرزکرایەوە. مانگی ئۆگوست، ماخنۆ گشت داراکان [موڵکدارە] نێوخۆیی و جوتیارە دەوڵەمەندەکانی kulaks بانگهێشتکرد و هەموو بەڵگەنامەکانی دارایی زەوی، وڵاخ و ئامێری لە ئەوان سەندنەوە. لیستی داراییەکان چێکراو و وەك ڕاپۆرتێك بۆ دانیشتنی سۆڤیەتی ناوچەکە و کۆبوونەوەی هەرێمیی بەرزکرایەوە. لەوێدا بڕیاری ئەوە درا، کە هەموو زەمینەکان و وڵاخ و ئامێرەکان بەیەکسانی دابەشێنرێن و دابەشکردنەکەش خودی خاوەنزەوییەکانیشی دەگرتەوە. ئەوە نێوەڕۆکی پرۆگرامی کشتوکاڵیی بزووتنەوەکە بوو، واتە هەڵوەشاندنەوەی دارایی تایبەتی داراکان و کۆلاکەکان. هیچ کەس مافی ئەوەی نەبوو، زەوی زیاتر لەوەی کە دەتوانێت بەخۆی تێدا کاربکات - بەبێ ئەوەی کەسێکی دیکە بەکرێبگرێت- هەیبێت. ئەوە هەمووی بەرهەڵستکاری بوو بەرانبەر فەرمانداری کاتیی کە لەسەر ئەوە پێداگرییدەکرد، ئەو پرسانە گشت کاری ئەنجومەنی دامەزرێنەرانن Constituent Assembly. هەر ئاوا کۆمونە ئازادەکان لەسەر زەمین و دارایی خاوەنزەوەوییە کۆنەکان پێکهاتن.

بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە بەهۆی بەرهەڵستیکردنی خاوەنزەوی و کۆلاکەکانەوە دواخرا، کە خۆیان ڕێکخستبوو و پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارانی کاتییەوە کردبوو. کاتێك کە جەنەراڵ کۆرنیلۆڤ Kornilov هەوڵیدا لەشکرکێشی بۆ سەر پترۆگراد بکات و دەسەڵات بەدەستەوەبگرێت، سۆڤیەتی هولیای پۆلە بەڕابەری ماخنۆ دەستپێشخەری لە پێکهێنانی کۆمیتەیەکدا بۆ ڕزگارکردنی شۆڕش کرد. ئامانجی سەرەکی چەککردنی دوژمنە نێوخۆییەکان -خاوەنزەوییەکان و سەرمایەدارەکان و کۆلاکەکان- بوو، هەر ئاوا هەڵوەشاندنەوەی دارایی ئەوانە بەسەر سامانەکانی خەڵکیدا: زەمین و کارخانە و کێڵگەکان و کارخانەکانی چاپەمەنی و شانۆکان و هیدیکەیش. ڕۆژی ٢٥ی سێپتێمبەر کۆنگری

بەڕێوەبەرایەتییە سۆڤیەتەکان و ڕێکخراوەکانی جوتیاران لە هولیای پۆلە دەستبەسەرداگرتنی زەمینی داراکان و گۆڕینی بە دارای کۆمەڵایەتی [گشتی] ڕاگەیاند. هێرش بۆ سەر دارایی داراکان و جوتیارە دەوڵەمەندەکان -لەنێویاندا داگیرکەرە ئاڵمانەکان- دەستیپێکرد و دەستکرا بە لێسەندنەوەی دارایی دەستبەسەرداگرەکان (زەمیندارە گەورەکان و داگیرکەرە ئاڵمانەکان).

کاتێك کە فەرمانداریی ڤلادیمیر لێنین لە بەهاری دواتردا ڕێکەوتننامەی برێست لیتۆڤسك Brest-Litovskی واژۆکرد، چالاکییەکانی ماخنۆ ڕاگیران. ئەو ڕێکەوتننامەیە بەشێکی گەورەی ئیمپراتۆری ڕوسی لەنێویدا ئۆکرانیای لە بەرانبەر ئاشتیدا بە ئاڵمانیا و نەمسا بەخشی. هەر ئاوا ڕێکەوتننامەکە داگیرکردنی ئۆکرانیای لەلایەن هەژمارێکی گەورەی هێزی ئاڵمانی و نەمساوییەوە پەسەندکردبوو، کە سەراپای وڵاتەکەی لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگ داگیرکرد. ماخنۆ لە پێکهێنانی یەکە سەربازییەکاندا، کە هەزار و حەوت سەد (١٧٠٠) کەسیان دەگرتەخۆ، سەرکەوتوو بووە. بەڵام نەیتوانی بەر بە داگیرکردنی هولیای پۆلە بگرێت. پاش کۆنگریسی ئەنارکیستان کۆتایی ئەپریلی هەمان ساڵ لە تاگانڕۆگ Taganrog، کۆنگرێسەکە بڕیاری ڕێکخستنی یەکەی جەنگاوریی بچووکی پێکهاتوو لە پێنج تا دە جوتیار و کرێکار، کۆکردنەوەی چەك لە دوژمن و هەڵخرانی ڕاپەڕینی سەرتاسەریی جوتیاران دژی هێزەکانی ئاڵمانیا و نەمسا و ناردنی گروپێکی بچووك بۆ ڕوسیای سۆڤیەتی بە پلەی یەکەم بۆ ئەوەی بزانرێت کە لەوێندەرێ شۆڕش و ئەنارکیستەکان لەژێر سایەی بۆلشەڤیکەکاندا چییان بەسەردا هاتووە.

ماخنۆ یەکێك بوو لە گروپەکە. مانگی جونی هەمان ساڵ ماخنۆ گەیشتە مۆسکۆ. ئەو دەستوبرد چاوی بە هەندێك لە ئەنارکیستەکانی ڕوسیە (لەنێویاندا هاوەڵی دێرینی پیتەر ئارشینۆڤ) کەوت. بزاڤی ئەنارکیستی لە مۆسکۆ لاواز بووبوو، بەهۆی هێرشی چێکا دەزگەی ئاسایشی بۆلشەڤیکەکان Cheka the Bolshevik secret service مانگی ئەپریل بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەکە شکابوو، هەر بەو جۆرەش هێرشی ڕامیاریی چەپ بۆ سەر بۆلشەڤیکەکان تێکشکابوو. بۆ ماخنۆ کە لە ناوچەیەکەوە هاتبوو، ئازادی ڕادەربڕین و ڕێکخراوبوون شتێکی جێکەوتەبوو، لاوازیی ئاستی چالاکیکردن بۆ ئەو شتێکی تەکاندەربوو. بۆ ئەو مۆسکۆ وەك پایەتەختی شۆڕشێکی کارتۆنیی بوو، کارخانەیەکی گەورەبوو کە تێیدا بڕیار و دروشمی بێنێوەرۆکی تاکە پارتییەکی ڕامیاریی لەوێندەرێ دەردەچوون، پارتییەك کە بەهۆی دەستبەسەرداگرتن و خۆسەپاندن خۆی گەیاندە پلەی فەرمانداریی.[٣] هەر ئاوا ماخنۆ سەردانی ئەنارکیستی دەرکەوتە پیتەر کرۆپۆتکین Peter Kropotkinی کرد، لەتەك ئەو

لەبارەی کاری شۆڕشگێڕانە و بار و دۆخی ئۆکرانیا ڕاوێژیکرد.

کاتێك کە ماخنۆ لە مۆسکۆ بوو، چاوی بە لێنین Lenin کەوت. ئەو دانیشتنە بە ڕێکەوت بوو. ئەو بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی مانەوە و خواردنی خۆڕایی سەردانی کرێملین Kremlin دەکات، لەو سەردانەدا سەرۆکی کۆمیتەی سەرتاسەری ڕوسیەی نێوەندی بەڕێوەبەرایەتی سۆڤیەتەکان ژاکۆڤ م. سڤێردلۆڤ Jakov M. Sverdlov دەبینێت، هەر ئەویش چاوپێکەوتنی ماخنۆ و لێنین دەڕەخسێنێت. لێنین لە ماخنۆ دەپرسێت "جوتیارەکانی ناوچەکەت چۆن لە دروشمی گشت دەسەڵات بۆ سۆڤیەتەکان لە دیهاتەکان تێگەیشتوون؟ "، وەك ماخنۆ خۆی دواتر دەڵێت، لێنین بە وەڵامەکی ئەو سەری سوڕدەمێنێت " جوتیارەکان بە شێوازی تایبەتی خۆیان لەو دروشمە تێگەیشتوون. بەگوێرەی لێکدانەوەی خۆیان. هەموو دەسەڵاتەکان لە هەموو ناوچە ژیارییەکاندا، پێویستە هەست بە هەمان دەرکی هوشیاری و لێهاتوویی خەڵکی کرێکار بکرێت. جوتیاران لەوە تێگەیشتوون، کە سۆڤیەتەکانی کرێکاران و جوتیارانی دێهات، وڵات و ناوچەکان، لە ئامرازەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانە و خۆبەڕێوەبەرایەتییە ئابوورییەکانی خەڵکی کرێکار لە تێکۆشان دژی بۆرجوازی و بەکرێگیراوانی ئەو و سۆشیالیستە ڕاستڕەو و فەرماندارییە هاوبەشەکەیان، زیاتر نین".

لێنین لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێت " دەی باشە، کەواتە جوتیارانی ناوچەکەت توشی ئەنارکیزم بوون!"[٤] دواتر لە وتووێژەکەدا، لێنین درێژەی دەداتێ " ئایا ئەنارکیستەکان هەرگیز لە کەتواری دونیای هاوچەرخدا ددان بە کەمایەتیبوونی خۆیاندا دەنێن؟ بۆچی هیچ کاتێك بیر لە ئەوە ناکەنەوە". ماخنۆ لە وەڵامدا دەڵێت " هاوڕێ لێنین، بەڵام پێویستە من بە تۆی ڕابگەیێنم، ئەو پاگاندەیەت، کە ئەنارکیستەکان لە کەتواری هاوچەرخ تێناگەن، ئەوەی کە ئەوان پەیوەندییەکی کەتوارییان لەتەکی نییە و ...تد، لە بنەڕەتەوە هەڵەیە. ئەنارکۆ کۆمونیستەکان لە ئۆکرانیا ... ئەناکۆ-کۆمونیستەکان دەڵێم، بۆ ئەوە زۆر بەڵگەیان بەدەستەوەداوە، کە ڕیشەیان لە کەتواری ئێستادا داکوتاوە. سەراپای تێکۆشانی شۆڕشگێڕە دێهاتنشینەکانی ئۆکرانیا دژی کۆبوونەوەی نێوەندیی Central Rada لەژێر ئاراستەی ئەنارکۆکۆمونیستەکان بە زۆری و بەڕادەیەکیش سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان بەڕێوەبراوە ... بۆلشەڤیکەکانی تۆ بۆ دەرمانیش لە دێهاتەکانی ئێمەدا بوونیان نییە. بەجۆرێك کە کاراییان تا ڕادەی نەبوون دابەزیوە. نزیکەی گشت ئەنجومەنەکانی جوتیاران و کۆمونەکان لە ئۆکرانیا بە هەڵخرانی ئەنارکۆکۆمونیستەکان پێکهاتوون. تێکۆشانی چەکدارانە بەرانبەر دژەشۆڕش بەگشتی و بەرانبەر بە هێرشی لەشکری نەمسا و ئاڵمانیا بەتایبەت بەئاراستەی ڕێکخراوەیی

ئەنارکۆکۆمونسیتەکان سەری گرتووە. بەدڵنیاییەوە ئەوە بۆ پارتییەکەی تۆ هیچ گرنگ نییە، تا بەهۆی ئەو گشتەوە باوەڕ بە ئێمە بدات، بەڵام ئەوانە ڕاستین و تۆ ناتوانیت نکۆڵی لە ئەوانە بکەیت. من ئاوای بۆ دەچم تۆ ئەوە باش دەزانیت، هێزی چالاك کێیە و توانای جەنگینی هێزە خۆبەخشە شۆڕشگێڕەکانی ئۆکرانیا چییە. بەبێ هۆ نییە، کە تۆ ڕاتگەیاند بەشێوەیەکی پاڵەوانانە پێداگرییان لە دەستکەوتە شۆڕشگێڕییە هاوبەشەکان کرد. لەنێو ئەوانەدا لایەنی کەم نیوەیان لەژێر ئاڵای ئەنارکیستیدا جەنگین ....

گشت ئەوانە نیشانیدەدەن، کە تۆ چەندە بە هەڵە چوویت، هاوڕێ لێنین، بەگوێرەی ئەوەی کە ئێمە ئەنارکۆکۆمونیستەکان پێی ئێمە لەسەر زەوی نییە، ئەوەی کە هەڵوێستمان بۆ ئێستا خەمناکە، ئەوەی کە خەون بە داهاتووەوە دەبینین. ئەوەی لەم چاوپێکەوتنەدا بە تۆ دەڵێم، لەبەرئەوەی کە ڕاستییە، وەڵام وەرناگرێت. ئەوەی کە من لێرەدا بۆ تۆی دەخەمەڕروو، پێچەوانەی ئەو سەرەنجامەیە کە تۆ لەبارەی ئێمەوە بەدەستتهێناوە. هەموو کەس دەتوانێت، ئەوە ببینێت کە ئێمە ڕەگمان لە ئێستادا داکوتاوە، ئەوەی کە کاردەکەین و بەدوای ئامرازگەلێکدا بۆ بەدەسەینانی داهاتوو دەگەڕێین، لە ڕاستیدا ئێمە بە پەیگیرییەوە لەتەك ئەو گرفتەدا کار دەکەین". لێنین لە وەڵامدا دەڵێت "لەوانەیە من هەڵە ببم". [٥]

بۆلشەڤیکەکان لە گەڕانەوەی ماخنۆ بۆ ئۆکرانیا یارمەتیدەدەن. ئەو بە دژوارییەکی زۆرەوە گەشتەکەی ئەنجامدا. جارێکیان خەریکبوو ماخنۆ بکوژرێت. لەلایەن هێزەکانی ئاڵمانیا و نەمساوە گیرا و لەو کاتەدا نامیلکە و بڵاوکراوەی ئازادیخوانەی لەتەك خۆی هەڵگرتبوو. دانیشتوویەکی جولەکەی هولیای پۆلە، کە ماوەیەك بوو ماخنۆی دەناسی، توانی بە پێدانی بڕەپارەیەکی زۆر بە هێزەکانی ئاملمانیا و نەمسا بۆ ئازادبوونی، لە مردن بیپارێزێت. کاتێك کە گەڕایەوە هولیای پۆلە، دەستیکرد بە ڕێکخراوکردنی بەرهەڵستی دژ بە هێزە داگیرکەرەکانی نەمسا و ئاڵمانیا و ڕژێمە بەکرێگیراوەکەیان بەسەرۆکایەتی هیتمان سکۆرۆپادسکی Hetman Skoropadsky. دەتوانرێت بگوترێت بزاڤی ماخنۆڤیستی لەتەك بەرهەڵستیدا سەریهەڵداوە. ماخنۆ جولای ١٩١٨تا ئۆگوستی ١٩٢١ سەرکردایەتی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی چینی کرێکاری دژ بە هەموو چەوسێنەران، چ بۆلشەڤیك و سپییەکان (دژەشۆڕش) چ ناسیونالیستەکان کردووە. لە ڕەوتی ئەو تێکۆشانەدا توانی خۆی وەك "سەرکردەیەکی گەریلایی لێهاتوو و بەتوانا" بسەلمێنێت. [٦]

پاش تێکشکانی بزاڤی ماخنۆڤیستی ١٩٢١، ماخنۆ بۆ ئۆروپای خۆراوایی دوورخرایەوە. ساڵی ١٩٣٤ لە پاریس کۆتایی بەتەمەنی هات، هەرلەوێشدا دواسەتەکانی ژیانی بەسەربرد. هەر ئاوا

لەوێدا وەك چالاكێكی بزاڤی ئەناركیستی مایەوە و شمشێرەكەی گۆڕی بە پێنووس (بەكاربردنی دەربڕینێكی ڕەنگینی ئەلێكساندەر سكیردا Alexander Skirda). ماخنۆ بە گۆتار بەشداری لە ڕۆژنامە ئەناركیستییە جۆراوجۆرەكان و بەتایبەت لە دەنگی كرێكار Dielo Truda كرد، كە بڵاوكراوەیەكی ئەناركیست-كۆمونیست بوو و لە پاریس لەلایەن (پیتەر ئارشینۆڤ) دەردەكرا، زۆرێك لەو گۆتارانە لە پەرتووكێكدا بەناوی (تێكۆشان دژی دەوڵەت و گۆتارەكانی دیكە)، بڵاوكرانەوە. ماخنۆ لە بزاڤی ئەناركیستیدا تا كۆتایی ژیانی چالاك مایەوە.

ماخنۆ ساڵی ١٩٢٧ لە پاریس چاوی بە ئەناركیستە ناسراوەكانی ئیسپانیا بوێناڤێنترا دوڕوتی Buenaventura Durruti و فرانسیسكۆ ئاسكازۆ Francisco Ascaso كەوت. ئەو داكۆكی لە ئەوە كرد "بار و دۆخ بۆ شۆڕشی پێكهاتە بەهێزی ئەناركیستی لە ئیسپانیا فرەتر لەبارترە تاوەكو لە ڕوسیە"، لەبەرئەوەی نەك تەنیا لەوێندەرێ پرۆلیتاریا و جوتیاران دارای نەریتی شۆڕشگێڕانە بوون، بەڵكو لەبەرئەوەش كە پێگەیینی ڕامیاریی لە كاردانەوەكانیدا دەبینرا، ئەناركیستەكانی ئیسپانیا دەركی ڕێكخراوەییان هەبوو، ئەوەی كە ئێمە لە ڕوسیە نەمابوو. ڕێكخراوبوونێك، كە سەركەوتنی لە هەناوی هەموو شۆڕشەكاندا مسۆگەردەكرد". ماخنۆ چالاكییەكانی گروپی ئەناركیستی هولیای پۆلە و ڕوداوەكانی ئۆكرانیای شۆڕشگێڕی هەژماركرد "كۆمونە كشتكارییەكانمان یەكێك بوون لە نێوەندە زیندووە ئابووریی و ڕامیارییەكانی سیستەمە كۆمەڵایەتییەكەمان. كۆمەڵەكان بە بنەمای خۆپەرستی تاكگەرایی پشتئەستوور نەبوون، بەڵكو پشتیان بە سەرەتاكانی هاوپشتی نێوخۆیی و ناوچەیی و سەرتاسەری بەستبوو. بە هەمان شێوە ئەندامانی كۆمەڵەكان هەستیان بە هاوپشتی نێوان خۆیان دەكرد، كۆمەڵەكان لەتەك یەكدی یەكییانگرتبوو. ئەوەی كە بەرانبەر سیستەمەكەمان لە ئۆكرانیا دەگوترا ئەوەبوو، كە ناتوانێت بەردەوامبێت، لەبەرئەوەی تەنیا لە جوتیاران پێكهاتبوو. ئەوە ڕاستنەبوو. كۆمەڵەكانمان تێكەڵەیەك بوون لە كشتوكاڵی (كێڵگەیی) و پیشەسازی و تەنانەت هەندێكیان تەنیا پیشەسازیی بوون. ئێمە گشت جەنگاوەر و كرێكار بووین. كۆمەڵەی گەلیی بڕیارەكانی دەردەكرد. لە ژیانی سەربازیدا كۆمیتەی جەنگی پێكهاتوو لە نوێنەرانی گشت دەستە گەریلاكان سەرپەرشتیدەكرد. بۆ بە ئامانج گەیاندن، هەموو كەسێك بەشداری لە كاری هەرەوەزییدا كرد، تاوەكو بەر بە سەرهەڵدانی توێژی بەڕێوەبەران ئەوانەی كە دەسەڵات پاواندەكەن، بگیردرێت. ئێمە لەوەشدا سەركەتووبووین." [٧]

ساڵی ١٩٣٦ لەتەك دەستپێكی جەنگی نێوخۆ و شۆڕش لە ئیسپانیا، ژمارەیەك لە جەنگاوەرانی سوپای یاخی ماخنۆ چوون بۆ جەنگین لە ستونی دوڕوتی Durruti column.

مەخابن، مەرگی ماخنۆ ساڵی ١٩٣٤ رێگربوو لە ڕاگەیاندنە کۆتاییەکەی بۆ دوو ئیسپانی "ماخنۆ هەرگیز جەنگینی ڕەدنەکردۆتەوە. ئەگەر زیندووبم، کاتێك کە تیکۆشانەکەتان دەستپێدەکات، لەتەکتان دەبم". لە { Paz, Op. Cit., p. ٩٠ } وەرگیراوە.

چالاکیی هەرە ناسراوی ماخنۆ لە دوورخراوگە کۆمەڵەکەی بوو، هاوڕا و داکۆکی لە سەکۆی رێکخراوەیی کۆمونیزمی ئازادیخواز the Organisational Platform of the Libertarian Communists ناسراو بە سەکۆ Platform، دەکرد. سەکۆ هەوڵیدا هەرچی لە شۆڕشی ڕوسیەدا هەڵەبوو، لێکبداتەوە و پێشنیاری ڕێکخراوی ئەنارکیستی پتەوتری لە داهاتوودا کرد. ئەو بۆچوونە پاش بڵاوبوونەوەی مشتومڕێکی توندی لەتەك زۆربەی ئەو ئەنارکیستانەی کە ڕەتیاندەکردەوە، بەرێخست. هەرچەندە ماخنۆ تا کاتی مردنی ساڵی ١٩٣٤ وەك ئەنارکیستێك مایەوەئە، بەڵام ئەو تێڕوانین گۆڕینەوەیە بەزۆری بووە هۆی مشتومڕی توند و تاڕادەیەك ئەوی لە هەندێك لە هاوەڵەکانی تەریکخستەوە، لەوانە ڤۆلین کە دژی سەکۆ بوو.

بەرەبەیانی بیست و پێنجی جولای ١٩٣٤ماخنۆ مرد و سێ ڕۆژ دواتر جەستەکەی سوتێنرا و خۆڵەمێشەکەی لە گۆزەیەکدا لە پێر لەشەیز Père Lachaise گۆڕستانی کۆمونەی پاریس خرایە ژێر خاك. پێنج سەد کەس لە هاوڕێیانی ڕوس و فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتالی ئامادەی بەرێکردنی تەرمەکەی بوون، لەوانە ئەنارکیستی فەرەنسی پییەر بێسنارد Pierre Besnard و ڤۆلین Voline قسەیانکرد، ڤۆلین ئەو هەلەی بۆ ڕەتکردنەوەی پاگەندەی دژە سامیگەرایی anti-Semitism ماخنۆم کە بۆلشەڤیکەکان هەڵیانبەستبوو، قۆستەوە. هاوسەرەکەی ماخنۆ، هالینا Halyna هاتە دوان. بەو جۆرە ژیانی یەکێك لە جەنگاوەرەکانی ئازادی چینی کرێکار کۆتاییهات.

وشەکانی دووروتی Durruti بۆ ماخنۆ سەرنجراکێشتر بوون " ئێمە هاتووین سڵاو لە تۆ بکەین، تۆی سیمبولی گشت ئەو کەسە شۆڕشگێڕانەی کە لەپێناو کەتوارییکردنی هزرە ئەنارکیستییەکان لە ڕوسیە جەنگین و گیانیانبەختکرد. هەر ئاوا بۆ دەربڕینی ڕێزمان بەرانبەر ئەزموونی دەوڵەمەندی ئۆکرانیا هاتووین ". [٨]

**پەراویزەکان:**

١. Michael Malet, Nestor Makhno in the Russian Civil War, p. ٤

٢. Michael Palij, The Anarchism of Nestor Makhno, p. ٧١

٣. David Footman, Civil War in Russia, p. ٢٥٢

٤. Nestor Makhno, My Visit to the Kremlin, p. ١٨

٥. Nestor Makhno, Op. Cit., pp. ٢٤-٥

٦. David Footman, Op. Cit., p. ٢٤٥

٧. quoted by Abel Paz, Durruti: The People Armed, p. ٨٨-٩

٨. quoted by Abel Paz, Op. Cit., p. ٨٨

## کۆکراوەی کارەکانی نێستۆر ماخنۆ

The ABC of the Revolutionary Anarchist. (١٩٣٢).

The Anarchist Revolution

Letter to the Spanish Anarchists. (١٩٣٢).

In Memory of the Kronstadt Revolt. (١٩٢٦).

Mahkno's Response to Malatesta

May Day, (١٩٢٨). Dyelo Truda. No. ٣٦, p. ٢–٣. ٠١ May ١٩٢٨.

My Visit To The Kremlin

On the History of the Spanish Revolution of ١٩٣١ and the Part Played by the Left and Right-Wing Socialists and the Anarchists. (١٩٣٣).

Summons: A Poem by Makhno

The Struggle Against the State and Other Essays

To the Jews of All Countries. (١٩٢٧).

Great October in the Ukraine. (١٩٢٧).

## سەرچاوە:

http://libcom.org/history/makhno-nestor-١٨٨٩-١٩٣٤

* مەبەست لە وەرگێڕانی ژیاننامەی ماخنۆ، ناساندنی کەسایەتی شۆڕشگێڕانە و ئاشناکردنی خوێنەرانی کوردە بە چالاکی و نووسینەکانی ئەو، نەك پیرۆزکردن و بەبتکردنی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ، چونکە هاودەمی ئەو هەزاران شۆڕشگێڕی گومناو بە خوێن و تێکۆشانی خۆیان ئەو زەمینەیان لەبارکردووە، تاکو نێستۆر ماخنۆ و دەیانی وەك ئەو بتوانن خامەکانیان ئازادانە هزر و بۆچوونیان دەرببڕن؛ بەواتایەکی دیکە، ئەگەر هەواڵ و تێکۆشانی ئەو هاوڕێ گومناوانە نەبووایە، نووسینەکانی نێستۆر ماخنۆ و کەسانی دیکەش نەدەهاتنەبوون. و.ك

# ڤۆلین، تێکۆشەری شۆڕشێکی نەناسراو*

ڤۆلین، ڤسیڤۆلۆد میخایلۆڤیچ ئایشنباوم Vsevolod Mikhailovich Eichenbaum ١١ی ئۆگوستی ١٨٨٢ لە ناوچەی ڤۆرۆنێژ Voronezh لە ڕوسیای گەورە لەدایکبووە. ئەوەندەی من بزانم تەنیا یەکێك لە نووسینەکانی، کە پەرتووکێکی گچکەی هۆنراوەکانی بوو، بە زمانی ڕوسی لەژێر ناوی ڕاستەقینەی خۆیدا بڵاوکراوەتەوە، چونکە هەموو نووسینەکان و ئەم بابەتەی بەردەستیشمان شۆڕشێکی نەناسراو شۆڕشی نەناسراو Unknown Revolution و زۆر گۆتار و گوتەی بەناوی نهێنی Voline بڵاوبوونەتەوە. لەبەرئەوە زۆر ئاسانترە بەناوی ڤۆلین Voline ناوە نهێنییەکەیەوە یادیبکەینەوە و لەبارەیەوە بدوێین.

دایك و باوکی ڤۆلین هەر دووك پزیشکی دەرمانی بوون، لەباریی ژیان ئەو توانایەی پێبەخشیبوون، کە بتوانن فێرکاری زمانی فەرەنسی و ئاڵمانی بۆ منداڵەکانیان بگرن و بەو شێوەیە ڤسیڤۆلۆد Vsevolod و براکەی بۆریس Boris ئەو هەلەیان بۆ برەخسێت، کە لە سەرەتای لاوێتییاندا هەر دوو زمانەکە فێربن. ڤۆلین دەیتوانی بە هەر دوو زمانی فەرەنسی و ئاڵمانی بەڕەوانی وەك زمانی ڕوسی، کە زمانی دایکیی بوو، هەم بدوێت و هەم بنووسێت. یەکەم خوێندنی گشتی خۆی لە کۆلێجێکی ناوچەی ڤۆرۆنێژ Voronezh بوو. پاش ئەوەی لەوێندەرێ خوێندنی تەواوکرد، نێردرا بۆ خوێندنی مافناسی jurisprudence بۆ سانت پیتەرسبورگSt. Petersburg ، بەڵام گشت پلانەکانی بۆ ئامادەکاریی ژیانی داهاتووی لە بار و دۆخی ناجێگیر و پڕئاڵوگۆڕی ئەو کاتی ڕوسیە تێکچوون. ڤۆلین لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا وەك خوێندکارێك بە بیری شۆڕشگێڕانە ئاشنابوو. بەشێوەیەکی تایبەت خۆی بۆ کارکردن لە بزووتنەوەی کرێکاری ١٩٠١ تەرخانکرد.

ساڵی ١٩٠٥ کاتێك کە سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی شۆڕشگێکی گەورە سەراپای ئیمپراتۆری ڕوسیەی گرتەوە و بەڕادەیەك فەرمانڕەوایی ڕۆمانۆڤRomanov ڕوخاند، ئەو پیاوە لاوە، کە لە ڤۆرۆنێژ Voronez هاتبوو بە (پارتیی سۆشیال شۆڕشگێڕ) پەیوەستبوو و لەو ڕاپەڕینەدا ڕۆڵێکی چالاکانەی گێڕا، پاش سەرکوتکردنی خوێناویانەی ڕاپەڕینەکە، ئەویش لەتەك هەزارانی دیکە دەستگیرکرا. ساڵی ١٩٠٧ دادگەی تزاری بۆ یەکێك لە دوورخراوگە زۆر و زەبەدنەکانی تایبەت بە ڕامیارانی ڕوسیە دووریخستەوە. بەڵام بەخت یاری بوو و توانی کەرەستەکانی دەربازبوون پەیدابکات و بەرەو فەرەنسە ڕابکات.

ڤۆلین لە فەرنسە هەلی گەورەی بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی فێرگە جیاوازەکانی

بزووتنەوەی سۆشیالیستی و ناسینی لایەنە جۆراوجۆرەکانی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی بەگشتی بۆ ڕەخسا. لەتەك ئازادیخوازە جۆراوجۆرەکان، لەوانە سێباستیان فۆرێ Sebastian Faure قسەکەر و گۆتاربێژی ئەنارکیستەکانی فەرەنسە، پەیوەندیگرت، کە ئەو ڤۆلین بە دەستەیەك لە ئەنارکیستەکانی ڕوسیە لە پاریس، لەوانە ئا. ئا. کارێلین A. A. Kareline و گروپەکەی و ڕێکخراوە ڕوسییەکانی دیکە لە دوورخراوگە، ئاشناکرد.

ڤۆلین لەژێر کارایی ژینگە و دەوروبەرە تازەکەی، بەرە بەرە بۆچوونە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ڕاستکردەوە و سەرەنجام ساڵی ١٩١١ بەیەکجاری خۆی لە سۆشیال شۆڕشگێڕەکان دابڕی و لەتەك بزووتنەوەی ئەنارکیستی پەیوەستبوو.

ساڵی ١٩١٣ کاتێك کە مەترسی کێشمەکێشی چەکدارانە و جەنگ باڵی بەسەر تەواوی ئەوروپا کێشا، ئەو بووە ئەندامی کۆمیتەی نێونەتەوەیی دژی جەنگ. ئەو چالاکیانە سەروەرانی فەرەنسەی هەراسانکرد و ساڵی ١٩١٥ کاتێك کە بەرەکانی جەنگ سەراپای (ئەوروپا)یان دەگرتەوە، فەرمانداری ڤیڤیانی میلەراند Viviani-Millerand بڕیاریدا تاکۆتایی جەنگ بیخاتە ئوردوگەی دەستبەسەرکراوان. بەڵام ئەو لە کاتی خۆیدا فریاکەوت و توانی بە یارمەتی هاوڕێ فەرەنسییەکانی بەرەو بۆردۆ Bordeaux ڕابکات. لەوێ وەك چاودێری هەمبار بە سواری کەشتییەکی باری بەرەو ئەمەریکا دەربازبوو.

ڤۆلین لە نیویۆرك لەتەك (یەکێتی کرێکارانی ڕوس لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کانادا) پەیوەستبوو، ڕێکخراوێکی گەورە و فراوان کە نزیکەی دە هەزار ئەندامی هەبوو و لەو کاتەدا هاوبۆچوونی کۆنفێدراسیۆنی گشتی کرێکارانی فەرەنسە Confe′deration Ge′nerale du Travail بوو. بەو جۆرە ئەو مەیدانێکی گونجاوی بۆ چالاکی خۆی دۆزییەوە. بەزوویی لە نێو دەستەی نووسەرانی Golos Truda هەفتەنامەی (دەنگی کرێکارانی فێدراسیۆن) وەك یەکێك لە گۆتارنووسانی بەتوانا دەستیبەکارکرد.

بەڵام ساڵی ١٩١٧ کاتێك کە شۆڕش سەریهەڵدا، زۆرینەی دەستەی نووسەرانی (دەنگی کرێکاران Golos Truda بڕیاریاندا بەرەو ڕوسیە ئەمەریکا بەجێبهێڵن و گۆڤارە خولییەکەیان بگوێزنەوە بۆ پێترۆگراد. لەتەك گەیشتنیان بە ئەوێندەرێ، لەلایەن یەکێتی ڕاگەیاندنی ئەنارکۆسەندیکالیستەکانەوە هاریکاریکران. بەو جۆرە کارکردن بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی (دەنگی کرێکاران) لەسەر زەمینی ڕوسیە ئاسانبوو. ڤۆلین بەو یەکێتییەوە پەیوەستبوو و دەستبەجێ وەك یەکێك لە نووسەرانی هەڵبژێردرا. لە مانگەکانی سەرەتادا

ڕۆژنامەکە وەك هەفتانە دەردەچوو، بەڵام پاش ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ١٩١٧ ڕۆژانە دەردەچوو.

لە سەردەمی فەرمانداریی بۆلشەڤیکی لە مۆسکۆ، ڕێکەوتننامەی ئاشتی برێست - لیتۆڤسك Brest-Litovsk ڕوویدا، کە تێیدا تەواوی ئۆکرانیا بەخشرایە هێزەداگیرکەرەکانی ئاڵمانیا و نەمسا. لەبەر ئەوە ڤۆلین پێترۆگراد بەجێدەهڵێت و بەو هێزەوە کە بەرەو ئۆکرانیا بۆ جەنگین دژی داگیرکەرە دەرەکییەکان و هاوکارە ڕووسەکانیان دەچوو، پەیوەست بوو. لەوێ ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا، کە بچێت بۆ بۆبرۆڤ Bobrov بۆ سەردانی خێزانەکەی کە ساڵی ١٩١٥ لەو کاتەوەی کە لە فەرەنسە بۆ ئەمەریکا ڕۆیشتبوو، نەیدیتبوو.

لە ماوەی ئەو هەیڤانەدا کە لە ڕوسیا ئازادی لە ئارادابوو، کاتێك کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەپاڵ ئارامی بۆلشەڤیکەکاندا بۆ ڕاگەیاندنی بۆچوونەکانیان لە ڕێگەی بڵاوکراوە و کۆبوونەوە ئاشکراکانیانەوە سوودیان لەو هەلە وەردەگرت، لەو کاتەدا ڤۆلین بەشێوەیەکی جێگیر و بەردەوام لە زۆر بواری جیاجیادا سەرقاڵی چالاکی بوو. لە بواری پەروەردەی گشتی سۆڤیەتی و هوشیارکردنەوەی خەڵکیدا بەشداریکرد، سەرەتا لە ڤۆرۆنێژ Voronezh و دواتر لە خارکۆڤ Kharkov. پاییزی ١٩١٨ لە پێکهێنانی فێدراسیۆنی ئەنارکیستەکانی ئۆکرانیا هاریکاریکرد، لە ماوەی چەند مانگێکدا ڕێکخراوەکە لەژێر ناوی زەنگ Nabat ئەدەبیاتێکی فرەی بڵاوکردەوە. لەپاڵ ئۆرگانە سەرەکییەکەی لە کورسك Kursk، ڕۆژنامەی هەرێمیی (زەنگ) لە زۆربەی ناوچەکانی ئۆکرانیا لەژێر هەمان ناو Nabat بڵاودەبووەوە. ڤۆلین بوو بە ئەندامی دەستەی سکرتاری Nabat و دەستەی نووسەرانی گۆڤارە خولییەکەی. کۆنگرەی ڕێکخراوی ناوبراو لە کورسك ئەو بڕوابوونەیان بە ئەو بەخشی، کە کار لەسەر بنەماکانی ڕاگەیاندنی سازێنەر Synthetical Declaration بکات، ئەوەی کە دەبوو هەموو فێرگەکانی سۆشیالیزمی ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ڕوسیەدا بەو ڕازیبن و ئاوا لە ئەوان بکات، کە پێکەوە کاربکەن.

بەڵام نەخشە ئایەندەییەکانی Nabat تێکچوون، کاتێك کە بەهاری ١٩١٩ فەرمانداریی بۆلشەڤیکی کەوتە ڕێگریکردن لە ئەنارکیستەکان، بە سەرکوتکردنی ڕۆژنامەکانیان و دەستگیرکردنی بە کۆمەڵی جەنگاوەرانیان. لەو کاتەدا بوو ڤۆلین بە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ماخنۆڤیستەکان Makhnovist revolutionary movement پەیوەستبوو.

لەنێو ئەو بزووتنەوە ماخنۆ بەشێکی تایبەتی بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵکی و ئامادەکردنیان بۆ

سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێ، کە لەسەر بنەمای دارایی گشتی زەوی و خۆبەڕێوەبەرایەتی کۆمۆنەکان و هاوپشتی فیدراڵییانە تەرخانکردبوو. ڤۆلین دەستبەجێ بوو بە لێپرسراوی ئەو بەشە و لە هەڵمەتێکی فراواندا دژی دێنکین Denikin بەو کارە هەستا.

دێسەمبەری ١٩١٩ سۆڤیەتی شۆڕشگێڕانەی سەربازی ئەوی نارد بۆ ناوچەی کریڤۆی ڕۆگ Krivoi-Rog بۆ وەستانەوە دژی پاگاندە مەترسیدارەکانی بەکرێگیراوانی هێتمان پێتلورا Hetman Petlura، لە نیوەی ڕێگە تووشی گرانەتا دەبێت و ناچار لە ماڵە جوتیارێك دەمێنێتەوە. لەو کاتەدا هێرشەکەی لەشکری دێنکین Denikin تێکدەشکێت و ماوەیەکی کەم پاش ئەوە لەنێوان فەرمانداریی سۆڤیەت و ماخنۆڤیستەکان پشوویەکی نوێ دەستپێدەکات. ڤۆلین پاش ئەوەش هەر نەخۆش دەبێت، تا ڕۆژی ١٤ی جێنیوەری لەلایەن بەکرگیراوانی سوپایی فەرمانداریی بۆلشەڤیکی دەستبەسەردەکرێت و لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان ڕاکێشدەکرێت. ترۆتسکی دەستبەجێ بڕیاری لە سێدارەدانی دەردەکات، کە ڤۆلین بە هۆی ڕێکەوتی ڕوداوێکەوە لە مردن ڕزگاریدەبێت.

مارچی ١٩٢٠ ڤۆلین بە دەستبەرسەری بینرابوو، کاتێك کە بەرەو مۆسکۆ دەبرا، تاکو ئۆکتۆبەری ئەو ساڵە لەوێدا زیندانی بوو، تا کاتێك کە ئەو و زۆرێك لە ئەنارکیستەکان بەگوێرەی ڕێکەوتننامەیەکی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ماخنۆڤیستەکان ئازادکرا. ڤۆلین دووبارە گەڕایەوە بۆ خارکۆڤ Kharkov، لەسەر چالاکییەکانی پێشوی خۆی بەردەوامبوو و بەشداری لە بەردەوامی گفتوگۆکانی نێوان فەرمانداریی لێنین و نوێنەرانی ماخنۆڤیستەکان کرد. بەڵام ڕێکەوتنێك کە لەنێوان هەر دوولادا پێکهاتبوو، بەزووی لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە تێکدرا و لە نۆڤەرمبەردا، کەمتر لە مانگێك پاش ئازادبوونیان، ڤۆلین و زۆرێك لە هاوڕێکانی دووبارە دەستگیرکرانەوە و لە تاگانکا Taganka زیندانێکی موۆسکۆ دەستبەسەرکرانەوە.

لەوێدا بێجگە لە بۆچوونە ئازادیخوازانەکانیان، بۆلشەڤیکەکان هیچ بەڵگەیەکیان لە دژی ئەوان نەبوو. ئیدی زۆر دژوار بوو، ئەگەری ڕودانی هەر ئاڵوگۆڕێك لە بار و دۆخەکەدا، دەیتوانی ببێتە هۆی ئەوەی کە هەموویان بەڕێگەیەك یا بەڕێگەی دیکە، وەك ئەو هەزارانەی کە دواتر لەنێوبران، لەنێوببرێن. ئەوە ڕێکەوت بوو، کە ئەو لە ژیاندا مایەوە.

هاوینی ١٩٢١ کۆنگرەی نێونەتەوەیی یەکێتییە سوورەکان لە موۆسکۆ بەسترا. لەنێو نوێنەرەکاندا نوێنەری هەندێك لە ڕێکخراوە ئەنارکۆسەندیکالیستەکانی ئیسپانیا، فەرەنسە و وڵاتانی دیکە، کە هاتبوون ئەوە هەڵسەنگێنن ئایا هاوپەیمانی لەتەك ئەو نێونەتەوەییە تازەدا

گونجاوە یا نا. لەتەك گەیشتنی نوێنەرەکان بە پایتەخت، ئەنارکیستەکان لە زیندانی تاگانکا Taganka کەوتنە مانگرتن لەخواردن، کە دە (١٠) ڕۆژ درێژەیکێشا و دەسەڵاتیان ناچار بە ڕاگەیاندنی ڕونکردنەوەیەکی ئاشکرا کرد، کە بۆچی ئەوانە دەستگیرکراون.

کاتێك نوێنەرەکان ئەوەیان بیست، کە چی ڕویداوە، نارەزایەتییەکی توندیان دەربڕی، پەیگیرانە خوازیاری ئازادکردنی هاوڕێ ڕوسییەکانیان بوون. بەڵام بەهۆی ئەو ئاشکراکردنەوە بوو، کە ڕوداوەکە لە کۆنگرەدا خرایەڕوو و فەرماندارێی ناچار بە ئازادکردنی مانگرتووان بوو، بە مەرجێك بۆ هەمیشە ڕوسیە بەجێبهێڵن. یەکەم جار بوو، کە زیندانیانی ڕامیار لە بەناو وڵاتی سووری پرۆلیتاریا ناچار بە وڵاتبەدەریی بکرێن.

هەروەها فەرمانداریی سۆڤیەت بێباك بوو لەوەی ئەو قوربانیانە بەو پاسپۆرتانەی کە لە سەربازە یوگوسلاڤییە گیراوەکانی جەنگ، کە لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا لە ئەوان وەرگیرابوون، لە کۆڵی خۆی بکاتەوە. کاتێك کە دوورخراوان گەیشتنە لەنگەرگەی شتێتین Stettin لە ئاڵمانیا، ناوی فەرمی خۆیان بە دەسەڵاتدارانی ئەوێندەرێ گوت و ئەوەیان ئاشکراکرد، کە ئەو پاسپۆرتانە لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە پێیاندراون، لە ڕاستیدا هی خۆیان نین. بەڵام بەخت یاریان بوو، لەو کاتەدا ئاڵمانیا بەخۆی لە بار و دۆخێکی شۆڕشگێڕانەدا بوو، ڕێکەوتێك کە کەم جار ڕوودەدات.

هەرچەندە کە فەرماندەی لەنگەرگەکە مافی یاسایی ئەوەی نەبوو، ڕێگە بە کۆمەڵێکی بیست کەسی بدات، کە لە خاکی ئاڵمانیا بمێننەوە، هاوسۆزیی خۆی لەتەکیان نیشاندا و ڕێگەیدا دووان لە هاوڕێیانیان بڕۆن بۆ بێرلین، تاکو بزانن، کە ئایا دەتوانن هاوڕێیانی خۆیان بۆ پشتیوانی لێکردن لە ئەوان پەیدابکەن، کە لێپرسراوەتی سەرپەرشتی و جێگەی تازە بۆیان لە ئەستۆ بگرن. کاتێك کە دوو نوێنەرەکە لە کاتی خۆیدا گەیشتنە بنکەی سەرەکی یەکێتییە سەربەخۆکانی کرێکارانی ئاڵمانیا FAUD لە پایتەخت، سکرتێری ڕێکخراوی ناوبراو فریتس کاتەر Fritz Kater بەخۆی لەتەکیان چووە لای فەرماندەی پۆلیس و هەموو پەروەندە پێویستەکانی بۆ ئەوان واژۆکرد، بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند سانێکدا مۆڵەتنامەی هێنانی هەموو گروپەکە بۆ بێرلین وەربگرێت. بەو جۆرە کۆتایی ١٩٢١ گەیشتنە بێرلین.

فریاکەوتنی ژمارەیەکی ئاوا لەو کاتەدا، کارێکی زۆر ئاساننەبوو، بەڵام هاوڕێیانی ئاڵمانیا ئەرکی سەرشانی خۆیان بەوپەری تواناوە بەجێگەیاند. بەتایبەتی ئەوەی کە زۆر سەخت بوو، شوێن بۆ ژیانی هاوڕێیانی تازە هاتوو دەستەبەربکرێت، لەڕاستیدا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە

ئاڵمانیا مشتکەوتنی خانووبەرە ئاساننەبوو و وەك گرفتێکی گەورەی گشتی تا چەند ساڵ دواتر مایەوە. لەبەرئەوە ئەرکی دژواری هاوڕێیانی ئاڵمانیا پەیداکردنی سەرپەنایەکی گونجاو بوو، تا خێزانە حەوت کەسییەکەی ڤۆلین تێیدا نیشتەجێبێت. لە تاقە پەناگەی کۆمیتەکەیاندا لەو کاتەدا کە تەنیا یەك ژوور گەرمی تێدابوو، دەتوانرا دابینبکرێت.

ئەو کات یەکەم جار بوو کە چاوم بە ڤۆلین و هاوڕێکانی کەوت. هەرچەندە تەمەنی تەنیا چل و یەك ساڵ بوو، بەگوێرەی پرچ و ڕدێنی سپی هەڵگەرابووی، پیرتر و بەتەمەنتر بەرچاودەکەوت. چوست و چالاکی و بزووتنە خێراکانی، بەخێرایی دیتنەکانی منیان ڕاستکردەوە. پیاوێکی خوێنگەرم و زیرەك و سەرنجراکێش بوو و ڕەفتار نەرمی و وردبینییەکەی پێچەوانەی بار و دۆخە دەرەکی و نەهامەتییە کەسییەکانی بوون. بەتوانایی لەڕادەبەدەری لە وردەکاری و توانستی بەردوامی لە نووسیندا بە ئاسانی لەو ژوورە بالآبانەی کە دەبوو تەواوی خێزانەکەی تێیدا بخۆن و بخەون و ژیانی ڕۆژانەیان تێیدا بگوزەرێنن، لێهاتووی ئەوی نیشاندەدا.

لەڕاستیدا ڤۆلین لەو ماوەیەدا کە لە بێرلین بوو، گەلێك کاری بەسوودی ئەنجامدان. پەرتووکۆکەیەکی هەشتا پەڕەیی بە زمانی ئاڵمانی لەبارەی ستەمدیدەیی ئەنارکیستەکان لە یەکێتی سۆڤیەت نووسی. ئەو زانیاریانە یەکەمین زانیاریی دەستییەك و بڕواپێکراوبوون لە دەرەوەدا لەبارەی ئەوەی کە لەنێو ڕوسیە چی دەگوزەرا. هەروەها وەرگێڕانی پەتوکێکی پیتەر ئارشینۆڤ Peter Arshinov بۆ زمانی ئاڵمانی لەبارەی مێژووی بزووتنەوەی ماخنۆڤیستی و لە هەمانکاتیشدا گۆڤارێکی ڕوسی بەناوی (کرێکارانی ئەنارکیست) دەرکرد. لەپاڵ ئەوەشدا کارێکی زۆر چڕوپڕی بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئاڵمانیا ئەنجامدا، ئامادەکاری و گۆتارگەلی بۆ بڵاوکراوەکانمان دەنووسی.

ڤۆلین بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بێرلین مایەوە، پاش ئەوە لەلایەن سێباستیان فۆر Sebastian Faure داخوازینامەیەکی پێگەیشت، بۆ ئەوەی لەتەك خێزانەکەی لە پاریس نیشتنەجێبن، چونکە لەو ڕۆژانەدا گوزەرانی ژیان لە وێندەرێ زۆر لە ئاڵمانیا باشتربوو. فۆرێ ئامادەکەر و بڵاوەکەری ئینکلۆپێدی ئەنارکیستی Encyclopedie Anarchiste بوو و پێویستی بە کەسێك بوو، کە شارەزایی لە زمانەکانی دیکەدا هەبێت و بە بەردەوامی هاریکاری بکات. بەو شێوەیە ڤۆلین مەیدانێکی گونجاو و لەباری بۆ چالاکییەکانی دۆزییەوە. گۆتارگەلێکی جۆراوجۆری بۆ ئینکلۆپێدییە نوێیەکە نووسی، زۆرێکیان وەك نامیلکە بە گەلێك زمانی دیکە بڵاوبوونەوە. هەروەها ئەو بە پێشنیارەکەی فێدراسیۆنی نیشتمانی کرێکاران Confederacion Nacional

del Trabajo له ئیسپانیا ڕازیبوو، كه تێیدا داوا له ئه‌و كرابوو ببێته سه‌رنووسه‌ری بڵاوكراوه خولییه‌كه‌یان؛ ئیسپانیای دژه L'Espagne Anti Fasciste I له پاریس.

به‌ڵام وێڕای ئه‌وه‌ی كه باری گوزه‌رانی ڤۆلین له فه‌ره‌نسه له‌چاو ئاڵمانیا باشتربوو، به‌دواهاتنێكی ناخۆشی ئه‌گه‌ری هه‌بوو. ئه‌وه‌ی كه له بارێكی ناهه‌مواردا هاوسه‌ره‌كه‌ی مرد، كه ناخۆشترینیان بوو. پاش ماوه‌یه‌كی كه‌م به‌ره‌و نیم Nimes پاریس به‌جێده‌هێڵێت و پاشان ده‌گاته مارسێڵس Marseilles . له‌وێنده‌رێ كه‌وته نێو جه‌نگی دووه‌می جیهانی، پاش ئه‌وه‌ی كه نازییه‌كان په‌لاماری فه‌ره‌نسه‌یان ده‌ده‌ن، جێگه‌ی ڤۆلین فره‌تر ده‌كه‌وێته مه‌ترسییه‌وه. له حه‌شارگه‌یه‌كه‌وه بۆ حه‌شارگه‌یه‌كی دیكه جه‌نگ ناچاریكرد، كه له‌نێو نه‌هامه‌تییه‌كی سه‌راپاگیر و نائومێدییه‌كی ترسناكدا بژی.

كاتێك كه جه‌نگ ته‌واو بوو، گه‌ڕایه‌وه بۆ پاریس، به‌ڵام ته‌نیا بۆ كه‌وتن له نه‌خۆشخانه، له‌به‌رئه‌وه‌ی سه‌خت تووشی نه‌خۆشی سیل Tuberculosis بووبوو و به‌خۆی ده‌یزانی، كه چه‌ند ڕۆژێك ژیانی ماوه. ڕۆژی ١٨ی سێپته‌مبه‌ری ١٩٤٥ له‌وێنده‌رێ مرد. زۆرێك له هاوڕێ دێرینه‌كانی له دوا به‌ڕێكردندا له‌ته‌كی بوون، كه به سوتاندنی - شێوه‌یه‌كه له ناشتنی مردووان- له گۆڕستانی دێرینه‌ی پێر له‌شه‌یز Pere-Lachaise كۆتاییهات. هاوڕێیانی هاوڕێیه‌كی كۆڵنه‌ده‌ریان له‌ده‌ستدا، كه ژیانێكی پڕ چه‌رمه‌سه‌ری برده‌سه‌ر، به‌ڵام ئه‌وه‌ی كه بۆ ئه‌وان جێما، تێكۆشانی به‌بێ وچانی ئه‌و بوو بۆ دونیایه‌كی باشتر و له‌پێناو ئازادی و دادپه‌روه‌ریی كۆمه‌ڵایه‌تی.

***************************************************************

ئه‌م ژیاننامه‌یه له پێشه‌كی په‌رتووكی شۆڕشی نه‌ناسراو Unknown Revolution ڤۆلین، وه‌رگیراوه، كه ڕۆدۆلف ڕۆكه‌ر ژیاننامه‌كه‌ی تێدا نووسیوه.

یه‌كێك له نووسینكانی ئه‌و، په‌رتووكی سێ به‌رگیی (شۆڕشێكی نه‌ناسراو)ه، كه تا ئێستا به‌رگی یه‌كه‌می بۆ زمانی عه‌ره‌بی وه‌رگێڕدراوه. یه‌كێكی دیكه له په‌رتووكه‌كانی (راپه‌ڕینه‌وه‌ی كرۆنشتات)ه.

* مه‌به‌ست له وه‌رگێڕانی ژیاننامه‌ی ڤۆلین، ناساندنی كه‌سایه‌تی شۆڕشگێڕانه و ئاشناكردنی خوێنه‌رانی كورده به چالاكی و نووسینه‌كانی ئه‌و، نه‌ك پیرۆزكردن و به‌بتكردنی كه‌سایه‌تییه‌كی شۆڕشگێڕ، چونكه هاوده‌می ئه‌و هه‌زاران شۆڕشگێڕی گومناو به خوێن و تێكۆشانی خۆیان ئه‌و زه‌مینه‌یان له‌باركردووه، تاكو نێستۆر ماخنۆ و ده‌یانی وه‌ك ئه‌و بتوانن خامه‌كانیان ئازادانه هزر و بۆچوونیان ده‌رببڕن؛ به‌واتایه‌كی دیكه، ئه‌گه‌ر هه‌واڵ و تێكۆشانی ئه‌و هاوڕێ گومناوانه نه‌بووایه، نووسینه‌كانی نێستۆر ماخنۆ و كه‌سانی دیكه‌ش نه‌ده‌هاتنه‌بوون. و.ك

# بەشێک لە مێژووی ڕۆژی ١ی ئایار
## بەسەرهاتی ڕووداوەکەی هایمارکت Haymarket

مشتومڕی نێو بزووتنەوەی کرێکاری سەدەی ١٩ لە چەند پرسێکدا چەقیبەستبوو، لەوانە مانگرتنی بە کۆمەڵ، کە مانگرتنی گشتی کۆمەڵایەتی بوو بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکان. یەکێتییەکانی ئینگلتەرە ڕۆژی ١ی ئایاری ١٨٣٣ هەشت سات ڕۆژانەکاریان کردە ئامانجیان و بڕیاری مانگرتنی سەرتاسەریان دا، کە تیایدا شتێکی ئاوا نەتوانرا بەتەواوی بەدیبهێنرێت. سەرمایەداری پیشەسازیی بۆ بزووتنەوەی تازە پێگرتووی کرێکاریی دژێکی بەهێز بوو، لەلایەکی دیکەوە ناسیونالیزم بەزۆری دەبوونە ئاستەنگ بۆ هاوپشتییە سنووربەزێنەکان.

پاش ئەوەی شۆڕشی ١٨٤٨/١٨٤٩ بە سەرکەوتنی بۆرجوازی نەتەوەیی کۆتاییهات،زۆرێك لە کرێکارانی سۆشیالیست بەرەو ئەمەریکا ڕەویاندەکرد. زۆرێکیان هزر و بیرۆکە ئەنارکیستییەکانیان لەتەك خۆیان بردە ئەمەریکا، لەوێ کە ژیان و هەل و مەرجی کارکردن بەراورد بە وڵاتانێك کە لە ئەوێوە هاتبوون، زۆر خراپتر بوو. بەتایبەت لە یەکەمین قەیرانی ئابووریی ساڵی ١٨٥٧ تا گەرمەی قەیرانەکە "داتەپینە گەورەکە". ساڵی ١٨٨٣ بەدواوە کرێکاران لەتاو بێکاری و بێسەرپەنایی گیرۆدەبووبوون.

لەبەرانبەر بزووتنەوەی کرێکاریی ئەو کاتدا، لە ئیمپراتۆریی تازە پێکهێنراوی ئاڵمانیا ساڵی ١٨٧٨ یاسا کۆمەڵایەتییەکان "لە دژی چالاکییە مەترسیدارەکانی سۆشیال دیمۆکراسی" پەسەندکران. لە پێکهێنانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران (IAA) ساڵی ١٨٧٢، سۆشیالدێمۆکرات و کرێکارانی ئاڵمانیا گەورەتری هێز بوون. بەو جۆرە جێی سەرسووڕمان نییە، کە زۆرێك لەو سەدان هەزار کرێکارەی ئاڵمانیا لە ئەمەریکا خۆیان لە یەکتییەکاندا ڕێکبخەن. "پاڵەوانانی کارKnights of Labor" کە ساڵی ١٨٦٩ لە فیلادیلفیا پێکهێنران، بوونە پێشینەی "یەکێتییە کرێکارییەکان"ی دواتر.

**پرسی توندوتیژی**

سەردەمی مانگرتنی گشتی هێڵی شەمەندەفەری١٨٧٧، جەماوەرێکی زۆر لە یەکێتییەکان کۆبووبووەوە، بەڵام لەلایەن بەکرێگیراوان و مانشکێنانی چەکداری نووسینگەی Pinkerton Agency وەك پێسپڕدراوی سەرمایەدارەکان، دژایەتیدەکران. لەو ڕووەوە پۆلیس و میدیاکانیش ڕۆڵی خۆیان دەگێڕا، بۆ نموونە "تریبوونی نیۆیۆرك New York Tribune" ئاوا داوایدەکرد، کە پێویستە بە نارنجۆك خۆنیشاندانەکانی کرێکارانی مانگرتوو تێکبشکێندرێن. لە بەرانبەردا وەك ڕێکخراوی چەکداری خۆپاراستن، لە هەندێك شارەکانی ئەمەریکا یەکێتی "فێرکاریی و

ئەنجومەنی خۆپارێزی" پێکهێنران. ئەوان هەڵدەستان بە ڕاهێنانی تەقەکردن و ڕێپێوانی ساڵیادی کۆمونەی پاریس. ساڵی ١٨٨٠ "پارتیی سۆشیالیستی کرێکاران" لەسەر پرسی چەکداربوون بوو بە دوو باڵەوە، باڵی ڕاستی پارلەمانی و باڵی چەپی شۆڕشگێڕ.

هاوکاتی ئەوەی یوهان مۆست Johann Most ئەنارکیست و نوێنەری پارلەمانیی پێشووتری سۆشیالدیمۆکراتەکانی ئاڵمانیا لە نیویۆرك نووسەری "زانستی جەنگی شۆڕشگێڕانە" بوو وەك "پڕۆپاگەندەی چالاکی" ، لە شیکاگۆ ئەلبێرت پێرسنس Albert Parsons ئەمەریکایی و ئۆگوست شپیس August Spies ئاڵمانیایی ناسراوترین قسەکەری بزووتنەوەی کرێکاری توندوتیژ بوون. شپیس لە "ڕۆژنامەی کرێکاری شیکاگۆ"ی ئاڵمانیی زمان کاریدەکرد و پێرسنس ڕۆژنامەی "ئاگاداری Alarm" ئینگلیزی زمانی دەردەکرد. ساڵی ١٨٨٣ هەدووکیان لە شاری پیتسبورگ Pittsburgh پێکەوە لەتەك سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان و ئەنارکیستەکانی دیکە لەسەر شێوازی میخائیل باکونین لە نێونەتەوەیی یەکەم، "کۆمەڵەی نێونەتەوەیی خەڵکی کرێکار International Working People’s Association (IWPA)" پێکهێنا.

تێکەڵەی ئەنارکیزم و سەندیکالیزم ئەوسا وەك "بیرۆکەی شیکاگۆ - Chicago Idea " دەخرایە ڕوو. لە هەژمارێکی زۆر ڕۆژنامەدا "نێونەتەوەیی ڕەش" پاگەندەی بۆ پلانە شۆڕشگێڕییەکانی خۆی بە زمانی ئاڵمانی و ئینگلیزی و چێچی دەرکرد. بە تەنیا لە شیگاکۆ پێنج ڕۆژنامەی دەردەکرد، لەوانە "ڕۆژنامەی کرێکاران - Arbeiter-Zeitung" کە لەلایەن ئۆگوست شپیس، ئادۆڵف فیشەر Adolph Fischer و میشایل شڤاب Michael Schwab ڕۆژانە بە تیراژی شەش هەزار دانە دەردەکرا.

**تێکۆشان لەپێناو هەشت (٨) سات ڕۆژانەکار**

ساڵی ١٨٨٤ "کۆنگرەی یەکێتییە فیدراڵییەکان و کۆمەڵە کرێکارییەکان" دواتر ناسراو بە "فێدراسیۆنی کرێکارانی ئەمەریکا"ی باکووری بڕیاریدا داواکاری (٨) سات ڕۆژانەکار وەك سەرخەتی نێوەندیی تێکۆشانی داهاتوو بێت.

سەرەکیترین داخوازیی کرێکاران کەمکردنەوەی ماوە کار بوو. هەر لەسەر ئەوە بوو کە کرێکاران یەکی ئایاری ١٨٨٦ تێکۆشانی خۆیان لەسەر کەمکردنەوەی ماوەی کار پەرەپێدا.

ڕۆژی یەکی ئایاری ١٨٨٦ زیاتر لە سێ سەد و چل هەزار کرێکار لە ئەمەریکا مانیانگرت، تەنیا لە شیکاگۆ هەژماری کرێکارانی مانگرتوو چل هەزار کەس بوو. چەند ڕۆژ دواتر پۆلیس لە مەیدانی هایمارکت Haymarket کەوتنە ڕەشەکوژیکردنی کرێکاران. سەرەنجام لەو پێکدادانەدا زیاتر لە حەوت( ٧) کەس کوژران، لەلایەکی دیکەوە لە ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەتدا

ڕاگەیێنرا، کە ئەفسەرێکی پۆلیس بەهۆی بۆمبی دەستی ئەنارکیستێکەوە کوژراوە و هەروەها (٦) پۆلیسی دیکە لە پێکدادانەکاندا کوژراون. هەژماری برینداران لە هەر دوولا لەنێوان سی تا چل کەس ڕاگەیێندرا. کەمکردنەوەی دوو سات لە (دە ١٠ سات زیاتر) ڕۆژانەکار، بۆ سەندیکالیستە ئەنارکیستەکان، ڕیفۆرمیستی بەرچاودەکەوت، بەڵام وێڕای ئەوەش پشتیوانیان لە کەمپەینەکە دەکرد. داواکارییەك کە ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە لەجێی خۆی مابووەوە، دەبوو ڕۆژی یەکی ئایاری ١٨٨٦ بە مانگرتنی سەرتاسەری بسەپێنرێت. لە شیکاگۆ "یەکێتی نێوەندیی کرێکاران - Central Labor Union" شەممەی پێش ڕۆژی ١ی ئایار خۆنیشاندانێکی گەورەی بە بەشداری نزیکەی بیست و پێنج هەزار کەس بەرپاکرد. ڕۆژی یەکی ئایار مانگرتن لە نێوەندە پیشەسازییەکانی ئەمەریکا زیاتر لە سێ سەد هەزار کرێکار، بە تەنیا لە شیگاکۆ چل هەزار کرێکار مانیانگرت و لەسەر شەقامەکان هەشتا هەزار خۆنیشاندەر یەکیانگرتبوو.

پێشتر ئەپڕیلی ١٨٨٦ لە شیکاگۆ لە کارخانەی مێككارمیك McCormick، کە درەوکەر (ماشێنی درەوکردن) چێدەکرا، زۆربەی کرێکارەکان لە بەرانبەر ڕەفتاری نامرۆڤانەی شوێنی کار، بڕیاردەدەن مانبگرتن. ئەو کات لە بەرانبەر دوازدە (١٢) سات ڕۆژانەکار بەگشتی سێ (٣) دۆلاری ئەمەریکی دەدرا، کە مرۆڤ دەیتوانی لە چێشتخانەیەکدا تەنیا ئێوارەخوادنێکی هەژارانە بەو برە پارەیە بکرێت. خاوەنکار ڕێگریی لە چوونەسەرکاری تێکرای کرێکارەکان دەکات، تاکو نزیکەی هەزار شوێنکاری خاڵی بە کۆچەرانی تازە پڕبکاتەوە، کە لە ئاوا بارێکدا کۆچەرانی تازە لەبەر دەرگەی کارخانەکاندا بۆ پەیداکردنی کار دەوەستان. وێڕای بانگەوازی "ڕۆژنامەی کرێکار" بۆ ئەوەی مانشکێنیی نەکرێت، هێشتا سێ سەد کەس بۆ داخوازیی کار خۆیان ناونووسکرد. ئێوارەی ڕۆژی ١ی ئایاری ١٨٨٦ لە مەیدانی هایمارکت لە شەقامی ڕاندۆڵف Randolph Street-شیکاگۆ کۆبوونەوەیەکی کرێکاریی کرا و ئەوەبوو کە مانگرتنی چەند ڕۆژەی کارخانەی مێككارمیك McCormick بەدوادا هات.

**شیکاگۆ ١٨٨٦**

ڕۆژی ٣ی ئایار پۆلیس ڕژایە ئەو ناوە، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی مانگرتنی شەش هەزاریی خۆنیشاندەران لە نزیکی کارخانەی مێككارمیك پەرشوبڵاوبکات. لە پێکدادانەکانی دواتردا شەش کرێکار کوژران و زۆرێك بریندار بوون. شەوی پێش ٤ی ئایار هەزاران خۆنیشاندەر بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر توندوتیژی پۆلیس کۆبوونەوە و بەرەو مەیدانی هایمارکت بەرێکەوتن. سەرلەنوێ پۆلیس هەوڵیدا وەك ئەوەی ڕۆژی پێشوو، بە توندوتیژی تێکیبدات.

سەرەڕای ئەوەش کاروانی ناڕەزایەتیی کرێکاران توانی بەرەوپێش بڕوات و ئاشتییانە تێپەڕی. پارێزگاری شاری شیگاکۆ هێرسن Harrison کە بەخۆی لەوێندەرێ چاودێریی ئاسایشی شارەکەی دەکرد، زوو بەرەو ماڵ چووەوە.

نزیکەی هەزار خۆنیشاندەر، کە زۆربەیان کرێکاری ئاڵمانیایی بوون، گوێیان لە گۆتاردانەکان ڕاگرتبوو. دەمەو ئێوارە پاش ئەوەی ئەنارکیستانی ناسراو ئەلبێرت پێرسنس، ئۆگوست شپیس و ساموێل فیڵدن گۆتارەکانیان ڕاگەیاند، بار و دۆخەکە دژوارتر بوو. هێزی پۆلیس لە کۆڵانەکانی دەوروبەرەوە بە چەکەوە ئامادەباش وەستابوو. هەر کە هەوری باراناوی ئاسمانی تەنییەوە، زۆرێك لە خۆنیشاندەران شوێنی ناڕەزایەتییەکەیان جێهێشت، تەنیا نزیکەی سێ سەد کەسێك لە وێندەرێ مانەوە.

کەمێك پێش کۆتاییهاتنی قسەکانی ئۆگوست شپیس، پشکێنەری پۆلیس بۆنفیڵد Bonfield فەرمانی هێرشبردن دەدات. دوو سەد پۆلیس بەرەو ئۆتۆمەبێلی سەکۆی قسەکردنەکە کەوتنەڕێ و چوارلایان گرت، کاتێك کە بۆمبەکە هەڵدرایە نێوەندی خەڵکەکە. دەستبەجێ پاش تەقینەوەکە، پۆلیس دەستی بە تەقەکردن لە کرێکارەکان کرد. لە شوێنی ڕووداوەکەدا پۆلیسێك کوژرا و شەش کرێکار دواتر بەهۆی برینداربوونیانەوە مردن. ئەوەی کە گۆتاردەرەکان وەك ئەنارکیست ناسراوبوون، پۆلیس و ڕاگەیاندن ئاوا لێکدایەوە، کە ڕووداوەکە هێرشێکی ئەنارکیستییە بۆ سەر پۆلیس. هەرچەند لەلایەن دادگەوە هیچ بەڵگەیەك بۆ وەها پەیوەندییەك نەتوانرا بخرێنەڕوو.

سەرەڕای ئەوەی کە لەو ساوە تا هەنووکەش هیچ کەس وەك هەڵدەری بۆمبەکە نەناسراوە، کەچی هەشت (٨) کەس ، کەسانێك کە بەشداری ڕێکخستنی مانگرتنەکە بوون، سکاڵایان لەسەر تۆمارکرا و ئۆگوستی ١٨٨٦ تاوانبارکران. هەرچەندە تەنانەت بەڵگەی بەشدارنەبوون و تاوانبارنەبوونیان هەبوو، دادوەر جۆزیف گاری Joseph Gary ئەوانی بە تاوانبار ناساند، گوایە بۆمب-هەڵدەرەکە لەسەر بنەمای بۆچوونی ئەنارکیستانەی ئەو کەسانە بەکارەکە هەستاوە. لەسەر ئەو بنەمایە ئەوان تاوانبارن، هەر وەك ئەوەی کە بەخۆیان بە هێرشەکە هەستابن. شایانی باسە خەرجی پارێزەری تاوانبارکراوان، نزیکەی پەنجا هەزار دۆلار بوو، کە لە پارەی کۆمەکی هاوپشتی لە هەموو لایەکی جیهانەوە دابینکرا.

سزادراوان گیۆرگ ئێنگل Georg Engel نیگارکیش خەڵکی کاسڵ- ئاڵمانیا، ساموێل فیڵدن Samuel Fielden کرێکاری بارکردن خەڵکی لەنکشەیر - ئینگلاند، ئادۆڵف فیشەر Adolph Fischer جاپگەر خەڵکی برێمن - ئاڵمانیا، لویس لینگ Louis Lingg دارتاش خەڵکی مانهایم-

ئاڵمانیا، ئۆسکار نێبە Oscar Neebe لولەکیش خەڵکی نیویۆرك، تا سەردەمی لاوی لە کاسڵ ژیابوو، ئەلبێرت پێرسنس Albert Parsons جاپگەر خەڵکی ئالاباما، میشایل شڤاب Michael Schwab پەرتووکچن خەڵکی ئونتەرفرانکین- ئاڵمانیا، ئۆگوست شپیسAugust Spies مۆبیلدانەر خەڵکی هێسن- ئاڵمانیا. پاش دادگەییکردنێکی ڕواڵەتییانە (سیناریۆییانە) بە بەڵگەی درۆینەوە، لەلایەن لێژنەیەکی سوێندخۆریی ساختەوە بە لەسێدارەدان سزادران. هەروەها ئۆسکار نێبە بە پازدە ساڵ زیندانی سزادرا. لویس لینگ لە ژووری زینداندا بە دەمانجەیەکی بەقاچاخ بەدەستهێنراو خۆکوژیکرد و لایەکی سەری خۆی هەڵتەقاند. دادگە و دەسەڵاتداران بەزۆر ئەو بڕیارەیان سەپاند و سەرەتای نۆڤەمبەری ١٨٨٧ داخوازیی پێداچوونەوەی بڕیارەکە لەلایەن دادگەی بالاوە ڕەتکرایەوە.

سزای لەسێدارەدانی ساموێل فیڵدن و میشایل شڤاب لەلایەن فەرماندار Ogelsby گۆڕدرا بە سزای زیندانی هەمیشەیی. ڕێکەوتی ١١ی نۆڤەمبەری ١٨٨٧ گیۆرگ ئێنگل و ئادۆڵف فیشەر و ئەلبێرت پێرسنس و ئۆگوست شپیس لە زیندانی کووک کانتری Cook County لەسێدارەدران. سەدان هەزار کەس لە ڕێپێوانی ناڕەزایەتی و بەگۆڕسپاردنی لەسێدارەدراواندا لە گۆڕستانی ڤاڵدهایم Waldheim لە فۆریست پارك ئیلنۆیس Forest Park Illinois بەشدارییانکرد. ڕۆبێرت ڕایتسیڵ Robert Reitzel ئەنارکیست خەڵکی بادن Baden، بەو بۆنەوە گۆتارێکی خوێندەوە. ساڵی ١٨٩٣ لەو گۆڕستانە پەیکەرێکی یادەوەریی بۆ قوربانیانی ڕووداوەکەی هایمارکت دانرا.

هەروەها هەمان ساڵی ١٨٩٣ هەر سێ زیندانیی ساموێل فیڵدن و ئۆسکار نێبە و میشایل شڤاب لەلایەن پارێزگار جۆن ئاڵتگێڵد John Altgeld بە بێتاوان و قوربانی دادگە ناسران و لێبوردیان بۆ دەرچوو. (ساڵی ١٩٣٦ دەستەیەکی لێکۆڵینەوە بەو سەرەنجامە گەیشت، کە هەر هەموو هەشت (٨) سزادراوەکە بێتاوان بوون). ئۆسکار نێبە پاش ئازادکردنی وەك پێشتر لە بزاڤی کرێکاریدا چالاك مایەوە. دواتر بووە ئەندامی کرێکارانی پیشەسازیی جیهان ( IWW – Industrial Workers of the World ) و لە میتینگی ١ی ئایاری ١٩٠٦ لە شیکاگۆ قسەکەری یەکەم بوو. نێبە ساڵی ١٩١٦ مرد و لە گۆڕستانی ڤاڵدهایم لەتەنیشت پەیکەری یادەوەریی "گیانبەختکراوانی هایمارکت"بەخاکسپێردرا.

پاشان وێڕای ئەوەش، سزاکە و جێبەجێکردنەکەی بوونە هاندەری ناڕەزایەتی بەردەوامی بزووتنەوەی کرێکاریی سەرتاسەری جیهان. ساڵی ١٨٨٨ فیدراسیۆنی کرێکارانی ئەمەریکا American Federation of Labor (AFL) بڕیاریدا ڕۆژی ١ی ئایاری ساڵی ١٨٩٠ بکرێتە ڕۆژی

تێکۆشان بۆ سەپاندنی هەشت (٨) سات ڕۆژانەکار. هەرچەندە کە لە ئاڵمانیا پارتیی سۆشیالدێمۆکرات دژی بانگەوازی مانگرتنی گشتی بوو، لە هەموو شارەکان مانگرتن و کۆبوونەوەی جەماوەریی بەرپاکران. زیاتر لە سەد هەزار کرێکار بەشدارییان تێددا کرد، بەتایبەت شاری هامبورگ Hamburg.

دواجار ساڵی ١٨٨٩ کۆنگرەی دامەزراندنی "دووەمین نێونەتەوەیی" سۆشیالدێمۆکراتیی لە پاریس بڕیاریدا ڕۆژی ١ی ئایاری هەر ساڵ بکرێتە "ڕۆژی تێکۆشانی بزووتنەوەی کرێکاریی" و لەو کاتەوە ئەو ڕۆژە بە کۆبوونەوەی جەماوەری و مانگرتن دەستیپێکردووە. بەڵام هەروەها هەر لە دەستپێکەوە لەنێو بزووتنەوەکەدا ڕەخنەش لە ڕۆژی ١ی ئایار هەبوو : ساڵی ١٨٩٢لە فەرەنسە هەژمارێکی زۆر لە ئەنارکیستەکان ڕەخنەیان لەو کەمپەینە گرت، لەوانە سیباستیان فۆرێ Sebastien Faure گوتی "چیدی ئەوە ڕۆژێکی شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکو سەکۆیەکی دەستەمۆکراوە بۆ هەڵبژاردنی دەسەڵاتخوازان، تا بە دەنگی کرێکاران بۆ پارلەمان هەڵبژێردرێن". ساڵی ١٨٩٣ لە کۆنگرەی یەکێتییە کرێکارییەکان لە مارسێل Marseille جارێکی دیکە ئاراستەی تێکۆشەرانەی ڕۆژی ١ی ئایار وەك ڕۆژی مانگرتنی گشتی پێداگری لەسەر کرایەوە، شتێك کە زیاتر دابڕانی لە پارتیی سۆشیال دێمۆکرات واوەتر بەرەوپێش برد. دواتر ساڵی ١٨٩٦ کاتێك کە ئەندامانی ئەنارکیست لە نێونەتەوەیی دووەمدا لە لەندەن لەبەر ڕەتکردنەوەی پارلەمانتاریزم دەرکران، ئەو لێکدابرانە فراوانتر بوو.

**هاوپشتی نێونەتەوەیی لەجیاتی ناسیونالیزمی خۆجێی**

لەم ڕۆژگارەدا بۆ زۆرینەی زۆری کرێکارانی کرێکرتە، ڕۆژ ١ی ئایار واتایەکی زۆر نابەخشێت. زۆر دەمێکە چیدی "ڕۆژی تێکۆشانی چینایەتیی" نییە. لەجیاتی ئەوە ڕۆژی ١ی ئایار بۆ زۆرێك هەلێکی گونجاوە بۆ گەشتێکی خێزانی بۆ نێو سەوزایی (پارك و باخی کەناری شار)، یا لەوانەیە بۆ گۆشبرژاندن لە جەژنی سەرشەقامی کۆنفێدراسیۆنی یەکێتییەکانی ئاڵمانیا (DGB). لەوێندەرێ گۆتاری فریودەرانەی سەرانی یەکێتییەکان، ئەوانەی کە لەبارەی "هاوپەیمانی لەپێناو کار" لەتەك خاوەنکاران وەك پێداویستیی و بەرەوپێش هەنگاونان دەدوێن، پەخشدەکرێت.

بۆ ئەو مەبەستە سەرانی یەکێتییەکانی (DGB) پارێزگاری لە "ئاڵمانیا" بە هەموو هێزە ناسیونالیستەکانییەوە لەبەرانبەر کێبرکێی وڵاتانێك کە لەوێندەرێ کرێی کار کەمە (ئۆروپای خۆرهەڵاتیی و ئاسیا) دەکەن. تەنانەت لەوەش واوەتر دەڕوات، کە (IG BAU) پێکەوە لەتەك کاربەدستانی گومرگ دەچنە شوێنەکانی کارکردن (خانوو و تەلارسازیی)، تاکو کاری

تۆمارنەکراو (ڕەش) و شێوەکانی دیکەی کارکردنی نایاسایی لەنێوبەرن. کۆنفێدراسیۆنی یەکێتییەکانی ئاڵمانیا لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندی ئەندامانی، بەشێوەیەکی سەرەکی کرێکارانی شارەزا، بە پاراستنی پلەی مووچە و مافی خانەنشینی، نوێنەرایەتیدەکات. بۆ بەشێکی ڕوو لە زیادی خەڵك، ئەوانەی کە لە دەرەوەی پلەی مووچەن ( ناجێگیر/ نایاساییین)، بە هیچ شێوەیەك ڕۆژی ١ی ئایار ڕۆژی پشوودان نییە و پاداشتی پشوویان بەرناکەوێت.

شەقام خاوێنگەران و قاپشۆران و سەرپەشتیگەرانی منداڵان و پیران و چایچی و قاوەچییان و کرێکارانی فەرمانگەکان، بەشێوەیەکی بەردەوام فرەتر کارە پێویستەکانی کۆمەڵ بەهۆی کرێکاری قەرزکراوەوە (کرێکاری کاتیی وەرگیراو لە نووسینەگانی کار) و نیوەکاران یا یەك یۆرۆ سات-کار پڕدەکرێنەوە. لە ئاڵمانیا کاری زۆرەملێیانەی دەوڵەتیی لەلایەن ARGE (گروپی کار) و فشاری کرێی کەمی بازارەوە لەشکری "کارکەرانی هەژار" دەسەبەردەکەن. ، بۆ یەکەمین جار پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بەشێکی دانیشتووان ناچارکراون و خراونەتە ژێر هێڵی هەژاری، لەو شوێنانەی کە دەمێکە "پرۆلیتاریای بیانی" (بە دەربڕینی "یەکێتی پۆلیس") لێیە. بۆ ئەوەی تێکۆشانی هەمووانی پێکەوە دژی ئاوا بارێك ڕۆژانە بەڕێبخرێت، ئەرکی یەکێتییەکانە. دەی ئەگەر DGB نەیکات، ئەوا ئێمە بەخۆمان دەیکەین!

**چیرۆکی (بەشداریی کۆمەڵایەتی)**

هاوپەیمانی چینایەتی کۆنفێدراسیۆنی یەکێتییەکانی ئاڵمانیا نەریتی خۆی هەیە : ساڵی ١٩٢٠ لە کۆماری ڤایمارەر Weimarer یاسای سۆڤیەتەکانی کارخانەی ئیمپراتۆری ئاڵمانیا پەسەندکرا. پاش جەنگی دۆڕاوی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) و شۆڕشی نۆڤەمبەری کرێکاران و سۆڤیەتەکانی سەربازان (١٩١٨/١٩١٩) سۆشیالدیمۆکراتی و یەکێتییەکانی وەك دەستەبژێری سەروەر خۆیان سەپاند. هەر ئەو سۆشیالدیمۆکراتە، ساڵی ١٩١٤ دەنگیدا بە جەنگی ئیمپراتۆریی، تاکو دیسانەوە لەلایەن هێزە کۆنەپەرستەکانەوە وەك "نانیشتمانی" سووکایەتییان پێنەکرێت.

ڕابەرانی پارتیی سۆشیالدیمۆکرات ئاڵمانیا ئیبێرت Ebert و نۆسکە Noske بەتەمابوون بەشی خۆیان لە وڵاتانی داگیرکراو "شوێنێك لەبەر خۆرەتاو" بپچرن، لەو ڕووەوە یەکێتییە سۆشیالدیمۆکراتەکانیش لەو پێناوەدا ئامادەبوون، لە کاتی جەنگی ئیمپریالیستانەدا دەم و دەست و پێ بەستراو بن. ئەو گونجانە چینایەتییە وەك "سازش" بووەتە سیمبوڵی میانجیکاریی و هاوکاریی یەکێتییەکان لەتەك دەسەڵات. ئیمپراتۆر (قەیسەری پروس) بە بەفەرمیناسین لە "یاسای کۆمەکیی خزمەتگوزارییە نیشتمانییەکان"ی ١٩١٦ سوپاسگوزاری کردن. لە

ڕێکەوتننامەی ستینیس لێگیین Stinnes-Legien نێوان ئەنجومەنی نێوەندیی کار (ZAG) لەتەك پیشەسازیدا سەرلەنوێ ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٢٤ گیانی سازشکارانەی تەبایی چینایەتی یەکێتییەکان خۆی دەردەخاتەوە.

**١٩١٩ : ڕۆژی پشوو و ڕەشەکوژی**

لەتەك سەرکەوتنی سۆشیالدێمۆکراتی لە کۆماری ڤایمەر Weimarer، ساڵی ١٩١٩ ئیدی ڕۆژی ١ی ئایار کرا بە پشوو "ڕۆژی جەژنی نیشتمانی". بۆ ئەوەی چیدی ئەو ڕۆژە یاداوەریی کوشتاری مانگرتنە جەماوەرییەکەی ١٨٨٦ لەپێناو (٨) سات ڕۆژانەکار نەبێت. سۆشیال-دێمۆکراتەکان بەتەمابوون پشوویەکی یاساییانەی دەوڵەتیی، وەك "باڵاترین ئامانج پاراستنی کرێکاران و ئاشتی جیهانیی هەمیشە دابینکراو" نیشانبدەن. دەبوو ئەوە ببێتە "ئامرازێك بۆ یەکگرتن و تەبایی تەواوی گەل".

لە یەکەمین ١ی ئایاری بە پشووکراوی ساڵی ١٩١٩ کۆماری شۆڕشگێڕی میونیخ (Münch) لەلایەن سوپا و فاشیستەکانەوە سەرکوتکرا، سەدان کرێکار کوژران. هەزاران زیندانیکران و بە کوشتن یا زیندانی هەمیشەیی سزادران. سۆشیالدێمۆکراتی ترسی ئەوەی هەبوو، کە لە ساڵانی داهاتووشدا دووبارە ئەو ڕۆژە ببێتە ڕۆژێکی خوێناویی پێکدادان لەتەك کرێکاران. هەر لەبەرئەوە دەستبەجێ "ڕۆژی جەژنی نیشتمانی" هەڵوەشێنرایەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە زۆر بەشی (کۆماری ڤایمەر) ڕۆژی ١ی ئایار بە ڕۆژی پشوو مایەوە.

ئەپرێلی ١٩٢٠ فەرمانداریی سۆشیالدێمۆکرات ڕێگەیدا بە کۆمەکی هێزی پارێزگاریی نیشتمانی (Reichswehr) و سوپای فاشیستی، ڕاپەڕینی کرێکارانی ناوچەی ڕوەگێبیت (Ruhrgebiet) کوشتوبڕبکرێت و پشتیوانی لە بکوژان کرد. ئەو هێزە سەربازییانەی کە "لەپێناو قەیسەر و نیشتمان" شۆڕشی نۆڤەمبەری ١٩١٨ سەرکوتکرد، سەرلەنوێ بە چاوپۆشی فەرمانداریی سۆشیالدێمۆکرات، بزووتنەوەی دژە فاشیستانەی کرێکارانیان لە خوێندا گەوزاند. بەڵام سۆشیالدێمۆکراتی و یەکێتییەکانیان لەو ئاستەدا نەبوون، کە ئەزموون وەبگرن و بەر بە هەڵکشانی سۆشیالیزمی نەتەوەیی بگرن.

ساڵی ١٩٢٤ بەدواوە خۆنیشاندانەکانی ڕۆژی ١ی ئایار لەسەر شەقامەکان قەدەخەبوون، لەبەرئەوە لەو ساڵانەدا هیچ شتێکی ئاوا نەهاتووەتە ڕوودان. ساڵی ١٩٢٩ لە ئاوا بارێکدا سەرۆکی پۆلیسی بێرلین تسۆرگیبێل Zörgiebel خۆنیشاندانی ڕۆژی ١ی ئایاری سەرکوتکرد، بۆ ئەوەی بەر بە مانگرتنی ڕۆژی ٢ی ئایار، کە پارتیی کۆمونیستی ئاڵمانیا (KPD) ڕایگەیاندبوو، بگرێت. لە (بەرلین) پایتەختی پروس، لەوێ کە ڕۆژی ١ی ئایار (بەپێچەوانەی بەشەکانی

دیکەی دەوڵەتی نیشتمانیی ئاڵمانیا) ئەو ڕۆژە پشوو نەبوو، نزیکەی هەشت هەزار کرێکار لە گەڕەکەکانی ڤێدینگ و نۆیکلین Neukölln ، Wedding خۆنیشاندانی ١ی ئایاریان بەرپاکرد. هەرچەندە کە پارتیی سۆشیالدێمۆکراتی ئاڵمانیا تەنیا خوازیاری بەرپاکردنی کۆبوونەوەی ناو هۆڵەکان بوو، سۆشیالدێمۆکراتێك کوژرا، لەسەر ئەوەی کە نەیخواستووە دەستبەجێ پەنجەرەکەی دابخات. سەرۆکی پۆلیس (تسۆرگیبڵ)ی سۆشیالدێمۆکرات باری نائاسایی ڕاگەیاند و لە دوو ڕۆژی دواتردا هەموو خۆنیشاندان و کۆبوونەوەکانی مانگرتنی بە چەکی قورسی وەك دۆشکە سەرکوتکرد. سی (٣٠) کەس لە نزیکەی ٢٥بیست و پێنج هەزار خۆنیشاندەری بێچەك کوژران و سەدان کەسیش بریندارکران.

**سۆشیالدێمۆکراتی و کۆنفیدراڵی گشتی یەکێتییەکانی ئاڵمانیا (ADGB)**

شالیاری کاری ئەوسای وڵات تیۆدۆر لایپارت Theodor Leipart (دامەزرێنەری "دێمۆکراتی ئابووری"ی بۆرجوازی) ساڵی ١٩٢١بەدواوە سەرۆکی کۆنفیدراڵی گشتیی یەکێتییەکانی ئاڵمانیا (ADGB) بوو. بە دروشمەکەی "ڕێکخراو، خۆنیشاندان نییە!" لایپارت هەڵوێستی خۆپاریزانەی ناتوندوتیژی بەرانبەر نازییەکان نیشاندا و زۆریش تێکۆشا، تاکو بەرهەڵستی دژە فاشیستانەی کرێکاران سەرکەوتوو نەبێت.

ساڵی ١٩٣٣ پاش دەسەڵاتسپاردن بە سەرۆکشالیارانی دەوڵەتی نیشتمانیی ئاڵمانیا ئادۆلف هیتلەر Adolf Hitler، لایپارت ناکامانە هەوڵێکیدا یەکێتییەکانی ئاڵمانیا بداتە پاڵ فەرمانداریی یاسایی نازی. لە ترسی لەناوبردنی یەکێتییەکان، ئەو لەسەر قسەکردن دژی ڕامیاریی مانگرتنی جەماوەری بەردەوامبوو و بە دەربڕینی ناڕەزایەتی زارەکی و بێلایەنیی ڕامیاریانەی پارتیی، پشتیتێکرد.

**دیکتاتۆری نازیی و کولتوری کار (کارپەرەستی)**

ڕۆژی ١٩ی ئەپرێلی ١٩٣٣کۆنفێدراسیۆنی گشتی یەکێتییەکانی ئاڵمانیا ADGB ڕایانگەیاند، ئەرکی سەر شانی ئەندامانی یەکێتییەکانە، کە لە جەژنیی دەوڵەتیی ئایاردا بەشداریبکەن. کۆنفێدراسیۆنی گشتی یەکێتییەکانی ئاڵمانیا داوای لە دەوڵەت کرد، کە "هێزی کار بەتەواوەتی ببێتە بەشێك لە دەوڵەت"ی پارتیی دیکتاتۆری ناسیونال سۆشیالیست (سۆشیال نەتەوەیی). ڕۆژی ١ی ئایاری ١٩٣٣ بەشێکی ئەندامانی یەکێتییەکان لەتەك نازییەکان بەکردەوە ڕێپێوانیانکرد. لە بێرلین لەبەردەم یەك ملیۆن ئاڵمانیایدا هیتلەر ڕایگەیاند "سیمبولی تێکۆشانی چینایەتی و ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام، دیسانەوە دەبێتەوە بە

سیمبوڵی یەکێتی باڵا و سەرنجڕاکێشی نەتەوە". ئیدی دژە-جولەکەبوون و دژە-کۆمونیستبوون کرانە ئایینامەی دەوڵەت.

ڕۆژی دووەم واتە ٢ی ئایاری١٩٣٣ نازییەکان بەهۆی "کۆمیتەکانی چالاکی بۆ پاراستی هێزی کاری ئاڵمانی- Aktionskomitee zum Schutze der deutschen Arbeit" کۆمەڵە کرێکارییەکان و بنکە و پارەی یەکێتییەکان دەستبەسەرکران و سەرانی یەکێتییەکان (وەك تیئۆدۆر لایپارت) لە "زیندانی چاودێری" ئاخێنران و ئەشکەنجەدران و هەندێکیان کوژران.

ناسیونال سۆشیالیستەکان (نازییەکان) بە زۆر ڕێگە و شێواز تێکۆشانی چینایەتییان لەنێوبرد و بە "تێکۆشانی نەژادی"ی جێگەیانگرتەوە. لەجێی بەشداریی و دەنگداریی کرێکاران لە کارخانەدا، "ڕابەری کارخانە" و "بەرەی کاری ئاڵمانیا (DAF) "یان دانا. هەموو کرێکاران وەك "وەفاداری" کرانە ئەندامی زۆرەملێیانەی بەرەی کاری ئاڵمانیای (DAF) و ئەنجومەنە سەرتاسەرییەکانی کرێکاران و کارمەندان کرانە یەکێتی یەکەیی [تاك یەکێتی - single union]. مافی مانگرتن هەڵوەشێنرایەوە و دەبوو "بڕواپێکراوانی کار- Trustees of the work" وەك میانجیکار لە مشتومڕەکاندا ئاشتی کۆمەڵایەتی لەنێوان خاوەنکار و هێزی کرێکاران لە شوێنەکانی کار دابینبکەن. ئەوان هەموو ساڵێك ڕۆژی ١ی ئایار بۆ ماوەی دوازدە دیاریدەکران و ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی شالیاریی کاری دەوڵەتی ئاڵمانیادا بوون. ڕۆژی یەکی ئایار "ڕۆژی تێکۆشانی چینی کرێکار" کرابووە سیمبوڵی "کاری داهێنەرانە" وەك "نیشانەی هاوپشتی نەتەوەیی" لەنێو "شۆشیالیزمی نەتەوەیی".

ساڵی ١٩٣٤بەدواوە ١ی ئایار چیدی هیچ پەیوەندییەکی بە چینی کرێکار نەمابوو و ناوینرا بوو "ڕۆژی پشووی نیشتمانی نەتەوەی ئاڵمانیا". دەبوو بە ڕازاندنەوەی درەختی ئایاری maypoles و گۆرانیبێژیی و کاروانی ئۆتۆمۆبێل و ڕێپوانی سەربازیی، ڕۆژی ١ی ئایار وەك جەژنی نەتەوەیی ببێتە بەشی سەرەکی لە ئایدیۆلۆجی شۆشیالیزمی نەتەوەیی (NS). لە زۆر شوێندا وەك لاساییکردنەوەی پێشەنگیی بێرلین لە ١ی ئایاری ١٩٣٣دا، تەنانەت درەختیان دەچاند، ئەوەی کە پێیدگوترا "داربەڕووی هیتلەر". هاوکات دەسەڵاتدرانی نازی بە تیرۆر و ڕاونان دوا چالاکان و ئەندامانی بزووتنەوەی کرێکاریی (ئاڵمانیا و نەمسا)یان سەرکوتکرد. زۆرێك لە ئوردووگەکانی قەڵاچۆکردندا لەتەك جوولەکەکان و "ناکۆمەڵایەتییەکان - Asozialen (بە تێڕوانینی نازییەکان)" بەهۆی کاری زۆرەملێوە لەنێوبران. بەڕێکەوت نەبوو، کە لەسەر دەرگەی ئوردووگەی قەڵاچۆکردنی داخاو Dachau دروشمی "کار مرۆڤ ئازاد دەکات! Arbeit macht frei" نووسرابوو. ئەو بارە بەردەوامدەبێت تا ئەو کاتەی کە هێزەکانی بەرەی دژ لەپێس

هەموویانەوە یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕۆژی ٨ی ئایاری ١٩٤٥ کۆتایی بە دیکتاتۆریی سۆشیالیزمی نەتەوەیی دەهێنن.

**یەکی ئایار پاش ساڵی ١٩٤٥**

ساڵی ١٩٤٦ ڕۆژی ١ی ئایار وەك ڕۆژی پشوو لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بە فەرمی ناسرا. بەڵام هێشتاکە دەتوانرا بانگەواز و کۆبوونەوە ئایارییەکان سنووردارکرێن. لەو ڕۆژەوە لە ئاڵمانیا ١ی ئایار ڕۆژی پشووی یاسایی و پارێزراوە. لە ڕووی یاساییەوە پرسێکی هەرێمییە، بۆ نموونە لە هەرێمی نۆرد ڕاین ڤێستفالن NRW ئەو ڕۆژە ناوی " ڕۆژی پابەندبوونە بە ئازادی و ئاشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، تەبایی نێونەتەوەیی و ڕێزی مرۆڤایەتی".

لە دەوڵەتەکانی سەرمایەداریی دەوڵەتی بلۆکی خۆرهەڵاتیدا، ڕۆژی ١ی ئایار وەك "تێکۆشانی نێونەتەوەیی و ڕۆژی پشووی خەڵکی کرێکار بۆ ئاشتی و سۆشیالیزم" لەلایەن فەرمانداره مارکسیست-لێنینیستەکانەوە دیاریکرابوو. بەشداریکردن لە ڕێپێوانە سەربازییەکاندا بە بەردەم ڕیزی ئەندامانی پارتی و میوانەکانیاندا، ئەرکی بێچەندوچوونی کرێکاران و خوێندکاران بوو. وەك سیمبولی ١ی ئایار گوڵەمێخەکێکی سوور پێشکەش دەکرا یا وەك یادەوەریی سەرکوتکراوانی بزووتنەوە کرێکارییەکان دادەنرا.

**یەکی ئایار وەک نیشانەی دژەکۆمونیستانەی خۆرئاوا**

پاپ پیوسی دوازدەهەم Pius XII کە لە سەردەمی کارگێڕییەکەیدا لە ساڵی ١٩٣٩ بەدواوە بەبێ ڕەخنە چاوپۆشیی لە فاشیزم کردبوو، ساڵی١٩٥٥ ڕۆژی ١ی ئایاری وەك یادەوەریی یوسفی پیرۆز (باوکی عیسی) ڕاگەیاند، کە گوایە دارتاش بووە.

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو [سەدەی بیست] بەدواوە لە (بێرلین)ی خۆراوایی (BRD) ١ی ئایار بووەتە سیمبولی جەنگی میلیشیایی سەرشەقامەکان لەنێوان ئۆتۆنۆمەکان [خودموختارەکان] و پۆلیس، کە تێیدا سەنگەربەندیی جەنگ و زیانگەیاندن بەشێوەیەکی سەرەکی لە گەڕەکی کرۆیتسبێرگ Kreuzberg ڕوودەدەن، هەر ئاوا بەڕادەیەك دانیشتووانی ئەو گەڕەکە و کەسانی دیکە، کە لە شوێنەکانی دیکەوە دێن، چالاکانە تێیدا بەشداریدەکەن. فرەتر ئێوارە خۆنیشاندانی چەپە ڕادیکاڵەکان، ئێوارەی پێش ڕۆژی ١ی ئایار هەل بۆ توندوتیژیی پۆلیس و پێکدادانەکانی دواتر دەڕەخسێنن.

لە ساڵی ١٩١١بەدواوە لە هەندێك شاری ئۆروپیدا ڕێپیوانی "ڕۆژی ئایاری ئۆروپا - Euro Mayday" وەك ئەڵتەرناتیڤی ڕامیاریی بۆ جەژنە شەقامییەکانی کۆنفیدراڵیی یەکێتییەکانی ئاڵمانیا DGB بەرپادەرکرێت. چالاکان دەیانەوێت لە وێنای ڕیزبەندیی ڕەش و ئاهەنگگێڕان بە

پاپ-موزیك و پۆشاكی ڕەنگاوڕەنگی بەرهەڵستكاریی كرێكارانی نارێكخراو و ناجێگیر، دووربیگرن.

ئەم ڕۆژانە لە ئاڵمانیا و نەمسا و بەشێكی سویسرا ١ی ئایار ڕۆژی پشووی فەرمییە، هەروەها لە وڵاتانی وەك برازیل و چاینا و فینلەند و فەرەنسە و یۆنان و ئیتالیا و مەكسیكۆ و كۆریای باكووریی و پۆتوگال و ڕوسیا و سوید و تایلاند و توركیە و عیراق و هەندێك وڵاتی دیكە پشووی فەرمییە. وێڕای ئەوەش هێشتا لە هەندێك وڵاتدا خۆنیشاندانە ئایارییەكان قەدەخەدەكرێن و بۆ سەركوتكردنیان ڕێگە بە توندوتیژی پۆلیس و گرتن دەدرێت. بەڵام زۆربەی خۆنیشاندانە ئایارییەكان لەژێر كارایی بزووتنەوەی نەریتیی كرێكاران و كۆمونیستەكان و بەرادەیەك پارتییە سۆشیالدیمۆكراتەكاندا، لەنێو ڕامیاریی نوێنەرایەتی و پارەلەماندا خۆیان گونجاندووە.

ئەم ڕۆژ "بازرگانەكان و پێشڕەوانی بازار" بۆ ئەوەی كرێكاران ئارام و خاوبكەنەوە، چیدی پێویستیان بە ١ی ئایار نییە. ئەو كارە یەكە یەكێتییەكان [یەكێتییە پیشەییەكان]ی كۆنفیدراڵیی یەكێتییەكانی ئاڵمانیا DGB خۆبەخۆیی ئەنجامیانداوە. هەردەم بەردەام هەوڵدراوە ڕۆژی ١ی ئایار وەك پشووی فەرمیی هەڵوەشێنرێتەوە، بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەشدا وەك ئاسایی و بەبێ پاداشتی زیادەی كار كاربكرێت. بەڵام ئەو ڕۆژە چ پشوو بێت یان نا، ئەوە تەنیا مانگرتنی هاوپشتی و بایكۆت و تێكۆشانی ڕاستەوخۆن، كە هەموو ڕۆژێك دەكەنە ١ی ئایار!

سەندیكای ئەناركیستی كۆڵن / بۆن
http://anarchosyndikalismus.org

سەرچاوەكان:

– هافبرۆد، مایكڵ : "مانگرتنی گشتی، ٨ سات ڕۆژانەكار و یەكی ئایار. گەنجینەی بزووتنەوەی ڕادیكاڵی كرێكاری". ئامادەكردنی بلاكبۆكس ، بیلیفیلد ١٩٩٧

Halfbrodt ,Michael: „Generalstreik, Achtstundentag und Erster Mai. Ein Kapitel aus der radikalen Arbeiterbewegung“, Edition Blackbox, Bielefeld ١٩٩٧

– كاراسێك، هۆرست: "هایماركت، ئەناركیستە ئاڵمانیانییەكانی شیكاگۆ. وتە و ژیاننامە."جاپكراوی كلاوس ڤاگنباخ، بێرلین ١٩٧٣

Karasek ,Horst (Hg.): “Haymarket. Die deutschen Anarchisten von Chicago. Reden und Lebensläufe.” Verlag Klaus Wagenbach, Berlin ١٨٧٣

# ڕێپێوانی پشتیوانیکردن لە زانۆن

Grupo Alavio

ڕۆژی ١٤ی سێپتەمبەر ڕاسپێردراوێك (نوێنەرایەتییەك) لە کرێکارانی کارخانەی زانۆن Zanon و ئەندامانی بزووتنەوەی بێکاران (MTD) لە نۆیکوین Neuquén بەرەو بۆینۆس ئایرێس Buenos Aires کەوتەڕێ، بۆ ئەوەی پشتیوانییەکی سەرتاسەری nationale Kampagne بۆ پشتیوانیکردن لە زانۆن ڕێکبخەن. سەدان کرێکار بەنێوەندی شاردا ڕێپێوانیانکرد و خوازیاری بەرگرتن بە لێسەندنەوەی دارایی هەموو کارخانە و کۆمپانیا دەستبەسەرداگیراوەکانی ئەرژەنتین بوون. مارچی ٢٠٠٢ بەدواوە کرێکارانی کارخانەی زانۆن دیاردەیەکیان خستۆتەڕوو: کرێکارانی خۆڕێکخەر/- خۆبەڕێوەبەر تەنانەت باشتر لەوەی لەتەك خاوەنکار و بەڕێوەبەر و سەرکاردا بەرهەمیانهێناوە. ڕاسپێردراوێکی پێکهاتوو لە سەد و حەفتا چالاك ( سەد کەسیان کرێکاری زانۆن و حەفتا کەسەکەی دیکەیان ئەندامی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانەی کە کارخانەکە دەپارێزن) بەیانی زوو گەیشتنە بۆینۆس ئایرێس. لەبەردەم دادگەیەکی ئەو شوێنەوە بەرەو کۆنگرێسی نەتەوەیی (پارلەمان)، دژی لێسەندنەوە و داخستنی کارخانەکە لەلایەن فەرمانداریەوە ڕێپێوانیانکرد. کرێکارانی چاپخانەی چیلاڤێرت Chilavert و کارخانەی جلوبەرگ دوورینی بروکمان Brukman و چاپخانەی کۆنفۆرتی Conforti و خەستەخانەی جەنین Junin-Gesundheitsklinik و خەستەخانەی ئەدۆز Ados-Gesundheitsklinik و کارگەی پێڵاوی Gattic و کارخانەی ماکارۆنی Sasetru و کرێکارانی Bauen Hotel و کرێکارانی کارەبایی Renacer ی ئوسوهیا Usuhia هەروەها کەسانێك لە ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانی بێکارانەوە لە ڕێپێوانەکەدا بەشداربوون.

کرێکارانی بزووتنەوەی بەگەڕخستنەوەی کارخانەکان، بۆ چارەسەری لێسەندنەوەی دارایی (خاوەنە کۆنەکان) گشت کارخانە و کۆمپانیا سەرلەنوێ وەگەڕخراوەکان داخوازینامەیەکیان خستە بەردەم بە کۆنگرێس (پارلەمان). لە هەمان کاتدا خۆنیشاندەران دەیانزانی کە چەند گرنگە کارخانەکان بەهەر نرخێك بووە بە پێداگریی بپارێزن؛ چ بە بوون و چ بە نەبوونی تاپۆی یاسایی. هەفتەکانی ئەو دواییانە بۆ کرێکارانی زانۆن پڕمەترسی بوون. فشار و تەنگ پێهەڵچنین لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی Gouverneurs بۆ سەر کرێکاران، تاوەکو دەست لە کارەکانیان لە کارخانەدا بکێشنەوە و لەبەرانبەردا لە پڕۆژەکانی بێکاریدا کاربکەن؛ کارگە گچکە دەوڵەتییەکان. پاش سێ ساڵ بەڕێوەبردنی زانۆن لەلایەن خودی کرێکارانەوە، سەرلەنوێ لەلایەن فەرمانداریی هەرێمی نۆیکوین Neuquén بەر شاڵاو دەکەونەوە،

هەرچەندە لەم مانگەدا کرێکاران ڕێژەیەکی بەرز لەبەرهەمهێنان و فرۆشتن و کوالیتێت (باشێتی کاڵا) دەتوانن دەسەبەربکەن. پێش ماوەیەکی کورت دادگەرێك، خۆی لەوە لادا(کێشاوە)، کە زانۆن وەك هەرەوەزیی کرێکاران بناسێت و دارایی کارخانەکە یاساییبکاتەوە.

ئەو ڕێپێوانە بەشێکە لە ستراتیجی سەرتاسەریی بزووتنەوەی وەگەڕخستنەوەی کۆمپانیاکان. لە ئەرژەنتین بەلایەنی کەمەوە زیاتر لە دوو سەد کارخانە و کۆمپانیای دەستبەسەرداگیراو نزیکەی دە هەزار کرێکار تیایاندا کاردەکەن، کە کارخانەی زانۆن لە هەرێمی باشووریی Neuquén یەکێکە لە نموونە زۆر کاراکان بۆ (ئەزموونی بەرهەمهێنان) لەژێر خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاران. لە ئێستادا لە زانۆن چوار سەد و بیست کرێکار کاردەکەن. ئەو کارخانە لە مانگێکدا نزیکەی سێ هەزار میتر کاشی بەرهەمدەهێنێت. مارچی ٢٠٠٢ دوو سەد و چل کرێکاری دامەزراو دەستیان بەسەر کارخانەکەدا گرت. لەو کاتەوە زیاتر لە سەد و هەشتا کرێکاری تازە، کەسانێك لە ڕێکخراوەکانی بێکاران لە کارخانەدا وەرگیراون.

خۆنیشاندەران دەیانگووت : تەنیا چارەسەری گونجاو بۆ کارخانەگەلی دووبارە وەگەڕخراو و لێپرسراویی وەرگیراو، لێسەندنەوەی دارایی خاوەنکارەکان و بەگەڕخستنەوەیانە لەژێر بەڕێوەبەرایەتی کرێکاریی، بۆ ئەوەی بێترس لە داخستنەوە و وەرگرتنەوەیان لەلایەن دەوڵەتەوە، تیایاندا کاڵا بەرهەمبهێنرێتەوە. پاش قەیرانی ٢٠/١٩ی دێسەمبەری ٢٠٠١ فەرمانداری زۆرجار مۆڵەتی بەکرێکارانێك، کە کۆمپانیاکانیان داگیردەکرد، دەبەخشی، تاوەکو کارخانە و نووسینگە داخراوەکان بکەنەوە. لەبەرئەوەی کە ئەو مۆڵەتە کاتییانە بۆ دوو ساڵ دیاریکرابوون، مۆڵەتی چاپخانەی Chilavert و چاپخانەی Grissanopolis و لکە کارخانەیەکی بیرە، ئەوانەی کە لەلایەن کرێکارانەوە وەگەڕخرانەوە، لەم ساڵەدا کۆتاییدێت. ئەوەی کە فەرمانداریی ئێستا چۆن لەتەك ئەو کێشەیە مامەڵەدەکات، ئاشکرا نییە. نارازیان دەریانڕی، کە ئەوان ئاوای دەبینن کە دەبێت فەرمانداری کاری پڕپێز بۆ بێکاران لە وڵاتدا دابینبکات. لە بەرانبەر ئەوەدا ڕامیارییەك دەگرێتەبەر، کە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانە، ڕامیارییەك کە تێیدا هەزاران تووشی تاوان دەکات.

پاش ئەوەی کە ساڵی ٢٠٠١ ئەرژەنتین قەیرانێکی دارایی سەخت دایگرتووە. ئابووری ئەرژەنتین لەم کاتەدا جێگیر دەردەکەوێت. ئابووریناسەکان لەسەر ئەوە پێدادەگرن، کە ئابووری خۆی دەگرێتەوە، سەرکەوتنی بەرهەمی کۆمەڵایەتیی ناپوختە لە دەرکەوتندایە. ئێستا ئیدی وەك پێشتر گرفتە ئابوورییەکان بەبێ چارەسەر ماونەتەوە، ئەوانەی کە بازاری کاریان بەگشتی گرتۆتەوە. کەچی بەهرەکێشە بیانییەکان و کۆمپانییە گەورەکان گەشانەوەیەك

ڕادەگەیێنن، بەڵام ئەو پەرەسەندنە ڕووناکاتە بازاری کار. لەم کاتەدا ڕێژەی بێکاری نزیکەی ١٩.٥%. لە کۆی ئەوانەی کە کاریان هەیە، نزیکەی ١٥.٧% بێکارن. بەو جۆرە نزیکەی ٣٥.٢% بەتەواوی گرفتی کاریان هەیە (واتە ٥.٢ ملیۆن کرێکار).

بزووتنەوەی دەستبەسەرداگرتنی کارخانەکان لە ئەرژەنتین شانازی داهێنانی هەنگاوە سەرەتاییە ستراتیجییەکانی ڕاوەستانەوەیان بۆ پشتیوانی لە چینی کرێکار بەرانبەر سەرمایەداری پیدەبرێت، ئەوانەش بریتین لە ئەزموونگەلی خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاریی و ڕێکخراوبوون، ئەوانەی کە لەسەر ڕێگەیەکی تەواو ڕاستەوخۆ دژی پێکهاتەکانی سەرمایەداری (دارایی تایبەتی) و یەکە ئاراستەکەرەکانی کۆمپانیاکان بەتەنیا بۆ سوود هەروەك داماڵینی کرێکاران لە لێهاتوویی و زانینی (ئامێرەکان)، تێدەکۆشن. پشتیوانی لە زانۆن و هەموو ئەو کارخانانەی لەلایەن کرێکارانەوە دەستیانبەسەرداگیراوە، دەکەن! ئەگەر یەکێك لە ئێمە وەرگێڕنەوە، ئەو کات هەموومان تێکدەشکێن! ( ئەوەی ئێمە دەیخوازین) دەستهەڵگرتنی یەکجارییە لە هەوڵەکانی لێسەندنەوەی گشت کارخانە و کۆمپانیاکان، ئەوانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی کرێکارییدا بەرهەمدێنن.

ZNet ١٧.٠٩.٢٠٠٤

وەرگیراو لە:

ZNet http://zmagsite.zmag.org

سەرچاوەی یەکەم:

http://www.revolutionvideo.org/alavio

# زانۆن - ئەرژەنتین

ماریێ تریگۆنا
٢٠٠٤/٠٣/٢٠

لە تەمومژی بەیانییەکی ساردی زستاندا کرێکارانی زانۆن بۆ کارخانەکەیان دەچن، ئەوە یەکەم دەستەی سات شەش بەیانی تا یەکی دوانیوەڕۆیە. زانۆن کارخانەیەکی کیرامیک-سازییە، کە کرێکاران بەڕێوەیدەبەن. لە دەرگەی کارخانە کرێکارەکان سڵاو لەو کەسانە دەکەن، کە بۆ پاسەوانی و تۆماری هاتنەژوورەوەی کرێکارەکان دانراون. مارچی ٢٠٠٢ بەدواوە کرێکارانی زانۆن بەبێ خاوەنکار و بەبێ بەڕێوەبەر و بەبێ چاودێریکەر بەرهەمدێنن. کارخانەکە کەوتۆتە چۆڵەوانییەکی گردۆڵکەیی ئەرژەنتین، خوارووی ناوچەی نیوکوێن Neuquén. گەورەترین کارخانەی ئەو هەرێمەیە. پاش ململانێیەکی درێژخایەن لەتەك خاوەنەکانی لەسەر کرێی نەدراوی چەند مانگەی کرێکارەکان و داخستنی لەناکاوی کارخانەکە، پاییزی ٢٠٠١ کرێکارەکان بڕیاریاندا دەست بەسەر کارخاکەیاندا بگرن. بەوە مۆرکی دژەسەرمایەیی ڕاپەڕینیان بە گشت کرێکارانی جیهان نیشاندا : مرۆڤە بەرهەمهێنەرە خۆڕێکخەر و خۆبەڕێوەبەرەکان باشتر بەرهەمدێنن. "ئێمە ئەو دووڕیانەمان لەبەردەمدا بوو، لێرە بمێنینەوە و تێبکۆشین یا بڕۆینەوە ماڵەوە و چاوەڕێ بین. من دەمتوانی بڕۆمەوە ماڵەوە، بەڵام بڕیارمدا لێرە لە کارخانەدا بمێنمەوە و تێبکۆشم. لە ماوەی ئەو پازدە ساڵەی کە من لەم کارخانەدا کارمکردووە، فێربووم بەرەنگاریبکەم، تێبکۆشم"، ڕۆزا ڕیڤێرا Rosa Rivera ئاوا خۆڕاگریکردووە. ئەو یەکێکە لەو پازدە کرێکارە ژنەی نێو سێ سەد کرێکارانی کارخانەکە. "خاوەنکاران هیچ کاتێك باجی قازانجیان نەداوە، هەر ئاوا کە سەردەمی سەرۆك کۆماری پێشوو Raul Menem ملیۆنان دۆلاریان وەك کۆمەکی دراوی وەردەگرت. چەوسانەوەی کرێکاران زۆر توندوتیژ بوو. کۆمپانیانی Mapuche بۆ ئەوەی کەرەستەی خاو بۆ کارخانەی کیرامیك بەدەستبێنێت، وڵاتی تاڵانکرد". ساڵی ٢٠٠١ کاتێك ئابووری ئەرژەنتین تاڵانکرا، سنوورەکان خرانە ژێرپێی پاوانکەرانی بازاری ئازاد، کۆمەك بە خاوەنی کۆمپانییەکان کرا، خاوەنانی زانۆن بڕیاریاندا کارخانەکان داخەن و کرێکارەکان دەبکەن، بەبێ ئەوەی کرێی دواخراوی چەند مانگەیان قەرەبووبکەن. ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ لە کۆی سێ سەد و سی و یەك کرێکار، دوو سەد و شەش و شەش کرێکار بڕیاریاندا بەردەوام بڕۆن بۆ کارخانە بۆ کار؛ بۆ سەر شوێنکارەکانی خۆیان. کرێکارەکان چوار مانگ لەبەردەم دەرگەی کارخانەکەدا کۆبوونەوە، بەیاننامەیان بڵاودەکردەوە و بەشێکی ڕێگەیەکی سەرەکیان دادەخست، ئەوەی کە بەرەو پایتەختی ناوچەی نۆیکوین دەچوو. لەژێر چاوەدێریی کرێکارییدا بڕیارەکانیان

بەردەوام بوون، لەو کاتەدا کەوتبووە ژێرکارایی ڕوداوەکانی سەرتاسەری وڵات؛ کارایی خرۆشانی گەل ڕۆژی ۱۹و۲۰ی دێسەمبەری ۲۰۰۱، کە ماوەیەکی کەم پاش ئەوە شەپۆلی دەسبەسەراگرتنی کارخانەکان و کۆبونەوەی گەلیی و یەکگرتنی بێکاران و ڕێکخراوبوونیانی بەدوادا هات.

فرانسیسکۆ مۆلیناس ئاوا دەیگێڕایەوە " کاتێك کە ئێمە گەڕاینەوە نێو کارخانە، بە ڕێژەیەکی دیاریکراو کەوتینە فرۆشتنی بەرهەمە ئامادەکراوەکان. بەڵام کاتێك کە گشتی فرۆشرا، لە خۆمان پرسی، ئەدی چی بکەین، لەپێناو بەدەستهێنانی کۆمەکی سەد و پەنجا (پێزۆ)ی بێکاری تێبکۆشین (کە دەکاتە نزیکەی پەنجا ٥٠ دۆلاری ئەمەریکی) یان کارخانەکە بخەینەوەگەڕ؟". مارچی ۲۰۰۲ کرێکارانی زانۆن گەڕانەوە نێو کارخانەکەیان و بەرهەمهێنانیان خستەوەگەڕ. "ئەوە جەنگە لە دژی دوورەپەرێزی [دەست بەکڵاوەوەگرتن]، دژی هەموو شتێك، دژی ئەوەی کە ئەوان لە سەرەوە ئێمە ناچاردەکەن. لێرۆکانە، لەم کارخانەیە بۆ مرۆڤی نوێ تێدەکۆشین". کاتێك کە بەبێ خاوەنکار و بەبێ بەڕێوەبەر بەرهەمهێنان دەستپێکرا، لە چوارچێوەی کارخانەکەدا پەیوەندی و هەڵسوکەوتی نوێ هەستپێکرا. لەتەك تێکشاندنی پلەبەندیی ڕێکخستن، بەهرەکێشی و دابڕانیش لەنێوچوون. کرێکارەکان چۆنیەتی کۆنتۆڵکردنی کرێکارانیان پێشتر لەلایەن خاوەنکارخانەوە دەگێڕایەوە، بۆ نموونە دەبوو جلوبەرگی تایبەت (یونیفۆرم) بەڕەنگی دیاریکراوەوە بپۆشن، بۆ ئەوەی بەئاسانی دیاربێت، کە کرێکارەکان هی کامە بەشن. قسەکردن لەتەك کرێکاری بەشێکی دیکە قەدەخەبوو. لە نووسینگەی کارخانەکە کیرامیکێك کە وێنەی پیاوێکی گەنج (دانییێل)ی تێدا نەخشێنرابوو، هەڵواسرابوو. نووسینەکانی یاداوەرییەك بوون بۆ هاوکارێك [دانییێل]، کە لەنێو کارخانەدا مرد. جاران بەرهەمهێنان ئاوا دامەزرابوو، کە زیادبکردنی قازانجی خاوەنکار گرنگبوو. تا ئەو ڕادەیەی کە بۆ ئەوان دەلوا، مانگانەی ئێمەیان لە نزمترین ئاستدا ڕادەگرت، ئاسایش و پاراستن بۆ کرێکاران لە ئارادا نەبوون. کرێکاران لەژێر فشاردا بوون، هەردەم دەبوو زیاتر بەرهەم بهێنن، ئاوا لە خێرایدا کەسیان پاشەکەوتدەکرد . هەل و مەرجی کار پێش ئەوەی کرێکاران دەست بەسەر کارخانەکەدا بگرن، بەڕێژەی نێوەندیی بیست و پێنج تا سی ڕوداوو لە مانگێکدا ڕویاندەدا، هەروەها بەڕێژەی نێوەندیی لە ساڵێکدا کەسێك بە ڕوداوی کار دەمرد. لەو کاتەوە کە لە زانۆن بەرهەمدەهێنرێت، بەگشتی چواردە کرێکار مردوون. بەڵام لەو کاتەوە کە کرێکاران دەستیان بەسەر کارخانەکەدا گرتووە، تەنیا ڕوداوێکیش ڕوینەداوە. کرێکارێك ئاوا دەڵێت " کاتێك کە خاوەنکارێکت هەبێت، توشی شلەژان دەبیت و لەژێر فشار دەبیت. بەڵام بەبێ خاوەنکار باشتر کاردەکەیت و هوشیارانە هەموو لێپرسراوییەك لە ئەستۆدەگریت". ئەم ڕۆژ

ڕێکخستنی کارخانە بەباڵاترین ئاستی دیمۆکراتی ڕاستەوخۆ خۆی ڕێکدەخات، ڕۆشنترین ئاسۆ و بە هاوئاهەنگی. لەنێو 'کۆبونەوە' بڕیارەکان دەدرێن. نە سەرۆك هەیە و نە بەڕێوەرایەتی. هەموو بەشێك، هەر لە گواستنەوە تا فرۆشتن و بەرنامەڕێژیی بەرهەمهێنان و بەشی چاپ و نەخشاندن، تد....، بۆ دانانی ڕێکخەر لێژنەیەك هەڵدەبژێرێت. هەر لێژنەیەکی ڕێکخەر لەسەر 'مێزی نوێنەرایەتی' لەسەر بابەتگەلی شتی نوێ و کێشەکان زانیاریی خۆی دەدات. بەپێچەوانەشەوە لەبارەی چۆنیەتی کار لە بەشەکانی دیکە زانیاری وەدەگرێت. ئێستا سێ سەد کەس لە زانۆن بۆ سەر کارەکانیان گەڕاونەتەوە. شوێنکاری دیکەش لە بەرنامەڕێژیدان. لە کاتی دەسبەسەراگرتنی کارخانەوە زیاتر لە حەفتا کەسی تازە دامەزراون. لە کۆبونەوەی کرێکارەکاندا بڕیاردرا، زۆر گرنگە کە کەسانێك لە ڕێکخراوەی بێکارانەوە بخرێنە سەرکار. لەبەرئەوە زۆربەی کرێکارە تازەکان ئەندامی بزوتنەوەی کرێکارانی بێکارن MTD. هەموو کرێکارێك مانگانە بەگوێرەی پێداویستییە سەرەکییەکانی خێزانێك هەشت سەد پێزۆ وەردەگرێت. زانۆن لە چوار بلۆك پێکهاتووە. کارخانەکە هەژدە بەشی بەرهەمهێنانی هەیە، ئێستا لەوانە تەنیا سیانیان بەگەڕخراون. تەنیا ١٠- ١٥% تواناییەکان بەکارهاتوون. بەهۆی کورتیی ماوەی کار و زیادیی کرێ بەهرەکێشی کرێکاران کەمبۆتەوە. هێشتا لەتوانادا هەیە، کەسی تازە دامەزرێن. یەکێ لە هۆیەکانی سەرکەوتنی زانۆن، جێکەوتەبوونی تێکۆشانی کرێکاران بوو لە ناوچەکەدا. کرێکارەکان لەبەردەم دەرگەی سەرەکی کارخانەکە دیوارێکیان لە کیرامیکی شکاو دروستکردووە، کە بەسەرهاتی تێکۆشانی کارخانەکە دەگێڕێتەوە. ئەوە هەمووی لە چەند ژن و پیاوێکەوە دەستپێکرد، کە لە چواردەوری مەنجەڵێکی گەورە دانیشتبوون و لەسەر ئاگرێك دەکوڵا. هەموو مانگێك کاتێك کە لەبەردەم کارخانەکە دەوەستان، ئەوانەش ڕۆڵیاندەگێڕا: دراوسێکان و خوێندکاران و چالاکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی Pekuetero هاوپشتی خۆیان دەردەبڕی، بەوەی کە بەپارە و خواردەمەنی کۆمەکیان بە کەمپەینکارانی کرێکارانی زانۆن دەکرد. لە پشتەوەی کارخانەی زانۆن زیندانێك هەیە، کە زیندانییەکانی نێو ئەو زیندانە بەشەخۆراکەکەی خۆیان بە کرێکارەکانی زانۆن دەبەخشی. هەر ئاوا ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەك دایکانی زیندانیان و قوربانیان Mütter der Plaza de Mayo هاوپشتییانکردن. دایکان دەیانگێڕایەوە، کە هەر ئاوا ئەوانیش خواستویانە بەگیانیان کارخانەکە بپارێزن. هەندێك لە ژنەکان تەمەنیان حەفتا ساڵی دەبێت. بەڵام بڕیڕەی کارخانەکە ئاسایش و نەخشەی خۆپاراستنە. فەرمانداریی بەتوندوتیژی وەڵامی کرێکارانی کارخانەی (زانۆن)ی دەدایەوە. بە شێواز و تاکتیکی جۆراوجۆر هەوڵیدا کارخانەکە داخات. بەگشتی دەبوو پێنج جاران کارخانەکە لەلایەن پۆلیسەوە دابخرایە. بەڵام هەموو جارێك

هەزاران چالاك و دانیشتووانی ناوچەكە دەهاتن، تاوەكو پارێزگاریی لەكارخانەكە بكەن. لە كاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی داخرانی كارخانەكە هەمووان شوێن كاری خۆیان بەجێدەهێشت و پێكرا بەرپرسی پاراستنی ئاسایش بوون. لەبەردەم كارخانەكەدا ڕێكخراوەكانی بێكاران و دایكانی زیندانیان ڕیزبەندی پشتیوانییان ڕێكدەخست، كرێكارەكان لەنێوەوە خۆیان لە سەربانی كارخانەكە سەنگەریاندەگرت و پارێزگاریی لەخۆكردنیان ڕێكدەخست، بۆ نموونە بە چەك.

بەشی ژمارە یازدەی زیندانەكە كەوتووەتە پشتەوەی كارخانەكە. شەوێك لەتەك كرێكارەكان، ئەوانەی شەوانە پاسەوانییان دەكرد، لە سوڕانەوەیەكدا لە دەوری كارخانەكە، كە لە زیندانەكە نزیكبووینەوە. یەكسەر دەنگەدەگێكمان بیست " شراق .. شراق" زیندانەوانێك، كە ئێمە بەلایدا تێپەڕین، چەكەكەی سواركرد (فیشەك بردنە لوولە). لە كارخانە شێوازی تایبەتی خۆپاراستن داهێنران، بۆ ئەوەی دڵنیابین كە هیچ كەس دەست بەسەر كارخانەكەدا ناگرێت. هەموو كرێكارێك دەبێت دەست بە كاتژمێری تۆماركردندا بنێت - نەك بۆ ئەوەی ئەگەر درەنگ هاتنە سەركار، بتوانرێت سزابدرێن، بەڵكو لەبەرئەوەی هەمیشە دیاربێت كێ دێتە نێو كارخانەوە. پێشتر ئەركی پاراستن بۆ ئەوە پێویست بوو، ئەگەر كەسێك كەرەستەی كارخانەكەی بدزیایە، بزانرێت. بەڵام ئەم ڕۆژ ئەركی پاراستن بۆ شتێكی دیكەیە، كرێكارەكان لە خەمی ئەركی پاسەوانیدان لەبەرئەوەی كارخانەكە بەڕێوەدەبەن، لەبەرئەوە پێویستە هەمووان چەكەكانیان بۆ كاركردن لەتەك خۆیان بێنن.

٢٥ نۆڤەمبەری ٢٠٠٣ كرێكارانی زانۆن لەتەك ڕێكخراوی بیكاران لە هەرێمی نۆیكوین دژی بەڵگەی ئەندامەتی بۆ بێكاران خۆنیشاندانیان كرد (فەرمانداری دەیەوێت بڕەی سەد و پەنجا پێزۆ كۆمەكی بێكاری لە ڕێگەی كارتێكی بانكییەوە بدات. بەو جۆرە بێكاران لە ڕێگەی ئەو كارتەوە تەنیا كەمێكی ئەو بڕەپارەیەیان پێدەدرێت و تەنیا مافی ئەوەیان دەبێت، شتگەلێكی دیاریكراو لە سوپەرماركێتەكاندا بكڕن، كە بە "تۆڕی بازرگانی" ناسراون. خۆپشاندانەكە بە هێرشی توندوتیژی پۆلیس كۆتاییهات. زیاتر لە بیست و دوو كەس برینداربوون، لەوانە دە كەسیان بە گولە برینداربوون. ئەندرێس یەكێكە لەو كرێكارانەی كە دەستیان بەسەر كارخانەی كیرامیكی زانۆن گرتووە و ئەندامی ڕێكخراوی كرێكارانی بێكارە MTD ، نزیكەی شەست و چوار گولەی پلاستیكی بەركەوتبوو. پۆلیس هەشت سات لەنێو زیندان ئەوی ڕاگرتبوو و ئەشكەنجەیاندابوو و بواری تیماركردنیێ برینەكانیان نەدابوو. بەو هۆیەوە ئەندرێس چاوی چەپی لەدەستداوە. ٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٣ حەوت چەكداری دەمامك

بەسەر خۆیان دەخزێننە نێو کارخانەی زانۆن و سی و دوو هەزار پێزۆ دەدزن. پێشتر مانگی نۆڤەمبەر دڕندانە هێرشیانکردە سەر ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی هەرێمی نۆیکوین. کرێکاران و چالاکانی بزووتنەوەی بێکاری MTD لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا هەڕەشەیان لێکرا. ڕاوڵ گۆدۆی کرێکارێکی کارخانەی زانۆن، بەو جۆرە دەیگێڕایەوە " ئێمە گشت ئەوانە بە زنجیرەیەك پیلان دەبینین، بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە فشار بخەنە سەر کەسانێك لە ئێمە، ئەوانەی کە بۆ کۆمەڵێکی دادپەروەرانە تێدەکۆشن". لە ڕۆشنکردنەوەیەکی چاپەمەنیی کرێکارەکاندا ئاوا هاتووە "پاش ئەوەی چەتەکان پارەکەی کارخانەیان دزی، لە بەرانبەردا فەرمانداریی شێوە هاریکارییەکی ئاوای پێشنیارکرد، تاوەکو لەو کارخانانەدا بەشداربێت، کە کەوتوونەیە ژێر خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاران. بێجگە لە زانۆن تەنیا یەك کۆمپانی هاریکاری دەوڵەتی ڕەتکردەوە، ئەویش سوپەرمارکێتێك Tigre-Supermarkt بوو لە Rosario. " فەرمانداری بە شێواز و ڕێگەی جۆراوجۆر خۆی دەخزاندە نێو بزوتنەوەکەوە. بەو شێوە دەوڵەت هاریکاریدەکات، بەڵام لە بەرانبەردا دەبێت لە تێکۆشان وازبهێنیت".

کرێکارانی بروکمان Brukman، کە کارخانەیەکی پۆشاکدوورینە لە پایتەخت Buenos Aires، ١٨ی ئاپریلی ٢٠٠٣ بەدواوە داخرابوو، ماوەیەك لەمەوپێش توانییان بگەڕێنەوە سەرکار، بەڵام بە هاریکاری لەتەك دەوڵەت. بەگوێرەی ڕێکەوتننامەیەك، کە دەوڵەت خستییە بەردەم کرێکارەکان، تەنیا دوو ساڵ ماوەیان دەبێت، بۆ ئەوەی بەخۆیان کارخانەکە [چواردیواری و ئامێرەکانی چنین] بکڕن. لە پاش داخستنی بروکمان ڕامیارە چەپەکان بە خۆتێهەڵقورتاندنی شێوێنەرانە لەو پرسەدا لە بنبەستی ڕەخنەدا گیریانکردووە. بەڕاستی شەرمەزارییە، هاوکاتی شازدە مانگ دەسبەسەرداگرتنی کارخانەکە پاش داخستنی، کاتێك کە کرێکاران هەوڵیاندا بگەڕێنەوە سەرکار، ئەوان خواستیان بەوە ڕازیبانبکەن، کە تاکتیکەکانی پارێزگاریی لەخۆکردن پێویستنین. لەو کاتەدا کارخانەکە پاسەوانی تایبەتی هەبوو[!]، ئاوا بەرچاودەکەوێت، کە لە سەرەتاوە بۆ کارخانەکە دانراوە.

ڕۆزا ڕۆڤێرا پازدە ساڵە لە کارخانەی زانۆن کاردەکات؛ ئەو گوتی " زانۆن ، تەنیا تێکۆشانی بۆ سێ سەد کرێکار نییە لە کارخانەکەدا، بەڵکو تێکۆشانی خەڵکی ناوچەکەشە بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ". کاتێك کارخانەکان دابخرێن و لە تەنگانەدا بەجێهێڵرێن، کرێکاران مافی ئەوەیان هەیە، بەکاریانبهێنن و دووبارە بەگەڕیانبخەنەوە و بە ژیانیی خۆیان بەرگریی لە ئەوان بکەن". لە ئاسۆی بزوتنەوەی لەت-لەت-کراوی (ئەرژەنتین)، زانۆن هێشتا سیمبۆلێکی بەهێزی هەستانەوەیە دژی سەرمایەداری. پرسێکی کۆمەڵایەتی کە لەو کارخانەدا ڕوودەدا، سروش و

پەیامێکە بۆ کرێکاران لە کارخانە دەسبەسەرداگیراوەکانی دیکە و بۆ چینی کرێکار لە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە؛ سروش بە ئەوان دەدات، تاکو دەسەڵاتی ,بەڕێوەبەرەکان تێکبشکێنن.

مارێ تریگۆنا Marie Trigona ژورنالیست و هەڵسوڕاێکی سەربەخۆیە. لەتەك هەرەوەزیی ڤیدیۆ و چالاکی ڕاستەوخۆ Alavío بەشدارە. دەتوان بەم ڕێگەیەی خوارەوە لەتەك ئەودا پەیوەندیبگرن :

www.revolutionvideo.org/alavio mailto:mmtrigona@riseup.net

سەرچاوەی: http://www.zmag.org/sustainers/content/٢٠٠٤-٠٣/١٨trigona.cfm

## هاوپشتی نێونەتەوەیی بۆ کرێکارانی کارخانەی زانۆن لە ئەرژەنتین

بۆ سەرۆککۆماری ئەرژەنتین نێستۆر کریچنەر Néstor Kirchner، فەرمانداری ناوچەی یۆرگ سۆبیش نۆیکوین Jorge Sobisch Neuquén، دادیاری فیدراڵی ڕافایل باڕێرۆ Rafael Barreiro، ئەندامانی دیکەی فەرمانداری و گەلی ئەرژەنتین.

لە هەر چوارلای دونیاوە، بزووتنەوەی بە گەڕخستنەوەی کۆمپانیا و کارخانەکان (ئەرجەنتینا*) وەك سروشبەخشێك لە جەنگی دژی نیئۆلیبرالیزم، سیمبوڵێکی گرنگە بۆ دونیایەکی دیکە، کە وەدیهێنانی لەتوانادا هەیە و پێویستە و گەڕانەوەی نییە.

کارخانەی کاشیسازیی زانۆن لە ناوچەی نۆیکوین، کە لەلایەن کرێکارەکانییەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەڵتەرناتێڤێکی ناوچەیی بەرجەستە و سەرکەتووە بۆ شێوەی ئابووریی جیهان. لە ژێر کۆنترۆڵی کرێکاراندا ڕێژەی وەرگرتنی کرێکاری دیکە ٥٠% زیادیکردووە و ئەو ڕێژەیە لە ساڵێکدا لە سێ سەد کرێکارەوە بووە بە چوار سەد و پەنجا کرێکار. چ کۆمپانیایەکی جیهانی [فرەنەتەوە] دەتوانێت ئامارێکی ئاوا تۆماربکات؟ کرێکارانی زانۆن ئەوەیان بە دیمۆکراسی ڕێکخستووە، بە بڕیارگەلێك کە لە کۆبوونەوە گشتییەکانیاندا لەسەری ڕێککەوتوون و گشت کرێکاران دەسەڵاتی یەکسانیان هەیە. چەند کەس لە ئێمە لە ژیانماندا لە شوێنی کارەکانماندا دیمۆکراسی ڕاستەقینەمان ئەزموونکردووە؟

کرێکارانی زانۆن لە هەمان کاتدا لە ناوچەی نۆیکوین کۆمەکە گەلییەکانیان پێکهێناون و پەرەپێداون، هەر ئاوا لە زۆر ڕێگەی جیاوازەوە پابەندیی خۆیان بۆ نشینگەیان نیشانداوە، لەوانە لەم دوایانەدا لە نشینگەیەکی نزیك کارخانەکە نێوەندێکی تەندروستییان کردووەتەوە.

وێڕای ئەو سەرکەوتنە بێوێنانەی سێ ساڵی ڕابوردوو، کەچی هەڕەشەی دەرکردن و لێسەندنەوەی کارخەنەکە لە کرێکاران بەردەوامە، هەرچەندە وەلانانی ئەو هەڕەشانە بە لێپرسینەوەی یاسایی و فەرمانی ئاسایی لە تواناداهەیە.

ئێمە کەسانێك کە لە سەرەوە واژۆمانکردووە، داوا لە فەرمانداریی ئەرژەنتین و فەرماندارانی ناوچەی نۆیکوین و دادوەرانێك کە لەتەك پرسە جۆراوجۆرەکانی نابوتبوونی خاوەنکارەکان سەروکاریان هەیە، دەکەین، کە دەستبەجێ ئەو خاڵانە جێبەجێبکەن:

بەرگرتن بە فشار و هەڕەشەی دەرکردنی کرێکاران لە کارخانەکە چ ئێستا و چ لە داهاتوودا، بە فەرمی ناسینی یاسایی هەرەوەزیی کارخانەکان بەبێ سەرۆکان Factory Without Bosses ی

کرێکارانی زانۆن و ددانینان ئەو بەشدارییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییە گرنگانەیە، کە لە سێ ساڵەی دواییدا پێشکەش بە کۆمەڵی خۆیان کردووە.

بەبێ فەرمی ناسینی هەرەوەزییەکەیان لەلایەن دادگە، کرێکارانی زانۆن ناتوانن پلانەکەیان بۆ ناردنەدەرەوەی بەرهەمەکانیان جێبەجێبکەن، ئێمە وەك پشتیوانییەك لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا هەوڵی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان دەدەین.

بە پەسەنکردنی مۆڵەتی یاسایی هەمیشەیی و چەسپاو بۆ دارایی بەکۆمەڵی کرێکارانی زانۆن، بەو جۆرە ئەوان دەتوانن دەست لە بەفیڕۆدانی وزە لە جەنگە ڕامیاریی و یاساییەکاندا هەڵبگرن و گشت توانایەکیان بۆ دەستەبەرکردنی کاری فرەتر و کۆمەکی دروستکردنی نەخۆشخانە و قوتابخانە و خانوو بۆ بەرژەوەندی گشتی بخەنەگەڕ و نموونەی دێمۆکراسی ئابووریی گەشەپێبدەن، کە لە ناوچەی نۆیکوین و تەواوی جیهاندا زۆر پێویستە.

لە سەرتاسەری جیهاندا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە گرنگییەکی زۆر و پشتیوانی هاوسۆزییەوە تێدەکۆشن و هیوای خۆیان بە تێکۆشانی کرێکارانی زانۆن گرێداوە. لە بار و دۆخی هەنووکەییدا بۆ بەرەنگاریکردنی نیئۆلیبرالیزم ئەو ئەڵتەرناتیڤە زۆر سەرکەوتووە و نابێت هەڕەشەی لێ بکرێت و سەرکوتبکرێت، بەڵکو دەبێت شانازی بەو ئەڵتەرناڤەوە بکرێت و بپارێزرێت و گەشەی پێبدرێت و لە ناوچە و وڵاتانی دیکەیشدا گەشەپێبدرێت.

* ئەرژەنتینا ناوی بزووتنەوەیەکە کە ساڵی ٢٠٠١ بەدواوە بە خۆنیشاندانی بەردەوام و دەستبەسەرداگرتنی کارخانە و میوانخانەکان و بە هاریکاری دانیشتووانی ناوچە و گەرەکە هەژارنشینەکان و بزووتنەوەی بێکاران و کۆمەڵەی دایکانی زیندانیان و لاوان، سەریهەڵداوە و لە چەندین کارخانە و میوانخانە لەوانە زانۆن و بروکمان، خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاریان ڕێکخستووە و هەر لە خۆیان گاردی پارێزگاری و بەڕێوەبردنی کاروباری گەرەکەکان و کارخانەکانیان بە ئازادانەترین شێوە بەڕێوەبردووە. لە هەمانکاتدا کاریان بۆ بێکارانیان دابینکردووە و یارمەتی نەخۆشخانە و قوتابخانەکانیان داوە و لە گەڕەکەکاندا چەندین خزمەتی کۆمەڵاتییان پێشکەشکردووە. شایانی ئاماژەیە ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوچەییشیان دامەزراندووە. (و.ك)

سەرچاوەیە http://www.petitiononline.com/zanon/petition.html

## خاوەنکاران و ڕامیاران دەربکەن، هەر ئێستا تایبەتیکردنی کەرتەکان ڕابگرن

### تایبەتیکردن دژ بە خەڵکە

تایبەتیکردن پرسێکە کە ڕاستەوخۆ زیان و کارایی لەسەر چینی کرێکار دادەنێت. لە سەروبەری هەر هەڵبژاردنێکدا لەلایەن ڕامیارەکانەوە سەردانی کرێکاران دەکرێت و بەڵێنی هەموو شتێك بە ئەوان دەدەن. بەڵام پاش هەڵبژاردن وەك جاران دەیان هەزار لە کرێکار و کەسانی هەژار دەرکردن و دابڕان و وابەستەیی دارایی ڕووبەڕوودەبنەوە. ئەو بارە نالەبارە ڕاستەوخۆ بە پرۆسێسی تایبەتیکردنەوە پەیوەستە. تایبەتیکردن پرۆسێسی گێڕانەوەی خزمەتگوزارییەکانی فەرمانداریی و کۆمپانییەکانی فەرمانداریە بۆ چالاکی بەدەستهێنانی سوود. ئەوە بە واتای کۆمەڵێك شتی دیکە دێت:

- کاری کەم و کرێی نزم، لەتەك خزمەتگوزاریی کەمتر.
- لێسەندنەوەی دەستکەوتەکان.
- بەرزبوونەوەی نرخی خزمەتگوزارییەکان.
- دەرکران و کەمکردنەوە و وابەستەیی ئەگەر موچە دواخرا.

### تایبەتیکردن واتە سوود کەڵەکەکردن بە برسیکردن

بۆ نموونە، نرخی کارەبا زیاددەکرێت، لەبەرئەوەی کۆمپانی ESKOM دەیەوێت پارەی فرەتر بەدەستبێنێت و قەرەبووی قەرزەکانی بکاتەوە. ئەوە لەبەرئەوە دەکرێت، تاوەکو کۆمپانییەکە سوودی زیاتر بەدەستبێنیت. هەر ئاوا بۆ ئەوەی کە کۆمپانییەکە لە بازاردا سەرنجڕاکێشتر بێت؛ پارتیی کۆمونیستی ئەفریکای باشووری و کۆنگرێسی نیشتمانی ئەفریکا SACP & ANC و شالیاری فەرمانداری جێف ڕادێبە کۆتایی ٢٠٠٢ بەڵێنی فرۆشتنی DENEL، ESKOM، TELKOM و SPOORNET بە کۆمپانیا گەورەکان داوە. ڕادێبە هیوادارە کە کۆمپانیا گەورەکان لە باشوری ئەفریکا، کۆمپانیاکانی وەك Anglo-American و Sanlam و کۆمپانیاکانی سەرووەدریای وەك Suez-Lyonnaise ئەو کۆمپانیانە بکڕن.

### دارایی فەرمانداری ئەڵتەرناتیف نییە

لە ڕاستیدا بەکردەوە جیاوازییەکی کەتوارئ بوونی نییە، کاتێك ئەو کۆمپانیانە بە موڵکی فەرمانداریی بمێننەوە یا ببنە هی کۆمپانیا گەورەکان. گرفتی بنەڕەتی لەوەدایە، کە سوکانی فەرمانداریی بەدەست (کۆنگرێسی نیشتمانی ئەفریکا)یە بۆ ئەوەی کۆمپانیا فەرمانداریەکان و خزمەتگوزارییە فەرمانداریەکان بکەنە سەرچاوەی سوود کەڵەکەکردن. ESKOM سەد لە سەد دارایی فەرمانداریە. وێڕای ئەوەش بەخۆی لە ناوچەی Soweto لە ماوەی مانگێدا پازدە هەزار کرێکاری کەمکردەوە/دەرکرد. فەرمانداری لە کۆمپانی Servcon هاوبەشە، ئەو

کۆمپانییەی کە لە کەناری خۆرهەڵاتیی هەرەشەی دەرکردن لە کرێکاران دەکات. لە سەدا حەفتای تێلێکۆم دارای فەرمانداریيە، کە لە پێنج ساڵی ڕابوردوودا لە سەدا سی نرخی تەلەفۆنکردنی زیادکرد. پرسەکە سادەیە، کاتێك کە ئێمە دژی تایبەتیکردنەوە دەوەستینەوە، بۆ ئێمە ئاوا نییە، کە دارایی فەرمانداریی بۆ ئەو کۆمپانی و خزمەتگوزارییانە بە چارەسەر بزانین. بەپێچەوانەوە، چیدیکە بەهیچ شێوەیەك جیاوازییەکی ئاوا لەنێوان دارایی فەرمانداریی کۆمپانیاکان و دارایی تایبەتی کۆمپانیاکان نییە. هەردووکیان لە سروشیاندا سوود هاندەریانە و دژی کرێکار و دژی یەکێتییەکانن. ئەوە ئەوە دەگەیێنێت، کە هاوکات تێکۆشانمان، تێکۆشانە دژی هەر دوو لا: کۆمپانییە گەورەکان و فەرمانداری.

**دارایی فەرمانداری ناکاتە سۆشیالیزم**

پێویستە ئەوەش بڵێین کە دارایی فەرمانداریی کۆمپانیاکان هیچ پەیوەندی بە سۆشیالیزمەوە نییە. لە مێژوودا هەندێك لە کۆمپانیا زیاتر دژە کرێکارەکان دارایی فەرمانداری بوون. بۆ ئەنارکیستە شۆڕشگێڕەکان پرسیارەکە ڕۆشنە: سۆشیالیزم واتە خۆبەڕێوەبەری؛ خۆبەڕێوەبەری تەواو پێچەوانەی کۆنترۆڵی دەوڵەتییە؛ هەر ئاوا لە هیچ بارێکدا ناتوانرێت کۆنترۆڵی سەرکوتگەرانەی دەوڵەتی بە خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاران بچوێنرێت، ئێمە لەبەرئەوە دژی تایبەتیکردن نین، کە فەرمانداریمان خۆشبوێت و ترسی ئەوەمان هەبێت، کە بە هۆی تایبەتیکردنەوە ئەو دەسەڵاتی لەدەسەتبدات. ئێمە ڕکمان لە فەرمانداریی دەبێتەوە، بۆ ئەوەی ڕاستگۆ بین. هۆی ڕاستەقینەی دژایەتیمان بۆ تایبەتیکردن لەبەرئەوەیە، کە زیان بە چینی کرێکار دەگەیێنێت. کە ئەوە لە هۆیەکی پێویست زیاترە.

**بۆچی تایبەتیکردنەوە ڕوودەدات؟**

تایبەتیکردن لەبەرئەوە ڕوودەدات، کە کۆمپانییە گەورەکان لە سەرتاسەری جیهاندا ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووریی دەبنەوە. ئەو قەیرانە ئابوورییە هاوشێوەی تەمبەڵییە (داتەپینە) گەورەکەی دەهەی سی [سەدەی ڕابوردووە]. ئەو جارە تەمبەڵیی بەهێز شێوەی خاو بزووتن لەخۆدەگرێت: لە دەهەی شەستەوە [سەدەی ڕابوردوو] داتەپینی ئابووریی درێژماوە لە ئاستی جیهانیدا لە ئارادایە، ئەوەی کە ساڵی ١٩٧٣ زیاتر بەرچاوکەوت. ئێمە هێشتا لە قەیراندا دەژین. کۆمپانیا گەورەکان لە هەوڵی ئەوەدان، کە چینی کرێکار بەهۆی پیادەکردنی ڕامیارییەکانی نیئۆلیبرالیزم لەوانە تایبەتیکردن و بێسەرەوبەرەییەوە باجی ئەو قەیرانە بدەن. بەواتایەکی دیکە، ڕامیاریی دژە کرێکاریی وەك تایبەتیکردن بۆ ئەوەیە کرێی کارەکان و ئاستی ژیانی چینی کرێکار بەمەبەستی بەرزکردنەوەی سوودی کۆمپانییە گەورەکان دابەزێنێت. ئەوە بوق واتاییە کە هۆی ئاراستەکردنی ئەو ڕامیاریانە چەند ڕامیارێکی گەندەڵ

یا بەڕێوەبەرانێکی کەمتەرخەم نین: بەڵکو نێوەڕۆکی ئەو ڕامیارییانە دڵڕەق و گیانی جەنگەنگێزانەی سەرمایەداریی مۆدێرنە. لەبەرئەوە تێکۆشانی ئێمە دژی تایبەتیکردن، تێکۆشانە دژی خودی سەرمایەداری، تێکۆشانە دژی سیستەمی کەڵەکەکردنی سوود بەهۆی کاری هەرزان و کەمکردنەوەی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان و پەیوەندی نادیمۆکراتانەی بەرهەمهێنان و جەنگ و ڕاسیزم.

**لە خشتەبردن و فرۆفێڵی هەڵبژاردنەکان**

ئێمە ئەنارکیستە شۆڕشگێڕەکان هەڵبژاردنەکان بە لەخشتەبردن دەزانین. نەك لەبەرئەوەی کە سنووردارن، بەڵکو لەبەرئەوەی کە هەڵبژاردنەکان دیمۆکراسیانە نین. هیچ کاتێك ڕامیارەکان لە هیچ خاڵێکدا ڕەزامەندیی جەماوەریان بۆ پیادەکردنی تایبەتیکردن پێنەدراوە. هیچ کاتێك لە هیچ خاڵێکدا ڕامیاریەکان مافی ئەوەیان پێنەدراوە، کە لەسەر خوانی ئێمە قەلەو بن، دەرمان بکەن و دامانبڕن، مافمان بخۆن و ڕۆشنایمان ببڕن. ڕۆشنە، کە فەرمانداری خزمەتی خەڵك ناکات. خزمەتی کۆمپانییە گەورەکان و دەوڵەندان دەکات. ئەوانە بە بەڵگەوە سەلماون، کە هەموو فەرمانداریيەکان لە جیهاندا ڕامیاریەکانی نیئۆلیبرالیزم جێبەجێدەکەن و لە هیچ بارێکدا نوێنەرایەتی چینی کرێکار ناکەن. پێویست نییە ئێمە بەشداری لەو سیستەمە بۆگەنەدا، لەو مافیا ڕامیارییەدا بکەین. خاوەنکار و ڕامیارەکان دەستیان تێکەڵە، دەوڵەمەندەکان سەروەری هەژارەکانن.

**چینی کرێکار دەبێت ڕۆڵ بگێڕێت**

لەبەرئەوە مافی خۆمانە دژایەتی فەرمانداری بکەین و بیگۆڕین بە سیستەمێکی نوێ، کە خزمەتی خەڵکی بکات. پێویستە سیستەمی کرێکاران و ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکان بێت، کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی نوێنەران دادەمەزرێت. لەجیاتی هەڵبژاردنی پێنج ساڵ جارێکی ڕامیارە درۆزنەکان، پێویستە مافی ئەوەمان هەبێت، دەستبەجێ نوێنەرانی ناکارا و گەندەڵ لە نوێنەرایەتی بخەین. لەجیاتی ئەوەی هەموو بڕیاردانەکان بە کەسانێك بەناوی شارەزایان بسپێرین، پێویستە مافی ئەوەمان هەبێت، بەگوێرەی لوان لەو بڕیاردانانەدا بەشداریبکەین، کە کارایيان لەسەرمان هەیە. پێویستە مافی کۆنترۆڵکردنی شوێنەکانی کارکردن، ئەنجومەنەکان (شارەوانییەکان) و فێرگەکانمان هەبێت. ئایا ئەوە کارێکی کردەییە؟ بەڵێ، مێژوو ئەزموونەگەلی کۆنترۆڵکردنی کرێکاریی و بەڕێوەبردنی دیمۆکراسییانەتری کۆمەڵ لەلایەن چینی کرێکارەوە نیشانیداوە؛ لەوانە کۆمۆنەی پاریس، شۆڕشی ئیسپانیا، ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکانی هەنگاریا ١٩٥٦، یا دەسەڵاتی گەلی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو لە

باشووری ئەفریکا. لەبەرئەوە پێویستە چینی کرێکار لە بەرژەوەندی خۆی کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکات.

**ئامانجەکانمان**

ئامانجی سەرەکیمان هەڵوەشاندنەوەی تایبەتیکردن و کۆتایهێنانە بە سیستەمی سەرمایەداری، کە هۆی سەرهەڵدانی گرفتەکەیە. ئامانجمان بۆ کرێکاران و ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکان، دەستبەسەرداگرتنی ڕاستەوخۆی کۆمپانییە فەرمانداریەکانی خزمەتگوزارییە، هەر ئاواش دەستبەسەرداگرتنی کۆمپانییە تایبەتییەکانی خزمەتگوزاریی. تێکۆشان و چالاکی ڕاستەوخۆ چارەسەر و مسۆگەرکەری سەرکەوتنە، نەك هەڵبژاردن. ئێمە ئامانجمان دەستبەسەرداگرتن و هەرەوەزیکردنی کۆمپانیاکان و ڕێکخستنیانە لەژێر بەڕێوەبردنی کرێکاریی و چاوەدێریی ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکان و خۆبەڕێوەبەرایەتییان لە ڕێگەی چالاکی شۆڕشگێڕانەوە. کاتێك کە دەوڵەمەندەکان بڕوخێندرێن، چینی کرێکار سەرکەوتوودەبێت و ژیانمان باشتر دەبێت،

**داخوازییەکانمان**

ئێمە خوازیاری بەهێزکردنی کردەی (Khanyisa**)ی بەردەوامین؛ چینی کرێکار دەبێت کاروبارەکان بەدەستەوەبگرێت و هەر دابڕان و وەستانێك بەرپەرچبداتەوە.
ئێمە خوازیاری بەشدارینەکردنی کەسانی کرێکارین لە دانی پارەی خزمەتگوزارییەکان، دەبێت فەرمانداری خەرجی ئەوانە لە ئەستۆ بگرێت و خۆڕایی بن.
ئێمە خوازیاری ئەوەین کرێکاران و ئەنجومەنەکان هێزێك بن بۆ ڤیتۆ-کردنی هەموو بڕیارە پەیوەندیدارەکان کە لەلایەن کۆمپانیا و نێوەندە خزمەتکارییەکانی فەرمانداریەوە دەدرێن.
ئێمە خوازیارین هەموو کەمکردنەوە و لێگرتنەوە و تەنگپێهەڵچنین و سەختگرتنەکانی شوێنی کار ڕابگیردرێن.

**ئەوەی نییەتی بژێرێت، نابێت بژێرێت**

* Khanyisa واژەیەکی زولو (Zulu )ییە، کە بە واتای ڕۆشنبوونەوە دێت.

** وەك هەموومان دەزانین پرۆسێسی تایبەتیکردن بە ئاوەڵاکردنی سنوورەکانی کوردستان و عیراق لەبەردەم بازار بەرەڵای سیستەمی ئابووریی نیئۆلیبرالیزم، نەك تەنیا ڕەوشی تایبەتیکردنی خێراکردەوە و مەیدانی بۆ کۆمپانی دەرەکی خۆشکرد، کە ئەوەش پابەندی ڕێکەوتنی دەسەڵاتدانی ئەو دەڤەرەیە لەتەك نێوەندە جیهانییەکانی وەك بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نێودەوڵەتیی دراو و ...تد و تایبەتیکردن یەکێکە لە مەرجە یەکەمەکانیان، بەڵکو شێوازی مافیایی و ڕاوڕووتی بێوێنەی وەك تاپۆکردنی گشت نێوەندەکانی خزمەتگوزاریی و کەرتە گشتییەکان لەسەر پارتییە دەسەڵاتدارەکان لە ڕێگەی فێڵی یاساییەوە و بەناوکردنی نێوەند و کەرتەکان بەناوی کەسانی سەر بە پارتیی و کۆمپانیاگەلی ژێربەژێر سەر بە پارتیی و دواجار گێڕانەوەیان بۆ ئەندامانی خێزانە دەسەڵاتدارەکانی نێو پارتییە ڕامیارییەکانی هێنایە ئاراوە.

لەبەرئەوە کاتێك کە ئەو نووسینەم بەرچاوکەوت، دەستبەجێ بڕیارمدا بیکەمە کوردی، چونکە بار و دۆخێك کە ئەم ڕۆژ لە هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، هاوشێوەی بار و دۆخی زۆربەی وڵاتانێکە، کە بەر شاڵاوی تایبەتیکردن کەوتوون، بەتایبەت کۆمەڵی باشووری ئەفریکا، کە ساڵانێکی زۆر بەدەست هەڵاواردنی نەژادییەوە ناڵاندی و وەك جەماوەری کوردستان ئاوان دەبینی، بە کۆتاییهاتنی ستەمە نەژادییەکە و سپاردنی کاروبارەکان بە دەسەڵاتدارانی خۆیی، ئیدی گشت ئازار و چەوسانەوەکان کۆتاییاندێت. بەڵام ئەوە هەر وەك لە هەرێمی کوردستان بینیمان، پاش کۆتاییهاتنی ستەمەکە نابێت، جڵەوی بەڕێوەبەرایەتی بە دەسەڵاتخوازانی هاوزمانی خۆمان بسپێرینەوە. بەڵکو پێویستە بەخۆمان لە ڕێگەی خۆڕێکخستنی خۆمانەوە کۆمەڵ و کاروبارەکانمان بەڕێوەبەرین. ئەوە ئەو شتەیە کە ڕەشپێشتەکانی باشووری ئەفریکا پێش ئێمە ڕووبەڕوویبوونەوە. بە درێژایی مێژوو ئەزموونەکان نیشانیانداوە، کە کۆتاییهێنان بە هەڵاواردنی نەژادی و ڕەگەزی و ئێتنیی و ئایینی هیچ کاتێك کۆتایی بە سەرچاوەی ستەمی مرۆڤ لە مرۆڤ نییە، بەڵکو کۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە تەنیا بە لەنێوبردنی پایە و پێناو و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی چەوسانەوە؛ دارایی تایبەتی و کاری کرێگرتە و سەروەری چینایەتی، مرۆڤ دەتوانێت بۆ هەمیشە ئازادبێت.

سەرچاوەی: ماڵپەڕی ئەنارکستە شۆڕشگێڕەکانی باشوری ئەفریکا(زابالازا نێت)

**کرێکارانی کارخانەی (bike systems) ی ئاڵمانیا پاش سێ مانگ دەستبەسەرداگرتنی کارخانەکە، لەژێر خۆبەڕێوەبەری خۆیاندا دەست بە بەرهەمهێنانی (Strike Bike) دەکەن***

هامبورگ/ نۆردهاوزن، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧

سەرەنجام رۆژی دوو شەممە، ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ کرێکارانی کارخانەی بایسکیلسازی bike systems لە نۆردهاوزن کارخانەکە دەخەنەوەگەڕ. لەژێر خۆبەرێوەبەری تەواوی خۆیان و بەبێ بەڕێوەبەر و خاوەنکار، سات ٦:٣٠ی بەیانی بایسکیلی مانگرتن Strike Bike بەرهەمدەهێنرێت. هەزار و هەشت سەد بایسکیلی پێشتر داواکراو دروستدەکرێن و سەرەتای نۆڤەرمەبەر بۆ کڕیارەکانیان بەرێدەکرێن.

ئەوانەی کە خوازیاری بایسکیلێکی Strike Bike، بەڵام لەو ١٨٠٠ دانە بەر ئەوان نەکەوتووە، دەتوانن هەر ئێستا لەم ماڵپەڕەدا www.strike-bike.de لە لیستی تۆمارکردندا Reservierungsliste خۆیان ناونووسبکەن.

لە سەرەتای دەستپێکردنی بەرهەمهێناندا ڕێگە بە نێوەندی بڵاوکراوە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکان دەدرێت ئامادەبن، بەڵام لەبەرئەوەی ئاگادارکردنەوەی فەرمی پێویستدەکات، دەبێت خۆیان ناونووسبکەن. هەروەها پێشوازی لە گشت پشتیوانیکاران دەکرێت، ئەوانەی کە دەیانەوێت ئەم ساتەوەختە مێژووییەی دەستبەسەرداگەران و خۆبەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانەکەیان هاوڕاییبکەن.

هاوکات هاوکارانی بایسکیلڕانی نۆردهاوزن Bikes-in-Nordhausen، نوێنەرانی یەکێتی سەربەخۆی کرێکاران FAU و قاوەخانەی هەرەوەزیی ئازاد Café Libertad Kollektiv eG و یەکێتییەکانی وڵاتانی دیکە، ئامادەدەبن.

سەرچاوە : www.fau.org

## نامەیەکی کراوە بۆ ڕێکخستنە ئەنارکییەکان و خەڵکی سەرتاسەری جیهان

لەبارەی جامی جیهانی تۆپپێ لە برازیل

بەر لەوەی کە جامی جیهانی (تۆپپێ)ی ٢٠١٤ لە برازیل ئەنجامبدرێت، ناڕەزایەتی بەرفراوان دژی سەریهەڵداوە. دەوڵەتی ئەم وڵاتە بە سەرۆککۆماریی خاتوو (دیلما روسف) ئەو ناڕەزایەتییانەی سەرکوتکرد. (ڕوسف) کە بەخۆی لە دەمەی حەفتای سەدەی ڕابوردوودا چریکێکی چەپڕەو بوو و دژی دیکتاتۆری سەربازیی تێدەکۆشا، هەنووکە بەدەسەڵات گەییشتووە و فەرمانی بێچەندوچوونی بە هێزەکانی برازیل داوە، کە هەر جۆرە ناڕەزایەتییەك لە ماوەی بەرپاکردنی (جامی جیهانی) بەتوندی کپبکەنەوە.

لەو بارەوە شەش ڕێکخستنی ئەنارکیستی برازیل نامەیەکی کراوەیان ئاراستەی ڕێکخستنە ئەنارکیستییەکان و خەڵکی سەرتاسەری جیهان کردووە، کە لە خوارەوە دەقی نامەکە بۆ کوردزمانان وەرگێڕدراوە. ٢\٦\٢٠١٤

فیفا بەرپاکردن و بەڕێوەبردنی جامی جیهانی (تۆپپێ)ی ٢٠١٤ ڕاسپاردەی برازیل کردووە. لەم ساتانەدا کە ئەم نامەیە دەنووسرێت، بیست و پێنج ملیارد و شەش سەد ملیۆن ڕیاڵ یەکسان بە یازدە ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلار بۆ بەرپاکردنی ئەم خولەی جامی جیهانی خەرجکراوە. لە سەدا هەشتا و سێ ( ٨٣٪) ئەو برە پارەیە لە خەزێنەی گشتی و باجی هاووڵاتیان دابینکراوە. ئەوە لە کاتێکدا کە لایەنیکەمی کرێ لە برازیل حەوت سەد و بیست و چوار ڕیال کە دەکاتە سێ سەد و بیست و پێنج دۆلار و ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی تیکتێك بۆ هەزار دۆلار هەیە. کرێکارانی برازیل هەزێنەی جامی جیهانییان دابینکردووە، بەڵام ناتوانن تێیدا بەشداریبکەن. لە ڕاپۆرتێکدا کە لەم دوایانەدا بڵاوبووەتەوە، نیشانیدەدات، کە (٧٥.٨٪)ی خەڵکی برازیل دژی سەرمایەگوزاریکردنن لە بواری جامی جیهانی تۆپپێ.

یونیسکۆ ڕایگەیاند، کە لە برازیل سێ ملیۆن و حەوت سەد هەزار منداڵ لە فێرگە بێبەشن و ١٠٪ گەورەساڵان گیرۆدەی نەخوێندەوارین. دەوڵەت بڕیاریداوە لە ماوەی بەرپاکردنی (جامی جیهانی) فێرگەکان دابخرێن، هەروەك ئەوەی کە لەو بوارەدا کەموکڕی بوونی نەبێت. ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین، کە بیست و چوار ملیۆن و دوو سەد هەزار خێزان لە ئەلەکتریك [کارەبا] بێبەشن. لە ئاوا وڵاتیکدایە بتی تۆپپێ کە بە ڕونالدینۆ ناودەبرێت، لە بەرانبەر چاوەڕوانی خەڵکدا گوتی "بە نەخۆشخانە دروسکردن ناتوانرێت جامی جیهانیت هەبێت. "

باری ئابووریی هەنووکەی برازیل زۆر خراپە. ئەوە لە کاتێکدا کە برازیل دارای بەرزترین ڕادەی باجگیرییە، ٥٠٪ داهاتی ناپوختەی نێوخۆیی دەکرێتە هەزێنەی دانەوەی قەرزە گشتییەکان، بەڵام نیوەی سامانە بەرهەمهاتووەکان دەچنە گیرفانی چەند بانکدارێکەوە. گەندەڵیی دەوڵەتی و بەڕێوەبەرایەتی خراپ، بەسەر سەرپایای بەرژەوەندییە گشتییەکاندا زاڵبووە.

پرسەکە تەنیا خەرجکردنی هەزێنە سەرسوڕهێنەرەکان نین بۆ جامی جیهانی تۆپپێ، زۆرێك لە مافە سڤیلییەکان لەپێناو ئەوەدا پێشێلکراون. هەڵبەتە وەها کەتوارێك شتێکی تازە نییە، چونکە برازیل دارای پۆلیسێکە کە بەوپەڕی هێزەوە سەربازییە و چەندین جار نێوەندە نێودەوڵەتییەکانی وەك لێبوردنی نێونەتەوەیی و تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی (PM) یا پۆلیسی سەربازیی برازیل بوون.

دەوڵەت پۆلیسی سەربازیی بەرپرسکردووە، تاکو خەڵکی هەژار کە لە دەوروبەری یاریگەکە دەژین، چواردەوریان بدەن. دەوڵەت بۆ ئەو پرسە یارمەتی لە هێزی سەربازی وەرگرتووە. هەڵبەتە هێزەکانی پۆلیس و سوپا بۆ ئاسایشی خەڵکی نەهاتونەتە بوون، بەڵکو دەیانەوێت پارێزگاری لە گەشتیاران و تەماشاکەران بکەن. بۆ نموونە کۆمەڵەی وەرزشی "دا مارە" لە ئێستادا لەلایەن دوو هەزار و پێنج سەد کەس لە هێزەکانی پۆلیسی سەربازی و سوپا و هێزی دەریاییەوە دەورەدراوە. فیفا و دەوڵەتی برازیل تەنانەت مافی نیشتەجێبوونی خەڵکیان پێشێلکردووە و هەزاران خێزانیان لە (تەنەکەئاوا)کان دەرپەڕاندووە. هەندێك لەو خێزانانە وەك Aldeia Maracanã دژی دەرکردنیان بەرهەڵستیانکرد و بە توندوتیژی لە شوێنی ژیانیان دەرپەڕێنران.
هەروەها بۆ ئێمە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی "دیمۆکراتیك" دەژین، سەرسوڕهێنەر نییە، کە سەربازان برژێنە پێگەیەکی لەباری دروستکردن لەنێو دڵی ئامازۆن Belo Monte و ناڕەزایەتی نیشتەجێییان دژی چێکردنی بەنداوێك تێکبشکێنن*.

لەبیرمانەچێت کە دوازدە کرێکار لەپێناو دروستکردن و ئامادەکردنی یاریگەکە بەهۆی ڕووداوی کار مردن. لەیادمانبمێنێت کە فورومی سەرتاسەری بەرگرتن و هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان ڕایگەیاندووە، کە نیو ملیۆن کەس لە منداڵان لە داوی سێکسرۆشیدان. جامی جیهانی تۆپپێ تەنیا چارەڕەشی زیاتر بۆ ئەو منداڵانە دەهێنێت.

زۆرێك لە ئێمە دەرژێینە شەقامەکانەوە و لە دژی بار و دۆخی هەنووکەیی ناڕەزایەتی دەردەبڕین، بەڵام دەوڵەت کە لە پشتیوانی ڕاگەیاندنە پانوپۆرەکان بەهرەمەندە، هەوڵدەدات

ئێمە تاوانبار نیشانبدات، تاکو بتوانێت زیاتر سەرکوتگەریی بکات. ڕێکخستنە نادەوڵەتیی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان چەندین جار توندوتیژییەکانی دەوڵەتیان خستوونەتەڕوو، بەڵام تا هەنووکە سەرەنجامێکی نەبووە.

دەوڵەت و دەزگە کارگێڕییە جۆراوجۆرەکانی هەرگیز وەڵام بە داخوازییەکانی خەڵك بۆ دابینکردنی تەندروستی، خوێندن و سەرپەنا و کار نادەنەوە. ئەوەی لەو زەمینانەدا هەمانە، تەنیا بەرەنجامی تێکۆشانی یەکگرتووانەی خۆمانە.

تکایە نامەکەی ئێمە بۆ زمانەکانی خۆتان وەربگێڕن، زانیارییەکانی بە زۆرترین کەس بگەیێنن. کۆمەکمان بکەن، تاکو بە هەموو جیهان نیشانبدەین، کە دەوڵەت و فیفا و پشتیوانانی جامی جیهانی دەستیان لەنێو دەستی یەکدی ناوە، بۆ ئەوەی کەتواری ڕووداوەکان بشارنەوە.

ناوی ڕێکخستنەکان:

Fenikso Nigra

Boletim Operário

Liga Sindical Operária Camponesa

Danças das Idéias

Caos em Fluxo

Barricada Libertária

---

*وەك ئەو بەنداوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی هۆرامان دروستیدەکات و گوند و باخ و ژیانی خەڵکی ئەو ناوچەیە ژێر ئاو دەخات و گەورەترین کانی ئاوی سروشتی [سەرچەشمەی بڵ] کە لە ساڵێکدا سەد و پەنجا ملیۆن لیتر، واتە چرکەیەکدا چوار هەزار لیتر ئاوی خواردنەوە دەدات، دەتوانێت ئاوی خواردنەوەی دوو وڵاتی وەك کوێت، دوو ملیۆن کەس دابینبکات، کە لە ئەنجامی نەخشەکەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەو سەرچەشمە گرنگە سەد و بیست میتر میتر دەچیتە ژێر بەنداوەکەوە و سەرچەشمەکە کوێردەبێتەوە [وەرگێڕی کوردی].

# گوشتخواردن هۆکارێک بۆ برسیەتی جیهانی

باوەڕ بکەی یا نا: گۆشت بۆ برسیەتی جیهانی واتە بەدبەختی!
ڕۆژانە لە جیهاندا هەژدە هەزار منداڵ لە برسا دەمرن!
ساڵانە لە جیهاندا سی (٣٠) ملیۆن کەس لە برسا دەمرن!
دایکە زەمین زیاتر لە پێداویستی هەموو مرۆڤەکان خواردمان پێدەبەخشێت! ئەدی هۆی هەبوونی هەشت سەد و سی (٨٣٠) ملیۆن مرۆڤی برسی لەسەر ڕووی زەمین چییە؟

بۆ دابینکردنی ڕژێمی خواردنی پێکهاتوو لە گشت جۆرەکانی بەرهەمی گۆشتی، زەوی و ئاو و سەرچاوەکانی دیکە، کە دەتوانن لە خزمەتی بەرهەمهێنانی خواردنی مرۆڤەکاندا بەکارببرێن، بۆ کشت و پێگەیاندنی ئەو بەرهەمانەی، کە بۆ خۆراکی ئاژەڵانی بەرهەمهاتوو بە شێوازی پیشەسازی لەوان سوودوەردەگیرێت، بەکاردەبرێن. بەگوێرەی دوا ڕاپۆرتی دامەزراوەی Compassion in World Framing بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، کە دەتوانن زگی ملیۆنان مرۆڤی برسی تێربکەن، تەنیا بۆ بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی بڕێکی زۆر کەمتر گۆشت بەکاردەبرێن؛ بۆ بەرهەمهێنانی تەنیا یەك (١) کیلۆگرام گۆشتی شیاوی سوودلێورگرتنی ئاژەڵێك، شازدە (١٦) کیلۆگرام گەنم بەکاردەبرێت!

مرۆڤێکی سەروو هەژدە ساڵ بۆ پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی نزیکی دوو هەزار کالۆری وزە بەکاردەبات. لە ڕاستیدا لە تەواوی کالۆری بەکاربراو بۆ بزووتن و هەناسەدان و ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانە سوودوەردەگردرێت. ئەو ڕێژەیە بۆ ئاژەڵانی بەرهەمهاتوو بە شێوازی پیشەسازیش بوونی هەیە. لەجیاتی هەر پۆندێك خواردنی بەکاربردوویان، تەنیا شتێکی زۆر کەم لەوە دەبێت بە گۆشتی شیاوی بەکاربردن. کالۆرییە بەکاربراوەکانی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەندامەکانی دیکەی جەستە لەوانە خوێن، پەڕ و موو و ... تد، کە بۆ خواردنی مرۆڤ بەکارنابرێن و هەر ئاوا سوختوسازی (کرداری سوتاندن لە خانەدا) ژیانیی ئاژەڵ بە درێژایی ژیانی پڕ لە دەرد و ئازار بەفیڕۆدەچن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە هۆی ئەوەی کە بۆ بەرهەمهێنانی یەك (١) کیلۆ گۆشتی شیاوی خواردنی مەڕ و ماڵات، شازدە (١٦) کیلۆگرام گەنم پێویستە، ئاشکرادەبێت.

لەبەرئەوەی کە وڵاتانی پیشەسازیی، گەنم بە وڵاتانی لە باری گەشەسەندندا دەدەن و گۆشتی بەرهەمهاتوو لەوێوە دەهێننەوە، جوتیارانێك کە لە هەوڵی بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی خۆیاندان لە سەر زەوییەکانیان وەدەردەنرێن. شێوازی بەکاربراوی ئەوان لە

کشتوزاری گیاخۆراکییەکاندا بە بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی پیشەسازیی و بێسنووری مەڕ و ماڵات، جێگەی دەگیردرێتەوە، وێڕای ئالودەکردنی ئاو و هەوا، ئەو زەمینانەی کە ڕۆژانێك بەپیت بوون، دەکەنە بێکەڵك و ناکشتوکاڵی. ئەگەر ئەو ڕەوتە بەردەوامبێت، ئەو دونیای پەرەسەندنە (!) هەرگیز توانای بەرهەمهێنانی خواردنی بەشی خۆی نابێت و برسیەتی جیهانی سەدان ملیۆن کەس لە خەڵکی جیهان دەگرێتەوە. ڕۆژنامەی گاردیان لە ڕاپۆرتێکدا ڕۆشنی-کردووەتەوە، کە تەنیا یەك ڕێگەچارە دەمێنێتەوە „ئێستا ئیدی ئاشکرایە ڕژێمی خۆراکی گیایی Vegan تەنیا وەڵامی مۆڕاڵییە بە بەرجەستەترین پرسی دادپەوەری کۆمەڵایەتیی جیهانی.

ڕاستییەکان:

١- تەنیا لە دەوڵەتەیەکگرتووەکاندا ساڵانە سەد و دە ملیارد دۆلار خەرجی ئامادەکردنی خواردنی ئامادە (فاست فود)ی گۆشتی دەبێت! ئەو پیشەسازییە لە سەرتاسەری جیهاندا بە خێرایی لە پەرەسەندندایە.

٢- یەك لەسەر سێی بەرهەمەکانی دانەوێلەی جیهان لە خواردنی مەڕ و ماڵاتی گۆشتیدا بەکاردەبرێت!

٣- زیاتر لە سەدا شەستی ٦٠% گەنم و سۆیای بەرهەمهاتوو، بەس بەتەنیا لە دەوڵەتەیەکگرتووەکان بۆ خواردنی مەڕ و ماڵات بەکاردەبرێت، لە کاتێکدا کە هەشت سەد و چل (٨٤٠) ملیۆن مرۆڤی برسی لەسەر گۆی زەوی بوونیان هەیە! تەنیا لە سەدا دەی ١٠% کەمتر خواردنی گۆشت لەلایەن هەر یەك لە ئێمەوە، کەرەستەی خواردنی گیایی بۆ تێرکردنی بیست و چوار (٢٤) هەزار مرۆڤ کە ڕۆژانە لە برسا دەمرن، دابیندەکات.

٤- تەنیا دوو قاپ کەمتر خواردنی گۆشتی هەر یەك لە ئێمە لە هەفتەیەکدا، یەکسانە بە پاشەکەوتکردنی برە گەنمێك، کە بۆ تێرکردنی دوو سەد و بیست و پێنج (٢٢٥) ملیۆن مرۆڤی برسی لە ساڵێکدا بەسە!

٥- لە سەدا سی و شەشی ٣٦% پاشەکەوتی گەنم بۆ خواردنی مەڕ و ماڵات و پەلەوەری گۆشتی دابیندەکرێت!

ڤیدیۆ کلیپ

http://youtube.com/watch?v=qHYLJPRLzZc

سەرچاوەکان:

http://www.goveg.com/worldhunger.asp

http://millionsofmouths.com/blog/nfblog/?

http://millionsofmouths.com/blog/nfblog/

## له كام قۆناخی پەسەندكردنی ڕاستیدایت؟

**ڕژیمی گۆشتخۆری**

( ڕژێمی خۆراكی ناسروشتی و وێرانگەریی مرۆڤ هەموو ئەو خۆراكانە دەگرێتەوە، كە بەرهەمی بەهرەكێشیكردنی مرۆڤن لە ئاژەڵ )

**ڕژێمی گۆشتخۆری واتە:**

**١- برسییەتی جیهانی:**

ساڵانە سی (٣٠) ملیۆن مرۆڤ لە برسییەتیدا دەمرن، واتە لە سەدا حەفتای٧٠% گەنم و سەدا شەستی %٦٠ سۆیای بەرهەمهاتوو لە ساڵێكدا، كە تەنیا لە دەوڵەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەرخواردی مەڕ و ماڵات و پەلەوەرانی گۆشتی دەدرێت، بۆ نەمردنی ئەوان بەسە ...

**٢- بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە جیهاندا یەكسانە بە لەنێوچوونی پارچە سەهۆڵەكانی جەمسەری باكوور، ئەوەش یەكسانە بە ئاڵوگۆڕی وێرانگەرانەی ئاو و هەوا:**

لە سەدا شەست و پێنجی ٦٥% گازی نیترۆ Nytro gas بەهۆی چالاكییەكانی مرۆڤەوە بەرهەمدێت، لە سەدا نۆی ٩.% سەرجەمی گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن و لە سەدا سی و حەوتی ٣٧% سەرجەمی گازی میتان Methan بەرهەمی چالاكییەكانی مرۆڤن، كە لە ئاژەڵگەكاندا دەردەچن ....

**٣- لەنێوچوونی سەرچاوەكانی ئاو - خاكی بەپیت و ئاڵودەبوونی خێرای ژینگە**

لەم ڕۆژگارەدا لە سەدا بیستی ٢٠% بوونەوەرانی زیندوو لەسەر گۆی زەمین، بریتییە لە ئاژەڵی بەرهەمهاتوو بە شێوازی پیشەسازی!

**٤- ڕوتاندنەوەی جەنگەڵەكان - لەنێوبردنی ئیكۆسیستەمەكان و جۆرواجۆری بیۆلۆجی – لەنێوبردنی تەپۆڵكە مەرجانییەكان:**

لە سەدا حەفتای ٧٠% دارستانەكانی ئامازۆن "سییەكانی گۆی زەمین"، تەنیا بۆ دابینكردنی ئاڵفی ئاژەڵ یا دەستڕاگەیشتن بە كێڵگەكانی ئاڵف بە جۆرێكی هەرگیز نەگەڕاوە لەنێوبراون ...

**٥- بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە كوشندە هاوبەشەكانی ئاژەڵ - مرۆڤ و كاراییان لەسەر ژینگە و ژیانی كێوی؛ لەوانە پەتای باڵندە و پەتای بەراز و... تد**

ئامارێكی فەرمی ساڵی ٢٠٠٣ بە تەنیا لە ئاسیا نیشانیدەدات، كە زیاتر لە سەد و بیست (١٢٠) ملیۆن باڵداری ماڵی و كێوی یا لەژێر كارایی نەخۆشی ئەنفلوانزای باڵداران مردوون *یا بەهۆی بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییەوە، بە زیندوویی لە ئاگردا سووتێنراون!

**٦- نەخۆشییەکانی مرۆڤ، کە لە ڕژیمی ناسروشتیی گۆشتخواردنەوە سەرهەڵدەدەن:**

ا - نەخۆسی دڵ، ساڵانە لە جیهاندا زیاتر لە حەڤدە (١٧) ملیۆن کەس بەهۆی نەخۆشی دڵەوە دەمرن. خەرجی نەخۆشییەکانی دڵ و دەمارەکانی لە ساڵێکدا لایەنی کەم (١) یەك ترلیۆن دۆلار دەبێت...

ب- وەرەم ، ساڵانە زیاتر لە یەك (١) ملیۆن نەخۆشی تازە تووشبوو بە وەرەمی ڕیخۆڵە بەهۆی ڕژیمی گۆشتخۆرییەوە دەستنیشاندەکرێن. ساڵانە بەهۆی وەرەمی ڕیخۆڵە زیاتر لە شەش سەد (٦٠٠) هەزار زیانی گیانی ڕوودەدات، بەتەنیا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خەرجی دەرمانی وەرەمی ڕیخۆڵە، نزیکەی شەش ملیارد و پێنج سەد ملیۆن دۆلارە. ساڵانە ملیۆنان بابەتی تازە لە زەمینەی وەرەمەکانی پەیوەست بە گۆشتخواردن دیاریدەکرێن.

پ- نەخۆشی شەکرە، لە سەرتاسەری جیهان دوو سەد و چل و شەش (٢٤٦) ملیۆن کەس گیرۆدەی شەکرە بوون .ساڵانە نزیکەی سەد و حەفتا و چوار (١٧٤) ملیارد دۆلار بۆ دەرمانی شەکرە خەرجدەکرێت

ت- قەڵەوی لە ڕادەبەدەر، لە سەرتاسەری جیهان سەد و شەش (١٠٦) ملیۆن گەورەساڵ بارستایی زیادەیان هەیە. چوار سەد (٤٠٠) ملیۆن کەسی دیکەیش قەڵەوی لە ڕادەبەدەریان هەیە. ساڵانە تەنیا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەزێنەیەکی نەوەد و سێ (٩٣) ملیارد دۆلاری بۆ خەرجی پزیشکی دابیندەکرێت، ساڵانە لایەنی کەم دوو سەد و شەش (٢٠٦) ملیۆن کەس لەبەر گرفتەکانی پەیوەست بە بارستایی زیادە یا قەڵەوی لەڕادەبەدەر دەمرن.

ج- نەخۆشییە میکرۆبییە گوازراوەکان بەهۆی خۆراکی ئاژەڵییەوە: بەگوێرەی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی خۆراك و دەرمان (FDA) پەروەردەکردنی پیشەسازیی ئاژەڵ هۆکاری یەکەمی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە خۆراکییەکانن، بەهۆی سوودوەرگرتنی لەڕادەبەدەر و نەگونجاو لە ئەنتی بیوتیکەکان و هۆرمۆنەکان، لە سەدا شەستی ٦٠% ئەو مریشکانەی دەبرێنە بازارەوە، هەڵگری بەکتریای سالمونێلای Salmonella زیندوون. سەدان کەس لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا و ئۆروپا و ئۆقیانووسیا Oceania لەژێر کارایی نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵداران دەمرن یا تووشدەبن ... و ئەوە بێجگە لەوەی کە بەهۆی نەخۆشییەکانی "شینە زمان" و ژەهراویبوون بە Escherichia coli و شێتیی مانگا و نەخۆشییەکانی بەراز Post-Weaning Multisystemic) (Wasting Syndromeجۆرە نەخۆشییە بڵاوەکانی فیستریا، لیستروز و ... لە پەروەردگەکانی بەرازی پیشەسازییدا دەبنە قوربانی.

و

........ هی دیکە

بەگوێرەی گوتەی ڕێکخراوی خۆراك و كشتوكاڵ (FAO) ، ساڵانە نزیکەی پەنجا و سێ (٥٣) ملیارد ئاژەڵ، بێجگە لە ماسی و گیاندارە دەریاییەکانی دیکە، بە مەبەستی خواردنیان لەلایەن ممرۆڤەوە دەکوژن ...

پەنجا و سێ (٥٣) ملیارد گیاندار لە ساڵێکدا !

سەد و چل و پێنج (١٤٥) ملیۆن گیاندار ڕۆژانە،

شەش ملیۆن (٦) لە ساتێکدا [سەعات]،

سەد (١٠٠) هەزار گیاندار لە خولەکێکدا و

هەزار و شەست سەد و هەشتا (١٦٨٠) گیاندار لە چرکەیەکدا دەکوژرێن.

ڕادەی گازی گلخانەیی Greenhouse gases دەردراو لە ئۆتۆمەبێلێکی ئاسایی ئەمەریکایی لە ڕۆژێکدا سێ (٣) کیلۆگرامە. ڕادەی گازی گلخانەیی ڕۆژانە لە سەرەنجامی بڕین و سووتاندنی بەشێك لە دارستانێکی بارانی لە کاستاریکا بۆ ئامادەکردنی ئاڵف و بەرهەمهێنانی گۆشتی بەکاربراو لە هەمبورگرێکدا حەفتا و پێنج (٧٥) کیلۆگرامە . لەم ڕۆژگارەدا چڕیی گازی (میتان)ی کۆوەبوو لە کەشی زەمیندا، سێ بەرابەری ئەوەیە، کە سەدەیەك لەوەوپێش هەبووە و هۆکارە سەرەکییەکەشی گاوداری گۆشتسازییە (ئەو شوێنانەی کە بە شێوەی پیشەسازی تیایاندا ڕەشەوڵاخ بەخێودەکرێت). ئاژەڵداری پیشەسازی هۆکاری بڵاوبوونەوەی لە سەدا پازدە تا بیستی (١٥-٢٠%) گازی میتانە.

**جۆن ڕۆبینز** ، وەرگری خەڵاتی پولیتزر بۆ پەرتووکی (ڕژێمی خۆراکی ئەمەریکای تازە)

**سێ قۆناخ بۆ پەسەندکردنی ڕاستی بوونی هەیە:**

١- پشتگوێخستن

٢- بەرەنگاریکردن

٣- پەسەندکردن

تۆ لە کام قۆناخدایت؟

**"تا بازاری قەسابخانەکان گەرمبێت، زرموهوڕی بەرەکانی جەنگیش بەردەوامدەبێت" لیئۆن تۆلستۆی**

سەرچاوەی لێ وەرگیراو: http://lone-wolf.blogfa.com/

*ئەز دەزانم کە لە کوردیدا بۆ ئاژەڵ (مرداربوونەوە) بەکاردەبرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودان و کردارەکە هەر یەکن و بەگوێرەی تێروانینی مافی یەکسانی ژیان بۆ ئاژەڵ و مرۆڤ، من مردن بە دروستر دەزانم.

## پەرتووكی " تالیبان - ئیسلام، نەوت و بونیادگەرایی لە ئاسیای ناوین"[۱]

ئەحمەد ڕەشید

لە بڵاوكراوەكانی: I.B.Tauris & Co Ltd

لەبارەی وابەستەیی گروپەكانی حەوتگانە و هەشتگانە[۲] لەتەك بەرەبابانی پاكستانی و ئێرانی و هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی، بە درێژایی جەنگی بەرهەڵستكارانە، چ لەلایەن كەسانی بێلایەن، بەڵام شارەزا لەو بابەتەدا و چ لەلایەن خودی بەرەبابانیانەوە، دۆكومێنتی زۆروزەبەند بڵاوكراونەتەوە. كرۆكی (چییەتی) وابەستە و دژەخونانەی "ڕێكخراوە" جیهادییەكان، لە هەمان سەرەتای جەنگی بەرهەڵستكارییەوە، ئاوا ڕسوا و ئاشكرابوو، كە گەلێك لە كەسایەتییە ئازادیخوازەكان تەنیا لەبەر قاوادانی ئەو پرسە، بوونە قوربانی دەستی ملهوڕی هەندێك لەو گروپانە. لە هەمووی گرنگتر، ئەوەیە كە بەرەبابانی خۆشیان پەردەیان لەسەر كرۆكی بەكرێگیراوی بەچكە نازدارەكانیان هەڵماڵیوە. لەو بارەوە پەرتووكگەلی "تەڵەی ورچ - بەسەرهاتی نەگوتراوی ئەفغانستان" و "موجاهیدی بێدەنگ" لەلایەن بریگیدیر یوسف، سەرۆكی پێشووی " نووسینگەی ئەفغانستان" لە ئایئێسئای (ISI)[۳] بەناوبانگترینیانن.

بریگیدیر یوسف خۆخواستانە یان نا، پەردەی لەسەر زۆرێك لە ڕازەكانی كەسانی (ISI) هەڵماڵیوە و دەتوانرێت لە بێدەنگی "ڕابەرانی سەركردە" لە بەرانبەر دەرچوونی ئەو پەرتووكەدا بەدەستبهێنرێت. ئەو لە پەرتووكی "تەڵەی ورچ" وەك كەسێك، كە پەرە بە جەنگ دەدات و "ڕابەرانی سەركردەی جیهادیی " لەژێر چنگدا بووە، دەدوێت "من لە پیشاوەر بۆ لێدوان لەسەر پرسەكان، بانگەوازم بۆ كۆنفرانسێك كرد... من بڕیارمدابوو بەخۆم بڕۆمە ئەفغانستان هێرش بۆ سەر (خوست) ڕێكبخەم و چەند تیپێك لە ڕاوێژكارانی پاكستانی لەتەك سەرلەشكر بنێرمە ئەو وڵاتە. "ئەو لەبارەی بەشی هەر یەك لە بنیادگەران لە كۆمەكەكانی (CIA) ئاوا دەنووسێت " ساڵی ١٩٨٧ ڕێژەی بەشی پارتییەكان بەو جۆرە بوو: (حیكمەتیار ١٨-٢٠%)، ( ڕەبانی ١٨-١٩%)، (سیاف ١٧-١٨%)، (خالص ١٣-١٥%)، (نەبی ١٣-١٥%)، (گیلانی ١٠-١١%)، (مجددی ٣-٤%). ئاسایی بنیاتگەران بە وەرگرتنی ٦٧-٧٣% لەسەرووی هەموانەوە بوون". وێڕای ئەوەی كە ساڵانێكە باری وابەستەیی تاوانبارانی بنیاتگەرا كەوتۆتە لێژی، ساڵی ڕابوردووش پەرتووكێك بەناوی "جەنگە ناپیرۆزەكان- ئەفغانستان، ئەمەریكا و تیرۆریزمی نێونەتەوەیی" لە نووسینی (جۆن كەی. كولی) بڵاوكرایەوە، كە تێیدا ڕۆڵی سیئایئەی (CIA) و (ISI) لە پەروەردەكردنی پارتییە پیشاوەرییەكان و ڕابەرانی ناپاكیان بە

بەڵگەی باوەڕپێکراوەوە، پەردەی لەسەر لادراوە. پەیامی ژن (پیام زن) لە نزیکترین هەڵدا ئەو پەرتووکەش بە خوێنەران دەناسێنێت.

بە سەرنجدان لە تەقینی میزەڵان-ئاسای تەواوی "ڕێکخراوە" و "ڕابەران"ی کۆپیکرای پیشاوەری، دەتوانرێت ئەوە دەرکبکرێت، کە بوون و نەبوونی ئەوانە، بە فووتێکەرە دەرەکییەکانیانەوە بەستراوە. تا ئەو کاتەی بتوانن بەرژەوەندی سەرانیان دابینبکەن، لە هەر جۆرە هاوپشتییەك بەهرەمەنددەبن، بەڵام کاتێك سەرانیان ئەوەیان بۆ دەربکەوێت، کە لەوە زیاتر ناتوانن بەکرێگیراوانیان وەك ئامرازی بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی خۆیان بەکاربهێنن، بە ئاسانی وەك شتێکی بێکەڵك فڕێیاندەدەن. تلپەبوونی باندەکانی گولبەدین و سیاف و ژمارەیەکی دیکە لە ڕێکخراوە جیهادییەکان بە دەرکەوتەترین نموونە دادەنرێن. بەڵام تالیبان و وابەستەیی ئەوان بە پاکستان و بەتایبەت ئەمەریکا، پرسێکە کە ئەحمەد ڕەشید لە پەرتووکە تازەکەیدا بەناوی "تالیبان - ئیسلام، نەوت و یارییەکی گەورەی تازە لە ئاسیای ناوین" چاپکراوی ساڵی ٢٠٠٠ لەبارەیەوە دواوە.

ئەحمەد ڕەشید ڕۆژنامەنووسی پاکستانی، ڕاپۆرتدەری کاروباری پاکستان و ئەفغانستان و ئاسیای ناوینە لە Daily Telegraph و Ear Eastern Economic Review و بڵاوکراوە گرنگەکانی دیکە. هەروەها ڕاپۆرت و لێکدانەوەکانی ئەو بەشێوەیەکی بەردەوام لە CNN و ڕادیۆ و تێلەفزیۆنی BBC بڵاودەکرێنەوە.

ئەو لەو پەرتووکەدا بەخستنەڕووی بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو و ئەو شتانەی کە بەخۆی بینەری ئەوان بووە، دەچێتە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەی (تالیبان) و ڕۆڵی سەرەکی پاکستان، بەتایبەت (ISI) و گروپە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتەی ڕۆشنکردۆتەوە. تا ئەو جێیەی کە دەستی بە بەڵگەنامەی بڕواپێکراو ڕاگەیشتبێت، ڕۆڵی دایەن-ئاسای ئەمەریکا و (CIA) [٤] لە پێگەیاندن و پشتیوانیکردنی تالیبان دەرخستووە.

پشگیری پەنانەکی و ڕەزامەندی ئەمەریکا لە بەڕێوەبەرایەتی تالیبان و ڕۆڵی پاکستان و ئێران و ڕوسیە و هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس و قاچاخی کەرەستەی بەنگکەر لەو پرسانەن، کە ئەحمەد ڕەشید وردبینانە لەبارەیان لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدات.

ئەگەرچی ئەحمەد ڕەشید بە دوورودرێژی باسی لە سەردەمی جەنگی بەرهەڵستکاریی و بەتایبەت وابەستەیی پارتییە پیشاوەرییەکان بە (ISI) و پارتییە نۆکەرەکانی ئێران و وڵاتانێکی عەرەبی نەکردووە، وێڕای ئەوەش بە پەنجەڕاکێشانێك ئەوەی دەرخستووە، کە چۆن

پاكستان و هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی كەنداوی فارس و ئێران، چاویان بڕیوەتە ڕابەرانی گروپی حەوتگانەی دروستكراوی پاكستان و گروپە شیعەكانیان و بە كنەكردنە نێو ئەوان و دەستگرتن بەسەریاندا ڕەوت و ئامانجەكانی جەنگەكە لە بەرژەوەندی خۆیان هەڵدەسوڕێنن، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ڕسوایی و سەرەنجامی كاری "ڕێكخراوە"كانی حەوت - هەشتگانە، لە هێنانەوەی گوتە لەو بارەوە، خۆم لادەدەین و ئاراستەی ناساندنی پەرتووكەكە و هەر ئاوا لەبارەی هەر ڕۆشنكردنەوەیەكەوە، بە ئێمە باشتربوو چەند پەرەگرافێك بنووسینەوە و هیوادارین ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی، ئەوانەی كە خۆیان لەبارەی پرسەكانی وڵات خەمخۆر دەبینن و بەتایبەت لە هەوڵی ئەوەدان، تاوەكو ڕۆڵی ئەمەریكا و پاكستان و وڵاتانی دیكە، كە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان خۆهەڵدەقورتێننە كاروباری ئەفغانستان، بۆ دەركەوێت، تەواوی دەقی پەرتووكەكە بخوێننەوە.[٥]

**"چەكدارانی" بابر**

ئەحمەد ڕەشید پاش پێشەكییەك لە مێژووی ئەفغانستان، پێكهاتنی دەوڵەتی نێوەندی و ڕووخانی دوڵەتی داود و دواجار كودەتای ٧ی ثور [٦] و بەدوای ئەودا، ڕوخانی ڕژێمی پوشالی ساڵی ١٩٩٢ و چوونی دارودەستە خوێنڕێژە بنیادگەراكان بۆ نێو كابول و چۆنیەتی سەرهەڵدانی تالیبان، ڕووداوی ڕاگرتنی كاروانی بەناوبانگی پاكستان پەیوەست بە NLC لە ناوچەی تەختەپول و دەركەوتنی "فریشتە ئاسای" تالیبان و سەرەنجام ڕزگاركردنی لە دەست پیاوانی سەرلەشكر مەنصور و ... گردبوونەوەیان لەوێ دەخاتەڕوو، كە چۆن ئەفسەرانی (ISI) بە سەرۆكایەتی كرۆنێل ئیمام و نصیراله بابر تالیبان دەهێننە سەرشانۆ و زەمینەی گەشەكردنی قارچك-ئاسایان خۆشكردن. ئەو دەنووسێت: " مەلا نەقیب یەكێك لە ناسراوترین سەرلەشكرانی نێو شار، كە فەرماندەیی دوو هەزار و پێنج سەد كەسی دەكرد، هیچ بەرەنگارینەكرد. ژمارەیەك لە هاوكارانی ئەو، دواتر گوتیان كە نەقیب بەرتیلێكی زۆری لە (ISI) وەرگرتبوو، تاوەكو خۆی بەدەستەوەبدات. هەڵبەتە لەسەر ئەو بەڵێنەی كە سەرلەشكرییەكەی پارێزراودەبێت. تالیبان پیاوانی مەلا نەقیب لەنێو خۆیان وەردەگرن و خودی ئەویشیان لە گوندەكەی خۆیدا لە دەرەوەی قەندهار خانەنشینكرد.".

**تالیبان و دوستم**

" .... ٢٣ی ئۆگوستی ١٩٩٥ ئیسماعیل خان بە هێزێكی گەورەی ئامادەوە (دل ئارام) و هەفتەیەك دواتر چەند ناوچەیەكی (هلمند)ی داگیركرد و (قەندهار)ی خستە ژێر هەڕەشە. بەڵام لە كاتێكدا كە تالیبان هاوینیان بە پێكەوەنانی هێز و چەك و تەقەمەنی و ئامرازەكانی گواستنەوە لەلایەن پاكستان و عەرەبستانی سعودی و نێوەندیی تازەی سەرلەشكر، كە بە

هاریکاری ڕاوێژکارانی (ISI) پێکهاتبوو، بردەسەر. هێزەکانی ئیسماعیل لە ناوچەی دوژمن پەرەوازە بوون. (ISI) هەر ئاوا هاریکاریکرد، تاوەکو ڕێکەوتنی نهێنی نێوان تالیبان و ژەنەراڵ ڕەشید دوستم سەربگرێت. دوستم تەکنیککارە (ئۆزبەکی)یەکانی خۆی نارده قەندهار، تاوەکو ئەو فڕۆکە خەنگییە میگ و هێلیکۆپتەرانەی کە تالیبان سەرەتای ساڵ لە قەندهار بەدەستیهێنابوون، چاکبکەنەوە."

" .... تالیبان لە بۆ وەستانەوە بەرانبەر هەڕەشەی ئیسماعل خان، دەستبەجێ نزیکەی بیست و پێنج (٢٥) هەزار کەس، کە زۆربەیان خۆبەخشانی پاکستانی بوون، چەکدارکرد."

**ڕوخانی دوڵەتی ڕەبانی بە هاریکاری گولبەدین**

"پاکستان لە سەرکەوتنەکانی (ڕەبانی) نیگەران بووبوو، هەوڵیدا تاکو ڕابەرانی جەنگ-سالار [جهادی نەیارانی ڕەبانی] ڕابکێشێت، بۆ ئەوەی لەتەك تالیبان بەرەی هاوپەیمانی بەرانبەر کابول پێکبهێنن. (ISI) و حیکمەتیار و دوستم و ڕابەرانی پشتون لە شورای جەلال آباد و هەر ئاوا ژمارەیەك لە ڕابەرانی حزبی وەحدەت بۆ جەلال ئاباد بانگەوازکرد، تاوەکو بە یەکێتی لەتەك تالیبان ئارەزوومەندبکەن. لە کاتێکدا دانیشتن و گفتوگۆ لە ٧ تا ١٣ی فێبریوەری بەردەوامبوو، جەنگ-سالاران لەتەك سەرۆککۆمار فاروق لغاری و لوی لە دژی جەنراڵ جهانگیر کەرامت یەکدی دەبینن و بەگوێرەی پێشنیاری یەکێتی ڕامیاریی، لە پشتپەردەوە هێرشێکی هاوبەشیان بۆ سەر کابول داڕێژا، کە بەگوێرەی ئەوە تالیبان لە باشوورەوە، حیکمەتیار لە خۆرهەڵاتەوە و دوستم لە باکوورەوە، دەبێت بۆ سەر کابول هێرشبەرن.

نصیراله بابر [شالیاری نێوخۆی ئەو کاتەی پاکستان] لەبەر دڵخۆشی تالیبان بڕی سێ (٣) ملیۆن دۆلاری بۆ چاکسازیی ڕێگەوبانی خوارووی ئەفغانستان لە چەمەن تا تورغەندی پێشکەشکرد."

**حوجرەکانی پاکستان ، بڕبڕەی پشتی تالیبان**

ڕۆڵی چالاکانە و چارەنووسسازی پارتییە ئیسلامییەکانی پاکستان بەتایبەت لە ڕووی دابینکردنی بەکرێگیراوانی جەنگی و ڕاوێژ و ڕێنوێنی ڕامیاری و دیپلۆماتیك بۆ تالیبان، لەو پرسانەن کە لە دەرەوەی سەرنجی ئەحمەد ڕەشید نامێننەوە " سەمیعولحەق بەردوام لەتەك عومر لە پەیوەندیدا بووە و لە پەیوەندی نێونەتەوەییدا هاریکاریدەکات و لە بڕیارە شەرعییەکاندا ڕاوێژکاریدەکات. هەروەها ئەو ڕێکخەری سەرەکی چەکدارکردنی فەقێ پاکستانییەکانە بۆ جەنگ شانبەشانی تالیبان. پاش شکستی تالیبان لە مەزار ساڵی ١٩٩٧، پەیامێکی تەلەفۆنی (عومر)ی پێدەگات، کە داوای یارمەتی دەکات. سەمیعولحەق حوجرەکانی

دادەخات و هاوشانی تالیبان تەواوی فەقێکانی ناردە بەرەی جەنگ. پاش جەنگ ساڵی ۱۹۹۸بۆ دەستبەسەرداگرتنی مەزار، ئەو گفتوگۆی نێوان تالیبان و دوازدە (۱۲) حوجرەی لە ناوچەی سەرسنوور ڕێکخست، تاوەکو هێزی پشتیوانکاری ئۆردووی تالیبان ڕێکبخرێت. تەواوی حوجرەکان بەوە ڕازیبوون، کە بۆ ماوەی یەك مانگ دابخرێن و هەشت (۸) فەقێ بەرەو ئەفغانسان دەڕۆن. یارمەتییەك کە تالیبان لە حوجرەکانی دیوی پاکستان بەدەستیدەهێنێت، پشتیوانییەکی گرنگە، کە وێڕای یارمەتی نێوەندەکانی هەواڵگریی و دەوڵەت، دەتوانن بە ئەوان پشتببەستن."

"بەشێکی دیکەی کۆمەڵەی زانایانی ئیسلام (جمعیەت علمای اسلام) و کۆمەڵەی زانستی ئیسلامی (جمعیەت العلوم اسلامیه)" لە شارۆچکەی بنوری لە ناوچەی کەراچی سەرپەرشتیدەکات. ئەو بەشە لەلایەن مەولەوی موحەمەدیوسف بنوری [مردوو] دامەزراوە و هەشت (۸) هەزار فەقێ لەوانە سەدان ئەفغانی تێدایە. ژمارەیەك لە شالیارەکانی تالیبان لەوێدا فێربوون. ئەو حوجرەیەش بە دەستگیرۆیی چل و پێنج وڵات بەڕێوەدەبرێت. فێرکار موفتی جمیل دەڵێت " پارەیەك کە ئێمە بەدەستیدێنین، خێرە لەلایەن یەزدانەوە دەنێردرێت. ئێمە لەوەی کە تالیبان پەروەردەدەکەین، شانازیدەکەین و هەمیشە بۆ بە ئامانج-گەیشتنیان وێرددەخوێنین. چونکە ئەوان سەرکەوتوون، تاوەکو یاسا توندەکانی ئیسلام بەڕێوەبەرن." ساڵی ۱۹۹۷بنوری بەمەبەستی پەیوەست بوون بە تالیبان، شەش سەد فەقێی نارد.

باڵێکی جیاوەبووی دیکەی کۆمەڵەی زانایانی ئیسلام (جمعیت علمای اسلام) و سوپای سەحابەی پاکستانە ( سپاه صحابە پاکستان SSP) .... سەردەمێك کە دەوڵەت پاش کوشتوبڕی سەدان شیعە لەلایەن SSP ساڵی ۱۹۹۸ هەڵمەتی سەرکوتی SSP دەستپێکرد، ڕابەرانیان پەنایانبردە کابول. سەدان ئەندامی SSP لە کەمپەکانی ڕاهێنانی خوست کە لەلایەن تالیبان و بن‌لادن بەڕێوەدەبران، پەروەردەکران. هەزاران ئەندامی SSP شانبەشانی تالیبان جەنگین .... ساڵی ۱۹۹٦ تالیبان کەمپی (بەدر)ی لە نزیك خوست، لەسەر سنووری نێوان پاکستان و ئەفغانستان، بە حەرەکەتی ئەنسار (حرکت الانصار) سپارد، کە لەلایەن فەضلولرەحمان حەلیل ڕابەریدەکرێت و گروپێکی دیکەی جیاوەبووە لە (جمعیت علمای اسلام) و بەهۆی توندوتیژیخوازیی لەڕادەبەدەر بەناوبانگە و ئەندامەکانی بۆ جەنگ لە ئەفغانستان و کشمیر و چیچان و بۆسنیا ناردوون.

**پەیوەندی ISI و پارتییە بنیادگەراکانی پاکستان لەتەک تاوانبارگولبەدین**

ئەحمەد ڕەشید لەبارەی تەبانی و هاریکاری (ISI) و گروپە توندڕەوەکان و بنیادگەرا ئیسلامییەکانی پاکستان، بە پەنجەڕاکێشان بۆ جەنگی بەرهەڵستکارانە دەڵێت " (ISI) کۆمیتەیەکی پێشوازی لێکردنی (وەرگرتنی) پێکهێنا، تاوەکو پێشوازی لە جەنگکەرانێك کە تازە لە ڕێوە دەهاتن، بکات؛ شوێنیان بۆ دابینبکات و پەروەردەیانبکات و دواتر هانیانبدات، تاوەکو بە گروپە مجاهیدینەکان، بەتایبەتی/ بەزۆری لەتەك گروپی پارتیی ئیسلامی (گلبدین) پەیوەستبن. پارەی ئەو مامەڵەیە ڕاستەوخۆ لەلایەن هەواڵگریی سعودیە دەدرا. لێکۆلەری فەرەنسی ئۆلیڤەر ڕۆی ئەو مامەڵەیە بە "کاری پڕمەترسی" نێوان سعودییەکان و ئیخوان ولموسلیمین و کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان ناوبرد ، کە لەلایەن (ISI) پەیوەنددەدران."

**تالیبان بەکرێگیراوانی پاکستان**

بەهەموو بارێکدا، خۆتێهەڵقوتاندنی پاکستان و (ISI) لە ئەفغانستان و پەروەردەکردنی ڕۆڵە نازدارەکانی بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە ئابووریی و ڕامیارییەکانی شتێکی ئاشکرایە، کە هەندێك جار هەندێك کەس تەنانەت لە پلەی شالیاریشدا دانیپێدادەنێن. ئەحمەد ڕەشید لەو بارەوە دەنووسێت " بەدەستەوەدانی (داگیرکرانی) قەندەهار لەلایەن دەوڵەتی پاکستان و (کۆمەڵەی علمای اسلام) بەرجەستەکرا. نەصیراله بابر بەهۆی سەرکەوتنی تالیبان ناوبانگ و پایەی بەدەستهێنا، بەشێوەیەکی تایبەت بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاند، کە تالیبان سەربەخۆمانن".

**ئوسامە، (ISI) و (CIA)**

جەنگاوەرانی عەرەبیی بەکرێگیراو و ئوسامە بن‌لادن لەو بابەتانەن، کە بەشی دەهەمی پەرتووکەکە تایتڵەکەی ئەوەیە "جیهادی جیهانی، عەرەب- ئەفغانەکان و ئوسامە بن‌لادن". ئەحمەد ڕەشید پاش ناساندنی ئوسامە بن‌لادن و ڕۆڵی سەرەکی ئەو وەك کەسی پلە یەکی عەرەبستانی سعودی لە ڕەواجپێدانی وەهابیزم و بنیادگەرایی لە ئەفغانستان لە ڕەوتی جەنگی بەرهەڵستکاریدا، دەنووسیت " .... بن‌لادن دواتر ئاوای گوت: لەبەر وەستانەوە بەرانبەر ڕوسە بێئایینەکان، سعودییەکان منیان وەك نوێنەری خۆیان لە ئەفغانستان هەڵبژارد. من لە پاکستان لە ناوچەی سەرسنووری ئەفغانستان شوێنی نیشتەجێبوونم هەڵبژارد و پێشوازیم لە خۆبەخشانێك دەکرد، کە لە شانشینی سعودی و وڵاتانی دیکەی موسوڵمان و عەرەبییەوە دەهاتن. من یەکەمین ئۆردووگەی خۆم لە شوێنێك دانا، کە لەوێندەرێ ئەو خۆبەخشانە لەلایەن پلەدارانی پاکستانی و ئەمەریکایی پەروەردەدەکران. چەك لەلایەن ئەمەریکییەکان و پارە لەلایەن سعودییەکان دابیندەکرا."

" پەیوەندی نزیکی (ISI) لەتەك ئوسامە بن‌لادن و ئەو ڕاستییەی کە جەنگاوەرانی کشمیری لەو کەمپانەی خوست سوودیانوەردەگرت، هاریکاری و پەروەردە دەکران، دێسەمبەری ١٩٩٨ (نەواز شەریف)ی لە کاتی سەردانییەکەی بۆ واشنگتۆن، خستە بارێکی دژوارەوە. ئەو خۆی لەژێر باری ئەو پرسەدا دزییەوە، بەڵام سەرانی دیکەی پاکستانی بوێر بوون و بەبیری هاوکارە ئەمەریکاییەکانی خۆیان هێنایەوە، کە چۆن ئەوان هەر دوولا بەرەبابانی بن‌لادن دەهەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ کۆمەکیان بە تالیبان کردووە. بن‌لادن لە چاوپێکەوتنێکدا پشتیوانی بەردەوامی ئەندامەکانی هەواڵگریی پاکستان بۆ خودی خۆی، ئاشکراکرد: لەبارەی پاکستان ژمارەیەك لە هۆزەکان لایەنگری دەوڵەتن، کە بە ویستی یەزدان وەڵامیان بە هەستی ئیسلامیانەی خەڵکی پاکستان داوەتەوە. ئەو وەڵامە لە هاودەردی و هاریکاریدا ڕەنگیداوەتەوە. بەڵام هەندێکیان لە داوی کافراندا گیریانکردووە. ئێمە بۆ گێڕانەوەی ئەوان بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، نزادەکەین."

" بن‌لادن بە ناردنی چەند سەد عەرەب - ئەفغانی بۆ بەشداری لە هێرشی تالیبان ساڵی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ لە باکوور، خۆیان فرەتر لای ڕابەرانی تالیبان خۆشەویستتر کرد. ئەو جەنگاوەرە وەهابییانە لە کوشتوبڕی هەزاران شیعە لە باکوور، بوون بە هاریکاری تالیبان. چەند سەد عەرەب- ئەفغانێك کە لە بنکەی سەربازیی ریشخور لە دەرەوەی کابول جێگیر بوون و لە دەوروبەری کابول دژی مەسعود جەنگیون."

**هیرۆئین، بڕبڕەی ئابووری جەنگیی تالیبان**

ئەحمەد ڕەشید لە بەشی نۆهەمی پەرتووکەکەیدا، لەژێر تایتڵی "تێربوو لە هیرۆئین، کەرەستەی بەنگکەر و ئابووری تالیبان" دەنووسێت "باج لەسەر هەناردەی ئەفیون بڕبڕەی سەرەکی داهات و ئابووری جەنگیی تالیبان پێکدەهێنێت. ساڵانە هەناردەی کەرەستەی بەنگکەری پاکستان - ئەفغانستان نزیکەی پەنجا (٥٠) بلیۆن ڕوپیە ( یەك بلیۆن و سی و پێنج ملیارد (١.٣٥) بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی) داهاتییەتی. هەناردەی هیرۆئین تا ساڵی ١٩٩٨ بە ئاستی سێ (٣) بلیۆن دۆلار، دوو بەرابەر کرا. پارەی کەرەستەی بەنگکەر هەزینەی چەك و تەقەمەنی و کەرەستەی سووتەمەنی جەنگی دابیندەکات. ئەو پارەیە بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیی خۆراکی و پۆشاکی سەربازی و مووچە و خەرجی گواستنەوە و ئەو بەرتەرییانەی [ئیمتیازانەی] کە ڕابەرانی تالیبان بۆ جەنگاوەرەکانی خۆی دایدەنێت، خەرجدەکرێت."

" عەبدولرەشید لێپرسراوی فەرمانگەی هێزی دژە کەرەستەی بەنگکەر لە قەندەهار کرۆکی ئەرکی سەرشانی خۆی شیدەکاتەوە. ئەو ئەگەری هەیە بەند و مەرج بۆ چاندنی حەشیش

دابنێت، چونکە حەشیش لەلایەن ئەفغانییەکان و موسوڵمانانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام خەشخاش (کوکناك opium poppy) مۆڵەتدراوە، چونکە لە خۆراوا لەلایەن کافرانەوە بەکاردەهێنرێت نەك لەلایەن ئەفغانییەکان یا موسوڵمانان."
"ئێمە مۆڵەتماندناوە، تاوەکو خەڵك خەشخاش بڕوێنن، چونکە جوتیاران قازانجێکی باش بەدەستدێنن. ئێمە ناتوانین خەڵك ناچار بە چاندنی گەنم بکەین، چونکە لە دژی تالیبان ڕادەپەڕن. لەبەرئەوە ئێمە خەشخاش دەڕوێنین و لە پاکستان گەنم بەدەستدێنین."

"لەنێوان ساڵانی ۱۹۹۲ و ۱۹۹۵ ئەفغانستان ساڵانە دوو هەزار و دوو سەد تا دوو هەزار و چوار سەد تەن (ئەفیون_ی خاوی بەرهەمهێناوە. ساڵی ۱۹۹٦ بەرهەمهێنانی ئەفغانستان گەیشتە دوو هەزار و دوو سەد و پەنجا تەن. بەرنامەی نێونەتەوەیی بەرەنگاریکردنی کەسەرەی بەنگکەری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNDCP ڕایانگەیاند، ساڵی۱۹۹٦ هەرێمی قەندەهار بە تەنیا لە سێ هەزار و سەد و شەست هیکتاری زەوییەکانی کشتکاریی خەشخاش سەد و بیست تەن (ئەفیون)ی بەرهەمداوە؛ زیادکردنی سەرسوڕهێنەری لە ساڵی ۱۹۹۵بەدواوە دەستپێدەکات، کە لە دوو هەزار و چوار سەد و شەست هیکتار زەویدا حەفتاو و نۆ تەن بەرهەمدەهێنرا. پاشان ساڵی ۱۹۹۷ هەر ئاوا بەڕێوەبەرایەتی تالیبان کابول و باکووریشی گرتەوە، بەرهەمهێنانی (ئەفیون)ی ئەفغانستان لە سەدا بیست و پێنج ۲۵% زیادیکرد."

لەبارەی ڕۆڵی چارەنووسسازی سەرانی (ISI) و (CIA) لە چاندن و قاچاخی و پەرەپێدان بە کەرەستەی بەنگکەر دەڵێن "بازرگانی فراوانی کەرەستەی بەنگکەر لەژێر چەتری یاسایی هێڵی شادراوەی تەواوی مجاهیدینەکانی ئەفغانستان لەلایەن (CIA) و (ISI) پەرەپێدرا. لە ڕاپۆرتێکی گرنگ لەبارەی بێسەرەنجامیی ڕامیاری کەرەستەی بەنگکەری ئەمەریکادا هاتووە، کە " لە ڕەوتی گەندەڵیی دەهەی هەشتا، کردەی نهێنی و کەرەستەی بەنگکەر بە جۆرێك لەیەکدی ئاڵۆزکابوون، فرە دژواربوو، کە کەرەستەی بەنگکەری پاکستان لە پرسە زۆر دژوارەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوچەیی و جەنگەکانی یاخیبوونخوازان جیابکرێتەوە. هەر وەك ڤێتنام، ئەو شوێنەی کە CIA بازرگانی کەرەستەی بەنگکەری لەلایەن پارتیییزانە پشتیوانی لێکراوە دژە کۆمونیستەکانی نادیدەگرت، بە هەمان شێوە لە ئەفغانستان ئەمەریکا بەرتەرییپێدا، تاوەکو تێکەڵیی و هاریکاری نێوان مجاهیدین و قاچاخچیانی پاکستانی کەرەستەی بەنگکەر و کەسانێك لە سیستەمەکەدا نادیدەبگیردرێت.

.... ساڵی ۱۹۸۳ سەرۆکی (ISI) جەنەڕاڵ ئەختەر عەبدولرەحمان ناچاربوو تەواوی کارمەندانی (ISI) لە کویتە دەربکات، لەبەر تێکەڵاوبوونیان لەتەك بازرگانی کەرەستەی بەنگکەر و فرۆشتنی ئەو چەکانەی کە لەلایەن CIA بۆ مجاهیدین نێردرابوون. ساڵی ۱۹۸٦ جگرن ظهورولدین ئافریدی لە کاتێکدا بە دوو سەد و بیست کیلۆگرام هیرۆئینی پلە یەك لە کەراچی پێشاوەر دەهات، دەستگیر گرا، کە بە گەورەترین ڕووداوی بەرگرتن بەقاچاخی کەرەستەی بەنگکەر لە مێژووی پاکستان دادەنرێت. دوو مانگ دواتر ئەفسەرێکی هێزی هەوایی خەلیلو رەحمان لە هەمان ڕێگەدا بە دوو سەد و بیست کیلۆگرام هیرۆئینی دیکەوە دەستگیرکرا. ئەو بە سادەیی درکاندنی، ئەوە پێنجەمین فەرمان بووە، کە بە ئەو ڕاسپێردراوە."

**هیرۆئین و وڵاتانی دراوسێ**

" ساڵی ۱۹۹۸ پاسەوانانی سنووری تاجیکستان - ئەفغانستان یەك تەن ئەفیون و دوو سەد کیلۆگرام تۆزی هیرۆئین دەگرن. جێنیوەری ۱۹۹۹ ئیمام عەلی رەحمانۆف سەرۆککۆماری تاجیکستان لە کۆنفرانسێکی جیهانیدا ڕایگەیاند، کە ڕۆژانە لە ئەفغانستانەوە ڕادەی یەك تەن کەرەستەی بەنگکەر بۆ وڵاتەکەی ئەو بە قاچاخ دەبردرێت و هۆگریی بەو کەرەستانە لە زیادبووندایە. ئۆزبەکستان ڕایگەیاند ساڵی ۱۹۹۸ ڕێژەی ۱۱% بەرفروانبوونی کەرەستەی بەنگکەر ی لە ئەفغانستاندا بەرچاوکەوتووە".

" پەرەسەندنی هیرۆئین کە سەرچاوەکەی بۆ ئەفغانستان دەگەڕێتەوە، لەم ڕۆژگارەدا ڕامیاری و ئابووری تەواوی ناوچەکەی خستووەتە ژێر کاریی خۆی؛ کۆمەڵەکان لە کار دەخات، ئابووری پێشتر لاواز و شکستخواردووی دەوڵەتەکان تێکدەشکێنێت و لە بەرانبەر هەژاریی ڕۆژ بە ڕۆژی دانیشتووان، دەستەیەکی تازەی دەسەڵاتدارانی هیرۆئین دروستدەکات. شالیاری دەرەوەی وڵاتێکی خۆراوایی لە «ئیسلام ئاباد» ئاشکرایکرد، کە "کەرەستەی بەنگکەر ڕامیاریی ناوچەکە بەجۆرێك دیاریدەکات، کە پێشتر هەرگیز وێنەی نەبووە. هەنووکە ئێمە کەرەستەی بەنگکەر لەتەك هەڕەشە لێبڕاوەکانی دیکەی وەك بنیادگەرایی ئیسلامی و تیرۆریزم و هەڵوەشانەوەی بەهێزی ئابووری لە هەندێك لەم وڵاتانەدا، وەك یەك دەبینین."

" ئالارچی سەرۆکی بەرنامەی نێونەتەوەیی بەرەنگاریکردنی کەسەرەی بەنگکەری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNDCP بە سەرسوڕمانەوە ڕایگەیاند "هیرۆئینی ئەفغانستان لە سەدا هەشتای ۸۰% هیرۆئینی ئەوروپا و لە سەدا پەنجای ۵۰% هیرۆئینی جیهان دابیندەکات. ئێمە قسە لەبارەی لەنێوبردنی نیوەی هیرۆئینی جیهان دەدوێین."

هەڵبەتە نابێت ئەو کەتوارەمان لەبیربکەین، کە هیرۆئین و قاچاخی کەرەستەی بەنگکەریش لەبۆماوەی "ڕێکخستە جیهادییەکانە". تەنیا ئەوە بەسە، بەیادبهێنینەوە، کە ڕۆژانێك نازناوی "پاشای هیرۆئین" لە گلبدین نرابوو. ڕۆژی ٢٢ ئۆکتۆبەری ١٩٩٥ فرۆنتییر پۆست نووسی " لە نێوەندیی کەرەستەی بەنگکەر و هەوڵە تیرۆریستییەکاندا گولبەدین حیکمەتیار ڕابەری یەکێك لە حەوت ڕێکخراوەکەی مجاهیدین، لە پشتیوانی (ISI) بەهرەمەندە."

**ئەمەریکا و تالیبان**

تایتڵی بەشی سیازدەهەمی پەرتووکەکەی ئەحمەد ڕەشید "دڵداری لەتەك تالیبان، جەنگ لەپێناو هێڵی لولەکێشی، ئەمەریکا و تالیبان ١٩٩٧- ١٩٩٩". نووسەر لەبارەی خۆشبینی ئەمەریکا و پشتیوانی ئەو وڵاتە لە تالیبان، دەنووسیت "بەڕێوەبەرایەتی کلینتۆن بە ئاشکرا لایەنگری تالیبان بوو، چونکە ئەوان لە هێڵی ڕامیاریی دژە ئێرانیی واشینگتۆن و هەر ئاوا دژی ڕاکێشانی هەر جۆرە هێڵی لوولەکێشیی باشووری بوو کە لە ئاسیایی ناوینەوە کە بەنێو ئێران تێپەڕێت. کۆنگرێسی ئەمەریکا بە مەبەستی شلەقاندنی ئێران، بڕیاریدا بوجەیەکی نهێنی بیست ملیۆن دۆلاریی بە CIA بدات، تاران واشینگتۆنی بەوە تاوانبارکرد، کە بەشێك لەو پارەیە بە تالیبان دەدات - تاوانبارکردنێك، کە هەردەم لەلایەن واشینگتۆن بە درۆخراوەتەوە.

.... چەند سات پاش داگیرکردنی کابول لەلایەن تالیبان، شالیاریی دەرەوەی ئەمەرکا ڕایگەیاند، کە بە ناردنی شاندێك بۆ کابول لەتەك تالیبان پەیوەندی دیپلۆماتیك دەبەستێت. قسەکەری شالیاریی دەرەوە گلین داڤیز ئەوەی دەربڕی کە ئەمەریکا لەنێو هەنگاوە هاویشتراوەکانی تالیبان لە جێبەجێکردنی یاسای ئیسلامیدا "شتێکی شیاوی ناڕەزایەتی" بەدینەکردووە. ئەو تالیبانی نەك بە دژە-خۆراوایی، بەڵکو دژە سەردەمی ئێمەی ناساند. سێناتۆر هانك براون گوتی " لایەنی باشی ئەوەی کە ڕوویداوە، ئەوەیە کە دواجار یەکێك لە گروپەکان بۆ جێگیرکردنەوەی دەوڵەتێك لە ئەفغانستان توانادار دەکەوێت."

ڕۆیتەر نووسی "بێگومان تالیبان بۆ خزمەتکردن بە ڕامیاریی ئەمەریکا سەریهەڵداوە، بە دروستکردنی پشتێنەیەکی پتەوی سوننە لەسەر سنووری ئێران بۆ تێکدانی ئێران و هەر ئاوا بۆ دابینکردنی ئاسایشی هێلی بازرگانی و هێڵی لوولەیی و کۆتایهێنان بە پاوانگەریی ئێران بەسەر ڕێگەکانی بازرگانی ڕۆژئاوای ئاسیای ناوین."

ئەحمەد ڕەشید بە پەنجەڕاکێشان بۆ کۆمپانیای بەناوبانگی ئەمەریکی یونۆکال Unocal نیشاندات، کە ئەمەریکا چۆن لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی بەڕواڵەت ناڕامیاریی، پشتیوانی لە

تالیبان کردوووه و بۆ زاڵکردنیان بەسەر سەراپای ئەفغانستان هەوڵیداوە. هەر ئاوا ئەو دەنووسێت "دیارییەکانی دیکەی یونۆکال لەوانە فاکس و گێنێراتۆرێك بۆ تالیبان، کاتێك کە لە کۆتایی ساڵدا شتەکە ئاشکرابوو، بووە هۆی ڕسواییان." هەر ئەو شتەی کە یونۆکال بە تالیبانی داوە، بەرەی دژە-تالیبان و ئێران و ڕوسیەی خستە سەر ئەو بۆچوونەی، کە کۆمپانیای یونۆکال پارە بە تالیبان دەدات. یونۆکال بە توندی تۆمەتەکانی بەدرۆخستنەوە. دواتر یونۆکال لە بارەی خەرجی پڕۆژەکەیەوە بۆی ڕۆشنکردمەوە. ساڵی ۱۹۹۹ جۆن ئێمیلی سەرۆکی یونۆکال بە منی گوت "ئێمە خەملاندوومانە کە لە پڕۆژەی سێنت گاز Cent Gas نزیکەی پازدە تا بیست ملیۆن دۆلارمان خەرجکردووە. ئەو خەرجانە کۆمەکی مرۆڤدۆستانە بوون بۆ بەرکەوتووانی بوومەلەرزە و پەروەردەکردن بەمەبستی بەدەستهێنانی شارەزایی لە فەرمان و هەندێك دەزگەی نوێی وەك فاکس و گێنێراتۆرێك دەگرێتەوە."

پێشتر ڕامیاریی ئەمەریکا گیرۆدەی گریمانەی هەڵەبوو. کاتێك کە پاش دەرکەوتنی تالیبان ساڵی ۱۹۹٤، بۆ یەکەمین جار من لە کۆنسۆڵی ئەمەریکا لە ئیسلام ئاباد لەتەك دیپلۆماتەکان قسەمکرد، ئەوان دڵخۆش بوون. تالیبان بە ژمارەیەك لە دیپلۆماتی ئەمەریکی کە سەردانی (قەندەهار)یان کردبوو، گوتبوو کە ئەوان دژی (ئێران)ن؛ سنوورێك بۆ چاندنی خەشخاش و بەرهەمهێنانی هیرۆئین دادەنێن، ئەوان دژ بە تەواوی بیانییە دانیشتووەکانی ئەفغانستانن، لەوانەش عەرەب-ئەفغانەکان و هیچ پەیوەندییەکیان بە دەسەڵاتگرتنەدەست یا فەرمانداریی وڵاتەوە نییە .... دیپلۆماتە ئەمەریکییەکان ئاوایان دەبینی، کە تالیبان لە ئەفغانستان ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەمەریکا [بە گوتەی دیپلۆماتێکی ئەمەریکی نەهێشتنی کەرەستەی بەنگکەر و چاوچنۆکان] دەهێنێتەدی. ساڵی ۱۹۹٥ پاش دەستگرتن بەسەر (هیرات) لەلایەن تالیبان و کردنەدەرەوەی هەزاران کیژۆڵە لە فێرگەکان، لەلایەن دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنانەت ڕەخنەیەکیش نەبیسترا. لە ڕاسیدا ئەمەریکا هاوشانی (ISI)ی پاکستان، گیرانی (هیرات)یان وەك یارمەتییەك بە یونۆکال و توندکردنەوەی ئابڵۆقەی چواردەوری ئێران دەزانی. ئامانجی واشنگتۆن لەسەر بنەمای سوودی تالیبان بۆ ئابڵۆقەدانی ئێران کورتبینانە بوو، چونکە ئەوە بەواتای بزواندنی ئێران بوو لە دژی پاکستان، سوننە لە دژی شیعە و پەشتون لە دژی ناپەشتون. کاتێك کە سێپتەمبەری ۱۹۹٦ تالیبان (کابول)ی گرت، CIA لەژێر کارایی لێکدانەوەکانی (ISI) ئاوای دەبینی، کە ئێستا گرتن و دەستبەسەرداگرتنی وڵات لەتوانادا هەیە و پڕۆژەی یونۆکاڵ بەئەنجامدەگات. ئەمەریکا لەبارەی سەرکوتی ژنانی کابول لەلایەن تالیبان و توندبوونەوەی جەنگەکان بێدەنگەی هەڵبژارد. مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ خاتوو ڕافێل بە پێداگرتنەوە داوای لە گشت وڵاتان کرد، تاوەکو پەیوەندی خۆیان لەتەك تالیبان

تێکنەدەن. ئەو گوتی " تالیبان زیاتر لە دوو لەسەر سێی وڵات بەڕێوەدەبات، ئەوان ئەفغانین، خەڵکی ئەوێن و هێزی مانەوەیان نیشانداوە. سەرچاوەی بنەڕەتی ناکاممانەوەی ئەوان، حەزی زۆرێك لە ئەفغانەکانە، بەتایبەت پەشتونەکان، تاوەکو لەنێو جەنگە بێکۆتاییەکاندا بێسەرەوبەرەیی بەهاوتایی ئاشتی و ئاسایش و تەنانەت بە کۆتوبەندی توندی کۆمەڵایەتیی ئاڵووێربکەن. لەنێوبردنی تالیبان نە لەبەرژەوەندی ئەفغانستانە و نە لەبەرژەوەندی هیچ کام لە ئێمە."

یونۆکاڵ و ئەمەریکا دەیانخواست باوەر بەوە بهێنن، کە تالیبان سەردەکەوێت و بەگوێرەی لێکدانەوەکانی (ISI) ئاوایان دەبینی، کە سەردەکەون. ناشیترین ڕامیارانی ئەمەریکی هیوایان بە ئەوە گرێدابوو، کە تالیبان لاسایی پەیوەندی ئەمەریکا و عەرەبستانی سعودی دەهەی ١٩٢٠ دەکاتەوە. دیپلۆماتێکی ئەمەریکی گوتی "لەوانەیە تالیبان هەر وەك سعودییەکان گەشەبکەن. لێرە ئارامکۆ Aramco هێڵی لوولەکێشی و خانزادەیەك و نەبوونی پارلەمان و زۆرێك لە یاساکان ڕەوایی [شەرعی/ئایینی] دەبن. لەتەك ئەو بار و دۆخەدا دەتوانین بسازێین." بە لەبەرجاوگرتنی گومان و پێشبینی ئەوان، چاوەڕواننەکراو نەبوو، کە بەرەی دژە تالیبان- ئێران و ڕوسیە، پرۆژەی یونۆکاڵ هەر وەك چەکی ڕامیاریی دەرەوەی ئەمەریکا - CIA و کلیلی پشتوانی لە تالیبان، لەبەرچاوبگرن. پەیوەندی یونۆکاڵ لەتەك دەوڵەتی ئەمەریکا، بووە بابەتی پێشبینی و گومانێکی زۆر. لێکدەرەوەیەکی ئەمەریکی ڕیچارد مێکنزی نووسیبووی، کە یونۆکال بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەلایەن (CIA) و (ISI) هاتەناوەوە.

ئەگەرچی CIA لە دەستەبەرکردنی چەك و تەقەمەنی بۆ تالیبان بوجەی نییە و یونۆکاڵ لە بواری سەربازیدا یارمەتی بە تالیبان نادات، بەڵام ئەمەریکا لە ڕێگەی پشتیوانانی نەریتیی تالیبان - پاکستان و عەرەبستانی سعودی، بە ڕازیبوونی پشتیوانیدەکات لە دەستەبەرکردنی چەك و پارە لەلایەن ئەو دوو وڵاتەوە بۆ تالیبان."

دانا ڕوهرەباچێر Dana Rohrabacher ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکا گوتی "من پرسیارێکم خستەڕوو، ئایا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە [دەوڵەتی ئەمەریکا] ڕامیاریی شادراوەی هەیە، کە تالیبان بەهێزبکات و ئەو بزووتنەوە جەنگەڵییە بەتوانابکات، تاوەکو لەسەر تەخت بمێنێتەوە. ئەمەریکا پەیوەندی فرە نزیکی لەتەك عەرەبستانی سعودی و پاکستان هەیە، بەڵام بەداخەوە لەجیاتی ڕابەریکردن، ئێمە مۆڵەت بە ئەوان دەدەین، تاوەکو ڕامیاریی ئێمە ڕابەرییبکەن"

پەراوێزەکان:

تالیبان : طالبان [و.ک]

- (ISI) لە پەروەردەکردن و "پێکەیاندن"ی ڕابەرانی جهادی و تالیبان، ڕۆڵێکی چارەنووسسازی گێڕاوە. بە سەرنجدان لەم پرسە، «انتونی دیویس» لە پەرتووکێکدا بەناوی "دووبارە لەدایکبوونەوەی بنیادگەرایی؟ ئەفغانستان و تالیبان" دەنووسێت "یەکێك لە سەرانی (ISI) (کرۆنێل ئیمام) بوو. ئیمام (نازناوی سولطان ئەمیر)ی پەشتونی، کە خاوەنی بازرگانییەکی فراوان بوو، بە پەیوەندیگرتنی سەروو-سنووری لەتەك موجاهیدینی ناوچە باشوورییەکانی ئەفغانستان، ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرهەڵدان و سەرکەوتنی تالیبان هەبوو، کە بەدوای ئەوەدا وەك سەرۆکی کۆنسوڵگەری پاکستان لە هیرات ڕۆڵیگێڕا. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە لە قۆناخە سەرەتاییەکانی ئەرکەکەیدا لەنێو "دەستەی تایبەتیی خزمەت" فەرمانی خۆی بەجێهێنا و ساڵی ۱۹۸۲-۱۹۸۳ بە نیشتەجێبوون لە کوێتە سەرقاڵی پەروەردەکردنی موجاهیدینی ئەفغانی بوو. لەنێو ئەو موجاهیدینانەی کە بڕیاربوو لەنێو ئەفغانستان جەنگبکەن، دەستەگلێك لە فەقێی کۆچەر ئامادەبوون، کە بەگشتی پەیوەندییان بە "حزبی اسلامی" یونس خالص و "حرکت انقلاب" نبی محمدی، هەبوو. بەڵام لە زۆر بارەوە لە دەستەگەلێکدا بەشێوەیەکی دیاریکراو "طالبان" [پێشینانی بزووتنەوەکە کە دەبوو لە هەل و مەرجی فرە جیاوازدا بۆ ڕزگارکردنی وڵات هەوڵبدەن] فێردەکران و چالاکییاندەکرد."(وەرگێری فارسی)

[۱] ئەو بابەتە لە ژمارە ٥٣ی (پەیام زن)، ئۆکتۆبەری ۲۰۰۰، بڵاوکراوەی (کۆمەڵەی ژنانی شۆڕشگێڕی ئەفغانستان) وەرگیراوە، کە ناساندنێکە بۆ پەتووکەکەی (ئەحمەد ڕەشید). ڕاستییەکەی ئەو نووسنیە هاوکاتی بڵاوبوونەوەی بەنیوەوناچلی، بۆ کوردی وەرمگێڕا، بەڵام ئەو کات لەبەر هەندێك گرفت لە وەرگێڕانەکە دەستمهەڵگرت و لەم ڕۆژانەدا [۱۱ جولای ۲۰۰٥] بەڕێکەوت گەڕامەوە سەری و بەباشم زانی تەواوی بکەم، چونکە هەم ناساندنی بڵاوکراوەی (پەیام زن) و (جمعیت انقلابی زنان افغانستان)، بە چالاکانی بزووتنەوەی یەکسانی ژن و پیاو لە کوردستان و هەم ناساندنی پەرتووکە نایابەکەی ئەحمەد ڕەشید، بە خوێنەرانی کورد بەمەبەستی هەرچی باشتر ناسینی گروپە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان و ئەو هێزانەی کە لەوانەوە سروشیانوەگرتووە، لەم ساتە چارەنووسسازەی کوردستان شایانی بایەخپێدانە و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە، تاوەکو چیدی لاوانی ئاسۆلێڵ و نائاگای کوردستان نەبنە نێچیری باندە ئیسلامییەکان. و.ك

[۲] گرووپی حەوتگانە و گرووپی هەشتگانە، ئەو گرووپە سوننە و شیعانە بوون، کە یەکەم لەلایەن پاشایەتی عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتی پاکستان و دووەم لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران دروسکرابوون . و.ك.

[۳] (ISI) دەزگەی هەواڵگری دەوڵەتی پاکستان. و.ك.

[٤] (CIA) دەزگەی هەواڵگری دەوڵەتی ئەمەریکا . و.ك.

[٥] ئەو پەرتووکە لەلایەن (عبدالودود ظفری) وەرگێردراوەتە سەر فارسی. و.ك.

[٦] ثور (اردیبهشت/ گوڵان، مانگی دووەمی بەهارە لە ساڵنامەی ئێرانیدا و بەرانبەرە بە مانگی ئایاری ساڵنامەی زایینی) و.ك.

# تیرۆریستی ڕاستەقینە، داگیرکەرانن

"من زۆر هەوڵمدا، تاکو شانازی بە خزمەتێکەوە بکەم، کە ئەنجامداوە، بەڵام بێجگە لە شەرمەزاری هیچ هەستێکی دیکەم نییە. نەژادپەرستییەکی دیکە ناتوانێت کەتواری داگیرکردن پەردەپۆشبکات. ئەوانە خەڵکن، ئەوانە مرۆڤن.

من ئاوا هەستدەکەم، کە بە تاوانێك سزاوارکراوم، هەر کاتێك کە پیرێك وەك ئەو کەسەی کە نەیدەتوانی بەڕێگەدا بڕوات و ئێمە ئەومان تا لای گوێزەرەوە (نەقالە) ڕاکێشکرد و بە پۆلیسە عیراقییەکانمان گوت " ئەو لەوێ ببەن". من هەست بە تاوان دەکەم، هەر کات دایکێك لەتەك کیژۆڵەکەی دەبینم، وەك ئەو کیژۆڵەیەی کە دێوانەئاسا دەگریا و هاواریدەکرد " کە ئێوە لە سەدام خراپترین"، کاتێك کە خەریکبووین ئەومان لە ماڵەکەی دەکردە دەرەوە. من هەست بە تاوان دەکەم، هەر کات کیژێکی لاو دەبینم، وەك ئەو کیژۆڵەیەی، کە دەستمگرت و ڕامکێشایە سەر شەقامەکە.
بە ئێمەیان گوت " کە ئێمە بەرانبەر تیرۆیستەکان دەجەنگین، بەڵام تیۆریستی ڕاستەقینە من و تیرۆریزمی ڕاستەقینە ئەم داگیرکردنەیە!

*************************************************************

مایك پریسنەر Mike Prysner یەکێك لە سەربازانی ئەمەریکایی، ئەندامی گروپی کۆنە جەنگاوەرانی دژە-جەنگ لە عیراق (IVAW). لەو گرتە ڤیدیۆیەدا بەشێك لە قسەکانی ئەو دەبیستین، کە زۆر کارا و سەرنجراکێشن.

ئەم بابەتە لە ڕووپەڕی ئەفگانستان لە فەیسبووك وەرگیراوە و کراوە بە کوردی
پێگە ئینتەرنێتییەکانی مایك پریسنەر:
تویتەر : https://twitter.com/MikePrysner
فەیسبووك : https://www.facebook.com/pages/MIKE-PRYSNER/٣١٠٦٥٦٤٨٦٤٥٨
یوتوب : http://www.youtube.com/watch?v=KlHwp١٦Ac٠U
بەستەری دیتنی گرتە ڤیدیۆییەکە: https://www.facebook.com/video/video.php?v=١١٦٨٠٠٣٧٧٥٥٠٦
بەستەری پێگەی ئینتەرنێتی گروپی کۆنە جەنگاوەرانی دژە-جەنگ لە عیراق : http://www.ivaw.org
سەرچاوەی لێوەرگیراو: https://www.facebook.com/LoveAfghanistan

# Xewne yaxiyekan

## Keşkollî dwem

## komelle Babetêkî wergêrrdraw

hejên

çapî yekem, Jênîwery 2016